


Raman

# RAMAN ڕامان

141

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی سێزدە/ شوباتی ٢٠٠٩

خاوەن ئیمتیاز

شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر

ئازاد عەبدولواحید

بەڕێوەبەری هونەری

سەرکەوت وەلی

مۆتیف و پۆرترێت

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی رامان


● **دەق**

- ناهاوسەنگی/ هاشم سەڕاج/ 3
- کات لە هەورازاییەکانەوە/ ئەحمەدی مەلا/ 6
- سەرپێهاتیا هولما دووڤدرێژ/ ڤەهاب کایا/ 7
- سپێدە/ تەرزە جاف/ 8
- پیاسەیەک لەگەڵ مانگ/ لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 9
- ئیمرۆش بۆ سبەینێ دەژیم/ محەممەد ڕەشید فەتاح/ 11
- خۆکوشتن لەسەر باڵی فلامینگۆ/ توانا ئەمین/ 14
- مرنا ژبەر ترسەکێ/ فەڤزی ئوزمەن/ 19
- چەتە/ ئەمین گەردیگلانی/ 23
- بووکەشووشەکەم/ لە فارسییەوە: فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی/ 26

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- تەکنیکەکانی میتاڕۆمان لە دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)/ د. فوئاد ڕەشید/ 33
- ڕەنگدانەوەی نامۆبوون لە نێوان شێرکۆ بێکەس و مەحموود دەرویش-دا/ سامان محەممەد/ 43
- شیعر تاجی شاهانەیە/ بەختیار محەممەد/ 52
- سوهرەوەردی شێخی ئیشراق، شێخی شەهید/ هۆشەنگ شێخ محەممەد/ 57

● **دەق و ڕەخنە**

- دەقی: هەرچی شتە لە شەوێکەوە دەستی پێ کرد.. ڕەخنەی: عەبدولخالق یەعقووبی/ 67

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ (جەبار جەمال غەریب)ی ڕۆماننووس و ڕووناکبیر/ ئا: ڕامان/ 72

● **بیرەوەری**

- دوا ڕۆژانی ژیانم لە هەولێر/ مارف خەزنەدار/ 87

● **هزر و فەلسەفە**

- قۆناغەکانی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئۆرووپا/ د. حەمید عەزیز/ 91
- کەسایەتی دژ بە کۆمەڵگا (سایکۆپاتی) هۆکار و پێکهاتە/ د. ڕێزان عەلی ئیبراهیم/ 104
- توخمی نوێ لە کولتووری کوردیدا/د. ڕەشاد میران/ 109

● **ڕۆژنامەوانی**

- مۆرفۆلۆژیا لە زمانی ڕۆژنامەڤانیدا/ کاوە عەبدولکەریم شێروانی/ 112

● **وتار**

- دەربارەی هەندێ لە چەمکە سەرەکییەکانی پرۆژەی وەرگێڕان/ ئا - و: حەسەن هەمزە/ 121
- یەشار کەمال دەربارەی ڕۆمانا کوردی دپەیڤیت/ ئەحمەد قەرەنی/ 125
- شیعر شێوەیەک داهێنانە/ کەریم حیکمەتی/ 128
- نویشکێک لەبارەی ئەدەبیاتی ئەمریکای باشوور/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 131

● **هونەر**

- گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 135
- حەوت مەرجە ئاڵتوونییەکەی ئەرستۆتڵ دەربارەی گێڕانەوەی چیرۆک/ لە ئینگلیزییەوە: ڕزگار کەریم سەعید/ 141

● **خوێندنەوەی کتێب**

- شارە مێروولە/ جەبار سابیر/ 148
- لە ئەلبوومی یادگارا/ سەباح ڕەنجدەر/ 151

● **بەدواداچوون**

- ئینسایکلۆپیدیای گشتی و وەڵامێک/ یاسین سابیر ساڵح/ 154

● **زاراوەسازی**

- ئێکسپرێسیۆنیزم/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 158

● **سووکە لەنگەر**

- فەرامۆشکردنی خوێنەر/ سیامەند هادی/ 160

# ناهاوسەنگی

**هاشم سەڕاج**



**(١)**

کە شـەو دادێ کراسـە سـوورەکەی بەرت ڕەش ناچێتەوە
ڕاسـت نییـە کە دەڵێن
کە شـەو دادێ کراسـە سـوورەکەی بەرت ڕەش ناچێتەوە

**(٢)**

بە تێپەڕبوونی زەمـەن جـەسـتـە
وەک تەرمێکی زیندووی لێ نایێ
ڕاسـت نییـە کە دەڵێن
بە تێپەڕبوونی زەمـەن جـەسـتـە
وەک تەرمێکی زیندووی لێ نایێ

**(٣)**

هـەرگیـز بادە یار و یاوەر و ڕووبینان
لـە دەوری خۆی کۆناکاتەوە
ڕاسـت نییـە کە دەڵێن
هـەرگیـز بادە یار و یاوەر و ڕووبینان
لـە دەوری خۆی کۆناکاتەوە

**(٤)**

کاتێ دەچیتە مـەیخانەی نووسـەران پێویسـتت
بە دەمـانچـە قژزەردەکەی (بریتۆن) نییـە
ڕاسـت نییـە کە دەڵێن
کاتێ دەچیتە مـەیخانەی نووسـەران پێویسـتیت
بە دەمـانچـە قژزەردەکەی (بریتۆن) نییـە

**(٥)**

مـرۆڤ بوونەوەرێکی هـەڵەوەر و پڕ ئێرەیی نییـە
ڕاسـت نییـە کە دەڵێن
مـرۆڤ بوونەوەرێکی هـەڵەوەرو پڕ ئێرەیی نییـە
❊ ❊ ❊
مـرۆڤ بوونەوەرێکی لـەخۆبایی و کەسـاس نییـە

ڕاست نییە کە دەڵێن
مرۆڤ بوونەوەرێکی لەخۆبایی و کەساس نییە
* * *
مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕەوەند و لەناوچوو نییە
ڕاست نییە کە دەڵێن
مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕەوەند و لەناوچوو نییە

٢٠٠٧/٤/٢٩

## زەنوبیا

(١)

سێبەرت کەوتە ناو بادەم
مەست و سەرگەردان و گومڕا
بە شەقامە سپییەکانی شەو کەوتم

(٢)

دەبا زووتر بزانم
ئەستەمە دەسبەرداری ئاگرخانەی
ئەڤینت بم

(٣)

چاوم داخست
سێوەلاسوورەی ڕوومەتی وەک
چلچرایەکی سەرخۆش بریسکەی دەداو
دەنک دەنک دادەڕژا

(٤)

پەنجە ئاوییەکانی لەنێو
دەستم توانەوە
کاتێ سەرم هەڵبڕی
تەنکە ئاگرێکی نارنجی
لە باخچەی چاوە زەردەکانیدا
گەڵا شینەکانی درەختی زەمەنی دەسووتاند

(٥)

زەنوبیا
شەمەندەفەرێکی سوور هێنای
کراسێکی ئاودامانی وەنەوشەیی
لەبەردابوو
باسکە مەڕمەڕییەکانی
سپیتر لە بەفری خودا
دەتگوت ئۆڤیلیای نازدارە و جارێ
ڕۆحی سەرشێتی ئاو زەفەری بەجلی
زیوینی بوکێنی نەبردووە
لەپڕ
جانتا زەردەکەی باوەشی هەڵڕشت
ڕستێ موورووی پیرۆزەیی و تاج و تەورزین و
ئاڤێستا و شووشەیەک ژەهری هەلایل
پەرشی خیابانەکانی دڵ کران

(٦)

گوتم ئەی شازادەی ئیرەمی پیرۆزی خودا
دەورانێکی تر
هاڵاوی جەستەی ڕۆشنت
مانەندی حیکایەتە گەورەکان
دەبێتە پاژێک لە ژەنگ و ژاری
کەلەپوور

(٧)

ئەوان لەوێ بە پەرۆشی
تاشەبەردە سپییەکان دەکۆڵن و
بە بێ دەنگی پێدەکەنن
دواتر بێ ئەوەی بەخۆ بزانن
فنجان فنجان سوراحی سوراحی
ساغەر ساغەر
قاوەی کەسک
هەڵدەدەن و لەبیر دەکرێن!

(٨)

نە مانا کەوشەنی هەیە نە گەردوونی بێ کۆتایی
نە ئاگری سەوزی عیشق

(٩)

چەند حەزدەکا پرچی ڕەشی بداتە بەرباو
بەرووتی بەرامبەر میحرابی سروشت
سەما بکا و بەزەمەن بڵێ کێ موحتاجی
کراسی شینی ئەبەدە

(١٠)

دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ

عیشق زەنگیانەکانی فەڕ و شکۆی
بەسەردا دادەباراندین و زەنوبیا
دانتێلایەکی شینی قودرەتی لەبەر دابوو
بەزەردەخەنەیەکی نامۆوە
کایەی بەخشل و ڤیدا و
لێکسیکەکانی وشە دەکرد و
جار جارەش تاڵ تاڵ
قژی لە پەنجە شووشەکانی
دەئاڵاند و پێدەکەنی!
گوتم زەنوبیا ئەی زەنوبیا
نووسین کردەی نێچیرکردنی
پڕشنگە جوانەکانی ڕوح و جەستەیە
لە بەندیخانە ئاڵۆزەکانی
فۆرم و شێوازدا
سڕو سەرسام سوور داگەڕاو
چەپکێ سروودی سپی بۆ ئاتەشگەی
(مزدا) چڕی و لەهۆش خۆی چوو

(١١)
کاتێ هەتاو لە ئاسۆوە هەڵات
سەیری شووشە ڕەشەکەی نێو باخەڵی کردو
بەقاقایەکی شێتانە لەخۆی پرسی
منی شابانوو چ دەکەم لێرە؟!

(١٢)
سوب سەحەر لە خەو ڕابووم
غەمگین و خومار
بازووبەندی بازووی زەنوبیام
هەڵدایە نێو
(هەوم)ی پیرۆز
گەردوون بەعیشق و بەخششی
ئاهورایی داگیرساو جەستەش
وەک لەتە کریستاڵێک لە
لیمۆی برۆنزی و ئەنەناسی سپی و
ئەقاقیای ئەبەنۆسی
بووە زاگەی عەتر و خرۆشان و جوانی!

**٢٠٠٧/٥/٧**

# کات لە هەورازاییەکانەوە

ئەحمەدی مەلا
(ئیسپانیا)



کاتی من وەک هەورازیی،
لەڕێسای سروشتەوە،
لە ڕێساکانی سروشتەوە،
هەمیشە سەیری خوارەوەکان دەکات.

پێی دەچێ زۆر هەڵگژابێتمە سەر سەودا،
سیا بچێتەوە بیناییم،
ڕەشداگەڕاو هەنیە.

پێی دەچێ
خەم بێت کاروانەکانی سێبەرم
تارمایی بێت هەودا.

کاتی من وەک هەورازیی،
نموونەی ئاو
شۆڕ دەبێتەوە.

خوڕەکانم
باسی هیشکایی دەکەن،
زایەڵەیەکی درز بردوو،
لەگەڵ جیڕڕەی درەگایەک
دێتە ژوورەوە.

هەموو چرکەیەک دونیا
لەشەرنەقەیەکەوە
سەر دەردێنێ.

دونیاکانم
لەسەر پشت هەڵگرتووە
تا دوا تخووبی باوێشک.

تابووتی سەفەرەکان،
وەک ئاسۆ،
وەک خاچێ،
لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا،
لەخۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات.

کاتی منیش وەک هەورازیی،
دڵەڕاوکێی ئاراستەکان،
هەڵدەگرێ.

دەیدەمە دەم با،
دەم ڕەشەبا،
با ئەبەدییەتی جووڵە قووتی دا.

٢٠٠٨

# سەرپێهاتیا هولما دووڤدرێژ

**ڤەهاپ کایا**
**(ئامەد)**



هەردەم چلە و زڤستان بوو ل وەلاتێ مە
ئیسال ژی چلە و زڤستانێ ب هەوایەک تووژ،
قەشەم،
تەڤی ئەوران دگەڕیا
جاردن مزگین ژ نەپاکیێ رە
جاردن چاڤێن خوە سۆر کریە گورێ هار...

دەم ب تیریژێن کەربێ دحەرکە
ناڤا رۆژێ.
وەکە قەشەما سباتێ ل روویێ مرۆڤ دکەڤە
ب ئێش.
وەکە شرماڤا ژ نشکا و بێ سەبەب
گولێ، ستوییێ خوە خوار کریە
نە ژ بەر تیبوونێ
و نە ژ بەربایێ کو خوە وەکە دنیا
ل با دکە
هەڤدیتنا رۆژ و گولێ دەرەنگ کەتیە
ئیرۆ باوەرزینەک من دگرە و دبە
وەکە پەلێن هشک بوویە و ژ دارێ دوەشە
چنارەکە سەدسالی ل بەر لەهیێ د حەرکە
کۆکا وێ وەکە وێنەیێ وانگۆک
گەلۆ ژیانێ روویێ خوە ژ من گوهەڕی
ئان ب نێرنەک نوو د نەرم ل ژیانێ
هەر دەرێ جەمەد گرتیە و روویێ هەر کەسی
ب ماتمایی یە
روومەتا مرۆڤاهیێ
د بن لنگان دە
پەلخی
ب بنکەتی
ژبۆ ئاخفتنێ بێ تاقەت
روومەت وەستیاییە ئان روومەتا مرۆڤاهیێ
راناگرە
ئەڤقاس قرێژی کو روویێ مرۆڤاهیێ ماتمایی یە
کاروبارێ خوە بەردایە
عەورێن رەش و تاری
ژ دەرکەتنا رۆژێ رە ئاستەنگە
ژ گەرماهیا رۆژێ رە بەندە،
رۆژا کو دلان گەرم دکە
ب روویێ خوە پێب کەن و رۆنی،
دنێرە ل حەرکاندنا دەمێ و ل لیستکێ کو ب
چپلێسکێ
هلدوەشە.
ئەز ناترسم و نابزدم
ژبەر کو د دلێ گەل دە ئاڤا بوو خانیێ من
و کۆشک و سەرایا من هلناوەشە
هلناوەشە حەزکرنا من و ئەوێ هەردەم
بالدار بە.

**ئەڤە سەرەتایا داستانەکا شیعرییە کو ژ (٧٧) رووپەلان پێکهاتییە و چاپا وێ یا یەکەم ل سالا (٢٠٠٧) ل ستەنبۆلێ و ژ ئالیێ وەشانخانەیا (تەڤن) ڤە هاتیە چاپ و بەلاڤکرن.**
**ڤەهاب کایا ژ دایکبوویێ گوندێ (گرێسۆر)ەل ناڤچەیا مێردینێ. ئامادەیا تەندروستیێ ل کۆنیایێ و ئەنستیتویا تەندروستیێ ژی ل ئەسکیشەهیرێ کۆتا کریە. بەرهەمێن وی یێن وێژەیی هەم ب زمانی کوردی و هەم ب زمانێ ترکی هەنە.**

# سپێدە

تەرزە جاف

پەردەیەکی ئاڵتوونی ئاسا بەسەر پەنجەرەوە
لەشی خەوتووی هێشتا بەشەهوەت داگیرساوی تۆ
بە من نیشان دەدات
وێنەکانی شەو لەم بەر هەتاوە تەریقم دەکەنەوە
پێش ئەوەی چاوەکانت بکەیتەوە
لەشەرمان من
خۆم دەکەم بە نوستوو.
بەوێنەی ماچەکەی (کلیمت)
ملم بۆ تەلیسمی سمێڵت دەنووشتێنمەوە
خاو، ئاڵ، لەژێر سێبەری ئێوارە ماچێک
بەوێنەی چەنگی (تارا)
بەجوانیی خۆم مەست، دەنووشتێمەوە
لێوەکانت ژێی ڕەنگەکانم پێ دەژەنن
ژوورەکە مۆسیقا و پەلکەزێرینە دەچێتەوە.

**لەسەوزترین لقی ناو مەرکانەی ماچەوە**
تنۆک تنۆک
شیعر بە لێوەکانم بسپێرە
بە پەنجەکانیشت پیاسەی ڕێڕەوە تەسکەکانی شیعرم
پێ بکە
ماچبارانم کە
ئەمشەو ئاشتبوونەوە بۆنی لەدایکبوونی لێ دێت.

**شەو**
لەلاسکەگیای سمێڵەوە
تا ڕووتیی بێ شەرمی لەش
لە کەنار تەنکایی نەرمە ماچەوە
تا قووڵایی ڕووتبوونەوە
لە مەلەکردنەوە تا نقوم بوون
لە تام کردنەوە تا ڕنینەوەی میوە
لە شەرمەوە تا سنووری تێرنەبوون
لە تۆوە تا هەناوی من.. ماچ



# پیاسەیەک لەگەڵ مانگ

**ئەلفرێد دو موسێ**
**لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر**

لە شەوێکی تاریک بوو
مانگ لەسەر زەنگی زەردهەڵگەڕاو
وەک نوختەیەک بوو لەسەر (i)

چ گیانێکی ڕەشە
لە دوورەوە، لەناو تارمایی
ڕوخسار و پرۆفیلت دەجووڵێنێتەوە؟

چ فریشتەیەکی
بە تیلی چاو لەژێر ماسکی ژاکاوت
سەیرمان ئەکەی؟

تۆ هەر ئەو جاڵجاڵۆکە
بێ دەست و پایە نیت
وەک گۆیەک غلۆر ئەبیتەوە؟

گومانم هەیە، تۆ
میناى ئاسنی سەعات بی
وەختی
ناردنی سزادراوان بە دۆزەخ ڕابگەیەنی؟

ئایا ژماردوویانە،
ئەم ئێوارەیە،
تەمەنی ئەبەدییان چەندە
لەسەر هەنیەی گەڕۆکت؟

دەڵێی کرمێکت هەیە ئەتکرۆژێ
لەمانگی پڕەوە، ڕەش هەڵدەگەڕێی
دەبیتە مانگی یەک شەوە؟
کێ چاوەکانتی کوێر کردووە،
ئەو شەوە،
خۆت بەهیچ درەختێکی بڵندی پۆپە تیژ داداوە؟



ڕەنگ سیس و خەمبار
بەناو پەرژینی ئاسنین تێئەپەڕی
تا قۆچت لە،
میناى پەنجەرەکان بسووی!

بڕۆ مانگی لەگیانەڵا
لەشی «فێبێ»ی(١) جوان و قژ ئاڵتوونی
کەوتە ناو دەریا.

تۆ تەنیا ڕوخساری فێبێ –ی،
دەمێکە ڕوخساری لۆچ تێکەوتووت،
نەماوە.

ئەی مانگ، لە یاداشتمان،
هەردەم مێژوو ئەتڕازێنێتەوە،
بە چیرۆکی خۆشەویستییە جوانەکان.

لاویی تۆ ئەبەدییە
ئەگەر یەک شەوە بێ یان پڕ.
هەر بە پیرۆزی ئەمێنیتەوە

تەنیا پیرە شوان ئەمێنێتەوە
تۆی خۆشبوێ
لەکاتێکدا سەگەکانی
بەهەنیەی ڕەنگ سیست ئەوەڕن.

دەریاوان
بەخۆی و کەشتییە مەزنەکەی
کە لەژێر ئاسمانی شین ئەڕوا
تۆی خۆش ئەوێ.

کچۆڵە زراڤەکەش،
کە کێڵگەی گەنم،
بە هەنگاوی نەرم ئەبڕێ،
وێڕای گۆرانی چڕین،
تۆی خۆش ئەوێ.

ئەگەر بای بێ و ئەگەر بەفر،
من چی ئەکەم هەموو ئێوارەیەک،
دێم لێرە دائەنیشم؟

شەو، دێم بۆ بینینی
مانگ
کە لە سەرەوەی زەنگی زەرد هەڵگەڕاو
وەک نوختەیەکە لەسەر (i)

**پەراوێز:**

(١) فێبێ– Phebe: هەندێ جاریش پێی دەگوترێ دیان– Diane، واتە خوداوەندی ڕاو و مانگ لەلای میللەتانی لاتین. کەسایەتییەکی میتۆلۆژی (أسطوری) و شیعرییە. فێبێ خوشکی فێبوس–ە– Phebus، ئەمەش لەلای لاتینییەکان خوداوەندی ڕۆژ و شیعرە، لەلای یۆنانییەکان پێی دەگوترێ: ئەپۆلۆ– Apollo، لەکۆندا لەناو میللەتانی لاتین، یەکێک زمان و ئایدیا ڕەوان و جوان بوایە، دەیانگوت فێبوسی لەپشتە.

– ئەلفرێد دو موسێ– AIFRED DU MUSSET، بەیەکێ لە شاعیرە ڕۆمانتیکە نایابەکانی ئەدەبی فەرەنسایی و ڕۆژئاوایی دادەنرێ. قەسیدەکانی بەوە ناسراون کە زۆر ڕۆمانسین– Outrance Romantique. ئەمەش یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری دو موسێ–یە. شاعیر ساڵی ١٨١٠ لەپاریس لەدایک بووە، لە ١٨٥٧/٥/٢ هەر لەپاریس کۆچی دوایی کردووە.

**سەرچاوەی شیعرەکان:**

- Andre LAGARDE, L.Michard, XIX siecle. Bordas. 1973.

# ئیمڕۆش بۆ سبەینێ دەژیم



**محەمەد ڕەشید فەتاح**
**(سلێمانی)**

منیش نەفەرێکم، لەنێو پاسێکی کۆنەمۆدێلدا، لەسەر کورسییەکی دوای شۆفێرەکەوە دانیشتووم، بەدەم ڕێوەش دوو دنیای جیاواز سەرنجی وێڵ و نیگای هەڵفڕیوم دەقۆزنەوە، دنیایەکیان، دنیای ئەو بوونەوەرانەیە کە بەدێژایی ڕێگەکە پڕ بەدڵ ئارەزووی پێکەنینێکی ناوەختی سروەی شەماڵێک و زەردەخەنەیەکی شیرینی ئاسمانێکی شینباو دەکەن!!.

دنیاکەی دییان، ڕوخساری شۆفێرەکەیە، کە جاروبار لە ئاوێنەکەی ژوور سەریەوە بە ئاشکرا دزە نیگایەک دەگرێتە پیرەژنە خەواڵووەکەی تەکمەوە!.

ئەو دەمەو نیوەڕۆیە سەرجەمی نەفەرەکانی نێو پاسەکە، لەنێو فەزایەکی خامۆش و بێدەنگییەکی تاقەت پڕووکێندا مۆڵیان خواردبوو، هەروەک بەرەو شەڕگەیەک بەڕێوە بن و چارەنووسێکی نادیاریش چاوەڕێیان بێت.

ئێ.. خۆ ئەوانە ناهەقیشیان نییە، بازاڕە هاروهاجەکەی ئیمڕۆی شار، بەلای خەڵکێکی دوورە شارەوە، شەڕی مان و نەمانی نێوان گیرفان و پێداویستییەکانی ڕۆژانەیە!.

شۆفێرەکە بە ئاگایە، لە چاوبڕکێی خۆی ناکەوێت، من هەر زوو هەستم بەوە کردبوو، ئەو بێ ئاگایی من دەقۆزێتەوە و نیگای نەوسنی ئاراستەی پیرەژنەکە دەکات. جا ئەم پیرەژنە قەدەر زەمانێکە دۆستایەتی لە تەک ئاوێنە بازیدا نەماوە، ئەی ئەم ڕوخسارە عەزرەت لێتکاو و نیگا حەسرەت ئامێزەی ئەو کە ئاوێنەکە دەیخاتە ڕوو لە پای چی؟!.

ماوەیەک ڕوانینەکانی من و چاوبڕکێی ئەو لە بگرە و بەردەیەکی بەردەوامدا بوون، ناچار من کۆڵم داو بەلای پیرەژنەکەدا سەرم سووڕاند، پەنا بەخوا چی ببینم؟ خۆ ئەمەی لامەوە؟ پیرەژن نییە و من لە دەریای بێ ئاگاییدا تەواو

نغرۆ بووم. ئەمە کیژێکی تازە هەڵچووە و دەهێنێ وەک (هەردی) گوتەنی.. لەسەر ڕێیا بوەستی تا نەک ئاوی پێت دایە، بەڵکو ئاوی چاویشت دایە!!. ئەمە بۆیە نیگای باڵگرتووی شۆفێرەکە، پۆل.. پۆل.. بەکەناری ڕۆحی ئەم کیژە نەشمیلەیەدا دەنیشنەوە!. بێ دەربەستیش، نە ئاگای لەتاسەی هەڵتۆقیوی شەقامە کۆڵەوارەکە و نە گەرمای سووتێنەر و نە کرکەوتوویی ئەو عەشاماتە ماوە!!. ساتەوەختێک بە تێڕوانینی ئاوێنەکەو کیژەکەی تەنیشتمەوە، نەک تەنیا سەرم، بگرە هەست و هۆشیشم کەوتبووە جووڵە. نایشارمەوە ئەوکاتە لەگەڵ بێ متمانەیی چاوەکانمدا گەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی ئەم ئاوێنەیە سیحراوییە و دەشوبهێتە ئەو جۆرە ئاوینەیەی کە لە حیکایەتە کۆنەکاندا شازادەی گوڵپەری ڕۆژانە لە تەکیا کەوتۆتە گفتوگۆ!!.

بۆ نابێ؟!. دەشێ تا ئێستە لەم چەشنە ئاوێنەیە مابێ و عاشقانی سەوداسەر بەدزی چاوی ڕەقیبەوە لە تەکیا بدوێن و بەجارێک ڕاز و نیازی دڵ و دەروونیان بۆ یەکدی بەیان کەن!!.

ئەوانەش نە چارەی ئاوێنەیان دەوێ و نە ئاوێنەش حەز بە چارەیان دەکات، ئاوێنەی دەرومالیان، یان درزی بردووە، یان ژەنگاوییە، یان گوێ قرتاوە!.

ناکاوێک کیژەکە سەری نایە بناگوێم، ئای خودایە مەلی ڕوانینم لە هێلانەی چ جوانیێکدا هەڵکورما؟!. چ جۆرە بۆن و بەرامەیەکیش چوارپەلی شکاندم؟!

بەڕاست ئەمە پەرییە؟.. یان مۆنالیزایەکی دییەو ڕێکەوت لەپاڵ مندا داینەوە؟!.

بەنازێکیشەوە کە پەردەی شەرم توانای شاردنەوەی نییە، بە ئەسپایی گوتی: بڕوانە.. ئەو شۆفێرە چەند بێ چاو و ڕووە؟.. خۆ چاو لەمن ناترووکێنێ، تۆ بڵێی ژن و ماڵی نەبێت؟!

من لە بۆتەی ئەو حەپەسان و گومانەی خۆمدا، هەر ئەوەندەم لەدەست هات، کە پێم گوت: تۆ لە ئاوێنەکە مەڕوانە، با ئەو هەر لەتۆ بڕوانێت!!.

هەستم کرد، وەرامەکەی من، کاریگەری خۆی نەبەخشییە سەر ئەو چێژ و خۆشییەی کە لە ئاوێنەکەوە بەڕووی ناسکیدا دەپڕژا، بۆیە نە شەرم سەری پێ داخست، نە نیگاشی لە چاوە گەشەکانیدا زیندانی کردا!. تا هەڵتەک.. هەڵتەک لە شاریش نزیک دەبووینەوە، ڕوانینی لە یەکئالاویان، لە ڕۆحی ئۆقرە لێبڕاویاندا تنۆک.. تنۆک دەتوایەوە!.

ئای دنیای سەرسوڕهێنەر چ بەند و باوێکت لە هەناوتدا حەشارداوە؟!.

تازەکی دەگەیشتمێ، باوکم کەچە خوێندەوارییەکی هەبوو، لەو جۆرە باوکانە نەبوو کە بیروبۆچوونی لە گرێژەنە دەرچوویان، منداڵەکانیان سەرکوێر و دەم بەست دەکات.

هەرچەندە لەنێو بنەماڵەکەماندا دەستەڵاتی ئەو، دەستەڵاتێکی ڕەهابوو، لێ ڕێنمایی ئەوبوو، کە وادەی ژنهێنانم هات، خۆم بگەڕێم و بەخواستی خۆشم، کچۆڵەیەک بدۆزمەوە و بیکەمە هاوسەرم!!.

– بە قسەی دایکم بوایە، ئەو خۆی تاکە مشوور خۆرمە و لە حەمامی ژنان بێت، یان لە شایی و ڕەشبەڵەکی دەرو دراوسێیەکدا بێت، یان لەسەر تەنووری ماڵێکدا بێت، کچێکی بەحەیاو حورمەت و ئاقڵ و ئاغرم بۆ دیاری دەکات.

لێ باوکم پێی دەگوت: ئافرەت لە کوڕەکە گەڕێ، با خۆی دووی نێچیری خۆی کەوێت!!.

ئەو قسانەی باوکم بۆ یەکەم جار بەردی بناغەی جۆرە کەسێتییەکیان لەناخمدا دانا، کە لەوەوبەر هەرگیز بەخۆمەوەم نەدیتبوو!. بۆیە بڕیارم دا بکەومە خۆم و بەپشت بەستن بەخۆشم، دووی نێچیری خۆم کەوم!. دەمەو عەسرێکی پاییزە ڕۆژێک، بەدزی چاوی دایکمەوە لەنێو بێشکەکەی (حەمە)ی برامدا شووشە مەسقەتییەکەم دەست دایە و بەهەردوو لەپی دەستم لامل و بناگوێشم تێهەڵسوو، لە پشتە هەیوانەکەش سەرکەوچکێک ڕۆنی کودیم دەرهێناو تا توانیم سەروقژم پێ تاس و لووس کرد، ئەم جارە هەر بەشانە تەختەکەی دایکیشم قژە ڕۆناوییەکەم شانەکرد.

جلکە نوێیەکەی جەژنیشم کردە بەر و بە هەڵەداوان لە ماڵ چوومە دەرەوە، لە بەختی کەچم ئەوکاتە وەک مووی بۆ هەڵکوڕوزێنم، یەکێ لە هاوڕێکانم بەر دەرگەی پێگرتم و بەدەم داچەقاوییەوە پێی گوتم:-ها.. (جێمس دین) دەڵێی بووکت بۆ دابەزیوە!.

پێدا هەڵدانەکەی ئەو، جۆرە گوڕوتینێکی وای دامە بەر، لەژیانمدا هیچ جۆرە ئاوێنەیەک، بەجوانی قۆزی لاوێتیمدا وای پێدا هەڵنەدابووم!. هەرچۆنێک بوو، خۆم لە دەستی قورتار کرد و پێم پێوەنا، خۆشم نەمزانی بۆچی بەرەو گەڕەکەکانی سەرووی شار بوومەوە؟! بەدەم هەنگاوەکانیشمەوە، زریزەکەی دەستم هەڵدەسووڕاند.

لەسەر ڕێتمی ئەویش لەبەر خۆمەوە سووکە بەستەیەکم

دەگــوتەوە، کــە ئەو ســەروبەندە دڵدارانی شـار لەنێــو حەمامــیشـدا دەیانگوتەوە!. لەگەڵیـشیـدا نیگای بێ ســرەوتم، دەرگــا و بان و لادیوارە کــەل و کــۆمــەکــانی کووچەکانیشی دەڕنییەوە.

ناکاوێک لەجێی خۆم وەستام، بەرد ئاساش ڕەق بووم. (ئەوەتا ئەوە خۆیەتی، وابوو بەداوەوە، وا بە بانەوە و بە کەوچکەکەی دەستی لە سینییەکەدا دۆشاوی تەماتە تێک هەڵدەدا، زێتر سەرم بەرز کردەوە، باڵای بەرزیشم گوێسەبانەی دیوارە نزمەکەی بۆڕدابوو، بۆیە بەلامەوە وابوو، نەک هەناســەی گــەرمم، بەڵکو دەنگی ترپەی دڵیشم دەگاتە ئەو!.

بە ئاوڕدانەوەیەکی کــتــوپڕی ئەو، لەبەردبوونی خــۆم کەوتم.

لەژێر سەرپۆشە برنجۆکەکەی سەری و کراسە گوڵ وردەکەی بەرییەوە، تەنیا دووچاوی گەش و ڕەشی شەرم تێزاو و دەم و لێوێکی ئاڵ و تەڕ و ڕیزێ ددانی سەدەفیم بەدی کرد، بەدەم هەستانیشییەوە، نیگامان لە یەکدی ئالا، قەدو باڵا و جەستەی گۆشتنیشی شۆخەکانی فیلمی هیندی ئەو دەمــــەی هێنایە پێش چاوم. یەک دوو هەنگاوی بەرەو دواوە نا..

لە سێیەم هەنگاویدا لایەکی کردەوە و بەر لە زمانی چاوەکانی، زمانی زەردەخەنە گەشەکەی کە لاڕوومەتی چاڵ کرد، ئەوەی پێ گوتم: (- منیش تۆم دەوێ!).

ئای دەمــو دەست چ خــۆشیــیــەک لە باوەشی نام؟. چ حــەزێکی شــێــتــانەش تێم ئالا؟.. چ شــەرابێکیش بێ هۆشی کردم؟!

قــەستم بوو تا زووە بدەمــە شەقەی باڵ و ئەو هەواڵە خۆشە بگەیەنمە دایکم، بۆ ئەوەی لە سبەینێ زووتر نییە، بکەوێتە خۆی و ئەو کۆترە نەشمیلەیەم بۆ لە قەفەز نێ!!.

کەچی لەپڕ هەرزەیەکی سەرزلی، دەموقەپۆز خوار، لە دەرگەوە هاتە دەرەوە و وەک شمـڵی شەڕ سواری تەوقی سەرم بوو.

– خوێڕی.. ئەوە بۆ لێرە وەستاوی؟!.

جـارێکی دی بوومــەوە بە بەرد، هەسـتم کـرد لافـاوی خــۆشی و خــۆشنوودییــەکەی تاوێ لەمــەوبەرم، لەکــونە لووتیشمەوە سەری دەکرد!. هەرچەندیش دەکۆشام زمانی بەســتــراوم، لە دەمی کلیل دراومــدا نەدەگەڕا، ئەو زێتــر دەنگی هەڵبــــڕی، بەوەش سێ چوار زرتە بۆزی دی لەمــاڵەکــانی دەوروبەرەوە دەرپەڕین بە دووی قــســە بێ توێکڵەکانی سەرزلدا کەوتنە ویزەم. تا توانییان شلکوتی

عومریان کردم، لەتاوا بە پشتدا کەوتم خوێنی ڕژاوی دەم و لاجانگیشم کراسە سپییەکەی بەرمی تەواو سوور کرد. هێندەش ئاگام لەخۆم بوو، یەکێکیان بەزمانێکی هەڕەشە ئامــێزەوە بەڕووما تەقیــیــەوە (جارێکی تر لەم کــۆڵانە بتبینین، دڵنیابە بەسەری خۆتەوە ناگەڕێیتەوە!.)

لەوە بەدوا هەفتەیەک لە جێگەدا کەوتم، دایکم ڕۆژی بوو بەڕووی باوکمدا هەر دەیگوت و دەیگوتەوە (پیاوەکە خۆ دیتت ئەوە کوڕە نێچیری خۆی دیتەوە).

هێشتا مابوومان بۆ شار، کیژەکە مۆبایلەکەی لەنێو جانتــاکــەی درەهێناو بەشڵــەژاوییــەوە چاوێکی پیــادا خشاند، من هەستم بەوە کرد، کورتە نامەیەکی بۆ هاتووە و درەنگ وەخت پێی زانیوە، بۆیە بە شۆفێرەکەی گوت: دابەزین هەیە!!.

ئەو نا بەدڵ لێی پرسی: لێرە؟!.

– بەڵێ.

– ئاگاداری خۆت بە، سەیارەیەک لێت نەدا!!!.

ئەو دابەزی و منیش جێگەم گواستەوە شوێنەکەی ئەو، ئاوێنەی سیحراویشم لە یاد نەکرد و تاوتاوە نیگابارانم دەکــرد، کــە تەواو لەخــۆشم دەڕوانی، نەک مــتــمــانەی چاوەکانم، متمانەی سەری کاس و وریشم لە دەست دەدا.

ئای.. خۆ ئەوەتا منیش ئەوەکەی ساتێ لەوەبەری خۆم نیم!

بەڕاست ئەوە منم؟ یان کــەســێکی دییــە؟. ئەوەتا گــەڕاومــەتەوە هەرەتی لاوێتی و کــیــژان پەرۆشی ئەوەن زەردەخەنەیەکی تەلیسماوییان بەڕووودا بدەم!!.

تا توانیم هاوارم لە شۆفێرەکە کرد: دابەزین هەیە.

کە دابەزیم، هێشتــا کیژەکە لە چاو ون نەببــوو، گوڕم دایە خــۆم، کــە پێی گــەیشتــمــەوە، چی ببــینم؟!. هەمــان پیرەژنی تەکم لەنێو پاسەکەدا، کەوتەوە بەرچاوم.

جــارێکی دی، وەک ئەو هەزاران جــارەی کــە بەرد بوونم بەخۆمەوە دیتووە، بوومەوە بەبەرد!.

پیــرەژنەکــە بەجــورئەتەوە، بزەیەکی تاڵی بەڕووم داداو زۆر لەســەرخــۆ گــوتی: (بڕوانە دنیــا چۆنە؟. هەر کــە سەرکەوتمە ناو پاسەکە و تۆم دی، یەکسەر ناسیمیتەوە، ئێســتــە نە من لەو تەمــەنەدام کە لەسەربان دۆشـاو تێک هەڵدەم و نە تۆش ئەو شۆڕە سوارەیت، دڵی من کەمــەند کێش بکەیت!!).



# خۆکوشتن لەسەر باڵی فلامینگۆ

**توانا ئەمین**
**(سلێمانی)**

گوێزانێک وا لەسەرمدا، هەر ڕاچڵەکێم شوێنێکی خۆم بڕیوە.. ئەم گوێزانە خۆم دروستم کردووە.. شەوێک نەنووستوویت و بەیانی لەمێشکتدا هەڵتۆقیبێت، نا بیست و نۆ ساڵی ڕەبەقە من خەریکی دروستکردنی ئەم نەشتەرەم.. بیرم کردەوە هەندێ تەلی تێڕامانی زیادەڕەوم بپچڕێنم، ئەم گوێزانەم لەمێشکی خۆمدا دروست کرد.

کەسێک بە قادرمەکاندا سەنگین سەنگین.. تەپ تەپ.. دێتەخوارێ و من هاوڕێتمی ئەو هێواش هێواش.. بۆ سەرەوە دەفڕم. دەزانم دێن قفڵەکەم دەکەنەوە، یان ڕاستتر قفڵم دەکەن، ئاخر من تائێستا دەست و پێم نەبەسترابوو، تەنیا قفڵی ڕوو لەدیوار بووم.. هەمیشە کە دێن من خۆم بەدۆزینەوەی مانای ئەو میتافۆرەوە دەخلافێنم، کە بەڕاست ئەوان لە هاتنیاندا دەمکەنەوە، یان قفڵم دەکەن؟ فەرمانت پێدەدەن ڕوویان تێکەیت، هەردوو دەستت پێکەوە جووت دەکەن و تاڵێک نایلۆنی ڕەشی گرنج گرنجی تێهەڵدەکێشن و بەڕاکێشانێک دەستت قفڵ دەبێت.. وەلێ خەیاڵت ڕەحەت کە، خۆت کراویتەتەوە. ئەم کەلەپچە ئەمریکیانە لە کەلەپچە ئاسنەکان سووکترن، بەڵام لەوانیش مەحکەم و پێوەندترن.. بیرت دەکەوێتەوە مرۆڤ چەند لە ئامراز و هۆکاری دەستبەسەرداگرتندا کارامە و کەماڵە، لەناخی دڵەوە قەشمەریم بەزانست دێت.

دەستم مرەکەباوی دەبێت و بیرم دەکەوێتەوە ئەم چیرۆکە هی نووسینەوە نییە، هەروەک چۆن بەجارێ خوێندنەوە لێی تێناگەیت، بەدووجاریش.. کە لەسێ جار زیاتریش خوێندتەوە، ئیتر دەچیتە ناوی و ناتوانیت بێیتە دەرەوە، ڕەنگە

لەحاڵ و ماڵت بکات، قاڵت بکات بەخۆیەوە، ئیشەکەت لەدەست دەربێنێ، سەرت لێ بشێوێنێ و ژیانت تاڵ بکات.. من پێشنیار دەکەم ئەگەر تا ئێرە هاتووی، بوەستەو مەیخوێنەرەوە.

ئەم چیرۆکە ژیانی تۆیە.. ژیانی ڕاستەقینەی تۆ.. ئەوانیش لەگەڵ نووسینەوەیدا نین، ئەوەتا دەڵێت «سەرت بکەرەوە بەکۆشی دایکتا و ئەو حیکایەتە سەجل مەکە، چما لە ڕووت هەڵدێ ئەو خوێنە ڕژاوانە بنووسیتەوە؟» من سەرم دەدا بەدار و دیواردا.. ئا.. دەزانی چۆن هاتمە ئێرە؟ لەسەر سیلەی کۆڵانە تەسکەکەوە دەستم گرت بەدیوارە بەردینەکانەوە و خۆش خۆش هاتم، بۆ ناو ئەم چیرۆکە هاتم.. من پێشتر هەڵهاتبووم.

هێشتا لام ڕوون نییە من چۆن ئەم ڕوحە بەدەی ترم دۆزییەوە، نا.. هەر گومانیشم هەیە بەڕاستی دۆزیبێتمەوە. هەندێک کەس لەواقیعدا ون دەبن! دەبێت لەخەیاڵدا بۆیان بگەڕێیت، کەچی من لەخەیاڵدا ون بووم و وا لەسەر جادە سۆراخی خۆم دەکەم.. بۆنی ڕازیانە لەخەیاڵم دێت، هەروا خەریکم لاژە لاژ ڕێ دەکەم، قاچە درێژەکانم لەگەڵم نایەن، ئەوە خۆمم بەزۆر بە شوێن خۆمدا کێشیان دەکەم.

هەموو ڕووداوەکە لەوێوە دەستی پێکرد، کە تۆ وێنەیەکی فۆتۆگرافی ڕەش و سپی نیوپۆسکارتی ئەوت لەکۆنترین مقەبای ماڵەکەتدا، لەو سەردابە شێدار و تاریکەتدا، لەژێر شووشەی شکاو و تاڵی لەحیم و گڵۆپی سووتاو و نینۆککەری کولدا دیتەوە.. تۆزی بیست و نۆ ساڵی لەسەر خۆی هەڵگرتبوو، کە ئاوا لێتدەڕوانی دەتگوت لە ئەرشیفی کۆنە ڕەسمچییەکی ئەم شارەوە دەرت هێناوە.. ئەو چاوە زەق و لووتە درێژ و سمێڵە پڕەی چەند لە ئێستای من دەچێت.. غەریب!! وای خۆمی پێش بیست و نۆ ساڵ چەند لەئێستام دەچم!.

لە ترافیکێکدا هەروا وڕ و گێژ لەخۆمەوە وەستاوم، گڵۆپ سوورە و ترافیک شلۆغە، بۆ چرکەیەک لەجامی پڕ شەپۆلی ئەمبولانسێکدا خۆم دەبینم، ژاکاو و مەلوول دەستم بۆ ڕادەوەشێنێت.. فریا ناکەویت جوابی بدەیتەوە، گڵۆپ کەسک بووە.. ڕادەکەیت.. خاودەبیتەوە.. بەڕاکردن دەڕۆم.. لەسەر شۆستەیەک دانیشتووم و بیر دەکەمەوە بەو چاڵاییەی ڕوحمدا لە پاژنە هەڵکێشێک دەچم و بەو خیسییەی زارم لە سانتییەکی پیس، بەهای هیچم نییە، میزەڵانێکی بۆشم، نە لە زەوی و نە لە ئاسمان، من لە فەزادا وەستاوم.

سەیرە! لەشارێکدا خۆکوشتن پێویستی بە برێک پارە بێت! من سڵ لە خۆ خنکاندن، یان خۆهەڵواسین، یان خۆکوشتن بە چەقۆ و ئاگر ناکەمەوە، هەر لەبەر ئەوە نا کە ترسنۆکم، یان ئەوانەم پێ سوننەتییە و وەک کاراکتەری چیرۆکێکی نوێ حەزدەکەم بەڕێگایەکی تر خۆم لەناوببەم.. نا.. بەڵکو حەزدەکەم ئەگەر ئەو ژیانەی دەمەوێت، نەتوانم هەڵبژێرم، با لانی کەم وەک نووسەرەکەم مەرگم بەدڵخوازی خۆم بێت.. من حەزم لەخۆکوشتن بەدەمانچەیە.. یەک زرمە و تەواو.. نیوەشەوێکی هاوین، نە خوڕەی چەم بێ دەنگ بکات و نە ریتمی دنیا بشێوێنێت.. زرمەیەک تەنیا وەنەوزی چەند مەلێکی لانەواز و پەڕاگەندەی سەر درەختێکی کالیپتۆس بپچڕێنێ، کە خوداش نازانێ کێ ڕواندوویەتی.. ئەوەتا گوێم لە شەقە شەقی باڵیانە هەڵدەفڕن.. سەیرە! بۆ گەیشتن بەو خەونەم من ناتوانم دەمانچەیەک بکڕم، دەمانچەیەک کە لەلاجانگی ڕاستمەوە سەرم هەڵگرێت و بیست و پێنج سانتیمەتر ئێسقانی کەللەسەرم هەڵتەکێنێت.. من دەمرم.. بەڵام دەزانم هیچ شتێک ناوەستێت خۆم نەبم.

هەنگاوەکانم زۆر گەورەن، دەبێ پەلە نەکەم.. هێندە گەورە خەریکم هەڵدەتلیشێم.. ئەم قاچە شل و شەویرانەت دەرەقەت نایەت، ئەگینا لەوە زیاتر فڕییان دەدەیت.. ئەمە ئەو هەنگاوانە نین کە من لەزەینمدا دەیانێنم.. نایەت.. بەدوامدا نایەت.. دەبێ تیماریان بکەم، ئەم برینانە لەناوەوە خواردوویانم، پێویستیان بەسارێژە.. تۆ بڕۆ، من ئێستا نایەم.. خۆم ناهێڵم بمرم، خۆ هیچم پێنەکرێ، دەتوانم کەمێ چاودێری خۆم بکەم، وەک ئەوەی لە ئاو نزیک نەبمەوە، ساڵێک لەبەر چرا دانیشم و فیوزێک چاک نەکەم، خۆم نەهاوێمە بەر ماشێنە شێتەکانی ئەم شارە، من پیادەگەڕێکم وێڵ بەیانی تا شێو بەو جادانەوەم، ئەسڵەن هەر سواری ماشێن نابم.. نا بەو شێوەیەش مرۆڤ بێ دەسەڵات نییە، مرۆڤ هیچی پێنەکرێت دەتوانێت کەمێک مردنی خۆی ماتڵ بکات.

تۆ دەبێت مۆڵەت لە مردن درێژ بکەیتەوە تا ئەم قاچانەت چاک دەبنەوە، هەرچییەکت کردووە بگەرە دەرەوە، ئەم قاچانەی تۆ لای سستەری ڕووخۆش و دکتۆری بەویقار نەبێت نەشتەرکاری ناکرێت.. بۆ

چاکبوونەوەیان من کاتێکم پێویستە، ئاخر لەم مەملەکەتەدا قاچ لە هەموو شتێک پێویستترە بۆ ڕۆیشتن نا.. بۆ هەڵهاتن لێی.. کەچی من ئەو قاچانەم بۆ هەڵاتن ناوێت!.. نا.. ڕێک و ڕاست دەمەوێت بەخۆمەوە بن، بەم جەستە شێواو و کۆتەرە ئاساییەوەم... ئاهـ.. ئەگەر بتزانیبا چەندم ئیش بەو قاچانەمە.

ماوەیەکە ئەمبۆلانس زۆر دەبینم، جاران وانەبوو، یان هی ئەوەیە من شت زۆر ورد دەکەمەوە، یان بەجادەدا زۆر دەڕۆم، یان نا.. هەر بەڕاست من لە شارێکدا دەژیم، ماشێنی تێدا نییە ئەمبۆلانس نەبێت.. دەڵێی خەڵکی ئەم شارە یەکپارچە بیمارن.. ئەمبۆلانسێک بەلاتدا فرتە دەکات، بڕوانە بزانە خودا ڕێگەی دانەناوە بن دەستی من نەبێت، باوەڕ ناکەیت کەس بەقەد تۆ ئەمبۆلانس بەلایدا تێپەڕیبێت.. جارێکیان کەژاوەیەک ئەمبۆلانس لەبەردەممەوە ڕێیان بەستبوو، ئەوەی پێشەوەیان تەرمی گۆرانییەکی تاقانەی تێدابوو، فیشەکێکیان نابوو بەسەریەوە، بەستەزمانە دایکی بۆی دەگریا، کارێکی بۆ دەکرد هەر مەپرسە.. ڕۆژێک دانەیەک بەلامدا ڕۆیی، ئاسکێکی کوژراوی تێدابوو.. شەبەقییەکیان ئەمبۆلانسێک بەلاتدا لووراندی، بزنە کێوییەکی تێدابوو پاوانە لە قاچیا بوو.. من زۆر ڕێکەوتی ئەو ئاژەڵە بیمارانە دەکەم.. چۆلەکەیەکت لەسەر دەستەبەرەیەکی سپی بینی، سەریان پێچابوو، گوایا منداڵێکی چەتوون سەری شکاندووە.. تەریق دەبوومەوە ئەم شارە چەند ڕێزی فڕندەو ئاژەڵ دەگرێ..!

برووسکەیەک لە پشتتەوە دێت، چاوت ڕێشکە و پێشکە دەکات، خەریکە قەتعی نەفەس ببیت و دڵت لەسەرخۆ چووە هێور هێور گوێت لێیە دەڵێی لەزەمەنێکی ترەوە کەسێک جوێن بەتۆ دەدا.. هەر تاوێکەو چوویتەوە ناو خۆت.. بیر لە شتی شێتانە دەکەیتەوە، شتی سەیر سەیر.. بیردەکەیتەوە ئیشی ئینسان ئەوە نییە دەستکاری شتەکان نەکات.. نا.. ئەوە ئەرکی مردووەکانە، مرۆڤ دەبێت دەست لە هەموو شتەکانەوە بدات شوێن گۆڕکێیان پێبکات.. من ئێستا کە لەسەر ئەم کۆمپیووتەرە دانیشتووم و ئەم چیرۆکە دەنووسم، دەڵێی هێزێک دەستم دەجوولێنێت.. من ئەم پیتانە نانووسم!.. هەستێک لەسەر کیبۆردەکە پەنجەکانم دەجوولێنێت، هەر لەخۆوە دەڵێیت ئەم نووسینە لە ئەسڵدا هەیە و ئێستا وا لەنێوان دوگمەکانی ئەم کیبۆردەدا وردە وردە دەیدۆزمەوە.. ئاخر وەک یارییەکی منداڵانە کە ئێستا ناوەکەیم بیرچۆتەوە، ئەم شتانە لەشوێنی خۆیاندا نین.. دەبێ دەستکارییان بکەیت.. بیانخەیتەوە شوێنی خۆیان.. نا.. شوێنیان بۆ پەیدا بکەیت.. من دەبێ دەست لە هەموو شتێکەوە بدەم.. قورسەکان بجوولێنە و بچووکەکان بەشەق فڕێ بدە، تا لە جێگاکەیاندا ئەو گەنجینە شاراوەیە بدۆزیتەوە.. ئەسڵی یارییەکەش گەنجینەکە نییە، جووڵاندنەکەیە، بیرت نەچێت.. من هەروام بیر دەکردەوە، بۆیە دەستم بۆ کوشتنیش برد.. هەرچەند لە جاران غەمگینتری کردووم، بەڵام لێی پەشیمان نیم.. لێم گەڕێن دەست بۆ هەموو شتێک دەبەم.. دەبێ شوێنی شتەکان بدۆزینەوە، ئەم ژیانە لە یاری جووڵاندن و دۆزینەوە بەولاوە شتێکی تر نییە.

من پێویستم بەکەسێکە، توند ڕام بتەکێنێت و بمداتەوە دەست خۆم.. من لەخۆم ون بووم.. تۆ کە شتێکت لێ ون دەبێت، دوای قەیرێ سەراوبن کردن، لە شوێنێک دەیبینییەوە.. زۆرجاران ئەو شتانەی لێت ون دەبن لەو شوێنانەدان کە هەر عەقڵت بۆیان ناچێت.. دەڵێی پێوەندییەکی نهێنی لەنێوان شوێن و ونبووندا هەیە!!.. کەچی من ئێستا کە ونم، زرپ و زیندووش خۆم دەبینم، بەڵام بۆم نادۆزرێتەوە، خەریکی بەشتی پڕوپووچەوە خۆت قاڵ دەکەیت.. کەم کەم تێدەگەم، مەرج نییە بینینەوە، دۆزینەوە بێت.. کەچی ئەمە بۆ مەسەلەی کلیلەکە وانەبوو.. ئا.. ڕاستەکەیت، ڕوخسەت بدە ئەوەیان بۆ بگێڕمەوە: من ژنێکم هەیە نیانتر لە سێبەری شۆڕەبی سەر حەوز، کەچی لەگەڵ کلیلدا ناتوانێت بەو شێوەیەی خۆی بێت کە هەیە.. ئەویش وەک مێردەکەی دەڵێی دووکەسە لەناو کەسێکدا.. ڕەنگە سەبارەت بەکلیل، ئەو کەسەیان بێت کە کەمترین جار دەیبینم.. ئەویش خۆی نمایش ناکات، تۆ لە داوەکانی خۆتدا چاوت پێی دەکەوێت.

ئەو ژنەی من لە دنیادا هیچی لێ ون نابێت، بیری ناچێت ساڵی ١٩٨٢ کرێچی کێ بووین، لەپۆلی سێی سەرەتاییدا پێڵاوی ژمارە چەندی دەکردە پێی، پارساڵ هۆدەی نووستنمان چەند تەبەق تەپەدۆر بووە، وەستای بەلووعە چاککردنەکەی ساڵی دوای ڕاپەڕینەکە، سەعاتەکەی کۆرتز بووە، هەموو ئەو وەرەقەی کارەبایانەی لەدوای هاتنمان بۆ شار بۆمان هاتبوو مانگی چەندمان بۆ هاتبوو هەمووی لەبەر بوو، ڕۆژێک بۆ خۆشی پێت گوت

«مانگی یازدەی ساڵی ١٩٩٢ چەندمان بۆ هاتبووەوە؟» وتی «مانگی یازدەی ساڵی ١٩٩٢ وەرەقەی کارەبامان بۆ نەهاتەوە، بەڵام مانگی یازدەی ساڵی ١٩٩٣ چوار دینار و مانگی یازدەی ساڵی ١٩٩٤ هەشت دینار و مانگی یازدەی ساڵی ١٩٩٥ هەژدە دینار و سەد و پەنجا فلس...» ئاوابوو.. نازانم بەو بیر تیژییەیەوە چۆن چۆنی کلیلی ون دەکرد؟ وای لێهاتبوو تۆ بۆ دەرگای ژوورەکانی میوان و نووستن و مەتبەخ، یەکی دەستەیەک کلیلت دروست کردبوو.. دەستەیەک کە هەمیشە دوایەمین کلیلیان دەیکردەوە.. ئەوە هەورەبانەکە هیچ، لە ساڵی لافاوە زۆرەکەوە کلیلەکەی ون بووە و نەمانکردۆتەوە.. ئەو ژنەی تۆ لانی کەم هەفتەی دوو کلیل ون دەکات.. من بێ چەند و چوون بەشێکی مانگانەکەم لە دروستکردنەوەی کلیلدا تێدا دەچێت.

ئێستا ئیتر وەک ئاسنێکی بەرباران ژەنگ خواردوومی.. بەوێنەی مەسینەیەکی کۆن بەلغەم کردووە.. ئەوەندەم تویخ لێبۆتەوە ها ئێستا ها تۆزێکی تر، ئەودیوم دەردەکەوێت.. بە هەموو تەمەنت بەقەد ئەم سێ مانگەی دوایی نەگۆڕاوی، گۆڕانێکی خێراو ناسروشتی.. خەریکە دەیکەیت بەخوو، لە جەمع و جەماعەتا.. بە تەنیاو لەگەڵ خۆم.. ڕیپۆقی چاوی خومار و چلمی ئەو کونەلووتە درێژانە و چڵکی گوێیە ڕەپەکانت دەخۆیت.. چێژ لە تامی تاڵ و تفت و سوێریان دەبینم.. بە پێچەوانەوە لە بەرانبەر خەڵکی تردا هێڵنج دەدەیت، قەشمەریت بە جوانی گوڵێک دێت.. من جاران وانەبووم.. نازانم بۆ چاوم بەکەس هەڵنایەت، بە منداڵە ساواکانیش، ئەوانەی کە هەموویان جوانن. ئاخر مرۆڤ لەساوایەتیدا نەبێت ئیتر بە درێژایی تەمەنی جوان نییە!.

ئێمە منداڵمان دەبێت و من حەزم لێی نییە.. تۆ لە خۆتەوە بیر لەکوشتن ناکەیتەوە.. من ئیتر خەڵکم خۆش ناوێت، تەنیا وەک خۆت لە بیری ئەوەدایت ئەم ژیانە بۆ مرۆڤ شایان نییە.. هەر لەبەر ئەوەیە ڕقم لە هەر لەدایکبوونێکە.. ئەمڕۆ پەستی لەوەی کە خۆت دەبینی خەریکی ئەم هیچ و پووچێتییە درێژدەکەیتەوە و منداڵێک بۆ ئەم دنیا بێ مەعنایە زیاد دەکەم.. نا.. وامەزانن من ڕقم لە خەڵکە و لەخۆڕا دەیانکوژم.. من پیاوکوژێکی دڵڕەق نیم.. تۆ ئەگەر لەبەر خۆشەویستی نەبایە، منداڵەکەی خۆتت دەکوشت و کۆتاییت بەم ڕووداوە دەهێنا.. تۆ ترسنۆک نیت.. بە حاکمەکەشم وا وت بە دکتۆرەکانیش، وتم «من ئەگەر ترسنۆک بوومایە، هەموو ئەوانەی ئێوە پێی دەڵێن تاوان، بە شەو دەمکرد..» تۆ هاوڕێکانی خۆت بە ڕۆژی ڕووناک دەکوشت.. لەکازیوەدا.. لەچێشتەنگاودا.. لە قرچە قرچی گەرمای بەر کوکوختییەکانی هاویندا.. لە عەسرە فێنکەکان و ڕۆژانی زەمهەریر و شەختەدا.. لەباراندا. بەشێکی زۆری کچەکانم لەباراندا کوشتووە.. دەزانی لەباراندا کوشتن تامێکی تری هەیە؟!.

تۆ چوار ساڵە هەموو شەوێک لەسەر یەک، خەو بەفڕینەوە دەبینیت.. سەرەتا وەختەبوو شاگەشکە ببم، خۆمم دەبینی لە لالەزارێکی سەوزدا، لەدامێنی گردێکدا سەر بەرەو ژێر، نەرمە ڕاکردنێک ڕام دەکرد، باڵەکانم دەکردەوە.. دەمدان بەیەکدا.. خێرا خێرا ڕام دەوەشاندن.. گوێت لەشەقەشەقیانە؟.. ئەوەندەم دەزانی لەعەرد دابڕاوم و لە ئاسمانم.. قەیرێک دەڕۆیشتی و دواتر بەپێچێکی نیو کەوانەیی ئاراستەکەتت پێچەوانە دەکردەوە.. ئینجا چونکە سەر بەرەو خوار بوو، باڵەکانم بەکەماڵی ئارەزوو دەکردەوە و ڕەها ڕەها خۆمم دەدایە دەست نەسیمێکی فێنک، با یاری پێدەکردم، بەرزی دەکردمەوە.. دای دەگرتم.. جار جار بۆ ئەوەی هاوسەنگیت تێک نەچێت، شەپۆلێکت دەخستە باڵەکانتەوە، تۆ مەستی هەوای خۆت بوویت کە زرمەیەک گەرمایییەکی خێرایی دەخستە ژێر باڵم و چەند گەزێک لەشوێنی خۆم بەرزی دەکردمەوە، دواتر خول خول، وەک پەڕۆیەکی تەڕ لەو ئاسمانە دەکەوتیتە خوارێ، بۆچرووکی خۆمم دەهاتە لووت.. ئەوە دوا شتە کە هەموو شەوێک من لە خەوەکەمدا هەستی پێبکەم.. نازانی دوای ئەوە چی ڕوودەدات، بێ ئەوەی خەوەکەت لێ بپەڕێت، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت، بەیانی بەخەبەر دێم.

ئەم خەوە بۆ شەوێک خۆشە، بەڵام وەختێک تۆ ١٤٦٣ شەو لەسەر یەک هەمان خەو ببینیت، ئیتر ئەمە لەخەوەوە دەگۆڕێت بۆ کابووس. شەوانی سەرەتا بەلامەوە سەیر بوو هەموو شەوێک یەک خەو ببینم، لەسەرێکیشەوە لەدڵەوە حەزم لێبوو، خۆ ئەگەر کۆتاییەکەی لابەیت ئەو خەوە خەوێکی زۆر خۆشە.. دواتر وردە وردە عادەتت پێوەگرت، ئاسایی دەهاتە بەرچاوت، هەمان لالەزار، هەمان بەرەو ژوورەکە، هەمان فڕین، هەمان سەمای دەم با، هەمان زرمەی نادیار، هەمان کەوتنە خوارەوە بەسەردا

و دواجاریش هەمان بۆچرووک.. من ئەوەندە ئەم خەوەم دیبوو، ئیتر وەک ئەکتەری شانۆییەکی بێ تام کە دەزانێ لەکوێدا حیواری خۆی بڵێت، دەمزانی لەکوێدا دەبێت باڵ بکەمەوە و لەکوێشدا بکەومە خوارێ.. تۆ لە خەوەکەتدا دەتزانی وات لێدێت، کەچی هێشتا دەستبەرداری ئەو فڕینە نەدەبوویت.. نەمدەکرد بچم بەلایەکی کەدا بفڕم.. یان بفڕم و خێرا بنیشمەوە.. یان ساتێک بەر لە تەقەکە خۆت بخەیتە سەر لا.. یان هەر نەفڕم!.. کەچی نازانم بۆ وام نەدەکرد!.

ئێستا لەبەر دەرگایەکی ئاسنی کەپس ڕایان گرتوویت، دەنگێکی بێزار و قرغن، کە دیارە دوای شەو خەوێکی پچڕ پچڕ و کابووساوی لە خەویان کردووە و ئەمە یەکەم پەیڤی ئەم ڕۆژە نوێیەیەتی، دەڵێت «بیهێننە ژوورەوە».. گوێت لە جیرەی وشکی دەرگاکەیە، چاوت دادەخەیت، ناتەوێت ئەو دیو ئەو دەرگایە ببینیت.. شتێک لەتۆدا وەختە بۆ حەوا بفڕێت، سەرت بۆ ئاسمان بەرزدەکەیتەوە، هەر بەچاوی نووقاوەوە دەڵێی لەگەڵ خوداتە، بەسرتەیەک لەبەر خۆتەوە دەڵێی: چەندم پێخۆشە ڕامکێشە.. ڕامکێشە با بپچڕێم.. بە جەهەننەم..» ئێستا لەم ژووری تیشک و سۆنارایە، لەژێر هەر تاڵێک ڕووناکی ئەم ئامێرە پیرەی ئەو فەرمانگەی چاکسازی دەروونییە کۆنەساڵەدا، هەر چۆنێک وێنەی بگریت، بەڕوونی دەیبینیت.. گوێزانێک لەسەر لا.. ئەو هەموو دەمارەی لەخۆیەوە ئاڵاندووە.. جار جار هەست دەکەم سەر دەکا و گوورزێکیان دەبڕێت.. لێدەدەن.. هەست بەترپەیان لە چەقی کەللەمدا دەکەم.. هێواش هێواش سست دەبن.. دەمرن.. ئەوەتا شلەیەکی سووری تەڵخ، تەڵخێکی ڕەشباو سیجافی کردۆتە ناو ئەو زرکە بۆشەی سەرت.. گەرم و قەترە قەترە وا لەگوێمەوە خوێن دەدەڵێنێ...

*** فلامینگۆ: ئەم وشەیە نزیکییەکی زۆری هەیە لە وشەی (فلامینکۆ-Flamenco) کە هەردووکیان بیانین و لەبنەڕەتدا یەکەمیان ئینگلیزی و دووەمیان ئیسپانییە، فلامینکۆ ناوی جۆرە سەماو دواتر جۆرە ئاوازێکی قەرەجانەی ئیسپانییە، بەلام ئەم وشەیەی ئێمە لێرەدا بەکارمان هێناوە (فلامینگۆ- Flamingo) مەلێکی سپی و پەمەیی (قو) ئاسایە لە خێزانی قاز و قولینگە، ملێکی درێژی جوان و دوو باڵی گەورەی هەیە، هەر لەبەر گەورەیی باڵەکانیتی هیچ کاتێک ناتوانێت بفڕێت.**



# مرنا ژبەر ترسەکێ

**فەڤزی ئوزمەن**
**(ئەلمانیا)**

زفستانێن گوندێن چیایێن سەرحەدێ، هم پڕ خوەشن، هم ژی پڕ ب کول و کەسەرن. شەڤ درێژن. زڤستان ب ستران و چیرۆک، بن تناز و حەنەکان دەرباس دبن. رێ و درب تێن گرتن. نەخوەش بێ بژیژک و بێ حەسباندن. نەمازە خزانێن وەک ئاپێ حەمۆ، ژ هەر کەسی بێتر ل سەر ئارڤان و ئاردوو دلەرزین کو بهێسانی کاربن بهارێ ل خوە بینن.

رۆژەکە سەرحەدێ یە تاڤینی یە هشکەسایی یە، تەلپەک ئەور ژی تونە یە. رۆژ هاتبوو قامێ نیڤرۆیێ. ئاپێ حەمۆ گۆپال د دەست دە ژ مال دەرکەت دەر، پێشی سەرێخوە راکر، ل بەرفا چییان نێهێرِی. پاشێ دەسمالا خوە ژ بێرکا شاپکێ خوە دەرخست و پێ هێسرێن چاڤێن خوە پاقژکر و خوە ب خوە گۆت: «بەرفا ئیسال ژی بێحەدە. سەرێ قرش و قالان ژی ناخوویێ. ئاخ کالتی! ئێدی ئەز نکارم د رۆژێن هشکەسایی دە ل بەرفا برقاندی بنێرم. بمبارەکا رۆژێ ژی، چاوا تیرێژا خوە دایە سەر و وێ دبرقینە!». خوار بوو ل گۆرێن خوە یێن ستوورێن کو کشاندبوو سەر دەلنگێن شالێ خوە نێهێرِی. بشکۆژێن قاپووتێ خوە یێ لەشکەری کو وێ پاییزێ ژ بازارا کەڤنە فرۆشان کریبوو، تەڤخستن. گۆپالێ خوە یێ مازی دا بەر خوە و هەدی هەدی ژ ژۆر دە بەر ب چێم ڤە مەشییا.

ژ وی دو گاڤان وێ دە سەیێ بەرازێ مالا خالێ ئیبراهیم ل سەر رێیا وی کەتبوو. سەرێ خوە دابوو سەر لنگێن خوە یێن پاشن، پۆزێ خوە ژی کربوو بنێ دێلییا خوە، هەردوو چاڤێن خوە گرتبوون و وەکە تۆپەکە بەرفا سپی کۆلەکی

هەڤ بوو بوو و مابوو. ئاپێ حەمۆ دەنگ لێ کر. «ئۆشت، ئۆشت! میراتۆ تە جی نەدیت تو هاتیە ل سەر رێیا من کەتیی؟ ئۆشت، ئۆشت! وەی بێخوەدی مایۆ! دەراب، دەراب!» لێ بەرا، بێی کو موویەکی خوە ژی بلڤینە، چاڤێ خوە یێ یەک ڤەکر،ل ئاپێ حەمۆ جارەکێ مەزە کر و دیسا چاڤێ خوە دا هەڤ. ئابێ حەمۆ دیت کو بەراز گوهداری وی ناکە و ژ جیێ خوە رانابە رێ نادە وی، هەیا تێ دە هەبوو گۆپالەک تێ وەردا. بوو کاستینا بەراز، رابوو دێلیا خوە کر ناڤ لنگێن خوە و رەڤی چوو. لێ ڤێ کاستینا وی ئاگر و شەوات ب دل و هناڤێ ئاپێ حەمۆ خست. ب دەنگەکی بلند؛ «هەی بێخوەدی، تو بەرێ رابوویایی، تە رێ بدابا من، ئەو چۆیا نەخواربا، چێتر نەدبوو؟» گۆت و رێیا خوە دۆماند. دەما هات بەر پرا بنێ گوند، بەکرێ جیناری وی کو ژ بۆ پەز و دەوار ب هێسانی ئاڤێ ژێ ڤەخون، ب تەڤر جەمەدا سەر ئاڤا چێم دشکێناند، گازی کر و گۆتە وی؛

«ئاپێ حەمۆ! هایداری خوە بە، پرێ جەمەد گرتییە، خڕۆنەکە! تویێ بکەڤی ها! د چلەیێ ئەربەعین دە ژ مە رە کار دەرمەخە! ئەم نکارن گۆڕا تە بکۆلن!»

پشت رە بوو تیقە- تیقا وی و کەنییا. ئاپێ حەمۆ دبن چاڤان دە ئاورەک تووژ دا بەکر و بێی کو دەنگی خوە دەرینە، ب ژونیێن خوە یێن لەرزۆک یێن بێهێز، پرە دەربازکر و بەر ب لۆدێن ل هەمبەر گوند ڤە هلکشیا.

رییا دچوو لۆدێن ل هەمبەر گوند تەنگ بوو. بەرفا دەر و دۆرێ ژی بلند بوو. کازۆ ب تاخووکێ گیا ژ ژۆر دە دئانی. گاڤا کو ئاپێ حەمۆ خوە ژ بەر دا ئالییەکی، تەوشی کەت ناڤ بەرفێ. ب کورتە بەژنا خوە هەول دا کو خوە ژ بەرفێ بفلتینە، لێ ب سەرنەکەت. دناڤ بەرفێ دە بوو بخەبخا وی. کەفیا سەری شەقتی کەت ستوویێ وی.گوندییێن کو ل سەر خانییان و ل بەر دەرییان سەکنیبوون، ل حالێ وی تەماشە دکرن و پێ دکەنییان:

«ئاپێ حەمۆ، د ژۆر رە! د ژۆر رە!»

«ئاپێ حەمۆ، هایداری خوە بە! بنییا تە ئاشیتە!»

«ئاپێ حەمۆ، ئەو دەر نە مالا تەیە!»

«ئاپێ حەمۆ...»

ئاپێ حەمۆ کو دناڤ بەرفا مەترە و نیڤ ستوور دە، ب دەقیقان بوو دپرپتی و هەول ددا خوە کو ژێ بفلتە، بێهنگرتی بوو بوو و دناڤ کەل و خویدانێ دە مابوو. پشتی کو ئاپێ حەمۆ ژ ناڤ بەرفێ فلتی، هات سەر رێ، خوەست خوە ژ بەرفێ پاقژ بکە، لێ تاقەت تێ دە نەمابوو. ل ور ل سەر بەرفێ روونشت و ل گوند تەماشەکر.

دوویێ تەندووران د رۆژنگان دە زراف- زراف دەردکەت، وەکە ماران دفتلی و بەر ب عەزمانێن شین ڤە هلدکشیا. دەر و دۆرا گوند ب گراڤۆکێن دانگیێن پەز هاتبوو خەملاندن. گوندیان پەزێ خوە بەردا بوون سەر دانگییان. یەکۆ یەکۆ دەوارێن نڤرۆیێ بەرددان، دبرن سەر جەمەدێ د شەمتی. ب تایبەتی گا و چێلەکێن پیر خوە رانەدگرتن. لێ ئەو پڕ ب فەسال د مەشیان. هەر چ قاس وان سەرێ خوە کەلی ئەردێ دکرن، ب پۆزێن خوە ئەرد بێهن دکرن و ئانگۆری رەوشێ گاڤێن خوە داڤێتن ژی، دیسان پرانانیا وان ل ئەردێ دکەتن. یێن ل ئەردێ بکەتانا، جەمەدێ ئان جهەکێ وان دچراند، ئان ژی لنگێ وان دتەرکین و د شکییان.

ئاپێ حەمۆ ب بەر دەوار دکەت. وی ژ دەواری حەز دکر. ئەو تەنێ دژمنێ پەز بوو. لۆدا ئاپێ حەمۆ ل کێلەکا لۆدان، ل پەرێ رێ بوو. پەزێ ل دانگییێن نێزیکی لۆدێن هەمبەرێ گوند گیا دخوار، فەسلبوو دچوو سەر لۆدا ئاپێ حەمۆ و گیایێ وی هم دخوارن، هم ژی دلەوتاندن. لەوما ئاپێ حەمۆ، ژ ڤێ رەوشێ گەلەکی دقەهری و د ئێشیا.

رەبەنی هاڤینان دچوو ل بەر گوندیێن کو مێرگێن وان هەبوون، دگەریا و ژێ شوونا گورزەکی دو گورز گیا دخوەست. وان ژی ل قەراغێ مێرگان جی ددانێ. هەتانی وی ئەڤ قەراغ بدەست دخست چەرمێ ئەنیا وی دقەتیا. ب حەبەک نانێ تسی، بێ دەو و ماست، گەرما هاڤینێ ژ سبەهێ هەتانی ئێڤارێ تریان ل با دکر، سەرێ قرش و قالان ب تریانا خوە دقەتاند، رۆژێ ئانجاخ دو تاپێل ئان ژی سێ تاپێل گیا دچنیا. گایێ وی ژی تونە بوون. ژ خوە دو چێلەک و مۆزیکەکی وی هەبوون. ب لاڤا و بەرگەر گایێ جیناران نەدهشت ئەو لۆدا خوە دناڤ لۆدێن وان دە بنژنە. وی دئانی لۆدا خوە ل پەرێ لۆدان، نێزیکی رێ لۆد دکر. ژ بەر ڤێ یەکێ، زڤستانان پەزێ گوند، ئێ کو ل نێزیکی لۆدان بدانگری دبوو، دەما کو بچووبانا سەر لۆدان، ئەول دچوون سەر لۆدا ئاپێ حەمۆ و گیایێ وی دخوار. لەوما وی ژی، ژ پەز پڕ نەفرەت دکر. پەز هەتکا ئاپێ حەمۆ بربوو، هەلا گیسکا بەللا ئاسکا مالا خالێ محۆ و جاشکا مالا ئاپێ گردەدز!

ئاپێ حەمۆ رابوو سەر خوە. گۆپالێ خوە یێ مازی دا پاش پشتا خوە. خوە خووز کر و هێدی هێدی بەر ب

لۆدان ڤە مەشا خوە دۆماند. پشتی چەند گاڤان، جارەکا دن ڤەگەڕییا، دێنا خوە دا گوند. دوویێ تەندووران دیسا هلدکشیا. مرۆڤن ل سەر بانێ خانییان،ئەینێن خوە دابوون تاڤێ ورروونشتبوون مریشک، ل سەر سێرکۆیان ل هەڤ جڤیابوون. هنکان لنگێن خوە یێن یەک دابوون بن چەنگیخوە دپۆنجین، هنکان ئەردێ سێرگۆ یێ جەمدی ب پەنجێن خوە ڤە ددان و ئەرد نیکول دکرن. دیکێن قورە ل دۆرا مریشکان دچوون و دهاتن. دخوەستن مێرینیا خوە شانی وان بدن.

هنەک سەیێن گوند سەرێ خوە دابوون سەر شێمووکێن دەرێ خوە دیێن خوە، چاڤێن خوە یێن یەک گرتبوون ب چاڤێن خوە یێن دن ل کەڤانیێن مالان دنێرتن کا ئەو کوتەکی نان داڤێژن بەر وان، ئان نا. یێن دن ژی، دێلێن خوە کربوون ناڤ لنگێن خوە یێن پاشین، بێ هێڤی ل ناڤا گوند دگەڕیان.

هنەک ژ چڤکێن بچووک یێن گەور، د ناڤ مریشکان دە ڤەدنشتن و دفڕیان. ژ وان هنەک ل ئافرێن کو پەز تێ دە جەهە دخوار دهێورین، هنەکان ژی ل سەر سەرێ مییێن مێشن ڤەدنشتن و قڕنییێن گوهێن وان نیکول دکرن.

ئاپێ حەمۆ رێچا کێڤرۆشکەکێ کو ژ بەر لۆدان دە دەست پێکربوو، هەتانی بنێ شەپێ بەرفا نەوالا ئالی ژۆرینی گوند دچوو، ب گاڤێن خوە شۆپاند. د دلێ خوە دە: «ئاخ، بلا ئەز نها خۆرت باما، تاژییا منا لەیلێ ژی نەمریا. ئەز دێ بهاتما، منێ لەیلێ بەردابا سەر تەو تویێ بگرتایی، ببرایی مالا خوە، بپژاندا و بخوارایی! ژ سالەکێ زێترە من گۆشت نەخوارییە. چڤاس ژی من بێرییا گۆشت کرییە!» کۆت.

بەرازێ مالا خالێ ئیبراهیم ژی، دێلییا خوە دابوو سەر پشتا خوە، پۆزێ خوە راکربوو هەوا و تە دگۆت قەی تشتێن بێهن دکە، دو جاران ب دەنگەکی دلشەواتی کوزییا. هەر چڤاس سبەهێ ل سەر رێیا ئاپێ حەمۆ کەتبوو و وی ژی، گۆپالەک تێ هلدابوو ژی، مابێینا وی و ئاپێ حەمۆ خوەش بوو. ڤێ جارێ کوزینا وی یا ئەڤڤاس دلسۆتی، تەسیرەکە مەزن ل ئاپێ حەمۆ کر و دل و هناڤێن وی پەرتاندن. ئاپێ حەمۆ دیسا د دلێ خوە دە: «هەی کەلبێ خوەدێ! گەلۆ دیسا بێهنا چ گرتیە؟ ژ خالقێ عالەمێ چ دخوازە؟ دیسا نفران ل کێ دکە گەلۆ؟ ئیشەللاه ل من ناکە!» گۆت و رێیا خوە دۆماند.

د دلێ خوە دە دەقەهری و د شێوری. جارینان ژی؛ «ب خوەدێ، کو ئەز ئیجارێ وان بگرم، ئەزێ وان بکوژم. ئەزێ لنگێ ئاسکێ ب دەستێ خوە بشکینم. ئەزێ بۆچکا وێ شاشکا گەمار ژێ بکم. نا نا، ئەزێ گوهێن وێ ژێ بکم، وێ تێکم عیبرەتێ عالەمێ کو بلا هەموو سەوالێن دن ژێ عیبرەتێ بگرن و جارەک دن نەوێربن وەرن سەر لۆدا من و گیایێ من بخون. ب خوەدێ ئەزێ ژێ کم. ب خوەدێ ئەزێ بشکینم. هەلا بلا بێن. ئەو دبینن ئەزێ ب وان چ بکم. هەلا بلا بێن!.. «ئەو هم دئاخفی هم ژی، گۆپالێ خوە د دەستێ خوە دە دشداند و ل با دکر. جارجاران ژی گۆپالێ خوە رادکر هەوا و جارەک دن ژۆردە دانی ژێر، هەتانی داویا هێزا خوە ب کەرب ل بەرفێ دخست و دگۆت؛ «هن!.. وە خوار! مێراتنۆ! بێ خوەدی مانۆ!..»

ئاپێ حەمۆ چوو، د شەپێ بەرفا بەر لۆدێ دە قولبی و وندا بوو. گوندی ل سەر خانی و ل بەر دەرییان ل هەڤ جڤییابوون و ب مەراق ل ئاپێ حەمۆ دپان، کا ئاپێ حەمۆ و سەوال وێ ب هەڤ چ بکن.

ئاپێ حەمۆ ل دۆرا گورزێ بەر لۆدێ کو دوهو بەرفا سەر وی پاقژ کربوو، چوو و هات. چەند پشکولێن تەزە ل سەر گورز دیتن. شاش ومەتال ما.خوە ب خوە: «ڤێ سبێ زوو ڤا مێراتێن هان، کورا هاتن و گیایێن من خوارن.» گۆت. خوارن.» گۆت. خوار بوو ژ وان یەک راکر، دا بەرچاڤێن خوە. گەلەکی لێ نهێڕی. پشقول، نەپشقولێ پەز بوو.

پشقولەکی تپووتەزە. پشقولەکی زەری زێڕین. پشقول راکر یەکجار ئاڤێت دەڤێ خوە، ب تووکا خوە شل کر و ئەو داقورتاند. پشقول شەمتی چو ئاشکێ وی. «ئۆۆۆخ!» گۆت. «ب خوەدێ ئەڤ تشتەکی زاف باش بوو! دبێژن؛ پشقولێ کێڤرۆشکان زێهنا مرۆڤ ڤەدکن. خوەدێ چاوا راستی من ئانی؟ گەلۆ بەرازژ من رە دوعا کر، چ؟ دوعایێ کەلپان قەبوولە ژی! ئێ بەراز من رەچما دوعا بکێ؟ نە، ڤێ سبەهێ من گۆپال دبن دوعا ژی. بەلکو وی ل من نغر کر، خوەدێ نفرێن وی وەک دوعا ژ بۆ من قەبوول کر. دە چ دبە بلا ببە، لێ ئەڤ پشقول دێ زهنا من ڤەکە!»

بیستەکێ شووندە، گیسکا بەللا ئاسکا مالا خالی محۆ کەت سەر رێیا لۆدان. قرش و قالێن کو ل دۆر رێ وەشیابوون، بەرهەڤ دکرن و بەر ب ژۆرڤە دمەشیا. چاشکا رەشا مالا ئاپێ گردەدز ژی، دا پەی گیسکێ. وێ ژی، قرش و قال ب لێڤێن خوە یێن نەرمک یێن گەرمک تۆڤ دکرن و ل پەی گیسکێ هورک هورک دمەشیا.

گوندیان ئەو تەماشە دکرن.

ژ چ سەدەمێ یە کەسەک نزانە، لێ سەیێ بەرازێ مالا خالێ ئیبراهیم ژی دابوو پەی وان. سە هێژ گەلەکی ژ وان دوور بوو. وی ژی، گە ئەرد بێهن دکر، گەهـ هەوا بێهن دکر و ل پەی وان ب ئارامی دمەشیا.

گیسک ل پێشیێ دمەشیا، چاشکێ سەری دابوو سەرگیسکێ، بەراز ژی دابوو پێ هەردوویان. ئاپێ محۆ ژی کەتبوو کەمینێ و ل بەندا وان بوو. گوندی د مەراقێ دە بوون.

مەلە دەرکەت بەر دەری. ل سەعاتا خوە نهێری، گۆت:

«دەم نیڤرۆ یە. ئەزێ بانگ بدم.»

مختار گۆت:

«سەیدا جا بسەکن! ئاپێ حەمۆ کەتیە کەمینێ. ب خوەدێ هەتانی ئەم ئەنجامێ نەبینن، ژ مە کەسەک نایێ مزگەفتێ.»

مەلە:

«لا حەولە وەلا! ڤا چ حالە، چ بەلا؟ ئەڤ هەموو تشت عەلامەتێ ئاخر زەمانن. هەیرا وە خودایێ خوە بەردایە، بەرێ خوەدایە سێ سەوالان و حەمۆیێ دین، وەرن ئەم لمێژا خوە بکن!»

مختار:

«سەیدایێ دەلال، ب خوەدێ لمێژ ب جهەکی دە نارەڤە. لێ کو ئەم شەرێ ئاپێ حەمۆ و گیسکا بەللا ئاسک برەڤینن، جارەکە دن ب دەست مە ناکەڤە.»

مەلە:

«لا حەولە وەلا ئیللا بیللاهیل ئەلیـیل عەزیم!.. د دەرهەقێ دین و ئیمانا مە دە چ بخێرە، بلا خوەدێ وێ بکە!» گۆت و ئەو ژی لگەل گوندیان ل بەندا شەرێ ئاپێ حەمۆ ما.

گیسکا بەللا ئاسک، خوە گهاند بەر شەپێ بەرفا بەر لۆدێ. هلکشیا سەر شەپێ، وەلگەریا وی روویێ شەپێ و وەندا بوو. چاشک دشەپە دە هلکشیا. بەراز هێژ گەلەکی ژ وان دوور بوو. دەما کو چاشک چوو سەر شەپە، ب جارەکی شووندە زڤری و بەرێ خوە بەرژێر کر، حەیا ژێ هات جارەکێ دو جاران زریا و ب چارگاڤ رەڤیا. گیسکێ دابوو پەی چاشکێ، هەردو ژی بەر ب سەیێ بەراز ڤە ب بەز دهاتن. سەیێ بەراز بیێ کو بسەکنە، ئان بئەوتە، ئەو ژی زڤری، دیلیا خوە کر ناڤ شەڤێن خوە یێن پاشین، بەرێ خوە دا گوند، دیلیا خوە کر ناڤ شەڤێن خوە یێن پاشین، بەرێ خوە دا گوند، هەیا ژێ هات بەر ب گوند ڤە بازدا. ئاپێ حەمۆ ژی، دەرکەوتبوو سەر شەپێ بەر لۆدێ. حالان ددا خوە و دگۆت. «مەرەڤن، مالێ گاوران مەرەڤن! وەلە ئەزێ لنگێن وە بشکینم. میراتنۆ، هوون چما درەڤن؟ هەلا هوون نەرەڤیانا، وە ژ خوە رە ددیت!»

گوندیان ب مەختەلمایی لێ ڤێ دیمەنێ تەماشە دکرن. سەیێ بەراز بێدەنگ هەتا ژێ دهات درەڤیا. چاشکێ دکر زرن و دابوو پێیی سە، گیسک ژی د باریا و ل پەی چاشکێ د رەڤیا. بەراز هات ژ چەمێ گوند دەرباس بوو، بەرێ خوە دا مالا خوەیییێ خوە.

گیسک چوو دانگی ناڤ پێز. جاشک چوو ئاخورێ خوەیایێ خوە. لێ سەیێ بەراز رەڤا خوە د دۆماند.

گوندیان تەماشە دکر. بەراز درەڤیا. هەیا ژێ دهات درەڤیا. کەسەکی نەدیتبوو بەراز ئەوقاس پر رەڤیایە. بەراز نەدرەڤیا. بەراز دفریا.

گەلێ چما؟

بەراز ب وێ رەڤێ هات ناڤ گوند. چوو دەرێ مالا خوەدیێ خوە. کەت هوندر. هەتانی سەر تەندوورێ چوو. ل پێشیا وی دیوار و کوچک.

بەراز ئێدی نکاریبوو برەڤیا. خالتیا هەوا تەندوور سار کربوو. نان لێدخست، بانگ کر:

«بەراز، بەراز!» گۆت. «بەرازێ مین! کوچۆ، کوچۆ!» گۆت. بەراز ل چاڤێن خالتییا هەوا دنهێری، خالتییا هەوا ژی، ل چاڤێن وی نە وی خالتیکا هەوا فام دکر، نە ژی خالتیکا هەوا ژ وی تشتەک فام دکر.

پشت رە بەراز گۆت، «حەو» و ژ پێرار ڤە کەت.

کەتن ئەو کەتن بوو.

ئێدی نە دەنگ ژ بەراز دەردکەت، نە ژی دلڤیا...

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا «سییێن شکەستی» چاپا یەکەمین رووپەلێن (١٠١-١٠٨) هاتیە وەرگرتن، ئەڤ پەرتووکە ژی ژ ئالیێ وەشانێن پێری ڤە ل سالا (٢٠٠٥)ێ ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپ و بەلاڤکرن.**

**چیرۆکنڤیسی فەڤزی ئوزمەن ل سالا (١٩٤٣)ێ ل گوندێ شۆراخێ سەر ب باژارێ ئەرزرۆمێ ژدایکبوویە. دبستانا سەرەتایی ل گوندێ بارماسێ و دبستانا ناڤین و (ئامادەیی) ل ئەرزرۆمێ تەمام کرینە. پشت رە پەیمانگەها کارسازیێ ل زانکۆیا ستەنبۆلێ خوەندیە. دەبارا خوە ب خەباتێن خوە یێن سەربخوە ب دەست خستیە. ژ سالا (١٩٩٣)ێ ڤە ل ئەلمانیایێ وەکە پەنابەرێکی کورد دژی.**



# چەتە

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

بە هەناسەبڕکێ لە پلیکانەکان وەسەر کەوت. کە گەیشتە نێو هۆڵی چاوەڕوانی، چەن ژن و پیاو و منداڵ لەسەر سەندەڵییە یەکڕەنگەکان بە ڕیز دانیشتبوون. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و پشتە کۆمەکەی ڕاست کردەوە. لەگەڵ سڵاوی کرد، هەموو چاویان لەسەر ڕیشە سپییەکەی و قەڵافەتە تێکشکاوەکەی گیرسایەوە و چەند کەس لەبەری هەستان و چاکوخۆشییان لەگەڵ کرد. بە لەقەلەق چووە بەر مێزی کابرای بلیت فرۆش و ڕاوەستا. هێشتا هەناسەی نەهاتبۆوە بەر خۆی، کابرای بلیت فرۆش بە پۆزێکەوە سەری هەڵێنا و چاوی لە چاوە کزەکانی بڕی کە لە ژێر هەوری برۆ خۆڵەمێشینەکەیدا تەمێکی لێڵیان وەسەر کشابوو.

– مامە گیان، دکتۆر نەهاتووە، خێرت بداتێ. بڕۆ سەعاتێکی دیکە وەرەوە.

مامە پیرە ڕەنگی سپی هەڵگەڕا و لە ناکاو سەری بەرز کردەوە، دانیشتوانی نێو هۆڵەکە هەستیان کرد پشتە کۆمەکەی لەگەڵیدا ڕاست بۆوە. چاوی لە ڕوومەتە سووتاوەکەی کابرای بلیت فرۆش کرد کە جێ جێ چرچ هەڵگەڕابوو و مووی قرژ و تیژ وەک دڕوو سەریان دەرهێنابوو.

– باوکەکەم من سواڵکەر نیم، ئەم ئەکسەم هێناوە نیشانی ئاغای دکتۆری بدەم.

دوگمەی کەواکەی کردەوە و دەستی کرد بە باخەڵیا. پاکەتێکی پان و گەورەی لە باخەڵی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە داینا. کابرای بلیت فرۆش بە ناقایلی ئەکسەی لە پاکەتەکە دەرهێنا و دایە بەر ڕووناکایی گڵۆپەکە و چاوی لێ کرد.

یەسقانی ڕەق و تەقی لاشانی مامە پیرە لە ئەکسەکەدا دیار بوو. خستییە نێو پاکەتەکەوە و دایەوە دەستی.

– مامە دەبێ بلیت بگری و دانیشی هەتا دکتۆر دێ، بە نۆرەی خۆت دەتنێرمە ژووری.

– جا باوکەکەم هەر تەماشایەکی ئەو ئەکسەم بۆ بکا بزانێ یەسقانەکەی گرتوویەتەوە و تەواو، خۆ نامەوێ معاینەم بکا و دەوا و دەرمانم بۆ بنووسێ. ئەوە بلیتی بۆ چییە؟ ئەو دکتۆرەی بۆی هەڵبەستوومەوە لە سنەیە، گوتم بۆ ئەو ڕێگا دوورە بکوتم، هەر لێرە نیشانی ئاغای دکتۆری دەدەم، ئەگەر پێویست بوو، یان دەمنێرێتەوە بۆ لای دکتۆرەکەی سنە، یان خۆی ماریجەم دەکا.

– خاڵە گیان، بلیتی دەوێ. دەنا سەرچاوم. فەرموو مەحتەلمان مەکە.

مامە پیرە دەستی کرد بە گیرفانی بەر پشتێنەیدا و بەستەیەک پارەی دەرهێنا کە دوو قەد نووشتابۆوە و بە جیرێک بەستبووی. جیرەکەی داماڵی و گوتی:

– چەندیە باوکەکەم؟

– شەش هەزار تمەن.

مامە پیرە دوازدە پێنج سەد تمەنی جیا کردەوە و لە بەردەمی بلیت فرۆشی دانا. چاوێکی لە پاشماوەی پارەکەی کرد و ئەمبارەو باری کرد: دوو پێنج سەد تمەنی و دووسەد تمەنییەک و چوار پەنجا تمەنی پێ مابوو. نایەوە گیرفانی و چوو لەسەر کورسییەک دانیشت. پاڵی داوە و سەری نا بە دیوارەکەوە.

– خاڵە گیان خەڵکی کوێی؟

یەکێک لە نەخۆشەکان لێی پرسی کە لە پەنایدا دانیشتبوو.

– باوکەکەم خەڵکی ئەم سالحاوایەی سەقزم.

– ئەی ئەوە کەست نەبوو لەگەڵت بێ؟ کوڕێک، ژنێک، خزمێک؟

– کوڕ؟

تەزوویەک بە لەشیدا هات و ئۆناقێکی تاڵ گەرووی گرت و خەمێکی ئاشنا چنگی لە دڵی گیر کرد و هەڵیگلۆفی. هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە دڵێکی کەیلەوە گوتی:

– نا.

خەریکی بیر هەڵکەندنی ماڵی حاجی سەلیمی جیرانیانە. حەوت میتر بیری لێداوە خەریکە دەگاتە ئاو، ئارەقەی دەرداوە و عەرزە تەڕەکەش هەموو داوودەلینگ و پاتۆڵەکەی خووساندووە و لە قوڕ و لیتەی هەڵکێشاوە. زوو زوو پەت و دەولکی بۆ شۆڕ دەکەنەوە پڕی دەکا لە قوڕ و بەرد و هەڵیدەکێشن. لەگەڵ چوونە سەری سەتڵەکە، سەری هەڵێنا و چاوی بە دوادا بەڕێ کرد. هەتاوی نیوەڕۆی مانگی جۆزەردان دەڕژێتە نێو بیرەکەوە. زۆر چاوەڕوان ما پەت و دەولک نەهاتەوە خوارێ، هەرا دەکا. لەوە دەچێ هاوکارەکەی لەوێ نەمابێ. گوێ هەڵدەخا، دەنگی گریان و ژاوەژاوی ژنان و پیاوان دێتە گوێ. بە پەلە لە بیرەکە دێتە دەرێ. حەوشەی ماڵی حاجی سەلیم چۆڵ و هۆڵە، دەڵێی زیندەوەری تێدا نەماوە. بە هەڵەداوان و گیانی قوڕاوییەوە پێ دەنێتە کۆڵان. بەر دەرگاکەیان عالەمێکی لێ کۆبۆتەوە. بە هەناسەبڕکێ خۆی دەگەیەنێتە بەر دەرگا، هەموو ڕێی بۆ چۆڵ دەکەن و دەچێتە حەوشە. تابووتێک لە حەوشە لە ژێر دار تووەکە داندراوە و تارایەکی سووری بەسەردا کێشراوە. دوو کەس لە هاوڕێیانی کوڕەکەی بە چەک و فیشەکلغەوە باوەشی پێدا دەکەن و لەگەڵ گریانی بە کوڵی خۆیان گریانی وە بیر دێننەوە، چونکە وا تاسابوو نەیدەزانی چ بکا.

دوای جوانەمەرگ بوونی کوڕە تاقانە سوور خەڵاتەکەی، تووشی نەخۆشی بوو. نەخۆشییەکەی وا نەبوو لە پێی بخا، بەڵام تووشی فەرامۆشی ببوو، جاری وا بوو نزیکترین خزمەکانی خۆی نەدەناسییەوە. دوای چەند ساڵ ژنەکەشی بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە کۆچی دوایی کرد و تەنیا و بێکەس مایەوە، بەڵام کاری بیر هەڵکەندنی هەر درێژە پێدا و بە ڕەنجی شانی خۆی ژیا.

شەقوکوتی کورسی و هەستانی خەڵکەکە هەودای خەیاڵی پساند. دکتۆر پێی نایە هۆڵی چاوەڕوانییەوە و بە پۆز و هەوایەکەوە ڕۆیی بۆ ژووری معاینە. دوای ماوەیەک زیڕەی زەنگێک هات و نەخۆش و شەل و دەست شکاو بە نۆرە چوونە ژووری و هاتنەوە دەرێ.

– خاڵە گیان خۆ لەوە ناچێ هیچ کوێت شکابێ، ئەم دکتۆرەش نۆژداری یەسقانە، بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟

دیسان نەخۆشەکەی پەنای لێی پرسی. ئەم جارەیان مامە پیرە سەری هەڵێنا و چاوی لە کوڕە کرد کە بە پەڕۆیەکی سپی دەستیان بۆ لە ملی کردبوو.

– باوکەکەم مانگێک لەمەوبەر خەریکی بیر

هەڵکەندن بووم، کەوتمە نێو بیرەکەوە و شانم شکا.
- جا تۆ کوا دەتوانی بیر هەڵکەنی مامە گیان؟
- ڕۆڵە گیان چۆن ناتوانم؟ خۆ غارغارێن ناکەم. دادەنیشم و لە بنەپاڵەوە دەست دەکەم بە هەڵکەندن و گڵ و قوڕەکەم بۆ هەڵدەکێشن، بەڵام داخەکەم ناتوانم خۆم بچمە خوارێ و بێمەوە سەرێ. دەبێ پەتێک لە نێوقەدم خەم دامهێڵنە خوارێ و پاشان هەڵمکێشنەوە. هەروەک عەرزم کردی مانگێک لەمەوبەر کاتێک ویستیان دامهێڵنە خوارێ، میترێک نیو میترم مابوو بگەمە تەرکی بیرەکە، کندرەکە لە دەستی ئەو کورە بەستەزمانە بەر بوو و لاشانم درا بە دیواری بیرەکەدا و بەرچاوم تاریک بوو. ئیتر نازانم چۆنیان دەرهێنامەوە، کاتێک وەهۆش هاتمەوە لە نەخۆشخانەی سەقز بووم و خەریک بوون بەرێیان دەکردم بۆ نەخۆشخانەی سنە.
- ئەی خاڵە گیان هەر ئەو کاتە بۆ نەیانهێنای بۆ لای ئەم دکتۆرە و بردیانی بۆ سنە؟
- ڕۆڵە گیان ئەم دکتۆرە بیست ڕۆژە هاتووە. ئێرە دکتۆری جەڕاحی لێ نەبوو. ئەوە لەوێ بۆیان هەڵبەستوومەوە و شوکور ژانی نەماوە. ئەمڕۆ چووم لە نەخۆشخانە ئەم ئەکسەیان بۆ هەڵگرتوومەوە و هێناومە بۆ لای ئەم ئاغای دکتۆرە بزانێ گرتوویەتەوە، گوتم بۆ ئەو ڕێگا دوورەی سنە ببڕم.
پیاوێک بە شەلە شەل لە ژووری معاینە هاتە دەرێ. کابرای بلیت فرۆش هەروا کە ملی بە سەر دەفتەرەکەدا شۆڕ کردبۆوە، دەنگی هەڵێنا.
- مەحموودی مقەننی.
مامە پیرە بە لەقە لەق هەستا پێ و ڕۆیی بۆ ژووری دکتۆر، سڵاوی کرد و بە دەستێکی بلیتەکەی دایە دەست دکتۆر و بە دەستەکەی دیکەی ئەکسەکەی لە بەردەمی دانا. دکتۆر بلیتەکەی خستە نێو چەکمەجەی مێزەکەیەوە و دەستی دا ئەکسەکە و تەماشایەکی پاکەتەکەی کرد:
- ئەمە بۆ لای من نەنووسراوە. بیبە بۆ سنە.
ئەکسەکەی دایەوە دەست کابرا پیرە و قامکی بە زەنگەکەدا نا، نەخۆشێکی دیکە بچێتە ژوورێ.

**هاوینی ١٣٨٦ (٢٠٠٧ز)**

# بووکە شووشەکەم

**هووشەنگ گوڵشیری**
**لە فارسییەوە: فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی**
**(بۆکان)**



دایکم دەڵێ، دێتەوە، بەڵام دەزانم نایەتەوە. ئەگەر بڕیار بوو بێتەوە دایکم نەدەگریا. دەگریا؟ خۆزگە دیتبایە. نا. خۆزگە منیش نەمدیبایە.

ئێستا تۆ وا بزانە دایکمیت. چی بکەم کە قژەکانی تۆ کاڵە. چاوم لێبکە، دایکم ئاوا دانیشتبوو" لاقت کۆکەوە. دەستیشت لەسەر نێوچاوانت دانێ، نا، تۆ ناتوانیت. شانی دەجووڵایەوە، ئاوا. ڕۆژنامەکەی لەسەر عەرز، لە پێش دەم بوو. من خۆ وەک دایکم ناتوانم بگریم. باوکم دیار بوو دەیتوانی. مامە ناسریش ئەگەر بیەوێت دەتوانێت. هەر لەبەر ئەم کارانەیە بە پیاوی گەورە دەڵێن گەورە پیاو، هەر ئازان بلێن: «مەگری، مریەم.»

ئینجا چییە، هەڵمگرت کە هەڵمگرت، دنیا ئاخر نەبووە. نامەوێت خۆ ئاگر بکەمەوە. دەمەوێت؟ باوکم زۆر باشە، هیچ وەخت نەیدەگوت: «وا مەکە!». واتە ئەدی بۆچی گوتی: «مریەم قەت نابێت بگریت». من پێم خۆشە بگریم، کەچی ناتوانم . ئەگەر دەمتوانی وەک دایکم بگریم، بۆ بابم دەگریام. ناتوانم بگریم. ئەم بووکە شووشانە دەتوانن بگرین؟ تۆ دەزانم ناتوانیت هەروەکو دایکم و دایە گەورە و مامە ناسر کە ناتوانن بگرین.

دەی ئەگەر دەتتوانی بگریت، بۆ ئەو کاتەی میهری شەیتان بووکەکەی لێ شکاندم نەگریایت؟ بووکە شووشەکەم دەڵێم. تۆ وەک ئێستا کە دانیشتوویت، هەر دانیشتیت و چاوت لێ کرد. دیتت من چۆن گریام؟ دایە گەورە گوتی: مەگری، مریەم گیان، بۆ خۆم دەیدەم بە وەستا تا بۆت چاک بکاتەوە.

من گوتم: دەی دوایی چی لێ دێت؟
گوتی: وەک یەکەم جاری لێ دێتەوە.
گوتم: نامەوێت، من نامەوێت. دەزانم وەکو ئەو قۆرییە زلەی لێ دێت.
بابم گوتی: کچی من ئەگەر نەگری بابی خۆی یەک دانەی دیکەی بۆ دەکڕێت، یەک دانەی گەورە.
بۆی نەکڕیم. بابم زۆر باشە. ئەگەر ئەم جارە هاتەوە نالێم بۆم بکڕە. هەر ناشگریم. وەبیرت دێ دایە گەورە چۆن گریا؟ بۆم گێڕایەوە. بە کراسی ڕەشەوە خۆی خستە سەر گۆڕی بابە گەورە و تێروپڕ گریا. منیش گریام. بابم نەگریا. پێم وا بوو دەگریا هەروەک بووکە شووشە، وەکو تۆ کە نە فرمێسکت دەبینرێت و نە دەنگت لێوە دێت. من کە ناتوانم خۆم ڕابگرم. وا دەگریام هەر وەرە سەیری، چونکە دەمزانی ئەدی قەت بابەگەورە گۆچانەکەی بۆ لام درێژ ناکات. هەمیشە دەیگوت: مریەمی بابە، ئەگەر زانیت گۆچانەکەم چەند بستە؟
دەمگوت: حەوت بستە، بابە.
دەیگوت: نا، پێنج بستە.
دەمگوت: حەوت بستە.
دەیگوت: دە بست و نیو لەگەڵ یەک ئەنگووستی چکۆلانەت.
دەمگوت: نا، هەر حەوت بستە.
دەیگوت: دەی باشە، وەرە بیپێوە.
منیش دەمپێوا. وای دەزانی نازانم هەر دەستم بگاتە ئاخری گۆچانەکە زوو دەستم دەگرێت، دواییش هەڵم دەگرێت و دامدەنێتە سەر ئەژنۆی. منیش لە خودام دەویست. جا دەستم دەکردە نێو گیرفانی کەواکەی و سەعاتەکەیم دەردێنا. بابە گەورەش قاپی سەعاتەکەی بۆ دەکردەوە و دەینا بە گوێمەوە. دەمگوت: بابە گەورە دەستت چەندە پیرە؟
دەیگوت: چ بکەم پیر بووە ئەدی؟
دەستی، پشتی دەستی جۆرێک بوو، وەک دەموچاوی وابوو. دەیگوت: هەمووی خەتای ئەوانەیە کچی خۆم.
لەگەڵ عەقرەبەکانی بوو. لەگەڵ ئەو عەقرەبە سوورەی کە هەر هەڵدەخولێت و لەوانی دیکەش توندتر دەسووڕێت. بڵێیت سەعاتەکەی لە کوێ بێ ئێستا؟ بڵێیت لەگەڵ بابە گەورە نێژرابێت؟ تۆ کە نازانیت، ئەتۆ چی کووتوول؟ تۆ هەروەکو ئەو پیاوە کورتە باڵایەی. بۆ خۆت هەر وەرە و بچۆ. هەر بچۆ ئەوبەر و وەرە ئەمبەر، هۆشیار بە زۆر هاتوچۆ نەکەیت سەرم لە گێژەوە بێت. بابم لەو بەرەوە بوو. من کە نەمناسی. کووتوول تۆ وەرە لێرە ڕاوەستە، واتە بۆ خۆت هەر دێیت و دەچیت. دایکم دەستی گرتبووم.
دەڵێت: ئاخر کچێ شقارتەت بۆ چییە؟
گوتم: نازانم.
هەرچی ئێستایە خۆ دەزانم لە کن یەک ڕێکیان دەخەم. ئەوە یەک دانە، دوو دانە... ئاوا.
من و دایکم لەمبەری چڵە شقارتەکان دەبین. بابیشم لەوبەرەوە، لەوبەری ئێمەوە. کووتوول تۆش وەرە نێوەڕاست. ئێستە ئەوانەی لەمبەرن دەبێ بقیژێن، ئەوانەی دیکەش کە لەوبەری چڵە شقارتەکانن دەبێت بقیژێن. بابم هەرای کرد: مریەمی من چۆنە؟ ماچێک بۆ بابی خۆی بنێرێت بزانم. کووتوول ئەم جار تۆ وەرە پێشێ. پێش من، ئێرە. تا بابم نەمبینێت کە چۆن ماچی بۆ دەنێرم. بابم گوتی.. لە بیرم نییە چی گوت. دایکم دەستی گرتبووم، ئاوا. بابم گوتی: کچی من نابێت بگریت، چونکە باری تەندروستی بابی زۆر باشە.
بابم زۆر باش بوو. وەک کووتوول کە هەر لەو ناچێت. ئەگەر میهری بەدفەڕ بووکە شووشەکەی لێ نەشکاندبم ئێستا جوان لەوبەر دامدەنا، لە جێی بابم. لەلای ئەوانەی دیکە کە لەوبەر لە کەن بابمن.
دایکم گوتی: لەپڕدا نەڵێیم بووکەکەم کوا، ئاگام لە خۆم بێت.
گوتم: دایە، ئەی کوا بابم؟
گوتی: لەوێنە، ئەزیزم. لە پشت ئەو ئاغایە. وردە وردە دێتە پێش. هۆشیار بە چم پێ گوتی. لە بیرت نەچێت.
بابم نەبوو، جۆرێک بوو هەر بەپێکەنیندا زانیم کە باوکمە. دوایی بابم گوتی: مریەمی من ماچێکم بۆ بنێرێت بزانم.
گوتم کە دوایی ئەدی قسەی لەگەڵ نەکردم. لەگەڵ دایکم قسەی دەکرد. ئێستا بووکە شووشەکە دەبێت بڵێت: عیسمەت نەچی ڕوو لەوانە بنێیت.
بووکە شووشەکە هەڵبەزێت و هاوار بکات و هەر بۆ کووتوول ئاماژە بکات.
(دایە) تۆش لە بابم پرسە: دەبێتە چی، ڕاسپاردەی تۆ دەبێتە چی؟

بابیشم لە وەڵامدا گوتی: چی دەبێتە چی؟ ئەدی زانراوە. خۆ ئاشی نەزرییان لێ نەناوە، ئەگەر بڕیارە شتێکیش بێت، تۆ نابێت بهێڵێت ئەم منداڵە بێزار بێت.

مەبەستی من بوو. دوایی نازانم دایکم چی گوت. دەیقیژاند. هەموویان دەیانقیژاند.

هەراوهوریایەک بوو، وەها پێکەوە هاواریان دەکرد کە.. وەکو ئەو کاتەی کە حەسەنی غەزەب لێ گیراو فوو دەکاتە شەیپوورەکەی. هەرچی دایە گەورەش داد و هاوار بکات، کەس نازانێت، کێ چی دەڵێت. بابم ئێستا بڵێت عیسمەت فرمێسکت بسڕە. نامەوێت ئەوانە گریانت ببینن. دیسان دەبێت ئاماژە بە کووتوول بکات. من کە دایکم نەدی بگریت. گوتم: دایە دەمەوێت بێمە باوەشت.

دایکم گوتی... نازانم. لە بیرم نەماوە من کە ماندوو نەبووم.

دەمویست بزانم ئەگەر دایکم دەگری، منیش بگریم. دایکم چاوەکانی سڕی، ئاوا. کووتوول ئێستا تۆ ڕوو بە ئێمە ڕاوەستە، ڕووبەڕووی من و دایکم و هەموو ئەوانەی کە لەمبەرن. دەستیشت لێک بڵاوبکەوە، ئاوا. ئەم جار بە دەنگی بەرز بڵێ: خانمەکان کات تەواوە تکایە فەرموون بچنە دەرەوە.

جا ئەوجار ڕوو وەرگێڕە و بە بابم و ئەوانەی دیکەش بڵێ. دەی زووکە بڵێ، دە شتێک بڵێ، با هەموویان بڕۆن، بابیشم هەر بڕوات. بابم کز ببوو.

بەڵام پێدەکەنی، هەروەک ئەو کاتەی لە باوەشی دەکردم، یان بە شۆخی ژێربالی ختیلکە دەدام، ئاوا. ئێستا خۆ ناتوانم پێبکەنم. مامە ناسر گوێی میهری بەدفەڕی کێشا و گوتی: پێم بڵێ کچێ تۆ چت لەو بووکانەی مریەم داوە؟

دەستی خۆش بێت. ئەگەر بووکە شووشەکەم مابایە، ئەگەر میهری نەیشکاندایە ئێستا دەگەڕاوە و دەستی بۆ تەکان دەدام. منیش دەبێ دەستی بۆ تەکان دەم، ئاوا. دواییش دەست بە گریان بکەم. بابم دەیویست بێت. نەیتوانی. ئەتۆ، کووتوول، بچۆ ئەوبەر و لە پێش بابم ڕاوەستە.

دایکم گوتی: مەگەر بابت نەیگوت مەگری؟

دەمویست نەگریم، چونکە من هەمیشە بە قسەی بابم دەکرد. ئەگەر ئەوجار بێتەوە، ئەگەر وەکو مامە ناسریش گوێم ڕابکێشێت هێشتا ناگریم. هەرگیز لێیشی نادەم.

بابم دەیگوت: لێم دە. منیش بە زللە لێم دەدا. پێدەکەنی. دەیگوت: توندتر لێم دە. لێم دەدا، یەک لەمبەر یەک لەوبەر، ئاوا. کووتوول تۆ کەوتی. بابم خۆ نەدەکەوت. هەستەوە بزانم.

سووکت لێ دەدەم، بە ئەنگووست، ئاوا لە بابم دەدەم، ئەگەر هاتەوە. ڕەنگە ئاواش ئێشی پێ بگات.

دایە گەورە هەر دەیگوت: خوایە چ بەسەر کوڕەکەم دێت، ئەگەر ئەوانەی باسی دەکەن ڕاست بن؟

گوتم: چی دەڵێن؟

دایکم گوتی: دایە گەورە، لەلای مریەم؟

دایکم خراپە، هەمیشەش نا، تەنیا ئەو کاتەی ناهێڵێت دایە گەورە باسی بابم بۆ بگێڕێتەوە خراپە، ئەو کاتەی بە دەنگی بلند دەڵێت: دایە گەورە!

هەر کاتێک دایە گەورە دەگری، دایکم دەڵێت: دایە گەورە! کەچی جارێک بۆ خۆشی لەلای من لەپڕدا دەستی کرد بە گریان. مامە ناسر کە هات... کووتوول تۆ وا بزانە مامە ناسری. وەرە ئێرە. دەبێت کاتێک دێیتە ماڵەوە هەر لەوێ ڕاوەستیت. وەرە، ئەم کاغەزەش بگرە بە دەستەوە واتە ڕۆژنامەیە. دایکم گوتی: ئەگەر پێت خۆشە بۆ خۆت بچۆ دەرگا بکەوە.

ئێستا کووتوول دەبێت هەر چاوی بە دایکم کەوت سەر داخاتە خوارێ، ئاوا.

ئەوجار تۆش لە خۆت دە. توند، بەڵام تۆ ناتوانیت. چاولێکە دەبێت هەر دوو دەستت توند لە تەپڵی سەرت بدەیت و دانیشیتە سەر عەرد، وەکو من، نا، وەکو دایکم کە چۆن لە خۆی دەدا، دانیشە و بڵێ: چم بەسەر هاتووە، خاکم بەسەر، کاکە گیان؟ کووتوول، ها دەی ئەو ڕۆژنامەیەم بدەیە. دایکم ڕۆژنامەکەی هەموو پشکنی. دەستی دەلەرزی. گوتی: کوانێ، لە کوێدایە؟

مامە ناسر خۆی کرد بە دیوەکەی دایە گەورەدا. ئێستا تۆ بیبخوێنەوە.

نازانم چی. شتانێک بڵێ، وەکو چۆن لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا قسە دەکەن.

مامە ناسر، ئەوانە ئاوا دادەنیشن و بەر دەبنە قسە. دایکم دەڵێت: لە ڕووی شتێکەوە دەیخوێننەوە، بۆیە وا زوو زوو چاو لە خوارێ دەکەن.

خۆ لە ئێمە دیار نییە، ڕەنگە وا بێ، دایکم خۆ درۆ ناکات. درۆ دەکات؟

مەگەر نەیگوت: «باوکت چووەتە ئابادان تا بۆت بکڕێت، چونکە خۆت دەزانیت لێرە پەیدا نابێت؟»

مامە ناسر گوتی: بۆ خۆم بۆی دەکڕم.

گوتم: نامەوێت.

هەڵبەت دەمەوێت. ئەگەر بابم بۆم بکڕێت. ئەگەر بێتەوە.

نایەتەوە. ئەگەر قەرار بوو بێتەوە دایکم بۆچی دەگری؟ هەر ڕۆژنامەی دەخوێندەوە و دەگریا. بێژەرەکان کاتی خوێندنەوەی ڕۆژنامە جار جار بزەیەکیان دێتێ، ئاوا. من ئێستا وەک ئەوان ناتوانم پێ بکەنم. دایکیشم ناتوانێت. مامە ناسر هاتە لام و دەستی کێشا بەسەرمدا، بە قژمدا. ئەتۆ، کووتوول... نا، نامەوێت تۆ دەست بەسەرمدا بکێشیت. مامە ناسر جۆرێک دەستی بەسەرمدا دەکێشا. هەرگیز پێم خۆش نەبوو. بۆ ئەوە نا کە مووی سەرم وەک ئەو ژنە تێکبدات. ئەو ژنەی کە... باشە دەی، مەتۆڕێ کووتوول ئێستا گریمان ئەو ئاغایەی. مێزەکەشت ئەلێرەیە، مێزێکی زۆر گەورە. لەسەر مێزەکەش هەموو شتێک هەیە. من و دایکم و دایەگەورە چووینە ژوورێ. مامە ناسر نەهات. گوتی: ئێوە بچن، منیش لێرە، لەم ساردەمەنی فرۆشییەدا چاوەڕێتان دەبم.

من گوتم: منیش لەگەڵ مامە ناسرم دەبم.

ساردەمەنیم نەدەویست، چونکە بابم گوتی هەرگیز شت لە کەس داوا نەکەم، هەرگیز دایکم گوتی: دەبێت تۆ لەگەڵمان بێیت.. تێگەیشتیت؟ لەبیرت بێت بەو ئاغایە بڵێیت «من باوکم دەوێت». مامە ناسرم گوتی: ئەرێ مامە گیان. وەختێ گەڕایەوە بۆ خۆم دوو دانە بەستەنیت بۆ دەکڕم.

من گوتم: هەر ئێستا دەمەوێت.

دایکم گوتی: مریەم!

تۆش بە دەنگی بڵند بڵێ: «مریەم!» دەستم بگرە و لەگەڵ خۆت بمکێشە. دوایی لە دەرگا بدە، دەرگایەکی گەورە، ئەوجار یەکسەر... وەرە، کووتوول، لە کەلێنی دەستی منەوە چاو لە دایکم بکە، چاو لە منیش بکە.

ئێستا تۆ دەبێت وەک دایکم باسی شتگەلێک بکەیت کە من تێبگەم، واتە من و تۆ و دایەگەورە هاتووین باوکم ببینین. دە بڵێ زووکە. کە دەرگا کرایەوە چووینە ژوورێ. هەر ئەو ئاغایە گوتی... نازانم. درێژ بوو. بڵندتر لە دایکم. قەڵەویش بوو. دایەگەورە لەبەر خۆیەوە گوتی: هەک دایکت بمرێ ڕۆڵەگیان.

ئێستا تۆ، کووتوول وا بزانە ئەو ئاغایەی. درێژ و گیپە کە سمێڵیشت هەیە. پێبکەنە و بڵێ: فەرموون لەو وەتاغە چاوەڕێ بن. دواییش خانمێک هات. جوان بوو. دەتگوت بووکە شووشەکەمە. نا، باوکمە.

چونکە باوکم لێرە نییە، باوکمە. ئەم خانمە بۆ خۆی هەیە. هەروەک ئەو ژنانە دەچوو کە لە تەلەڤزیۆندا قسە دەکەن، نا، لە لاپەڕەی ڕۆژنامەدا شت دەخوێننەوە و زوو زوو بزەیان دێتێ. دایکم گریا. ئەو ڕۆژەی کە... ئەدی ئەو ڕۆژە دەڵێم. خۆ بۆم گێڕایەوە. خانمەکە هات و گوتی: خانمەکان دەبێت ببوورن. دواییش هەندێک قسەی کرد. سەرەتا دەستی بە ناو سینگی دایە گەورەدا کرد. دایە گەورە گوتی: ئاخر خانم من خۆ..

دایکم گوتی: دایە گەورە.

دایکم بە ئارامی پێی گوت، بەڵام دەموچاوی وەک ئەو کاتە وا بوو کە بە دەنگی بڵند پێی دەڵێت. وەک ئەو کاتەی لەگەڵ من دەیکاتە شەڕ.

ئەدی ئێستا شەڕ ناکات. خۆزگە شەڕی لەگەڵم کردبایە. ئەگەر دەستم ڕاگرێت و دوو جاریش لە پشت دەستم بدات، هیچ ناگریم. جارێک کتێبێکی بابم بە دزییەوە هەڵگرتبوو هیچی پێ نەگوتم. بەڵام لێی وەرگرتم و لە سەر جێی خۆی دانایەوە. تۆ بڵێ: مریەمی دایە نابێت دەست لە شتی بابی بدات.

دەمویست پێی بڵێم: ئەدی خۆ بابم نایەتەوە. نەمگوت. گوتم ئەگەر وا نەڵێم ئەوە دێتەوە. ئەگەر دەست لە کتێبەکانی بدەم، یان کتێبێکی لێ بدڕێنم زوو دەزانێت، پەیدا دەبێتەوە. جاران هەردوو گوێمی دەگرت زۆری ڕانەدەکێشا. بە ئاستەم. دەیگوت: بابی خۆی ئاکام ڕۆژێک دوو گوێی کچی خۆی دەبڕێت و دەینێتە نێو دەستییەوە. ئەگەر بەدفەڕیم دەکرد، یان بەهانەم دەگرت لەگەڵی بچمە دەرێ دەیگوت: ئەدی ئێستا کاتی خۆیەتی بابە بێت و دوو گوێت بگرێت و چاو لە چاوی مریەمی بکات. ڕۆژێک هەرچی ویستی بە توورەیی تەماشام بکات نەیتوانی خۆی ڕابگرێت. مامە ناسرم دەتوانێت. ئێستا کە ناتوانێت. جارێک مامە ناسر گوێی میهری گرت و کێشای. بابم نەیتوانی.

دوایی پێکەوە هەردووکمان کەوتینە پێکەنین. لە قاقای پێکەنینمان دا، چونکە منیش هەردوو گوێی بابم ڕاکێشا. گوێیەکانی بابم چکۆلە بوون.

هەروەخت دادەنیشت جوان دەمتوانی گوێی بگرم و تەماشای ناو چاوی بکەم.

ئەو خانمە هات لە پێش من دانیشت، ئاوا، گوتی: خانمە چکۆل ڕێ دەدەیت؟

دایە گەورە گوتی: ئاخر بۆچی ئەو؟

دایکم دووبارە گوتی: دایە گەورە مەگەر گوێت لێ نەبوو خانم چییان گوت؟

ئەوجار ئەو خانمە دەستی بە ناو قژدا کردم. دایکم قژی هۆنیبوومەوە لە پێشەوەی سەرم کۆی کردبووەوە. ئەوەندە جوان ببووم هەر مەپرسە. هەر بۆیەش ئەو خانمە ماچی کردم. دوایی دەستی کرد بە... تەماشا بکە وا بزانە من ئەو خانمەم. دەی ئەگەر دەست بۆ ژێر دامەنت بەرم بێزار نابیت؟ ئەو کارەی لەگەڵ دایکیشم کرد. لەگەڵ دایە گەورەشم.

دایە گەورە گوتی: خوایە لێمانی دوور کەی.

دایکم نەیگوت: «دایە گەورە» دەبوو بڵێت. ئەم خانمە گوتی: خانمە چکۆلانە تۆ زۆر جوانیت، دەچیتە قوتابخانەش؟

دایکم گوتی: نا، ساڵێکی دی وەختێتی.

بەو چی؟ کتێبەکانم دەخەمە نێو کیفەکەمەوە. پارچەیەکی سوور وەک میهری مامە ناسر دەکەم بە گوڵ و لە سەرمی دەدەم، بەڵام دایکم نایەڵێت.

من دەتوانم تا پەنجا بژمێرم، بابم فێری کردووم. یەک، دوو، سێ، چوار،... نا، ئێستا ناتوانم. بابم دەیگوت: کچی من دەبێتە وێنەکێش. کچی من لەوێ دادەنیشێت، لە پشت مێزەکەی خۆی و وێنە دەکێشێت تا بابی خۆی فریای کارەکانی بکەوێت.

ئەوکات لە پشت مێزەکەی دادەنیشت و کتێبی دەخوێندەوە. هەرچی دەمگوت: «بابە!» گوێی لێ نەدەبوو. دوایی کە دەمقیژاند: «بابە، بابە!» چاویلکەکەی لە چاو دەکردەوە و دەیگوت: «چییە، ئەزیزم؟»

دەمگوت: تەماشا بکە بابە چیم کێشاوە

دەیگوت: بێنە با بابە بیبینێت.

دایە گەورە دەیگوت: ئەگەر بێتو بزانم وێنەی من بکێشیت، باوکت دەسووتێنم.

پێی وابوو دەتوانێت. بابم پێدەکەنی. تەماشای دەکرد و پێدەکەنی.

نیشانی مامە ناسری دەدا. کارێکی نییە. ئاوا تەماشای بکە، ئەوە زگی دایە گەورە، دواییش ئەوە سەری، ئەوەش چاوەکانی. دەبێت دەمی زۆر زل بێت، واتە شەڕی بە دەستەوەیە لەگەڵ من.

بابم دەیگوت: ئەی لووتی کوا؟

دەمگوت: دەمی ئەوەندە زلە، لووتی دیار نییە.

هەروەک ئەو وێنەیەی کە کێشاومە. جا ئێستا کووتوول، گریمان تۆ لە پشت مێزەکەت دانیشتوویت، ئەوەش دایکم. ڕاوەستە تا دەستی دایە گەورە بکێشم. دەستی من لە نێو دەستی دایەگەورەدا بوو. ئێستا تۆ، کووتوول، لە پشت مێزەکەت هەستە، وەرە پێشێ، پێ بکەنە، سڵاو لە دایەگەورە و دایکم بکە. دواییش وەرەوە، ڕوومەتم بگرە، ئاوا. ئێشم پێ نەگەیەنی. ئێستاش هەر خۆشیم لەو کارە نایەت. کووتوول، پێم بڵێ، بە من بڵێ: ناوت چییە؟

دایە گەورەش بەو دەمە زلەیەوە بڵێ: مریەمە بە قوربان، دەستت ماچ دەکات. دوایی پیاوێک چای هێنا. بۆ منی نەهێنابوو. من کە نامەوێت ئێستا دایەگەورە باسی شتگەلێ دەکات کە من تێی نەگەم. قسە بکە، هەرچی لە بارەی بابمەوە بڵێ. بڵێ: ئاخر ئاغا، ئەوانە هەرچی بن لاون. شتێکیان خوێندووە... مەنزووری بابم بوو. دەموچاوی دایکم جۆرێکی لێ هاتبوو.

تۆ کووتوول بیبینیت. نابێت ڕوو بە دایە گەورە ڕاوەستە، دەبێت چاییشت بە دەستەوە بێت. بڵێ: بەخوا ئەوە بە دەستی خۆیانە، هەرکات هاتن و... نازانم. هەروەکو ڕۆژنامەکان قسەی دەکرد. پێم وایە دەیوست بابیشم بچێت ئاوا دانیشێت و لە بنەوە تەماشای ڕۆژنامەکە بکات و بەم جۆرە قسە بکات.

ئێستا تۆ قسە بکە. وەکو دایکم قسە بکە. باسی بابم بکە. باسی شتگەلێک بکە دایە گەورەش نەزانێت. ئێستا کووتوول بڵێ: زۆر چاکە. سبەینێ بڕۆن. پێتان خۆش بوو دەتوانن ئەو منداڵەش بەرن. بەڵکو ڕازی بێت. دایە گەورە بە ئێرەی دەستی لێیدام. دەمزانی بۆچی وا دەکات. سەرم داخست. دایە گەورە لێی دام، توندیشی لێ دام. تەماشام کرد دەموچاوی جۆرێ لێ کرد. تەنیا

لووتی دیاربوو. ئێستا من دەبێ بە کووتوول بڵێم: ئاغا، من بابم دەوێت.

دەبێت کووتوول بڵێت: دەچیت دەیبینیت، ئازیزم. بەڵام لە بیرت بێت بڵێ:

«بابە، کەی دێیەوە ماڵێ؟».

دایکم گوتی: ئەگەر ڕازی نەبێت بێتەوە ماڵێ چی؟

نابێت کووتوول تۆ بزانیت دایکم مەبەستی باوکمە. ئێستا بڵێ: دەی، ڕازی بکەن چەند جار بیڵێن تا فێر ببێت.

ئەدی دایکم هیچی نەگوت. دایە گەورە گوتی: مەبەست کوڕەکەمە.

کووتوول بڵێ.. نا، سەرەتا دەستی بنێتە پشتی و بچێ بۆ لای مێزەکەی، دوایی بڵێ: ئەدی من نازانم. جا، وای دانێ ئێمە دەمانەوێت بڕۆین، واتە من و دایکم و دایەگەورە. وەرەوە و بە هێواشی بڵێ: کچە جوانەکە هەر پێت نەگوتم ناوت چییە. دواییش پێی بڵێ: سبەینێ بچۆ بابت ببینە.

بەڵام بابم پەیدا نەبوو، نەهاتەوە. ئێستا دەبێت من بڵێم: دایە، بابم بۆ نایەتەوە؟

دایکم گوتی: نازانم. بابت خۆشی بە دایکتدا نایە.

- بۆ دایە؟

- تۆ بڵێ: بابم زۆر چاکە، دایە.

- نا، زۆر خراپە کە دایکمی خۆش ناوێت.

بە دایکم گوت مەگەر وا نییە؟ دایکم قسەی نەکرد. تەنیا چاوەکانی سڕی. دایەگەورە نەهات. نەیدەتوانی بێت. بەردەوام لە ناو جێگە کەوتبوو و هاواری دەکرد.

دایە گەورە لاقی دێشێت. مامە ناسرم هەمیشە دێتە لای دادەنیشێت و قسەی لەگەڵ دەکات. لەبەر شلوغی ناوێرێت میهری لەگەڵ خۆی بێنێت. هەر من دەچمە لای دایە گەورە، بێ دەنگ دەبن. ئێستا کووتوول دەبێت بڵێت... نا، مەیڵێ بۆ خۆم لە جیاتی مامە ناسرم دەڵێم: دایە سبەینێ دەچین بۆ لای بابم. دایە گەورەش بڵێ: خۆزگە چاوم پێی دەکەوت. دەترسم بمرم و کوڕەکەم نەبینم.

دایکم گوتی: دایە گەورە ئەو قسانە مەڵێ، خودا نەکات.

دایە گەورە گوتی: دەزانم نایبینمەوە.

دایکم هەر چاوی بە من کەوت ئەدی نەگریا. بۆ دایە گەورە خۆ نەدەگریا. دەزانم بۆ بابم دەگری. مامە ناسرم گوتی: ڕێ بە هیچ کەس نادەن، بەڵام هەر جۆرێ بووە دەتوانین بیبینین. من و براژن دەچین.

دایکم گوتی: کاک ناسر!

بە ئارامی پێی گوت. مامە ناسر گوتی: ئەی شەیتان، ئەوە تۆ لێرە بوویت؟

گوتم: منیش دێم.

ئێستا دایکم بڵێ: مریەم؟

ئەگەر ئەوەی نەگوتبا، دەیانبردم. نەیانبردم. مامە ناسر گوتی: ئەگەر کچی چاک بیت بووکێکی گەورەت بۆ دەکرم.

بابم نەیدەگوت: «ئەگەر کچی چاک بیت.» دەیگوت: دەتەوێت بووکەکەت چۆن بێت؟

گوتم: هەروەک ئەو بچێت، هەر ئەوم دەوێت.

بابم گوتی: ئەگەر گاوی کەنەوە ناحەز دەبێت.

دایە گەورەش بڵێ: چاوتان پێی کەوت؟

مامە ناسر گوتی: تەنیا چرکەیەک دیتمان، حاڵی باش بوو.

گوتم: مامە سەری مووی پێوە مابوو؟

گوتی: ئەرێ مامە گیان. پێشی گوتم: «دەبێت مامە ناسر هەردوو گوێی مریەم ببڕێت و بینێتە نێو دەستی.»

گوتم: وا ناڵێت. بابم ئێستا وا ناڵێ.

بابم هەروەخت وای دەگوت، هەردوو گوێم دەگرت و هەڵدەهاتم. بابم پێدەکەنی و دەکەوتە شوێنم. ئێستا دایە گەورە بڵێ: ئەدی بۆچی نەیانهێشت بچنە ژوورێ.

مامە ناسر گوتی: بەنۆرە بوو، ڕێیان نەدەدا هیچ کەسێک بچێتە ژوورەوە.

گوتم: بەنۆرە یانی چی؟ مامە ناسر پێی نەگوتم. دەی با نەیڵێت. دەزانم بیست دانە. نا، پەنجا دانە وەک کووتوول لەوێ کۆ وەبوون. تۆ لەوێ ڕاوەستە کووتوول، یەک نەفەریش لێرە. زۆر کەسی دیش بەو شێوەیە ڕاوەستێن. ئەگەر بووکە شووشەکەم مابایە دەبوو لە نێوەڕاست ڕاوەستێ، بەڵام میهری لە ڕقاندا بەعاردی دادا. دەزانم لە ڕقاندا وای کرد.

مامە ناسرم گوتی: بێ گومان سبەینێ لە ڕۆژنامەکاندا دەینووسن.

دایکم گوتی: پێم وا نییە بینووسن.

دایە گەورە گوتی: ئەگەر لاقم بوایە، ئەگەر بمتوانیبایە.

ئەدی دایە گەورە ناتوانێت لەسەر لاقی ڕاوەستێت. خۆزگە بیتوانیایە.

مامە ناسر و دایکم ژێر باڵی دەگرن و یارمەتی دەدەن. وەک بووکە شووشەکەم کە دوو لاقی لێ ببووەوە. سەریشی شکابوو، ببووە سێ لەتەوە. بابم گوتی: بیبە فڕێی دە نێو زبڵدانەکە.

گوتم: بابە مەگەر نەمردووە؟

گوتی: بووک نامرێت، بابە گیان، دەشکێت.

گوتم: نا، دەمرێت. بووکیش وەکو بابە گەورە دەمرێت.

بۆ خۆم ناشتم. لە نێو باغچە قۆرتێکم بۆ هەڵکەند، بە دەسماڵە سپییەکەی خۆم پێچامەوە، خستمە ژێر خاک و ئاوم بەسەریدا کرد. دواییش چەند گوڵم لێ کردەوە و لەسەر گۆڕەکەی بڵاوم کردەوە. ئەگەر بابەگەورە مابایە هەرگیز نەیدەهێشت گوڵ لێ کەمەوە. پیاوێک لای گۆڕی بابە گەورە دانیشت. لە ناو کتێبەوە شتێکی دەگوت کە من نەمدەزانی. زوو زوو دەیخوێندەوە و سەری بۆ دەلەقاند. ئێمە گوڵی سوورمان نییە. هەتا بابە گەورە مابوو، هەمیشە گوڵی سوورمان هەبوو. دایە گەورە دەیگوت: ئەو کات و سەردەمە خوشکەکەی چوو ئێسکەکانی دیتەوە و بە گوڵاو شۆردی و پاشان لەبن داری گوڵی سوور ناشتی، دواییش بابە گەورە بوو بە بلبل و هەڵفڕی. ئەم بلبلەش زۆر هەڵفڕی و دواییش نیشتەوە... ئێستا تاقەتم نییە بۆتی بگێڕمەوە. دایە گەورەش تاقەتی نییە. مامە ناسر گوتی: دایە گیان مەگری. بێ گومان چەند ساڵ دەمێنێتەوە، دوایی دێتەوە.

دایکم گوتی: چەند ساڵ؟

تۆ بڵێ: «چەند ساڵ؟» دواییش هەڵێ، بچۆ بۆ ئەو وەتاغە. منیش دەمویست بگریم. بەڵام نەگریام. چون بابم گوتی: «مەگری» بابم گوتی: «مریەمی من هەرکات بابی ویست نابێت لەوانە داوا بکات.» هەر ئەو ڕۆژەی وای گوت زانیم بابم لەگەڵ جاران زۆر گۆڕاوە، بابم وەک بووکە شووشە وا بوو، وەک ئەو دەمەی میهری شەیتان لێی شکاندم. دەموچاوی جۆرێک بوو.

دایکم لەسەر جێ کەوتبوو. مامە ناسر شتێکی گوت کە دایکم گوتی.

تۆ بیڵێ، نا، مەیڵێ. دایکم قسەیەکی ناحەزی کرد. دایکم زۆر خراپە، هەڵبەت هەندێک جار خراپە. ئەو دەمەی لە داخی مامە ناسر قسە دەکات، ئەو دەمەی باسی بابم دەکات. بابم زۆر گەورە بوو. منی هەڵدێنا دەیخستە سەر قەڵاندۆشی. گوتی: مریەمی من بێتە سەر دەستی بابی ڕاوەستێت، ئاوا.

دەیگوت: چاوەکانی بقووچێنێت. منیش هەردوو چاوم دەقووچاند و ئەو جار دەچوومە سەرێ، سەر سەرێ. دەیگوت: جا ئێستا چاوی هەڵێنێت.

من لەو سەرە بووم، گەیبوومە نزیک گڵۆپەکە.

دایکم گوتی. گوتم کە. مامە ناسر چاوی بە من کەوت.

ئەگەر نەیدیبایەم دەیگوت: تۆ لێرە چیت دەوێت کچێ؟

دوایی ئەدی پێکەوە قسەیان نەکرد. قسەشیان کردبایە، لەلای من هەر باسی باوکیان دەکردم، بێ گومان بابم دەهاتەوە. کووتوول نەیهێشتووە.

بەو دەستانەت لێت دا، لەگەڵ تۆمە کووتوول؟ بابم وەک بووکە شووشەکەی خۆمی لێ هاتووە. شکاوە. تۆ خراپیت. منیش لاقت لێ دەکەمەوە.

دەستت هەڵدەکەنم. سەریشت لێ دەکەمەوە. ناشتنێژم وەک بووکە شووشەکەم، کە لە بن داری گوڵی سوور ناشتم. دەتخەمە نێو زبڵدانەوە. تەنانەت بۆشت ناگریم. بەڵام خۆ من ناتوانم کە نەگریم.

**سەرچاوە:**

**نمازخانەی کوچک من- چاپ اول ١٣٥٤ نشر کتاب تهران.**

# تەکنیکەکانی میتاڕۆمان لە دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)دا

**د. فوئاد ڕەشید**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)**

**پێشەکی**

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی لەڕووی فۆرم و بنیادی بابەتییەوە چەندین گۆڕانکاری و نوێکاری بەخۆیەوە بینیوە. یەکێک لەم گۆڕانکارییانە ئەوەبوو کە ڕۆمان وەک دەقێکی ئەدەبی، قسە لە ژانری ڕۆمان بکات و ڕۆماننووس گەمە هونەرییەکانی دەقەکەی بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە. پرۆسەی ئەم گۆڕانکارییەش لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بە زاراوەی میتاڕۆمان.(metafiction) ناونراوە.

دەقی ڕۆمانی کوردی- کەم و زۆر- کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاری و نوێکارییانەی کە لە جیهاندا لە دنیای ژانری ڕۆماندا ڕوویان داوە. هەندێ لە ڕۆماننووسانی کورد وەک (عەبدوڵڵا سەراج، بەختیار عەلی، فەرهاد پیربال) بەشێوازی جیاواز سوودیان لە تەکنیکەکانی میتاڕۆمان بینیوە، بەڵام (عەبدوڵڵا سەراج) پتر لە کەسانی دی مامەڵەی لەگەڵ (میتاڕۆمان)دا کردووە و لەنێو دەقەکانی سەراجیشدا دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ) لەڕووی زەمینە و چەندایەتییەوە، نزیکترین دەقە لە میتاڕۆمانەوە. هەر ئەمەش هاندەر و زەمینە سازکەری ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوو. زێدەباری نەبوونی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دراوە تەکنیکەکانی میتاڕۆمان لە دەقی ناوبراوی سەراجدا بخرێنە ڕوو، لەم پێناوە و لەبەر پێداویستی بابەتیانەی باسەکە، لێکۆڵینەوەکەمان بەسەر سێ تەوەرەدا دابەش کردووە:

١- میتاڕۆمان: چەمک و تەکنیک.

٢- ئەدگارە هونەرییەکانی میتاڕۆمان لەدەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)دا.

٣- دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ) لە بەرانبەر ڕەخنەکانی میتاڕۆماندا.

ئەوەی جێگای سەرنج و توێژینەوەیە (سەراج) لەگەڵ پراکتیک کردنی چەند بنەمایەکی میتاڕۆماندا، توانیوێتی دەقەکەی لە کارێکی فۆرمالیستییانەی ڕووت دووربخاتەوە، ئەمەش بەوەی لەپاڵ گەمەی ئیستێتیکیدا، چەندین کێشەی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و شارستانی لە شوێنی شیاوی خۆیاندا وروژاندووە. بێ گومان ئەم کارەی سەراج زێدەباری ئەوەی شیان و ڤیانی ڕۆماننووس بۆ کارەکەی دەردەخات، هەنگاوێکیشە بۆ نوێکردنەوەی دەقی ڕۆمانی کوردی.

### تەوەری یەکەم: میتاڕۆمان (چەمک و تەکنیک)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان، وەکو ژانرێکی ئەدەبی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی یەکجارەکی لەنێو چوارچێوەیەکی ئیستێتیکی دیاریکراودا جێگیر نەبووە، لەم بارەیەوە میخائیل باختین، (١٨٩٥-١٩٧٥) ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆمان «ژانرێکە بەردەوام لە گەشەکردن و پەرەسەندندایە، بەو مانایەی نەگۆڕی و داخراوی ڕەت دەکاتەوە» (١).

(باختین) لەناو ئەم گەشەکردن و گۆڕانکارییانەدا ئاماژە بە چوارچێوەی هونەریی ڕۆمان دەکات و پێی وایە ڕۆمان «بەردەوام لە پێداچوونەوەی فۆرمەکانی دیکەی پێشتری خۆیدایە» (٢)

(ڕۆجەر ئالان) بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە بەردەوامە بەوە لێک دەداتەوە کە ڕۆمان «لە بنچینەدا پرۆسەی گۆڕان بەرجەستە دەکات» (٣) هەربۆیە ڕۆمان «خۆشی وەبەر شالاوی گۆڕانکارییەکان دەکەوێت» (٤) و بەردەوام بە فۆرم و نێوەرۆکی تازەوە دێتە ئاراوە.

لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکاری و نوێکارییەی دنیای ڕۆماندا، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، چەندین شێواز و تەکنیکی نوێی ڕۆماننووسین سەری هەڵداوە. یەکێک لەم شێوازە نوێیانە بریتی بوو لە شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی «لێکۆڵینەوەی هونەری ڕۆمان خۆی لەنێو ڕۆماندا» (٥). لەم میانەشدا ڕۆماننووس، پتر کاری لەسەر بەشداری کردن و دواندنی خوێنەر و شیکردنەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەقی ڕۆمان دەکرد. ئەم کردەیە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بە زاراوەی جیاجیا ناونراوە وەک (میتاڕۆمان) و (meta fiction) خودی ئەم زاراوەیەش بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٠دا (ولیەم ج. گراس) لەمیانی کتێبێکیدا بەکاری هێناوە بەناوونیشانی (ئەدەبی چیرۆکنووسی و شێوەکانی ژیان) بووە(٦). بە بۆچوونی پاتریشیا ووٚچ (Patricia Waugh)، میتاڕۆمان بەشێوەیەکی بەرچاو لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بلاو بووەوە(٧).

### ١-١: چەمکی میتاڕۆمان (meta fiction):

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە داڕشتنی خودی زاراوەی (meta fiction) لە زاراوەی (میتازمان-meta language)ەوە سەرچاوەی گرتووە. زانای زمانناسی (ل.یلمسیلیف) زاراوەی (میتازمان)ی بەوە پێناسە کردووە کە «زمانێکە لە جیاتی ئەوەی ئاماژە و نیشانە بێت بۆ ڕووداو و هەڵوێست و کەرەستەی غەیرە زمانەوانی لەجیهاندا، ئاماژە و نیشانەیە بۆ زمانێکی دی. زمانێکە، زمانێکی تر دەکاتە بابەتی خۆی..» (٨) لەم سۆنگەیەوە (meta fiction) وەک پرۆسەیەکی ئیستێتیکی، ڕۆمانێکە لە هونەری ڕۆمان دەدوێت، گێڕانەوەیەکە شێواز و ڕەگەزەکانی خۆی (گێڕانەوە) دەخاتەڕوو(٩). هەر لەم ڕوانگەیەوەیە کە ڕەخنەگر و باسکارێکی ئەکادیمی وەک (د. محەمەد عەنانی) زاراوەی (metanarrtive) بەمانای (ڕۆمان لەنێو ڕۆماندا) پێناسە دەکات(١٠).



عەبدوڵلا سەڕاج

میتاڕۆمان، وەک زۆربەی چەمک و زاراوە ئەدەبییەکان بە دەربڕینی جیاواز و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە پێناسە کراوە، بۆیە بۆ باشتر ناسینی چەمکەکە، چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو:

بەلای (جێرمی هۆسرن)ەوە زاراوەی (meta fic-tion) ئەو جۆرە ڕۆمانە دەگرێتەوە کە دەربارەی هونەری ڕۆمان خۆبەتی، لێرەشدا ڕۆماننووس،، تەکنیک و گەمە

هونەرییەکانی دەقەکە شرۆڤە دەکات و لەم میانەشدا دەکەوێتە قسەکردن و جۆرێک لە گاڵتەکردنیش لەگەڵ خوێنەردا(١١).

(محەممەد عەنانی) لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکاندا لەبەرانبەر زاراوەی (meta fiction) نووسیویەتی:

«قصة عن قصة، میتاقصة.

(انظر meta language):(١٢)

واتا: چیرۆک دەربارەی چیرۆک، میتاچیرۆک

(بڕوانە: meta language)

بەم شێوەیەش پێناسەی (meta language)ی کردووە:

«لغة تصف اللغة، لغة وراء اللغة، میتالغة»(١٣).

واتا: زمانێک باسی زمان دەکات، زمانێک لەودیو زمانەوە، میتازمان.

لەم ڕوانگەیەوە (د. محەمەد عەنانی) هاتۆتە سەر پێناسەی (meta fiction) و دەڵێت «میتاچیرۆک واتا ئەو چیرۆکەی کە لەناواخنیدا، یان قسە لەسەر چیرۆکی دی دەکات، یان قسە لەسەر خودی خۆی و شێوازەکانی گێڕانەوەی خۆی دەکات»(١٤).

هەندێ لە ڕەخنەگران ئەم گۆڕانکارییەی ڕۆمان بەکردەی گێڕانەوەوە گرێ دەدەن و هەر بەم زاراوەیەشەوە ناوی دەنێن. لەم ڕوانگەیەوە لەجیاتی زاراوەی (meta fiction) زاراوەی (metanarrtive) بەکاردەهێنن، بۆ نموونە (جیرالد برنس) لە پێناسەی زاراوەی (metanarrtive= میتاگێڕانەوە)دا دەڵێت: گێڕانەوەیەکە، کە خودی گێڕانەوە دەبێتە بەشێک لە بابەتەکەی. بەشێوەیەکی وردتر، گێڕانەوەیەکە ئاماژە بەرەگەزە پێکهێنەرەکانی خۆی دەکات و لە خۆی دەکۆڵێتەوە. ئەم جۆرە گێڕانەوەیەش کە ڕەنگدانەوەی خودی خۆیەتی، دەبێتە گێڕانەوەی گێڕانەوە..»(١٥).

هەر لەچوارچێوەی بەکارهێنانی، زاراوەی جیاواز، بەهەمان ماناو مەبەستی میتاڕۆمان، هەندێ لە نووسەر و ڕەخنەگران، زاراوەکانی(surfiction= لەسەرووی ڕۆمان) و (ڕۆمانی post modernism) بەکاردەهێنن.

(ڕیمۆن فریدمان) زاراوەی (surfiction) بۆ ئەو جۆرە ڕۆمان و چیرۆکانە بەکاردەهێنێت کە قسە لەسەر چۆنیەتی نووسینی چیرۆک دەکەن(١٦)، بەڵام (د. محەمەد عەنانی) زاراوەی (surfiction) گرێ دەداتە زاراوەکانی (modernism) و (post modern-ism)ەوە، پێی وایە (surfiction) جۆرێکی تایبەتییە لە (ڕۆمانی پۆست مۆدێرنیزم) کە گرنگی دەداتە خودی گێڕانەوە لەنێو ڕۆماندا، بەو مانایەی کە نووسەر هێندە لە خەمی ڕواڵەتە هونەرییەکانی دەقنووسیندایە، ئەوەندە گرنگی ناداتە واقیعی دەرەوەی دەق(١٧).

جیاوازی زاراوەکان تا ڕادەیەک، لە جیاوازی شێواز و تەکنیکە هەمەجۆرەکانی دەقەکانی میتاڕۆمان سەرچاوەی گرتووە، چونکە میتاڕۆمان هەروەکو ڕەخنەگر و ڕۆماننووس (دێڤید لۆرج) ئاماژەی پێ داوە پتر لە شێوازێکی هەیە(١٨)، هەر لێرەشەوە پتر لە زاراوەیەک سەری هەڵداوە. بە بۆچوونی (پاتریشیاوچ) زاراوەی (meta fiction) زاراوەیەکی کراوە و بەرفراوانە، ژمارەیەکی زۆر لە دەقە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە(١٩).

لێرەوە ناوبراو پێی وایە کە جۆرەکانی تری ڕۆمان وەک (antinovel= دژە ڕۆمان) و (ڕۆمانی ناڕیالیزمی) جۆرێکن لە (میتاڕۆمان)؛ چونکە ئەمانە ئەگەر لە هەندێ وردەکاریدا جیاواز بن، بەڵام هەموویان لەوەدا هاوبەشن کە «خەیاڵێکی چیرۆکییانەی لەخۆ گرتووە، کە هۆشمەندییەکی خودیی دەبەخشێتە بنیادە تایبەتییەکەی کە چەمکی زمانە»(٢٠). کەواتە بە چاوپۆشینمان لە جیاوازی زاراوەکان، دەکرێ بڵێین لە خوێندنەوەی ناوەرۆکی پێناسەی زاراوەکاندا، دەردەکەوێت کە زاراوەی میتاڕۆمان و زاراوە هاوماناکانی دی، ئاماژەن بۆ ئەو گۆڕانکاری و نوێکارییەی کە لە تەکنیکی نووسین و داڕشتنی دەقی ڕۆماندا کراوە، لە بواری بەشداریکردنی خوێنەر و ئامادەکردنی ڕۆمانێک لەنێو دەقی ڕۆمانێکدا و پەردە هەڵماڵین لەڕووی گەمە هونەرییەکانی گێڕانەوە لەنێو خودی ڕۆمانەکەدا. هەڵبەتە میتاڕۆمان لەنێو ئەو گۆڕانکارییانەدا، زیاتر بە چەند تەکنیکێکی تایبەتی ناسراوە کە لە بەشی دووەمی ئەم تەوەرەیەدا بەکورتی باسیان لێوە دەکەین:

### ١-٢: میتاڕۆمان: تەکنیک

گەمە ئیستێتیکییەکانی دەقەکانی میتاڕۆمان، ئەگەرچی جیاواز و فرەجۆرن، بەڵام دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی، لەم چوار جەمسەرەوە دیاریبیان بکەین:

**یەکەم: پێوەندی کردن بەخوێنەرەوە:**

لەدەقی میتاڕۆماندا، هەندێ جار نووسەر بە مەبەستی بەشداری پێ کردنی خوێنەر لە پرۆسەی نووسین و داهێناندا، بەشێوازی جیاواز پێوەندی بە خوێنەرەوە دەکات و دەکەوێتە دواندنی. ئەم پێوەندی کردنەش، زیاتر لەم حاڵەتانەدا بەرجەستە کراوە:

نووسەر فێڵە هونەرییەکانی دەقەکەی خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات و تەنانەت هەندێ جار پرسێکی گوماناویشی پێدەکات، دەربارەی هەڵبژاردنی تەکنیکێک لە تەکنیکێکی دیدا. بۆ نموونە (کلۆد مۆریاک) لە ڕۆمانی (گەورە کردنەوە)دا دەربارەی هەڵبژاردنی تەکنیکی خۆدواندن بۆ دەقەکەی بە دوودڵییەوە، پرسیار ئاراستەی خوێنەر دەکات(٢١).

لەم بارەیەوە هەندێ لە ڕەخنەگران ئاماژە بەوە دەکەن کە دەقی هاوچەرخ بە پێچەوانەی ڕۆمانی کلاسیکییەوەن نەک هەر هەوڵی شاردنەوەی تاکتیکە هونەرییەکانی خۆی نادات، بەڵکو (چۆنیەتی پێکهاتەی ئیستێتیکییانەی خۆی دەخاتە بەرچاوی خوێنەر و بەلای (ڕیکاردۆ)وە، ئەم کردەیەش ئاراستەیەکە زیاتر توانایی و چالاکی ڕەگەز و ئەدگارە فۆرمییەکان بەرجەستە دەکات)(٢٢).




حاڵەتێکی دی پێوەندی کردن بە خوێنەرەوە، بەمەبەستی گومان خستنە دڵی و سەراسیمە کردنێتی. گومان کردنی لەڕووداوەکانی نێو دەقەکە، یان لە هەبوون و نەبوونی تەکنیکێکی گێڕانەوە(٢٣).

داوا کردن لەخوێنەر: دەشێ ئەم داواکردنە بە چەند شێوەیەک بێت، هەندێ جار ڕۆماننووس داوا لە خوێنەر دەکات کە چەند لاپەڕە و بڕگەیەکی دیاریکراو بۆ جاری دووەم و سێیەم بخوێنێتەوە. هەندێ جار ڕۆماننووس بەچەند ئەنجامێک کۆتایی بە ڕۆمانەکەی هێناوە و داوا لە خوێنەر دەکات کە کۆتاییەکیان هەڵبژێرێت. بۆ نموونە ڕۆماننووسی ئینگلیزی «جۆن فاولز» ڕۆمانی (ژنی ئەفسەرە فەڕەنسییەکە- ١٩٦٩)ی «بە چەند شێوەیەکی جیاواز کۆتایی پێ دێنێت و داوا لە خوێنەر دەکات کە هەرکامیان پەسند دەکات هەڵی بژێرێ»(٢٤)، یان هەندێ جار گێڕەرەوە داوا لە خوێنەر دەکات بێتە نێو ڕەوتی ڕووداوەکانەوە و یارمەتی یەکێک لە کەسایەتییەکان بدات(٢٥).

**تەوەری دووەم: تۆپۆگرافیای دەق:**

مەبەست لەم تەکنیکە ئیشکردنی نووسەرە لەسەر ڕووبەری لاپەڕەکان، بەمانای چۆنیەتی و چەندایەتی دابەشکردنی ڕستە و پەرەگرافەکان بەسەر ڕووبەری کاغەز و لاپەڕەکاندا. بۆ نموونە ڕۆماننووسی ئینگلیزی (ب.س.جۆنسۆن) لە ڕۆمانی (ئەلبێرت ئەنجیلۆ- ١٩٦٤) «هزر و دیالۆگی لەمیانی دوو ستوونی دوو لاییدا لەهەمان لاپەڕەدا داناوە و چەند کونێکی لەڕووبەری لاپەڕەکاندا کردووە، بەشێوەیەک کە خوێنەر بڕگەی داهاتوو دەبینێت»(٢٦)، یان ڕۆماننووس (فلان ئۆبرین) لە ڕۆمانی (خەڵکانێکی موسافیر)دا «کاتێ یەکێ لە کەسایەتییەکان تووشی دڵەکوتێ دەبێت، ڕۆماننووس بۆ بەرجەستەکردنی کاریگەری ئەم حاڵەتە لاپەڕەیەکی بەتەواوی ڕەش کردووە»(٢٧).

**تەوەری سێیەم: ئامادەبوونی ڕۆمان لەنێو ڕۆماندا:**

ئەم تەکنیکە زیاتر لەدوو شێوەدا بەرجەستە کراوە،یان ڕۆمانێک لەناواخنی خۆیدا ڕۆمانێکی لەخۆ گرتووە، بۆ نموونە لەم میانەدا ڕەخنەگران ئاماژە بە ڕۆمانی (at swim-two-birds)ی ڕۆماننووس (فلان ئۆبرین)

دەکەن کە لە چوارچێوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو ڕۆمانەکەدا، ڕۆمانێکی دی، گێڕانەوەیەکی دی (بە بەسەرهات و ڕووداوەوە) ئامادەیی هەیە(٢٨). شێوەی دووەم بریتییە لەوەی کە ڕۆمانێک باسکردن و شیکردنەوەی هونەری ڕۆماننووسی دەکاتە ناوەڕۆکی خۆی. لێرەدا ئاماژە بەڕۆمانەکەی (ئاندرێ جید) دەکرێ کە بەناوونیشانی (ساختەکارانی پارە)وەیە، بەڕای (بێرنارد بەرگۆنزی) ئەم ڕۆمانە نموونەیەکی باشی ئەو جۆرە ڕۆمانەیە، کە دەربارەی ڕۆماننووسینن(٢٩). دەشکرێ هەردوو شێوەکە لەدەقێکدا ئاوێتەی یەکدی کراین، بۆ نموونە (میوریک سپارک) لە ڕۆمانی (سەرەخۆشیکەران= المعزون)دا بەسەرهاتی کچێک دەگێڕێتەوە کە سەرقاڵی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی فۆرم لەڕۆمانی نوێدا(٣٠).

**تەوەری چوارەم: ئامادەبوونی هۆشمەندیی ڕەخنەیی لەنێو ڕۆماندا:**

ئەدگارێکی دیکەی دەقێکی میتاڕۆمانی ئەوەیە کە ڕۆماننووس باسی چەند بابەتێکی ڕەخنەیی پێوەندیدار بە تەکنیکی ڕۆمانەوە، تێکەڵ بە کردەی گێڕانەوە دەکات، یان ڕۆماننووس هەر خۆی جۆرە هەڵسەنگاندنێکی دەبێت دەربارەی ڕادەی چالاکی و ناچالاکی لەو شێواز و تەکنیکانەی بەکاریان دەهێنێت(٣١). دیارە ئەم جۆرە مامەڵە کردنە لەگەڵ دەقدا، نیشانەی توانایی ڕۆشنبیری و ڕەخنەیی ڕۆماننووس دەخاتە ڕوو، لەلایەکی دیکەشەوە ئاگادارکردنەوەی خوێنەرە لە گەمە هونەرییەکانی ناو دەق، ئەمەش بە مەبەستی پتر بەشداری پێ کردنی لە پرۆسەی داهێناندا.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، ئاوێتەکردنی ئەم تەکنیک و شێوازە جیاوازانە لەگەڵ بنیادی هونەرییانەی ڕۆماندا، ڕەتکردنەوەی شێوازە کلاسیکییەکانی ڕۆمانی ریالیزمییە و هەوڵدانێکە بۆ داهێنانی شێواز و تەکنیکێکی نوێی ڕۆماننووسین کە خۆی لەخۆیدا گەڕانە بەدوای دیتنەوەی «گۆشەنیگایەکی نوێ بۆ پێوەندی نێوان نووسەر و چیرۆک و واقیع»(٣٢). بێ گومان ئەم وەرچەرخان و گۆڕانکاری و نوێکارییەش زادەی گۆڕانکارییەکانی قۆناغی خۆیەتی.

**٢- ئەدگارەکانی میتاڕۆمان لەدەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)دا:**

(ناوێ لەم تێکستە بنێ) ناوونیشانی دەقێکی ڕۆماننووس (عەبدوڵڵا سەڕاج)ە. ئەم کتێبە کە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (ڕۆمان)* بەقەبارەی (٢٢×١٥سم)ـە و لە دووتوێی (٢١٣) لاپەڕەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس) لە ساڵی (٢٠٠٦) بڵاوی کردۆتەوە.

دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ) بەرهەمێکی دیکەی نوێخوازانە و ئەزموونگەرییانەی (عەبدوڵڵا سەڕاج)ە** لەم دەقەدا سەڕاج زیاتر لەهەر دەقێکی دیکەی و بەشێوازی جیاواز ئەدگار و تەکنیکە هونەرییەکانی میتاڕۆمانی بەرجەستە کردووە. لەم دەقەدا سەڕاج جیا لەهەر دەقێکی پێشووتری، لەسەر بەرگی کتێبەکە و لەڕێگای ناوونیشانەکەیەوە، خوێنەر دەدوێنێت و داوای لێدەکات ناوێک بۆ ئەم تێکستە هەڵبژێرێت. لێرەدا (ناو- ناوێ) دەکەوێتە بەردەم دوو خوێندنەوە، ڕەنگە مەبەستی نووسەر لە (ناوێ) دیاریکردنی ناسنامەی ئەدەبییانەی تێکستەکە بێت. بەو مانایەی (عەبدوڵڵا سەڕاج) بە خوێنەر بڵێت، دەقێکی ئاوام خستۆتە بەردەستت فەرموو بەچی ناوی دەبەیت؟ (ڕۆمان)، یان شتێکی دیکە لەدەرەوەی پێناسەی باوی ڕۆمان؟!، یان مەبەستی نووسەر لە (ناوێ لەم تێکستە بنێ)دا هەڵبژاردنی ناوونیشانێکە بۆ پوختەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی نێو دەقەکە. ئەم بۆچوونە ئەو کاتە زیاتر ئامادەیی دەبێت کە بوونی زاراوەی (ڕۆمان) لەسەر بەرگی کتێبەکە لەبەرچاو بگیرێت، بەهەرحاڵ مەبەست لەهەر کامێکیان بێت، دانانی ئەو ڕستەیە لەسەر بەرگی کتێبەکە بۆ خۆی لەخۆیدا بوارپێدانە بە خوێنەر بۆ بەشداری کردنی لە پرۆسەی داهێنان و بانگ کردنێتی بۆ ئەوەی لەئاست دەقەکەدا قسەی خۆی هەبێت، ئەمەش ئەدگارێکی گرنگی میتاڕۆمانە.

سەرنج دەدەین زێدەباری ناوونیشان (سەڕاج)، لەم چەند لایەنەوە شێوازی میتاڕۆمانی لەدەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)دا، بەرجەستە کردووە.

**٢-١: پێوەندی کردن بەخوێنەرەوە:**

دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ) دەقێکە لەناوونیشانی

سەر بەرگەکەیەوە تا دەگاتە دوا پەرەگرافی دەقەکە، بەشێوەی جیاواز- ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ- پێوەندی بە خوێنەرەوە دەکات و هەندێ جار دەیدوێنێت و هەندێ جاریش بواری بەشداری کردنی لە تێکستەکەدا بۆ دەڕەخسێنێت. ڕواڵەتەکانی ئەم جۆرە پێوەندی کردن و دواندن و بوارپێدانە لەم چەند نموونەیەدا دەخەینە ڕوو:

هەندێ جار (ڕۆماننووس- گێڕەرەوە) ڕاستەوخۆ خوێنەر دەدوێنێت و دەیەوێت بیخزێنێتە نێو چوارچێوەی کردەی گێڕانەوەوە. ئەم کردەیە هەندێ جار بێ هیچ پێشەکییەک و لە پڕێکدا ڕایی کراوە، بۆ نموونە لەپاری دووەمدا لە گەرمەی کردەی گێڕانەوەدا و لە باسکردنی بارودۆخی لایەنێکی ژیانی کەسایەتی (ئاپۆ ڕەشید)دا لە پڕێکدا گێڕەرەوە دەڵێت «جا بۆ نایەیت و جڵەوی گێڕانەوەم لێ وەربگریێ!! ئەوسا سەرپشک بە چۆنی ڕادەوەشێنی. ئەگەر... نا پیچێک دان بەخۆتا بگرە و گوێیەکانت ڕاتەکێنە.. باشە» (٣٣).

هەر لەدرێژەی باسکردنی کەسایەتی ناوبراودا دەڵێت «.. ئەوە دیسان قسەت پێ بڕیم.... ئا لەگەڵ تۆمە خوێنەری بەڕێز» (٣٤).

هەندێ جاریش ناراستەوخۆ خوێنەر دێنێتە نێو پرۆسەی گێڕانەوەوە: «ئەوە چ زوو، لەجیاتی باس لەخۆی بکات، ئەو جووتەی بەسەرکردەوە!!»

دەنگی خوێنەر پەردەی گوێی منی گێڕەرەوەی لەراندەوە.

ئەی تۆ پەلەی چیتە! دان بەخۆتا بگرە و داوی گوتنی ئارام مەپسێنە» (٢٥).

دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە دواندنانە، بە مەبەستی کەمەندکێش کردنی خوێنەرە بەرەو دەق و جۆرە زەمینە سازییەکە بۆ بەجەمسەربوونی خوێنەر لە پرۆسەی گێڕانەوەی ناو دەقەکەدا. وەک لەکۆتایی پاری چوارەمی دەقەکەدا دەبینرێت کاتێ (ڕۆماننووس- گێڕەوە) لەگەڵ دەربڕینی بیروبۆچوونی (ئارام)دا کە کەسایەتی سەرەکی دەقەکەیە، بیروڕای خوێنەریشی- هەڵبەت بەزەینی خۆی- هێناوەتە ئاراوە(٣٦).

ئەم گرنگی پێدانەی نووسەر بەخوێنەر، کارێکی هەڕەمەکییانە نییە و لە تێڕوانینی نووسەرەوە دەربارەی پرۆسەی داهێنان سەرچاوەی گرتووە. ئەگەرچی ڕۆماننووس بە کردەوە لەناوونیشانی سەربەرگی دەقەکەیەوە و هەر لە پاری دووەمی دەقەکەیەوە، بە شێوەی جیاواز خوێنەر دەدوێنێ، بەڵام دواتر لەدوا پاری دەقەکەیدا کە پاری دەیەمە.. نهێنی ئەم گرنگی پێدانەیمان بە خوێنەر بۆ ئاشکرا دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەدەب گەرەکە ئاڵوگۆڕ و تەفاعولی نێوان سێکوچکەی: داهێنەر، تێکست، وەرگر بێت..» (٣٧).

ئەمەش لەلایەک کاری ڕۆماننووس دەردەخات کە لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا دەقەکەی بنیاد ناوە و لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکە بە هۆشیاریی ڕۆماننووس بەتیۆری شیعرییەتی هاوچەرخ و باوەڕبوونی بەم تیۆرە کە جەخت لەسەر ڕۆڵی خوێنەر لەکردەی نووسیندا دەکاتەوە.

**٢-٢: ئامادەبوونی ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی:**

هەروەکو لەتەوەری یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بەوە کرد، کە دوور نییە لە دەقێکی میتاڕۆمانیدا، ڕۆماننووس خودی هونەری ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی و پرۆسەی ڕۆماننووسین تێکەڵ بەدەقی خۆی بکات و بیکاتە جەمسەرێکی بابەتیانەی دەقەکەی. لەم چوارچێوەیەدا پێمان وایە دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ) دەقێکە قسە لەسەر کێشە ئیستێتیکییەکانی خۆی دەکات، لەڕووی جۆری ناسنامەی ئەدەبییانەی دەقەکەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لەچۆنێتی ناوونیشانی دەقەکەوە دەست پێ دەکات و هەر خۆی لەجیاتی خوێنەر چەند پرسیار و وەڵامێکی گریمانەیی دەخاتە ڕوو، وەک:

«دەشێ نۆڤلێتی بێ ناو بنووسرێت؟!

ئەدی خوێنەر چۆنایی پێناسەی بکات؟!

مەگەر بێژێ: نۆڤلێتە بێ ناوەکە...

یان ئەو نۆڤلێتەی کە نووسەرەکەی ناوەکەی لەیاد چووبوو!!

یان بە ئەنقەستی ناوەکەی فەرامۆش کردبوو!!(٣٨).

لێرەدا ڕۆماننووس ئەگەری ڕوودانی لێکدابڕانی خوێنەر لە پێکهاتەی ئیستێتیکییانەی تێکستەکەی لەبەرچاو گرتووە؛ بۆیە هەر زوو خۆی دەرگای کێشەکەی کردۆتەوە و هێدی هێدی بەدەم گێڕانەوەوە، هەوڵی قایلکردن و تێگەیاندنی خوێنەر دەدات لە ئاست ناسنامەی ئەدەبییانەی دەقەکە. لەم سەروبەندەشدا و لەپێناو دەرخستنی تایبەتمەندێتی ئەم ناسنامەیەدا، نووسەر

قســـەی لە هەندێ ڕەگــەز و تەکنیکی هونەری ڕۆمــان کردووە. بۆ نموونە چەند جارێک ئاماژە بە کەسایەتی نێو ڕۆمان دەکات کە کەسایەتییەکی کاغەزییە، بەو مانا و مەبەستەی کە ئەم جۆرە کەسایەتییە، گواستنەوەیەکی فۆتۆکۆپییانەی نێو واقیع نییە، بەڵکو کەسایەتییەکە دروستکراوی خەیاڵێکی هونەرییانەیە و بوونی لە سنووری بوونی دەقدایە. بۆ نموونە لە لاپەڕەکانی (٥٢، ١٠٥، ١٣٢)ی دەقەکەدا ئەم جۆرە ئاماژە کردنانە بەرچاو دەکەوێت، یان هەندێ جار ئاماژە بە ڕەگەزەکانی نۆڤلێت و تەکنیکەکانی گێڕانەوە دەدات، بۆ نموونە:

«... ئەگەر ئارام بە دەستێوەردانی نەزانێ، ئاوا پێکهاتە گرنگەکانی نۆڤلێتت بۆ دەژمێرم..

..................

بە زۆر بڵێی نەزانیت ئەمانەن: تەکنیکەکانی گێڕانەوەی جێناوەکان، کەسێتی، ناوەڕۆک، جێ، تانوپۆ، کات، پشتەکی (Backround)، هێما (Symbol) وێنە، زارگۆیی و ناخگۆیی.

وابزانم یازدەم ژمارد، بە گۆشەنیگاوە دەبنە دوازدە..» (٣٩)، یان لە پاری حەوتەمی دەقەکەدا ڕۆماننووس لەسەر زاری گێڕەرەوە، کەسایەتییەکانی نێو تێکستەکەی پۆلێن دەکات بۆ کەسێتی سەرەکی و لاوەکی:

«ئەگەر بێت و کەسێتییەکانی ئەم تێکستە دابەش بکەینە دوو لایەنداری سەرەکی و... لاوەکی، ئەوا شەش ناومان بەرگوێ کەوتووە..» (٤٠).

ئەم جۆرە ئاماژە کردن و ڕوونکردنەوانەی ڕۆماننووس کارێکی لەخۆڕا و هەڕەمەکییانە نییە، بەڵکو ستراتیژیەتییەکی لە پشتەوەیە، ئەویش شرۆڤە کردن و پێناساندنی ناسنامەی ئەدەبییانەی تێکستەکەیەتی، لەم پێناوەدا هەندێ جار بەگشتی ئاماژە بە ڕەگەز و تەکنیکی ڕۆمان دەدات و هەندێ جاریش سەرنجێکی نزیک بەتێکستەکەی دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە کاتێ هەوڵی ڕوونکردنەوەی چەمکی میتانۆڤلێت دەدات و پرسیارێکی لەبارەوە دەخاتەڕوو.

«... ئەوا زانیمان کە نۆڤلێتی نوێ چییە، ئەی میتانۆڤلێت؟

منی گێڕەرەوە لەجیاتی کاکە ئارام دەوم لەتۆی خوێنەری هێژا نا.

منیش ئەمە دوایین وەڵامم دەبێت. میتانۆڤلێت واتا: نۆڤلێتی ناواقیعی لەبارەی خودی نۆڤلێتەوە.. دەبا بۆتی ڕۆشنتر بکەمەوە.. نۆڤلێتەکە لەمەڕ چۆنیەتی نووسینی نۆڤلێت و کۆڵەکەکانی تەکنیک و جوانسازی و..» (٤١).

لێرەدا ڕۆماننووس ناڕاستەوخۆ بەخوێنەری ڕادەگەیەنێت، کە ئەم تێکستەی بەردەستت (ناوێ لەم تێکستە بنێ)دا دەقێکە سەر بە میتاڕۆمانە، واتا ڕۆمانێکی ئاسایی و کلاسیکی نییە. ئەمەش بۆ خۆی لەخۆیدا لەلایەک ڕادەی هۆشمەندیی ڕەخنەییانەی نووسەر دەخاتەڕوو سەبارەت بەو بوارە ئیستێتیکییەی کە تێکستەکەی تێدا داڕشتووە، لە لایەکی دیکەشەوە یارمەتیدانی خوێنەرە بۆ پتر ئاشنابوونی بە سیما و سنووری هونەرییانەی تێکستەکە، لێرەشەوە پێوەندی نێوان خوێنەر و دەق بەهێزتر دەبێت بۆ چێژ وەرگرتن و تێگەیشتنی لەپەیامی هونەرییانەی دەقەکە. لەبەرچاوگرتنی ئەم پێوەندییە- کە جۆرێکیشە لە گرنگیدان بە خوێنەر- خەمێکە لە خەمەکانی ڕۆماننووس، هەروەکو لەتێڕوانینی نووسەر بۆ پرۆسەی داهێنان دەرکەوت.

**٢-٣: ئامادەبوونی ڕەخنە:**

لێرەدا مەبەستمان لەو ئاماژەکردنانەی ڕۆماننووسە بە ڕۆڵی ڕەخنەگر و کردەی ڕەخنەی ئەدەبی و تێکهەڵکێش کردنی چەند کێشەیەکی ئەم بوارەی ئەدەبناسی بە ناوەڕۆکی بابەتییانەی دەقەکەی. لەم میانەدا چەند ڕواڵەتێکی ئەم جۆرە ئاماژە کردنانە لە دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ) بەدی دەکەین. بۆ نموونە لە کۆتایی پاری حەوتەمی دەقەکەدا ڕەخنە لەگوتاری ڕەخنەیی دەگرێت کە «بەهانای بەرهەمە نوێیە ڕەسەنەکانەوە نایەت!! چونکە ئالاوەتە کێشەی ئەکادیمی و شیکردنەوەی تیۆرەکان..» (٤٢). بەر لەم ڕەخنەیەش داوای لە ڕەخنەگر کردووە کە لە ڕوانگەیەکی ئیستێتیکییەوە تەماشای دەقی ئەدەبی بکات و لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیشدا «واز لە شارچێتی و دۆگمایی بێنێ» (٤٣). هەندێ جاریش چەند بابەتێکی ڕەخنەیی گشتی دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە قسە لەسەر ئامادەبوونی هونەرییانەی واقیع دەکات لەنێو بەرهەمی هونەریدا و

بۆچوونی خۆی ئاوا دەخاتەڕوو «واقیعیەت لەهونەردا ئەوە نییە کە بوونی مادە (MATRIAL) هەیە و بەس؛ بەڵکو ئەو بوونەشە کە ئافریدەکارەکەی بەڕەنگ، بەوشە، بەهێڵ، بەتەن و بۆشایی، بە جووڵە و سێبەر و ڕووناکی بنیاتی دەنێت و...» (٤٤).

دیارە.. هێنانە ناوەوەی ئەم جۆرە بۆچوونانە بێ مەبەست و پەیام نییە، بەڵکو هەوڵێکی دیکەی نووسەرە بۆ یارمەتیدانی خوێنەر بۆ چۆنێتی و چەندایەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقەکەدا، بەدەربڕینێکی دی زەمینە خۆش کردنی زەین و زەوقی خوینەرە بۆ ئاشنابوونی بە ئەدگارە ئیستێتیکییەکانی تێکستەکە.

### ٣- دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ) لە بەرانبەر ڕەخنەکانی میتاڕۆماندا

بەشێوەیەکی گشتی میتاڕۆمان بەو ئەدگارە هونەری و بنیادە بابەتییەی خۆی کە پتر لەسەر بەزاندنی سنوور و بنەماکانی ڕۆمان کاری کردووە، ڕووبەڕووی ڕەخنەی هەندێ لە ڕەخنەگران بۆتەوە. هەڵبەتە ئەم ڕەخنانە زیاتر لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو جۆرە دەقانەدا خراونەتە ڕوو کە بەشێوەیەک لەشێوەکان بەمیتاڕۆمان (meta fiction) پۆلێن کراون. بۆ نموونە ڕەخنەگر (بەرنارد بەرگۆنزی) لەگەڵ ئەوەی دان بەوەدا دەنێت کە ڕۆمانی (ساختەکارانی پارە)ی (ئاندرێ جید) بەرهەمێکی جوان و شاکارە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێی وایە دەقێکی سارد و سڕە،(٤٥) بەو مانایەی پتر جەختی لە ئیستێتیکای فۆرمی خۆی کردۆتەوە و(٤٦) کەمتر ئاوڕی لە کێشە و بەهایەکی مرۆیی داوەتەوە. لەم چوارەچێوەیەدا (دێڤید لۆدج) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەو ڕۆمانانەی کە زیاتر هەوڵێکی ئەزموونگەریبیان لەخۆ گرتووە، خۆمژیل کردن بە تەکنیک و پتر کارکردن بۆ داهێنانی شێوازێکی نوێی دەقنووسین، بووەتە هۆی ئەوەی کە هزر و بەها مرۆییەکان ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان لە دەقدا نەبێت، هەر بۆیە ناوبراو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە مردنی ئەم جۆرە دەقانە ڕابگەیەنێت(٤٧)، هەر لەم میانەشدا ڕەخنەگر (د. موحسین موسەوی) ئەم جۆرە دەقانە بە جۆرێک لە «سەرقاڵبوونێکی خودی و ڕۆچوون و مژیلبوونێکی هونەری زەینی» (٤٨) لە قەڵەم دەدات و کەواتە میتاڕۆمان ڕاستەوخۆ ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگیرێت

کە پتر «نقووم بوونێکی خودییە» (٤٩). ئەم خودییەی میتاڕۆمان پتر بە دوو مەبەست بەکارهێنراوە:

بەمانایەک کە دەق سەرقاڵی کێشەی گۆڕانکاری و نوێکارییەکانی تەکنیکی و هونەری ڕۆمان دەبێت. بەمانایەکی تریش کە (خودی نووسەر) لەمیانی دەقەکەیدا پتر ئەزموونی خودی خۆی لە ڕۆماننووسین و پێکڤەگرێدانی ئەم ئەزموونە بە بیۆگرافیای خۆیەوە بەرجەستە دەکات.

کاتێ وەکو میتاڕۆمانێک سەرنجی دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج) دەدەین، تێبینی دەکەین نووسەر لە پرۆسەی بەمیتاڕۆمانکردنی دەقەکەیدا، توانیویەتی جۆرە هاوسەنگییەک لەنێوان لایەنی ئیستێتیکی و ناوەڕۆکی مرۆییانەی دەقەکەی خۆی ڕابگرێت، بەو مانایەی کە ڕۆماننووس لەگەڵ مەزراندنی تەکنیکی نوێی ڕۆماننووسیندا کە زیاتر گەمەیەکی ئیستێتیکییە، چەندین کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانێتی تێکەڵکێشی بنیادی بابەتیانەی دەقەکەی خۆی کردووە، بۆ نموونە لە ئاستە نەتەوەییەکەدا ئاماژەی بە دابەشکردنی کوردستان و مەرگەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کردووە(٥٠). بۆ نموونە لە پاری سێیەمدا و لەلاپەڕە(٥٧)دا هاتووە:

-.. ڕووی دەمم کردە «پێککا».

- تۆ دەزانی هێرۆشیما و ناکازاکی و هەڵەبجەی کوردانیش دڵتەزینانە کۆرپە و ژن و نەهەڵاویردا!! مرۆڤ دەخەنە دۆخی تووڕەییەکی بێ جڵەوەوە!!

لە ئاستە شارستانیەتییەکەیدا ئاماژەی بە هەندێ جیاوازی کولتووری نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کردووە، وەک تێڕوانینی لە ژن و سێکس و هەندێ دابونەریتی کۆمەڵایەتی، هەروەها دیدێکی ڕەخنەگرانەی دەربارەی (بەجیهانیکردن= Globalization) خستۆتەڕوو(٥١). هەر بۆ نموونە لەمیانی ئەم گفتوگۆیەی نێوان (ئارام) و (پیککا)دا لایەنێکی ئەم دیدە ڕەخنەگرانەیە بەدی دەکەین:

«پێککا پشتی لەڕۆژەکە و ڕووی لەمن دانیشتبوو. کەسانی شێوە و ڕەنگ جودا جودا بە وێدا گوزەریان دەکرد دەمی لێنام.

- ڕاستە ئەو بە جیهانیکردنە (GLOBALIZATION) دنیای کردۆتە گوندێک

وەکو دەڵێین!

– منیش پێم گوت: لەگەڵ سوودیدا، پێککا دیاردەی گەند و خراپیش پەخش دەکاتەوە. تۆ دە بڕوانە ئەو جووتەی کە، جگەرەی هۆش سرکەر دەکێشن. خۆ لە سێکس لادەر و شاز هەر مەپرسە» (٥٢).

ڕاستە ئامادەبوونی ئەم جۆرە کێشە و بابەتانە، بەشێوەیەکن نەبوونەتە تەوەری سەرەکی دەقەکە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە ڕۆماننووس بە خستنەڕوو و ورووژاندنی ئەم جۆرە کێشانە- با بە کورتیش بێت – دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)ی لەو حاڵەتە دەرکردووە کە وەک میتارۆمانێک تەنیا (خۆماندووکردنێکی فۆرمالیستیانە) (٥٣) بێت بۆ نووسەر و «شەکەت کردنێکی ئیستێتیکییانە» (٥٤) بێت بۆ خوێنەر، هەروەک هەندێ لە دەقەکانی سەر بەمیتارۆمان کەوتوونەتە نێو ئەو حاڵەتەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین (عەبدوڵڵا سەڕاج) تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی خۆی لە رووە نێگەتیڤەکانی میتارۆمان بپارێزێت، بەوەی کە کێشەی نەتەوایەتی و مرۆیی هاوکات ئاوێتەی چەند بنەمایەکی هونەری میتارۆمان بکات. بە دەربڕینێکی دی ڕۆماننووس لە پاڵ ئیشکردنی بۆ پێکڤەگرێدانی دەق و ژیان، هاوکات ئیشی لەنێو ژانری ڕۆمانیشدا کردووە، جارێک وەک ڕەخنەگرێک و جارێکیش وەک تیۆریستکارێک دید و بۆچوونی خۆی سەبارەت پرۆسەی داهێنان بەگشتی و هونەری ڕۆماننووسین بەتایبەتی خستۆتەڕوو، ئەمەش زێدەباری ڕادەی هۆشمەندی هونەری و ڕەخنەییانەی ڕۆماننووس و ڤیان و شیانی ئەزموونگەرییانەی دەخاتەڕوو، هاوشانکردنی ڕۆمانی کوردیشە لەگەڵ دەقی میللەتانی دی و هەنگاونانە بەرەو نوێکردنەوەی دەقی ئەدەبی کوردی، کە خۆی لەخۆیدا ڕوویەکی گۆڕان و زیندووی دەقی ڕۆمانی کوردی بەرجەستە دەکات.

**ئەنجام**

١- ئامادەبوونی چەند ئەدگار و بنەمایەکی میتارۆمان لە دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)دا بەشێوەیەکە دەکرێ بڵێین، ئەم دەقە نموونەیەکی دیاری میتارۆمانە لە ئەدەبی کوردیدا.

٢- عەبدوڵڵا سەڕاج زیاتر لە ڕێگای سێ بنەماوە، دەقی ناوبراوی خۆی کردۆتە میتارۆمان کە بریتین لە:

– پێوەندیکردن بە خوێنەرەوە.
– ڕۆمان لەنێو ڕۆماندا.
– ئامادەبوونی هۆشمەندیی ڕەخنەیی.

٣- عەبدوڵڵا سەڕاج لە دارشتنی دەقەکەیدا توانیوێتی جۆرە هاوسەنگییەک لەنێوان گەمەی ئیستێتیکی و بەهای مرۆییانە بپارێزێت، کە زۆرجار نەبوونی ئەم هاوسەنگییە لە هەندێ دەقی میتارۆماندا بووەتە ڕەخنەیەک بەسەر میتارۆمانەوە.

**پەراوێزەکان:**

١- میخائیل باختین، الملحمة والرواية، ت: د. جمال شحيد، ص١٩.

٢- روجر الان، الرواية العربية، ت: حصة ابراهيم المنيف، ص١٩.

٣- هەمان سەرچاوە و لاپەرە.

٤- هەمان سەرچاوە و لاپەرە.

٥- نهاد التكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الأول، ص٤١، ٤٢.

٦- عباس عبد جاسم، ماوراء السرد، ماوراء الرواية، ص٢٣.

٧- باتريشيياوج، ماوراء القصة، ت: عبدالحميد دفار، مجلة (الثقافة الأجنبية)ع(١) ١٩٩٨، ص٧٤.

هەڵبەتە پێش ئەم مێژووەش میتارۆمان وەک بەرهەم هەبووە، بۆ نموونە هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وایە ڕۆماننووس (لۆرنس ستیرن) بەڕۆمانی (تریسترام شاندی ١٧٦٠-١٧٦٧) بە پێشەنگی میتارۆمان دادەنرێ بڕوانە: جیرمی هوثرن، مدخل لدراسة الرواية، ت: غازي درويش عطية، ص٣٤.

٨- باتریشییاوج، سەرچاوەی پێشوون، ل٧٣.

٩- بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەرە.

١٠- د. محمد عناني، المصطلحات الأدبية الحديثة (دراسة ومعجم)، ص٥٤.

١١- بڕوانە: جیرمی هوثرن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

١٢- محمد عناني، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەرە.

١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕە.
١٥- جيرالد برنس، المصطلح السردي، ص١٣٠.
١٦- بڕوانە: روبرت فريدمان، ماوراء الرواية في أمريكا، ت: حسون المصباحي، صبار السعدون، مجلة (آفاق عربية) ع(٥) ١٩٩١، ص٩٦.
١٧- بڕوانە: د. محمد عنانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦، ٥٧.
١٨- مالكوم برادبري، الرواية اليوم، ت: احمد عمر شاهين، ص٩٦.
١٩- باتريشيياوج، سەرچاوەی پێشوو.
٢٠- عباس عبد جاسم، ماوراء السرد، ماوراء الرواية، ص٢٤.
٢١- نهاد التكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الثاني، ص٧٤.
٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٦-٦٥.
٢٣- بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٧٤، ٧٥، ٧٦.
٢٤- حسين پاينده، تيۆری ڕۆمان، و: محەمەد کەریم، لە ١٩٤.
٢٥- بڕوانە: (محمد عنانی) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.
٢٦- مالكوم برادبری، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.
٢٧- برنارد برغونزي، ماوراء الرواية، ت حسون المصباحي، صبار السعدون، مجلة (آفاق عربية) ع(٥) ١٩٩١، ص٩٤.
٢٨- بڕوانە: هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.
٢٩- بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٩٣.
٣٠- بڕوانە: مزاحم الطائي، دراسات في أوانها، ص٢٦٥.
٣١- بڕوانە: نهاد التكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الثاني، ص٦٥.
٣٢- فاضل العزاوي، ملاحظات أولية لكتابة موضوع حول الرواية المضادة، جريدة (الاديب). ع (١٢٤) ٢٠٠٦/٦/٢١، ص١١.

* لە دیدارێکی تایبەتدا لە ٢٠٠٧/٤/١٣ لەبارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر (سەڕاج) ئاماژەی بەوەدا کە خۆی هیچ زاراوەیەکی لەسەر بەرگی کتێبەکە دانەناوە و کارمەندانی دەزگای (ئاراس) لەسەری نووسیویانە (ڕۆمان).

** عەبدوڵڵا سەڕاج بەر لەم بەرهەمە لە دەقەکانی پێشووتریشیدا پتر وەک چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێکی ئەزموونگەر ناسراوە و بەر لە ڕۆمانەکانی لە چیرۆکەکانیدا سیماو ئەدگاری میتاچیرۆک و میتاڕۆمان بەدی دەکرێت. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم لایەنە بڕوانە: زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی، لاپەڕەکانی ٩٨-٩٩.

٣٣- عەبدوڵڵا سەڕاج، ناوێ لەم تێکستە بنێ، ل٣٠.
٣٤- هەمان سەرچاوە، ل٣٢.
٣٥- هەمان سەرچاوە، ل٥٤.
٣٦- هەمان سەرچاوە، ل٨٨، ٨٩.
٣٧- هەمان سەرچاوە، ل١٩٩.
٣٨- هەمان سەرچاوە، ل٢٦، ٢٧.
٣٩- هەمان سەرچاوە، ل١٣١.
٤٠- هەمان سەرچاوە، ل١٥١.
٤١- هەمان سەرچاوە، ل١٣٠.
٤٢- هەمان سەرچاوە، ل١٥٢.
٤٣- هەمان سەرچاوە، ل٥٢.
٤٤- هەمان سەرچاوە، ل١٣٠
٤٥- برنارد برغونزي، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.
٤٦- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.
٤٧- مالكوم برادبری، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١-٩٢.
٤٨- د. محسن جاسم الموسوي، رواية النص، مجلة (الأقلام) ع(٥) ١٩٨٨، ص٨.
٤٩- هەمان سەرچاوە، ل١١.
٥٠- عەبدوڵڵا سەڕاج، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥، ٤٦، ٤٧.
٥١- هەمان سەرچاوە، ل٩، ١١، ١٢، ٥٤، ١٨٢، ١٨٥.
٥٢- عەبدوڵڵا سەڕاج سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.
٥٣- د. محسن جاسم الموسوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.
٥٤- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

# ڕەنگدانەوەی نامۆبوون لەنێوان شێرکۆ بێکەس و مەحموود دەروێش-دا

## (لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری)

## (١ - ٢)

**سامان محەمەد**
**(کەرکووک)**

### دەستپێک

ئەگەرچی ئەدەبی بەراوردکاری بوارێکی سەربەخۆیە و هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە شوێن پێی خۆی چەسپاندووە و خاوەنی بەرنامەی خۆیەتی و لە مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی نوێ جیا بۆتەوە، بەڵام ئەمە هەر لەخۆوە نەبووە و بارودۆخی هەندێ لە دیاردەکان لەنێو زمانی ئەدەبەکاندا پردەکانی بە یەک گەیاندووە. بەراوردکاری بۆ خۆی پرۆسەیەکی ڕەخنەییە و بەدواچوون و ئاگاداربوونێکی فراوانی دەوێت بە ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی ئەدەب و بوارەکانی تریشدا، هەر ئەمەشە کەسی بەراوردکار لە ڕادە و هۆکاری کاریگەربوون دڵنیا دەکات.

سەرەتای بەئەکادیمی بوونی ئەم بوارە، هەستی نەتەوەیی لەپشتەوە بووە و بەکارەکانی «ڤیلمان» ئەمە دەچەسپێت، بەراوردکاری بۆ خۆی گەڕانە بەدوای دیاردەکانی کارتێکردن و کارلێکردن و ڕادە و هۆکاری کارتێکردنەکە، باس کردن و گرنگیدان بەم بوارەش ڕێگە ڕۆشن کردنەوەیە بۆ زۆر لایەنی ئەوتۆ کە پێشتر تاریک بوون و دەروازەیەک بۆ نزیکبوونەوە و ئاگاداربوون لە گۆڕانکارییەکانی جیهان و چوونە ڕیزی ئەدەبە گەورەکان و هاوچەرخ بوونی لێ دەکەوێتەوە.

گەلانی تر کەم و زۆر لەم بارەیەوە کاری خۆیان کردووە و لە خەمی دامەزراندنی قوتابخانەیەکی تایبەتدان، ئەدەبی کوردیش لە هەوڵداندایە، ئەگەرچی بە پلەیەکی نزمتر لەوان، ئێمە لای خۆمانەوە دەستخۆشی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە کاریان لەم بوارەدا کردووە و لەم بارەیەوە پسپۆڕن، بەتایبەتی هەوڵەکانی دامەزراندنی قوتابخانەیەکی تایبەت بە بەراوردی کوردی، لەم ڕووەوە جێگەی پەنجەی دیاری چەندین پسپۆر و ئەدیبی ناسراوی گەلەکەمان بەدی دەکەین، هەرچەندەش کەمن، لەوانە: کارەکانی مامۆستا عەزیز گەردی و ئەو چەند نامەیەی خوێندنی باڵا کە پێشکەش بە زانکۆکانی کوردستان و عێراق کراون و پرۆژە گەڵاڵە کراوەکەی د. عادل گەرمیانی بە چەندین پرەنسیپەوە خستوویەتییە بەردەم خوێنەران و ڕووناکبیران بۆ پەسندکردن و پەرەپێدان و چەسپاندنی، ئەم کارانەش بەداخەوە تا ئێستا نەبوونەتە قوتابخانەیەکی دیاریکراو و ئەکادیمی بۆ ئەوەی بەراوردکاری لێ بکەوێتەوە. ئێمەش لەخەمی



**شێرکۆ بێکەس**

دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە و لەبەر بایەخی گرنگی ئەم بوارە، هەوڵمان داوە ئاوڕێک، ئەگەر کەمیش بێ لەم بوارە بدەینەوە و بەپێی تێگەیشتنی هەنووکەییمان بۆ ئەدەبی بەراوردکاری و لەبەر تیشکی بنەماکانیدا بەراوردێکمان لەنێوان دوو شاعیری سەر بە دوو زمان و نەتەوەی جیاواز کردووە کە پێمان وا بووە بنەماکانی بەراورد دەیانگرێتەوە.

ئاستەنگی پەیداکردنی سەرچاوەی تایبەت بە هەردوو شاعیرمان هاتۆتە ڕێ، بەتایبەتی مەحموود دەروێش، ناچاربووین بۆ هەندێ لایەن و خاڵی دیار پەنا بەرینە بەر تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت و دیاردەیەکی زەقیشمان وەکو بابەت لەنێوان هەردوو شاعیردا بەدی کرد، کە ئەویش نامۆبوونە و کردمان بە تەوەری سەرەکی باسەکەمان. ئەگەرچی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا زۆر لەبارەی نامۆبوونەوە نووسراوە، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا ئەو نووسینانە زۆر کەمن، ئەمەش بایەخێکی تر بەکارەکەمان دەدات. نامۆبوون چەمکێکی فراوانە و زۆر لە فەیلەسوف و نووسەران لێی دواون و دید و بۆچوونی جۆراوجۆریان لەبارەیەوە هەیە، هۆکاری ئەوتۆشیان بۆ دەست نیشان کردووە کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر مرۆڤ هەیە بۆ نامۆبوون، باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هی تریش کرۆکی هۆکارەکانن، نامۆبوونیش درێژخایەن نییە و پابەندە بە چارەسەرکردنی هۆکارەکەیەوە، هەردوو شاعیر شێرکۆ بێکەس و مەحموود دەروێش، دنیای غوربەت و نامۆبوون هەناوی داگیرکردوون و ڕاستگۆیانە ئازارەکانی خۆیان لە دەقە شیعرییەکانیاندا بەرجەستە کردووە و ئەزموونی تایبەتی خۆشیان لەم بارەیەوە هەیە، بە شیعرەکانیان دنیای ئەدەبییان هێندەی تر گەورە و ڕازاوەتر کردووە.

نامۆبوونیان هەموو کووچە و کۆڵان و تەنانەت ناڕەحەتی و ئازارەکانی نیشتمان لە ئامێز دەگرێت و خەون و خەیاڵیان پێوە دەبینن، لەم پێناوەشدا هەندێک لە قەسیدە و پارچە شیعرەکانی هەردوو شاعیرمان بە نموونە وەرگرتووە. ڕێبازی زاڵ کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەومان کردبێت، ڕێبازی شیکارییە لەنێو دەقە شیعرییەکاندا، ئەگەرچی لە هەندێک شوێنیشدا ڕێبازی مێژووییمان پشتگوێ نەخستووە.

نامۆبوونیش بۆ خۆی هێندەی لەسەر نەنووسراوە، بەتایبەتی لەنێوان دوو کەسی بە نەتەوە و زمان جیاواز، هەردوو شاعیریش بەرزن و چێژی تایبەتی لە شیعرەکانیاندا بەدی دەکرێت، داوای لێبوردنیش دەکەین لە هەر کەموکورییەک کە لە ڕێڕەوی باسەکەماندا دەرکەوتبێ، باسەکەشمان بە پێشەکییەک دەست پێ کردووە و بۆ دوو بەش دابەشمان کردووە، بەشی یەکەم لە سێ تەوەر و دووەمیش بە هەمان شێوە، لە بەشی یەکەمدا، تەوەرێکیان بۆ باس کردن لە چەمک و مێژووی بەراوردکارییە، کە باسەکەمان دەکەوێتە ئەم بوارەوە، دووەمیش تەرخانە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی نامۆبوون لەگەڵ مێژووەکەیدا، لە سێیەمیش باسمان لە ژیانی هەردوو شاعیر کردووە، بەشی دووەمیش تەوەرێکە بۆ شوناسی نامۆبوون لای هەردوو شاعیر، دووەم بۆ هۆکارەکانی ڕەنگدانەوەی نامۆبوون لەنێوانیاندا و سێیەمیش ئاستەکانی نامۆبوون و بەراوردی نێوان هەردوو شاعیر لەم بارەیەوە و هۆکارەکانی کاریگەربوونیان بە یەکتر، ئەمەش چەند لقێکی دیاری کراوە، لەکۆتاییشدا ئەنجامی باسەکەمان خستووەتە ڕوو، پاشان سەرچاوە بەکارهێنراوەکانمان بۆ باسەکە ڕیز کردووە و لەگەڵ پێڕستێک بۆ سەرجەم بابەتەکان.

**بەشی یەکەم**

**تەوەری یەکەم: چەمک و مێژوو و بوارەکانی ئەدەبی بەراوردکاری.**

**تەوەری دووەم: چەمک و مێژووی نامۆبوون.**

**تەوەری سێیەم: ژیاننامەی هەردوو شاعیر.**

**تەوەری یەکەم: چەمک و مێژوو و بوارەکانی بەراورد:**

لەڕووی زاراوەوە، یان لەڕووی بەکارهێنانیانەوە، تا ڕادەیەک لەم بوارەدا ئاڵۆزییەک دەبینرێت، هەر گرووپ و دەستەیەک بە جۆرێک ئەو زاراوەیەیان دارشتووە، لە ئەدەبی عەرەبیشدا زاراوەکانی (النقد المقارن، الأدب المقارن...تاد)یان بەکارهێناوە و لە ئەدەبی کوردیشدا بەهەمان شێوە لەلای مامۆستا عەزیز گەردی و چەند پسپۆڕێکی تر (ئەدەبی بەراوردکاری) بەکارهێنراوە، لەپاڵ (ئەدەبی بەراورد، بەراوردی ئەدەبی، ڕەخنەی بەراورد)دا، هەرچی ڕای د. عادل گەرمیانیشە لەسەر بەکارهێنانی (بەراوردی ئەدەبی)(١) کۆکە، چونکە پێی وایە ئەم پرۆسەیە بۆ خۆی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیش دەگرێتەوە، ئەگەرچی کاریگەری زاراوەی تریش بە پەسندکردنی ئەم زاراوەیە لەلایەن د. عادلەوە دیارە، پێ دەچێت بە بەراورد لەگەڵ (بەراوردی زانستی، بەراوردی دەروونی...تاد) ئەمیش لەسەر هەمان ڕێڕەودا ئەم زاراوەیەی لەلا پەسند بێ، بەهەرحاڵ بەلای ئێمەوە ئەدەبی بەراوردکاری پەسندە، چونکە ڕێڕەو و چەقی کارەکە بۆ خۆی ئەدەبە و لە ئەدەبەکەشەوە بەراورد پەیدا بووە، ئیتر بۆچی بەراورد بکرێ بەسەرقافڵە و ئەدەبی بەدوادا دابنرێ، خۆ خودی ئەدەبیش لەبنەڕەتدا ڕێوشوێنی ئەخلاقی ئەوتۆ ڕۆڵی لە دارشتنی زاراوەی (ئەدەب)دا هەبووە، بەلاشمانەوە (ئەدەبی بەراورد) دەبێ بکرێ بە (ئەدەبی بەراوردکاری)، چونکە (ئەدەبی بەراورد) ئەدەبێک نیشان دەدات کە لە بەراورد بووبێتەوە، بەڵام (ئەدەبی بەراوردکاری) ئەدەبێکە سەرقاڵی بەراوردی بەردەوامە.

لەڕووی چەمکەوە، بیروڕای جۆراوجۆر بۆ ئەم زانستە بەدی دەکەین، لە بارەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییەوە، (ڕیمۆن تەحان)ی نووسەری عەرەبی دەڵێ: «کارتێکردنی دوو نەتەوە دەردەخات و باسی پێوەندی نێوان دوو نووسەر دەکات کە بەرهەمی ئەدەبییان لەیەک بکات و هەریەکە و سەر بە ڕەگەز و نەتەوەیەک بێت و سنوورێکی سیاسی و جوگرافییان لەنێواندا هەبێ»(٢) مامۆستا عەزیز گەردیش پێی وایە ئەدەبی بەراوردکاری، ئەو ئەدەبەیە (کە ئیشی دۆزینەوە و ساغ کردنەوە و ڕوونکردنەوەی کاریگەری نێوان ئەو ئەدەبانەیە کە کاریان لەیەک کردووە و سوودیان بەیەک گەیاندووە)(٣)، مامۆستا گەردی لەم بوارەدا پێوەندی مێژوویی بە بەندیواری گرنگ دادەنێت و مەرجی سەرەکی زانستی بوونی بەراوردەکەیە، بەلای (د. عادل گەرمیانی)یشەوە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری «گەڕانە بەدوای کاریگەری ئەدەبی میللەتێک بەسەر ئەدەبی میللەتێکی ترەوە لە ڕووی لێکچوون و لێکنەچوونەوە کە لەنێوان دوو ئەدەبی زمان جیاوازدا دەبێ»(٤)، د. عادل گەرمیانی بەلایەوە مەبەستە بەراوردکاری ئاستی داهێنانی تێدا دەست نیشان بکرێ، لەبری بایەخدانی زۆر بەلایەنی کاریگەری، ئێمەش ئەم ڕایەی پەسند دەکەین، بەڵام باس نەکردن لە کاریگەری بۆ خۆی، ڕەنگە بواری زیاتر بۆ دزینی ئەدەبی فەراهەم بکات، هەربۆیە دەکرێ هاوشانی یەکتر داهێنان و کاریگەرییەکە باس بکرێن، مێژووی سەرهەڵدانی بەراوردیش وەکو قوتابخانە بۆ ساڵی ١٨٢٨ی زایینی دەگەڕێتەوە کاتێ کە (ڤیلمان)(٥) بەدوای کاریگەری ئەدەبی فەرەنسی بەسەر ئیتاڵییەوە گەڕاوە و لەم ڕووەشەوە لەدیدێکی نەتەوەیییەوە ڕێگە بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی بەراورد لە فەرەنسا خۆش بووە، بەڵام وەکو سەرەتا و مێژووی دەست پێکردنی پرۆسەکە، دەتوانین بۆ سەردەمانێکی دێرینی بگێڕینەوە، سەردەمی گریک و ڕۆمانەکان، ڕوونتر بڵێین، ئەگەر مەبەست لە بەراوردکاری لایەنی کاریگەری ئەدەبی بێ، ئەوە هەر لەوکاتەوە دەستی پێکردووە کە ڕۆمانەکان توانییان لەڕووی سەربازییەوە وڵاتی گریک داگیر بکەن (٧٦٣ز)، بەڵام لەڕووی ئەدەبی و فیکری و شارستانییەوە کاریگەربوون بە ئەدەبی گریک، بەڕادەیەک کە هۆراسی شاعیری ڕۆمانی دەیگوت (دوای نموونەکانی یۆنانییەکان بکەون و بەشەو و بەڕۆژ توێژینەوەی لەسەر بکەن)(٦)، بەم شێوەیە ئەم جۆرە بیرکردنەوە و پرۆسەیە شێرازەی خۆی وەرگرت و نەتەوە بۆ نەتەوەیەکی تر بە نەریتێکی ئەدەبی ئەوتۆ، بەکاریگەربوون بە ئەدەبی



**مەحموود دەرویش**

نەتەوە و میللەتێک لەسەرەتاوە، پاشان بەکاریگەر بوون بە نووسەر و بیرمەند و فەیلەسووف و بابەت و ڕێبازی ئەدەبی دەستی پێ کردووە، هەر لەسەرەتاشەوە ڕۆڵی (کانتلیان)ی ڕەخنەگری ڕۆمانی و (دی بلێ)ی ڕەخنەگری فەرەنسی (١٥٢٢-١٥٦٠ز) کە دەڵێت (بەبێ لاسایی کردنەوەی یۆنان و ڕۆمان ناتوانین بالآیی و درەوشاوەیی بەزمانەکەمان ببەخشین)(٧) و هەوڵەکانی ڤیرک پلیتە (١٥١٧-١٥٨٢ز) لەبواری وەرگێڕاندا دیارە، ئەمانە لەم بارەیەوە خاوەنی بیروڕاو نووسراوی خۆیان بوون، پاشان (پۆسنێت)(٨)ی ئینگلیزی لە ساڵی ١٨٨٦دا کە بۆ ئەدەبی بەراوردکاری بە دەروازەی ئاوەڵا دادەنرێت، هەر لێرەشەوە دەتوانین بڵێین چەندین بۆچوون و تێڕوانین و بیروڕای ئەوتۆی لە چوارچێوەی قوتابخانەی بەراوردیدا کۆبوونەتەوە، لەم ڕووەوە وڵاتانی دنیا بوون بە خاوەنی قوتابخانەی خۆیان، هەر لە فەرەنسی و ئەمریکی و سۆشیالیستی و...تاد.

بوارەکانی ئەدەبی بەراورد، بەپێی ڕێکەوتنی زۆربەی نووسەر و پسپۆڕانی ئەم بوارە، بوارەکانی ژیاننامە و بابەت و ژانرەکانی ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەدەب و شێواز دەگرێتەوە، خودی باسەکەی ئێمەش لەبابەتی ئەدەبیدا کۆ دەبێتەوە.

**تەوەری دووەم: چەمک و مێژووی نامۆبوون:**

بەشێوەیەکی سادە دەتوانین بڵێین، نامۆبوون وەکو چەمک و بابەت لە کاردانەوەدا لای نووسەر و ڕووناکبیری ئەو میللەتانە بەدی دەکرێن کە زیاتر ژینگە و کەشوهەوای چوون یەک کۆیان دەکاتەوە، لەم ڕووەوە هەریەک لەوانە بگرین کە باسیان لەم چەمک و بابەتە کردبێ، بۆ خۆیان هەمان بارودۆخ و کەشوهەوای غەمگین گرتوونیەتییەوە، خودی نامۆبوونیش وەکو کێشەیەک هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ دراوە، وەنەبێ ئەم چەمکی نامۆبوونە تەنیا لە ئەدەبدا ڕەنگی دابێتەوە، بەڵکو لەزۆر بواری تردا بەرجەستە کراوە، لەزمانی ئینگلیزیدا بەرانبەرە بە (alienation)(٩) کە خۆی لە بنەچەدا لاتینییە، لەبواری یاساییدا هەر لەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا بەمانای گواستنەوەی موڵکداری لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگەیەنێ، لەبواری پزیشکیدا بەمانای تێکچوونی عەقڵ دێت، لەبواری پێوەندی کۆمەڵایەتیدا لەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا بەتێکچوونی پێوەندی و دۆستایەتی نێوان دوو کەس دەوترێت(١٠)، هەروەها لە ڕوانگەی لایەنگران و دامەزرێنەرانی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکانیشەوە، دیسانەوە هەریەکە بەبۆچوونی خۆی بیروڕای لەم بارەیەوە دەربڕیوە، مارکسییەکان نارەزایی خۆیان بەرانبەر بەنامۆیی مرۆڤ و لە دەستدانی خود دەربڕیوە و لەم ڕووەوە (مارکس باوەڕی وایە کە ئایین ڕەنگدانەوەی باری ئابووری کۆمەڵگەیە و ئابووریش بە بزوێنەر و داینەمۆی هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت. بەم پێیە نامۆبوونی ئایینی تەنیا جۆرێکە لە جۆرەکانی نامۆبوونی ئابووری، هەرکاتێکیش مرۆڤ لەنامۆبوونی ئابووری ڕزگاری بوو، ئەوە لە هەمان کاتدا لە نامۆبوونی ئایینیش ڕزگاری دەبێت، بەتێڕوانینی مارکس کرێکار لە سایەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بەخودی خۆی و بەرهەمەکانی نامۆیە، کەوا تێدەگەین کرێکار «خود» کالایەک «بابەت» بۆ کەسێکی دی بەرهەم دەهێنێت و خۆی لێی بێبەشە)(١١)، بوونگەراکانیش کە نامۆبوون بەپێی پێوەر و قۆناغەکانی تێپەڕبوونی ژیانی مرۆڤ، دوا قۆناغێتی و تێیدا مرۆڤ تووشی بێزاری و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن دەبێت بەهۆی نامۆبوونەوە، بیروڕای خۆیان لەم ڕووەوە هەیە، کارل

یاسـبـرزی بوونگەری باوەڕدار، دەڵێت: (بوونی ڕەسـەن تەنیا بەنامۆبوون لە کەسانی تر جێبەجێ دەبێ، پێویستە مـرۆڤ بە تـەنیـا ڕوو لە خـودا بکات و ژیانێـک دوور لە کەسانی تر بژێت و پارێزگاری لە یەکێتی و سەربەخۆیی خـۆی بکات)(١٢)، بۆ خـۆی لایـەنی پەیامـداری لە بوونگەراییدا کە بە ئەدەبی پەیامداری ناسراوە، کۆمەڵێ ئەنجامی لێ دەکـەوێتـەوە، کـە بریتـییـە لە دڵەڕاوکێ و کـۆچکردن و بێـزاری، ئەمـانەش بۆ خـۆیان پایەکـانی نامـۆبوونن، دەتوانین بڵـێین چەمکی نامـۆبوون لەلای بوونگەراکان ڕەهەندێکی دی دەخاتە سەر تێگەیشتنمان لەمـەڕ نامۆبوون و گـوناح، ف. و. دیلسـتـۆن دەڵێت: (نامۆبوون لای هیگڵ لە خودی بنیادی گشتی ژیاندایە، بەڵام لای مـارکس لە بنیـادی هەلومـەرجـەکـانی کـاری مرۆییدایە کە ناچاری دەکات لەکارەکەی و لە خودی خۆی و هەروەها لە هۆکارەکانیشی نامۆ بێت)(١٣).

نامۆبوون لای بوونگەرەکان نامۆبوونە لە قووڵی خودی مـرۆڤ خـۆی، بەشـێـوەیەک کـە گـەردیلەیەک بێ لەنێـو چیـایەکـدا، ئەگـەرچی لای بوونگەرە باوەڕدارەکـان (کریسـتـیـانەکـان) نامۆبوون بەرانبەرە بە گـوناح، واتا گــوناح بەنامــۆبوون لەخـــودا لێک دەدرێتـــەوە. لای موسڵمانەکانیش، خودی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا دەفەرموویت: (بدأ الأسلام غريبا وسيعود غريبا فطوبى للغرباء)(١٤)، خۆ نامۆبوونیش لەم بارەیەوە بە چەندین ڕێوشـــوێندا تێـــپـــەڕیوە و ســـۆفـــیگـەریش بۆ خـــۆی بەهۆی دوورەپەرێزی و گۆشەگـیـربوونەوە تۆوێکی نامـۆبوونی تێدایە، ئەمـەش هەمـان ڕای حـەمـە کـەریم عـارفی نووسـەرە کە پێی وایە «سۆفیگەریی، یان فیکری سۆفییانە، یەکێکە لەو بوارە هەرە دەوڵەمەندانەی کە دەشێت لە کەلەپووری عـەرەبی، ئیـسـلامـیـدا، مـەسـەلەی غـوربەت و نامـۆبوونی لێـوە هەڵهێنجرێت و بخرێتە سەر باس و لێکۆڵینەوە»(١٥) لە ئەدەبیـاتی ئۆرووپاشدا، کـتـێبی تایبـەت بەنامـۆبوون دانراوە وەکـو کـتـێـبـەکـەی (کـۆڵن ویلسـون) کـە بەناوی (نامـۆ)(١٦)وە بووە و لە سـاڵی ١٩٥٦ چاپی کـردووە. لە ئەدەبی کـوردیشـدا ڕەهەند و ڕەگی قـووڵی هەیە و ئەزمـوونی دوورودرێژ لەگـەڵ خـود و ژیانی نامـۆبووندا بەدی دەکرێت، بەخـتـیـار عـەلی یەکـێکە لەوانەی لەم ڕووەوە ئەزمـــوونی هەیە، (لە ئەنجـــامی چۆڵـکردنی گوندەکانی کوردستان کە خەڵکێکی زۆر بە زۆرەملێ بۆ شـارەکـان گـوێزرانەوە، بۆتە هۆی ئەوەی گـوندێکی گـەورە دروست بێ نەک شارێکی ئاسایی، بۆیە شاعـیر تووشی نیگەرانی و ناڕەحەتی و نامۆبوون بووە)(١٧).

کـەواتە سـەبارەت بەم نامـۆبوونە هەریەکـە بەشـێـواز و دەربڕینێکی ئەوتۆ دەری خستـووە کـە گوزارشت لە باری ئاڵۆز و تاڵی خۆیان بکەن و هۆکـار و دەرەنجـامـەکـانیـان خستـوەتەڕوو، دەکرێ بڵـێین نامـۆبوون تەنیا پێـوەندی بەشوێنەوە نییە، بەڵکو وەکو حاڵەتێکی دەروونی، مرۆڤ بۆ خـۆی لە شـوێنی خـۆیشـیـدا بەڕووداو و گـۆڕانکاری و کـارەساتەکان نامۆ دەبێت، بەشێوەیەک لە هەمـوو شتێک دابڕێت و خـۆی بەدوای خـۆیدا قـووڵ بێـتـەوە و بەبوونی خـۆی نامـۆ بێت، بەدەر لە هۆکـارەکـانی تر کـە باسـیـان دەکـەین، لە ڕووی مـێـژووشـەوە دەتوانین بڵـێین ئەگـەر یەکێک لە پایەکـانی نامـۆبوون شوێن بێ، ئەوە مـێـژووی ئەو نامــۆبوونە هەر لەسـەرەتای دەست پێکردنی ژیانی مـرۆیـیـەوە دەست پێـدەکـات، واتا هەر لە ئادەم و حـەواوە کـاتێ شـوێنەکـەیان بەشـوێنی تر گـۆڕا، لە بەهەشـتـەوە بۆ سـەر زەوی، ئا لێـرەدا ئادەم و حـەوای دایک و باوکی مرۆڤـایەتی (سڵاوی خودایان لێ بێت) بەگواسـتنەوەیان بەهۆی هەڵەیەکــەوە لە بەهەشت کــە پێی ئاشنابوون و گوزەرانی ژیانیـان لەدوو شوێندا بەسەر بردووە، ئاراستـەی شوێنێکی تر کران کە نامۆن بە سروشت و چۆنیەتی ژیان لەو شـوێنەدا کـە سـەر زەوییـە، لێـرەوە هەر لە سـەرەتاوە هاوکـێـشـەیەک دروست بووە، ئەویش جـیـاوازییـەکـانی نێوان دوو شوێنە لەڕووەکانیانەوە، لەشوێنێکی دڵگیر و بەخـتـەوەریدا بۆ شـوێنێکی پڕ لە کـار و ئێش و ئازار، گوزارشتیان بۆ ئەم نامۆبوونە ڕەنگە شیعر نەبێت، بەڵکو هەر چەکێکی تر، لێرەوە ڕێگە و شوێن بۆ نامۆبوون خۆش کراوە و لەنێو نەتەوە و میللەتانی هەمەجۆردا بەشێواز و قۆناغی جۆر بەجۆردا تێپەڕیوە و گوزارشتی لێ کراوە و هۆکـارەکـانی کـارتێکردنی ئەم نامـۆبوونەش بۆ خـۆی جۆراوجۆرن، کە دواتر تیشکیان دەخەینە سەر.

### تەوەری سێیەم: ژیاننامەی هەردوو شاعیر

١-شێرکۆ بێکەس:

شـێـرکـۆ بێکەس (١٨) کـوڕی (فـایەق بێکەس)ی شـاعـیـرە، لە سـاڵی ١٩٤٠ لە شاری سلێمـانی لەدایک

بووە، یەکەمین شیعری خۆی لە تەمەنی ١٧ساڵیدا بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٦٨دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بەناوی (تریفەی هەڵبەست) لەبەغدا چاپ کردووە، لە ١٩٧٠ لەگەڵ دەستەیەک شاعیر و نووسەری دیکەدا بانگەوازی «ڕوانگە»ی ئەدەبییان بڵاوکردەوە، نوێکردنەوە لەڕوخسار و ناوەڕۆکدا مەبەستی سەرەکییان بوو، لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەیدا بەشداری کردووە، تا ئێستا زیاتر لە چواردە کۆمەڵە شیعری نووسیوە، لە ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨دا لەلایەن یانەی قەڵەمی سویدییەوە خەڵاتی ئەدەبی (تۆخۆلسکی) پێ بەخشراوە، هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی بۆ گەلێک زمانی بیانی، وەک (ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتالی، سوێدی، تورکی، عەرەبی، فارسی،..تاد) وەرگێڕدراون.

شێرکۆ بێکەس هەروەکو شیعر، لە پەخشانیشدا کەم وێنەیە، لە وتەیەکدا لە کتێبی (چراکانی سەر هەڵەمووت)دا دەڵێت: [لە سەرەتای دەست دانە قەڵەم و لەیەکەم چاوپشکوتنی بەهرەوە، لە شیعرەکانی (تریفەی هەڵبەست)ەوە تا ئەمڕۆ ناوی قوربانییەکانی ئازادی خوێنی دەم بەهاواریان و ئەمجا سیحری شوێن و جوانی سروشت و چریکەی سروودە میللی و نەتەوەییەکانمان و سونبولەکانی خاک و مێژوو، داستانەکانی خۆبەختکردن، مەرگی یاران و ئازیزان و زنجیرە چیرۆکی تراژیدیایی گەلی کورد و هەروەها مرۆڤایەتی و دنیاش لە شیعر و پەخشانی مندا لە نیشانە هەرە دیارەکانی ئەوین و پەیامی ئەدەبی گیانی من بوون، پێدەچێت خۆشەویستی خاک و مرۆڤایەتی، منیان کردبێت بە شاعیر، چونکە بڕوام وایە ئەدەب و هونەری خەڵک، بێ خۆشەویستی خەڵک، تەنانەت ئەگەر جوانیش بن، لەگوڵدانی خاڵی و خانووی چۆڵ دەچن! خولیای هەمیشەیی من ئەوەبوو ئەدەبێ بنووسم لەدڵەوە بۆ دڵ بێت تا بتوانم گوزارشت لەو خولیا و مەراق و خەیاڵانە بکەم کە لەدڵی خەڵکیدان و ئەوان ناتوانن دەری ببڕن، من لە خولقاندنەوەیەکی دیکەدا بیانخەمە پێش چاو، ئەزموونی دوور و درێژی خۆم ئەوەی فێرکردووم، ئەگەر لە ڕوحی زمانەکەی خۆمدا نەژیم، هەرگیز لە ڕوحی هیچ زمانێکی دیکەی دنیادا ناژیم.

شاعیر لەدیدارێکدا (١٩) دەرباری پرسی سەردەمی شاخ و چۆنیەتی ژیانی لەوێ، لەوەڵامدا دەڵێت: «من لە تەمەنی ١٧ بۆ ١٨ ساڵیدا دەستم کردووە بە وتار و شیعر و نووسین و لە تەمەنی (٢٥) ساڵیدا چوومەتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوولەوە، دووجار چوومەتە شاخ و کورتە شیعرەکانم (کۆچ، ئاسک) لەوێ نووسی، هەر لە شاخیش (دیوانی کەشکۆڵی پێشمەرگە)م نووسیوە، لەڕاپەڕینی ١٩٩١دا لە سوێدەوە گەڕامەوە کوردستان و (دەربەندی پەپوولە)م هێنایەوە]، شێرکۆ بێکەس لەدوای هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ کرا بە وەزیری ڕۆشنبیری، دواتر دەستی لەکاری وەزارەت کێشایەوە و گەڕایەوە بۆ سوید، شاعیر خاوەنی چەندین بەرهەمی شیعرییە و چەندین خەڵاتی گەورەی بەدەست هێناوە، هەنووکەش لێپرسراوی دەزگای سەردەمە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە شاری سلێمانی.

٢- مەحموود دەروێش:

مەحموود دەروێش شاعیری فەلەستینی(٢٠) لە ساڵی ١٩٤٢ لەگوندی (البروة)ی ڕۆژهەڵاتی شاری (عەکا) لەدایک بووە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا و لەژێر زۆرهێنانی تۆپباران لە ساڵی ١٩٤٨ لەو گوندە دەرچووە و لەگەڵ یەکێک لە کەسوکارەکانیدا لەنێو دارستانەکانی ئەو سنوورەدا ژیانی بەسەر بردووە و لە هاتوچۆدا بووە، ئنجا لە باشووری لوبنان گیرساوەتەوە و دوای نزیکەی ساڵێک لەگەڵ مامیدا ئاودیوی فەلەستین بۆتەوە، لە قوتابخانە فێری زمانی ئینگلیزی و عیبری بووە، بە چالاکی دژ بە دەوڵەتی ئیسرائیل تۆمەتبار کراوە، هەربۆیە دوور دەخرێتەوە و پێنج جار لە ساڵانی (١٩٦١، ١٩٦٥، ١٩٦٦، ١٩٦٧، ١٩٦٩) دەگیرێت، بەندکردنی بەزۆر بەسەریدا دەسەپێنن، ماوەیەک لایەنگری حزبی شیوعی ئیسرائیلی دەبێت، لە ڕۆژنامەی (الأتحاد) و گۆڤارەکانیان (الجدید) کە بەزمانی عیبری لەشاری حەیفا دەردەچێ کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٧٠دا مۆڵەتی خوێندنی بۆ فەراهەم بووە بۆ مۆسکۆ و سەفەری بۆ ئەوێ کردووە، دوای کۆتایی هێنانی بەخوێندنەکەی، نەگەڕاوەتەوە فەلەستین. لەساڵی ١٩٧٢ ڕووی کردۆتە وڵاتی میسر و دواتر بۆ لوبنان و لەدەزگاکانی چاپ و لێکۆڵینەوەکانی سەر بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی کاری کردووە، وەکو ناڕەزاییەکیش بەرانبەر ڕێکەوتننامەی (ئۆسلۆ) دەستی

لەکۆمیتەی جێبەجێکردنی ڕێکخراوەکە کێشاوەتەوە، سەرۆکایەتی دەستەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی فەلەستینی کردووە و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (الكرمل) بووە(٢١)، خاوەنی چەندین چامە و دیوانی شیعرییە، لەوانە (عصافير بلا أجنحة) ١٩٦٠، (أوراق الزيتون) ١٩٦٤، (عاشق من فلسطين) ١٩٦٧، ئەمانە و چەندینی تر لە (ديوان محمود درويش)دا کۆکراوەتەوە و لەلایەن دەزگای (دارالعودة)ی لوبنانی لە ساڵی ١٩٧١ چاپ کراون، پاشان کۆمەڵێ چامە و شیعری تری لە دیوانێکی تردا بەناوی (ديوان محمود درويش) هەر لەلایەن (دارالعودة)ەوە لە ساڵی ١٩٧٧دا چاپ کردووە، ئەمە لەپاڵ (أرى ما أريد) ١٩٩٠ و (أحد عشر كوكبا) ١٩٩٣ کە بڵاوی کردوونەتەوە.

نووسینەکانیشی بریتین لە (شيء عن الوطن، يوميات الحزن العادي، وداعا أيتها الحرب، وداعا أيها السلم، في وصف حالتنا، مطر ناعم في خريف بعيد، حصار لمدائح البحر) و چەندینی تر.

ئەم خەڵاتانەشی بەدەست هێناوە (لوتس ١٩٦٩، درع الثورة الفلسطينية ١٩٨١، ابن سينا ١٩٨٢، لينين ١٩٨٣)، لەپاڵ چەندین خەڵاتی جیهانی تر و ڕێز و میدالیا و چامەکانی بۆ گرنگترین زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون، ساڵی ٢٠٠٨ پاش نەشتەرگەری لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کردووە.

**بەشی دووەم**

**تەوەری یەکەم: شوناسی نامۆبوون لای هەردوو شاعیر.**

**تەوەری دووەم: هۆکارەکانی ڕەنگدانەوەی نامۆبوون لای هەردوو شاعیر.**

**تەوەری سێیەم: ئاستەکانی نامۆبوون لای هەردوو شاعیر.**

**تەوەری یەکەم:**

**شوناسی نامۆبوون لای هەردوو شاعیر**

**١- لەلای شێرکۆ بێکەس:**

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، نامۆبوون لە ئەدەبی کوردیدا ڕەگوڕیشەی قووڵی داکوتایەوەو دەیان ئەزموون و ڕابەری ئەوتۆ بەدی دەکەین کە جێگە پەنجەیان بەم بوارەوە دیارە، نامۆبوون لە شوێنی خۆتدا، یان دەرچوون ئیتر بەزۆر بێ، یان بەسەرپشک کردنی خۆت، بۆ خۆی دەست پێ دەکات و حاڵەتێکی دەروونی ئەوتۆیە، مرۆڤ بەرەو دابڕان و دوورەپەرێزی دەبات. شێرکۆ بێکەسیش وەکو دەیان شاعیری گەورە خاوەنی ئەزموونی خۆیەتی، لە مەنفای دوور لە وڵاتی وێرانەی نیشتماندا، بە چەکی شیعر ویستوویەتی شۆڕشگێڕ و پاڵەوان و مێژووناس بێ، گۆڕانی ئەوتۆ لە مێژوو و جوگرافیا و کولتووری شێوێنراوی کوردی بکات، لەپاڵ ڕزگاربوون لەکۆت و بەندی سەپێنراوی نیشتمان و ڕاکردنی بۆ ئازادی و سەربەستی، بۆ خۆی ئەمەش فراوانبوون و کرانەوەی ئاسۆ و خەیاڵ و بیری لێ کەوتۆتەوە بەهۆی گۆڕینی ژینگە و کەشوهەواوە، لەم بارەیەوە شێرکۆ بێکەس دەڵێت: «بێگومان لەسەربەستیدا دەتوانیت باشتر شت بدۆزیتەوە، باشتر سەرنج بدەین، لەوێوە سەرنجدانە ڕۆژهەڵات هۆشیارییەکی تازەتری بۆ دروست دەکات لە ڕێگەی ئەو هۆشیارییە فیکرییەوە باشتر دەتوانین دەلاقەکان.. بۆشاییەکانی ئاڵوگۆڕەکانی نێو ژیانی ڕۆژهەڵات ببینین و بیاندۆزینەوە» (٢٢).

ئەوێ کە شاعیر باسی دەکات تاراوگەیە و ڕاشکاوانە موتربەکردنی هۆشیاری خۆی بە هۆشیاری دەرەوەی نیشتمان دەردەخات و کاریگەری فیکر و ئەدەبی ئەوانی تر بەسەر خۆیدا دەسەلمێنێ، ئیتر کاریگەرییەکە لەچی لایەکەوە، یان لەچی ڕوویەکەوە بێت، ئەوە شتێکی ترە، خۆ نامۆبوونیش لای شێرکۆ نامۆبوونە لە کۆمەڵ و دەوروبەر و سروشت و زمان و کولتوور و لەنامۆبووندا بەتاڵی و ناخۆشییەکانی ژیندا قووڵ دەبێتەوە. لەوێوە یادی نیشتمانە وێرانەکەی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا گوزارشت لەنامۆبوونەکەی دەکات. شێرکۆ چڕتر و قووڵتر لەنامۆبوون دواوە، جیا لە شاعیرانی تر هەردوو چامەی (دەربەندی پەپوولە، بۆننامە) و ئەوانەی تریش گوزارشت لەژیانی سەخت و ناخۆشی نامۆبوون لە ئۆرووپا و شوێنانی تر دەکەن، نامۆبوون لای شێرکۆ ڕێگەیە بۆ خەون بینین، دەربڕینی ئازادانە و فراوانبوونی ئاسۆکان و یادەوەرییەکان و دارشتنەوەی مێژوو و جوگرافیا، نامۆبوون تێروانینی هەمەلایەن و گشتگیرترە بۆ نیشتمانی دایک، واتا نامۆبوون دووربوونی جەستەیە لە نیشتمان و نزیکبوونەوەی ڕوحە لە نیشتمان، لەم بارەیەشەوە دەڵێ: «لەم کارانەمدا من تەنیا بە جەستە لە

دەرەوەی نیشتمانم، ئەگینا وەکو تر بەڕوح و ڕوانین و خەم و خولیاو خەیاڵەوە هەر لەناوەوەی وڵاتم» (٢٣)، کەواتە نامۆبوون قۆناغ و پرۆسەیەکە بۆ گۆڕین و داڕشتنەوەی مێژوویەک کە شێوێنراوە و ژیان و ئەدەبێک کە کۆت و بەند کراوە.

**٢- لەلای مەحموود دەرویش:**

نامۆبوونی مەحموود دەرویش هەر لەولاتەکەی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە لە بەندیخانەدا خاوەنی ئەزموونی شیعری بووە و لەئازادیدا داهێنەر بووە، لەنامۆییدا بەهەمان شێوە گۆرانی بەردەوامی بۆ نیشتمانەکەی وتووە و خۆی بەخاوەنی مەسەلەیەکی گرنگ زانیوە، ئەم شاعیرە بەشیعر گوزارشتی لە زوڵم لێکراو و بێ چارەسەرەکان کردووە و متمانە و هیوای لەدڵی خوێنەراندا دروست کردووە، شاعیر لە نامۆبوونییەوە خۆی کردووە بەهاوڕێی ئەوانەی لەژێر سایەی زوڵمدا دەژین و کوژراوی دەستی بکوژانی ئازادین و هانی داون خۆڕاگر بن بەسەر زاڵمدا و تۆڵەبسێنن، نامۆبوون لای ئەم، بێ بەشبوونە لەنیشتمان و پەرتەوازە بوون بە شاراندا، دوور لە کەسوکار و هەموو خۆشییەک، هەر لە منداڵییەوە لەژێر ڕەحمی تۆپباراندا نامۆبووە، بەدوای زەمینێکدا گەڕاوە قەرەبووی زەمینەکەی خۆی پێ بکات، بەدوای هەوایەکدا لەبری نیشتمان، لەم پێناوەشدا جگە لە شیعر شتێکی تری شک نەبردووە بۆ دەربڕینی سووربوونی لەسەر ئەوەی جگە لە فەلەستین جێگەیەکی تر نابێت بە نیشتمان، گۆرانی بۆ دەڵێ و لێی دەپاڕێتەوە و خۆشی و سۆزی خۆی بە فەلەستین و کەسوکارەکەی لە فەلەستین دەبەخشێ، ئەمەش بەئاشکرا لەپاڵ ژیانی سەختی نامۆبوون و مەنفا بە شیعرەکانییەوە دیارە کە باس لە ئازار و مەینەتییەکانی نامۆبوون لە مەنفا دەکات، نامۆبوون لای ئەم غەمباری و ماتەمی و سووتانە، دوورکەوتنەوەیە لە ئازیزان و کەسوکار، جۆشدان و هاندانە بۆ تۆڵەسەندنەوە لەزاڵمان، بەڵێندانە بە گۆڕانکاری.

**تەوەری دووەم: هۆکارەکانی ڕەنگدانەوەی نامۆبوون لای هەردوو شاعیر**

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی نامۆبوون، بوونی مرۆڤ خۆیەتی لەم جیهانەدا، لە سەرەتای ژیانییەوە لەگەڵ پەیدابوونی هۆشی کە دەکەوێتە نێو چەند ململانێییەکەوە بەتایبەتی کێشەکانی لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵ و سروشت، سەبارەت بە هەر شاعیرێک ڕەنگە لە یەکێک زیاتر لەو هۆکارانە پاڵپێوەنەری بن بۆ نامۆبوون، هەندێک هۆکاری سەرەکی و دیار هەن کە بوونەتە مایەی نامۆبوونی مرۆڤ کە بریتین لە:

١- هۆکاری سیاسی: ئەم هۆکارە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر مرۆڤ جێ دەهێڵێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی دەسەڵاتی سیاسی ڕێگە بە تاکەکانی نادات کە لەدەربڕینی بیروبۆچوونی خۆیاندا ئازادبن، دەیان زەبرو زەنگ و توندوتیژی بەکار دەهێنێت.

٢- هۆکاری ئابووری: بەهەمان شێوە ئەم هۆکارەش مرۆڤ بەرەو نامۆبوون دەبات، بەتایبەتی کاتێ ئاستی گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگە بەهۆی نەبوونی کار و گرفتی کۆمەڵایەتییەوە دادەبەزێت.

٣- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەکو دابونەریتی کۆمەڵ، یان خێزان، کاتێ مرۆڤ هەست بە نەگونجان دەکات لەگەڵ ئەو یاسا و دەستوورانەی کە کۆمەڵ بەسەریدا سەپاندووە و تووشی باری نامۆبوون دەبێت.

٤- هۆکاری ئایینی: بەتایبەت ئەو کاتەی ئایین دەکرێتە هۆیەک بۆ چەوساندنەوە و توندوتیژی و چەسپاندنی یاسا و پرەنسیپەکانی بەسەر خەڵکدا، یان بە ئامرازکردنی ئایین بۆ کاری سیاسی و تایبەتی.

٥- هۆکاری ڕۆشنبیری: بەتایبەت کاتێک مرۆڤ هەست بەوە دەکات، کە ئاستی ڕۆشنبیری لەچاو ئاستی ڕۆشنبیری دەورووپشتی زیاترە و لێی تێناگەن، بە پێچەوانەشەوە کاتێک هەست دەکات چوار دەورەکەی لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریدان و ئەم دواکەوتووە وەکو جیاوازی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە زۆربەی ئەوانەی لەدنیای ڕۆژئاوادا دەژین، تووشی ئەم بارەبوون و وەک ئەو لاوانە لە ڕۆژهەڵاتەوە کۆچیان بۆ ئۆرووپا کردووە.

٦- هۆکارە سروشتییەکان: کارەسات و وێرانکاری سروشتی و بڵاوبوونەوەی دەرد و بەڵا و قاتوقڕی کشتوکاڵی و... تاد.

٧- هۆکاری جوگرافی: بەهۆی گواستنەوەی مرۆڤ لە شوێنی خۆیەوە بۆ جێگەیەکی تر کە پێی نامۆ بێ، لەم بارەدا مرۆڤ تووشی نامۆبوون دەبێت.

٨- هۆکاری سایکۆلۆژی و فسیۆلۆژی: وەک ئەوەی مرۆڤ لە ڕووی بەدەنییەوە کەم ئەندام بێت، تووشی ئەم بارە دەروونییە دەبێت و هەست بەنامۆبوون دەکات، یان هەر کاردانەوەیەکی دەوروبەر وای لێ بکات نامۆ بێت.

نامۆبوون بە بەردەوامی بناغەیەکی قووڵ و بنچینەییە لە پێکهاتەی مرۆڤی ئێمەدا، کە بەردەوام لەنامۆبوونی خۆی هەڵهاتووە و بەئازادبوونیشی لە نیشتمانی دووەمدا، کۆمەڵێ وزە و ویست و بیرکردنەوەی نوێی پێ بەخشراوە، ئەزموونی نوێ و هۆشیاری تازە دەیکەن بە کەسێکی پۆزەتیڤی دوور لە وڵات، کە لە هەوڵی داهێنانی نوێدا بێ، ئەدەبی کوردی هەر لە (نالی)یەوە تا ئەمڕۆ، وێنەیەکی تراژیدی بۆ نامۆبوون نەخشەکێشاوە، نامۆ بە دنیاو پڕ کەساسی و گریان، ئەدەبی کوردییان داپۆشیوە و زەوی دەبێت بەزیندان، لە ئاسۆی کوردیدا لەپاڵ وێنەی ماتو مەلوولی، نامۆبوون بۆ خۆی لەلایەکەوە ناتەباییە لەگەڵ کۆمەڵگە و واقیعداو لەلایەکی دیکەوە نامۆبوونە بەدنیای نوێ و کولتووری نوێ.

بارودۆخی سیاسی شێوێنراوی کوردستان و دەسەڵاتی نەگریسی بەعس هۆکاری سەرەکی کۆچی شێرکۆ بێکەس بووە بۆ شاخ و دواتر بۆ وڵاتانی ئەورووپا بەهۆی ڕاوەدوونان و لە سێدارەدانی کەسانی بەرهەڵست بەرانبەر بە ڕژێمی بەعس، لە شاخدا داهێنانی دەست پێکردووە، پاشان بەهۆی دوورکەوتنەوەی بۆ ئیتاڵیا و سوێد هێندەی تر نامۆ بووە. شێرکۆ لەدەنگ و ڕەنگ و هەواڵی نیشتمان بەدوور بووە، هەربۆیە پەنای بردووەتەوە بەر پاشماوەکانی بیروباوەڕی بۆ پێوەندیکردن بە نیشتمانەوە، تاراوگە ئەم شاعیرەی لە نیشتمان پچڕاندووە و ئاراستەی خەونەکانی کردووە و فانتازیاش نیشتمانەکەی بۆ دروست کردووە، لەم ڕێگەیەوە بۆ خەیاڵ و فانتازیای داهێنەرانە نیشتمان و منداڵی و گەنجی و کەسوکاری وێنا کردووە.

مەحموود دەروێشی شاعیری فەلەستینیش دیسانەوە گرفتاری هۆکاری سیاسی بووە، هەر لە منداڵییەوە ئازار و مەینەتی چێشتووە و لە هەرزەکاری و لاوێتیدا چەندین جار بەتۆمەتی بەرهەڵستی کردن، دووچاری بەندکردن بووە، مەحموود دەروێش لە دەربازبوونیدا بۆ تاراوگە، ئەزموونی کۆچی خۆی هەیە و نامۆبوونیشی چووەتە پاڵ، هەربۆیە لەوێ کۆمەڵێک بنەماو تایبەتمەندی ئەوتۆی جیاواز لە نیشتمانی یەکەمی لەلا دروست دەبێ، نامۆ بوونێکی ئەوتۆ بۆ خۆ دۆزینەوە و بۆ پێوەندی دروستکردن بە جێگای یەکەمەوە. نامۆبوو چاوێکی دیکە بۆ شتە سەرەتاییەکانی دەوروبەری شوێنی دووەم بەکاردەهێنێ، شێرکۆ کە لە بەهەشتێکی وەکو سوێد و ئیتاڵیا بژێت، لای ئەو وەکو جەستەیەکی سارد و سڕ و مردووە. شێرکۆ بێکەس بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە سیاسەتی سەپێنراو بەسەر نیشتمانەکەیدا، شاخ و تاراوگەی هەڵبژاردووە، ئەمە سزادانێکی دەروونییە، ئەگەرچی لە پشتەوەی ئەو سزایە، هۆشیاربوونی زیاتر و ئازادی و سەربەخۆ بوون هەبووە. هەرچی مەحموود دەروێشیشە بەهۆی ئەزموونی تاڵی زیندان و نیشتمانەوە تاراوگەی هەڵبژاردووە، بەخەیاڵ و یادەوەرییەوە بەشداری ئازار و مەینەتییەکانی وڵاتەکەی کردووە و بیروڕای سیاسییانەی خۆی لەمەڕ ڕووداوەکان دەربڕیوە. کەسی نامۆ کۆمەڵێ شارەزایی نوێ دەربارەی شوێنی دووەم و سازدانەوەی پێوەندی نوێ دەکات، ئەمە لەپاڵ بەهای نوێ و کولتووری نوێدا لە ئاستی شیعریشدا هەموو ئەوانە لای هەردوو شاعیر ڕەنگیان داوەتەوە و بەشێوەیەکی ئیستێتیکی دایانڕشتووەتە نێو شیعرەکانیانەوە.

ئەزموونی تاراوگە و نامۆبوون لە ئەدەبی کوردیدا مێژووی زیاتر لەدوو سەد ساڵی هەیە و خودی شێرکۆ سوودی لێ بینیوە و گەیاندوویەتی بەسەدەی بیستەم، هەرچی مەحموود دەروێشە دیسانەوە ئەدەبێکی دەوڵەمەندی «مهجر»ی لەبەردەمدا بووە و سوودی لێ بینیوە و گەیاندوویەتی بەسەدەی بیستەم.

# شیعر تاجی شاهانەیە

**بەختیار محەمەد**

**«دەخیلت بم نەخیلی یا ڕوطابی**
**وەها شیرین و سینە نەرم و دڵ ڕەق»(١)**
**(نالی)**

شاعیرێک لە دەقێکی نوێی خۆیدا پێمان دەڵێت:

**«دەتوانم پەنجەم بخەمە ناو تاجی پرچی ڕەشت**
**بەڵام دەستم شکاوە**
**حەز دەکەم پەنجەم بخەمە ناو تاجی پرچی ڕەشت**
**بەڵام دەستم شکاوە**
**چەند خۆشە پەنجەم بخەمە ناو تاجی پرچی ڕەشت**
**بەڵام دەستم شکاوە**
**بە گەمەی تاجی پرچی ڕەشت دەستم شکاوە».(٢)**

دەشێت بڵێین ئیدیۆمی «دەست شکان» لە زمانی ئێمەدا، چەمکی مەحاڵ دەگەیەنێت. ئەم ئیدیۆمە وەک دەزانین لەسەر زاری خەڵکیشدا زۆر باوەو هەر بەهەمان واتا بەکاردێت. ڕاستییەکەی هەموو شتێک (خواستێک)، کە لە ساتی ئێستای مەحاڵدا بێ (مەحاڵێک کە پڕ لە خۆزگە و حەسرەت بێ)، دەشێت بەم ئیدیۆمە گوزارەی لێ بکرێت.

کورد دەڵێت: «بریا دەستم بشکابایە، بەڵام ئەو شتەم نەکردبایە».

بە واتای ئەم قسەیە پەشیمانییەکی ڕەها دەگەیەنێت لەوەی کە کراوە. لێرە دەستەواژەکە (یان با بڵێین وشە لێکدراوەکە) هەم واتای ڕاستەوخۆی حەرفی هەیەو هەم واتای ناڕاستەوخۆی مەجازی: ئەگەر بە فیعلی دەستەکە بشکێت، ئەوە دیارە کارەکە ناکرێت، بەڵام کە بە فیعلی دەستەکە نەشکاوە، ئەوە وشەی (بریا) چەمکەکە دەکاتە چەمکێکی مەجازی «ئیدیۆم». لە دەقەکەشدا (شیعرەکەشدا) واتا مەجازییەکەی ئەم دەستەواژەیە، تێکشکانی ئیرادەو خۆزگەیەکی گەورە دەگەیەنێت؛ بەواتای دژ بە پەشیمانی حەزێکی گەورە هەیە بۆ کردنی شتێک، بەڵام «دەستەکە شکاوە». لە کۆتایی کۆپلەکە (بڕگەکە)شدا وا تێدەگەین، کە بەفیعلی «بە گەمەی تاجی پرچی ڕەش» دەستەکە شکابێت؛ ئا لێرەدا پارادۆکسێکی (ناودژێکی) نایابی واتا بەدی دەکرێت: لەلایەکەوە مەحاڵ و دەست شکان هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە کارکردنێک (گەمەکردن) هەیە، بۆیە دەستەکە دەشکێت. شاعیر لێرە مەبەستی ئەوەیە بڵێت، هەرگیز دەستم بە تاجی پرچی ڕەش ناگات گەمەی پێ بکەم، بۆیە دەستم شکاوە: ئەمەش کرۆکی واتا ناودژە پەنامەکەی چەمکی «دەست شکان»ـە. هەر لەم واتا ناودژەشەوە، ڕەهەندی (بەهای) ئیستێتیکای کۆپلەکە سەرهەڵدەدات.



**هاشم سەڕاج**

ئینجا دەبێت بڵێین هەر لە هەمان سیاقدا (سیاقی بەلاغەتی گوتاری شیعرییەوە)، جاکۆبسن-یش پێی وایە، کە خوازە پتر لە شیعردا بەدەردەکەوێت و ئیدیۆمیش لە پەخشاندا.(٣) بەم پێوانەیە دەشێت لە دەقە شیعرییەکەی (هاشم سەڕاج)یشدا، شوێنی واتای مەجازییانەی چەمکی «دەست شکان» لە ئیدیۆمەوە بۆ خوازەو جەڤەنگ و... بگۆڕێت. کەواتە ئەم چەمکە لە هەمان کاتدا خوازەیە بۆ واتای عیشقێکی ناکام و جەڤەنگیشە بۆ گوتارێکی کۆمەڵایەتی تێکشکاو؛ جەڤەنگە بۆ خودێکی تێکشکاو لەناو گوتارێکی کۆمەڵایەتی تێکشکاودا، بۆیە لێرەدا خود شیعرە و شیعر خودە و شیعر و خودیش بەشێکن لە ژیانی کۆمەڵگە؛ کەواتە لەنێوان شیعر و ژیانیشدا پێوەندییەکی تۆکمە هەیە. لەم بارەیەوە بۆرخیس دەڵێت: «ئێمە لە شیعر دەگەڕێین، ئێمە لەژیان دەگەڕێین؛ ژیان پێکهاتووە لە شیعر- من دڵنیام لەوە-».(٤)

شیعر لێرە دەشێ ببێتە ئەو حاڵەتە مەعریفییەی، کە ئیبن عەرەبی پێی دەڵێت «حیرەت و واق ورماوی= سەراسیمە بوون». ئەمەش بەلای ئەم فەیلەسوفەوە «لووتکەی مەعریفەی ڕاستەقینەیە».(٥) بۆیە سەڕاج-یش جارێک بە سەرسامییەوە دەپرسێت:

**«نازانم دڵم لە دەستی کێ دایە**
**نازانم دەستم لە دەستی کێ دایە**
**سەرەڕۆ دەخولێمەوە**
**من نازانم نا**
**دڵی شیعرم لە دەستی کێ دایە».(٦)**

جارێکی دیکەش سەراسیمەیە و بەشاژنەکەی خۆی دەڵێت (شاژنێکی مەجازی لە ڕێگەی خوازەی تاجی پرچەوە):

**«پێم خۆشە کەزییەکانت لەگەردنت بئاڵێنم**
**ئەنجا سەیری چاوە زەردەکانت بکەم**
**دەزانی چەندم پێ خۆشە کەزییەکانت**
**لە گەردنت بئاڵێنم و ئەنجا سەیری**
**چاوە زەردەکانت بکەم».(٧)**

ئەم دیمەنە، وەسفی تابلۆیەکی شێوەکاریمان بۆ دەکات: ئەگەر بوێرم من دەڵێم، بیرم بۆ ڕوخساری مۆنالیزاش دەچێت؛ دەشێت هەموو جوانەکان (شاژنەکان) جوانی نەمری مۆنالیزایان هەڵگرتبێت، چونکە لە دواجار سیحری هەموو جوانییەکان لەناو بەهای عیشقدایە. ئێمە کە عیشقی شتێک دەبین لەوێوە جوانی ڕەها دەبینین. لەم دەقەدا دڵبەر (شاژن) لە هەموو شوێنێکی ڕوحی شاعیردا بەدی دەکرێت. لێرەدا هەموو شتێک دیار بێت کات دیار نییە، چونکە کات کاتی عیشقە. (سا عیشق کوا کاتی دیاریکراو و قەتیس و کوا کاتێکی هەیە، کە سەر بەشوناس و شوێنێکی دیاریکراو بێت؟ عیشق زەمەنی شیعرێکی بێ شوناسە، وەک شیعرەکەی (هاشم سەڕاج)، عیشق گەمەیەکی خوداوەندییە، چونکە ئێمە لەوێ مەرگ لەبیر دەکەین).

لە کۆپلەی چوارەمدا کێشانی تابلۆیەکی دیکەی شیعری- شێوەکاری دەگاتە بڕیاری کۆتایی و بەم شێوە یەکلاکەرەوەیە دەکێشرێت:

**«دەکرێت بەرانبەر پەنجەرەکەتان بوەستم و**
**باران بەخوڕ بباریێ**
**ناکرێ بەرانبەر پەنجەرەکەتان بوەستم و**
**باران بەخوڕ نەبارێ».(٨)**

لێرەدا وەک دەبینین دیمەنەکە لەسەر پەردەی خەیاڵی شیعریدا کێشراوە و کۆتایی پێهاتووە. عیشق لێرە دەلالەت لە جوانی هەموو شتەکان دەکات. باران ڕەمزی

بووژانەوەیە؛ ڕەمزی جوانی سروشت و ڕەمزی عیشقی مرۆڤە بۆ ژیان. لە نەستی سەڕاج-دا ئەم عیشقە بەگەوهەری ژیانەوە (باران، ئاو) بەندە. بێنە بەرچاوت لە تابلۆیەکدا، (کە لێرە سیحری وشە بۆمانی دەکێشێت) سەڕاج لەبەردەم ماڵی شاژنێکدا وەستاوە و باران بەخوڕ دەبارێت و ئەویش بە ئاوی باران و بەلێزمەی ڕوحی عیشق تەڕ دەبێت... هیگڵ دەڵێت: «ئەو کاتەی ئەندێشەی شیعریی چالاک دەبێت، ئەویش هەر وەک هونەری شێوەکاری شت وەک خۆی، کە لە واقیعی دەرەکیدا هەیە ناخاتە بەر دیدەمان، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی هونەرییش دایڕشتبێت، بەڵکو تەنیا سۆسە کردن و هەستێکی ناوەکی بێ گەردمان لە ئاست ئەو شتەدا پێشکەش دەکات». (٩)

وەهای بۆ دەچم کاتێک ڕوحمان بیەوێت خۆی دەخیلی پەیڤ بکات: پەیڤی سرک و ڕند، پەیڤی بەخشندەو بە ڕەحم و پەیڤی داهێنەر و میهرەبان، پەیڤی عاشق... دەبێت وا بدوێت و وا بەدەربکەوێت و وا ببیینێن:

**«زۆرجار بە بەردەرگاکەتان تێدەپەڕم**
**بەڵام گەڕەکەکەتان پێ نازانم**
**زۆرجار بە بەردەرگاکەتان تێدەپەڕم**
**بەڵام ماڵەکەتان پێ نازانم**
**زۆرجار بە بەر دەرگاکەتان تێدەپەڕم**
**بەڵام ژوورەکەت پێ نازانم**
**زۆرجار بە بەردەرگاکەتان تێدەپەڕم**
**بەڵام پەنجەرەکەت پێ نازانم**
**زۆرجار بە بەر دەرگاکەتان تێدەپەڕم**
**بە چڵێسی بۆنی عەتری پرچت دەکەم**
**بەڵام شوێنەکەت پێ نازانم». (١٠)**

ئەمە گوتاری ساتەکانی پەرتبوونی شوێنە بەشێوە ئیستێتیکییەکەی؛ بۆیەش «شوێن، شوێنی بەرین هاوڕێی بوونە». (١١) شوێن لەناو گوتاری ئێمەدا هەیە. ئێمە گوتاری مرۆیین. سەد لەسەد گوتاری شیعریش گوتارێکی مرۆییە. بێ گومان هەموو گوتارێکی مەعریفی، گوتارێکی مرۆییە. شوێن کە پەرت دەبێت دەیەوێت باس لە دەسەڵاتی جوانی بکات. ئەمەش ئامانجی زمانی (لۆژیکی) شیعرە. شیعر هەمیشە لەناو زماندا پەرت دەبێت. ئەمەش حیکمەت و نهێنی بەهای ئیستێتیکای شیعرە. جوانی شیعر لەو پەرتبوونە ئیستێتیکییە دایە، کە دووچاری زمانی شیعر دەبێت؛

کەواتە شیعر زەمەنی پەرتبوونە بەناو شوێنە پەرتەکانی زماندا. زمانی شیعر، ئەگەر بەواتا مێژوویی و مەعریفییەکەی زمانێکی پەرت نەبێت، ناتوانێت وەسفی هەندێک چەمکی مەزنی وەک خوا، گەردوون، عیشق، جیهان، جوانی.... بکات.

بەهەرحاڵ لە پەرتبوونی شوێندا، دەسەڵاتی جوانی هەیە و دەسەڵاتی عیشق هەیە؛ لە پەرتبوونی شوێندا هەموو دەسەڵاتەکان بەرجەستە دەبن. (زۆر بەداخەوە لە پەرتبوونی شوێندا، دەسەڵاتی مەرگیش بەرجەستە دەبێت). ئا لەم ساتەدا خود، کە خودێکی زیندووە، خودێکی مەزنە، بە نموونە هەمیشە خود لەناو بەهای عیشقدا خودێکی مەزنە. ئەمە ئەو ساتەیە، کە خود لەناو جیهاندا پەرت دەبێت: خود لەناو پەرتبوونی شوێندا بەناو جیهاندا پەرت دەبێت؛ بۆیە عاشق و سۆفی دەبنە خودی پەرتبووی ناو گەردوون، سەڕاج لێرە هەموو شوێنێکی هەیە و هیچ شوێنێکیشی نییە؛ چونکە خودێکی عاشقی پەرتە لەناو زەمەن و شوێنی پەرتی (بێ سنووری) عیشقدا، سەڕاج خودێکی پەرتە، چونکە شوێنی یار پێ نازانێت، (شاعیر پەرتە لەناو زەمەن و شوێنە پەرتەکانی شیعردا)، بەڵام ئا لێرەشدا، لە ساتەوەختی شیعریدا، دەشێت تەنیا هێماکان ئیش بکەن و ئاماژە بۆ واتای شتەکان بکەن؛ شیعر گەلێک جار خۆی زمانی هێمایە، زمانی ئاماژەیە بۆ واتا مەزنەکان: بۆن (عەتر)یش هێمایە بۆ دۆزینەوە و دەلالەتی زۆر شت (بەتایبەتی ئەو شتانەی، کە ڕوحی مرۆ دەورووژێنن و بە ئاگای دێنن، کەواتە بۆن پردە لە نێوان جیهانی ڕوح و جیهانی ماددەدا). بۆن ڕێک قووڵاییەکی بوونگەرانەی هەیە: بۆن ئاماژەمان بۆ دەکات و پێمان دەڵێت: بوون هەیە و ئێمەش هەین. بۆن وەک ڕەگەزێکی کیمیایی، (یان وەک نیشانەی توخمە کیمیاییەکان) خۆی دەکاتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکی ڕوحی لە نێوان ئێمە و دەوروبەردا دادەمەزرێنێت، بۆنی خۆش (گوڵاو، عەتر) مانایەکی قووڵ دەبەخشێتە بوونمان: چێژ بە بوونمان دەبەخشێت، چێژێکی ئیستێتیکی، ئێمە لە بۆنی ناخۆش دوور دەکەوینەوە، چونکە بوونێکی ناشیرینمان ناوێ، (بۆنی لاشەی مردووش هەروایە، چونکە مەرگ ژیان ناشیرین دەکات). بۆن دەلالەت لە بوونێکی جوان، یان ناشیرین دەکات: بۆنی خۆش نیشانەی بوونێکی ئەرێنی و جوانە؛ بۆنی ناخۆشیش نیشانەی بوونێکی نەرێنی و

ناشیرینە. (لە بۆنی خۆشەوە دەروازە پراکتیکییەکانی عیشق: ماچ، دەستبازی، سێکس دەبنەوە).... سەراج-یش لە ڕێگەی بۆنی (عەتری) خۆشی پرچەوە، داوای بوونێکی جوان دەکات. ئێمە لێرە ئەگەر هیچ شوێنێکیش پێ نەزانین (وەک گوتاری دەقەکە ڕایدەگەیەنێت)، بەڵام بۆنی عەتر (گوڵاو) هەیە، کە عیشقی ساتە جوانەکانی ژیانمان دەکات. بۆن لێرە شوناسێکە، کە ئێمە بەدوای جوانیدا (ژیانێکی جواندا) دەگەڕێین. ئێمە بۆ گوڵێک بۆن دەکەین؟ چونکە گوڵ دەتوانێت لە بەرانبەر بێزاری ژیاندا، ئاسوودەییمان پێ ببەخشێت.

دەشێت بۆن لێرەدا ببێتە هێمای سەرکەوتنی دەقێکیش (نووسین). دەسا ئەدی «شاعیر زمان ناخاتە مەترسییەوە؟ ئەدی ئەو پەیڤی ترسناک نابێژێت؟...» (١٢). بۆن لێرە زمانێکی جوانی پەرتی شیعرمان پێ دەبەخشێت. (بۆن- عەتر- بێ گومان جەڤەنگیشە بۆ پاک و خاوێنی)؛ ئەو زمانەی خۆی لەناو جوانیدا پەرت دەکات؛ ئەو جوانییەی کە بالایە وەک بالابوونی بۆنی خۆشی عیشق و شیعر. کتومت لە دەقەکەی سەراج-یشدا، زمان لەناو ڕیتمی جوانی پەیڤدا، جیهان و عیشقێکی بێ شوێن دەستەمۆ دەکات. من دەمەوێت بڵێم: شیعر چەند ساتێکی سەرسامکەرەو تەنیا بەخۆشی لەم شوناسە (حەقیقەتە)ی خۆی تێدەگات. (بێ گومان شیعر لە جیهانی بابەتەکی داپڕاو نییە، بەڵام خودێکی تەواو سەربەخۆشە لە ساتی داهێناندا. هیچ شتێک بەشیعر ناچێ و شیعر بەخۆی دەچێت؛ کەواتە شیعر خەڵقندەیەکی تاک و ڕیزپەڕو دەگمەنە. لە شیعردا مێژووی جوانی هەیە، مێژووی خوڵقاندنی زمانیش هەیە، لە شیعردا چڕبوونەوە و یەکێتی گوتارەکان هەن، کەواتە شیعر دایکی زمان و گوتارەکانە).

هەر کاتێک مرۆ زۆر سەراسیمە دەبێت پەنا بۆ هونەری شیعر دەبات، چونکە شیعر دەتوانێت لەهەر هونەرێکی دیکە پتر و بە ئاسانی بچێتە ناو ڕوحی گەردوون و شتە سەراسیمەکانەوە.

ئایا شیعر لەهەر هونەرێکی دیکەش پتر پشت بە دەسەڵاتی جیهانی خەیاڵ نابەستێت؟ ئەگەر وایە ئەوە خەیاڵیش جیهانێکە دەتوانێ باش لەشتی سەراسیمە تێ بگات و شتی سەرسامکەریش بخوڵقێنێت. ڕاستییەکەی شیعر لە چوارچێوەی خەیاڵدا (تێرامانی خەیاڵیدا) نەبێت هەرگیز لە دایک نابێت و بەرهەم نایێ. شیعری سەرکەوتوو زۆرترین هێزی خەیاڵ بەکاردەهێنێت؛ هەر ئەمەش سەنگی مەحەکە بۆ سەرکەوتنی زمانی دەقێکی شیعری. زمان لە هەندێک دەقی دیکەی سەراج-دا، بەشێوەیەکی زۆر هونەریانە نوقمی ناو خەیاڵی شیعری دەبێت. پێم وایە دەقی (لالە بەدەستان) یەکێکە لەو دەقە بەرچاوانە. لەم دەقەدا (چامەیەدا) پشت بە هەندێک ڕاوبۆچوونی جەڤەنگ پەروەر و شێوە پەروەرەکان (ڕەمزییەکان و فۆرمالیستەکان) بەستراوە، کە دەڵێن: «شیعر جۆرێکە لە مۆسیقا»، (١٣) یانیش «شیعر لە پەیڤان چێ کراوە، نەک لە بابەتی شیعری». (١٤) بە نموونە بەشێک لە دەقەکە دەڵێت:

**«گەر من وەک دڵی بەردە ڕەشەکان**
**[یاقووتی قلێشاو/ شکۆفەی خەندەران]/**
**دەلەرزن/ دەلەرزن/ دەلەرزن/**
**گیانیان لەباڵەب لە میهری گوناه و**
**ناچیزی لەززەت و کۆڤانی ئاتەشین**
**دارچینی گۆنایان تلیاک و**
**خەیاڵیان خەناوی و بەربڵاو**
**پریشک و کلافەی زەمەنی**
**سەهۆڵین ورد دەکەن**
**هەڵوەدای ڕوحێکی ڕەمیدەی سۆزانین**
**/دەناڵن/ مەراق و فیراق و سوحاق و شەوچرا**
**بەهێیان فەریکی ستیان و**
**خەزانیان تامەزرۆ**
.............
**دەنۆشن/ شەرابی کەدەری تەنیایی و**
**شەربەتی یاقووتی مەدهۆشی**
**کەسیرەو دەردەدار دەپەیڤن**
..............
**مێرگەکان/ بە ئاوی ئەڤین و**
**ئاونگی فەنابوون ئاودێرکەین**
**بەکامی خەمینی ڕاڕایی**
**عومرەوە**
**بۆ مەرگ و جوانی و نەمانی**
**وجوودمان بخەنین». (١٥)**

بەر لەوەی هیچ واتایەک هەڵبهێنجین لەم دەقەدا، کە بەتەواوی زمانی مۆسیقا بەسەریدا زاڵە، ئەوەی گرنگە، ئێمە زەخرەفەیەکی دەستکرد و میکانیکی و درۆزنانە

بەدی ناکەین، بەڵکو هەڵچوونێکی شیعری ڕەسەن، هەموو قەوارەی دەقەکە پێک دەهێنێت. ئا لێرەشدا پێویستە جەخت لەسەر ئەو قسەیەی برگسۆن بکەینەوە، کە دەڵێت شیعر، بەڵکو (ئەدەب بەگشتی) بریتییە لە «داگیرساندنی عەقڵ بەهەڵچوونێکی ڕەسەنی دەگمەن» (١٦). ئایا ئەم چەشنە دەقانەی سەڕاج-یش هەمان پێوەر بەکار ناهێنن، بۆیە دەقی سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوون؟

**ژێدەر و پەراوێزەکان:**


**١- مەسعوود محەمەد. دەستەودامانی نالی. ل٧٧.**

**٢- هاشم سەڕاج. دەقی چلێسی عەتری پرچتم. گۆڤاری ڕامان. ژ ١٣١ل٣.**

**٣- ترنس هوكز. البنيوية وعلم الأشارة. ت: مجيد الماشطة. ص٧٤.**

**٤- خورخي لويس بورخيس. صنعة الشعر. ت: صالح علماني ص ١٥.**

**٥- د. نصر حامد أبوزيد. هكذا تكلم ابن عربي. ص ٢١٠.**

**٨،٧،٦- هاشم سەڕاج. دەقی شیعری (چلێسی عەتری پرچتم). گۆڤاری ڕامان. ژ ١٣١ ل٣.**

**٩- هيغل. فن الشعر- ت: جورج طرابيشي. ص٢٢٩.**

**١٠- هاشم سەڕاج. شیعری چلێسی عەتری پرچتم. گۆڤاری ڕامان. ژ ١٣١. ل٣.**

**١١- جاستون باشلار. جماليات المكان. ت: غالب هلسا. ص٢٣٢.**

**١٢- هەمان ژێدەر. ل٢٤٤.**

**١٣- امية حمدان. الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني. ص٣١.**

**١٤- ترنس هوكز. البنيوية وعلم الاشارة. ت: مجيد الماشطة. ص٥٧.**

**١٥- هاشم سەڕاج. زینانی ڕۆح. ل ٢٠٥- ٢٠٧.**

**سەڕاج لەم دەقەدا و لە زۆربەی دەقەکانی دیکەشیدا، گرەو لەسەر مۆسیقای شیعر دەکات؛ بایەخێکی زێدە بەم لایەنەی پێکهاتەی شیعر دەدا. هەندێک جار شیعر لای ئەو تەنیا بریتییە لە مۆسیقاو ڕەزم: چامەی (لالە بەدەستان) نموونەیەکی وەهایە.**

**١٦- روستريفور هاملتون. الشعر والتأمل. ت: د. محمد مصطفى بدوي. ص١٨٢.**

# سوهرەوەردی
# شێخی ئیشراق، شێخی شەهید

هۆشەنگ شێخ محەمەد

**پێشەکی**

ئەدۆنیس لە گوتارێکیدا بەناوی (روحانیة الخیال القوطي) دەڵێ: «وەک فرۆید دەڵێ، ناتوانین بیرۆکەی خودا بکوژین، بەڵام دەکرێ تێگە و جۆری تەماشاکردنی بگۆڕین» کە سۆفی و زۆرێک لە شاعیران و بیرمەندان و فەیلەسووفەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی وایان کردووە. دوای ئەوەی دیتنی وەحدانییەتی یەهوودی و مەسیحی بەشێوەیەکی گشتی دوای ماوەی چاخەکانی ناوین گۆڕا، ئەم گۆڕانکارییە، لە دیتنی ئیسلامیدا ڕەت کرایەوە و تا ئێستاش ڕەتی دەکاتەوە، سۆفی و شاعیران و فەیلەسووفەکان بەگشتی بە کفر و لە ڕێ لادەر و بێ باوەڕی تاوانبار دەکات.

بەڵام ئایا سۆفییەکان خۆیان چی دەڵێن؟ دیسان ئەدۆنیس لە زاری سۆفییەکانەوە و لە پێش هەمووشیانەوە (جەلالەدینی ڕۆمی) دەڵێ: «ئەوان لە سرووشی ئیسلامییەوە هزرەکانیان هەڵدەبڕن، بەڵام بە تێگەیشتنێکی دیکە، کە دەبێتە هۆی دامەزراندنی دیتنێک، کە ئیسلام تێیدا جودایە لە دیتنی سەلەفی ئوسووڵی».

بەم شێوەیە لە سۆفی و شاعیر و فەیلەسووفەکانەوە کرا بگوترێت کە ئیسلام تەنیا بەناو یەک شتە، ئەم ناوە زۆر جۆری ئیسلامی دروست کرد، ئیسلام لە فۆرمە سونییەکەی، ئیسلام لە فۆرمە شیعییەکەی و ئیسلام لە فۆرمە سۆفی و شیعرییەکەی.

* * *

سوهرەوەردی وەک سۆفی و فەیلەسووفی فەلسەفەی ئیشراق، کەخۆی دامەزرێنەریەتی، یەکێکە لەو سۆفی و شاعیرانەی بەشێوەیەکی دیکە تەماشای دین و ئیسلام و هزر و خودا و ڕووناکی و هەبوونی کردووە، کەسێکە کە لە دواجاردا دەبێتە قوربانی بیری ئازاد و دەنگی نەترساوی خۆی، لەسەردەمێکدا کە هزری ئیسلامی لە زۆر لاوە تووشی ململانێی ئەو فۆرمانە بوو بۆ خوا و ئیسلام و هزر و ئازادی.

* * *

دین و دەسەڵات کە بەردەوام لە ئیسلامدا پێوەندییەکی بەهێز و بەتین لەنێوانیاندا هەبووە، لەگەڵ ململانێی دەسەڵات و هزری باو و ئەو کەسانەی ویستوویانە ئازادانە بڕواننە خودا و دین و هزر و فەلسەفە و ژیان و هەبوون، پێوەندییەکی خوێناوی و ئاگراوی هەبووە، خوێناوی لە کوشتنی شاعیر و سۆفی و فەیلەسووفەکاندا، ئاگراویش لە سووتانی کتێب و کتێبخانە و نووسراوی ئەو شاعیر و سۆفی و فەیلەسووفانە.

* * *

کوشتنی حەلاج و کوشتنی سوهرەوەردی دوو ڕووداون

لە دنیای هزری ئیسلام و فۆرمە سۆفیگەرییەکەی، کە زۆر لە نووسەران و ڕووناکبیران پێیان وایە دوو کوشتنی بێ وێنە و سەرپەڕن لەتاوان و کوشتنەکانی دەسەڵاتە ئیسلامییەکاندا، کە یەکەمیان لەسەر دەستی خەلیفەی عەباسی (موقتەدەر بیللا) لە ساڵی (٩٢٢ زاینی)، دووەمیشیان لەسەر دەستی سەلاحەدینی ئەیووبی لە ساڵی (١١٩١ زاینی) ئەنجام دراوە. بەناوی کفر و زەندەقە و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام و خراپ کردنی بیری گەنجان و خەڵکی موسڵمان و دەرچوون لە ڕێساکانی ئایین.

*  *  *

دیسان وەک ئەدۆنیس دەڵێ: (ئەمە شۆڕشێک بوو لەناو ئیسلامدا لە هەمان کاتیشدا شۆڕشێکی مەعریفی بوو کە لە ئەرسۆدۆکسییەتی ئیسلامیدا جێگەیان نەدەبووەوە و بە شێوەیەکی توندیش ڕەت دەکرایەوە)، دیارە مەعریفەی سۆفی و شاعیر و فەیلەسووفەکان بە تەنیا مەترسی نەبوو لەسەر خودی (خودا)، بەڵکو مەترسییەکەی بۆ خودی ئیسلام و ئایین و ئەو دەسەڵاتانە بوو کە (هەقیقەت)یان پاوان کردبوو، هەقیقەتێک کە لە نمایشی خۆیدا، بناغەکەی بێ دەنگ کردن و نەبوونی هەقیقەتی دیکە بوو، بێ دەنگ کردنی ئەوی دی بوو.

*  *  *

قسەکردن لەبارەی خوداوە، ئایین و پیرۆزی، لە فۆرمە سۆفیگەرییەکەیدا، بناغەیەک بوو بۆ جیاکردنەوەی ئەم ناوانە لە یەکدی، (خودا، ئایین و پیرۆزی) وەک چۆن بناغەیەکیش بوو بۆ جۆرە تەفسیرێکی دیکە بۆ پێوەندی لەنێوان مرۆڤ و خوا، ئایین و پیرۆزیدا. کە ئەم ڕاڤە نوێیانەش پێویستیان بە پرسیارکردن هەبوو، کە سەر لەنوێ لەو پێوەندییانە بکۆڵێتەوە، بۆ دەست نیشان کردنی ئەم پێوەندییانەش، ئازادی ئەو پرسیارە گەورەیە بوو کە لە ئایین دەکرا «ئەگەر ئایین سەرەتا ئازادیمان نەداتێ ئەی چی؟» ئەوەبوو سۆفییەکان بە ڕوحی ئازادیانەوە توانیان زۆر جۆرە پرسیار بخوڵقێنن و وا بکەن کە زۆرانێکیش بپرسن «ئەمانە وامان لێ ناکەن کە جارێکی دیکە پرسیار لە دووبارە خوێندنەوەی جەوهەری شەریعەت بکەین؟»

## سوهرەوەردی، ژیان و ڕۆشنبیری

شەهابەدین یەحیا کوڕی حەبەش کوڕی ئەمیرەک سوهرەوەردی، ناسراو بە شێخی ئیشراق، شێخی شەهید و زۆر نازناوی تر، بە گوێرەی سەرچاوە جۆراجۆرە فارسی و عەرەبییەکان، لە ساڵی (٥٤٦ی کۆچی بەرانبەر ١١٥٣ی زایینی، یان لە ساڵی ٥٤٩ی کۆچی بەرانبەر بە ١١٥٥ی زایینی)، لە گوندی (سوهرەوەرد)ی سەر بە شاری زەنجان لە ئێران لەدایک بووە.

بەگوێرەی مێژوو، شاری زەنجان لەسەر دەستی (ئەردەشێری بابەکان) دروست کراوە، لەو سەردەمەدا پێی گوتراوە (شەهین) کە لەناوی (شاه)ەوە وەرگیراوە. دوای چەندین سەدە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بووە بە (زەندیگان)، بەواتەی زیندەگانی، بەواتەی ئەهلی کتێبی زیندە کە بەناوبانگترین کتێبی ئایینی زەردەشتی بووە، دواتریش لە سەردەمی ئیسلامیدا بووە بە (زەنگان) دواتریش بە (زەنجان). لەسەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا چونکە شوێنێکی باش بووە بۆ کشتوکاڵ و چاندن و بەخێوکردنی ئاژەڵ. زۆر هۆزی تورک نەژاد هاتوونەتە ئەو شارە و لەوێ و لە دەوروبەری نیشتەجێ بوونە، بەتایبەتیش لە دەشتی، یان چیمەنی سوڵتانییە.

دواتریش کاتێک هێرشی مەگوولەکان دێتە سەر ناوچەکە، شاری زەنجان و دەوروبەری زۆر زیانیان پێ دەگات، بەڵام دواتر ئیلخانییە مەگوولییەکان بایەخێکی زۆر بەزەنجان دەدەن، بە تایبەتی (سوڵتان محەممەد خودا بەندە) دوای ئەوەی بووەتە (شیعە) بایەخێکی زۆری بەو شارە داوە.

شاری (خودابەندە) کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی زەنجان، هەردوو شاری (سوهرەوەرد) و (سەجاس)ی لێ بووەتەوە. کە شەهابەدین سوهرەوەردی لەوێ دەرکەوتووە.

شاری زەنجان لە چاخەکانی دواتر شوێنی زۆر ڕووداوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەزهەبی بووە، وەک شۆڕشی (عەلی محەمەد باب)، تێکۆشانی ملوکەکانی تەوایفی و خەباتی مەشروتییەت و تێکۆشانی نێوان دەرەبەگ و دەمۆکراتەکان و تاد..

گوندی سوهرەوەرد گەلێ زانای ناوداری پێشکەش بە جیهانی ئیسلامی کردووە.

سوهرەوەردی، سەرەتا لە گوندەکەی (سوهرەوەرد) بوو کە گوندێک بوو لە نزیکی زەنجان و لە کۆنەوە خەڵکی

ئەو گــونده چاندنیــان دەکــرد و مــرۆڤی زانای تێــدا هەڵکەوتبــوون و پێــوەندییــەکی توندیان بە زانســتــەوە هەبوو، هەرچەندە کاری سەرەکییان چاندن بوو، بەڵام بۆ خوێندن و فــێربوون منداڵەکــانیــان ڕەوانەی خــوێندنگە دەکــردن، ســوهرەوەردیش هەر لەگــوندەکــەی دەســتی بە خوێندن کردووە و هەر لەوێش فێرە خوێندنەوە و نووسین بووە، قــوتابییــەکی زیرەک بووە و مــامۆســتــاکــەی پێی دەڵێت کە تۆ توانایی زۆرت هەیە بۆ فێربوون و حەیفە کە ئەو تواناییە تەنیــا لە سنووری ئەو گوندەدا بمێنێــتــەوە، بۆیە بە باوکی شــەهابەدین دەڵێت کــوڕەکــەت بنێــرە (مەراغە) تا لەوێ بخوێنێت، چونکە من پێشبینی دەکەم ئەو کوڕەت ببێتە زانایەکی گەورە، باوکی شەهابەدینیش بەقسەی مامۆستاکە دەکات و دەینێرێتە (مەراغە). کە مەراغەش لەوکاتدا، شارێکی گەورەی ئێران بووە.

لە مــەراغــەدا سوهرەوەردی لەگەڵ (مــەجدەدین جیلی) خوێندنی ســەرەتایی تەواو دەکــات. دوای ئەوە دەچێــتــە ئیســفــەهان، لەو کــاتەدا ئیــســفــەهان بنکەیەکی گــرنگی زانســتی بووە لە ئێــراندا. ســوهرەوەردی لە ســەردەســتی مــامــۆســتــای بەناوبانگ (زەهیــرەدین قــاری) تەواوی زانستەکانی ئەو سەردەمە فێر دەبێت.

لە تەمــەنی شازدە ساڵیــدا، لەمامــۆستــاکــەی خۆی بێ نیــاز دەبێت، چونکە شتــێک نامــێنێت لێی فــێر ببێت، ســوهرەوەردی توانایــیــەکی زۆری هەبوو بۆ فــێــربوون، تەنانەت زیاتر لە ئیبن سینــاش کــە وەک ســەرچاوەکــان دەگێــڕنەوە کە ئیبن سینا لە تەمەنی (١٨) ساڵیــدا تەواوی زانســتــەکــان فــێربــوو، بەڵام شــێخ شــەهاب لە تەمــەنی (١٦) ساڵیــدا توانی تەواوی زانســتــەکــان لای مامۆستاکەی تەواو بکات.

دوای تەواوکــــردنی خــــوێندنی، لەســــەر عــــرفــــان ڕادەوەستێت و لەسەفەر و گەڕانەکانیدا لەگەڵ جەماعەتی سۆفییەکاندا دانوستاندن دەست پێدەکات، هەروەها بە تێکۆشانی دەروونی مژوول دەبێت.

هەر لەو تەمەنەدا واتە (١٦) ساڵیدا، لەکاتی خوێندن و لێکۆڵینەوەیدا لە ئیــســفــەهان، تێــدەگــات کە هەمــوو شــتــەکــانی جیــهــان لە ڕووناکی پەیدابوونە و ڕووناکی دەبەخشنە یەکدی، ڕووناکی بەخشــینیش (ئیشــراقە) و لەوێوە سەرەتای فەلسەفەکەی خۆی دەست پێ دەکات.

جــێی ســـەرنجــە کــە یەکــێــک لە دژبەرە گــەورەکــانی فــەلسـەفــەی مــەشائی (فــەخرەدینی ڕازی) لەو کــاتدا لە ئیــســفــەهان لەگــەڵ ســوهرەوەردی خــوێندووە، هەرچەندە ناوبراو لەگــەڵ ســـوهرەوەردی لەلایەنی زانســتــیــدا دژایەتییــەکی گــەورەی هەبوو، بەڵام لە دۆســتــایەتیــدا برادەرایەتیــیــەکی ســەیریان هەبوو، لە دوای کــوشــتنی (سوهرەوەردی) بە چەند ساڵێک، کۆپییەک لە کتێبەکەی سوهرەوەردی بەناوی (تەلویحــات) دەدەنە (فــەخرەدینی ڕازی) ئەویش کــتــێــبــەکــە مــاچ دەکــات و فــرمــێــسک لەچاوەکانی دەڕژێن.

ســوهرەوەردی هەر زوو دەســتی بەخــوێندن کــردبوو و زووش پڕی مــەعــریفــە بــوو، هەروەها زووش دەســتی بە نووسین کرد، بۆیە نووسەرێکی وەک دکتۆر یووسف زێدان دەڵێت: «بۆیە سەیر نییە کە زووش کۆتایی هات».

سوهرەوەردی دوای تەواوکردنی خوێندنی فەرمی، لەناو ئێــراندا دەست بە گــەڕان و سەفــەر دەکات، لەگەڵ زۆر لە شێخەکانی سۆفیگەریدا دادەنیشێت و گفتوگۆ دەکات، و زۆر ســەرنجی ڕادەکــێــشن. لەڕاســتــیــدا لەو مــاوەیەدا سوهرەوەردی ڕێگەی سۆفیگەری هەڵدەبژێرێت و ساڵانی تەمەنی لەو ڕێیەدا دەگوزەرێنێت. گەڕانەکانی وردە وردە فــراوانتــر و دوورتر دەبن، دواتر ڕوو لە ئەنادۆل دەکــات و دەگاتە شام.

لەو ســەفــەرەدا لە شــام پێشــوازییــەکی گــەرم و گــەورەی لێکرا و زۆر کەس بە هزرەکانی داخبار بوون. لە یەکێک لە سەفەرەکــانیدا کە لە دیمەشقەوە چووە حــەلەب، لەوێ گــەیشــتــە دیداری مــەلیک (زاهر) کــوڕی ســەلاحــەدینی ئەیووبی. مەلیک زاهر کە حەزێکی گەورەی بۆ سۆفیزم و زانایانی سۆفــیگەری هەبوو، کەوتە بن کــاریگەری زانای گەنج و داوای لێکرد لە حەلەب لەلای ئەو بمێنێتەوە.

سوهرەوەردی کە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ناوچەکە واتە حــەلەب و دەوروبەری هەبوو، بە گــەرمــیــیــەوە پێشنیــارەکــەی مــەلیک زاهری قــەبووڵ کــرد و لەلای ئەو مایەوە.

ســوهرەوەردی وتە و بیــر و باوەڕەکــانی بێ پەردە و بێ ترس دەخســتــە ڕوو. بەشــێــوازێکی زۆر هۆشــمــەندانە و زیرەکــانە دەیتــوانی لەگەڵ هەر کەســێک قــســە بکات و لەگفتوگۆکاندا بەسەریاندا زاڵ بێت. بەهۆی شارەزابوونی لە فــەلســەفــە و ســۆفــیگەریدا، گــەلێک دوژمنی لەنێــو ڕیزەکــانی زانایانی ئایینیدا بۆ پەیدابوون. بەتایبــەتیش

ئەگەر بزانین کە لە حەلەب کتێبە بەناوبانگەکەی (حیکمەتی ئیشراق)ی تەواو کرد، پێش تەواوکردنی کتێبەکە، هەندێک لە بەشەکانی (حیکمەتی ئیشراق)ی لەناو زاناکانی حەلەبدا بڵاوکردەوە و لە هەموو هەڵێکدا دەیویست سوود وەربگرێت و بیری فەلسەفییانەی خۆی لەناو زاناکانی حەلەبدا بڵاو بکاتەوە، بەڵام زاناکانی شام و حەلەب، هەم وەک کەسێکی بێگانە تەماشایان دەکرد و هەمیش وەک (شیعە)یەک دەیانناسی.

ناکۆکییەکانی هزری سوهرەوەردی و زاناکانی شام و حەلەب گەیشتە ڕادەیەک کە ئەو وەک هەڵگەڕاوەیەک (مورتەدێک) لە ئیسلام دانێن و داوا لە مەلیک زاهر بکەن بیکوژێت، بەڵام مەلیک زاهر داواکارییەکەی ئەوانی ڕەت کردەوە، چونکە مرۆڤێکی زانا و ئەدەبدۆست بوو، بە زاناکانی شام و حەلەبی گوت: (کە سوهرەوەردی، هەندێک بۆچوونی خۆی سەبارەت بە «حیکمەت» نیشان داوە، نەیگوتووە کە من پێغەمبەرم، یان ئینکاری ئیسلام بکات، من چۆن بیکوژم؟)

بۆیە ئەوانیش شکایەتەکەی خۆیان گەیاندە سەلاحەدینی ئەیووبی، کە ئەو کاتەش سەلاحەدین شای سوریا و میسر بوو، سەلاحەدینی ئەیووبی کە تازە سوریای لەدەست خاچپەرستەکان دەرهێنابوو، بۆ پاراستنی ئیعتباری خۆی زۆر پێویستی بە پشتگیری زانایانی ئایینی بوو، بۆیە گوێی بۆ داواکارییەکەی ئەوان شل کرد. بۆیە جەختی کردە سەر کوڕەکەی (مەلیک زاهر) و ناچاری کرد کە سوهرەوەردی لە ساڵی (٥٨٧ی کۆچی بەرانبەر بە ١١٩١ی زایینی) بخاتە زیندانەوە.

## شێخی ئیشراق لە زیندان لە تەمەنی ٣٦، یان ٣٨ ساڵیدا گیانی لەدەست دەدات

تا ئێستاش شێوازی مردنی بە تەواوی دیار نییە، بەڵام چەند گێڕانەوەیەک سەبارەت بە کوژرانی هەیە، لەوانە: لەسەر داوای خۆی مەلیک زاهیر دەیخاتە زیندانێک و داوا دەکات خواردن و ئاوی نەدەنێ تا دەمرێت، چونکە سوهرەوەردی بەوە ناسراوبوو کە توانایی هەبووە بۆ ماوەیەکی زۆر خواردن نەخوات، وەک ئاشکراشە برسیبوون یەکێکە لە ڕەفتارەکانی سۆفییەکان. گێڕانەوەیەکی دیکە ئەوەیە کە لەسەر قەڵای حەلەبەوە فڕێ درابێتە خوارەوە، بەڵام وەک دیارە زیاترینی گێڕانەوەکان لەگەڵ ئەوەدان کە شێخی ئیشراق لە ئەنجامی برسیبوونەوە مردووە، بەتایبەتیش ئەگەر بزانین کە سوهرەوەردی، لە ژیانیدا وەک کەسێکی ڕووت و ڕەجاڵ و بێ بایەخدان بە خواردن و جلوبەرگ ژیاوە و گرنگی بەم شتانە نەداوە، توانایی هەبووە ماوەیەکی زۆر بێ خواردن بژێت. وەک دکتۆر یووسف زێدان دەڵێت: (سوهرەوەردی سۆفییەک بوو سەودای لەگەڵ پاشا و سوڵتانەکان نەبووە و بایەخی بە جلوبەرگەکانی نەدەدا، هەر کەسێک لەسەر شێواز و جلوبەرگەکانی ڕووبەڕووی ببایەوە ئەوە شێخ دەیگوت: «من بۆ ئەوە ناژیم تا جل بشۆم، کاری لەوە گرنگترم هەیە پێیەوە مژوول بم»)

سوهرەوەردی بەتایبەتی کە لە حەلەب لای مەلیک زاهر جێگیر دەبێت، ئەو سەردەمە، سەردەمی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ئیسلامەکان بوو لەگەڵ خاچپەرستەکان لەلایەک، هەروەها هێرشەکانی مەگوولییەکانیش کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهاتن و مەترسییان زیاتر دەبوو. لەلایەکی دیکەشەوە هزری ئیسلامی لە تەماس و تێکەڵبوونێکی ڕاستەوخۆ بوو لەگەڵ فەلسەفە و کاریگەرییەکانی یۆنانی و فارسی و هندی.

کاتێک سوهرەوەردی لە حەلەب جێگیر بوو، لە مزگەوتی (ئەلحەلویە) نیشتەجێ بوو، لەوکاتەدا حەلەب بنکەیەکی گرنگی هزری ئایینی بوو، سوهرەوەردی توانی سەرنجی زانا ئاینییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەتایبەتی کە گەنجێک بوو پڕ چەک بوو بە فەلسەفەی ئیدیالیانەی ئەفلاتوون و ئیستدلالی ئەقڵی ئەرستۆ و دانایی جاماسپ و فرشادشێر و بزورگمێهر و زەردەشت و ئەوانەی پێش ئەوان و لەگەڵ شارەزاییەکی زۆر گەورە و ڕەسەن لە هزری ئیسلامیدا، بە تایبەتی لە هزری زونونی میسری و سوهێل کوڕی عەبدوڵڵاهی تەسەتوری و بایەزیدی بوستامی و مەنسووری حەلاج و ئەبو سەعیدی ئەبو ئەلخێر، بۆیە زۆر نازناویان بە بەردا کردبوو وەک (مؤید بالملکوت، سەیدی زەمەن) هەر بۆیەشە لە ئەنجامی ئەو زیرەکییەی خۆیەوە مەلیک زاهیری کوڕی سەلاحەدین زۆری لەخۆی نزیک کردەوە. کە ئەمەش دوایی بووە هۆکاری ئەوەی پیاوە ئایینیەکانی ئەوسای حەلەب ڕقیان لێ ببێتەوە و زوو سەری بخۆن، وەک هەندێک سەرچاوە دەڵێن پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە ٣٦، یان ٣٨ ساڵی.

چیرۆکی، یان هۆکارەکانی کوشتنی سوهرەوەردی بۆ ئەو

بیــرانەی دەگــەڕێتـــەوە کــە ئەو لەســەر زانا و دانا نوورانییـەکان هەیبوو، چونکە سوهرەوەردی بڕوای وابوو کە دوو جۆری دانای نوورانی هەن، یەکەمیان دانایەک کە لە لێکۆڵینەوەدا قووڵ بووەتەوە، دووەمیشـیـان دانایەک کە بە (تألە) (خواگەریی)دا شۆڕبووەتەوە.

ئەو خـۆی بە درێژکراوەی زنجیـرەی ئەو دانایانە دادەنا کە لەمێژوودا هەردوو میتۆدی لێکۆڵینەوە و (تألهیان) خواگـەرییـان گـرتبـووە بەر وەک ئەفـلاتوون. ئەو پێـشی وابوو کە ئەم دانایانە لە چینی دانا بەرزترەکانن، هەروەها لە هەمان کاتیشدا پێی وابوو کە پێغەمبەری ئیسلام کە بەناو لێکۆڵینەوەدا شۆڕنەبووەتەوە و لەخواگەریدا قووڵ بووەتەوە، چونکە پەیامبـەر و پێـغـەمـبـەر بووە (رسول و نبي)، بۆیە کە دانا و زانا ئایینییەکانی حەلەب سەبارەت بە پێغەمبەر پرسیاری لێ دەکەن، سوهرەوەردی بێ دەنگ دەبێت، بەڵام زاناکـان بێ دەنگ نابن و پرسـیـارێکی بۆ دروست دەکەن، کە ئەم جۆرە پرسیارکردنە لە مەنتیقدا بەشێوازی (شەرمەزارکردن- الأحراج)(*) ناسراوە. بەو مـانایەی پرسـیــارێکی ئاوا بکەیت کـە وەڵامــەکـەی هەرچییەک بێت کوشندە بێت، پرسیـارەکەش ئەمەبوو: (ئایا خودا دەتوانێت لەدوای مەحەمەد، پێغەمبەرێکی دیکە بنێرێت؟!)

لێـرەدا ئەگـەر سـوهرەوەردی بەوە وەڵامی دابایەوە کـە بەڵێ خـودا دەتوانێت، ئەوە مـەترسـیـدار بوو، چونکە محەمەد دوا پێغەمبەری نێردراوی خوایە، ئەگەریش بڵێ نەخێر، ئەوە بەم وەڵامەی سنوور بۆ هێز و دەسەڵاتی خوا دادەنێت، بەڵام سوهرەوەردی بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: (سنوور بۆ هێزی خودا نییە).

بەم شێـوەیە لەسـەر ئەو وەڵامـەی حوکـمی کـوشـتنی دەدرێت.

لێرەدا هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە زاهیری کوڕی سەڵاحەدین ڕازی نییە بە کوشتنی سوهرەوەردی، بەڵام زانا ئاینییەکان سەڵاحەدین لەم مەسەلەیە ئاگادار دەکەنەوە و ئەویش بە زۆر لەسەر کوڕەکەی دەسەپێنێ کە سـوهرەوەردی بکوژێت، لێـرەدا هەندێک سـەرچاوە باس لەوە دەکـەن کـە گـوایە کـۆمـەڵێک هۆکـار لە پشت ئەو بڕیارەی سەڵاحەدینەوە هەبووە کە پێوەندییان بەو کاتەوە هەبووە، کە سەڵاحەدین لەشەڕدا بووە و لەناو ڕەوشێکی خراپی سەربازی و جەنگدا بووە، بۆیە ئەو بڕیارەی داوە، ئەگەر نا سەڵاحەدین کەسێکی میهرەبان و دلۆڤان بووە، بەڵام سەرچاوەی دیکە هەن بە پێچەوانەوە دەڵێن نەخێر سەڵاحەدینی ئەیووبی زۆر ڕقی لە فەیلەسووف و تەنانەت کتێب و کتێبخانەکانیش بووەتەوە و بەڵگەشیان کوشتنی سـوهرەوەردی و فـەیلەسـووف و زانای دیکەیە بە بڕیاری ئەو سـووتاندنی کتێب و کتێبخانەکـانیش بە بەڵگەیەکی دیکە دەهێننەوە، هەندێک نووسین ســەڵاحـــەدین بە فەیلەسووف کوژ و کتێب سووتێنەر ناو دەبەن، هەروەها دەشڵێن لەو کاتەدا سەڵاحەدین، ڕەوشی سەربازی خراپ نەبووە و لەشـەڕەکـان بـبـووەوە، بۆیە ڕاست نـیـیـە کـە خراپبوونی ڕەوشی سـەربازی بکرێتە بەهانە بۆ کوشـتنی سوهرەوەردی.

سـەبارەت بە کـوشـتنەکەی، نووسـەرێکی وەک (قـاسم مـحـەمـەد عـەباس) کە ئەم زاتە هەمـوو نووسـراوەکـانی (مەنسووری حەلاجی) کۆکردووەتەوە و تۆماری کردوون، دەڵێت: «ئەو ڕەوتەی بووە هۆکـاری کـارەسـاتی حـەلاج دوای زنجیـرەیەک دادگـایی کردن، زۆر لەو ڕەوتە دەچێت کە بووە هۆی کوشتنی سوهرەوەردی» جگە لەمەش قاسم مـحـەمـەد عـەباس لە بارەی مـردنی سـوهرەوەردییـەوە دەڵێت: (مردنێکی کەم وێنە و ڕیزپەڕ بوو. وەک مەرگی حـەلاج کـە مـردنێکی تاک و یەکـانە بوو، ئەنجـامـێکی ڕەوای سروشتی ململانێی نێوان هزری بەکۆمەڵ و هزری تاکـێکی سـەرووی کـەسـایەتی نەبوو، کـە بۆ چەند کەسانێکی کەمی سۆفییەکان دادەمەزرا، بە شێوەیەک کە ئەو کـەسـانە پێـوەرە ئەخلاقـیـە باوەکـانی گـفـتوگۆیان بەسـەردا ناچەسـپـێت، ئەگـەر وەک پێـوەرێک بۆ زانینی ئەوەی کە ئایە مەترسین لەسەر جەوهەری شەریعەت، یان ئەوە دەدۆزینەوە کە ئەوان پرسـیـارێکی هەقـیـقی لەسـەر دووبارە خــوێندنەوەی جــەوهەری شــەریعــەتمان بۆ دادەمەزرێن).

## لەبارەی کوردبوونییەوە

دیارە ســوهرەوەردی بەگــوێرەی ســەرچاوەکــان هەم بە عـەرەب و هەم بە فـارس و هەم بە کـورد ناسـراوە، کـە ڕەنگە تا ئێـسـتـاش ئەوە بە تەواوەتی بۆ هەمـووان سـاغ نەبووبێـتـەوە کە کـوردە، یان فـارسـە، وەک ئەوەی دەیان ناوداری تری مێژوویی هەن هەر میللەتێکە و بە بەڵگە و بێ بەڵگەوە بۆ خۆیانی دەبەن.

هەرچۆنێک بێت، یەکێک لەو سەرچاوانەی باس لە کوردبوونی (سوهرەوەردی) دەکات، (د. ئەحمەد خەلیلە) کە لە باسی «ناودارانی کورد لە مێژووی ئیسلامیدا» لە ژمارە ١٩دا، باسی شەهابەدینی سوهرەوەردی دەکات، کە بە پشت بەستن بە زۆر سەرچاوەوە باسێکی لەسەر نووسیوە، د. ئەحمەد خەلیل دەڵێت: سوهرەوەرد کە سەهروردیشی پێ دەڵێن، شارێکی کوردییە و نزیک زەنجان لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران، کە ناوچەی میدیای کۆنە. هەریەک لە «ئەستەخری دەوروبەری ٦٢٦ی کۆچی» و «ئیبن حەوقەل دوای ٣٧٧ی کۆچی» و «یاقووتی حەمەوی دەوروبەری ٦٢٦ی کۆچی» و «ئەبو ئەلفیدا ٧٣٢ی کۆچی» وەک بەشێک لە هەرێمی چیاکان باسیان کردووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژئاواکانی سێ بەشی هەرێمەکانی چیاکان پێک دێنن. سوهرەوەردیش دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەو ناوچەیە و باکووری شارەزوور، لەسەر تخووبی هەرێمی کوردستانی عیراق لەگەڵ ئێران.

«ئیبن حەوقەل» لە کتێبەکەیدا (وێنەی زەوی لاپەڕە ٣١٤) سەبارەت بە سەهرورد دەڵێت: «لە شارەزوور دەچێت لەلایەنی خۆشگوزەرانی و خۆشی شوێن و بەپیتی و بەرفراوانی و جوانییەکەی و کوردەکان زۆرینەی ناوچەکەن».

سەبارەت بە ناوی سوهرەوەردیش وەک «ئیبن خولەکان» باسی کردووە: ناوی یەحیا کوڕی حەبەش کوڕی ئەمیرە کە، کونیەی «ئەبوئەلفتوح»ە و نازناویشی شەهابەدینە، بەشەهید و کوژراویش ناوی دەرکردووە، ئیبن خولەکان باشترین کەسێک بووە بۆ ناسینی ناوە کوردییەکان و ڕێک کردنیان و مەفتەنیشی لە مەفتەنی سوهرەوەردی نزیک بووە، زیاتریش لەوە ئیبن خولەکان دەڵێت کە زیادکردنی پیتی (ک) بۆ هەندێک ناو شتێکی باوبووە، وەک (ئەمیر) بۆ بچووککردنەوە پیتی (ک)ی بۆ زیاد کراوەو بۆتە (ئەمیرەک) کە ئەمەش شتێکی زانراوە لە زمانی کوردی کۆن ونوێدا، وەک چۆن بە مستەفا گوتراوە، مستەک، یان بە خەلیل، خەلەک، شێخ، شێخەک و بەم شێوەیە.

د. ئەحمەد لەباسی سەفەر و گەڕانەکانی سوهرەوەردیدا دەڵێت کە سوهرەوەردی دوای مەراغە و ئیسفەهان، چووەتە لای (شێخ فەخرەدینی ماردینی) و برادەرایەتییەکی خۆشیان هەبووە، هەروەها چووەتە دیاربەکر و پێشی خۆش بووە لەوێ بمێنێتەوە، پێوەندی بە میر خەربووت عیمادەدین قەرە ئەرسەلانەوە کردووە و کتێبی (الألواح العمادية)شی دیاری ئەو کردووە، ڕۆژهەڵاتناس «ماسینیۆن» پێی وایە کە سوهرەوەردی لەلای ئەم میرەوە مەزهەبی ئیشراقی خۆی دامەزراندووە.

هەروەها سەرچاوەیەکی دیکەش کە باس لە سوهرەوەرد و کوردبوونی سوهرەوەردی دەکات باسێکی (سەید ئیسماعیل حوسێنی)یە بەناوی گوندی سوهرەوەرد، شاری کۆنی سوهرەوەرد و کوردبوونی شێخی ئیشراق. لە هەفتەنامەی سیروان، بە دووبەش بڵاوکراوەتەوە.

## لەبارەی ناوی (سوهرەوەرد)

وەک پەیڤ دەڵێت: زۆر لە نووسەرانی کورد بەتایبەتی خوالێخۆشبوو، (بابە مەردۆخی ڕوحانی) لە کتێبی مەشاهیری کورد، پەیڤی (سوهرەوەرد) دەگەڕێنێتەوە بۆ (سوورە بەرد)، ناوبراو هەرچەندە زۆر بە درێژی ڕاڤەی نەکردووە، کە ئایا لە بەعەرەبی کردنی سورە بەردە یان نە؟ ئەگەر ئێمە ئەو شیمانە لاوازەش قبووڵ بکەین، ناچارین لەسەر بە عەرەبی کردنی ناوەکە ڕاوەستین، کە لەو حاڵەتەدا کێشەمان بۆ دروست دەکات، چونکە هەر دوو پیتی (و) و(ب)، هەردوو پیتەکانی سەرەکی ئەلفبای عەرەبین، واژەی (سوهر) لە پارسی کۆندا بەواتەی (سرخ- سوور) دێت، وەکو (سهرگاو، بەواتەی گای سوور) واژەی (وەرد) دیسان لە فارسی کۆندا بەواتای (ئەسپی گوڵگون) دێت، واتە ئەسپێک لەنێوان کمیت و زەرد بێت، واژەی (وەرد) لە زمانی عەرەبی، واتە گوڵی سوور، کە لە زمانی کوردیشدا بەمانای ئەو زەویە دێت کە بۆ چاندن حازر کرابێت (وەرد).

لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین (سوهرەوەرد) بەواتەی گوڵی سوور، یان ئەسپی گوڵگون دێت.

زۆر ڕای تر لەسەر ناوی سوهرەوەرد هەن، کە دەکرێت زۆریان قبووڵ بکرێن و زۆریشیان ڕەت بکرێنەوە.

هەرچۆنێک بێت، سوهرەوەردی، سۆفییەکی گەورەی ئیسلام و فەیلەسووفێکی مەزنی فەلسەفەی ئیشراقییە.

## لەبەرهەمەکانی سوهرەوەردی

١- المشارع و المطارحات.

٢- التلويحات.
٣- (حكمة الاشراق) كە لە دوو بەش پێكهاتووە، یەكەمیان سێ وتار لەسەر مەنتیق، بەشی دووەمیان پێنج وتارە سەبارەت بە ئیلاهییات، كە گرنگترین كتێبی سوهرەوەردییە كە بیروبۆچوونی فەلسەفییانەی سوهرەوەردی لەسەر فەلسەفە و مەزهەب ڕوون دەكاتەوە.
٤- اللمحات، كێبێكی كورتە سەبارەت بە حكیمەت و ئیلاهییات و مەنتیق.
٥- الالواح المعادیة، سەبارەت بە زانستەكانی حیكمەت و زاراوەكانی فەلسەفەیە.
٦- الهیاكل النوریة، یان هەیاكلی نوور، ئەو كتێبە پڕە لە بۆچوونی فەلسەفی كە سەرەتا بە عەرەبی نووسیویەتی و دواییش خۆی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.
٧- المقاومات، نامەیەكی كورتە كە سوهرەوەردی وەک ڕوونكردنەوەیەک، یان پاشكۆیەک بۆ كتێبی التلویحات نووسیویەتی.
٨- الرمز المومی.
٩- مبدأ و المعاد، بە زمانی فارسی نووسراوە.
١٠- بستان القلوب، كورتكراوەیەكە سەبارەت بە حیكمەت، كە سوهرەوەردی بۆ كۆمەڵێک برادەر و كەسە نزیكەكانی خۆی بەزمانی فارسی لە ئیسفەهاندا نووسیویەتی.
١١- طوارق الأنوار.
١٢- التنقیحات في الأصول.
١٣- كلمة التصوف.
١٤- البارقات الالهیة.
١٥- النفحات المساویة.
١٦- لوامع الأنوار.
١٧- الرقم القدسي.
١٨- اعتقاد الحكماء.
١٩- كتاب الصبر.
٢٠- رسالة العشق.
٢١- رسالە در حالت طفولت، (نامە لەباری منداڵییەوە) بە فارسی نووسراوە.
٢٢- رسالە روزی با جماعت صوفیان (نامەی ڕۆژێک لەگەڵ جەماعەتی سۆفییان) بە فارسی نووسراوە.
٢٣- رسالە عقل (نامەی عەقڵ) بە فارسی نووسراوە.
٢٤- رسالە (آواز پر جبرائیل) نامەی ئاوازی پەڕی- باڵی جبرائیل، بە فارسی نووسراوە.
٢٥- رسالە پرتو نامە، شەرحێكە لەسەر زاراوەی فەلسەفی، بە فارسی نووسراوە.
٢٦- لغە موران، نامەی زمانی موران، هەندێک حەكایەتی ڕەمزین. بە زمانی فارسی نووسراوە.
٢٧- رسالە غربة الغریبة، حەكایەتێكە كە سوهرەوەردی وەک ڕەمز بە عەرەبی نووسیوە.
٢٨- رسالە صفیر سیمرخ، نامەی چریكەی سیمرخ، بەزمانی پارسی نووسراویەتی.
٢٩- رسالە الطیر، ئەو نامەیە وەرگێڕانی نامەی باڵندەی ئیبن سینایە، كە سوهرەوەردی وەریگێڕاوەتە سەر پارسی.
٣٠- رسالة تفسیر آیات «من كتاب الله و خبر عن رسول الله»
٣١- التسبیحات و دعوات الكواكب.
٣٢- آدعیة متفرقة.
٣٣- الدعوة الشمسیة.
٣٤- السراج الوهاج.
٣٥- الواردات الالهیة بتحیرات الكواكب و تسبیحاتها.
٣٦- مكاتبات الی الملوک و المشاریخ.
٣٧- كتاب في السیمیاء.
٣٨- الألواح.
٣٩- تسبیحات العقول و النفوس و العناصر.
٤٠- الهیاكل، سەرەتا بەزمانی عەرەبی نووسیویەتی و دواتریش بە فارسیش نووسیویەتییەوە.
٤١- شرح الأشارات.
٤٢- كشف الغطاء لأخوان الصفا.
٤٣- الكلمات الذوقیة والنكات الشوقیة.
٤٤- رسالە، نامە، سەبارەت بە جەستە و بزافی خوا، وەحی و ئیلهام.
٤٥- نامەیەكی كورت سەبارەت بە حیكمەت، كەتێیدا باسی مەنتیق و تەبیعیات و ئیلاهییات دەكات.

**فەلسەفەی ئیشراقی سوهرەوەردی**

سوهرەوەردی، لە کتێبی (حیکمەتی ئیشراق)دا، ڕێساکانی فەلسەفەی ئیشراقی دامەزراند، کە ئەمەش وەرگەڕانێکی هەقیقی بوو لە هزردا، فەلسەفەکەشی ئیسلامی بوو لە بنیاددا، لە هێڵە گشتییەکانی هزری ئیسلامی و تێگەیشتنی بۆ هەبوون- وجوود سەری هەڵدا و لەگەڵ هەبوونی جیاوازی لە هەندێک خاڵی هزریدا بە هۆکاری ئاوێتەبوونی ئایین و ڕۆشنبیری لەلای سوهرەوەردی، هەروەها بەهۆی ئازادی خۆی لە بزاوتی هزر و فەلسەفەکانی خۆیدا.

بۆ پێزانین، هەندێک سەرچاوە باس لەوەش دەکەن، کە سوهرەوەردی خۆی بەنوێکەرەوەی هزری ڕووناکی دانایانی فارس دەزانێت و لەو بارەیەوە خۆی دەبێژێت: (لەناو فارساندا گرووپێک هەبوون ڕێگەی هەق و دادپەروەرییان گرتبوو، دانای چاکەکار بوون و مەجووس نەبوون، ئێمەش لەکتێبی خۆماندا لە حیکمەتی ئیشراقدا حکیمەتی بەڕێزی نووری ئەوانمان نوێ کردەوە، کە کەسێک پێش من ئەو کارەی نەکردووە).

سوهرەوەردی لە کتێبی (هەیکەلەکانی نوور- ڕووناکی)دا دەڵێ: نوورێکی پرشنگدار و بە چێژ لەناو ئێمەدا هەیە، جەستەکان لە جەستەیی بووندا بەشدارن، بەڵام لە ڕووناکبووندا جیاوازن، دەروونی ئاخاوتنکەرمان خۆی لەخۆیدا ڕووناکییەکە، دەروونیش خۆی لەخۆیدا بەڵگەی زیندووبوونە، (هەبوونی زیندوو) ، بۆیە تۆ ڕستێکی ئەو ئەندام و بەشانە نیت لە بەدەندا، بەڵکو تۆ لە پشت ئەو ڕستەیت)، مرۆڤیش ئێستا (ڕێزی لێ گیراوە-موکەڕەم کراوە) بەو نوورە پرشنگدارەی تێیدا دەدرەوشێتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ تەواوترین و بەدەسەڵاتترین ڕووناکی. دەسپێکی ئیشراق. واجبی وجوب بە خودی خۆی، (خوا نووری ئاسمانەکان و زەمین)ە، ئەم نوورە پرشنگدارانەش بەشەوقەوە بۆ عشقی سەرەتاکەیان دەگەڕێنەوە، وەک چۆن جیهان لە ئیشراقی هەق ڕژان و پرشنگی ڕووناکییەکانەوە دروست بوو، مەعریفەش واتە گەیشتنی عەینی بە هەقیقەتی عەینی، ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی بەرزبوونەوەی دووبارەی ڕووناکییەکانەوە دەبێت بۆ سەرەتاکەی خۆی دوای هاتنە خوارەوەی.

بەکاروانی هاتنە خوار و سەرکەوتنەوەی ڕووناکییەکان، بەم بزاوتە جەوهەرییە گشتییەی بەردەوام و نوێبووەوە کە پڕە لە عەشق و شەوقەوە، مەعریفە جێبەجێ دەبێت.

سوهرەوەردی لەسەر بنەمای (نوور- ڕووناکی) تیۆری خۆی لەبارەی مەعریفەوە دادەڕێژێت، عەشق و ئەم بزاوتە جەوهەرییە هاوسەنگی هەبووەکان و ڕێکوپێکی قانوونەکانیان دەپارێزێت، ئەمەش مانای نەمانی دژەکان، یان دژایەتی ناگەیەنێت، چونکە دژایەتی لە پێداویستییەکانی کۆتایی نەهاتنە (اللانهایة)، ئەگەر وا نەبوایە گەردوون لە گەندەڵی و خراپەکاری چاک نەدەکرایەوە، بەواتایەکی تر سوهرەوەردی خوازیاری ئازادی و پلۆرالیزم و هەتا دژایەتیش بوو، چونکە بێ ئەمانە کۆمەڵگەکان گەندەڵ دەبن و گەردوونیش لەگەڵ خۆیان گەندەڵ دەکەن.

کەرامەت و پیرۆزی مرۆڤ لەسەر یەکێتی دەوەستێت کە پڕە لە پلۆرالی و ئەگەر هەق ئامانجی مەعریفە بێت، ئەوە پشکنینی هەق، سەفایەکی قووڵ و بێگەردی دەوێت لە ئارەزووە دنیاییەکان، ئەوەش بگاتە ئەو قۆناغە، ئەوە یەکێتی هەردوو توخمەکانی ڕوحی و ماددی دەبینێتەوە و یەکێتی هەبوون و چارەنووسی مرۆیی دەپشکنێت. لەیەکێک لە چامەکانیدا لە کاتی مردنیدا دەڵێت:

**دەروونتان لە جەستەتان جیاکەنەوە**
**هەق وەک هەقێکی ڕوون دەبینن**
**توخمی ڕوحەکان لەناوماندا یەکە**
**خۆم تەنیا دەبینم ئێوەم**
**بڕواشم وایە ئێوە منم**

سەرەتای فەلسەفەی ئیشراقی لەلای ئەفلاتوونەوە دەبینرێتەوە، فەلسەفەکەی خاوەن دوو ڕەهەند بوو، عرفانی و ئەقڵی بەڵگەداری. ڕەهەندی عرفانی گەشەی کرد و لە ئەفلاتوونیەتی نوێشدا بەردەوام بوو، لە ڕابەرەکان: ئەفلووتین و فرفریۆس و بریکلس.

ئەگەر بێتو مەشائییەی سەرەتایی گریکی لەلای ئەرستۆ و ئیسلامیش لەلای فارابی و ئیبن ڕوشد دانیان بەوەدا نەنابێت کە لە ڕێگەی عرفانەوە بە مەعریفە بگەن، بەڵکو گەیشتن بە مەعریفە خوازیاری بەڵگەی عەقڵی و بەڵگە و ئەزموونە، ئەوە لە حیکمەتی ئیشراقیدا کە سوهرەوەردی بە دامەزرێنەری هەقیقی

دادەندرێت، بنچینەکانی بەڵگەی ئەقڵی هەڵنەوەشاندۆتەوە و ڕەتی نەکردووەتەوە، بەڵام وەک ئاگادارکەرەوەیەک بۆ ئەقڵ و وزە بەخشێک بە ڕەفتار تەماشای کردووە، بەڵام پێگەی یەکەم بۆ ڕەفتاری ئیشراقی- عرفانییە بۆ گەیشتن بە گەورەترین مەعریفەکان.

ئیشراقییەت لە جەوهەری خۆیدا فەلسەفەیەکی بەڵگەداری ئەقڵی و ڕەفتارگەرییەکی ئیشراقییە، ئامانجی گەیاندنی ئەو ڕووناکییانەیە کە هاتوونەتە خوار بە بەرزەخەکان و غەواسقەکان بە تەواوترین و پیرۆزترین نوور.

سوهرەوەردی فەلسەفە کۆنەکانی گریک و فارسی و زەردەشتی و هزرەکانی یەکتاپەرستی ئایینی و ئیسلامی و ڕەفتارگەری عرفانی هەرس کردبوون، بە هزرێکی کراوەوە سەودای لەگەڵ کردوون و کردوونی بە بنەمای فەلسەفەکەی خۆشی کە ناوی ناوە حیکمەتی ئیشراق.

شێخی کوژراو، بە زانستی سیمیائیش ناسراوبوو، کە ئەمەش زانستێکە بایەخ بە گۆڕینی کانزا هەرزانەکان دەدات بۆ کانزای بەنرخ، (ئیبن ئەبی ئەسیبعە) لەکتێبەکەی خۆیدا باسی زۆر ڕووداوی کردووە کە سوهرەوەردی ئەنجامی داون، لەم کردارەشدا سوهرەوەردی وزەی ڕوحی عارفی بەکارهێناوە.

سوهرەوەردی نووسین و نامە و شیعری زۆری هەبووە، بۆ ئەم مەبەستەش زۆر کەس هەوڵیان داوە کتێبەکانی بە ڕێکوپێکی پۆلین و ڕیزبەندی و تۆمار بکەن، زۆر سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە باشترین هەوڵ هی ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی «لویس ماسینیۆن»ە، کە وەک یەکەم کەس هەوڵی داوە بەشێوەیەکی زانستی لە پێوەندی ریزبەندی کردنی کتێبەکان و بەرەو پێشەوەچوونی فەلسەفەکەی بکۆڵێتەوە.

هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە سوهرەوەردی لەو تەمەنە کورتەیدا نزیکەی (٥٠) نووسراوی هەبووە، تا ئێستاش زۆر لە نووسراوەکانی وەرگێردراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی و تورکی زمانانی دیکە، هەروەها زۆریشی بەو زمانانە لەسەر نووسراوە.

## کورتەی حیکمەتی ئیشراق

سوهرەوەردی لەکاتی خوێندن و لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا، وا تێگەیشت کە جیهان لە ڕووناکی دروست بووە، ئەو ڕووناکییانەش ڕووناکی دەبەخشنە یەکدی، بەو ڕووناکی بەخشینەشی دەگوت: «ئیشراق»، بۆیە نازناوی (شێخی ئیشراقی) پێ برا.

دیتنی سوهرەوەردی ئەوە بوو کە هەموو شتێک لە ڕووناکییەوەیە، جگە لە ڕووناکی شتێکی دیکە نییە، هەموو شتێک کە لە جیهاندا هەیە و ئەو شتانەی دواتریش دێن هەر لە ڕووناکین، بەڵام هەندێک لە ڕووناکییەکان نەرمونیانن و هەندێکیش زبرن، هەندێکیش وەک گەردیلە بڵاودەبنەوە و هەندێکیش وەک گەردیلە یەکدی دەگرن.

ئەمرۆ باشتر لەم تیۆرەیە دەگەین، چونکە دەزانین هەرچی لەجیهاندا هەیە وزەیە بەشێوەی شەپۆل، کاتێک وزە لەسەر یەک کۆدەبێتەوە، دەبێتە مادە و کاتێک کە ئەو وزانە نەرمونیان بن، دەبنە شەپۆل، یان ڕووناکی- نوور.

سوهرەوەردی لەو باوەڕەدا بوو کە ڕووناکییەکان، نوور بە یەکدی دەبەخشن. بۆیەشە جیهان تەنیا ئیشراقە و شتێکی دیکە نییە. هەندێک لەڕووناکییەکان لاوازن و هەندێکیش نەرمونیانن، هەندێکیش پێکەوە کۆبوونەتەوە. کاتێک کە ڕووناکییە بەهێزەکان نووریان دەدەنە ڕووناکییە لاوازەکان، ڕووناکییە لاوازەکانیش بەرەو ڕووناکییە بەهێزەکان ئاراستە دەگرن. مرۆڤیش کە هەبوونێکی ئەم جیهانەیە لە ڕووناکییە و ڕووناکیش دەداتە ئەوانی دی، هەروەها ڕووناکی لەوانی دیشەوە بۆ ئەو دێت. لەسەر ئەو بنەمایە نوور لە مرۆڤەوە دەچێتە شتەکانی دی و ئەوان سوود لە مرۆڤ وەردەگرن. لەسەر ئەو بناغەیە مرۆڤ دەتوانێت ڕووناکی بە شتەکانی دی ببەخشێت و لەنووری ئەوانی دیشەوە ڕووناکی وەربگرێت و بگەشێتەوە.

سوهرەوەردی دەیگوت کە حکیمەت دوو جۆری هەیە، یەکەمیان حیکمەتی کۆنە، کە لەکۆنەوە هندییەکان و ئێرانییەکان و بابلییەکان و میسرییەکان و دواتریش یۆنانییەکان سوودیان لێ وەرگرتووە و حیکمەتی (لدنی) کە حیکمەتێکە مرۆڤە تایبەتەکان سوودیان لێ وەرگرتووە، لەسەرەتادا ئەو دوو حیکمەتە لەیەک بنەماوە هاتوون، کە ئەو بنەمایەش (ئیدریس)ە، کە (هورمس)یشی پێ دەگوترێت، دوای ئەوەی خەڵک

حیکمەتیان لە ئیدریس وەرگرت، بە باوەڕی ئەو، بوونە دووبەش، بەشێک بەرەو ئێران و بەشەکەی دیکەشیان بەرەو میسر ڕۆیشتن. دواتر هەردووکیان بوونە ئیسلام، ئیدریس یەکەم کەس بووە کە بنەمای دەرس و فێربوونی دامەزراندووە، پەیڤی (دەرس)یش لەناوی (ئیدریس)ەوە هاتووە.

**ژێدەرەکان:**

**بۆ ئامادەکردنی ئەم بەشە بە تەواوی پشتم بە ئینتەرنێت بەست، بە تایبەتیش لە (گەڕان)ی (گوگڵ)دا، بە نووسینی ناوی سوهرەوەردی، یان شێخ شەهاب. لەوێوە کۆمەڵێک لینک و ماڵپەڕی جیاجیا زانیاری کەم و زۆریان سەبارەت بە سوهرەوەردی تێدابوو، بۆیە من لێرەدا ناوونیشانی چەند سایتێک دەنووسمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە سەر ئەو ماڵپەڕانە و زانیاری باشتر و زیاتر پەیدا بکات.**

**١- یوسف زیدان، نهایات شیخ الاشراق، بڕوانە: http:// ziedan.com/lecturs.asp**

**٢- رضوان السح، بين السهروردي و الحلاج مجلة التراث العربي دمشق، العددان ٩٩-١٠٠ تشرين الاول ٢٠٠٥ ئەم بابەتە لەم سایتە وەرگیراوە، www.awu-dam.org/trath/99-100-033.htm**

**٣- نصوص اشراقية في الرؤية و المجاز للسهروردي، قاسم محمد، www.aleftoday.net**

**٤- د. وضحى يونس. القضايا النقدية في النثر الصوفي حتى القرن السابع الهجري، http://www.awu-dam.org/book/06/study06/179-w-.**

**٥-احمد خليل، مشاهير الكورد في التاريخ الاسلامي، www.gilgamish.org/viewarticle.php?**

**٦- عبالفتاح القلعجي. السهروردي بين الاسطورة والأشراق. جريدة الأسبوع الأدبي. العدد ١٠٠٧ تاريخ ٢٠٠٦/٥/٢٠ http://www.awu-dam.org/esboul1000/1007/isb1007-025.htm**

**سەرنج: نووسەر بەرانبەر بە إحراج شەرمەزارکردنی داناوە، کە ئێمە پێمان وایە لە ڕوودامان چاکترین لە وشەی شەرمەزارکردن. «ڕامان»**

# هەرچی شتە لە شەوێکەوە دەستی پێ کرد

**مۆژگان عەبدی**
**(قوروە)**

سـەگ مـەحـەل چی وای لێت کـردووە.نە- تۆ هەر لە ئەوەلیـشـەوە چما دروست کـراوی بۆ گـەمـەیەکـی پیس- ئێستا بوویتە سەداوەڵی شەلی سەر مەزرای بێ بەرهەم. کە بڕوا ئەکەی ئەبێـتە گـاڵتـەجاڕی قـەلەڕەشـەکـان. ئەوە درۆیە. من دەربەسـتی بیـری قـەلەڕەشـەکـان نیم. خـۆ لە ئەوەڵیـشـەوە لە دنیـای ئەوان نـەبووم- وتم ڕادێم، خـەتام کرد. سـاتێ تێ ئەگەی ژیانت خـەونێکی پەشـۆکاو بووە. بڕوا بکە بە ئێستا، بەم ڕێگایە کە ئەشێ تێ پەڕم.

تێ ئەپەڕم. لەم دیمەنە مژاوییە کە بۆنی بارانی پێیە- لە تەواوی کێو و چیاکان کە دڵم دائەخورپێنن لە وەرز با ئەوەندە بەهێز بێ هەست کـەی گـەرەکـیە ڕووتت کاتەوە. لەرێوە کـرێوە کـات. لە وەرزێ خـۆرەتاو ئینسـان بکاتە ئاو- لە مـەزراکـان لەتەک با دەنگی مـۆسـیـقـاوی ئەدەن. ئەو کچە بوچکەڵەی هیوای بوو تەواوی ماسییەکانی دنیا ئازاد کـات. لە قـەراغ ڕێگاکـەم قـژە شـۆڕەکەی و کـراسـە سـوورەکـەی لە تەک بادا شـەپۆل ئەدات. ئـەگریت و لەناو هەر فـرمـێـسـکێکدا مـاسـیـیـە سـوورێـک ئەجـوولێ. کـە فرمێسکەکـەی ئەتکێتـە سەر کراسـەکەی ماسی بەپەلە ئەجوولێ و خۆی لە سوورابی کراسەکەدا تێکەڵ ئەکات.

با دێ و لە هەنگاوەکانم دەئالێ. هەڵی ئەمژم لە کەژ و کـێـوی بەر ڕێگام هاتووە. چیـمـەنە دوورەکـان شـەپۆل ئەدەن. وەنەوشـەکـان ئەلەرێنەوە. لەوپەڕی ڕێگا دەنگی سـاز دێ، خـەڵکیش خڕ ببـوونەوە و یەکـێک سـاز لێ ئەدات. ئەنگووسـتـەکـانی بە پەلە سـیـمی سـازەکـە ئەلەرێنێتـەوە و خەڵک پێکەوە ئەخوێنن: باوانەکەی بابم بینایی چاوم.

من لێـرەوە هەڵئـەپەڕم با بـەهێـز ئەدا لە دەهۆڵەکان کە

لەسەر سێدارە هەڵواسراون. فانووسەکان ئەلەرێنەوە نازانم تا ئێستا ڕێگای وای دیوە؟

هەرچی شتە لە شەوێکەوە دەستی پێ کرد. وەرزی پاییز شەو لەنیوە تێپەڕیبوو- هەنگاوەکانیان نابووە سەر شەقامێکی چۆڵ. هاوڕێکەی بیرەوەرییەکانی خۆی گێڕابووەوە و قسەی کردبوو لە شارەکەیان و لەم شەقامە ئەو دەستەکانی نابووە گیرفانی و چاوی بڕیبووە ڕاستەی شەقامەکە کەتریفەی مانگ ڕوونی کردبووەوە، بۆ ساتێ تەنیا دەنگی هەنگاوەکانیان ئەهات.

وتی: من زۆر شتم وت تۆش ئەشێ بڵێی.

تازە بە تەواوی هەستی بەبوونی هاوڕێیەکەی ئەکرد. کەمێ سەری جووڵاندەوە و دووبارە وەرەز چاوی بڕییە بەرانبەری.

ئەتهەوێ هەر ئاوا بێ دەنگ بی؟

هەستی کرد ساردە، یەخەی چاکەتەکەی هەڵکێشا، یان دووبارە دەستی نا گیرفانی و شانەکانی جەمەوە کرد، ڕووی وەرنەگێڕا، بەڵام زانی هاوڕێکەی تەماشای ئەوی کرد و سەری داخست و شانەکانی جەمەوە کرد. با ئەهات، بیری چووە سەر مەزراکانی سەر ڕێگای هاتنی..

کە هاتی بۆ ئێرە... بۆ یەکەم جار کە تۆم دی، وتم ئەم کچە خەمێ لە چاویایە ئەبێ بزانم- دەشێ بڵێ.. هەروا کە تەماشای ڕاستەی شەقامەکە ئەکا ئەتوانێ ببینێ کە ئەویش سەری هەڵبڕی و چاوی بڕییە بەرانبەر. سەرنجی دا بە دەنگی ترپەی هەنگاوەکانیان. هەناسەکانی هاوڕێکەی بەرز و قورس بوون چەندە پێی سەیر بوو تا ئێستا وا هەناسەیان نەدا بوو هیچ کام لەو مردووانە تا ئێستا وا هەناسەیان نەدابوو. دوایەمین جار دەنگی هەناسە بەرزەکانی خۆی ژنەفتبوو لە شەوێکی سەیرا کە ڕاهات، شەو لەنیوە تێ پەڕیبوو، لەبەر پەنجەرەی وتاخەکەدا قاچەکانی بە تەواوی بوونە خواستی چوون بۆ سەر کێوەکەی بەرماڵمان. مانگە شەوێکی ڕوون بوو، ئەوە تەنیا خواستی چەکانی من نەبوو کە قەراری لێم بڕیبوو خۆڵ و کوچکەکانی کێوەکە و تەواوی ئاسمانی بەرز و پڕ سیحری ئەو شەوە بێ قەراری هەنگاوەکانی من بوون دەیان جار ئەهاتمە بەر پەنجەرەکە و کە ئەچوومەوە ناو پێخەفەکەم چما لەگۆڕەکەمدا خەوتبووم. دوای ساتێ هەڵدەستام. لە دنیایەکدا ژیا بووم، کە هەرگیز تێ نەگەیبیم چۆن تێکەوتبووم، یاساکانی ئەو دنیایە کە تا

ئەوسا وەکو قەلەڕەشە دەنووکیان لە مێشکم دابوو هێرشیان بۆ مێشکم برد و هەستم کرد خواردیان و ئەتوانم مێشکم لەناو ڕیخۆڵەکانیان ببینم. هەستم کرد ئەو مردووانەی دەور و بەرم فرەتر بەو چاوە زەقانەیان تانە لێم دەڕوانن. پێم پێ کەنین. سەرم قورس بوو هەستم ئەکرد بە قەد وتاخە کە زل بووە. قاچەکانم گەرەکیان بوو لە جەستەم کە تا ئەوسا وەکو تەوقێک کێشا بووم جیا بوونەوە، ئەو شەوە بە جۆرێکی سەیر و نزیک. نزیکتر لە هەناسەکانی خۆم هەستم کرد لە بوون سەقەت بووم وەک مارێک پێست بخات و بڕوا. وەکو ئاگرێک بکوژێتەوە و تەنیا خۆڵەمێشێکی داماوی لێ بمێنێ. مێشکم لە مس بوو. ئەو هەر چاوی بڕیبووە ڕاستەی شەقامەکە و هاوڕێکەی قسەی کرد بوو، لە ڕێگای وەنەوشەی مس و لەتەک فانووسەکانیدا شیعری خوێندبووەوە و مەزراکان لەتەک با دەنگی مۆسیقاوی ئەدەن. ژیان چەندە خولیایە؟

کە ئەو چاوی ئەبڕییە ئاسمان بانگی ئەکرد: ئای کچە نیگات لەکوێیە؟

چاوەکانی دیبوو ئەو ساتە ئەو دەسماڵەی پێ دابوو فرمێسکەکانی بسڕێ داوای کردبوو ئەو بەگێژی پێی دابووەوە، بەڵام لە ڕووی عادەت بە پەلە نیگای دزیبووەوە هەتا ئەو شەو، ئەو شەوێکی سەیر بوو، هەرچی شتە لەوێوە دەستی پێ کرد.

ئەم شەو کە من و تۆ لە تەک خەڵکێک بۆ سەفەرێک ئەڕۆین. لە جادەیەک لەسەر کێوێکدا ئۆتووبوسەکە وێستا و خەڵک دابەزین و لەکۆڵانێکەوە لێژبوونە ناو دێکە و من و تۆ هەر لەوێنە لە بان خۆڵ دانیشتین، ئەوێنە مژ دایگرتبوو. تەماشای ئاسۆم کرد، مژێکی خەست و نوورێکی جوان دابوویە سەری گەڕەک، خەریک بوو بارانیش ببارێ. لە پڕێکدا هەستێکی ئێجگار قورس و بڵاو هەناومی داگیرکرد، وەکو منداڵی کە نەخۆش ئەکەوتم، بۆ خۆم تاک ئەبووم و هەرچی شتە قورس و خەمبار ئەبوو. شتێ ئازارمی ئەدا هەموو شتێ دەخلی بەتۆوە بوو. تەماشام کردی بە کەواو پانتۆڵە قاوەیییەکەتەوە دانیشتبووی. چەند لە تەکم نامۆ بووی، نا ئەوە گاڵتەیەکی پیسە ئازارێکی ئەستوور کەوتە دڵم وەکو ئازاری ئینسان دوای تاوانێکی گەورە، بە یەکجاری هەستای و هاتیتە پێش سەرت نا قەی سەری من. مێشکم نەیدەکێشا، لێوم لەسەر لێوت هەڵبڕی. وێنەی

بەرچاوم چاوی تۆ و ئاسمانی لێڵ بوو. سەرنجم دا. لەگلێنەی چاوتدا جادەیەک کێشرا بوو هەرچی ئەمڕوانی بنی نەبوو. نازانم کەس تا ئێستا ڕێگای وای دیوە، هەور دەگرمێنێ. ئەو خەڵکە هەڵئەپەڕن کزەی با پێکەنینێ لەمێشکیدا دەنگ ئەداتەوە و نازانی بۆچی ئەوەنە جوان پێ ئەکەنێ، کچە بوچکەڵەکە زەریایەک ئەدۆزێتەوە و ئەو تێ ئەپەڕێ.

بەڵام، هەموو شتێ لەشەوێکەوە دەستی پێکرد کە لەدنیای مردووانی لەمەزرایەک کە لەتەک با دەنگی مۆسیقاوی ئەدات، قاڵاوێکی سپی نیشتە سەرشان، داوەڵێک ڕووی گەڕانە دەموچاوی و سەرنجی دا بە چاوانی و وتی: چی لە چاوانتایە ها بڵێ؟

دوای ساتێ چاوی دەرهێنا، گرتییە دەنووک و باڵی گرتەوە

ئەوە ئێستا سوار ئوتووبوسێکە و بەرەو ئەو شارە ئەچێ. چەندێکە نەخەوتووە زاتی نەکردووە بخەوێ هەرچی شتە لەو شەوەوە دەستی پێکرد کە خاوەنی ئەو جووتە چاوە چاوەکانی بەست و هەرچی لێی ئەدا منی ئەکرد، بەڵام چاوی نەئەکردەوە. چما خەریکی گاڵتەیەکی پیس بوو. لەژوورێکیشدا سەدان پیاوی لاو و پیر کۆبوونەوە و گۆشتی ماسییان ئەخوارد. بچووکەڵەکە. ئێستا کە گەیشتووەتە ئەوێنە شەو لەنیوە تێ پەڕیوە، تەواوی شەقامە نامۆکان گەڕیاوە. شەکەتە خەو نیشتووەتە سەر پێڵووەکانی. دیوارەکانی ئەو شارە چما ساتێکی تر ئەڕووخێن. لەماڵەکانەوە بۆنی خۆراکی ماسی دێ، پێی هێڵنج ئەدات و هەست ئەکات مێشکی لەمس بوو. لە دەرەوەی شار مەزراکان لەتەک با دەنگی مۆسیقاوی ئەدەن.

## خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی «هەرچی شتە لەشەوێکەوە دەستی پێکرد»

**عەبدولخالق یەعقووبی**
**(بۆکان)**

ڕۆژگارێک ئەدەبیات ئەدەبیاتی میسداقان بوو. میسداقی عەقڵ و ئاوەز، میسداقی هەست و سۆز، بەڵام هەنووکە جیهانی ئەدەبیات، یان زمانی ئەدەبی لەدنیای میسداقەکان، یان لەو چەشنە دەلالەتە ساکار و ڕاستەوخۆیانە دووری دەکات. بەستێنی دەلالەت لەجیهانی ئەدەبیاتی مۆدێرندا پڕ پێچوپەنا و هەزار ڕەهەندە. گەوهەری ئەدەبیات و بەتایبەتی چیرۆک گۆڕانی گەورەی بەسەر داهاتووە. لە «واقیعی داستانیدا» میسداقی دالەکان هاوتا هاوسەنگی مەدلوولەکانێتی. ئەم مەولوولانە، لەحاڵەتی گشتیدا، نموونەی گشتیی دیاردەیەک، یان میسداقێکن و پێیان دەگوترێ نموونەگەری زەینی، زۆربەی هەرە زۆری دالە داستانییەکان، لە زەینی خوێنەر و لەکاتی خوێندنەوەی ئاساییدا، ئاماژە بۆ هیچ مەدلوولێکی ئەوتۆ ناکەن و تەنیا وەک دالێکی ڕووت و ڕەبەن لەنێو زەینی خوێنەردا دەتوێنەوە. بەم دالانە دەگوترێ «دالی نەزۆک». لەلایەکی ترەوە لەنگەر گرتن و گەڕان بەدوای دەلالەتێکی ئاشکرا و زەقی دالێکی داستانی، بەتایبەتی ئەگەر ئەو دالە ئاوەڵناو، یان ئاوەڵکار بێت، زۆرجار هەوڵێکی بێهوودە و بێ کەڵکە. هەر بۆیە ئەو کەسەی سۆراغی دەلالەی ئاشکرا و بێ گرێ و گۆڵ دەگرێ، دواجار بەسەر کۆمەڵێک دەلالەتی دژوار و ناهاوسەنگ و پڕ پێچوپەنادا دەکەوێ. بەم چەشنە دالانە دەڵێن «دالی دووگیان». گرنگایەتی خوێنەری چیرۆک ئا لێرەدا خۆی دەنوێنێ، ئەوکاتەی کە لە ڕێگای «دالە دووگیان»کانەوە دەقێک دەخولقێنێت جگە لە دەقی چیرۆکنووس خۆی. تەعبیرە «ڕۆلان بارتیبە»کەی ئەم حاڵەتە «دەقی نووسەرانە»یە کە تێیدا خوێنەر خۆی چەشنی نووسەر لە نووسین و داهێنانی دەقەکەدا دەستی دەبێت و ئاسۆکانی نووسین و خوێندنەوە ئاوێتەی یەک دەبن و «داهێنان» دەبێتە خاڵی هاوپشکی نووسەر و خوێنەر. خاڵی شایانی سەرنج کە پێم وایە ئێستا لە بووتیقای داستاندا ئاماژەی پێ نەکرابێت بوونی ڕەگەزێکی مێینە لە دەقی چیرۆکدایە کە وای لێ

دەکات داستان وەک دەقێکی دووگیان لێی بڕوانرێ کە هەر ئانوسات بۆی هەیە بەرەیەکی نوێ لە ماناو دەلالەتی تازە بخاتەوە، وەک چۆن ئەو دەقە داستانییەش کە خاوەنی ڕێژەیەکی فراوانی دالی نەزۆک بێت لەبەرهەمهێنانی مانای نوێ و واتای تازەدا بێ بەری دەبێت. کەواتە لە زاتی چەمکی خوێنەردا هەمیشە هەولێک لەڕەگەزی نێرینەیی و لەناخی چەمکی دەقیشدا مایەیەک لە ڕەگەزی مێینەیی بەدی دەکرێ کە لە کارلێکی (تعامل) نێوان ئەم دوو ڕەگەزە ڕاڤە و مانای نوێ بەرهەم دێت.

چیرۆکی «هەرچی شتە لە شەویکەوە دەستی پێ کرد»ی خاتوو موژگان عەبدی لەو چیرۆکانەیە کە هەولّی داوە دەقێکی دووگیان بخولقێنێ و دالەکانی هەلّگری کۆمەلێک مەدلولی ئاشکرای زەق و زۆپی بێ پێچوپەنا نەبن. ئەم چیرۆکە کە لەسەر ڕاستەهێلێکی ساکاری گێڕانەوەیی ناچێتە پێشێ و خەون و خەیالّ و بیرەوەری تێکەلّ بە ڕەگەزەکانی گێڕانەوەی خۆی دەکات و کەسایەتییەکانی لەنێو فەزا و زەمانێکی تەمومژاوی و بگۆڕ و ژێلەییدا وەسف و وێنا دەکرێن تێ دەکۆشێ، دالە ئاساییەکان لەنێو زەمینەی داستانیی خۆیدا بەشێوەیەکی نوێ کە شایانی سەرنج پێدان و ئاوڕ لێ دانەوەیەکی واتا ناسانە بن بە دەستەوە بدات. بۆ نموونە بڕواننە ئەم پاژە لەم چیرۆکە تا باسەکەمان بە کردەوەش لە زەینی خوێنەردا جێی خۆی بکاتەوە، وەگێڕ لێرەدا بەم شێوەیە لە ئاوات و ئارەزووەکانی سەردەمی منالّیی خۆی ئەدوێت:

ئەو کچە بچکۆلەی هیوای بوو تەواوی ماسییەکانی دنیا ئازاد کات...»

خوێنەر لەم بەشەدا و دوای بینین و بیستنی دالی «ماسی» زەینی دەچێ بۆ لای مەلوولی «ماسی» کە دیارە ئەم حالاّتە حالاّتێکی زەینی ڕووتە. لێرەدا چیرۆکنووس دالێکی ساکاری خستووەتە بەر دەستمان، کە ڕێگای ڕاڤەکاری بە خوێنەرەکەی نادات و دەق دەرگای خۆی لە خوێنەری تامەزرۆی تەئویل دادەخات، بەلاّم چیرۆکنووس لێرەدا بەم ڕستەیە قەناعەت ناکا و دەسبەجێ پەنجێرەی ڕستەیەکی تری ژووری داستانەکەیمان بۆ دەکاتەوە:

«... لەقەراغ ڕێگا کە قژە شۆڕەکەی و کراسە سوورەکەی لە تەک بادا شەپۆل ئەدات. ئەگریت و لەناو هەر فرمێسکیدا ماسییە سوورێک ئەجوولێت.»

لەم پاژەدا دالی «ماسی» زەینی خوێنەر بەرەو لای میسداقی «ماسی» کە حالەتێکی عەینییە دەبات، ئەم کارەش لەڕێگای وێنەسازییەکی وردی هونەرییەوە دەکرێ، واتە ئەوکاتەی کە مەیلی ئازاد کردنی ماسییەکانی سەرلەبەری دنیا دەبێتە وێنەی ئەو ماسییەی کە لەنێو فرمێسکی کچە بچکۆلەکەدا جوولە جوولی دێت. ئەم حالەتە عەینییە سنووری واتاسازیی ئەم پاژەی چیرۆکەکە بەرفراوان دەکات و ڕێگای خوێنەر خۆش دەکات تەعبیری خۆی بۆ دالی ماسیی نێو فرمێسکی کچە بچکۆلە چێ بکات، بەلاّم چیرۆکنووس جارێکی تر پەرە بەم جوولەی داستانەکەی دەدات و ئەم جارەیان ماسیی نێو فرمێسکەکە لە حالەتی میسداقی دەردێنێ و تێکەلّ بە بیرەوەرییەکی وەگێڕی دەکات: «کە فرمێسکەکەی ئەتکێتە سەر کراسەکەی ماسییە سوورەکە بە پەلە ئەجوولێ و خۆی لەسوورابی کراسەکەدا تێکەلّ دەکات.»

لەم پاژەدا دالی «ماسی» نە ئەماژە بۆ مەدلوولێکی ساکاری ماسی دەکات، نە زەین بەرەو لای میسداقی ماسی دەبات، بەلّکو لێرەدا ئەم دالە دەمانبات بۆ جیهانی بیرەوەریی وەگێڕ (راوی) لەماسی، واتە لێرەدا دالی ماسی جیهانێکی تەواو سەربەخۆی واقیعی خۆی چێ دەکات.

بەم شێوەیە دەبینین دالی ماسی کە لەم سێ دێرەدا سێ جار دووپات دەبێتەوە بە سێ ڕەهەندی مەدلوولی و میسداقی و بیرەوەریدا تێ دەپەڕێ و جار لەگەلّ جار پتر دەستی خوێنەر ئاوالّە دەکات کە لە پرۆسەی واتاسازی و مانا خولقێنیی دەقی داستانەکەدا پشکدار بێت. بەم شێوەیە خوێنەر دەتوانێت چەشنی نووسەر داهێنەری جیهانی مانا بێت و بۆ نموونە لەم پاژەدا ئەم پرۆسە یەکلاکردنەوەیە مانایییە بخاتە گەڕ:

ئەو کچە بچکۆلەیەی داستانی «هەرچی شتە لە شەویکەوە دەستی پێ کرد»ی خاتوو موژگانی عەبدی ڕۆژێک هیوای ئەوە بوو ماسییەکانی دنیا ئازاد بکات. دیارە خواستی ڕزگارکردنی هەر گیانلەبەرێک خواستێکی پیرۆز و مرۆڤانەیە و لەهەمان کاتدا پێویستی بە ورەیەکی بەرز و هەولێکی تاقەت پڕووکێن هەیە و ئەوانەی خوازیاری ئازادین، بە تایبەتی بۆ خەلّکانی تر مرۆڤانێکی لەخۆبردوو و فیداکارن، بەلاّم ئەم کچە خۆی لەسەر ڕێگایەک ڕاوەستاوە کە بای دێ، ڕێگایەک کە جێی متمانە نییە. ئەم کچە دواجار خۆی لە دۆخێکی

دژواردا بەسەر دەبات، دەگری و ماسییە سوورەی نێو فرمێسکی لەگەڵ داتکانی فرمێسکەکەی بە پەلە دەجووڵێ و خۆی لەسوورایی کراسەکەدا تێکەڵ دەکات. بەوتەیەکی تر کچە بچکۆلە تەنانەت نەیتوانی تاقە ماسی نێو جیهانی خەون و خولیاکانی خۆی ڕزگار بکات. سوورایی کراس ئاماژەیەکە بۆ مەرگێکی نائاسایی بۆ ماسی مەرگێک کە دەسکردی سروشت نییە، بەڵکو دەسکردی ئەو هێزانەن کە ژیان دەکەنە خەونێکی پەشۆکاو بۆ کچە بچکۆلەکە:

«... من دەربەستی بیری قەلەڕەشەکان نیم. خۆ لە ئەوەڵیشەوە لەدنیای ئەوان نەبووم- وتم ڕادێم، خەتام کرد، ساتێ تێ ئەگەی ژیانت خەونێکی پەشۆکاو بووە.»

ئەم لۆژیکە گێڕانەوەییە کە وەک لەم نموونەیەدا و بەیارمەتی شیکردنەوەی دالی ماسی بینیمان سەرتانسەری تانوپۆی ئەم چیرۆکەی تەنیوە، ڕاڤە و شیکردنەوەی مانایی و پێکهاتەیی (ساختاری) ئەم چیرۆکە ئاسان دەکاتەوە، خوێنەر پتر لەگەڵ ئەم جیهانە تەمومژاوی و خەون و خولیا و خەیاڵ و وەهمە ئاشنا دەکات. بۆ نموونە دەکرێ ئەم شێوازە بۆ خوێندنەوەی هەندێ دالی دیکەی لە چەشنی «دەنگی مۆسیقا»، «مردوو»...تاد کە لەم چیرۆکەدا دووپات دەبنەوە بەکاربێنین.

بەڵام باسکردن لەم پاژەی کە تێیدا باسی دالی «ماسی»مان کرد بە واتای ئەوە نییە کە چیرۆکنووس دواجار نەیتوانیبێت ئەم دالە لەنێو چوارچێوەی گشتیی داستانەکەیدا جێ بکاتەوە و تەئسیری جوانی ناسانەی لەسەر زەینی خوێنەر بچەسپێنێت. ئەگەر خوێنەر لەدوابەشی چیرۆکەکە وردبێتەوە دەبینێ ئارەزووی ئازاد کردنی تەواوی ماسییەکانی دنیا کە وەک بینیمان لە ئاستی تاکەکەسی بۆ کچە بچکۆلەکە شکستی لێ کەوتەوە، دواجار دەبێتە کارەساتێکی بەکۆمەڵ کە تێیدا چیتر کێشە کێشەی ئازادی ماسییەکان نییە، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە کێشە کێشەی کوشتاری ماسییە:

«... لە ژوورێکدا سەدان پیاوی لاو و پیر کۆبوونەوە و گۆشتی ماسییان ئەخوارد، لەماڵەکانەوە بۆنی خۆراکی ماسی دێ پێی هێلنج ئەدات و هەست ئەکا مێشکی لەمس بوو. لە دەرەوەی شار مەزراکان لە تەک با دەنگی مۆسیقاوی ئەدەن».

# جەبار جەمال غەریب:
# لە بایۆگرافی نووسینەوەدا ڕۆماننووس هەموو کەسەکانە و کەسیشیان نییە

**هەڤپەیڤین: ڕامان**



جەبار جەمال غەریب لە ناو ڕۆشنبیری کوردیدا ناوێکە سەنگایی داهێنانی هەیە. لەگەڵ دەرکەوتنی درەوشایەوە. پێویستی بە ناساندن و پێشکێش کردن نییە. لە هەشتایەکانەوە خولیای نووسین و خۆنووسینەوەیە، بەڵام دەرکەوتنی تەواوی وەک ئەزموونێک لە نەوەتەکانەوەیە. دەرچووی بەشی ئینگلیزییە و سوودی لە ئەدەبیاتی ئەم زمانە وەرگرتووە بۆ موتربەکردن و گەشەپێدانی ئەدەبی خۆی. بەرهەمی زۆری چاپ کردووە. لەوانە:

١- شێخی دامووس، ڕۆمان- ١٩٨٨.
٢- چناری شیر، ڕۆمان- ١٩٩٩.
٣- دنیا لە کتێبێکدا، ڕۆمان- ٢٠٠٢.
٤- نامەکانی ژاکۆن، کۆچیرۆک- ٢٠٠٢.
٥- چۆن بۆ ئەبەد دەژی، وەرگێڕان- ٢٠٠٢.
٦- خوێندنەوەی کتێب، لێکۆڵینەوە- ٢٠٠٢.
٧- هاتنە خوارەوەی فریشتەکان، وەرگێڕان، ٢٠٠٥.
٨- لەسەر باران دەنووسم، ڕۆمان- ٢٠٠٦.
٩- تۆش من دەناسی، چیرۆک بۆ منداڵان- ٢٠٠٦، لەگەڵ چەند نۆڤلێتێک کە لەچەند ژمارەیەکی گۆڤاری ڕاماندا بڵاوی کردوونەتەوە.

لەم چاوپێکەوتنەدا بەوردی و چڕی دەربارەی چیرۆک و ڕۆمان دەدوێت و ئەزموونی خۆی لەبارەی نووسینەوە ئاشکرا دەکات.

**ڕامان:** هەموو داهێنەرێک لە کردەی داهێنانیدا دید و گۆشەنیگای تایبەت بەخۆی لە ئەزموونیدا بەدی دەکرێت. دید و گۆشەنیگای تۆ لە کردەی چیرۆک و ڕۆمان و ئەو وتارە ڕووناکبیرییانەی دەیاننویست چییە و چۆنی بەخوێنەر دەگەیەنی؟

**جەبار جەمال غەریب:** کردەی نووسین بۆ خۆی هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە، یان تەفسیرکردنی ژیان لەگۆشەنیگای تایبەتەوە، بەڵام من هەوڵ دەدەم زیاتر لەوەی گۆشەنیگایەکی تایبەتم هەبێت، دنیایەکی تایبەت دروست بکەم، لە هەموو ئەو دەقە ئەدەبیانەی نووسیومن هەوڵم داوە دنیایەک خەڵق بکەم کە خوێنەرەکانم هەست بکەن هاووڵاتی، یان دانیشتووی ئەوێن. مەبەستیشم ئەوەیە بە هاوزمانەکانم بڵێم بەتەنیشت دنیای ئەوانەوە جیهانێکی دیکە هەیە، سەرەڕای ئەوەی نووسین بۆ من گەشت و سەفەر کردنە، بۆ من ئەزموونکردنی ژیانێکی تازەیە، بۆیە من لەو ژوورە بچووکەی خۆمەوە ژیانی تاکەتاکەی کارەکتەرەکانی کۆمەڵگاکەی خۆم ئەزموون کردووە، هەر لەو ژوورەی خۆمەوە بەدنیادا گەڕاوم، بەپێی هەموو کتێبە ئایینییەکانیش خودا سەرەتا لە وشەدا جیهانی دروست کردووە، من هەوڵم داوە دنیایەک لە وشە و ڕستەو کاغەز خەڵق بکەم کە زۆر لەو دنیایە حەقیقیترە.

زمان بۆ خۆی هەڵگری گۆشەنیگاو دەلالەتی تایبەتە هەر بۆ نموونە کاتێک دەڵێین «ئەو کچە درێژە»، یان «ئەو کچە باڵابەرزە» ڕاستە لەڕووی بابەت و فەرهەنگەوە هاومانان، بەڵام لەڕووی ئیستێتیکی و گۆشەنیگاو تێڕوانینی زەینی دوو ڕەهەندی، تەواو جیاوازن.

زۆرجار هەست دەکەم وشەکان بۆ ناونانی بابەتە بەرجەستەکان دروست بوون، وەکو کورسی و پەنجەرە و خومخمۆکە، هەرچەند ناونانی (شتەکان) بەڕاستی قورسە، کێ ناوی کەر و پڵینگ و ئەسپی نا، کێ وشەی هەنجیر و هەناو و ئاڵوباڵووی بەو درەختانە بەخشی، ئەوە بۆ خۆی قودرەتێکی ئەفسانەیی بەکارهێنەرانی زمانە کە ئێستا زۆر بەداخەوە قودرەتی بەرهەمهێنانی زمان لەبەرانبەر بەکارهێنەرانی ئێجگار لاوازە، بەڕادەیەک خەریکە زۆر زمانەکە ستۆک دەکەن.

بەڵێ زۆرجار هەستم دەکرد وشە تەنیا بۆ ناونانی کەلوپەلە، دەنا دەبێ بۆ دەربڕینی ناخ مۆسیقا بنووسین، بۆیە من لەزۆر لە چیرۆکەکانمدا هەوڵم داوە شتێک لەئاواز و مۆسیقا لەنێوان وشە و ڕستەکاندا بخولقێنم کە ئەوەش تا پلەی پڕووکان، ماندووکەر و تا پلەی نەمری لەزەت بەخشە.

ئەو وتارانەش کە پێیان دەڵێی ڕووناکبیری، لەوپەڕی سادەییدا دەیاننووسم، بەتەواوی دیتنی من بۆ دنیای واقیع پیشان دەدەن، گۆشەنیگای ئینسانێکە کە هەست دەکات مرۆڤ تائێستا لەوپەڕی تەنیایی و بەدبەختی خۆیدا دەژی، هەر بۆیەشە هەوڵ دەدات لە ڕێگای بەدەستهێنانی سامان و ناوبانگی ساختە و بڕوانامەی تەزویر و ڕق وتوندوتیژییەوە بە بەختیاری و خۆشنوودی بگات.

من لە قووڵایی فیکر و زانستیشدا ناتوانم دەست لە ئەفسانە بەردەم، هەر ئەوەشە وتارەکانم لە نووسینی

## من لە ڕۆماندا ئەوکەسەم کە دەبێ هەبم، بەڵام لە مێژوودا ئەوکەسەم کە هەرگیز نابێ هەبم

خەڵکانی دیکە جیا دەکاتەوە. لە وتاری «ئەفسانەی نیشتەجێبووندا» دەمەوێت ئەوە بسەلمێنم کە کێشەکە لەوەدایە ئێستا گاڵتەمان بە هەوڵی کۆتر دێت بۆ پووشکێشانەوە، ڕقمان لە بێزار نەبوون و ماندوونەبوونی مێروولەیە لە کێشانەوەی دنکە گەنمدا، تووڕەین لەوەی هەنگ ئەو هەموو گیزە گیزە دەکات تا ئەوەندەی سەری دەرزییەک هەڵاڵە کۆکاتەوە. ئەو وتارە هەر پیاوێکی ئاقڵ بینووسێ باسی گرانی چیمەنتۆ و شیش و زەوی دەکات. لە وتاری «کولتووری گریاندا» دەمەوێ ڕایەڵێک لەنێوان شمشاڵی قالە مەڕە و گریانی میر مەحموودی باباندا بدۆزمەوە، لەنێوان خەمۆکی کورد و پەنجە پیرە لۆکەکانی ئەو شمشاڵژەنە کە دەشێ کەسێکی زانستمەندی عاقڵ هەر گاڵتەی بەو بۆچوونەی من بێت.

سەرەڕای ئەوانە، باوەڕم بەوە هەیە کە هەتا لەژیانی تایبەتیشماندا، گۆشەنیگا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەهەڵبژاردنی جل و ڕەنگ و خواردن و کتێبیشەوە هەیە. تایبەتمەندی مرۆڤەکان لەگۆشەنیگایاندایە، ئەگەر نا هەموومان یەک گۆشەنیگامان هەبێ و حەزمان لەیەک نووسەر بێت و تەنیا فاسۆلیاشمان پێخۆش بێت بۆ ئەوە دەبێ لە تەویلەیەکدا کۆمان بکەنەوە.

**ڕامان:** چۆن نووسینی بیۆگرافیا پێوەندی بەهونەری ڕۆمانەوە دەکات، یان ڕۆمان بۆ دەوڵەمەندی و فرەدەنگی چەند سوود لە ڕەگەزی بیۆگرافیا وەردەگرێت؟ ئەم دوو ڕەگەزە بە چ شێواز و ئاستێک هاوکاری یەکترن بۆ بەرهەمهێنانی دەقی زیندوو؟

**جەبار جەمال غەریب:** بایۆگرافی نووسینەوەی ژیانی کەسێکە لەلایەن کەسێکی دیکەوە، بەڵام ئەوکەسە هەمیشە خودی ڕۆماننووسە. ئەگەر هەنگاوێکیش دوور لە خۆمانەوە وەستابین. واتا ڕۆماننووس هەموو کەسەکانە و کەسیشیان نییە. من بۆ خۆم زۆر زەحمەت دەکرێ کەسێک بم، واتە ناکرێ کەسێکی بەرجەستە بم، بەڵام ڕستەو وشەم، وێنە و خەیاڵم، حەقیقەتم. بایۆگرافیا بزمارە هەرە قورسەکانی لەسەردەمی منداڵیدا دەکوترێ، ئەو بزمارانەی دەگەنە سەر مۆخ، تۆزێکی کە درێژترین پرۆسەکە تووشی ئیفلیج بوون دەکەن. من منداڵی خۆم نانووسمەوە، هەرچەندە ئەو تەمەنە سیحری خۆی ڕژاندووە.

دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ بایۆگرافی بەشێکە لەمێژوو، بەڵام ڕۆمان هونەری ئێستایە. ئێستایەک کە هەرگیز تەواو نابێ، ئێستایەک کە هەرگیز تێناپەڕێ. مێژوو دەنگی بەرزترە، تا دەتوانێ هاوار دەکات و هەمووان ناچار دەکات گوێی لێبگرن، بەڵام ماندوو دەبێت و دواتر کپ دەبێت و لەبیر دەچێتەوە. ڕۆمان دەنگی باڵی باڵندەیەکە لە بێ دەنگیدا، دەنگی لەرینەوەی گوڵێکە، یان شکانی دڵێکە. کە بۆ هەمیشە دەبیسترێ. ئەو بەشەی بایۆگرافیا کە مێژوو نایەنووسێتەوە، کە لە ژیانی کەسەکان و خێزانەکان و دەوڵەتەکاندا باس ناکرێ، ئەو بەشەی وەک باڵندە، یان




ئەگەر بکرێ بڵێین وەک تۆز لە بایۆگرافیا هەڵدەستێ و دێتە ناو ڕۆمانەوە. من لە ڕۆماندا ئەو کەسەم کە دەبێ هەبم، بەڵام لەمێژوودا ئەوکەسەم کە هەرگیز نابێ هەبم، کە هەرگیز لەمن ناچێ. مێژووی هەریەکەمان مێژوویەکی درۆیە، تا ئێسقان درۆ، مێژووی هەمووان جگە لە گاڵتەیەکی مردن هێن هیچی دیکە نییە، مێژووی کەسەکان ئەو بەشەیە کە دەشێ لە ئەلبوومی ماڵەکاندا، لە دۆسیەی دائیرەکاندا هەڵگیری و شانازی پێوە بکرێ، یان ئەو چەند دێرەی لەسەر کێلەکانمان دەنووسرێن، کە هەرگیز ڕاستی نین و درۆن، مێژووی ئێمە ئەو مێژووە شاراوەیە کە لەناخی خۆماندا هەڵی دەگرین، مێژوویەکی گران و خوێن تاڵ و هەندێ جار شیرین و خۆشەویست، بەڵام قەدەغە و یاساغ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی لە دەرەوەی بایۆگرافیا، یان مێژوو کارێکی سەختە، بەڵام ئەستەم نییە. زۆربەی ئەو کارانەی لەدەرەوەی مێژوو بەرهەم دێن، بابەتی ناوازەن.

هەتا لەنا ئاگاییشدا بایۆگرافیا ئاراستەمان دەکات، فرۆید لە وانە بەناوبانگەکەی ساڵی ١٩٠٠ ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات، کە ڕووداوە هەستیارەکانی دوێنێ، ئەوانەی کە دەیانشارینەوە و لەبەریان هەڵدێین ئەوەتا بەوپەڕی زیندوویی لەقووڵایی ئاگاییماندا پارێزراون، ئەو ڕووداوە قەدەغانە وەک کەروێشکی ژێر زەوی باخچە هەمیشە کونێک دەدۆزێتەوە پێیدا بێتەدەر، ئەو ڕووداوە یاساغانە هەمیشە سنگی خۆیان ڕەپێش دەکەن و دەیانەوێ ئازاد بن و بێنەدەر، بەڵام ئینسانەکان، ئاغا پڕ نهێنییەکانی سەر زەوی، ئێمە بەدەستێک لە پۆڵا دەمکوتیان دەکەین. ئەوەی دەبێ ڕوون بکرێتەوە ئەو ڕووداوە شاراوانە هەرگیز نابنە مێژوو، چونکە هەرگیز بەشێک نین لە ڕابردوو، ئەو ڕووداوانە لەزەمانێکی تێپەڕیو ڕوویان داوە، کەچی کاریگەرییان بەسەر ئەتوار و بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی کەسەکان ئامادە و زیندووە.

کەشفکردنی ئەو نهێنییانە کە بۆ خۆیان وەک بەشێک لە بایۆگرافی سەیر دەکرێن کاری ڕۆمانە، یان بەسادەتر بیڵێم کاری ڕۆمان پیشاندانی جیاوازی ڕەش و سپی نییە، بەڵکو سەرنجدانە لەتۆنەکانی ڕەش و



**کاری ڕۆمان پیشاندانی جیاوازی ڕەش و سپی نییە، بەڵکو سەرنجدانە لە تۆنەکانی ڕەش و ئاستەکانی**

ئاستەکانی.

لەنامەیەکیشدا بۆ قوتابییەکی ماستەر نووسیبووم کە من لەمنداڵیمدا دوو ژیانم هەبوو «بێ گومان ئێستاش هەروا» ژیانێک لەناو خێزان و گەڕەک و قوتابخانە لەو ژیانمدا وەک قوتابییەک بەرگەی لێدان و شەڕ و ئەرکی قوتابخانە و دەردەسەرییەکانم دەگرت. ژیانی دووەمم «وەک بەشێکی زۆری خەڵکی» ژیانی ناو حیکایەت بوو، حیکایەت بەشێکی هەرە گرنگی ژیانی خەڵکی داگیر دەکرد، لەو ژیانەدا من ئازاد و سەرفیراز بووم، قسەکەر و پاڵەوان بووم، دێوی ڕەشم یەخسیر دەکرد و شازادەم ڕزگار دەکرد، لەو ژیانەمدا سەفەرە نەبڕاوەکانم دەستی پێکرد و چوومە شارە پڕ نهێنییەکانی ژێر زەوی و ئەژدیهای حەوت سەرم کوشت و بەسواری پشتی سیمرخ گەڕامەوە سەر زەوی و گۆشتی ڕانی خۆم دایە و شەلیم، ئەو چاکی کردوومەتەوە، ئەو ژیانی دووەمە نەبایە، نەک نەدەبوومە ڕۆماننووس، بەڵکو هەر دەمردم. لەو ژیانەمدا لەگەڵ پیرێژنێک نەک وەک پیرێژنە بێ دەسەڵات و نەخۆشەکانی ئێستا، بەڵکو لەگەڵ پیرێژنێکی سیحرباز و زۆرزان و ئازا سواری خەرەک بووم تەواوی دنیا گەڕام، بۆیە هیچ سەیر نییە کە بڵێم (من کوڕی حیکایەتم).

**ڕامان:** تێکەڵاوی و ناحاڵیبوونێک لە ئاستی شیعرییەتی زمان و زمانی شیعرییەت هەیە، لە چیرۆک و ڕۆماندا شیعرییەتی زمان و زمانی شیعری چۆن کاریان پێکراوە، بەتایبەتی لەکارەکانی تۆدا ئەم خاڵە دیار و گەشاوەیە، تەنانەت لە هەندێک لەو نووسینە ڕەخنەییانەی دەربارەی کارەکانت نووسراون ئەم تێکەڵکردنە هەیە؟

**جەبار جەمال غەریب:** کاری هەرە ناخۆش ئەوەیە لەسەر کارەکانی خۆت ڕوون کردنەوە بدەی، گەرچی ئەو تێکەڵییەی باست کرد کەمێک لە ڕوونکردنەوەمان دوور دەخاتەوە و دەمانخاتە ناو خانەیەکەوە کە لەوەزیفەی زمان لە ئەدەبدا بدوێین. ئاستی ئەدەب، ئاستی بیرکردنەوە و فیکر، ئاستی بۆچوون و لێکدانەوە بەئاستی زمانەوە بەندە. لە هەموو زمانەکانی دنیادا نموونەیەک نادۆزیتەوە کە بابەتێکی شاکار بەزمانێکی بێ توانا، یان ئاست نزم نووسرابێ. من دڵنیام هەتا لەسەردەمی خۆشیدا زمانی شکسپیر زمانێکی سادە و بازاڕی نەبووە، بەڵکو زمانێک بووە بۆ لەزەت لێکردن و بەرجەستەکردنی، ئەزموونێکی بەرزی کۆمەڵایەتی و خوێندەواری پێویست بووە. هەرچەندە هەموو ئاستەکانی زمان هەڵگری جۆرێک لە تێگەیشتن و دەلالەتن، چونکە زمان لە بێ ماناییدا بەرهەم نایە.

زۆرجار ئامۆژگارییان کردووم کە زمانەکەی من زمانێکی قورسە، دەبێ ئاسان و سادە بکرێتەوە، من هەمیشە بەڵێنم داوە کە بەقسەیان بکەم، بەڵام پرۆسەی داهێنان، یان کردەی نووسین گوێی بەو بەڵێنانەی من نەداوە و ئاستی خۆی نەگۆڕیوە.

بەڵێ هەموو بابەتێک زمانی خۆی هەیە، زمانی ڕۆمان زمانی گێڕانەوەیە، بەڵام گێڕانەوە بەمانای بەسەرچوون نا، یان زمانی ڕۆمان زمانی بنیادنانی حیکایەت، با بەراوردێک بکەین، هەر بۆ نموونە سینەما، زمانی سینەما وێنەیە، ئامرازی وێنە کامێرایە، ئەرێ هەموو کامێراکان یەک ئاستن؟ ئەرێ توانای کامێرەکان لەگەڵ توانای هەڵگرەکە ناگۆڕێ؟ هەموو دیمەن و وێنەکانی سینەما یەک ئاستن؟ سینەما لە شوێنێکدا کە کوڕی واقیعە، کوڕی بابەتی مەتریاڵ و بینراوە، لەگەڵ ئەوەشدا سینەما ئەمڕۆ خودای فەنتازیا و خەیاڵ و سیحرە. زمانی سینەما ئەمڕۆ زمانێکی دیکەیە، زمانی فڕین و تواناکان و هەڵگەڕانە بەئاسماندا. ئەو گۆڕانە بۆ هەموو بابەتەکان ڕاستە، ئەرێ بۆ نابێ بۆ زمانی چیرۆک و ڕۆمانیش ڕاست بێت، ئەرێ بۆ دەبێت زمانی ڕۆمان هەر هەمان زمانی سادە و بێ گرێ و پرسیار بێت؟ من کاتێک وەک خوێنەر دوای ماوەیەک ڕۆمانێکی خۆم دەخوێنمەوە لەو زمانەی بەکارم هێناوە سەرم سوڕدەمێنێ، سەرسام دەبم بەرانبەر بەو خەیاڵ و فەنتازیایە، کە هەر دەڵێی تازە دەیانبینم، لەبەرانبەریشدا هەندێ ڕستەی سادە و بێ خەیاڵ و ڕووت دەبینم کە فەزای ڕۆمانەکە ناچاری کردووم، بەڵام بە هەموو حاڵەتەکان ڕۆمانەکەیان دروست کردووە، جیا لە وانە من بۆ کەسێکی تایبەت نانووسم، بەڵام بۆ خوێنەرێکی تایبەت دەنووسم کە سەرکێشە و حەز بەزمان و فەنتازیا و خەیاڵی جیاواز دەکات، دواجار خۆشی تووشی حاڵەتێکی شیعری دەبێت و کتێبەکەم

هەڵدەداتە ناو لافاوێک لەخوێن کە بێگومان خوێنی دڵیەتی، من بۆ هەر ڕۆمانێک یەک تاکە خوێنەری وام هەبێ دەتوانم درێژە بە نووسین بدەم. ئیدی دوای ئەوە کارێکم بەسەر دنیاوە نامێنێ، کارێکم بەسەر ئەو دەزگا و نووسینگانەوە نامێنێ بۆ ئەوەی خەڵات ببەخشنە کەسێک، دەبێ هەوڵی زۆر بدەن من لەبیرکەن، کارێکم بەسەر ئەو هەموو پەخشان نووسەوە نامێنێ کە لەپشت هەموو ستایشێکەوە بۆ کەسانی دیکە، دەبێ جنێوێک بە ئێمە بدەن. ئەو دنیایە بەڕاستی دنیای من نییە. من لە وشەیەکدا دەمرم و دەتوێمەوە.

من هەوڵ نادەم شیعر بنووسم، نازانم ئەمڕۆ شیعر لە کوێی زماندایە، کەچی هەر بابەتێک بنووسم، لە چیرۆکەوە تا ڕۆمان، تا وتاری فیکری و کولتووری، شیعر وەک باران، وەک ئاڵەت بەسەریدا دەبارێت، بۆیە بڕیارم داوە کە مردیشم شیعرێکم بۆ بکەن بە کفن، لەڕووباری شیعر بمشۆن و تەسلیمی پیتێکم بکەن لە قووڵایی شیعرێکدا. نازانم ئەوەی نووسیم چەندە شیعرە، بەڵام مەبەستەکەی منی وەک خۆی گواستەوە.

**ڕامان:** کردەی فەرامۆشکردنی داهێنەران لە هەموو قۆناغەکاندا بەردەوامی هەبووە و هەیە، بەتایبەت کە دەسەڵات، یان گرووپ بیەوێت یەکێک بکات بە دیاردە، بە پلان ئەم کارە دەکرێت. هەست ناکەیت کار بۆ درێژبوونەوەی بوونی ئەم دیاردەیە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە؟

**جەبار جەمال غەریب:** دەمەوێت وشە لەو بابەتە خەسار نەکەم

**ڕامان:** بێ دوو دڵی بە ڕاشکاوی بۆچوونی خۆت بڵێ؟

**جەبار جەمال غەریب:** جارێ تواناکانی من ئەگەر هەبن




لە ناخی خۆمدان، ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر ئامادەی نووسینم. ڕاستە لە وڵاتە شێواوەکەی مندا هەوڵ بۆ دروستکردن و گەورەکردنی کەسی بۆش هەیە. ئەو کارەی ئێمە دەیکەین کارێکی سەختە نە فەزای وڵاتەکەت، نە فەزای ڕۆشنبیری، نە فەزای گەڕەک و خێزان، هیچیان لە بەرژەوەندی نووسین و پرۆسەی داهێنان نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر هەموویان کۆک و یەکگرتوون بۆ ژەهراوی کردنی فەزای بیرکردنەوە. بۆ کوشتنی نووسین. ڕاستە تاقمکاری و گرووپکاری هەیە، ڕاستە ڕاگەیاندن لەتواناکانی داهێنان تێناگات. ڕاستە سانسۆری ڕۆشنبیری ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێ ترسناکترە، دەروێش، مرید بۆتە عادەت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەنگی داهێنان بەهێزترە. هەست دەکەم قسەکردن لەو بابەتە کاری من نییە.

سەرەڕای هەموو ئەوانە من لەو ڕۆژەوەی نووسینم بڵاوکردۆتەوە، لەلایەن نووسەرە دیارەکانەوە دەستخۆشی لێکراوم، بەسەرسامییەوە لە نووسینەکانم دواون، کەریم دەشتی وەک گابریل گارسیا مارکیز ناساندوومی، شێرزاد حەسەن هەر لەسەرەتای نووسینمەوە یەک لاپەڕەی تەواوی لەبارەی چیرۆکی گیانی تاشەکان نووسیوە، محەمەد موکری لە سلێمانی و هەولێر کۆڕی لەگەڵ گرتووم و لەسەری نووسیوم، حەمەکەریم عارف شانازی ئەوەی داومێ کە دووجار چیرۆکی منی خوێندۆتەوە، نووسەرانی گەنج نەوەی نەوەدەکان بەشی هەرە زۆریان لە نزیکەوە لەگەڵ کارەکتەرەکانی چیرۆکەکانم و ژیانم ژیاون و لە قووڵاییمدا هاوکار و هاندەرم بوون. من لەو بوارە نەک فەرامۆش نەکراوم، بەڵکو بەختەوەر بووم لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەر نووسینێکم پێوەندییەکی زۆرم پێوە دەکرێ و هەر ئەو دڵسۆزییەی خوێنەر و نووسەر و هاوکارانە وزەی بەردەوامیم دەداتێ.

ڕاستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بەرنامە ئەو کارەیان کردووە، ئەو دەزگایانە دەزگای بازاڕین و کاری خۆیانە




لەسەر ئاستی بازاڕ کاربکەن، منیش سوپاسیان دەکەم کە منیان تا ئەو ڕادەیە بەبازاڕی نەکردووە و فەرامۆشیان کردووم، ئەوە نەک غەدرێکە، ئەوە چاکەیەکە. هەموو نووسینە پەخشانەکانیان بەوە نابێ کاتێک

سەرکەوت وەلی هونەرکار دەڵێت لەگەڵ خوێندنەوەی بابەتەکانت موچرکە بەلەشم دادێت. من هەرگیز لە ئاستی ستایشی ئەو هەموو شێوەکار و هونەرمەند و قوتابییەدا نیم.

**رامان:** کاتێک خوێنەر چیرۆکێکت دەخوێنێتەوە هەست دەکات چەند تابلۆ و پۆرترێتێک لەپێکهاتەی چیرۆکەکە بەشدارن. هێنانی ئەم تابلۆ و پۆرترێتانە چ سەرەتایەکیان لەدیدگای تۆدا هەیە؟ ئەم شێوازەش جۆرە تایبەتمەندییەکە لەکارەکانی تۆدا پەیدا بووە؟ چۆن دەتوانین خوێنەر وەک تابلۆ و پۆرترێتێک ڕاکێشینە ناو ئەم شێوازە و لە پێکهاتەی دەقەکەدا بەشداری پێ بکەین؟

**جەبار جەمال غەریب:** لەیدی من ژیان چەند وێنەیەکی لێکدراوە، چەند تابلۆیەکی لێک جیاوازن و دراونەتە دەم یەکتری. هەر هەموو کەسەکان بەشێک لە ژیانی ئێمە بۆ خۆیانی دەبەن و بەشێک لەژیانی خۆیان لای ئێمە جێ دەهێڵن. هەر کارەکتەرێکی ناسراو دەبینی ئەلبومێکی تایبەتی لەلای تۆ هەیە. هەندێک لەو وێنانە هاوبەشن و گۆشەنیگای جیاوازمان بۆیان هەیە، وەک وێنەی هونەرمەندەکان و کەسە ناسراوەکان، هەر بۆ نموونە لە ماوەی ئەو ساڵدا وێنەیەک بۆ ئەلبوومی ژیانی هەموو دنیا زیاد بوو ئەویش وێنەی ئۆبامایە. هەر کامێک لە ئێمە کە چەند ساڵێک بگەڕێینەوە دواوە، هەرگیز وێنەی ئەو پیاوە ڕەش و پڕ نهێنییە لەلاپەڕەکانی ئەلبوومی ژیانماندا نابینین، ئەو کاتەش ژیانمان مانایەکی نامێنی کە وێنە و ئەلبووم و ڕۆژەکان تێکەڵ دەبن. من هەوڵ دەدەم زۆرترین وێنە و تابلۆی تازە بخەمە ئەلبوومی خوێنەرەکانم لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆکێک، بەلای منەوە سەرکەوتووترین چیرۆک ئەو چیرۆکەیە کە زۆرترین و سەرنجڕاکێشترین وێنە دەخاتە ئەلبوومی خوێنەرەکانییەوە.

**رامان:** خۆت چۆن هەست دەکەی ئەو وێنانەت زیاد کردووە؟

**جەبار جەمال غەریب:** من بۆ خۆم عەشقی ژیانی ئەزموونگەریم، هەموو شتەکانیش لەسەر خۆم تاقی دەکەمەوە، لەکاتی نووسیندا من دەزانم چ وێنەیەک بۆ ئەلبوومی تایبەتی خۆم زیاد بووە. پێش ساڵی دوو هەزار کەسایەتییەک لەژیانی مندا نەبوو بەناوی ژاکۆن، واش هەست دەکەم کە ئەو کەسایەتییە لەژیانی کەسدا نەبووبێ، هەر تەواو وەک ئۆباما کە پێشتر شوێنێکی لەلامان نەبوو، بەڵام ئێمە دەزانین ئەو پیاوە پێشتر لە شوێنێکی دیکەی دنیادا هەبووە، هەر بەهەمان شێوە ژاکۆنیش لەشوێنێکی دیکەی دنیادا هەبووە، ئەو شوێنەش بەدڵنیاییەوە ئەمریکا نییە، ئەو شوێنە قووڵایی کتێبخانە بووە. سەرەتا من خۆم ژاکۆنم ناسی، بووە کەسێکی نزیک لێم، ناتوانم بڵێم بووە هاوڕێم، نا ئەو کەسێکی ترسناکە، بە عەشقە ڕۆمانسییەکەی، بە چاوەڕوانییە قووڵەکانی، بەنامە ڕوحلبەرەکانی، ئەو کچە ترسناکە، من ناسیم و وێنەکانیم وەک خۆی نووسییەوە، بەشێکی نامەکانیم فۆتۆکۆپی کرد، بەڵام دوای ئەو ناسینە ژاکۆن نەبووە سەرۆکی ئەمریکا، بەڵکو بووە سەرۆکی ئەو وڵاتەی، ئەو مەملەکەتە تەنیایانەی جارێک خوێندیانەوە، ئەگەر بۆ چوار ڕۆژیش بێت.

ئەو وێنانە وەک یەک نین، «وەیسە بەراز» لە چیرۆکی «هەتکی ڕوح»دا ئەو پیاوە ئافاتێکە بۆ خۆی، بە دەیان

## من بۆ کەسێکی تایبەت نانووسم، بەڵام بۆ خوێنەرێکی تایبەت دەنووسم، کە سەرکێشە و حەز بەزمان و فەنتازیا و خەیاڵی جیاواز دەکات

جار دوام کەوتووە، هەڕەشەی کوشتنی لێکردووم، چونکە وێنەکەیم نیشانی خەڵک داوە، هەمیشەش پێم دەڵێت «لەپێناوی تۆزێک شانازی و چەند وشەیەکی قوڕ فڕێتدامە بەردەستی هەموو کەسێک» بەڵام من لە هەڕەشەکانی ناترسم، چونکە دەزانم تازە هەرگیز ناتوانێ لەچیرۆکەکە بێتە دەرێ و ئەگەر خەنجەرەکەشیم لێ بوەشێنێ، دەزانم دوای ئەوەی نووسیمەوە خەنجەرەکەی بۆتە کاغەز.

**رامان:** بەشێکی پرسیارەکەمان بریتییە لەو وێنە و تابلۆ هونەرییانەی بە وشە و ڕستە دروستیان دەکەی، هەرکەس چیرۆکێکت بخوێنێتەوە ئەگەر زیادەڕۆیی نەبێ وەک ئەوە وایە پێشانگایەکی شێوەکاری دیبێت؟

**جەبار جەمال غەریب:** ئەوەش بەشێکی کاری منە، بەشی هەرە زۆری ئەوەیە کە خودی وشەکان وێنەشن، هەر بۆ نموونە وشەی «سەگ» دوو ئاستی وێنەی تێدایە، یەکەمیان شێوەی نووسینی پیتەکان دووەمیان وشەکە بۆ خۆی وێنەیەکی زەینی ئامادەمان لا دروست دەکاتەوە.

ئەوەندەی پێوەندی بە منیشەوە هەیە، لەناخی مندا هونەرمەندێکی شێوەکاری سەرنەکەوتوو نووستووە، یان منداڵێکی هونەرمەند هەیە کە هەرگیز بۆی نەکرا گەورە بێت. من بۆ خۆم گەورە و ناشیرین بووم و ئەو منداڵە ناسکەم جێ هێشت، کەچی ئەو بەوەفاترە و هەمیشە بەخۆی و فلچەیەکەوە کە زۆر لە خۆی گەورەترە دێتە ناو نووسین و چیرۆک و ڕۆمانەکانم ئەوەی نابێ پێیان دەکات، منیش هەر ئەوەندەم لەدەست دێت لە پەنایەک دانیشم و پێی پێبکەنم.

بەکورتییەکەی من کە دەبوو شێوەکار بام و بەو ڕەنگە پڕ سیحرانە دنیام دروست کردباوە، من کە زۆر حەزم دەکرد شمشاڵژەن بام و دنیام لە مۆسیقادا غەرق کردبا، من کە دەبوو ئەکتەرێکی سینەمای هولیوود بام هەموو ئەو خەونانەم هەروا بە ناکامی و بچووکی لەسەر ڕێگا جێ هێشت، هەوڵم دا نووسینیش جێ بهێڵم، بەڵام ئەو گرتمی. نووسین بۆ من ئەو کەلەپچەیەیە هەرچەند بمەوێ لێی ڕزگاربم، لە دەستم توندتر دەبێ (ئەگەرچی وێکچواندنەکەش ناشیرین نەبێ) بۆیە منیش هەوڵم دا لەگەڵ نووسین ڕەزیلی نەکەم، جارێک لەناویدا شێوەکارم و دەبم بە وەستای ڕەنگ و هێڵ و سێبەر و هەتاو، لەو کاتانەدا قەرەنی جەمیل و ڕێبوار سەعید، کوڕە سەلفادۆر دالی و پیکاسۆش بە شاگرد ناگرم، بەڵام ئەو خەونەم کورتە، زوو بە ئاگا دێم و دەزانم ئەی خودایە چەند بێ ئەقڵ و نەزانم . ئەو کارەشم وەک خەونی ئەو سمۆرەیە وایە کە دەیەوێ دارگوێزێک بۆ ماڵەکەی بگوازێتەوە، دواتر کە دەزانێ ماڵەکەی خۆی چەند بچووکە واز لەو خەیاڵە دێنێ و ماڵەکەی خۆی دەباتە ناو دارگوێزەکە. ئیدی من بۆ سینەما و مۆسیقا و هونەرەکانی دیکەش هەروام، واتە هەموو خەونەکانی خۆم بردۆتە ناو نووسینەوە.




**ڕامان:** لەچیرۆکی پەنجا و شەستەکانی کوردیدا هونەری نامە زۆر بەکارهاتووە، نموونە لە چیرۆکی (موحەڕەم محەمەد ئەمین، مارف خەزنەدار، محەمەد مەولوود مەم،...تاد) لە چیرۆکی حەفتاکاندا بەرەو کزی دەچێت و لەیەک دوو نموونەی (عەبدوڵڵا سەڕاج و جەلیل کاکەوەیس)دا دەمێنێتەوە. لەنەوەی ئێوەدا بە تەواوی نامێنێت. ئەم کارپێکردن و نەمانە بۆچی دەگەڕێتەوە و وێستگەکانی چین؟

**جەبار جەمال غەریب:** نامە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەگەشەکردن و دروستبوونی خوێندەوارییەوە هەیە، نامە ئاسنکارییەکی زۆری بۆ گەیاندنی پەیامی کەسەکان کرد، یەکێک لە کارە گرنگەکانی میرزاکانی کورد نامە نووسین بوو، ئەوە لەسەر ئاستی گشتی، خودی نامەش سیحرێکە بۆ خۆی، ئینسانێک لەو هەزاران وشەیەی لەناخیدایە، چەند وشەیەک فڕێ دەداتە سەر کاغەزێک. چیرۆک نووسەکانیش وەک بەشێک لە گێڕانەوە و بەشێک لەتەکنیک و ڕێگایەک بۆ دەربڕین بەکاریان هێناوە.

لەسەردەمێکیشدا خودی چیرۆک وەک نامەی لێدێت، نامەیەک بۆ هەمووان، من نامەم زۆر بە کارهێناوە، بەڵام نامەکانی من ئەو نامانەن کە کارەکتەرەکان نەیانتوانی بینووسن، نەیانتوانی بیخەنە سەر کاغەز و پوولی لێدەن و بە کەسێکدا بینێرن. باوەڕم وایە لەناخی هەر کەسدا چەندان نامە هەن کە لەبیر ناکرێن و ناسڕدرێنەوە. هەر ئەوانیش نامە نەنووسراوەکانن. بەشێکیش پێوەندی بەئاڵۆزی و دنیا و هونەری چیرۆکیشەوە هەیە، نامە جۆرێکە لەسادەبوونەوە و گەیاندنی پەیام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوکاتانەی هونەری گوتاردان لە چیرۆکدا زاڵ دەبێت گرنگی نامە کەم دەبێتەوە. گوتار، یان وتاردان جگە لەوەی بۆ خۆی هونەرێکە دەست دەخاتە بینی هەموو هونەرەکانی دیکەوە. کەسانی گوتاربێژ ئارەزوو ناکەن هیچ کەس فەزای گوێگرتنیان لێ بشێوێنێ، چونکە ئەوان بۆ خۆیان پەیامێکیان هەیە و دەیانەوێ بیگەیەنن کە سەردەمێکی درێژی چیرۆکی کوردی داگیر کردووە.




نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە لەگەڵ گەشەکردنی شێوازەکانی گێڕانەوە

و فــــرەبوونی هونەرەکــــانی چیـــرۆک نـووسین و دەوڵەمەندبوونی تەکنیک شوێنیان بە نامە لەق کرد و چیـرۆکنووس لەرێگای فـلاشـبـاک و مـۆنۆلۆژ..تاد. مەبەستەکەی خۆی دەگەیاند. نامەنووسین وەک خۆشی هونەرێکی گەورەیە و گرنگی ئەو لایەنەی نامە تا ئێستا فەرامۆش کراوە.

**رامان:** ژیانی منداڵی ڕۆڵێکی تایبەتی لەپێکهاتەی نووسـەراندا هەیە، گـەرموگـوڕییـەکی بەردەوامـیش بۆ ڕاچەنین و کـارکـردن دەدات. ئایا ئەم گـەرمـوگـوڕییـەی لەکـارەکـانـتـدا دەردەکـەون چەند پێـوەندییـان بەو پێکهـاتەیەوە هەیە، کـە منداڵی بەتەواوی تەمـەنی دەبەخشێت و تا نەمان لەناو مرۆڤی هەستیـاردا وەک خاڵێکی پڕ هێز دەمێنێتەوە؟

**جەبار جەمال غەریب:** لەژیانی هەمواندا منداڵی دەبێ حـسـێـبی تایبـەتی بۆ بکرێ، ئەو منداڵەی لەبەردەم مۆسیقادا گەورە ببێت زۆر زەحمەت ڕوو لە توندوتیژی دەکات، منداڵی بۆ گرنگە؟ چ وەک تەمـەنێک بۆ ژیان و لەزەت کردن، چ وەک تەمەنێک بۆ فێربوون و کاردانەوە. منداڵی تاکە قۆناغە مردن سێبەری بەسەردا ناکات، تاکە قـۆناغـە ترس لەبەیانی، ئەمـڕۆی لێ ناشـێـوێنێ، تاکـە قـۆناغـــە جــارێ پەروەردەی باو دەســتی بە تەواوی تێنەخستووە، تاکە تەمەنی ئازادی مرۆڤە، ئازادی لەبیر کردنەوە و خەیاڵکردن، ئازادی لە ژیان. تاکە قۆناغە کە جـارێ ئینسـان زۆر لە سـروشت و توانایی خـۆی دوور نەکـەوتۆتەوە. تەنیـا لەو تەمـەنەدا ئینسـانە و بۆ خـۆی دەژیت و تەمـســیـل ناکـات. هەر لەبەر ئەو هۆکـاره سادەیەشە کە لەمنداڵیدا تەمسیل ناکەین، ئەو ماوە کـەمـە بۆ ئەبەد لەگـەڵمـان دەبێت. چەند مـرۆڤـەکـان عـەقـڵـیـان گـەورەتر دەبێت ئەوەندە دەچنە ناو دنیـای تەمـسـیلکردنەوە، تەمـسـیلکردنیش لەژیانی ئینسـاندا نامێنێتەوە. لێرەوە مرۆڤەکان واز لە سروشتی خۆیان دەهێنن و ئاکارێکی گشتی تەمسیل دەکەن. هەمـوان دەبنە پاڵەوان، هەموان دەبنە شۆڕشگێڕ، هەموان دەبنە مــەرد و چاپووک و ئازاد، ئیــدی بۆ دەرمـــانـیش ترسنۆکـێکت دەست ناکـەوێت. ئیـدی هەمـوان دەبنە بەشەرەف و دڵپاک و دەستپاک و داوێنپاک، مێژووی درۆزنی و حـیـزی و دزی کـە لە منداڵیـدا ئاسـایی دەردەکەون بۆ ئەبەد دەسڕێتەوە. هەربۆیە ئەو سیـفاتانە لەمنداڵیدا ئاساین و بەشێکن لە سروشتی ژیان، چونکە بەنیـازی زیانگەیاندن بە کـەسێکی دیکە و فـەزایەکی دیکە ناکـرێن، بەڵام هەمـان ئەو سـیـفـاتە دزێوانە لەگەورەییدا بەتەمسیلکردنەوە دەکرێن و لەوپەڕی نهێنی و دوژمنکارانە وا پەیڕەو دەکـرێن و کـارەسـاتیـان لێدەکەوێتەوە.

هەر تەمــەنە و لەزەتی خـۆی هەیە، بەڵام فـاسـیلە لێگرتن، یان مـــەودا لێگرتن و لێ دوورکـــەوتنەوە بۆ تێگەیشتن و شارەزابوون لێی زۆر پێویستە، بەو پێیەش قورسترین تەمەن بۆ مەودا لێوەرگرتن پیرییە. سەرەڕای ئەوەی کە پیری لەکوردستان تەمەنێکی ترسناکە، پیری و مـردن، پیـری و نەخـۆشی، پیـری و گـوێ لێنەگـرتن هاومـانان، سـەرەڕای ئەوانە پیری قـۆناغـێکە شایانی نووسینەوەیە، قۆناغێکی درێژخایەنە لە

## سەرکەوتووترین چیرۆک ئەو چیرۆکەیە کە زۆرترین و سەرنجڕاکێشترین وێنە دەخاتە ئەلبوومی خوێنەرەکانییەوە

زووی ڕۆژەکانەوە، تیـژتێپـەڕە لەبەردەم بیـرکردنەوەدا. کـێشـەی هەرە گـەورەی پیری ئەوەیە فاسیلەی لێ وەرناگیرێ، بەتایبەتی بۆ کەسێک خولیای نووسینی مابێ.

**رامان:** ئەی بەلای تۆوە تەمـەنی منداڵی چ مـانایەکی هەیە؟

**جەبار جەمال غەریب:** تەمەنی منداڵی لای من تەواو نابێ، هەرگـیـز لە بیـرم ناچێ ئەو تەمـەنە لەگـەڵ خـۆم بگوازمەوە. ئەو تەمەنە لەناو قەڵەم و کاغەز و ڕۆژەکانمدا مـــــوتوربە بووە. بەتـاڵـکردنەوەی ژیـان لـەمـنـداڵـی بەتاڵکردنەوەیەتی لەناسکی و نەرمی و ئەزمـوونگەری. بەبێ منداڵی ژیان دارێکی وشکە ئەگـەر بتـەوێ کـاری تێـبکەی، یان لە ئەزمـــوونێکدا بەکـاری بێنی دەبێ بیپشکنی. ئەوەی زۆر بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کە ناکرێ ئێـمە ژیانی منداڵی خـۆمان بۆ ئەبەد بگـێـڕینەوە، بەڵکو دەبێ هەمـو ئەو دنیـایانەی خـەڵـقیـان دەکـەین لەچاوی منداڵییەوە بێت.

**رامـان:** (ئیــبـــراهیم ئەمین باڵدار) لە پێکهـاتەی ڕۆشنبـیـری هەمـوومـانـدا کـەسـایەتیـیـەکی زیندووە، کـتێـبـەکـەشی وەک شاکار لە کـتێـبخـانەی نووسـەراندا دادەنرێ. ئایا بیرت لەوە نەکردووەتەوە ئەم کەسایەتییە زیندووەی ناو پێکهـاتەی کـۆمـەڵگا کـوردی بکەیت بە

شاکەسی کارێکی ئەدەبیت، کە ئامادەییەکی بەردەوامی لەیادگەی هەمووماندا هەیە؟

**جەبار جەمال غەریب:** «ئەلف و بێی نوێ» یەکەم کتێبی ڕەنگدار بوو لەژیانمدا دیتوومە، هەر لەو کتێبەشدا دارام ناسی و بۆ هەمیشە بووە هاوڕێم. سەرەتا بەتەواوی دەرکم بەوە نەدەکرد کە ئەو ناوەی لەسەری نووسراوە «ئیبراهیم ئەمین باڵدار» چ پێوەندییەکی بەو کتێبەوە هەیە، دواتر وشەی باڵدار فریام کەوت و زانیم ئەو کتێبە فڕینە، فڕین تا ئەوپەڕی خەیاڵ. من شێتی ئەو کتێبەم، وێنەی یەکەم داری ناوی یەکەم داری ڕاستەقینە بوو کە لە ژیانمدا دیتم، ئەو کتێبە شانامەی من بوو، ئەو پیاوە باڵدارە منی قەرزدار و سەراسیمەکرد، من پێشنیار دەکەم ئەو کتێبە بە پیتی زێڕین بنووسرێتەوە و بدرێت بەو پیاوە کولتوور ناسانەی لە هەموو دنیاوە ڕوو لەکوردستان دەکەن. با ئەو باڵوێزانەی دێنە ئێرە کتێبێکی ئاوایان بدرێتێ. با ئەوانیش چۆلەکە ئالتوونییەکان و زریزەی ئازاد و مەڕە زەردە و فڕفڕۆکە ببینن، با مێوژی مام زۆراب و نانی ساج و کفتە تام بکەن. با کەمێک لەگەڵ مام ورچ هەڵپەڕن و تەماشای غارغارێنی ئەسپەکان بکەن. ئەو کتێبە بەڕاستی کتێبی شەرەفە. بزانن لەدوای ئەو کتێبە هیچ کتێبێکی دیکە توانی یادەوەریمان داگیر کات؟ ئەو کاتە باڵداری سیحرباز هەموومانی بردە ناو شارێکەوە پڕ لە مۆسیقا و بلوێری شوانی، شارێک بۆ نیگارکێشان و گوڵ ڕواندن، شارێک بۆ هاوڕێتی کردنی عەلەشیش و کەو و بەرخ و زەردە زەرد و حەچەکەرەی چالاک. شارێک بۆ دەیلانێ و سەیران. ئاشناکردنمان بە شووشە شیر و سێو و ترێ. لە هەر لاپەڕەیەکدا و لەرێگای چەند وشەیەکەوە دەرگای فەنتازیا و خەیاڵی بەسەردا دەکردینەوە و گەشەی بەبیرکردنەوەمان دەکرد. ئێمە هەموومان دەمرین و دەڕۆین، بەڵام باڵدار نەوە دوای نەوە منداڵەکان تا دوا سنوور دەبات و دەگەڕێتەوە. ئێستا ئەو کتێبە لەوە




دەرچووە سەرچاوەیەک بێت بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین، بەڵکو بریتییە لە دەیان پارچە خەیاڵی جوان و لەقووڵایی یادەوەریماندا پێکەوە کۆمان دەکاتەوە، هەموو کورد دەشێ لە ناو لاپەڕەکانی ئەو کتێبەدا بە ئاشتی بژین و بیکەنە ئەو نیشتیمانەی دەستیان ناکەوێت.

بێ گومان هەمیشە کارکردن لەسەر ئەو کتێبە خەیاڵ و ئەندێشەمە، بەڵام من ناتوانم ئەو کارە لەبەرنامەیەکدا بچووک بکەمەوە، لە هەر کات و لە هەر شوێنێ سیحر و جادووەکانی وشەم تەواو بێت پەنا بۆ کتێبە دەبەم. هەر بۆ نموونە لە ڕۆمانی «لەسەرباران دەنووسم» لە چەند جێگایەک وەک ڕزگارکەرێک هاتۆتە لام. ئەوەتا لەلاپەڕە (٢٢٦)دا بەو شێوەیە ئامادەیە -تۆ ببە زارا و من دەبمە دارا، بۆ هەمیشە دەچینە ناو کتێبێکەوە، لەوێ گوێ لە شمشاڵی شوان دەگرین، بەڕاستی سێوت بۆ بەردەدەمەوە، دەچینە سەیران و بەدیار نانی ساجەوە قنج قنج دادەنیشین. (لەسەربارانی دەنووسم، ل٢٢٦).

**ڕامان:** لەناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا بەشێک دەڵێن ڕۆمانمان هەیە و بەشێک دەڵێن ڕۆمانی کوردی تائێستا نییە، ئەگەر هەشبێت زۆر سەرەتاییە، هەروەها لەڕووی چیرۆکیشەوە بۆچوونی لەمە نزیک دووبارە دەکرێتەوە؟

**جەبار جەمال غەریب:** پرسیارەکانی ئێوە جێگای لەسەر وەستان و لێکدانەوەن کە دەشێ کتێبێکی بوێت، چونکە وەڵامدانەوە لای من دەبێ بە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی فیکردا تێپەڕێ و وەک هەر بابەتێکی دیاریکراو بۆ نووسین و ڕاڤەکردن. ڕاستە کەمیانم وەڵام داوەتەوە، بەڵام ئەوەندەش توانا و وزەیەکی زۆری منی بردووە، هەرچەندە ئەو پرسیارەشتان چەند پرسێکی جیاوازی هەڵگرتووە و چەند پرسیارێکی سەربەخۆی تێدایە.




بە کەم سەیرکردن تەنیا ڕۆمان و چیرۆکی نەگرتۆتەوە، واتا سەیرکردن لەسەرەوە بۆ خوارەوە و سووک تێڕوانین تەواوی ژانرەکانی گرتۆتەوە، لێرەدا مەبەستم بە کەم سەیرکردنی ئەوانی

دیکە نییە، چونکە خانەبەدی کردنی ئەوانی دیکە جگە لەوەی لەسەردەمێکی مێژووییدا دیاردەیەکی جیهانی بووە، بابەتێکی فیکری فراوانیش بووە. بەشێوەی جیاوازیش لە قۆناغە مێژووییەکانەوە گواستراوەتەوە تا هەندێ جار «بە دوژمن کردنی» ئەوانی دیکە کۆتایی هاتووە.

ئەو پرسیارەی ئێوە تەواو پێچەوانەیە، واتا بە کەم تەماشاکردنی خود. لەو ڕووبەرە جوگرافیاییەی ئێستا ڕۆشنبیری کوردی خەریکی کارکردنە مینرپێژکراوە بەدیاردەی ئاڵۆز و جیاواز و سەیر هەندێک جار. من لێرەدا هەوڵدەدەم پێش ئەوەی لە ڕۆمان و چیرۆک بدوێم لەهۆکاری ئەو دیاردەیە بدوێم. ئەرێ چیرۆکی کوردی لاوازە. ئەرێ ڕاستە ڕۆمانی کوردی نییە؟ ئەرێ ئەو ژانرانە بەتاڵن لە فیکر و بیرکردنەوە و لەزەت؟ ئەرێ بەڕاست ئاستی ئەو ژانرانە خوێنەری کورد تێر ناکەن. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەبێ ئەتمۆسفیری ئەو پانتاییە ڕۆشنبیرییە بناسین کە ئەو پرسیارانەی لێوە دروست بووە، یان ئەو بە کەم سەیرکردنەی بەرهەم هێناوە؟

سەرەتا خوێنەرەکانی کورد کێن؟ فەزای خوێندنەوەی هی چ جۆرە بابەتێکە؟

من ئەوە ناشارمەوە کە خوێنەرەکان (منیش هەر خوێنەرم) لەپۆلێن کردن و کارەکتەردا لێک جیاوازن، کە دواتر لەوە دەدوێم، بەڵام تائێستا پانتایی ڕۆشنبیری بە (بەرهەمهێن و بەکارهێنییەوە) یەکتر تەواو دەکەن کە هەردووکیان کارەکتەری گوتار ئامێزن، واتا خۆراکی ڕوحی ئەوەن جەوهەری گوتارە. گوتار ئەو فیکر و وشە و حەماسەتەیە بەرەو شوێنێکی دیاریکراو ئاراستەمان دەکات. بەشێکی هەرە گرنگی گوتار تەرحکردنی فیکرە کەمەندکێش کردنی خوێنەرە بۆ ناو بازنەیەک، لەپشت ئەو بەشەوە، مەبەستێکی زۆر گرنگتر هەیە ئەویش دروستکردنی ڕابەر و پێشەوا و پاڵەوانە وەک تەقلیدکردنەوەیەکی هەرزانی سیاسەت. کۆمەڵگای کوردی کوشتەی پاڵەوانە، دەبێ پاڵەوان هەبێ دوای کەوێ و ئاراستەی بکات، دەبێ پاڵەوانێک هەبێ بیلاوێنێتەوە و بۆی بگری، دەبێ پاڵەوانێک هەبێ خۆی لەسەر کۆپی بکات، دەبێ پاڵەوانێک هەبێ دارکاری بکات، دواتر و لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر، تاکی ڕۆژهەڵاتی، یان کوردی دەبێ ئەو پاڵەوانە ئیهانە بکات و سووک ڕیسوای بکات، دەبێ هەموو خەتاکان و فەشەلەکان و نەهامەتییەکان لە ئەستۆی ئەو پاڵەوانە بن، لە باشترین حاڵەت دەبێ ئەو پاڵەوانە بکرێتە قوربانی، لەزەت لە قوربانی، لەزەتێکی بێ ئەندازە و بێ کۆتاییە، هەر بۆ نموونە لەزەتی هەموو پەیڕەوانی ئیمام عەلی لەڕێوڕەسم و بیرو باوەڕەکەیدا نییە، لەزەتی هەرە گەورەیان لە حیکایەتی کوژرانی حوسێن و بنەماڵەکەیدایە. کارەسات لەمەدایە کە ئەو پەیمانی بە پاڵەوانکردنە بگوازرێتەوە ناو ئەدەب، کە ئەو کارەساتەش زۆر بەداخەوە لە زووەوە لەدنیای ڕۆشنبیری کوردی پەیڕەوکراو، تاکە شاعیر و تاکە چیرۆکنووس و تاکە ڕۆماننووس، تاکە وتارنووس باوی هەبووە. هەموو ئەو دەردەسەریانە لە پشت بە گوتارکردنەوەی ئەدەبیاتەوەیە. ئەوەی کە هەمیشە نووسەران و خوێنەران یەکتری لەسەر بنیاد دەنێنەوە. ئەوە بابەتەش دەشێ لە پۆلێن کردنی خوێنەراندا کەڵکی لێ وەربگرم، ئەگەر مافی ئەو پۆلێنکردنەمان هەبێ.

**بەشی یەکەمی** ئەو پۆلینکردنە بریتییە لە خوێنەرە پێشەنگەکان کە ئەوان هەر هەمان نووسەرەکانی حەفتاکانیشن. ئەوان بەگۆڕانکاری سەیردا تێپەڕیون، هەندێ جار کارەکتەری چالاکیش بوون لەو گۆڕانکاریانەدا، لەو ساڵانەدا سیاسەت هەموو شتێک بوو هەتا لەبواری ڕۆشنبیریشدا، سیاسەت بە هەموو وێنەکانییەوە، ناسیونالت و مارکسی و لیبراڵی، بەڕاستی ئەو نەوەیە خوێنەر بوون، بەتایبەتی مارکسییەکانیان کە کتێب و خوێندنەوە بەشێکی گرنگی دیسپلینەکانیان بوو.

ئەو نەوە خوێنەرە لە ڕوحدا بریندار و برسی بوون، ئەوان ئەوەندەی هەوڵی سارێژکردنی برینە قووڵەکانی ناو ڕوح و هەستی ئیهانەکراویان دەدا، هەوڵی ئەزموونکردنی خوێندنەوەیان نەدەدا. بەدوای ئەو کتێبانەدا دەگەڕان کە ڕستە و وێنەکانیان وەڵامدەرەوەی دەروونیان بوو، بەڕاستی ئەوان نەوەی بەرگری بوون لەناو کاغەز و کتێبەکاندا. ئەوەندەی ڕوحی بەرگری لەکتێبەکانەوە گەشەی دەکرد، ئەوەندە لە شاخەوە پەرەی نەدەستاند. ئەوەی پێوەندی بە وەڵامەکەی منەوە هەیە، ئەو نەوەیە نەوەی بەرگری بوو، بەرگریش بەبێ گوتارێکی ئایدیۆلۆژی تۆکمە مەحاڵە دروست بێ. گەرای دروست بوونی گوتارگەرایی لەناو ئەو نەوەیەدا لەوێوە سەری

هەڵدابێ ئەوەی مەبەستیان بێت. هەتا ئێستا لەنائاگاییی ئەو نەوەیەدا چەند خاڵێک هەیە لەجیاوازی لەناخیاندا سەرهەڵدەداتەوە..

**یەکەم**: خۆشەویستیان بۆ یەک ڕیزی، واتە دۆزینەوەی هاوسۆز و هاوبیر لەگوتاردا.

**دووەم**: بەگەورە سەیرکردنی سەرچاوە بیانییەکان، بەتایبەت عەرەبی.

**سێیەم**: بڕیاردانی پێش وەخت (کە ئەو خاڵەیان کەمترە).

**چوارەم**: بە پەراوێز خستن و فەرامۆشکردنی بەرهەمی کوردی.

هەموو ئەو خاڵانە هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکەنەوە کە ئەو نەوەیە یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیری کوردی و کتێبخانەی کوردی.

**دووەم**: یان بەشی دووەمی ئەو پۆلێنکردنە نەوەیەکی تازەیە، بێ گومان لەتەمەندا نا، بەڵکو لە تەمەنی خوێندنەوەدا کە گەنج و کامڵ و پیریشی تێدەکەوێ، ئەو نەوەیە گیرۆدەی دەستی ڕاگەیاندنە، تووشی نەخۆشی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە بووە، ژیان ڕایکێشاوەتە ناو ناکۆکییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵام هەر هەموویان لە ئاستی ڕاگەیاندندا. ئەو نەوەیە نایەوێ هەروا لەنێوان بیروڕا جیاوازەکاندا بشەکێتەوە، نایەوێ هەروا چاودێر بێت بەسەر باڵە جیاوازەکاندا، دەیەوێ کاریگەر بێت و دەنگی ببیسترێ، هەربۆیەش تووشی بانگەشەی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان دەبێت و برسیەتی ڕوحی و مەعریفەی خۆی بەوپەڕی سادەیی دەشکێنێ و بۆشاییەکی قووڵی بیرکردنەوەی جۆرێک لەگوتاری باڵای ئەو بانگەشانە داگیر دەکەن. ئەو نەوەیە نەوەیەکی دیلە، نەوەی بانگەشە و گوتارە، هیچ کەسێکی جیاوازی قبووڵ نییە، هیچ کتێب و بیروڕایەکی جیاواز ناخوێنێتەوە، ئامادەی شەڕ و هێرشبردن و هەڵچوونە. ئەو نەوەیە هیچ لەسەر ڕۆمانی کوردی نازانێ، ڕۆمانی جیهانی نەخوێندۆتەوە، زمانێکی بیانی نازانێ، بەڵام ئامادەیە لەسەر ڕۆمانێک سووکایەتی بە هەموو ڕۆماننووسانی دنیا بکات، ئامادەیە لەسەر کتێبێک کە بە بەشێک لە گوتار و مەفاهیمی خۆی دەزانێ هەموو کتێبی دنیا بداتە بەر شەق. ئەو نەوەیە ئەزموونێکی لە شیعر نییە، هونەری شیعری نەخوێندووە، بەڵام ئامادەیە لەسەر شیعرێک، لەسەر دیوانێک کە بەبەشێک لەگوتاری خۆی تێدەگات هەرچی شیعری دنیا هەیە بیسووتێنێ، ئەو نەوەیە کە نەوەی ڕاگەیاندنە (پیر و کامڵ و گەنجیشی تێدایە) نازانێ هەزار و یەک شەوە چییە، بێزی لە توحفەی موزەفەرییە دەبێتەوە، بۆرخێسی وەک ناو بیستووە، یان نا، بەڵام لەسەر چیرۆکێک کەوا تێدەگات گوتاری ئەوی تێدایە ئامادەیە هەرچی حیکایەت هەیە ڕەشی کاتەوە. ئەو نەوەیە شوێن و جێگای خۆی هەیە و ڕۆڵی هەبووە لە زیادبوونی ژمارەی خوێنەرانی کورد، کۆڕەکانی قەڵەباڵغ کردووە، بەڵام بەو سروشتەی خۆیەوە کە من بۆ خۆم ڕێز لە حەماس و گەرموگوڕییەکەیان دەگرم.

**سێیەم**: یان بەشی سێیەمی ئەو پۆلێنکردنە، نەوەیەکی جیاوازە، نە ژمارەیان زانراوە و دەزانرێ، نە تەمەنیان دیارە، ناشزانرێ سەر بە چ گرووپ و دەستەو تاقمێکن. ئاگایان لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنە، بەڵام دیلیان نین. ڕۆژنامە دێتە ماڵی ئەوانەوە، ئەوان هەرگیز ناچنە ماڵی ڕۆژنامەوە، ئەوانە هونەرمەند و شێوەکار و نووسەر و قوتابی و مامۆستای زانکۆ و گەنجی پەراوێز خراوی شارۆچکەکان و گوندەکانیشی تێدایە، ئەوانە خوێنەرن لەنهێنیدا، ئەوانە کرمی ناو کتێبن. ئەوان دەزانن بێ گومان لەپشت کتێب و وتار و ڕستەکانەوە داخۆ نووسەر چ پیاوێکی تاریکە، یان چەند ڕووناکە. ئەوان، ئەو نەوەیە ڕاستییەکان بەکەس ناڵێن، بەڵام هەر کەس، هەر نووسەر و کتێبێک لای ئەوان زیندوو و ڕووناک بێت هەرگیز نامرێ.

هەست دەکەم زۆر لە پرسیارەکەی ئێوە دوورکەوتوومەوە، بەڵام ئەوە تەنیا لە دوو کەشدا، ئەگەر نا هەر خەریکی وەڵامەکەی ئێوەم. هەموو ئەو پۆلێن کردنەم بۆ وەڵامێکە ئەویش ئەوەیە کە هەر پۆلە و تەماشاکردنێکی تایبەتی هەیە، پۆلێک ناتوانێ بەئاسایی ڕۆمانی کوردی بخوێنێتەوە و بیر لەو هەموو ڕۆمانە گرنگە نەکاتەوە کە لەسەردەمێکی ژیانیدا سەراسیمەیان نەکردووە، بێ گومان لە فەزایەکی تایبەت و بەعەقڵییەتێکی تایبەتەوە ئەو ڕۆمانانەیان خوێندۆتەوە، بێ گومان ڕۆمانی کوردی هەرگیز ناگاتە ئەو وێنەیەی ئەو لەسەر ڕۆمان هەیەتی، بۆیە لای ئەوان ڕۆمانی کوردی لەسەرەتادایە.

ئەوە مانای ئەوە نییە کە ڕۆمانی کوردی پلەیەکی بەرز و باڵای بڕیوە و دەبێ وەک ڕۆمانی جیهانی تەماشا بکرێ، هەرچەندە پێچەوانەکەشی ڕاست نییە، بەڵام

ئەمڕۆ مەرج نییە من شکسپیرێکم هەبێ و لەناوەڕاستی سەدەی شازدە ئەو هەموو داهێنانەی کردبێ، مەرج نییە من ئمێلی برۆنتییەکم هەبێ و لەسەدەی نۆزدە و لەتەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا شاکارێک بخاتە سەر خەرمانەی ڕۆمان، من باوەڕم وایە ئەمڕۆ هەر هەموومان لەکەلەپووری ئینسانیدا هاوبەشین، هەر هەموومان هەقمانە خۆمان بەخاوەنی هۆگۆ، بەلزاک و تۆلستۆی و جۆیس بزانین، ئەمڕۆ خۆمان بە مارکیز و بۆرخێس و یۆستاین گاردەر و مەحموود دەوڵەت ئابادی و ئەمین مەعلووف و ساراماگۆ و ئیتالۆ کالڤینۆ بزانین، ئەوان ئەمڕۆ نەک میوانن، بەڵکو بوونەتە بەشێک لە دانیشتوانی کتێبخانەکانمان و بەشێک لەدانیشتوانی زەینمان.

لەپشت هەموو ئەو وتانەوە مەبەستم ئەوەیە دەرگای داهێنان و پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیکر ئەمڕۆ بەڕووی هەمووواندا کراوەیە، ئەدەبی کوردیش لەجۆری نووسین و بابەتی فیکر و داهێنانەوە لەمڕۆی باشتر بەخۆیەوە نەدیوە، ڕاستە بەپێی ئەو خواستە فراوانەی خوێنەر نییە، من بێ دەنگی و ساردییەک دەبینم، بەڵام من ئەوە بەکاتی لێبوردبوونەوە و تەئەمول دادەنێم. ساڵانی داهاتوو چاوەڕێی داهێنانی گرنگ دەکەم، ئەگەر چەواشەکارییەکانی ژیان ئەوانەی ژیان ماندوو دەکەن و پێوەندییان بە ئەدەبیاتەوە نییە زیاتر بواری نووسین تووشی تەنگژە نەکات. لایەنە بنەڕەتییەکانی ئەو بابەتە زۆر لەوە قووڵترە لە دیمانەیەکدا شی بکرێنەوە. کۆمەڵگای کوردی لەسەرەتاکانی خۆ ناسیندایە. هەموو ئەو بنەما سەرەکییانەی لە دروستبوونی ئەدەبیات و ڕۆشنبیرییەکی پێشکەوتوودا پێویستن، گرنگیدان بە بوارەکانی مەعریفە لەوپەڕی هەژاریدان، هەموو کەناڵەکانی داهێنان، مەعریفەی قۆرغ کراون و وەک پرۆژەی بازرگانی شەخسی سەیر دەکرێن، نووسەری داهێنەر بەتایبەتی لەبواری ڕۆمان و چیرۆک و پرۆژەی داهێنەرانە لەژێر پاڵەپەستۆدان و تارادەی نەدیتن بچووک دەکرێنەوە. مۆزەخانەمان نییە، کتێبی کوردی بەزەمەنێکی پیر لە پیلانگێڕی تێدەپەڕێ، ئەدیبی داهێنەر دەبێ تا دەمرێ لە کونجی ژوورەکەی خۆی دابێت. ئەو هێزە ئەمڕۆ خۆی بەکوێخای ڕۆشنبیران دەزانێ و دەزگا و توانایی بێ حسێبی لەبن دەستە نائومێدی ئەوەیە ئەو نووسەرە خەمخۆرەی لەناخماندا هەیە بیکوژێ.

**ڕامان:** بارودۆخی ڕەخنەی ئەدەبی بەگشتی و بەتایبەتیش ڕەخنەی چیرۆک و ڕۆمان لە کوردستاندا بە چ شێوەیەک دێتە پێش زەین و بینین، کە خۆت یەکێکی لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە چالاکەکانی ئێستای ئەدەبی کوردی؟

**جەبار جەمال غەریب:** من هەست ناکەم وشەی ڕەخنە، یان دەستەواژەی ڕەخنەی ئەدەبی لە کولتووری نووسراوی کوردیدا جێگای خۆی گرتبێ، ئەو تێرمە بارگاوی نییە بۆ ئەو مەبەستانەی بۆی بەکار دێت. هەر بۆ نموونە لە فەرهەنگەکەی مامۆستا شەفیق قەزازدا بەرانبەر وشەی ڕەخنە نووسراوە «Fautfinding» واتە دۆزینەوەی هەڵە، یان هەڵەگرتن، کە ئەوە مانای تەواوی ڕەخنەیە، یان مانا هەرە دیار و ڕاستەوخۆکەیەتی. لەبەرانبەردا بۆ وشەی «Critisim» ئینگلیزی دەنووسێ

the reasoned discussion of literary works. (OXford. Literary Terms/P54

لێکۆڵینەوەی بە بەڵگە لەکاری ئەدەبی، ڕاڤەکردنی عاقڵانە بۆ کاری ئەدەبی، دواتر دەنووسێ بەرگری کردن لە ئەدەب، بەهادانان و تێگەیشتن لێی، پۆلێن کردن و ڕیزبەندی، جا شەنوکەوکردنی.

تا ئێستا تەنیا نووسەر و ڕەخنەگرەکان سوورن لەسەر بەکارهێنانی وشەی ڕەخنە بەمانایەکی وەهمی، دەنا لەهیچ کایەیەکی دیکەدا ئەو وشەیە جگە لە ڕەخنە لێگرتن و تەشەر لێدان مانایەکی دیکەی نییە. «چیدی کات بەوە ناکوژم و وشەکە بەهەمان مانای وەهمیی خۆیەوە بەکار دێنم» هەرچۆنێ بێت، ئاسەوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی تائێستا کۆنەکراونەتەوە و پۆلێن و تیۆریزەنەکراون، سامانێک لەو نووسراوانە هەیە، بەڵام پەرشوبڵاو و بێ بەها لەبن دیوارە پەرپووتەکانی مێژووی ئەدەبیمان فڕێ دراون. گەورەترین کارەسات لەناو پرۆژەی ئەدەبیدا نەبوونی ڕەخنەیە بەمانا فراوانەکەی. لێکەوتەکانیشی ڕۆژ بەڕۆژ قورستر و گرانترن. ئەدەبێکی نزم و لەفەئامێز یادەوەری خوێنەر داگیر دەکات و ئاستی سەلیقە و تێگەیشتن و لەزەتی دێنێتە خوارێ و لەخوێنەرێکی لەزەتبین و فێرخواز دەکاتە کەسێکی تووڕە و جنێودەر و سەرلێشێواو. نەبوونی ڕەخنەیەک پشت ئەستوور بێت بەتوانایییەکی خولقێنەر وای کردووە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان والا بێت لەبەردەم جۆرە نووسینێکی

دوور و درێژی پەخشان ئامێز کە جگە لە ستایشێکی بێ بنەما و هێرش و جنێوبارانکردنی دەقی ئەدەبی جددی هیچی دیکەیان تێدا نییە. هەر ئەو نەبوونی سیستەمە ڕەخنەیەی بەها بۆ ئەدەب دەگێڕێتەوە هەندێ دامودەزگای چاپ و ئەدەبی هان داوە لە ویرانەی عەقڵییەتی ڕۆشنبیری خۆیانەوە خەڵات دابەش بکەن و کەسایەتی نووسەران پۆلێن بکەن. هەر ئەو جۆرە دەزگایانە لەبەر ئەوەی سەلیقەی خوێندنەوەیەکی توکمەیان لە پشتەوە نییە و ناتوانن ڕوحی داهێنان بدۆزنەوە لەوپەڕی سادەییدا دەڵێن: «ئێمە دەقی ئەدەبی و شیعر و چیرۆک چاپ ناکەین چونکە زۆرن» بێ ئەوەی بۆ ساتێک لەوە دوو دڵ بێت کە بەو بۆچوونەی ویرانی ئاستی ئێستێتیکی خۆی نیشان دەدات و دەقی ئەدەبیش دەخاتە خانەیەکی زۆر نزمەوە. ئەگەر وا نەبووایە دەبوو ئەو دامودەزگا بەڕێزانە بۆ خۆیان بەدوای دەقی ئەدەبی داهێنەردا گەڕابان و بەوپەڕی ڕێزگرتن و حورمەتەوە، مامەڵەیان لەگەڵ ئەو دەقانە کردبایە لەجیاتی ئەوەی گوتبایان بەڕاستی دەقی ئەدەبیمان زۆر کەمە و کاری ئێمە دۆزینەوەی توانا داهێنەرەکانە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بێ ئومێد نیم هەوڵی نووسین و داهێنان لە هەموو بوارەکان «شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، ڕەخنەی ئەدەبی» بەردەوامە و نموونەی جددی و جوانیشمان هەیە. سەرەڕای ئەو شەڕە قورسانەی ئەمڕۆ داهێنان کەوتۆتە ناوی کە بەشێکیان سروشتین و دەبێ بکرێن وەک ئەو گۆڕانکارییە دیار و زەقانەی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا دێت و هێرشێکی گەورە دەکرێتە سەر بوارەکانی ڕوحی و مەعنەوی ئینسانی کورد لە ڕێگای سیستمی ئابووری و سیاسی و تەکنۆلۆژیاوە، ئەو کایانە ئینسانی کوردیان وا گەمارۆ داوە کە هەناسەیەکیان بۆ خۆشبەختی نەهێشتۆتەوە. لەبەر بێ ئەزموونی ئەو ئینسانە کوردەش لە هەموو تەمەنێکدا و هەموو بوارەکانی ژیانی کراوەن بۆ داگیرکردن و ویرانکردن. ئەو ویرانکردنی ڕوحە لەدوو شوێنەوە کاریگەری لەسەر داهێنان و پانتایی بیرکردنەوە و نووسین هەیە، جاری یەکەم ڕوحی خۆی بەر ئەو ویرانکارییە دەکەوێ، لەڕێگای خنکانی ئابووری، فەرامۆشکردنی ڕۆڵی نووسین لەڕێگای سیاسەتەوە، تا دەگاتە داگیرکردنی لەلایەن تەکنۆلۆژیاوە، خراپ بەکارهێنان و بەهەڵە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا مەترسیداترین چەکن بۆ کوشتنی ڕوحی داهێنان و سڕینەوەی کاتەکانی بیرکردنەوە. ئەمڕۆ هیچ کایەیەکی تەکنۆلۆژی نییە بە پێچەوانەی مەبەستی خۆیەوە بەکارنەهێنرێ، لە سەیارە و ئەنتەرنێت و مۆبایلەوە بگرە هەتا دەگاتە کەلوپەلی پزیشکی. ویرانکردنی بوارەکانی داهێنان، یان نەهێشتنی هەلەکانی نووسین بابەتێکی زانستی و فیکری گرنگە کە ئێمەی کورد ئاورمان لێ نەداوەتەوە، سەرەڕای ئەوەش حاڵەتێکی نامۆ و ناتەندروست نییە. ئەوە نووسەری جددییە دەبێ ئەو شەڕە بکات، سەرەتا شەڕ لەگەڵ خۆی، بۆ ڕزگارکردنی خۆی، ڕزگارکردنی بەشێکی کەم لەو ڕوحی نووسینەی بەر ویران بوون کەوتووە. جاری دووەم ئەو هێرشە ویرانکەرە پانتایی خوێندنەوە لە ئارامیدا کەم دەکاتەوە، فەزای خوێندنەوەی تەندروست هەڵدەتەکێنێ و خوێنەر لەو فەزایەدا ئارامی و ئاسایشی خۆی لەدەست دەدات. پاراستنی ڕوح و پێناسەی خوێنەری، سادەیی و ڕوح سووکی خوێنەری، گەرموگوڕی و خولیای خوێنەری تاکە خۆش بەختییە کە دەبێ هەر هەموومان بە ئومێدییەوە بین. بەلای منەوە لەدەستدانی ڕوحییەتی خوێندنەوە، سادەیی خوێنەر لەدەستدانی هەموو ڕایەڵەکانی خۆشنوودی و داهێنانە.

بەشێکی دیکەی ئەو شەڕانەی داهێنان و نووسین کەوتوونەتە ناوی کە نە تەندروستن و نە عەقڵانین، ئەو شەڕانە تەنیا بەهیوای کوشتنی شەوقی داهێنان و نووسین دەکرێن. شەڕێکی هەمەلایەن و گۆڕەپان فراوانە، سەرکردایەتی و پلاندارێژی ئەو شەڕانەش سیستمی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ڕۆشنبیریی لەو وڵاتەدا. بە هەدەردان و خەسارکردنی سامانی وڵاتە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی حزبەکان و وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوەیە لەو وڵاتەدا.

وەزارەت لەڕێگای پلانی ڕۆشنبیرییەوە کاردەکات؟ تەلەفزیۆنەکان لەکوێدا لەخزمەتی داهێناندان؟ کێن ئەوانەی نەخشەی بەرنامەکانیان دادەڕێژن؟ لەکوێدا ڕۆژنامەکان گرنگی بەبواری ڕۆشنبیری دەدەن؟ ئەو هەموو نەوە نەزۆکە کێن بێ بەرنامە خستوویانەوە؟ کێن ئەوانەی لە دەزگا ڕۆشنبیری و چاپخانەکاندا بڕیار لەسەر کایەکانی ڕۆشنبیری دەدەن کە هەر هەموویان بەسەرمایەی ئەو وڵاتە بەڕێوەدەچن، کە جگە لەگاڵتەکردن بەخەڵوەتی نووسین کارێکی دیکەیان نییە.

هەست دەکەم لە بابەتەکەم دوورکەوتوومەتەوە. ڕەخنەی ئەدەبی چۆن دەبینی؟ تۆ کە سیستمی ڕۆشنبیری وڵاتەکەت دەستێکی نادیار و لەوپەڕی هەمەجیدا

بەڕێوەی بەرێ، ڕەخنەی ئەدەبی کە کایەیەی تەواو ڕۆشنبیری و فیکرییە، دەبێ لەکوێدا بێت؟ من بۆ خۆم هەتا ئەو نووسینە ستایش ئامێزانەش ناخوێنمەوە کە لە ڕۆژنامەکاندا هەموو ڕۆژێ بەناوی ڕەخنەوە بڵاودەکرێنەوە. هەوڵی ڕەخنەییمان هەیە، بەڵام تائێستا سیستمێکی ڕەخنەییمان نییە گوتاری ڕەخنەیی لەسەر دامەزرابێ، بەڵام لە هەوڵە تاکە کەسییەکان بێ ئومێد نیم.

**ڕامان:** چەند ڕۆمانێکت نووسیوە، لەنێوان ڕۆمانی یەکەم و دوا ڕۆمانتدا ئەو جیاوازییە شێوازیانەی لەم نێوانەدا بەدەستت هێناون، یان پێی گەیشتووی کامانەن، یان دەتوانیت دەربارەی شێواز و زمانی هەریەک لە ڕۆمانەکانت قسەمان بۆ بکەیت؟

**جەبار جەمال غەریب:** بۆ ئەو پرسیارەتان پێویستە لە چەند بابەت بدوێم.

* شێوازی ڕۆمان، فۆرم و پێکهاتەی ڕۆمان.
* ئەو شێوازەی من لە نووسینی ڕۆمان بەکاری دەهێنم.
* جیاوازی شێواز لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی دیکە.
* لە هەمووی گرنگتر زمان لەو ڕۆمانانەدا.

هەر لەبەر ئەوەشە هەوڵ دەدەم وەڵامی هیچ کام لەو پرسیارانە ڕاستەوخۆ نەدەمەوە، بەشێوازێکی تازەی وەڵامدانەوە لەبابەتێک دەدوێم کە دەشێ لەشوێنێکدا وەڵامی ئێوەش بێت.

من لەنووسیندا شێت و کوشتەی ئەزموونم، ئەزموون بەمانا سادە و ساکارەکەی و دوور لەو مانایانەی بابەتەکە بەرەو ئاڵۆزی دەبەن و وشەی ئەزموونگەریش دروست دەکەن کە من بۆ خۆم ناتوانم لەگەڵ ئەو وشەیە تەماس دروستکەم.

یەکێک لە هاوکارە هەرە گرنگەکان کە منی ڕاکێشایە ناو دنیای نووسین، داهێنان نەبوو، بەشداریکردن نەبوو لە دەوڵەمەندکردنی دنیای فیکر و ڕۆشنبیریمان، بێ گومان نەشم دەویست ببمە بەردەوامیی هیچ کەس و چیرۆک لە وجاغکوێری ڕزگار بکەم، نا ئەوانە هیچی نەبوو. ئەوەی ڕایکێشامە ناو نووسین مومارەسەکردنی ژیانێکی دیکە. ئەزموونکردنی ژیان و کایەیەکی دیکە بوو، زۆر بەسادەیی من لەو ژیانی واقیعییە بێزار و بریندار و شکستە بووم، ویستم لەو دنیا فراوانەدا لە شوێنێکی دیکە، لە زەمەنێکی دیکە وجودی خۆم بدۆزمەوە، بەڵام خۆپەرست و کەللەڕەقیش بووم نەمدەویست تەسلیمی ئەو دنیایە بم کە بەدوایدا دەگەڕام. دەمویست ئەو دنیایە لە خەڵقندەی خۆم بێت، بیگۆڕم و بیگوازمەوە و تێک و مەکانی دەم و دروستی بکەمەوە، بێ گومان ئەو شوێن و جێگایە جگە لەنووسین شتێکی دیکە نەبوو.

ئەو دنیا تازەیەی دۆزیمەوە تاکە مەرجێکی زۆر بچووکی هەبوو ئەویش ئەوەبوو ئەو ژیانە واقیعە هیچ و هەموو شتێکە تووڕ هەڵدەم و نەگەڕێمەوە سەری، ئەوەش مەرجێکی زۆر ئاسان و سادە بوو لەو کائینە تازەیەوە بۆ کائینێکی فێڵباز و ساختەچی کە ناوی مرۆڤە و منیش بە تەبیعەتی فسیۆلۆژیم سەر بەو تیرەیەم.

دیسانەوە دەڵێم من شێت و کوشتەی ئەزموونم، دەستم کرد بە چیرۆک نووسین بەوپەڕی سادەیی، چیرۆکی (شەوی یەڵدا) و (پاشەڕاو) و (ئەسپی سپی)م نووسی. ئەوەندە جوان نووسیمن عاشقیان بووم. ئەو کوڕە بچووکەی لەشەوەی یەڵدا باسی دەکەم، کە تورەگەیەک کەو کەرەوانەیان بەپشتت داداوە تا بیباتەوە ماڵ، بەناو بەفر و تەنیا و لەشەودا، ئەو کوڕە ئەوە منم، ئەوە منم تا ئێستا نەگەیشتوومەوە ماڵ لەنووسیندا نەبێت، من لەکوێ دەتوانم بەو شەوە لەناو بەفر بگەڕێم. دڵنیا بن دنیا هەموو بەستەڵەک بێت و خەڵک لەسەرمان بمرن من تەنیا ئەوەندەم بیرکەوێتەوە کە لەگەڵ شیلانی خوشکم لەبن لێفەیەکی کۆن خەوتبووم بەسە بۆ ئەوەی هەرگیز سەرما کارم تێنەکات.

لەوانە گوزەرام و ئەزموونێکی دیکەم هەڵبژارد، لەو ئەزموونەدا زمان بووە هاوڕێم، بووە ڕوح و هێز و کەرەسەم، بووە هەموو شتێک. ئەو زمانە لە (هەتکی ڕوح) فریام کەوت، ئەو زمانە لەزەتی بوون و خەڵقکردنی لە (هەنسکی ڕەش)دا پێ بەخشیم.

وازم لەویش هێناو زمانم کردە فۆرم و دەربڕین، هەتا ئێستاش نازانم من چۆن لەگەڵ نووسینی ژنانی ئاودا نەمردم. ژنانی ئاو لای من ئەزموونێکی سەیر و بێ وێنەیە لەکاتی نووسینیدا هەستم دەکرد لەدوای هەموو وشە و ڕستەیەک ئیدی ژیان هۆیەکی نامێنێ بۆ بەردەوامی، خودا ئەزموونکردنی جۆرێک لەخلود بەو شێوەیە تەنیا بەمن بەخشی تائێستاش کە من ئەو وشانە دەڵێم نەوەدونۆ ژن لەدامێنی گوریس لەسەر ئاو سەما دەکەن، ئەو سەمایەش تەنیا بۆ منە، من لەوێم لە کەنار ئاوەکە، لە قووڵایی ئاوەکە، بەڵام لەشێوەی بەرد دا.

من تەنیا دەمتوانی ئەو ژیانە تازەیە کە خۆم خەڵقم

کـردبوو ئەویش لەنامــووسی تۆز و بادا دەریای ســپی ناوەڕاست شەق کەم و بێ ئەوەی بنەپێیەکانیشم تەڕ بن لێی بپەڕمەوە. تاکە هەڵەی من ئەوە بوو کە جارێکی دیکە ئەو توانا لە بن نەهاتووەی خۆم لە کارەکتەری ناو نووسـینەکـانم واز لێ دەهێناو بێ پەیمانیم دەکـرد و دەهاتمەوە ناو ئەو ژیانە هیچە.

من پێـویسـتم بە ئەزمـوونی دیکەیە نەک لەنووسین لە مـومـارەسـەکـردنی ژیان، بۆیە هاتم بوومـە «شـێـخی دامــووس» و یاوەری مـەسـیح. من تاکـە کـوردم بوومە یاوەری مـەسـیح بەبێ ئەوەی بیپـەرسـتم. من ئەوەندەی لەگەڵ پێغەمبەرەکاندا ژیاوم هەرگیز و نیو ئەوەندە لەگەڵ کەس نەژیاوم. وەکو چۆن پەیمانم پێدان باسی ئەزمـوونی خـۆم بکەم، دەمـەوێ خـاوەن بەڵـێن بم، بەڵام دڵنـیـام ئەزموونی ژیان و نووسینم لەشێخی داموسدا بگێڕمەوە بیـست و سێ ڕسـتـە لەو ڕۆمـانەدا ئینتـیـحار دەکـەن، چونکە بەڵێنم پێـداون نهێنییـەکـانیـان بۆ کـەس باس نەکەم.

هەر لەو جـۆری ئەزمــوونە «چناری شـیــر»م نووسی. چناری شیر کە تائێستا لای بەشێک لەهاو زمـانەکانم گـران و زەحـمـەتە، جـۆرێکی زۆر تایبـەتی ژیانی منە. دەشێ ئەوانە لای ئێوە هەمووی قسەی بێ مانابن، بەڵام لای من بەتایبەتی لەبەکارهێنانی وشە لە چناری شیردا، پەیکەرە زێڕەکـەی زێوس کـە نرخـێکی لەبن نەهاتووی لەدنیای کولتووریدا هەیە لەو ئاستەدا نییە لەگەڵ هیچ کام لە ڕستەکانی ناو چناری شیر بەراوردی کەم. من لە چناری شـیـردا بەباڵایەکی زۆر سـەیرەوە ژیام. دەسـتم تا ئەو ئەندازەی بمەوێ درێژ دەبوو. چاوم بەرانبــەر خـۆر نەترووکـاند. لەزەتی جنسی لەچناری شـیـردا نەبڕایەوە. کـام گـۆڕەی هەزار ساڵ لەوەوپێش لێدراوە بە وشـەیەک زیندووم دەکردەوە.

سوورن لەسەر ئەوەی زیاتر بدوێم و زیاتر نهێنییەکانی ئاشکرا کـەم، دەیانەوێ لەدنیـا لەکـتـێـبێکدا بدوێم و قـەڵەمم وشک بێت. دەیانەوێ دەرگـای باران بکەمـەوە و «لەسـەربـاران دەنووسم» بهـێـنمـە نـاو باس. خـۆشم ئەوەندەی هەمـوو دنیا حەز دەکەم لەسـەر مەلەک ڕێحان بنووسم، دەمـەوێ فـەرزەنـتـان بەوێنەوە پێناسـێنم، ئەو برایانەم دەیانەوێ بۆنەکانی کەمال دڵشا بشکێنم و بەو لاپەڕانەوەی وەرکەم. من خـۆشم دەمـەوێ، بەڵام هێـزێک ڕام دەگرێ کە نازانم چییە؟

**ڕامان:** ئەی وەرگێڕان، ئایا لەخزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟ وەرگـێـڕان ڕۆڵی لە بەرەو پێـشـچـوونی ڕۆمـان و چیـرۆکـدا هەبووە، ئەگـەر ئەوەش بزانین کـە ئەو بەشـە کەمەی وەرگێڕدراوە پێشوازی باشیان لێکراوە، ئەمەش تا چەند لەڕێگای خوێندنەوەوە بەرهەم هاتووە؟

**جەبار جەمـال غـەریب:** هەردووک دیوەکـەی وەرگـێـڕان واتا کـردنە کوردی ئەدەبیـاتی نەتەوەکـانی دیکە، کـە ئەو بەشـەیان تاڕادەیەک لێی دواین، سـەرەڕای کـرچوکـاڵی بەشێکی زۆر لە ڕۆمان و چیرۆکە وەرگێڕاوەکان و کردنە کوردییان لەزمانی دووەم و سێیەمەوە، وەرگێڕان ئەمڕۆ تا ئاسـتێکی باش چۆتە پێشێ و خوێنەری سادە کە تەنیا زمـانـی کـوردی بزانێ، دەتوانێ تاڕادەیەک ئاگـاداری ئەدەبیاتی دنیا بێت.

ئەوەی بەلای منەوە گرنگە وەرگێڕانی ئەدەبی کوردییە بۆ زمانانی دیکە، هەوڵی شەخسی دراوە و تاڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووە، بەڵام ئەو هەوڵانە لەلایەن کورد بووە و لەئاسـتی زۆر سـادەدا، نووسـەرێک بەهۆی شـوێن و مەقامی خۆیەوە لەڕێگای هاوڕێکانییەوە بابەتێک، یان شیـعرێک، یان چیـرۆکـێکی کـردووە بە عـەرەبی، یان بە فارسی و لە دەزگایەکی کوردیش و بە پارەی کـورد چاپ کـراون و لەفـەزای کوردیشـدا بڵاوکـراونەتەوە و کـەمـێک دۆست و هاوڕێ نەبێ، دەنا خوێنەرەکانیشیـان هەر کوردە حەیاتەکەی خۆمان بووە.

ئەوەی من مەبەستمە، نووسەرانی هەموو دنیـا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کـتـێـبێکیـان ئیـدی کـار بۆ وەرگـێـڕان و چاپکردنی دەکرێ بەزمانانی دیکە لەسەر ئاستی زۆر بەرز و بەبێ ئەوەی نووسەرەکە هەوڵی شەخسی بدات دەزگای تایبەت بەپلانێکی ورد کار بۆ وەرگێڕانی دەکرێ. لێرەدا هەم نووسـەرەکە لەسـەر ئاسـتی ڕەمز و مـادی سوودمـەند دەبێت و دەچێـتە ناو پێشبڕکێکان و دەبێـتە ناو، هەم کـولتـوور و ڕۆشنبیـری وڵاتەکـەشی دەچێـتە ئاسـتـێکی بەرزتر. من لەوە دڵنیام کە ئەدەبی کوردی بەرهەمی وای تێدایە کە شایانی وەرگـێڕان و چاپکردنە لەلایەن دەزگـا هەرە بەناوبانگەکانەوە، بەڵام ئەوە کاری کولتووری جدی و ئەدەبناسی خەمخۆری دەوێت.

لەگـەڵ هەمــوو ئەوانەشـدا من باوەڕێکی پتـەوم بە بەردەوام بوون هەیە، چونکە ئەوە خـەون و خەیاڵی منە و دەبێ لەو واقیعە بێ ڕەحم و نووسەر کوژە بیپارێزم.

بیرەوەری ٢٥ساڵ لەمەوبەر

(٨)

# دواڕۆژانی ژیانم لە هەولێر

مارف خەزنەدار

-١-

زستانی ساڵی ١٩٨٢ و ١٩٨٣ بۆنوبەرامەیەکی تایبەتی هەبوو، مەبەستم پێشوازی کردنی ساڵی ١٩٨٣ بوو. بۆ یەکەم جار چاوم بە دیمەنی گەڵا زەرد هەڵگەڕاوەکانی باغ و باغچەی ماڵی مەڵبەندی ڕووناکیمان ڕووناک بووەوە. هاوین ڕەنجێکی زۆرم لەگەڵ باغەکەدا دابوو. دیمەنی گوڵ و دەوەنەکانی پاییز ڕەنگاوڕەنگ بوون. لە گەلێ ڕووەوە دیمەنی پاییزی باکووری وڵاتی ڕووسیای بێ پایانیان دەهێنایەوە یادم. ئەوەی چاوەنۆڕ نەکراو بوو لە باغەکەدا وردە قارچک لە سێبەری بن دەوەنە تازە نەمامەکان ڕووا بوون. نازانم! دەبێ ئەمە نوقلانەی سروشت نەبێ بۆ منێک کە ماوەیەکی زۆر لە ڕووسیا ژیابم و هاوڕێ و دۆستی قارچکی کوێستانی بووبم!

لەو ڕۆژگارەدا شانۆی جموجۆڵی کۆمەڵایەتیم گەلێ تەسک و دیاری کراو بوو. کەم لەماڵ دەچوومە دەرەوە، بەڵام میوانم زۆر بوون، دیوەخانم گەرم بوو. هاتوچۆی ماڵی محەمەد مەولوود(مەم)م دەکرد، لە ئێمەوە نزیک بوو. سەری دووکانەکەی، یان ڕاستتر ئەکادیمییەی عەبدولخالیق مەعرووفم دەدا، نووسینگەی پارێزەر (محامی) نووری نانەکەلیم بەسەر دەکردەوە، لەمستەفا ڕابەرم دەپرسی. هەفتەی جارێکیش لەگەڵ یارانی یانەی ئازادی بە شەو عەبدولخالیق مەعرووف کۆی دەکردینەوە. لەمە بەولاوە جێی ترم نەبوو. چاوم بەهیچ دەسگایەکی میری نەدەکەوت.

زانکۆی سەلاحەددین تازە گوێزرابووەوە هەولێر، من زۆر لێیان ڕازی بووم، چونکە پشتگوێیان خستبووم،

بەمە کارێکی باشیان لەگەڵ من کرد. بەهۆی ئەوانەوە ئەگەر لێیان نزیک بوومایە، زیاتر دەهاتمەوە بیری کار بەدەستانی میری، بەهۆی گوتنەوەی موحازەرە و نزیک بوونەوەم لەم دەسگایە.

ترسی گەورەم لەم ماوەیەدا ئەوەبوو کاربەدەستانی ناوچەیی لەهەولێر وازم لێ نەهێنن، ساڵێک و شتێک لە بەغدا توانیم کارێکی وا بکەم تارادەیەک لەبیری دەسەڵات بچمەوە، بەڵام لەهەولێر لەبەر بچووکی شار و ناوبانگی کەسایەتیم، بۆم نەدەکرا خۆم لەبیر کاربەدەستانی ئەوێ ببەمەوە. هەندێ جار دڵم خورپەی دەکرد کە بیرێکی دۆزەخی لە مێشکمدا دەجووڵایەوە، بەوەی هاتوون دەڵێن بۆ کەسێکی وەکو تۆ بۆ چ وا بێکار لەماڵەوە دانیشتووی؟ بەڕاستی من چۆن ئەم حاجی ئەحمەد ئاغایە تێبگەیەنم؟ چی بڵێم؟ چۆن لەمن دەگا؟

ئەوی ڕاستی بێ من بەهەڵە چووبووم، چونکە پلەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگم لەناو هەموو حزبە کاربەدەست و نێوەندەکانی بڕیاری دەوڵەت لە پلەیەکدا بووم، کاربەدەستانی هەولێر بەبێ ئاگاداری بەغدا ناتوانن لەگەڵ من هیچ جۆرە پێوەندییەک بکەن. ئیتر ئەمە تەنیا خەیاڵ و مۆنۆلۆژی ناوەوە بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا منێکی گورگی باران دیتە لەگەڵ خۆمدا شەرمەزار دەبوومەوە و لەدڵی خۆمدا دەمگوت: وام لێ هاتووە ئەگەر کاربەدەستێکی حکوومەتی عیراق پرسیارێکم لێ بکا، یان هەتا دادگاییشم بکا، نەتوانم وەرام بدەمەوە و لەسەرخۆم بکەمەوە. ئیتر مەسەلەم لەبیر خۆم دەبردەوەو بیرکردنەوەم لێی بەشەرم دەهاتە پێش چاو.

-٢-

بەهۆی جەژنی سەری ساڵەوە گەلێ کارتی جەژنە پیرۆزەم پێ گەیشت، ئەم پیرۆزباییانە گوشادیان کردم. لە هەمووشیان گرنگتر ئەو بڕیارە بوو کە ئەنجوومەنی فەرماندەی شۆڕش لەبەغدا لەڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی **١٩٨٢** دەری کردبوو لە بابەت چوونم بۆ دەرەوەی وڵات و کارکردنم لە زانکۆی شاری عەننابەی کۆماری جەزائیر. ئەم بڕیارە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هێنانەدی پرۆژە خوێندەوارییەکانم لە ئۆرووپا و دوورکەوتنەوە لەو کۆمەڵەی گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەی بۆ دروست دەکردم. لە هەموو ژیانمدا باوەڕ ناکەم هێندەی مناوەرەی ئەو جارەم زیرەک بووبم، من بە تەبیعەت سەرم لە مناوەرە و پۆلیتیکی ڕۆژانە و دیپلۆماسییەت دەرناچێ. نازانم ئەو جارە چۆن بۆم هات پێیان بڵێم: باشە، ڕێگەدان بە من بچمە دەرەوە گەورەترە، یان سەرۆکایەتی زانکۆ و بوون بە وەزیر؟ گوتیان: وەزیفەکانی ئێرە گەورەترە. گوتم: دە باشە بە بچووکەکە ڕازیم.

بڕیاری چوونە دەرەوەم نووشتەیەکی ئەفسانەیی بوو بۆ من. هەموو جۆرە پرس و کار و پیلانێکی دەسەڵات و نەیارانی منی وەستاند، بەڵام ئەوەش هەبوو دەبوو بڕیارەکە بهێنمە دی و ڕوو بکەمە وڵاتی جەزائیر.

منداڵەکانم لەماڵەوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون، جەژنی سەری ساڵ بەلایانەوە یادگارێکی پیرۆزی مرۆڤایەتی بوو. لەکاتی خۆیدا بەیادی ڕۆژگاری ژیانی وڵاتی ڕووسیام لەناو باغەکەماندا کۆمەڵێک داری سنۆبەرم ڕواندبوو. هەندێکیان بەتەواوی دیمەنی درەختی پۆڵکای ڕووسییان دەنواند. لقەدارێکی گەورەی سنۆبەریان کرد بە درەختی جەژنی لەدایک بوون، بە بووکەشووشە و گوڵ و مۆڵی دەستکرد ڕازاندیانەوە، پەیکەری بابانۆێلیان لەژێر درەختەکە دانا. بەڕاستی دیمەنی ئاهەنگی سەری ئەو ساڵە لە ساڵۆنە گەورەکەی میوانان لەماڵماندا لە دیمەنە کلاسیکییە کۆنەکانی ماڵی ڕووس، یان ماڵی گوندەکانی ناو دارستانی بێ سنووری خاکی ڕووسیایان دەکرد، بە تایبەتی ئاگردانە گەورەکەی ناو دیوار و سەماوەرەکەی بەردەمی چێژ و تامێکی ڕۆمانتیکییانە و خەیاڵێکی شاعیرانەیان لەناو ئەم چوار دیوارە داخراوەدا دروست کردبوو.

دارێکی سووتاندنی زۆر لە تەک ئاگردان دانرابوو، وامان دەزانی تا بەیانیش بسووتێ بەش دەکا، کەچی لە پاش نیوەشەو پێویستیمان بەداری تر هەبوو. من خۆم شارەزای جێی دارەکان بووم لەبن داڵان و ژێر ساباتەکەدا. کە چوومە ناو باغ، هەستم بەسەرمایەکی دژوار کرد. ئەمەم زۆر پێ خۆش بوو، چونکە ئەگەر شەوی سەری ساڵ سارد بێ نیشانە و بەڵگەی ئەوەیە ئەو ساڵە سەردەمێکی خۆشی و شادی و بەختیاری دەبێ بۆ بنەماڵە.

جەمال خەزنەداری برام و منداڵەکانی بۆ یاد کردنەوەی جەژنی سەری ساڵ لە بەغداوە ڕوویان کردبووە هەولێر.

جەمال بیرەوەری سەردەمی منداڵی خۆی هەبوو لەگەڵ ئەم مەڵبەندەدا، کەچی منداڵەکانی دەبوو وانەی بیرەوەری دێرین لە باوکیان وەربگرن.

ئەوەی هەندێ ئاهەنگی ئەو شەوەی لێ لێڵ کردبووین ئەوە بوو میدیای کچم لەخانەی پزیشکانی نەخۆشخانەی کۆماری لە هەولێر دەژیا، کچە ئامۆزاکانی بەدرێژایی شەو لە هاتوچۆدا بوون، گەلێ بەوە بەختیار بوون کە بەشداری لە دوو جۆرە ئاهەنگی جەژنی سەری ساڵ دەکەن، لەماڵەوە و لە نەخۆشخانە.

ئێمە زۆر دڵخۆش بووین بەوەی ساڵێکی کۆنمان بەرێ کرد و پێشوازی ساڵێکی تازەمان دەکرد. من ئەو پەندەم لەبیر نەبوو کە داپیرم (دایکی دایکم) هەمیشە دەیگوت و دەیگوتەوە «ئەو ڕۆژگارەی دەڕوا لەتەمەنمان کەم دەکاتەوە».

-٣-

هاوین و پاییز و زستانێکمان لە هەولێر بردبووە سەر، باغ و باغچەی ماڵمان بیرەوەرییەکی زۆری بۆ دروست کردبووین. بەهاری شای وەرزەکانی ساڵ هەرچەندە لە بەهاری ساڵانی ڕابردووی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشەوە ڕوویەکی تازەی هەبوو، داهێنانێکی نوێی تێدابوو. لەماڵی ئێمە باغ و باغچەی دەستکرد لەگەڵ بەهاری تەبیعەت تێکەڵ بە یەکتری ببوون. پارچە زەوییەکی گەورە لە ناو باغچەکەماندا بەهاری خۆڕسک و داهێنانی کردگار بوو.

لەو بەهارەدا هەندێ لەژیانی گۆشەگیری خۆم ئازاد کردبوو، لەگەڵ محەمەد مەولوود (مەم) هاتوچۆی دەرەوەم دەکرد، ماڵمان لەیەکترییەوە نزیک بوو، ئەو لەسەرەتای گەڕەکی ڕووناکی بوو، منیش لە نزیک بنەتای ڕووناکی خۆشەویست لە مەڵبەندی ڕووناکی دەژیام.

ڕۆژێک پێشتر من و ئەو بەرنامەمان دانابوو. دەبوو پاش نیوەڕۆ من بەپێ بچم بۆ ماڵیان و لەوێوە بۆ گردی قارنج ئاغا، ئینجا گۆڕستانەکانی چراغ و گەورە و یانەی فەرمانبەران و قوتابخانەی ئوولای کۆن، لەپاشان بەرەو قەڵا سەرکەوین، لەدەرگای بچووک بچینە خوارەوە و ڕوو بکەینە تەکیەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما و ئینجا مزگەوتی شێخ مستەفای نەقشبەندی، لە دوای ماندوو بوون لە ئەکادیمیەی عەبدولخالیق مەعرووف بنیشینەوە بۆ حەسانەوە. پاش ڕۆژئاواش لەگەڵ ئەو چەند میوانەی دووکانەکەی عەبدولخالیق میوانی خۆمان بین لە یانەی ئازادی.

پاش نان خواردنی نیوەڕۆ خۆم کۆکردەوە، هێشتا لەدەرگای باغەکە نەچووبوومە دەرەوە، هەوری نیسان ئاسمانی تاریک کرد، گاڵەگاڵ هەورەتریشقە و ڕێژنەی باران بوو. چەتر سوودی نەبوو، بارانی ئەو کەژەش هەر تاوێک بوو. ئاسمان کرایەوە و پەڵکەزێرینە دەستی ڕێزی خستبووە سەر سنگی، بۆ هەموو ئادەمزادێک بۆنی بەهار بەم بارانە خۆشتر بوو. کە بۆ ماڵی محەمەد مەولوود بچوومایە لەماڵی خۆمانەوە ڕێگەی سەوزم دەگرتە بەر و خۆم لەو کۆڵانە بۆگەنانە ڕزگار دەکرد کە وەکو شەقڵی بازرگانییە بۆ هەندێ لە کۆڵانەکانی شاری هەولێر.

کە گەیشتمە بەر دەرگای ماڵی مەم و چاوم لێی بوو لەپێش دەرگا پیاسەی دەکرد و چاوەنۆڕی من بوو. گوتی: کاکی خۆم دیارە دڵخۆش و شادی بەم بارانە. دەزانم هاوینەکە ئەوەندە وشکە دە ئەوەندەی تریش باران تێرت ناکا، دڵت تەنیا لەلای گوڵ و موڵ و درەختەکانە! گوتم: ئێ کاکە مەم، زۆر سەیرە نازانم بۆ چ هەر لەخۆمەوە پێش ئەوەی یەکتری ببینین وام دەزانی تۆ مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی! گوتی: تۆ دەتەوێ من خەون و خەیاڵی تایبەتی خۆتت بۆ لێک بدەمەوە! گوتم: بەڵێ گوتی: وابزانم بەلای تۆوە مامۆستای قوتابخانە گەورەیە، هەروەها نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووسیش گەورەن، ئیتر لەپاش «پەنجا فلس»ەوە ناوی من لەدڵ و دەروونتدا دروست بووە، دیارە هەر لەخۆتەوە پیشەی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتاییت بۆ من دروست کرد، ئەمە لەخەیاڵەوە هاتووە، بەڵام لەمێشکتدا شێوەی حەقیقەتی وەرگرتووە. گوتم: ئەمە وایە. گوتی: بەڵام تۆ شتێکی تریشت بۆم دروست کردووە، باوەڕنامەی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی، کەچی من هیچ باوەڕنامەیەکم نییە هی پۆلی شەشەمی سەرەتایی نەبێ. گوتم: بەڵام تۆ خۆت لە هەموو باوەڕنامەیەک گەورەتری. گوتی: بەلای تۆوە، نەک بەلای ئەو کەسانەی خۆیان بە باوەڕنامەی دکتۆری و مکتۆرییەوە هەڵدەکێشن. گوتم: ئەوانە بەستەزمانن.

-٤-

هەموو دیمەن و دیاردەیەکی سروشت لەگەڵماندا دەدوا و یادگاری ڕابردووی دەگێڕایەوە. لای دەستی چەپمان لەسەر ڕێی کەرکووک هێشتا هەر سروشتی خۆڕسک بوو، بەڵام لای دەستی ڕاستمان هەندێ خانووبەرەی لێ دروست کرابوو. گوتم: کاکە مەم، هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم، ئێوارەیەک، وەکو ئێستا بەهار بوو، بەڵام ئەم ناوە چۆڵ بوو. خەڵکێکی زۆر لەم ناوە بوون، خاوەنی ئەم زەویانەش لەوێ بوون. سنگ و گوریس و کوتەکیان بەدەستەوە بوو، بەگوریس زەویان دەپێوا، ئەو کابرایەی سنگی بەدەستەوە بوو لەپاش هەموو پێوانەیەک کە دەیویست سنگی ئەوسەری گوریسەکە لە زەوییەکە داکوتێ، خاوەن زەوی دەیگوت: ڕاوەستە دوو هەنگاوی تریش زەوی دەخستە سەری وەکو پیاوەتی و ئینجا سنگەکەیان دەکوتا. دیار بوو ئەم سنگانە ئاقاری ئەو زەویانەی دیار دەکرد کە خەڵکەکە لەخاوەن زەوییەکانیان دەکڕی. لە پاشان مووچەخۆری کارگێڕی تاپۆ بەخۆی و مەترییەوە دەهات و قەوارەی زەوییەکانی بە مەتری چوار گۆشەیی دیار دەکرد و بەناوی کڕیارەوە لەکارگێڕی تاپۆ تۆمار دەکرا.

بەڵێ، ئەو سەردەمە وابوو، بەحسێبی ئەمڕۆ ئەمە بەڕەڵڵایی بوو، بەڵام بەپێوانەیەکی دیکە پیاوەتی و دڵسۆزی تێدا بوو.

یادی گوڕەپانی سێزدە عەلەتریکی ڕۆژانی پاش جەنگی دووەمی گێتیمان کردەوە. ئەم ڕێگەیە تەنیا خودا خۆی دەیزانی لەسەردەمی میدیایی و ئاشوورییەکانەوە تا مەغۆل و سەربازی تورک و ئینگلیز چی بیرەوەری و سەرو سەربردەیەکی لایە!

لەم ڕێگەیەوە دەچوون بۆ ئاوی میری (جێگەی ئوتێلی شیراتۆنی ئێستا) بۆ پێشوازی حاجییان، بۆ نوێژی بارانی بەهاری بێ باران، خۆپیشاندانی دەروێشان بەهای و هوو و دەف و تەپڵ و زەرگ وەشاندن لەسەر ئەم ڕێیە بوو، دوایی ڕێڕەوی دەروێشان بە تەکیەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما دەهات. لەمانگی مەولوددا هەر ئەم ڕێیە بوو بە قوماشی سەوز و سوور دەڕازایەوە.

محەمەد مەولوود ڕووی قسەی کردە من و گوتی: ڕاستە هەر ڕێیەک شێوەیەکی هەیە، «ڕێگا»کەی منیش شێوەی تایبەتی خۆی هەیە. گوتم: «ڕێگا»کەی یەڵماز گۆناییش بابەتێکە سەرنج ڕادەکێشێ. گوتی: هەموو شت ڕێگەی هەیە. گوتم: گرنگ سەرەتای ڕێگە نییە، بەڵکو ڕووداوەکانی درێژاییەکەیەتی، لەویش گرنکتر ئەنجامە. گوتی: بەڵێ! بەڵێ ژیان ڕێگەیە، ڕێگەی بێ ئەنجامیش کارەساتە.

گفتوگۆ دوایی نەدەهات، تەنانەت لەپێش دەرگای ئەکادیمییەی عەبدولخالیق مەعرووفیش وەستاین. بیرەوەری و یادگار و خەیاڵی دڵ ڕووناک کەرەوە گوێی کەڕ کردبووین بەرانبەر بانگ کردنەکانی عەبدولخالیق: فەرموون بۆ ژوورەوە. بێ گومان دووکانەکەی ئەو، ئەکادیمییە نەبوو لەو بەرزتر، ئامۆژگا نەبوو لەو باڵاتر، زانکۆ نەبوو لەو بەنرختر، هیچ نەبێ بۆ ئێمە. قوتابیانی ئەو دووکانە بەختیارن بەوەی زۆر شت لەوێ فێربوون.

سەرەتای پاییز بوو، برادەران لە هەموو لایەکەوە، پێش سەفەرم بۆ جەزائیر، لە ڕووی وەفا و سۆزی هاوڕێیەتییەوە سەریان لێ دەدام، بەدوورکەوتنم لە وڵات بۆ ماوەیەک لەیەکتری دادەبڕاین. ئەم بەسەرکردنەوەیە جێگەی فەخر و شانازی بوو، برادەران زۆر بوون، ئەگەر بۆم نەکرێ ناوی هەموویان ببەم، ناتوانم باسی دوا کەسانی سلێمانی نەکەم، ئەوانەی پێش سەفەرەکەم بۆ ئەو وڵاتە لە ماڵی خۆمان لە هەولێر خواحافیزییان لێ کردم، ئەمانە نووسەر و ڕۆشنبیری تازە هەڵکەوتوو بوون، لەدوا ڕۆژدا بەرهەمی ئەدەبییان سەرچاوەی زانیاری بوو بۆ خوێنەر و خوێنەواری کورد، ئەمانە عومەر مەعرووف بەرزنجی و ڕەئووف عوسمان و زاهیر ئەحمەد سەوز و ڕەئووف حەسەن و دڵشاد مەریوانی بوون.

بیرەوەری ژیانی شاری هەولێرم، ئەم جارەش لێرە کۆتایی هات. بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە باکووری ئەفەریقا و ئۆرووپا ژیانم بردە سەر و لەهاوینی ساڵی ١٩٨٨ بە یەکجاری گەڕامەوە هەولێر.

# قۆناغەکانی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئۆرووپا

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

**پێشەکی**

١- مەبەست لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست ئەو فەلسەفەیەیە کە لەسێبەری هەرسێک ئایینەکەدا جوولەکە (مووسایی)، مەسیحی، ئیسلامدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و لە ئۆرووپا پتر بەرەوپێش چووە و لەرۆژهەلاتدا چراکەی کوژێنراوەتەوە.

ئەوی لێرەدا بەتایبەتی مەبەستی ئێمەیە، ئەو فەلسەفەیەیە کە لە ئۆرووپا لە سێبەری کڵێسەی مەسیحیدا پەیدابووە، هەڵگری چراکەشی بەبێ ئەگەر و چەندوچۆن کەسانێک بوون لە چوارچێوەی کڵێسەدا پێگەیشتوون، لە مەیدانی پانوبەرینی ئەوسای ئۆرووپای ژێردەستی ئایینی عیساییدا ئەسپی خامەکەیان تاوداوە.

ئەو رەوشە، ئەو هەلومەرجە کە وەک ئەنجامێک هۆکارەکەی بلاوبوونەوەی ئایینە جیهانییەکان بووە، روخسار و ناوەرۆکێکی نوێی بە فەلسەفە بەخشیوە، زۆر لەوە جیاواز بووە کە فەلسەفە لەسەردەمی پەیدابوونییەوە تاوەکو هێرشە سەرتاپاگیرەکانی ئەسکەندەری گەورە (مەکدۆنی) بەرەو رۆژهەلات وەک تایبەتمەندییەک هەیبووە و لە بابەتەکانی تری هزری مرۆڤ جیای کردۆتەوە. راستە لە سێبەری ئەو ئایینەدا رکەبەر و ناحەز و کەسانێک دەرکەوتوون کە بەهیچ جۆرێک ئەقڵیان نەیبڕیوە باوەڕ بە بنەماکانی ئەو ئایینە مەسیحییە بهێنن و لەچوارچێوەی گومڕادا ڕاست و چەپیان بەسەردا هێنراوە، بەتوندترین شێواز سزا دراون تا ئەو رادەیەی سووتێنراون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو فەلسەفەیە ئەگەرچی سەردەمەکەی بەلای کەمەوە پتر لە هەزار ساڵی خایاندووە، بەرهەمەکەشی کە ژمارەی ئەو هەموو لاهووتی و فەیلەسووف و زانایانەی بخرێتە سەر کە

خامەکەیان دەست بەکار بووە سەرنجدەری بێ لایەن ناچار دەکات کە بچێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو فەلسەفەیە بەهەند دانەنێ، بۆیە سەیر نییە کە فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمان لایبنیتس فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی بە «تەونی جاڵجاڵۆکە» داناوە، کار و بەرهەمێکە ئەوپەڕی ژیری و زیرەکی و وردەکاری و وەستایی و دەست ڕەنگینی تێدا بەکار هاتووە، بەڵام: سوودی چی هەیە؟!

ئەو بۆچوونە، وەک پێشەکی لەجێگای خۆیدایە، بەڵام وەک ئەنجام کە خۆی لە پرسیارێکدا داڕشتووە و ئەگەر و گومانی لەبەردەم ئەو بەرهەمەدا قیت کردۆتەوە و هەر لەسەرەتاوە گریمانەی بێ سوودی و بێ کەڵکییەکەی کردووە، لە دوو لاوە چاو لەڕاستییەکی بەرچاو دەپۆشێ:

**یەکەم: ناچاری کۆمەڵایەتی و پرۆسەی ڕووداوی مێژوویی (میتۆدەی مێژوویی)**

فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست، وەک هەردوو فەلسەفەکەی تر دیاردەیەکی هزر و بیری دیار و بەرچاو و گرنگ بووە کە هەلومەرجی تایبەتی دروست بوونەکەی هەبووە، نەدەکرا لەسەردەمێکی تر و بەجۆرێکی دیکە دەرکەوێ و خەتوخاڵ بدات، ئەوە بەپێی میتۆدەی مێژوویی نەک هەر فەلسەفە، بەڵکو ئایین و سیستم و نەزمە سیاسی و ئابووری و دەزگاکانی کڵێسەش چەند پێکهاتەیەک بوون سروشت و مۆرکی مێژووییان پێوە دیاربووە، پێداویستییەکانی ژیانی سەردەمی خۆیان بەهەموو هەلومەرج و ڕەوشە جۆربەجۆرەکانەوە دەستەبەری پەیدابوون و سەرهەڵدان و جۆری گەشەکردن و ئینجا جێ چۆڵکردنەکەی بووە بۆ ئەوەی دیاردەیەکی تر جێگایان بگرێتەوە. دەرکەوتنی هەرسێک ئایینە گەردوونییەکە وەک سێ دیاردەی گرنگی کۆمەڵایەتی ناچارییەکی مێژوویی بووە کە بەعەرەبی (حەتمیەتی) پێ دەگوترێ، چۆن هەلومەرجی دیاریکراو بۆ گۆڕینێکی بەرچاوی مێژوویی و تێپەڕاندنی لەئارادا بوو پاساوی بوون و هەبوونەکەی داونەتەوە، ئاوەهاش بەئاشکرا ئەو نەزمە ئیپستمۆلۆژییەی ساغ کردۆتەوە کە پێی لەسەر هەردوو چەمکی گۆڕان و ڕێژەیی دادەگرێ و چەمکی بوونی (نەگۆڕ و ڕەها) ڕەت دەکاتەوە. ڕاستە کە ئەو قۆناغە لەگەڵ قۆناغی پێش خۆی و دواتر بەراورد بکرێت بەوپەڕی لاوازی و کاڵ و کرچ و تەمەن درێژ و دەسکەوت کەم دێتە بەرچاو، بەڵام هەبوونەکەی لەخۆیدا لەهیچ هەلومەرجێکی مێژوویی بەخۆیی و بابەتییەوە کەمی نەبووە. ئەگەر مەسیحییەت وەک ئایین پاساوی نەزمی کۆمەڵگای پێکهاتوو لە چینی کۆمەڵایەتی بەند و کۆیلەی دابێتەوە، ئەوە ئایینی ئیسلام ئەو قۆناغەی هەڵوەشاندۆتەوە و بە ئاشکرا بڕیاری ئازادکردنی ئەو کۆیلە و بەندانەی داوە کە هاتوونەتە ژێر ئاڵای ئایینی محەمەدییەوە. ئەو دوو ڕەوشە کە دوو قۆناغی مێژوویی بەرجەستە دەکەن، قۆناغی (کۆیلە و بەندایەتی) و (هەڵوەشاندنەوەیەکی هەندەکی ئەو سیستەمە) پێداویستییەک بووە لەو کۆمەڵە پێداویستییانەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی ڕەوا کردووە. لەنێو چوارچێوەی ئەو پێکهاتە و دامەزراوە تیۆرییانەی ئەم سەردەمە ئەگەر داشی نەهێنابێ، قسەی لێوە کردوون و سەرنجی بۆ لا ڕاکێشاون و هێناونیەتە سەر خوانی باسکردن و تاووتوو کردن، لەنێویاندا تۆوی ئەو نەمامە هەبووە کە دواتر هاتۆتەبەر و شارستانیەتی قۆناغی ڕێنێسانسی لێ پێک هاتووە، هەر لەهزری ئایینییەوە تاوەکو زانستە جۆر بەجۆرەکان و ئینجا داهێنانی ئەو زانستە سەربەخۆیەی لەو سەردەمەماندا بە سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) ناودەبرێ و کاتی خۆی بەشێک بووە لەو بابەتەی «فەلسەفەی کۆمەڵایەتی» پێ گوتراوە.

**دووەم: ناوەڕۆک و ڕوخساری فەلسەفەکە**

٢- ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە لەو قۆناغەی بابەتی نووسینەکەماندا لەسەرەتادا ئایین ئەو چوارچێوە پاک و «پیرۆزە» بووە کە دەبوو ڕەنگی هەموو سیستم و پێکهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیپستمی فەلسەفەی ژیرەکی تێدا برێژرێ و لەگەڵ جیهاندیدی ئایینەکە نەک هەر گونجاو و تەبابن، بگرە لەگەڵیدا بێنەوە و تۆبزییان لێکراوە کە وەک ئامرازێک خزمەتی دۆگم و بیروبۆچوون و جیهاندیدەکەی بکەن.

هەروەها هیچ سێ و دوو لەو بڕیاردانە ناکرێ کە ئایینەکە بەناوی یەسووعی مەسیحییەوەیە بڕواو باوەڕ و چەند ڕێوشوێنێکی بۆهێناون کە نەک ئەوپەڕی لەتیۆری و سەرنجدانی ورد و توێژینەوەی ئازاد دوورن، بگرە بەهیچ جۆرە بنەمایەکی ژیر و مەنتیق پشت ئەستوور نین، بەڵام دوای ئەوەی ئایینەکە بە فەرمی لە (ساڵی ٣١٣ز) بوو بە ئایینی ئیمپراتۆری ڕۆم، هەموو جۆرە قەدەغەکردن و بەربەست و ڕێگانەدانێک هەڵگیراو بە کردەوە دەستی کرد بە ڕەگوڕیشە داکوتان لەنێو کۆمەڵگەی ئەوسای

ئۆرووپادا، ئەم ڕەوشە نوێیە مەسیحییەتی لە ئایینەوە کرد بە دەزگـایەک کـە ئەرکی نوێی بکەوێتـە ئەسـتۆ و کـۆنتـرۆڵ کـردنی دامـەزراو و دەزگـاکـانی کـۆمـەڵگا و لەسـەرەتادا بەشـداریکردن لە بەڕێوەبردنی کـاروباری دەوڵەت و ئینجا لەدواییدا بوون بەئامرازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، خـۆی ئەو گـۆڕانە بوو بە پێـداویسـتییـەکی ناچاری گـۆڕانی مـەسـیـحـیـیـەت لە ئایینەوە بۆ جیـهـاندیدێکی سیـاسی و ئابووری و کـۆمـەڵایەتی و فـەلسـەفـە لەچوارچێوەی لاهووتی فـەرمی کـڵێـسـە و دۆگـمـاکـانیـدا (کـێـشـەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەپێی بنەماکانی ئایین).

بەپێی سەرچاوەکان لاهووت و فەلسەفەی مەسیحی کە ئەوکـاتە دووەمـیـان پاشکۆی یەکـەمـیـان بووە بەپێی وەرگێڕانی زمانی ئینجیل بەدوو قـۆناغدا تێپـەڕیوە، لەقۆناغی یەکەمدا ئینجیل وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی یۆنانی. ئەم وەرگێڕانە دەروازەی جیـهـانی فـەلسـەفـەی یۆنانی لەبەردەم قـەشە و پیـاوانی ئایینیـدا کـردۆتەوە، نابێ ئەوەش لەیاد بچێ کە پێشـتـر بەهۆی ئەفلۆتینەوە (ڕێبازی ئەفلاتوونیزمی نوێ) جۆرە ڕێگایەک بەرەو ئەو مەسیحییەتەی پشتی بە فەلسەفەی یۆنانی بەستبوو، کـراوەتەوە، سـتـۆیسـیـزم (ڕیواقی) لەلای خـۆیەوە، لەقۆناغی دووەمدا کە ئینجیل وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتینی، کـە فـەلسـەفـەیەکی پتـر بەلای ئاکـاردا دەچێ بنەمـای مـەسـیـحی خاوەن کـولتـووری لاتینی ڕۆمـانی داناوە. مـەسـیـحـیـیـەتیش لەخـۆیدا وەک ئایین بنەمـای یەکەمین گوناح (ئادەم و حەوا) و بەدکاری لەژیانی ئەم جیـهـانەدا ساغ و جێگیر و پشت ڕاست کردۆتەوە. جا ئەگەر سۆفییەتی ئەفلاتوونیزمی نوێ (ئەفلۆتین) لەگەڵ لایەنی ئاکـاری سـتـۆیسـیزم بخـەینە سـەر جیـهـاندیدی ئایینی- لاهووتی مـەسـیـحی بۆمـان دەردەکـەوێ، پشت ئەسـتـوور بەو بەرهەمـانەی لەلایەن باوکـانی کـڵێـسـەوە لەسەرەتادا نووسراون، کە فـەلسـەفـەی قۆناغی یەکـەمی مەسیحییەت بریتی بووە لە پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگی تێکەڵکردنی:

**یەکـەم**: فـەلسـەفـەی یۆنانی ڕۆمـانی (ئەفلۆتین و ستۆیسیزم)

**دووەم**: لاهووتی جـوولەکـە و ئایین و سـۆفـیـگەریێتی ڕۆژهەڵات

ئەم دوو لایەنە، لەگـەڵ کـولتـووریێکی لاوازی کـۆمـەڵگاکـانی ئەوسـای چەند وڵاتێکی ئۆرووپا، ئەو سەرچاوانە بوون کە مەسیحییەت لە ڕەوشێکی مێژوویی و کـۆمـەڵایەتی ناچاریدا لەکـات و شـوێنی دیاریکراودا جیهاندیدە سەرتاپاگیرە ئایینی- لاهووتی و فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی ڕەنگ ڕشتووە. بەم پێیە:

کـولتـوور و شارسـتـانیـەتی سـەدەکـانی ناوەڕاست لە ئۆرووپادا لە سێبەری دەسەڵاتی کڵێسەی مەسیحیدا لە هەردوو کـولتـووری جیـهـانی یۆنانی- ڕۆمـانی و لە کولتووری لاهووتی جوولەکە و سۆفیگەریێتی ڕۆژهەڵات و ئایینی نوێی مەسیحی لە ئۆرشەلیمەوە هاتووە، کەوتەوە و خەتوخاڵی دا.

لەچوارچێوەی ئەو جیـهـاندیدە سەراتاپاگیـرەدا جۆرە فەلسەفەیەک لە بەرهەمی پیاوانی ئایینی مەسیحیدا دەبینرێ کە بەگشتی لەتیۆری زانین و مەنتیقدا ڕەنگی داوەتەوە.

٣- گومان لەوەدا نییە کە فەلسەفەی ئەو قۆناغە لە سێبەری دەسەڵات و دەزگا و دامەزراوەکانی ئایینیدا گۆش کراوە و پێگەیشتووە، دەزگاکانی ئایینیش سەرگەرمی داکۆکی کردن لە ئایینەکە و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئایین و دۆگمەکانی بوون، بۆیە شتێکی ئاساییە کە پەنا برابێـتـە بەر ژیر، لەکـاتی پێـویسـتـدا، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بنەماو دۆگمەکانی ئایینی نوێ کە هەر لە بنەڕەتەوە ئایینێکی ڕوحانییە و بە پێچەوانەی ئایینی مـووساوە لە دوور و نزیک توخنی مـاددییـەت ناکـەوێ. ئەوەیە مەبەست لەو ڕستەیە کە دەڵێ ئایینی مەسیحی ژێری کـردووە بە پابەندی (نەقڵ) تێکسـتـە ئایینییـە تەمـومـژاوییـەکـان. ئەم قسـەیە بە پێچـەوانەی ئەو بۆچوونەوە نییـە کـە ئایین بڕوایەکە بە سرووش (وەحی) پشت ئەسـتـوورە و پەنا دەباتە بەر باوەڕ پێ بوون (ئیـمـان)، بەڵام فـەلسـەفـە لەخـۆیدا سـەرنجدان و وردبوونەوەیەکی ژیرەکییە پەنا دەباتە بەر ساغ کردنەوە و سـەلمێنە و مـەنتـیـق. هەروەها دەکرێ لە بەرانبـەر ئەو بۆچوونەدا ئەو پرسـیـارە بکرێ و بگوترێ: ئایا ڕووی نەداوە و ناگونجێ مرۆڤ پشت ئەستوور بەژیر و مەنتیق بابەتێک پەسند بکات و بڕواو ئیـمـانی بە شـتـێکی پێچەوانەکەیەوە هەبێت؟!

ڕاسـتـە فـەلسـەفـەی سـەدەکـانی ناوەڕاسـتی ئۆرووپا فەلسەفەی ئایینی مەسیحی بووە، بەڵام تەنیا هەر بایەخ بە ئایین و کـاروباری بڕواو لاهووت نەدراوە، بەڵکو زۆر

بابەتی تر سەرەڕای پاراستنی بڕوا و ئیمان و بنەماکانی ئاکار، خراونەتە سەر خوانی باسکردن وەک بابەتی سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، ئەگەرچی لەچوارچێوەی سیستم و نەزمی سەرتاپاگیری ئایینەکەشدا بووبێ.

هەلومەرج و ڕەوشی هەڵکەوتی نوێ کە ڕووبەڕووی ئایین بۆتەوە، پیاوانی ئایینی ناچاربوون پەنا بەرنە بەر پوختەترین بەرهەمی ژیر و هۆشیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ کە فەلسەفەیە، بەتایبەتی بابەتی مەنتیق بۆ ڕەواکردنی بنەماکانی ئایین و دۆگماکانی. لەلایەکی ترەوە بە باوەڕی من وەرگێڕانی بەرهەمە فەلسەفەییەکان بۆ سەر زمانی لاتینی، کە چۆن لە ڕۆژهەڵاتدا زمانی عەرەبی، زمانی ئایینی میللەتانی ڕۆژهەڵات بووە، ئاوەهاش ئەو زمانە لاتینییە زمانی ئایینی میللەتانی ئۆرووپای بە مەسیحی کراو بووە، دەرفەتی بۆ پیاوە ئایینییەکان ڕەخساندووە کە ئاگاداری ناوەرۆکی ئەو بەرهەمانە ببن، لێرەوە دوو جۆرە هەڵوێست بەدی کراوە:

**یەکەم**: یا ئەوەتا بابەتە فەلسەفەییەکە لەگەڵ جیهاندید و مەبەست ئایینەکە و دامودەزگا و دامەزراوە فەرمییەکانی کڵێسەدا نەگونجاوە، پشتگوێ خراوە و بڕیاری دوورخستنەوەی دراوە.

**دووەم**: یان بەجۆرە مشتومالکردنێک وای لێکراوە کە بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی ئایین سوود و قازانجی لێ بکرێ.

ئەو بەرهەمانەی کە وەرگێردراون و سوودیان لێ وەرگیراوە پتر فەلسەفەی ئەفلۆتین و بەرهەمە مەنتیقییەکان بوون وەک ئیزاگۆگی (لە ئیسلامدا کراوە بە ئیساغۆجی) فورفوریوس و کتێبی چەمکەکان و دەستەواژە و شیکردنەوەکانی ئەریستۆتالیس لەم بەرهەمە مەنتیقییانەوە دوو ئەنجام کەوتۆتەوە:

**یەکەم**: بایەخدان بەبابەتی پێنج هەمەکییەکە کە بە عەرەبی هەر لەکۆنەوە بە پێنج (الكليات)ەکە ناسراوە. ئەمەش بەشێکی گرینگە لەتیۆری زانین بەپێی ئەو سەردەمە.

**دووەم**: جێبەجێ کردن و بەکارهێنانی ڕێسا و بنەماکانی مەنتیق بۆ چارەسەرکردنی کێشە لاهووتییەکان. ئەم هەنگاوە سەرەتایەکی توێژینەوەی پێوەندی نێوان(١) ژیر و بڕوا (ئیمان) بووە. کە بۆتە سەرمەشقی کێشەی نێوان فەلسەفە و لاهووت بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست.

٤- ئەگەر ئەو دوو بابەتە، مەنتیق و تیۆری زانین، هەر لەسەرەتاوە لەبەرهەمی پیاوە ئایینییەکانی ئەم قۆناغەدا سەرنج ڕابکێشێ، ئەوە بابەتی میتافیزیکی ئاوێتە بوو بە لاهووت و ڕێساو ڕێوشوێنەکانی ئایین و دۆگماکانی کڵێسە لایەنێکی تری بەرچاوە و لەزۆربەی هەرە زۆری شاکارەکانی ئەو سەردەمەدا بەبێ کاڵ بوونەوە ڕەنگی داوەتەوە. فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە کە بەبێ چەندوچۆن قەشە و پیاوی ئایینی و لاهووتی بوون لە دامەزراوەکانی کڵێسەدا پەروەردە بوون و خوێندوویانە، بەو واتایە- زۆربەیان- میتافیزیکی بوون کە لەبەرهەمەکانیاندا ناسینی ڕەب، سێ ڕەنگییەکەی، نەفس و گیان، ژین و مردن و جیهان و زیندوو بوونەوە ئەو بابەتانە بوون کە سەرگەرمی توێژینەوەیان بوون. لێرەدا ژیر کراوە بە قوربانی بڕوا و ئیمان، بۆیە دەکرێ بوترێ ئەوان دەستیان لەزانین هەڵگرتووە بۆ ئەوەی بڕوا و ئیمانیان هەبێ و پشت بە ئیمان و بڕوا ببەستن(٢) لەو قۆناغەدا ئەو شتانە کراون بە بابەتی فەلسەفە کە کێشەی ڕۆژانەی ژیانی ئەو سەردەمەی مرۆڤ بوون. دوای ئەوەی ئایین و کڵێسە بوون بەو نەزمە کە کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردووە، بگرە دەستیان خستۆتە نێو ژیانی ڕۆژانەی ژن و مێرد و خێزانیشەوە. بە باوەڕی ئێمە ئەو پرسیارە، تا چەند ئەو فەلسەفە- لاهووتییە کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی بە فرە لایەن و ڕەنگییەکەوە چارەسەر کردووە؟ پرسیارێکە بایەخێکی ئەوتۆی فەلسەفەیی و زانستی نییە ئەگەر بێتو ڕەوشی ئەو سەردەمە بە تەواوی لەبەرچاو بگیرێ. لە هەلومەرجی دیاریکراودا ئەگەر سەرخان و ژێرخانی ڕەوشی کۆمەڵگاکە بە تەواوەتی لەبەرچاو بگیرێ، ڕیالیستی گەرموگوڕی خۆی لەوەدا دەبینێ تا چەند کێشەکان لەچوارچێوەی جیهاندیدێکی ڕاستەقینەوە کە هەموو لایەنەکانی کێشەکە لەبەرچاو بگرێ،دابڕێژرێن و تاووتوو بکرێن بەهەند نەزانینی شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی سەدەکانی ناوەڕاست و بەچاوی نزم تەماشاکردنی ناوەرۆکی لاهووتییانەی فەلسەفەی مەسیحی پشتگوێ خستنی ڕەوشی ڕیالیستی ئەو سەردەمە و هۆکارە مێژووییەکە وەک فاکتەرێک ڕەنگی ناوەرۆک و ڕوخساری تێکڕای ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگا دەڕێژێ. هەموو شتێک لە بووندا هەر لە هزرەوە

تاکو کولتوور و شارستانییەت و تەمەدون، فەلسەفە بەشێکە لێیان، کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو کەسایەتی و تایبەتمەندییە کاتێک دەردەکەوێ دەکرێ پشت ڕاست و ساغ بکرێتەوە ئەگەر هاتو لەبابەتێکی تر جیاواز بوو. جیاوازی نەک لە یەکچوون، ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییەیە کەسایەتی و کارەکتەری شتەکە جا ماددە بێت، یان هزر دەردەخات و ساغی دەکاتەوە. ئەو پێوادنگە بەوپەڕی ڕوون و ئاشکرایی فەلسەفەی ناوەڕۆک لاهووتی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست دەگرێتەوە، جا مەبەست ناوەڕۆک، یان ڕوخسارەکەی بێت.

ئەوەندەی بابەتەکە فەلسەفەی لەژێر باڵی ئاییندا پێگەیشتوو دەگرێتەوە چەند خاڵێک هەیە، دەبێ بۆ هەڵسەنگاندن و بایەخ پێدانی ئەو بەرهەمەی هزر لەبەرچاو بگیرێن: فەلسەفە هیچ کاتێک نابێ بەو چاوە تەماشا بکرێت کە بریتییە لە کۆی چەند بابەت و تێزەیەکی ڕووت و پەتی بێ گیان و ئەبستراکت. ئەم سەرنجدانە بەهەند نەزانینی کات و سەردەمە و خەسڵەتێکی نا مێژوویییە (unhistorisch). دەکرێ لەسەردەمێکدا کەسانێک، فەیلەسووفێک، یان چەند لاهووتییەک دەرکەوتبن بە پێچەوانەی ڕەوتی بەرەو پێشچووی شارستانییەت و تەمەدونەوە خامەکەیان خستبێتە کار، بەڵام کردنی ئەو کەسە بە نموونە و دابڕینی لەمێژوو، پرۆسە و ڕەوتی هزر و بیری مرۆڤی سەردەمی خۆی، وەک پێوادنگ بۆ هەڵسەنگاندنی تێکڕای بەرهەمی سەردەمەکە بەکاربهێنرێ دوورکەوتنەوەیە لە هەموو بنەمایەکی زانست و توێژینەوەی زانستی. هەموو فەلسەفەیەک لەهەر سەردەمێکدا بووبێ لە ناخی خۆیدا پێوادنگی خۆی پێ بووە و نیشانی داوە، بگرە هەر خۆیشی سروشت ئاسا و گومان هەڵنەگرانە و بەڵگەنەویستانە قۆناغێکی فۆرمۆلە کردووە و ڕەنگی ڕشتووە. هیچ مەرج نییە زیندوویی فەلسەفەی سەردەم و قۆناغێک بەوە لێک بدرێتەوە تا چەند وەڵامی ڕاست و دروستی پرسیارەکانی سەردەمی خۆی پێ بووە و داویەتییە دەست، بەڵکو زیندوویی و کاریگەری و گەورەیی فەلسەفەی قۆناغێکی دیاریکراو لەوەدایە تا چەند هێز و توانایی هەیە هەلومەرجە ڕاستەقینەکانی ژیانی مرۆڤ شیکاریبیانە(٣) تاووتوو بکات و بچێتە بنجوبناوانیانەوە. کەس دڵی لەوە کرمێ نەبووە کە هەلومەرجەکانی ژیان ژێرخان و فەلسەفەش لەلای خۆیەوە سەرخانی کۆمەڵگا پێک دەهێنن.

٥- هەر لەسەردەمی هیگڵەوە ١٧٧٠-١٨٣١ز ئەو پرسیارە کراوە: ئایا ئەو فەلسەفەیەی دوای قۆناغی هیلینستی و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ئۆرووپادا هەزارساڵێک و پتر لە ئارادا بووە بەچی ناوبنرێت؟!

ئەگەرچی هەمان پرسیار ئەو فەلسەفەیەش دەگرێتە کە بەزمانی عەرەبی نووسراوە و عەرەب بە فەلسەفەی عەرەبی و کەسانی تر بە فەلسەفەی ئیسلامی ناوی دەبەن، ئەو دوو دیاردەیەی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئۆرووپا و لە ڕۆژهەڵات دوو خەسڵەتی لە یەکتری جیاواز نیشان دەدەن، بۆیە ناکرێ هەردووکیان لەیەک ڕوانگەوە سەرنج بدرێن و بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە.

مەسیحییەت هەر لەسەرەتاوە تایبەتمەندی هەڵبژاردن و بژار و مشتومالکردنی فەلسەفەی پێش خۆی پێوە دیارە، بێ گومان ئەمەش ئەنجامێکە هۆکارەکەی لە سروشتی ئایینەکە دایە، لەکاتێکدا ئایینی مووسا کە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی مەسیحییەتە، یەکەم ئایینەکە یەکتاو یەکڕەنگی ڕەببی دووپات کردۆتەوە کە بەزمانی عەرەبی (وەحدانیەت)ی پێدەگوترێ و وەک بنەمایەکی ڕەسەنی گومان هەڵنەگری ئایینی عیبرانی (جوولەکە) دادەنرێت، مەسیحییەت بۆ جیاکردنەوەی خۆی و بۆ ساغ کردنەوەی سەربەخۆیی و تایبەتمەندی خۆی سێ ڕەنگی (ڕەب، ڕۆڵە، گیانی پاک)ی کردووە بە بنەمایەکی بڕواو باوەڕ و (عەقیدە و ئیمانەکەی). لەکاتێکدا ڕەبی مووسا تووڕە دەبێ و غەزەب لە میللەتی جوولەکە دەگرێ(٤) و توند و تۆڵ بەخاک و نیشتمانی دیاریکراو (ئیسرائیل) و گەلی هەڵبژاردە (عیبرانی) و مێژووەوە بەندە، ئایینی عیسا ئەو تایبەتمەندییانەی بەنی ئیسرائیلی تێکداوە خۆی بە ئایینێکی جیهانی نیشان داوە. ڕەبی مەسیحی، ڕەبی خۆشەویستی و بەزەیی و ڕەحمەت و لێبووردەییە. بەلای جوولەکەوە ئەو کەسە مووسایی دەبێ کە لە منداڵدانی ژنێکی جوولەکەدا پێگەیشتبێ، بۆیە ئەو ئایینە کەسێکی تر وەرناگرێ. کە دەکرێ بوترێ جوولەکە ئایینێکی (تەبشیری) نییە لە بەنی (ئیسرائیل- عیبرانی) بەو لاوە کەسی تر وەرناگرێ، بەڵام مەسیحییەت ئایینی هەموو کەسێکە کە بڕوای بە بنەما و دۆگمەکانی ئایینەکە هەبێ.

٦- ئەگەر مرۆڤ لەو پرسیارە وردبێتەوە کە ئایا بابەتەکە فەلسەفەی مەسیحییە، یان نا؟ کێشەیەک بەرپا دەبێ وا بە ئاسانی بەلایەکدا ناخرێ. هەمان کێشە ڕووبەڕووی ئەو فەلسەفەیەش دەبێتەوە کە بە ئیسلامی (عەرەبی!) ناودەبرێت.

ئەم پرسیارە کێشەیەکی ئالۆزی مێژوویی دەورووژێنێ کەوا بە ئاسانی بەلایەکدا ناخرێت. لە دوو لاوە کێشەکە ئالۆزتر دەبێ:

**یەکەم**: ناکرێ فەلسەفەی مەسیحی لە کایە و ڕەوشە مێژووییەکە کە تێیدا پەیدا بووە و سەری هەڵداوە جیابکرێتەوە.

**دووەم**: پرسیارەکە لەخۆیدا جۆرە ئەگەر و گومانێکی تێدایە، چونکە ئاشکرایە کە چەند بابەتێک توندوتۆڵ بەیەکەوە بەند بن و کاریان لەیەکتری کردبێ و کاریان تێکرابێ، ناکرێ لە یەکتری داببڕدرێن و جیا بکرێنەوە.

پرسیارەکە هەر لەسەرەتادا و لەداڕشتنەکەیدا دەیەوێ سەرنج بۆ ئەو لایەنە ڕابکێشرێ، ئایا دەکرێ فەلسەفە و ئایین، ژیر و سرووش (وەحی) پێکەوە هەڵکەن و بێنەوە(٥).

هیچ گومان لەوەدا نییە کە فەلسەفە و لاهووت دوو بابەتی ئەوپەڕی لەیەکتری جیاوازن، بەڵام ئەگەر لەسۆنگەی ئەو سەردەمەوە سەرنج بدەین، دەردەکەوێ کە خاڵ هەبووە بەتایبەتی لە ئامانجدا بەیەکەوە کۆی کردوونەتەوە و ناچاری کردوون، ئەگەر بە نا بەدڵیش بووبێ، جۆرە کۆمەکێکی یەکتری بکەن.

- ئایینی مەسیحی وەک هەموو ئایینەکانی دیکە لایەنی تیۆری (بڕوا هێنان) و لایەنی کردەوەیی هەیە. لەکایەی یەکەمدا ئاشکرایە کە مەسیحییەت لەسەرەتاوە توندوتۆڵ بە ئایینی جوولەکەوە بەند بووە و ئێستاش تەورات بە بنەمای ئینجیلەکان دادەنرێت. تەوراتیش چەندین بۆچوونی دەربارەی ڕەب، مرۆڤ، جیهان، ژین و مردن، پێوەندی نێوان مرۆڤ و ڕەب، نێوان ڕەب و جیهان و دانایی ڕەبی.. تێدایە، ئەم بۆچوونانە هەمیشە پێویستییان بە ئامرازێک هەبووە خۆیانی پێ پشت ڕاست بکەنەوە ئەو ئامرازە فەلسەفە بووە. نابێ ئەوەش لە یاد بچێ کە وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی و ئینجا گۆڕینی عەرەبییەکە بۆ سەرزمانی لاتینی هۆکارێک بووە، شان بەشانی هۆکارەکانی تر، کە بە فەلسەفەی ئیسلامی لەسەردەمی عەبباسییەکاندا خەتوخاڵی داو چوارچێوەی بۆ فەلسەفەی مەسیحی داناوە.

دوور نییە بوترێ بەکارهێنانی وشەی مەسیحی، یان ئیسلام بەرانبەر بەم فەلسەفەیە دوو لایەنی نالەبار ساغ دەکاتەوە:

**یەکەم**: کەسایەتی نەتەوەیی فەیلەسووفەکان پێشێل دەکات کە سەر بە چ نەتەوە و میللەتێکن.

**دووەم**: وا دەری دەخات کە ئەو فەیلەسووف و بیرمەندانە لە خزمەتکردنی ئایین و ڕێوشوێن و دۆگماکانی بەولاوە سەرگەرمی هیچ شتێکی تر نەبوون و هیچ ئەرک و فرمان و خەمێکی دیکەیان نەبووە.

ڕاستە ئەم چەمکە ئەو دوولایەنە نالەبارەی هەیە و ڕۆڵی نەتەوەیی فەیلەسووفەکان دەسڕێتەوە و کولتوور و ڕۆشنبیری و زانست و فەلسەفەی ئەو سەردەمە لەچوارچێوەی هزرێکی تەنگەبەری ئایینیدا سنووردار دەکات و ڕەنگی دەڕێژێ. ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی بەرهەمی لاهووتی و فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە بدات بۆی دەردەکەوێ کە جگە لە لاهووت و لایەنی ئایین و دۆگماکانی بابەتی دیکەش، ئەگەر لابەلاییش بووبێ، باس کراون و تیشکیان خراوەتە سەر. ئەگەر فەلسەفە و کولتووری سەدەکانی ناوەڕاست نەبووبایە، نەدەکرا باسی ڕێنێسانس و پەرەسەندنی زانستەکان و پەیدابوونی سۆسیۆلۆژی و فەلسەفەی نوێ بەتایبەتی (دیکارت) بکرێت.

وشەی «فەلسەفەی مەسیحی»، یان وشە و چەمکی «فەلسەفەی ئیسلام» ڕۆڵ و چالاکی و کۆششی ئەو قەشە و مەلا و فەیلەسووفانە دەسڕێتەوە کە هەر لەسەرەتاوە بەپێچەوانەی ئایدیۆلۆژی و سیاسەتی فەرمی کڵێسە چالاک بوون و لەجیهانی مەسیحییەت و دەزگا و دامەزراوەکانی بێ بەش کراون، جگە لەوەی تۆمەتی لە ڕێ لادان و گومڕایی و کافریان دراوەتە پاڵ. بەکارهێنانی چەمکی فەلسەفەی مەسیحی چالاکی و ڕۆڵی بیرمەند و فەیلەسووف و نووسەرانێک کە لەگەڵ ئایینەکەدا نەبوون و جودا بیر بوون، دەسڕێتەوە.

بەڵام ئەم چەمکە کە فەلسەفەکە لەچوارچێوەی ئایینە دەستبەکار و فەرمییەکەدا گیر دەکات، لایەنێکی لەباری هەیە کە باشتر و تەواوتر لە فەلسەفەی ئیسلامی دەبێ بکوترێ فەلسەفەی(٦) (عەرەبی!!). بەکارهێنانی چەمکی فەلسەفەی ئیسلامی سەرنج ڕادەکێشێ. لەدوای

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی پان عەرەبیزمەوە نووسەرە عەرەبەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە لەجیاتی وشە و چەمکی فەلسەفەی ئیسلامی دەبێ بگوترێ فەلسەفەی(٦) (عەرەبی). بەکارهێنانی چەمکی فەلسەفەی ئیسلامی ڕۆڵی چالاکی هەموو ئەو گەلانە لەبەر چاو دەگرێ کە لە ئایینەکەدا و لەدامەزراندنی کولتوور و شارستانیەتی ژێر سێبەر و باڵی ئایینەکە پەیدا بوون و گەشەیان کردووە. ناونانی ئەو فەلسەفەیە بە ناوێکی تر کە تایبەتمەندی نەتەوەیەک دیاری بکات وەک عەرەبی، لاتینی نەک هەر دوورکەوتنەوەیە لە ڕاستی، بگرە پێشێلکردنی مافی گەلانی ترە کە لە گەلی خاوەن زمانی ئایینەکە چالاکتر بوون و بەرهەمی بە بڕشت و بەپێزتریان داوەتە دەست.

ئەگەر ناونانی فەلسەفەکە بەناوی ئایینەکەوە لایەنی لەبار و نالەباری هەبێت و پڕ بە پێستی ڕاستەقینەیی فەلسەفەکە نەبێ، دەبێ چ چەمک و ناوێک لەگەڵ ڕاستی ئەو فەلسەفەیەدا بگونجێ؟!

٧- ئایینی مەسیحی بەپێچەوانەی هەردوو ئایینەکەی دیکەوە (جوولەکە و ئیسلام) بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە و گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە. بەپێی سەرچاوەکان ئەو مەسیحییەی دوای چوارمێخەکێشانی یەسووعی مەسیح (عیسای کوڕی مریەم) خەتوخاڵی داوە، جیاواز بووە لەوەی عیسا سەرگەرمی بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی بووە. ڕابەری بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی دوای عیسا، بن جوویەک بووە کە وەک خۆی گوتەنی ڕەب لە ڕێگای دیمەشق موعجیزەی نیشان داوە و بووە بە سەحابەی عیسا و ڕێوشوێنی ئایینەکەی تاوەکو وڵاتی یۆنان و ڕۆم بڵاوکردۆتەوە. لەسەرەتادا پتر لە ١٤٠ ئینجیل بەکار هێنراوە. لە کۆبوونەوەی نیکیا چواریان (ماتیۆس، مارکۆس، لوکاس، یۆهانس) هەڵبژێردراون و لەلایەن کڵێسەوە دانیان پێدانراوە و ئەوانی دیکە فەوتێنراون. ئەو چوار کەسە گوایە یاوەر و سەحابەی یەسووعی مەسیح بوون و چییان دیوە و بەگوێی خۆیان چییان لەعیسا بیستووە تۆماریان کردووە. لەکاتێکدا لە ئایینی مووسا و ئیسلامدا تەورات و قورئان بە وتەی ڕەبی مووسا و خودا دادەنرێت، گونجانێک لەنێوان شێواز و ناوەرۆکی بابەتەکانیاندا هەیە، ئینجیل چوار جۆرە و جیاوازی ئاشکرا و سەرنج ڕاکێش تێیاندا هەست پێدەکرێت. چوارمێخەکێشانی عیسا و ئینجا هەستانەوەی لەگۆڕ و گەشتەکەی بەرەو ئاسمان، سێ ڕەنگی (ڕەب و ڕۆڵە و گیانی پاک) کە ئەوە دەردەخات ڕەب هاتۆتە سەر ڕوخساری عیسای مریەم (یەسووعی مەسیح)، یان چۆتە ژێر کڵێشەیەوە و قوربانی بەخۆی داوە بۆ ئەوەی کەفارەتی گوناهی خەڵکەکە بدات، ڕەب لێرەدا بەرانبەر بەخوایە، ڕۆڵە یەسووعی مەسیحەکە بەلای مەسیحییەکانەوە (ڕۆڵەی ڕەببە) و لەسەر زەوی چوارمێخەکێشراوە. پاک بوونەوە لە گوناهی دنیا (بەپێی تەورات و ئینجا بەبڕوای مەسیحییەکان مرۆڤ بەهۆی سەرکێشییەکەی ئادەم و حەواوە چۆتە ژێر باری گرانی گوناهەوە). دنیا خراپ بوون کە لە ئیسلامدا قیامەتی پێدەگوترێ Escha to Logie، خۆشویستنی ڕەب و کەسانی تر (بۆ نموونە مەسیحی دەبێ دوژمنەکەشی خۆش بوێ) لێبووردن و تۆڵە نەستاندنەوە (ئەگەر زللەیەکیان لە ڕوومەتی ڕاستت دا، ڕوومەتی چەپی بۆ ڕابگرە لەوێشت بدات). ڕەب ئەوەندە خەڵکی خۆش دەوێ ڕۆڵەی خۆی بۆ ناردوون تاوەکو لەگوناح پاکیان بکاتەوە و ڕێگای پاکی نەمری گیانی و ئەو دنیایان نیشان بدات و دەرگاکەیان بۆ بکاتەوە.

هەر دوای چوارمێخەکێشانی یەسووعی مەسیح پاولۆس paulus کە لەشاری تەرسوس Tarsus گەورە بووە کەوتۆتە کارکردن و هەوڵی جێگیرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێوشوێن و ڕێساکانی بڕوا و عەقیدە و دۆگمەکانی مەسیحییەتی داوە. بەباوەڕی پاولۆس نەک هەر مرۆڤی گوناهکار، بگرە تێکڕای سروشتیش پێویستی بە پاکبوونەوە هەیە لەگوناح و خەتاکاری. بەهۆی گوناهباری مرۆڤەوە مردن لە جیهاندا پەیدابووە(٧)، بەهۆی حەشر و قیامەت و زیندووبوونەوەوە مردنەکە دەبەزێنرێت، ئەمەش پێویستی بە کەفارەت هەیە. چوارمێخەکێشان و زیندووبوونەوەی یەسووع Jesus Christus بەزاندنی گوناح و بەزاندنی مردنی تێکڕای سروشت بەهەموو شتێکەوە دەگەیەنێ. بەلای پاولۆسەوە، ئەگەر بەهۆی مرۆڤێکەوە (ئادەم) مردن کەوتبێتەوە، ئەوە بەهۆی مرۆڤێکی دیکەوە زیندووبوونەوەی دوای مردن پەیدابووە، ئەگەر لە کەسی ئادەمدا هەموو بمرن، ئەوە لە مەسیحدا هەموو زیندوو دەبنەوە. بەلای پاولۆسەوە پێوەندی توندوتۆڵ لەنێوان مەسیح و تێکڕای خەڵق کراوان و خەڵقدا هەیە. «مەسیح

پێش خەڵق کردن لەلای باوک بووە، بووە بە مرۆڤێکی سەرزەوی بۆ ئەوەی گوناهی مرۆڤ پاک بکاتەوە، ئەوە دەبێ لەدوا ڕۆژدا- قیامەت- جارێکی دیکە بێتەوە و بەدەر بکەوێ، ئەوەش کاتێک دەبێ کە مەلەکووتی ئاسمان دەرکەوت» (٨).

ئەو بۆچوون و قسانەی پاولۆس ئەگەرچی لەلای مەسیحییەکان پیرۆزە، بنەمایەکی لاهووتی- فەلسەفیی هەیە دەکرێ بە (ڕێبازی پاولۆس) ناوببرێت کە پوختەکەی بریتییە لە: پێوەندی نێوان مەسیح و ڕەب لەلایەک، ئینجا چارەنووسی نەفس و گیانی مرۆڤ لەلایەکەی تریەوە، لێرەوە پاولۆس دەچێتە نێو جیهانی فەلسەفەوە، بەڵام بەنیاز و مەبەستی پاساودانی ئەو بیروبۆچوونەی کە دایهێناوە و لە دواییدا بووە بە بنەمای ئایینی مەسیحی.

٨- ئەگەر سێ ڕەنگی دۆگمی ئایینی مەسیحی لە سۆنگەیەکی فەلسەفییەوە سەرنج بدرێت، مرۆڤ دەگاتە ئەو ئەنجامە کە بڵێ ئەم دۆگمە بەهیچ بنەمایەکی ژیر و مەنتیق نە پشت ئەستوورە و نە پشت ڕاست دەکرێتەوە. ڕاستە بروا و عەقیدە و باوەڕ و ئیمان توندوتۆڵ بەدڵ و ناخ و هەستی دەروونەوە بەندن و بەڵگەی ژیر و مەنتیق بەهیچ جۆرێک نە کاریان لێدەکات، نە ئەوانیش پەکیان لەسەری کەوتووە، بەڵام سروشتی مرۆڤ خۆی کە ئەو بڕوایە بەشێکە لە ژیانی ناخ و دەروونی ئەوەیە کە جارێک، ڕۆژێک لەڕۆژان بەچاوی ژیر، کە هێزێکە پێی بەخشراوە و بەشێکە لەژیانی شان بەشانی خواست و بڕواکەی، لایەک لەو بڕوایە دەکاتەوە کە باوەڕی پێ هێناوە و بووە بە نەک هەر هاندەر، بگرە بنەمای هزر و کار و کردار و ژیانی.

ئەوەی لە ڕوانگەی فەلسەفەوە نە لێک دەدرێتەوە و نە پاساو دەدرێ، ئەو گۆڕانە لە شرۆڤە نەهاتووەیە لە مەسیحییەتدا کە بەسەر ڕەبدا هاتووە و لە یەک ڕەنگییەوە بووە بە سێ ڕەنگی!!. لێرەدا بە ئاشکرا گۆڕانی خواستی ڕەب گریمانە کراوە. چۆن پێوەندی ڕەب- باوک، ڕەب- ڕۆڵە و گیانی پاک لێک دەدرێتەوە؟! گریمانەی ئەوەی کە ڕەب گەوهەرێکە و سێ ماهییەتی هەیە لە قسەیەکی هەڵبەستراو بەولاوە نییە و کێشەکە بەلایەکدا ناخات و بگرە وەڵامی پرسیارەکەش ناداتەوە، چونکە ئەم گریمانە خۆی لەخۆیدا لە دیاردە و نیشانێکی کۆمەڵێک سەختی و ئاڵۆزییەک بەولاوە شتێکی تر نییە. ژیری مرۆڤ ئامادە نییە بوونەوەرێک بە سێ ناو بانگ بکات، یان سێ ناوی هەبێت، ئیتر چۆن دەکرێ «گەوهەرێک و سێ کەس» پێکەوە وێنا بکرێن؟! بە باوەڕی من ئەم گریمانەیە لە دوو لێکدانەوە پتر هەڵناگرێت:

**یەکەم**: هەوڵێکی زیرەکانەیە بۆ ئەوەی ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی موعجیزە ئاسا کە سنووری ژیر و مەنتیق تێپەڕێنی بە ئایینی مەسیحی ببەخشرێت.

**دووەم**: دووپاتکردن و جێگیرکردنی تایبەتمەندی ئایینە نوێیەکە لەبەرانبەر ئایینی جوولەکەدا بەوەی ئایینی مووسا یەکڕەنگییە و ئەم فرە ڕەنگییە.

٩- ئەگەرچی مەسیح لەنێو جوولەکەکانی ئورشەلیم و ناوچەکانی تردا ژیاوە و تەوراتی مووساش بنەما و تەواوکاری ئینجیلەکانی مەسیحییەکانە، ئەوە ئەو ئەندازیارانەی ڕەنگی ئایینە مەسیحییەکەیان ڕشتووە ئەوپەڕی ژیر و زیرەکانە کارەکەی خۆیان جێبەجێ کردووە. ئایینەکە بەجۆرێکی لێکراوە بەهیچ جۆرێک لە ئایینی جوولەکە نەچێت، لەدواییشدا، دوای دەرکەوتنی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتدا، لەگەڵ هیچ بنەمایەکی ئەو ئایینە نوێیەدا نەیەتەوە. لەگەڵ بەهەند زانینی ئەم لایەنە دوو خاڵ لە ئایدیۆلۆژی مەسیحییەتدا سەرنج ڕادەکێشن کە ئەگەرچی بنەماکەیان لە تەوراتەوە کەوتۆتەوە، بەڵام جوولەکەکان، یان پشتگوێیان خستوون، یان پەیان پێ نەبردووە. هەرچۆنێک بێت ئەو دوو خاڵە بۆ مەسیحییەت، لە سۆنگەی فەلسەفەوە، تۆمار کراوە:

**یەکەم**: پێداگرتن لەسەر چارەنووسی نەفس و گیانی ئادەمیزاد و دانانی ئەو بابەتە بەکێشەیەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤ.

ئەگەر مرۆڤ لە بەرهەمی فەیلەسووفەکانی یۆنان و لاهووتی جوولەکە وردبێتەوە، ئەو جۆرە گەرموگوڕییە نابینێ کە لەلاهووتی مەسیحیدا دەربارەی ئەو بابەتە هەست پێدەکرێت. ئەو بابەتی نەفسە و ئازاد بوونی، یان بڵێین ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پاداشت و سزادا بەبابەتی ئازادی خواستی مرۆڤەوە گرێدراوە. ئەم خواستەش لەلای خۆیەوە لەگەڵ چاکەکاری بەدکاری و کرداری ژیانی ڕۆژانەدا بەرانبەر بە یەکتری دانراون. ئەمە دەکرێ بەداهێنانێکی پیاوانی ئایینی مەسیحی دابنرێت.

**دووەم**: فەلسەفەی مێژوو داهێنانێکی تری(٩) مەسیحییەکانە.

له فــەلســەفــەی یۆنانیــدا هەست بەوە ناکــرێت کــە بابەتێک بەناوی فەلسەفەی مێژوو هێنرابێتە سەرخوانی باسکردن. بەپێی ئەو ســەرچاوانەی لەبەردەســـتــدان مەسیحییەکان هەر لەسەرەتاوە سەرنجیان بۆ ئەو لایەنە ڕاکێشاوە، بەڵام سەرنج ڕاکێشانەکە هۆکار و مەبەستی دیار و ئاشکرای ئایینی هەبووە کە لە تەورات و پرۆسەی سەقامگیرکردن و خەتوخاڵدانی مەسیحییەت خۆی کەوتۆتەوە. مێـژووی جیـهـان، بەپێی ئەم جیـهـاندیدە مەسیحییە لەگەڵ دەستپێکی خەلق (داهێناندا) دەستی پێ کردووە و لە خراپ بوونی دنیـادا (لەکۆتایی هاتنی جیهاندا) کە ڕۆژی حەشر و قیامەتە، کۆتایی دێت.

برگەکانی ئەم پرۆسەیە ئەمانەن:

– خەلق کردنی مرۆڤ و بوون و سروشت.

– ئەو گـوناهەی بەهۆی هەڵەی ئادەمـەوە کـەوتۆتە ئەستۆی مرۆڤ.

– پاک بوونەوە لەو گوناهە بەهۆی چوارمێخەکێشانی یەسوعی مەسیحەوە دەبێ.

– ڕوحانییەت و پاکی هەتاهەتایی چارەنووسی مرۆڤ دیار و دەستنیشان دەکات، ئەمەش تەنیا بەهۆی بەزەیی بێ سنوور و لەڕادەبەدەری ڕەبـبـەوە دەبێت و بەدەست دێت.

شـەهادەت کـە لە مـەسـیـحـیـیـەتدا بەرانـبـەر بەزانین Gnosis دانراوە و لە سـەرچاوە کـۆنەکـانی سـەردەمی عەبباسییەوە بە (ئەلغنووسیە) ناسراوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ. بەلای لاهووتی مەسیحییەوە بوون دوو جۆرە، ئەگەر لایەنە سروشتییەکەش لەبەرچاو بگیرێ.

– جیـهـانی هەڵکەوتی گـیـانی geistige Wirk-lichkeit ئەو جیـهـانە پێکهـاتەکـانی گـیـانی ڕووتن و لەمـاددە و گـۆڕان و کـەمـوکـوڕییـەوە بەدوور و بەدەرن و جێگاکەی ئاسمانە، لە بنەمایەکی گیانی ڕووت و ڕەها لەسەر شێوەی نەزمێکی پلە بەپلەی کایە و دەڤەری بوون پێک هاتووە. ئەمە ئەو جیهانەیە کە پەیامی ڕەببی لێوە دێت.

– جیهانی ماددە، جیهانی بوونی ئاسایی و مرۆڤ و زیندەوەرە، ئەم جیهانە ئافەریدە (خەلق) کراوە.

– نەفسی مرۆڤ کە لە کەرەسەیەکی گیانی (ڕوحانی) خەڵق کراوە بە لەشی ماددەیی کە سیمبۆلی بەدکارییە بەشێوازێکی تایبەتی گرێ دراوە. بەپێی بنەماکەی کە ڕوحـانییـە ئارەزووی گـەڕانەوە دەکـات بۆ جـیـهـانە تایبەتییەکەی خۆی کە لێوەی هاتووە، ئەم گەڕانەوەیەش بەدوو ڕێگا دەبێ کردەکی و تیۆری. تیۆرییەکە بریتییە لە زانین.

– لەنێوان جیهانی ڕوحانی ئەودیوو جیهانی هەستەکان پلە بەپلە زنجیـرێک بوونەوەر هەیە کە لە مـەسـیـحـیـدا بەفریشتە Engel ناودەبرێن و ئەمانە ئەرک و فەرمانی تایبەتیان پێ سپێردراوە.

– چەندین هۆکـار بۆ بەدکـاری دیار و دەسـتنیـشـان کراوە. هەرە گرنگیان گیانلەبەرێکی هێز و توانا لە ڕادە و سنوور بەدەرە، کار و ئەرکی سەرشانی تا دنیا کۆتایی دێت تەفرەدان و بە هەڵەبردنی مرۆڤە. ئەو گیانلەبەرە لە ئەدەبیـاتی مـەسـیـحـیـدا بەشـەیتـان Satan ناودەبرێت. ئەگەر ئەو بۆچوونە لە بنەڕەتدا هی جوولەکە بووبێ، ئەوە مـەسـیـحـیـیـەکانیش بە بەشێکی سـەرەکی جیـهـاندیدی لاهووتی خۆیانی دادەنێن.

١٠– ئەوی ڕاست بێ مەسیحییەت خۆی لەخۆیدا پتر بڕوا و ئیمان و عـەقـیـدەیە نەک ئایین، ڕاستە ڕێوشوێن و ئەرک و فـەرمان (فـەرز) دەکات و پێـویستـە لایەنگیرانی پاپەندی بن، بەڵام لەپشت ئەو بڕواو فــەرزەوە جــۆرە فـەلسـەفـە لاهووتێک هەیە کە بۆ پاساودانی بنەماکـانی ئەو بڕوایە تاڕادەیەکی فرە و تاوەکو قۆناغێکی دیاریکراو بەکـارهاتووە سـوودی لێـوەرگـیـراوە. ئەو نوێژەی هەفـتـەی جارێک بەکۆمەڵ لەکلێسە دەکرێ هیچ جۆرە تۆبزییەکی تێـدا نابینرێ و ئەوی نەچێ و نەیکات بەئاگـری دۆزەخ ناترسێنرێ و هەڕەشەی لێناکرێ، بەڵام لەدوو ئایینەکەی تردا کە بڕوا و عەقیدە و ئیمان و ئایینن پێکەوە، ئەرکی دیاری کراو بەسەر لایەنگیرانیاندا دەسەپێنن و باسی سزا و پاداشت دەکرێت.

ئەو جـۆرە فـەلسـەفـە لاهووتیـیـەی لە جـیـهـاندیدی مـەسـیـحـیـیـەتدا هەستی پێدەکرێت، پشت ئەسـتـوور بەســـەرچاوەکـــان، کـــۆیەکی هەمـــەڕەنگی لەچەند سـەرچاوەیەکـەوە وەرگـیـراو و پێکەوە ئاوێتـە کـراو و گـونجـاودا خـۆی دەنوێنی. لەم جـیـهـاندیدە سێ لایەن و ڕەگەز و سەرچاوە دێنە بەر دید و چاو:

**یەکەم**: جیـهـاندیدێکی فـەلسـەفـەیی بژار کـراو کـە لە فــەلســەفــەی ئەفــلاتوون و ئەفلۆتینیــزمی نوێ و تاڕادەیەکیش لە ڕیواقییەکان خوازراوەتەوە.

**دووەم**: لایەنی چەمکی ئاکـاری و مـێـژوویی کـە لە تەورات و ئایینی مووساوە هاتووە.

**سێیەم**: چەند تیۆرییەک بەتایبەتی کە لە ئایین و کولتووری ڕۆژهەڵاتەوە خوازراونەتەوە(١٠).

سوود وەرگرتن لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی پێشوو لە چوارچێوەی جیهاندیدا بەڵگەی زیندوویی و کاریگەرییە نەک بە پێچەوانەوە. هەردوو فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەفلۆتینیزمی نوێش ئەو بابەتەن کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو پرسیارانەیان وەڵام داوەتەوە کە بەبیری مرۆڤی بیرمەندا دێن. ئایینی مەسیحی کە خۆی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی (ئۆرشەلیم) دەرکەوتووە، پێوەندی بە ڕەوش و کولتووری ناوچەکەوە هەبووە، بۆیە ئاساییە شتی لێ خوازتبنەوە، کەسیش گومانی لەوە نییە کە یەسووعی مەسیح و مەسیحییەتیش لەناو جەرگەی جیهانی ئایینی جوولەکەدا سەریان هەڵداوە و پەیدابوون، بەڵام هەردووکیان دوو ئایین و دوو جیهاندیدی لەیەکتری جیاوازن و هەریەکەیان کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆی ساغ کردۆتەوە. ڕاستە مەسیحییەت پشت بە تەورات دەبەستێ و بە بنەمای تەواوکاری ئایینەکەی خۆی دادەنێ، بەڵام ئەم بڕیارە ئەنجامێکی لێکەوتۆتەوە کە هیچ جۆرە کەموکوڕی و کەلەبەر و چاولێکەرییەک نیشان نادات.

١١- فەلسەفەی بنەما لاهوتی مەسیحی چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە فەلسەفەکانی تر جیای دەکاتەوە و خاڵی تریش هەیە کە لەوانی تر نزیکی دەکاتەوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە، جیاوازی کەسایەتی و کارەکتەری بابەتێک پشت ڕاست دەکاتەوە لەیەکچوونەکەش ئاساییە، چونکە مەسیحی تاکە ئایین نییە لەجیهاندا.

- فەلسەفەی مەسیحی وەک ئایینەکانی تر هەر لەسەرەتاوە کێشەی (ژیر و وەحی) کە کێشەی (ئەقڵ و نەقڵی) پێدەوترێ بەناچاری کردووە بە بابەتی سەرەکی توێژینەوەی فەلسەفەکەی.

مەسیحییەکان بڕوایان بەوە هەبووە کە ڕەب جیهان و مرۆڤی داهێناوە (خەلق) کردووە، هەر ئەویش ژیری بە مرۆڤ بەخشیوە، کەوابوو مرۆڤ لەتوانایيدا هەیە. بەبێ سەرچاوەیەکی سەروو سروشتی (سرووش- وەحی) بەژیری خۆی پەی بە ڕاستی بەرێت و چاکەکاری لەبەدکاری جیابکاتەوە، کەوابوو چ پێویست بە سرووش و پەیامی سەروو سروشتی دەکات؟! لێرەوە فەلسەفەی ئەو قۆناغە لەنێوان ژیر و سرووش، لەنێوان ژیر و نەقڵ (تێکستە ئایینییەکان)دا سەرگەردان بووە، لەنێوان ئەوەدا کە سەرنجدانی ژیرەکی سەرچاوەی زانینە، یان ئایین و وەحی ئەو ڕێگاو سەرچاوەیەن کە زانین و ڕێگای ڕاستەقینە نیشان دەدەن. ئەگەر بوترێ ژیر سەرچاوەی ڕاستەقینەی زانینە و ژیریش بەهرەیە کە ڕەب بە مرۆڤی بەخشیوە.. چۆن ئەو جیاوازییە لێک دەدەینەوە کە لەنێوان ئەنجامی سەرنجدانی ژیر و مەنتیق و تێکست و ڕێوشوێنەکانی ئاییندا هەیە؟! ژیری مرۆڤ بەهیچ جۆرێک بەپێی سروشتەکەی نە موعجیزە و نە داهێنان لە نەبووەوە (خەلق لە عەدەم) پەسند ناکات، بۆ کاڵ کردنەوەی ئەو بۆچوونە و خاوکردنەوەی گرژییەکەی، فەلسەفەی مەسیحی هەوڵی داوە جۆرە تەباییەک لەنێوان ژیر و سرووش، لەنێوان ئایین و فەلسەفە، لەنێوان ژیر و نەقڵدا دروست بکات، ئەم گونجاندنە بریتی بووە لەوەی کە دەسەڵاتی ژیر و کولتووری پێشوو لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی نوێ گونجاو و تەبا شان بەشانی یەکتری کار بکەن و کۆمەکی یەکتری بکەن. مەسیحییەت لە فەلسەفە و لاهوتەکەیدا کۆششی کردووە ساغی بکاتەوە کە پەیامی سرووش (وەحی) نەک هەر بە پێچەوانەی ژیر نییە، بگرە دەربڕی ئەو ڕاستییانەیە کە ژیر پێیان دەگات. بەم پێیە لە فەلسەفەی لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاستدا لەزۆر کایە و بابەتدا دوو ڕەنگی، ڕەنگی داوەتەوە و دەرکەوتووە، هەر لەو زانینەی مرۆڤ بەسەرنجدان و ڕامانی ژیرەکی پێی دەگات تاوەکو ئەو زانینەی پەیامی ڕەوشی ڕەببانی هێناویەتی. جیاکردنەوەی نەفس لە لەش خاڵێکی ترە کە ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە.

- ڕاستە لەجیهانی مەسیحیشدا وەک جیهانی ئیسلامی دوو دەسەڵاتی بەدی کراوە، دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی کە بە عەرەبی «فوقەها»یان پێدەگوترێ لەگەڵ دەسەڵات سیاسی خەلیفە، لە هەردوو جیهاندا بە فەتوای ئایینی فەلسەفە قەدەغە کرا، بەڵام لەم ڕەوشەوە دوو دیاردەی لەیەکتری جیاواز کەوتنەوە کە هەڵکەوتی هەر یەکێک لە ڕۆژهەڵات و ئۆرووپای مەسیحی نیشان دەدەن:

- لە ڕۆژهەڵاتدا فەلسەفەی ئەریستۆتالیس دوورخرایەوە و فەلسەفەی ئەفلاتوون ڕەوا کرا. کەچی وردە وردە فەلسەفەکە کەوتە خانەی لەبیر چوونەوەوە و ئەو قۆناغە دەستی پێکرد کە دەگوترێ تاریکی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاو کولتوور و تەمەدون و

شارستانییەت کەوتنە پاشەکشێ.

– لە ڕۆژئاوای مەسیحیدا بەفەتوایەکی وەک ئەوەی ڕۆژهەڵات، فەلسەفە لەپاریس قەدەغەکرا، بەو قەدەغەیە بەپێچەوانەی ڕۆژهەڵاتەوە فەلسەفەی ئەریستۆتالیس ڕەوا کرا، کەچی وردە وردە ڕۆژئاوا خۆی گرتەوە و لەتاریکی سەدەکانی ناوەڕاست دەرباز بوو و ئەو شارستانییەتەی ئەمڕۆی دامەزراند. ئایا هۆی ئەم دوو دیاردە لەیەکتری جیاوازەی لەسێبەری ئەو دوو ئایینەدا دەرکەوتوون چییە؟ هۆکارەکەی لەجەوهەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانی ئەو دوو دەڤەرە دایە، یان سروشتی لەیەکتری جیاوازی دوو ئایینەکە بوونەتە مایەی ڕشتنی ڕەنگی ئەو دوو ڕەوشە بەو دوو جۆرەی پەیدابوون و هاتوونەتە کایەوە؟!

– لەسەدەکانی ناوەڕاستی ئۆرووپادا هەروەک لە دیاردە کۆمەڵایەتی و لەبەرهەمی لاهووتی و فەیلەسووفەکاندا دەرکەوتووە، سروشتی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و کولتووری کۆمەڵگا، ئەم فرە ڕەنگییەی نیشان داوە:

– چینی ئەریستۆکرات.

– چینی پیاوانی ئایینی و دامودەزگاکانی کڵێسە.

– خەڵکی سادە کە زۆربەی زۆریان جووتیار بوون و لەگەڵ پاشماوەی بەندو کۆیلە، هۆکاری سەرەکی دیاریکردنی مەڵبەندی چینایەتی هەر دەستەو توێژێک لەو قۆناغەدا جگە لە لایەنە ئابوورییەکە پێشکەوتنی ڕۆشنگەری و هی زانین بووە کە وەک ئامراز و شێوازێک ئەریستۆکراتی بەکاری هێناوە بۆ جیاکردنەوەی خۆی لە کۆمەلانی سادە و ساکاری خەڵک(١١)، ڕاستە هۆکاری ئابووری لە هەموو سەردەمێکدا ڕۆڵی بەرچاوی لەکایەی جیاوازی چینایەتی و ڕەوشی بەرهەمهێناندا گێڕاوە، بەڵام لەو قۆناغەی ژێر سێبەری دەسەڵاتی دەست ڕۆیشتووی ئایینی سەرتاپاگیری مەسیحی و فەرمانڕەوایی تۆتالیتاری ئەریستۆکراتی پشت ئەستوور بەکڵێسە و دامودەزگاکانی زانین و خوێندەواری ئەو هۆکارە بەلایەکدا خەرانە بوون کە چین و توێژەکانیان لەیەکتری جیاکردۆتەوە.

– لە فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستدا پشت ئەستوور بە بنەمای ئایینەکە خۆی، بیرۆکەی یەکسانی مرۆڤی ڕێواقی(١٢) و ئەسکەندەری مەکدۆنی زیندوو کراوەتەوە و هەر نەبێ ئەگەر ڕوخسارەکی و ڕواڵەتیش بووبێ لە بنەماکانی ئایین و کڵێسەدا داکۆکی لێکراوە و پێی لەسەر داگیراوە.

ئەو تیۆرییە بەشێکە لەو ناتەبایی و ناکۆکی و فرە ڕەنگییەی لەو ئایینەدا دەبینرێ، لەکاتێکدا ئەندازیاری ئایینەکە پاولۆس داوای لە بەندە و کۆیلەکان کردووە گوێڕایەڵ بن و چەوسێنەرەکانی خۆیانیان خۆش بوێ کەچی داوای جۆرە یەکسانییەکیش دەکات گوایە ئەمە لەسروشتی مرۆڤ خۆیەوە کەوتۆتەوە! ئەم پێداگرتنە لەسەر یەکسانییە، کۆششەکەی ئەشعەری دەهێنێتەوە یاد کە لەکاتی باسکردنی ئازادی خواستی مرۆڤدا پێ لەسەر (جوزئی ئیختیار) دادەنێ و دەڵێ مرۆڤ «کەسبی سیفەتی کردار» دەکات، ئەمە بێ گومان لەئازادی ڕوخسارەکی بەند و کۆیلە بەولاوە نییە!

مەسیحی لەسەردەمی خۆیدا نوێنەر و سەربازی دەسەڵاتێکی نەدیتراو و نەزانراو و نەناسراو بووە، نیشتمانی دیاریکراوی نەبووە و سەر زەوی بە وڵاتی هەموو مەسیحییەک داناوە و گوایە ئەوانەی چاکەکارن و بڕوایان بە یەسووعی مەسیح هێناوە دۆست و برای ئەون.

– فەلسەفەی مەسیحی لەسەدەی سێیەمی زایینەوە دەستی پێکردووە و لەسەدەی پازدەیەم دامودەزگاکانی پێچاوەتەوە و ماڵئاوایی کردووە. لەو هەموو ماوە درێژەدا پێشکەوتنێکی ئەوتۆی زانست بەدی نەکراوە کە شایەنی ناوهێنان بێ. بیروبۆچوونە زانستییەکانی یۆنان بەتایبەتی هی ئەریستۆتالیس جۆرە بەرگێکی بڕواو ئایین و ئیمانیان بەبەردا کراوە و ڕێگا نەدراوە گومانیان لێ بکرێت، پەیڕەوی زانستیش لەلای خۆیەوە پابەندی دەسەڵاتی ئایینی بووە(١٣). شێوازی بیرکردنەوەش جۆرە دیالێکتیکێکی وشەیی پێوە دیار بووە. ئەم جۆرە هزرە پشتی بەزانینی ڕاستەوخۆی سروشتی دەوروبەر نەبەستووە، بەڵکو کتێبە ئایینییەکان سەرچاوە بوون و پێوانە (قیاس) بەتایبەتی هی ئەریستۆتالیس ئەو پەیڕەوە بووە کە بەکارهێنراوە. بەپێی ئەو پێوەدانگە بۆچوون و جیهانبینیێکی ئەوپەڕی وشک و بێ پێز دەربارەی جیهان و گەردوون و مرۆڤ و دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵگا سەپێنراوە و پەیڕەو کراوە.

شان بەشانی ئەم کۆششە فەیلەسووف و لاهووتییەکان لەبواری بەکارهێنانی زماندا ئەوپەڕی وەستایی و دەستڕەنگینییان نیشان داوە و جۆرە گۆڕانێکیان بەسەر مەنتیق داهێناوە و ئەوەندەی تر بەرەو ئەبستراکتیان

بردووه، هەروەها توانایەکی لەڕادە بەدەریان لەکایەی دارشتنی گریمانە و بەڵگەنەویست و بەڵگەی فەلسەفەیی و لاهووتی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب و سێ ڕەنگییەکەدا نیشان داوە کە لەمێژووی هزری مرۆڤدا بێ وێنەیە. لێرەدا هەمیشە ئەو پرسیارە بەبیردا دێت: ئەگەر بێتو ئەو تواناییە هزری و ژیرییەی لە کایە و بواری زانست و کولتووری نائایینیدا بەکارهێنرابایە دەبوو چ ئەنجامێکی شۆڕش ئامێزیان هەبووایە؟!

بایەخدان بەنەفس و گیان خاڵێکی بەرچاوی کولتووری ئەو سەردەمە بووە. گیانی مرۆڤ بوونێکی تایبەتی و سەربەخۆی جیا لە جیهانی سروشتی هەبووە و دیاریکەری چارەنووسی مرۆڤ بووە. دانانی گیان وەک بوونێکی سەربەخۆ بەرانبەر بەلاشەی ماددەیی ئەو دوو ڕەنگییە سەرەکییە بووە کە ئەو فەلسەفەیە پێی لەسەر داگرتووە، ئەوەش بەتەواوەتی لەگەڵ ڕێساکانی کڵێسەدا تەبا و گونجاو بوون، بۆیە بایەخی مرۆڤی مەسیحی ڕاستەقینە لەو کەسەدا بەدی کراوە کە ئیماندار بووە و تیشکی خۆشەویستی دەروونی ڕووناک کردۆتەوە و بەخواست و ڕەزامەندی خۆی لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی کڵێسەدا گونجاو و تابا بووە(١٤) و لەو کۆمەڵگایەدا کە کڵێسە ڕەنگی سنووری ڕوخسار و ناوەڕۆکی ڕشتووە ئەو فەرزانەی جێبەجێ کردووە کە خراونەتە ئەستۆی و پێویست بووە ئۆباڵیان بۆ بکێشی.

١٢- هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئایینی مەسیحی دیاردەیەکی ناچاری و پێویستی مێژوویی بووە و هەردەبوو دەربکەوێ، فەلسەفەکەشی دیاردەیەکی ناچاری هزرییە هەردەبوو لەژێر باڵی ئەو ئایینە سەرتاپاگیرەدا پەیدا ببێ و پێ بگات، بەڵام ڕاستییەکی گومان هەڵنەگریش هەیە بواری شاردنەوە و بێ دەنگ بوون لە بەرانبەریدا نادرێ:

مەسیحییەت لەکایەی کولتوور و دابونەریت و شارستانییەتدا ڕۆڵێکی کاولکارانەی گێڕاوە. ڕاستە سوود لە کەلەپوور و کولتوور و فەلسەفە و شارستانییەتی پێش خۆی و سەردەم و ئەو ناوچانەی کە تێیدا بڵاوبۆتەوە وەرگرتووە، بەڵام ئەم سوود وەرگرتنە کە لەسەر شێوەی خواستنەوەوە بووە بە جۆرێک بابەتەکە شێوێنراوە جەوهەرە بنەڕەتییەکەی خۆی لەدەست بدات و بەتەواوەتی لەگەڵ ڕاز و نیازی کڵێسەدا بێتەوە. ئەو کولتوور و شارستانییەتە ڕەسەنەی میللەتان کە بوون بە مەسیحی، یان ناچاربوون مەسیحییەت بکەن بە ئایینی خۆیان، بە تەواوەتی ڕاست و چەپی گومڕایی و کافرییان بەسەردا هێنراوە و نەک هەر شێوێنراون، بەڵکو بەتەواوەتی لەناوبراون، خەڵکەکەش وردە وردە قایل کراون کە ئەو کەلەپوور و تەمەدونەی خۆیان بەشتێکی نالەبار و بەد دابنێن و لێیان پاشگەز ببنەوە. لەو جێگایەدا مەسیحییەت ڕەگی داکوتاوە شارستانییەت و دابونەریت و کولتووری ڕەسەنی میللەتانی ئەو شوێنەی سڕیوەتەوە و جۆرە پاکتاوێکی سەرتاپاگیری کردووە و کولتوورێکی بیانی بەسەر خەڵکەکەدا سەپاندووە. ئەگەر مەسیحییەت لەئۆرووپادا بڵاو نەبووبایەوە و ئەو کولتوورە بە پیت و پێزەی نەسڕیبایەوە دەبوو ڕەوشی شارستانی ئێستای ئۆرووپا چۆن بوایە؟!

– ئەگەرچی فەلسەفەی مەسیحی سەرتاپای سروشت و گەردوونی بەپێی بنەماکانی لاهووت شرۆڤە کردووە و لێکداوەتەوە و لە سۆنگەی ئەو لاهووتەوە سەرنجی هەموو شتێکی داوە، ئەوە ئەم هەڵوێستە نەبووە بەرێگری تەواوەتی لەبەردەم گەشەکردنی جۆرە فەلسەفەیەک کە ناوەرۆکەکەی بەبابەتی میتافیزیک و مەنتیق و تیۆری زانین و ئاکار ڕازانراوەتەوە و هەوڵدراوە قسە لە بنج و بنەڕەت و چارەنووسی مرۆڤ و پێوەندی بە گەردوونەوە، سروشتی ڕەب و خەسڵەتەکانی، پێوەندی ڕەب بەمرۆڤەوە، نەمری نەفس و گیان، بابەتی ئازادی خواستی مرۆڤ و ئۆباڵ کێشان و پێوەندی کرداری مرۆڤ بە بەختەوەرییەوە کراوە، فەلسەفەکەش بەپێی ئەو بەرهەمانەی لەو سەردەمەدا نووسراون بە دوو قۆناغدا تێپەڕ بووە:

**یەکەم**: قۆناغی باوکانی کڵێسە:

ئەو قۆناغە لە سەرەتای دەستپێکی ئایینی مەسیحییەوە دەست پێدەکات، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی لە ئۆرووپادا چالاکی فەلسەفەی ئەم قۆناغە بریتی بووە لە جێگیرکردنی بنەما و ڕێوشوێن و دۆگمەکانی ئایینەکە و داکۆکی کردن لە جیهاندیدە موعجیزە ئاساییەکەی ئایینەکە. لەم قۆناغەدا دوو تەوژم لەئارادا بوون:

– لایەکیان بەسڵ و پارێزەوە تەماشای فەلسەفەی کۆنی یۆنانی کردووە و لەو باوەڕەدا بووە کە دەبێ تەنیا بەپێی ئەوپەڕی پێویست و ناچاری سوودی لێ وەربگیرێ، بەتایبەتی ئەگەر بابەتە ئایینییەکان

پێویستیان بە داکۆکی کردن و پشت ڕاستکردنەوە بێت.

– لایەنەکەی تر بە تەواوەتی دژی سوود وەرگرتن لەو فەلسەفەیە بووە.

**دووەم:** قۆناغی فەلسەفەی سکولاستی:

ئەو قۆناغە لەسەدەی نۆیەمەوە تاوەکو سەدەی پازدەم بەردەوام بووە و تێیدا فەلسەفەی ئەریستۆتالیس دەستبەکار بووە. ناوەکەش لەوەوە هاتووە کە ئەو فەلسەفەیە لە کۆی قوتابخانەکان Schola خوێنراوە و ڕاهیب و قەشەکان بەدەرس گوتوویانەتەوە. لەو سەردەمەدا قوتابخانە لەزۆر شوێندا کراونەتەوە و ئەو بابەتانەی تێیاندا خوێنراون بە زانست و بابەتی قوتابخانە ناوبراون، بۆیە ناوی سکولاستی(١٥) بەسەر ئەم قۆناغەدا بڕاوە لەو قۆناغە بەناو سکولاستییەدا کێشەی ڕەببانیەت، مرۆڤ و گوناهەکەی ئادەم، ڕاستی قیامەت و زیندووبوونەوە دوای مردن، نەمری گیان و نەفس، ململانێی نێوان نومینالیستی و ڕیالیستییەکان، کاردانەوە بەرانبەر بەرهەمەکانی ئیبن ڕوشد و فەلسەفەی ئەریستۆتالیس و ڕێبازی دوو ڕاستی (هەقیقەت) ڕاستییەکی ئایینی پشت ئەستوور بە سرووش (وەحی) و ڕاستی فەلسەفەیی پشت ئەستوور بەژیر و مەنتیق سەرپشکی ئەو بابەتانە بوون کە لەو قۆناغەدا قسەیان لێکراوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**١– كرم، يوسف، تأريخ الفلسفة الأوربية في العصر الوسيط. مكتبة الدراسات الفلسفية، دارالمعارف بمصر، ١٩٥٧ ص٢ فما بعد.**

**2- Flasch, Kurt., Einf uhrung in die Philosophie des Mittelalters. WB. Darmstadt 1994. S.13.**

**3- Flasch, Kurt., Ebenda. S.14.ff.**

**4- Die Bible, R. Brockhaus, Wuppertal 2003. Das erste Buch Mose (Genesis) 2:17.ff.**

**٥– جلسون، إتين، روح الفلسفة المسيحية في العصر الوسيط. ترجمة: د. إمام عبدالفتاح إمام. مكتبة مدبولي. الطبعة الثالثة ١٩٩٦، ص٢٨ فما بعد.**

**٦– لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلینەوە، د. تیزینی کە لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (دیمۆکراتی!!) فەلسەفەی خوێندووە، لەمارکسیستێکەوە بای داوەتەوەو وەک نەتەوەپەرستێکی عەرەبی ئەو دروشمانە لە بەرهەمەکانیدا جێبەجێ دەکات کە زایونیزمی جیهانی کاتی خۆی و ئێستاش داکۆکییان لێ دەکات.**

**تیزینی لە بەرهەمەکانیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە بگوترێ (فەلسەفەی عەرەب) نەک (فەلسەفەی ئیسلام) لەکاتێکدا باش دەزانێ کە هەموو جیهانی ئیسلام تاکە فەیلەسووفێکی نەبووە بە ڕەچەڵەک عەرەب بووبێ، ئەو کاتە خوێندەواران بە پەنجەی دەست ژمێردراون و ئەوانەی خوێندەواربوون لەمزگەوتەوە فێربوون و لەحوجرەکاندا خوێندوویانە، بابەتەکانیش بەزمانی عەرەبی بوون.**

**بڕوانە:**

**– تيزيني، د. طيب، من اللاهوت الى الفلسفة العربية الوسيطة. قضايا فلسفية: ٢. دمشق وزارة الثقافة ٢٠٠٥، ص٤٣ فما بعد.**

**7- Rod, Wolfgang., Der Weg der Philosophie. Erster Band. Altertum, Mittelalter, Renaissance. Munchen 1994. S.273.**

**8- Rod, Wolfgang., Ebenda. S.274.ff.**

**9- Rod, Wolfgang., Ebenda. S.279.ff.**

**10- Russell, Bertr and., Philosophie des Abend Landes. Europa Verlag q. Auflage. Munchen 2000. S.323 ff.**

**11- Lange, Friedrich Albert., Geschichte des Materialismus. Bd.I Stw. 70. Frnkfurt am Main 1974. S.151 ff.**

**١٢– شوڤالييه، جان جاك، تأريخ الفكر السياسي من المدينة الدولة الى الدولة القومية. ت: د. محمد عرب صاصيلا، ط٥، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع: بيروت ٢٠٠٦، ص١٤٥.**

**١٣– الآلوسي، د. حسام، مدخل الى الفلسفة، ط١ المؤسسة العربية للدراسات والنشر بيروت ٢٠٠٥، ص٥٨ وفي أماكن أخرى.**

**١٤– متي، دكتور كريم، الفلسفة الحديثة، ط٢ دارالكتاب الجديد المتحدة. بيروت ٢٠٠١، ص١٣ وفي أماكن متعددة.**

**15- Flasch, Kurt., Ebenda. S.38.**

# کەسایەتی دژ بە کۆمەڵگا (سایکۆباتی) هۆکار و پێکهاتە

د. ڕێزان عەلی ئیبراهیم
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

کەسایەتی مرۆڤ و ڕەفتاری بە دوو کۆمەڵە هۆکار دیاری دەکرێن و هەندێ جار بە زیاتر لە دوو کۆمەڵە، بەڵام زۆربەی گرنگ پێدەرانی ئەم بوارە لەسەر ئەم دوو کۆمەڵە پێک دێن: بایۆلۆژی و باری ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی.

یەکەمیان: پێوەندی بە جەستەی مرۆڤەوە هەیە و بریتییە لە هۆکاری بۆماوەیی، واتە ئەوەی لەدایک و باوک و باپیرانەوە بۆی ماوەتەوە.

دووەمیان: ڕۆشنبیرییە کە پەیوەستە بە پێوەندی تاک بەتاکەکانی دەوروبەری لەناوەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کە ئینتیمای بۆیان هەیە و تێیاندا دەژی، هەندێکی تریان هۆکاری خێزان و پەروەردە و ئەوەی لە قوتابخانە فێری دەبێت دەخەنە سەر هۆکارەکانی تر، هەروەها ئەوەی لە برادەرانی قوتابخانە و دەرەوەی ماڵ فێری دەبێت، بۆیە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری تاک و ئەو پاڵنەرە هەستی و نەستییانەی کە هۆی ئەم ڕەفتارەن، لێکۆڵینەوەیەکە بەگشتی و بێ بەش بەش کردن گرنگی بەزانینی مرۆڤ دەدات. تێڕوانینی گشتی بۆ مرۆڤ واتای زانینی توانایی و کارامەیی و ئامادەباشییەکان و ئارەزووەکانی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم زانینە دەگەیەنێ، دواتر دۆزینەوەی لایەنێکی تازە لەم کیانە کە هەر لایەنێکمان دۆزییەوە، بەشەکانی تری بەبێ دۆزینەوە دەمێنێتەوە، بەم شێوەیە سوڕی ژیان لەگەڵی بەردەوام دەبێت و دۆزینەوە بەردەوام دەبێت بۆ دیاری کردنی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان زیاترە؛ لەوانە بۆ ماوەیی-بایۆلۆژی، یان هۆکاری خێزانی، چونکە مرۆڤ بەگشتی وەکو لوغزێک دەمێنێتەوە کە نادۆزرێتەوە؛ ئەو هۆکارانەی چەشنی کەسایەتی دژ بە کۆمەڵ (سایکۆباتی) دروست دەکات و دەتوانرێت بۆ هەندێ هۆکاری

پێکهاتەیی ڕێ پێدراو لەکەمی بگەڕێتەوە، ئەو هۆکارو هۆیانەی پێکهاتە کە ئاماژەی پێ دەکەم یەکێکیان بۆ دروست بوونی ئەم چەشنە کەسایەتییە بەسە:

١- هۆکاری بایۆلۆژی: ئەو هۆکارەیە کە پێوەندی بە پێکهاتەی ئەندامی تاکەکەسەوە هەیە، لەوانەشە بۆ ماوەیی بێت.

٢- هۆکاری خێزانی: کە پێوەندی بە پێکهاتەی خێزانەوە هەیە بەگشتی و ئەوەی لە هۆکاری سایکۆلۆژی لە منداڵێتی و قۆناغەکانی دواتردا فێری دەبێت.

٣- هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری: ئەمەش پێوەندی بە باری ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، یان بەو کۆمەڵگایەی کە تاک تێیدا گەورە بووە.

## ١- هۆکاری بایۆلۆژی

ئەم هۆکارە لەلایەن هەندێ کەسەوە دروست دەبێت، بەهۆی زاڵ بوونی هۆکاری بۆماوەیی لەسەر پێکهاتەو چەشنی ڕەفتاری تاکی دژ بە کۆمەڵگا لە ڕێگای بەرزی پلەی ڕوودانی لە خێزانێک بەبێ ئەوەی لەناو خێزانی تردا هەبێت. کارکەرەکان لە بواری بۆماوەییدا بۆیان دەرکەوت کە بەرزترین پلە لە دروستبوونی ئەم چەشنە کەسایەتییە لە خێزانی دیاریکراودا هەیە کە لە ڕێگای سێ نەوەوە تێبینی کراون، هەروەها لێکۆڵینەوە تیۆرییەکان پاڵپشتی کاریگەری لایەنی پێکهاتەی جەستەیی کەسایەتی دژ بە کۆمەڵ (سایکۆباتی) دەکەن، لە ڕێگای زاڵ بوونی پێکهاتەی وەرزشی ماسولکەیی بەسەریدا. کە ئەوەش وادەگەیەنێت پێوەندی لەنێوان لایەنی جەستەیی و توانای جەستەیی و لایەنی ڕەفتاری(دیاردە ڕەفتارییەکان) هەیە، جگە لەوەی کە ئەم چەشنە کەسایەتییە لە منداڵێتی و هەرزەکاریدا دووچاری زۆر نیشانەی جووڵەی مێشک، بووە کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی هۆکاری بایۆلۆژییە لە پێکهاتەدا.

لێکۆڵینەوە بایۆلۆژییەکان بۆ پێکهاتە بۆماوەییەکان ڕۆڵێکی گرنگی بۆ دروستبوونی ئەم چەشنە کەسایەتییە هەیە لەلایەن ئەو کەسانەی کە سیمای ڕەفتاری سایکۆلوپاتییان تێدایە، هەرچەندە زانایان پێشبینی دەرکەوتنی ڕاستی تر دەکەن کە بە ڕوونی پاڵپشتی هۆکاری بۆماوەیی دەکەن وەک هۆکارێکی بنەڕەتی. ئەمەو ناتوانین هۆکاری بایۆلۆژی بەتاکە هۆکار دابنێین کە بەهۆی بۆماوەوە بۆ تاک دەگوێزرێتەوە و هۆکارەکانی تری فێربوون لە ڕووی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەوە فەرامۆش بکەین، بۆیە هۆکاری بایۆلۆژی بەکەموکورتی لەم بوارەدا مایەوە. لەگەڵ بوونی گرنگییەکی زۆر بەکاریگەری بایۆلۆژی دروستبوو لە ئاکامی هەوکردن لەماوەیەک لەماوەکانی سکپڕی، یان منداڵبووندا کە دواتر کاریگەرییەکی ئەکتیڤی بەسەر کەسایەتییەوە جێ هێشتووە.

## ٢- هۆکاری خێزانی

لەم بارەدا منداڵ لە بارێکی ژیانیدا گەورە دەبێت، چونکە مرۆڤ لە ژینگەی خێزانیدا دەژیت و کارلێک لەگەڵ تاکەکانی دیدا کارلێک دەکات و خێزان لەگەڵ خێزان دەکەن کە پێوەندی خزمایەتییان لەگەڵ یەک هەیە، یان لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵ، گرنگی هۆکاری خێزانی لەوەوە دەردەکەوێت کاتێک کە منداڵ لەخێزانێکدا گەورە دەبێت، باوکێکی تێدا بێت کە سیمای کەسایەتی دژ بە کۆمەڵگای (سایکۆباتی) هەڵگرتبێ لەگەڵ خووگرتن بە ئارەق خواردنەوە و خواردنەوەی ماددە سڕکەرەکان، لەم بارەدا ئامادەیی خێزانی کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت، ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە تووشی منداڵەکان دەبێت. دەروونزانان وا دەبینن کە ڕەفتاری مرۆڤ لەم هاوکێشەیەی خوارەوە پێک دێت:

ڕەفتاری مرۆڤ= ئامادەباشی× ئامادەبوون× پاڵنەر.

(بۆماوەیی) (ژینگەیی) (پاڵنەری تایبەتی تاک)،

بۆیە دەبینین ئەو ژینگەیەی کە سیمای ڕەفتاری ئەم چەشنە کەسایەتییە لەگەڵ ئامادەباشی بۆماوەیی، جگە لە بوونی پاڵنەری شاردراوە (ئامادەباشی دەروونی) لەلای منداڵ لەگەڵ ژینگەیەکی ڕەخساو بۆ ئامادەکردنی ئەم چەشنە کەسایەتییە بێ گومان بەم پێکهاتەیە دروست دەبێت.

تێکچوون و لێکترازانی خێزان هۆکارێکی دیکەی هاندەرە بۆ گەشەکردنی ڕەفتاری دژ بەکۆمەڵ و دەرکەوتنی حەزی خودی لەلای تاک و هۆکاری فێربوون لەخێزان و دەوروبەری خێزان ڕۆڵێکی گرنگ و ئەکتیڤە بۆ دروست بوونی ئەم جۆرە ڕەفتارە لەلای تاک، بۆیە ئەو خێزانەی لە بارێکی تێکچوو و لێکترازاودا بێت و شەڕ و پێکدادان لەنێو ئەندامەکانیدا هەبێ و پێوەندییان لاوازبێت، ئەوە یەک لە هۆکارە هەرە بەهێزەکانە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕەفتاری دژ بەکۆمەڵ (سایکۆپاتی)، هەروەها لەو هۆکارانەی کە پێشبینی دەکرێت کاریگەرییەکی ئەکتیڤی هەبێت، بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی، یان

دەروونییە لەگەڵ منداڵان، هەست کردنی منداڵ بەترس و تۆقـانی لە ڕادەبەدەر لەلایەن دایک و باوکـەوە، یان ئەوانەی پرۆسەی بەخێوکردن و پەروەردە کردنی ئەنجام دەدەن، بۆیە ئەو وێنەیەی کـە لەیادگـەو خـەیاڵی ئەو منداڵەدا سەبارەت بە خێزانەکەی دەمێنێتەوە، توندوتیژی و کەللەڕەقییە، کە گەورە دەبێت لەڕووی کەسایەتییەوە ناتوانێت بگاتە ئاستێکی گەشەی تەواو.

زۆربەی ئەو خێزانانەی کە بارێکی شڵەژان، یان نزمتر لە ئاستی مامناوەندی باری نا تەواوی تێدابێت لە ڕووی مـامـەڵە کـردن لەگـەڵ منداڵەکـان و ئەوانەی لە دەوروبەریدان لەخزم و کەسانی تری ناو کۆمەڵ، گریمانی ئەوەی هەیە کە بارێکی سایکۆپاتی (دژ بەکۆمـەڵ) لە منداڵەکـانیـاندا دروست بێت، بەلایەنی کـەمـەوە یەک کـەس لەنێو ئەندامـەکانی هەمـوو خـێزانەکـەدا تووشی دەبێت.

## ٣- هۆکاری کۆمەڵایەتی- ئابووری

لێکۆڵینەوە تایبـەتیـیـەکـان ئاسـتی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەڕۆڵێکی گرنگ دادەنێت لە دروست بوونی ڕەفتاری سایکۆپاتی (دژ بەکۆمەڵگە) لەلای کۆمەڵێک خەڵکانەوە، بە تایبەتی لەئاستە نزمەکان لەناو شار و ناوچەی نیشـتـەجێی چڕو قـەرەباڵغ، یان لە نێـو ئەو خێزانانەی کە گەورەن و ئەندامەکانیان زۆرە، لەگەڵ نزمی ئاسـتی ژیان و بژێوی، چونکە ئەگـەر ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بەرزبۆوە، کەسایەتی دژ بە کۆمەڵ کـەم دەبێـتـەوە و پێـچەوانەکـەشی ڕاسـتـە. هەرچەندە بڵاوبوونەوەی دیاردەی چەشنی دژ بە کۆمەڵ لەنێو چینی مـامناوەندی بەهەمـان پلەی بڵاوبوونەوەیەتی لە نێـوان ئەندامانی چینی هەژار. لەگـەڵ ئەوەشـدا نزمی ئاسـتی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی لەخۆیدا هۆیەکی سەرووترە لە کاریگەری هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری لە دروست بوونی کەسایەتی دژ بە کۆمەڵ (سایکوپاتی).

## سیمای (سایکۆپاتی) دژ بە کۆمەڵ، یان بەرپێچی کۆمەڵ

ئەگەر کەسایەتی ئەو قەوارەیە بێت کە سیمای هزری و هەڵچوونی تاک و شـارەزاییـەکـانی تری بگرێتـەوە کـە لەڕێگای پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتییـەوە فـێریان بووە، ئەوە پێـوەندی نێـوان کـەسـایەتی و باری ڕۆشنبـیـری پێـوەندییـەکی زۆر بەهێـز دەبێت، چونکە تاک لە کـۆمـەڵگەدا لە دایک دەبێت، کـۆمـەڵگەش باری ڕۆشنبـیـری هەیە کە پێشـوەخت پێش لە دایک بوونی- بەپێی (پێوەرەکانی) ڕێگاکانی ڕەفتاری چاک و ڕفتاری خـراپی دیاری کـردووە. پێـویسـتـە تاک بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگای خۆیدا هەست بە ئەندامێتی و ئینتیما بکات و لە پاراسـتنی لەلای کـۆمـەڵەوە بێـبـەش نەبێت، بەو پێیەی سەر بەو کۆمەڵەیە و بەهای ڕۆشنبیری وەرگرێت و ببێتە بەشێک لە پێکهاتە و کەسایەتییەکەی، کەواتە کەسایەتی چەشنێکە مرۆڤ لەڕێگای ژیانی لەو واقیعەدا پێکی دەهێنێ، بەهۆی ئەم واقیعەشەوە دروست دەبێت.

هۆکـاری بایۆلۆژی و کـۆمـەڵایەتی و ئابووری، یان هۆکـاری خـێزانی و پەروەردەیی، هەمـوو پێکهـاتەی گریمانەیی لە دروست بوونی چەشنی کەسایەتی پێشبینی دەکات، جگە لەو ڕۆشنبیرییەی کە تاک وەک بەشێک لە واقیعی ژیان وەریدەگرێت، ئێمەش باس لە ڕەفتـارێک دەکـەین کـە بە تەواوی لەڕووی پێکهـاتە و مـانـای گریمانییەوە لەو کەسایەتییانە جیاوازە کە پێشتر لەسەر بنەمای تەندروستی و نەخۆشی پۆلێن کراون. ئەم چەشنە لەسـەر ئەم دوو بنەمـایە پۆلێن ناکـرێت، بەڵکو وەک لادانێک لە کـەسـایەتی مـرۆڤـایەتی پۆلێن دەکـرێت. گرنگترین سیمای بنەڕەتی ئەمانەی خوارەوەن:

١- بەشـەڕانگێـزێکی نا سـروشـتی دەناسرێت، یان ڕەفتارێکی ترسناک کە بەرپرسێتی بەخۆوە نابینی.

٢- لادان لە ڕەفـتـاریدا بەدی دەکـرێت و دەبێـتـە هۆی بێزاربوونی کەسانی دەوروبەری چ لەناو خێزان و چ لەناو کۆمەڵگەدا.

٣- خـێـرا تێکەڵ دەبێت.بێ هەسـتـە، یان زۆر کـەم هەست بە پەشیمانی و گوناه دەکات.

٤- توانای نییە پێوەندییەکی بەردەوامی خۆشەویستی لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا دروست بکات.

٥- خۆویستە، کەس نازانێ هۆکارەکەی چییە؟

## چوار دیاردە لە سایکۆپاتیدا هەیە

١- نەبوونی نەخۆشی عـەقـڵـیـیـە، یان دواکـەوتن لە ڕووی عەقڵ.

٢- بەردەاوم بوونی ماوەی موعاناتەکە.

٣- شـەڕانگێـزی و توندی و ناحـەزایەتی و نەبوونی بەرپرسێتی لە ڕەفتاریدا بەدی دەکرێت.

٤- کۆمەڵگە ناچارە کارێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم بارە ئەنجام بدات.

بە ئاسانی ناتوانرێت چەشنی کـەسـایەتی دژ بەکـۆمـەڵ

(سایکۆپاتی) لەیەک وێنەی ڕەفتاری دیاریکراودا قۆرغ بکرێت، چونکە بەپێی هەڵوێست دەگۆڕێت، بۆیە ناتوانرێت جەخت بکرێتەسەر یەک وێنە لەو وێنە زۆرانەی تایبەت بەم کەسایەتییەن، تا وای لێهات لە ڕووی هۆکار و سنوورەوە نادیار بێت.

بەڵام سیمای سایکۆپاتی (دژ بەکۆمەڵ) لەڕێگای دیاریکردنی ئیکلینیکی ئەمانەی خوارەوە ڕوون بۆوە: نەبوونی گەشەی هەڵچوونی، خۆویستی، نەشازی کۆمەڵایەتی، بزربوونی بینینی تەواو، بێ هوودەیی. ئەم سیمایانەش لە ڕێسای کۆمەڵایەتی دەرچوونە لەڕووی مامەڵەکردن و پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە. جگە لە بوونی تایبەتمەندی گشتی کە لەم کەسایەتییەدا بەدی دەکرێت، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- نەبوونی توانای کۆنترۆڵکردنی پاڵنەرەکانی ڕەفتار.

٢- نەبوونی لایەنی ویژدانی کە وای لێ بکات سەبارەت بەو ڕەفتارانە هەست بە پەشیمانی بکات کە دژ بە بەهای ئەو ئەخلاقی کۆمەڵگەیە ئەنجامی دەدات کە تێیدا دەژیت.

بەڵام سیمای تاکی تایبەتی ئەمانەن:

١- بێ هێزی پێوەندی گشتی، توانای نییە پێوەندییەکی ڕاست و بەهێز و بەردەوام هەتا لەگەڵ یەک کەسیش دروست بکات، هەوڵ دەدات، یان بەفروفێڵ، یان بە بێزار کردن دەورووبەر بقۆزێتەوە.

٢- هەست نەکردنی بە شەرمە و عەیبە.

٣- هەست نەکردنی بە بەهای شەرەف و نەبوونی دڵسووتان و سۆز و بەزەیی بەخەڵکانی تر.

٤- توانای نییە بەهۆکار و ئاکامی شت بگات، یان توانای بیرکردنەوەی لۆژیکیانەی بەردەوامی لاوازە.

٥- زۆر زوو هەڵدەچێ وکاری تێدەکرێت. ڕەفتاری چاک نانوێنی کە شایەنی ڕێز بێت.

٦- خێرا خۆی ڕەپێش دەکات بەبێ ئەوەی خۆی بگرێت و بەبێ بیانوو هەڵدەکوتێتە سەر کەسانی تر.

لەم کەسایەتییەدا ئەم نیشانانە زۆرە وەک:

١- ناجێگیری و پابەند نەبوون بەکاروباری خێزانی و ژیان بەگشتی.

٢- نەمانی گوێڕایەڵی و سیستمی خێزانی.

٣- دەرچوون و لادان لەیاسا لە بواری ژیان بەگشتی، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی دادگا.

بەڵام لەبواری کارکردندا:

١- خۆ دزینەوە و خۆ نەخۆش کردن و دوورکەوتنەوە لەبەرپرسیێتی و ڕاسپاردنی بەخەڵەکانی تر بۆ ئەوەی کارەکانی بکەن.

٢- شڵەژانی پێوەندی لەسەر ئاستێ، یان زیاتر لە ئاستێک لە ئاستەکانی کارو بەڕێوەبردن و پێوەندییە کەسایەتییەکان.

هەروەها هەندێ باری ناحەزی لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە لێ بەدەردەکەوێ وەک:

١- گەشەنەکردنی لایەنی سۆزداری بە تەواوی.

٢- بوونی لادان و دەرچوون لەبواری ژیانی سێکسی.

٣- پەنابردن بۆ خواردنەوەی مادە هۆشبەرەکان تاڕادەی خووپێوەگرتن و قومارکردن.

٤- ڕاهاتن لەسەر دەرمان و ماددە سڕکەرەکان.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانەی سەرەوەدا، دەتوانین بڵێین کە ئەم کەسایەتییە لە ڕەفتاردا نەخۆشە و بەپێی ڕەوتی زانستی بۆ دیاری کردنی (تشخیص) لە بەهاو پێوەرەکانی کۆمەڵگە لادەدات.

## چەشنەکانی کەسایەتی دژ بەکۆمەڵ (سایکۆپات)

سیمای دیاری ئەم کەسایەتییە پێنەگەیشتنە لەڕووی سۆزدارییەوە، جگە لە لاوازی لە کۆنترۆڵ کردنی عەقڵ، فێرنەبوون لە شارەزایی و تاقیکردنەوەکانی ژیان، بۆیە دەبینین خۆی ڕەپێش دەکات، بێ ئارام و ناوهاوسەنگە، هەندێ جار لە بارێکی خەمۆکی توند و بەهێز دایە و دوورە پەرێزە. هەندێ جاری تر دڵخۆش و کەیف خۆشە. کە دیارە لەڕەفتاری دەرەکیدا ئەم چەشنانە دەگرێتەوە:

١- ناکۆمەڵایەتی، یان دژ بە کۆمەڵ.

٢- توندوتیژی و تێپەڕاندن و دەست درێژی.

٣- بێ ڕەوشتی.

٤- داهێنەر و ئەفرێنەر.

١- چەشنی ناکۆمەڵایەتی، یان دژ بەکۆمەڵ: ئەم چەشنە بەوە وەسف دەکرێت کە لە چەشنی کۆمەڵایەتی ماقووڵ لە ڕەفتار دەردەچێت، واتە ڕەفتاری ناماقووڵ دەکات، کە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتی ناگونجێت. ئەم چەشنە ڕەفتار و ئاکارە بۆ سەرنەکەوتن لە دروست کردنی پێوەندی نێوان خود و خەڵکانی دەورووبەر دەگەڕێتەوە، بەردەوام نەبوونی ئەمە ڕاستە سەبارەت بە ڕەفتاری شەڕانگێزی، بەتایبەتی جوێن دان و قسە بەخەڵک گوتن و باسکردنیان بەشێوەیەکی خراپ و نێگەتیڤانە کە خۆی لە خۆیدا ڕەفتارێکی شەڕانگێزییە بە ساکارترین شێوەی،

هەروەها غەدر کردن لە لێدان کە بەرزترین پلەی ڕەفتاری دژ بەکۆمەڵە، جگە لەوەی کە پرەنسیپی چێژوەرگرتن لەلای ئەم چەشنە کەسایەتییە بەرچاو و زاڵە بەسەر (مبدأ الألم) و هەوڵ دەدات جێبەجێی بکات و بەهەند هەڵنەگرتنی شتێک بێ ئەوەی سەیری ئاکامەکەی بکات و بیری لێ بکاتەوە.

٢- چەشنی توندوتیژی دەستدرێژیکار: ئەم چەشنە بە ترسناکترین جۆر دادەنرێت، چونکە موعاناتێکی زۆر گەورە بۆ خێزان و کۆمەڵگا دروست دەکات، بەهۆی ئەو ڕەفتارەی کە بەکردەوە لێی بەدەردەکەوێت سەبارەت بە هەڵوێستەکانی ژیان، بەم چەشنە دەگوترێت چەشنی ڕەفتاری دەستدرێژیکار و توندوتیژی، یان ئازاردانی خەڵک و شت، یان هەردووکیان بەیەکەوە، چونکە لەسیماکانیدا توندوتیژە بێ ئەوەی هەست بە پەشیمانی بکات سەبارەت بەو کارە خراپ و توندوتیژەی کە دەیکات، هەروەها هەست بە گوناه ناکات، هیچ حسێبێک بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان ناکات. توندوتیژی تاکی سایکۆباتی و دەستدرێژی بۆ کردنی سەر تاکەکانی کۆمەڵ تەنیا لە دڕندەیی لە هەڵسوکەوت و خۆ بە گەورەزانین لە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکدا بەدی ناکرێت، بەڵکو ئەمەش تێپەڕ دەکات بەوەی کە توندوتیژی و دەستدرێژی ئەنجام دەدات و لەوانەیە منداڵ و ژن و تاکەکانی خێزانی بگرێتەوە. زۆربەی باری توندوتیژی وا ڕوودەدات بەبێ ئەوەی پلانی پێش وەختەی بۆ دانرابێت، بەڵام هەندێ جار ئەم توندوتیژییە کاتێک ڕوودەدات کە ئارەزوویەکی زۆری هەبێت و بیەوێت جێبەجێی بکات، هەروەها بەهۆی بارێکی هەڵچوونی بەهێزەوەیە کە لەوانەیە بەهۆی شتێکەوە بێت، کە پێویست بەم هەموو هەڵچوونە نەکات، بەڵام کاردانەوەکەی زۆر توند دەبێت، بۆیە ئەم ڕەفتارەی کە لە کەسایەتی سایکۆپات دەردەکەوێت بە ڕەفتاری دژ بە کۆمەڵ لە قەڵەم دەدرێت کە توندوتیژییەکی ماددی ناپەسندە.

٣- چەشنی بێ ڕەوشتی: یەک لە سیمای کەسایەتی سایکۆپاتی (دژ بەکۆمەڵ) ڕەفتاری ناڕەوشتییە لەمامەڵەکردنیدا لەگەڵ خەڵک وەک درۆکردن، ناپاکی، فێڵ کردن (مشەخۆری) دەستدرێژی کردنە سەرخەڵک. کە لە بنەڕەتدا ئەم ڕەفتارانە سەرچاوەکانیان ڕێزنەگرتنی خودی خۆی و دەروونی خۆیەتی، چونکە ڕێز و پایە لە خۆیدا نابینێ و هەست بە کەمایەتی دەکات و هەموو ئەم سیما بێ ڕەوشتییە دەخاتە سەر خەڵکانی تر، ئەم هەستکردنەی بەکەمایەتی ڕەنگدانەوەی ئەو شکست هێنانەیە کە تێیدا دەژێت و هەستی پێدەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت پێوەندییەکی هاوسەنگ لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەگەڵ خەڵکان دروست بکات، بۆیە زۆر لای ئاسانە لەڕووی ڕەوشتەوە لە ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئاست نزمدا بژێت، چونکە پێوەندی بەدەوروبەرەوە نییە و بە دوورەپەرێزی دەژێت.

٤- چەشنی داهێنەر- ئەفرێنەر: سایکۆپات وا وەسف دەکرێت کە کەسێکی داهێنەرە و لەڕووی زیرەکییەوە پلەیەکی بەرزی هەیە، هەروەها کاریگەری لەسەر خەڵکانی دەوروبەری هەیە، دەتوانێ بەرهەمی بیرو داهێنانی گەورە پێشکەش بەبوارەکانی زانست و ڕۆشنبیری و هونەر بکات و هەندێک لێکۆڵینەوە لە بواری دەروونزانیدا سەلماندوویانە کە پێوەندی لەنێوان هەندێک لە کەسایەتی داهێنەر و لادان هەیە، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێت هەموو داهێنەرێک لادەرە، یان شڵەژاوو نەخۆشە، چونکە کاری داهێنان لە تاکێکدا دەردەکەوێت کە لە پرۆسەی دروست کردن و جێبەجێ کردنی شێوازی ژیانیدا بەگشتی لایەنی هەڵچوونی دەگرێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**١- مدخل علم النفس، ١٩٨٣، دافيدوف، ترجمة سيد الطواب و آخرون، مجدوهيل، القاهرة، مصر، ص٦١٦-٦٨٩.**

**٢- الثقافة والمرض النفسي ١٩٩٦، علاءالدين كفافي، مجلة الثقافة النفسية، العدد «٢٦».**

**٣- النفس، ١٩٨٨، علي كمال، دار واسط، بغداد، العراق ٣٦٤-٣٧١.**

**٤- القرآن و علم النفس، ١٩٩٧، عبدالعلي الجسماني، دار العربية للعلوم؛ بيروت، لبنان ص٢٥٠-١٦٢.**

**٥- وجهات نظر إسلامية في الصحة العقلية ومعالجتها، ١٩٩٥، محمد فاروق السنديوني، مجلة الثقافة النفسية العدد «٢».**

**٦- الشخصية المضادة للمجتمع، مجلة النبأ العدد «٥٩».**

# توخمی نوێ
# لە کولتووری کوردیدا

د. ڕەشاد میران
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

کولتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژوویی- ئێتنیکییە، بۆیە دیاردەیەکی تا بڵێی گەورە و ئاڵۆز و کاریگەرە؛ کولتوور پێش هەموو شتێک کۆمەڵایەتییە، چونکە کۆمەڵگا و کولتوور هەمیشە پێکەوە دروست دەبن، هیچ یەکێکیان بێ ئەوی تر نابن- هەر کۆمەڵبوونێکی خەڵک کولتووری تایبەت بەخۆی نەبێ، بنیادی کۆمەڵایەتی نابێ، کەواتە نابێ بەکۆمەڵگا. لێرەشەوەیە کە کولتوور دیاردەیەکی مێژووییشە، واتە مێژوویەکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە؛ هەروەها لەم ڕووەشەوە مێژووییە کە هەر قۆناغێکی مێژوویی شێوازی (Typ) کولتووری خۆی هەیە- بەگوتەیەکی تر، کولتوور هەمیشە شەقڵ و سیمای قۆناغە مێژووییەکانی پێوە دیارە.

ئەگەرچی کولتوور یەکێکە لەو چەمکانەی زۆرترین پێناسەی هەیە، بەڵام ئەم پێناسەیەی ڕەنگە، گونجاوترینیان بێت: کە کولتوور بریتییە لە هەموو ئەو دەسکەوت و داهێنانە ماددی و مەعنەوییانەی لە ماوەی هەموو مێژووی کۆمەڵگادا وەدەست هاتوون و بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە بەکاردێن. لەم پێناسەیەدا دەردەکەێت کە کولتوور ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات، واتە شێوازی ژیانی ئەو خەڵکە دیاری دەکات؛ ئێمە و هەر کۆمەڵگایەکی تریش بەکولتوورەوە دەژین: توخمە ماددییەکانی کولتوور، وەک- خۆراک، جلوبەرگ، خانوو، کەلوپەلی ناوماڵ، ئامێرەکانی کارپێکردن، ئامێرەکانی مۆسیقا، چەک، خشڵ و کەلوپەلی ڕازاندنەوە، شێواز و ئامێرەکانی گواستنەوە.. ئینجا توخمە گیانی و مەعنەوییەکانی کولتوور- زمان، دابونەریت، ئایین، هونەر، فۆلکلۆر (ئەدەبی زارەکی: گۆرانی، چیرۆک و ئەفسانە و داستان،

پەند، مەتەڵ، قسەی نەستەق..) ئێمە ڕۆژانە هەردوو جۆری ئەو توخمە کولتوورییانە بەکاردەهێنین، یان بەپێویست دەبێ بەکاریان بهێنین؛ بەم بۆنەیەشەوە کولتوور چاودێری ژیانی ڕۆژانەمان دەکات و بەمەش ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەرە گرنگ جێبەجێ دەکات کە ئەویش ئەرکی «کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی»یە.

جگە لەمەش، کولتوور شەقڵ و سیما و تایبەتمەندی بەکۆمەڵگا دەبەخشێت، بەمەشەوە کۆمەڵگاکان لێک جیا دەکاتەوە، سنوور و چوارچێوەیان بۆ دادەڕێژێ ئەمەش دەورە نەتەوەیی (ئێتنیکی)یەکەیەتی و لەم ڕاستییەدا بەرجەستە دەبێ کە «نە نەتەوە بێ کۆمەڵگا دەبێ و نە کۆمەڵگاش بێ لایەنی نەتەوەیی». یەکەمین و بەرچاوترین مەرج و مۆرکی نەتەوەیی کۆمەڵگاش، ناوە، ناوی نەتەوەیی (ناوی ئێتنیکی - ئێتنۆنیم) کە دەگوترێ کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگای عەرەبی، فارسی، یان تورکی- ئەمانە ناوی نەتەوەیین کە کۆمەڵگاکان پێیان دەناسرێنەوە و لێک جیادەبنەوە؛ جگە لەمە، کولتووریش مەرج و مۆرکی نەتەوەیی دووەمە و هەر ئەویشە وەکو گوتمان، شەقڵ و سیما و تایبەتمەندییەکان بەکۆمەڵگا دەدات- واتە ناسنامەی نەتەوەیی پێ دەبەخشێ، بۆیەش کولتوور، کەواتە هەمیشە نەتەوەییە.

شایانی سەرنجدانە کە لە زۆر حاڵەتدا و لە گەلێ ڕووەوە کۆمەڵگاکان پێک دەچن: ئایین، خوو و ڕەوشت، بنیاد و سیستمی کۆمەڵایەتی و تەنانەت نزیکی زمانیشیان (وەکو نزیکی لە ڕادەبەدەری نێوان زمانانی ڕووسی و ئۆکراینی) - بەڵام ئەوەی ئەم کۆمەڵگایانە لێک جیا دەکاتەوە لایەنی نەتەوەییە کە لەچەندین مەرج و مۆرکی ئێتنیکیدا بەرجەستە دەبێ و یەکێکیشیان، یان یەکێک لە هەرە گرنگەکان- کولتوورە.

بەم بۆنەیەشەوە، لەنێوەندە سیاسی و هەروەها ڕۆشنبیرییەکانیشدا زۆرجاران گوێبیستی دەستەواژەی (کۆمەڵگای کوردستانی)، یان «کۆمەڵگای عیراقی» دەبین کە بەڕای ئێمە ئەمانە ناپسپۆرانە بەکاردێن و نائەکادیمین، بۆیەش ڕاستی دەرنابڕن؛ نادروستی ئەم دەستەواژانە، پێش هەموو شتێک، لەوەدایە کە فرە نەتەوەیی و فرە کولتووری کوردستان و عیراق ڕەت دەکەنەوە و دانی پێدا نانێن- لەکاتێدا کوردستان و عیراقیش دوو وڵاتی وەکو زۆربەی وڵاتانی جیهان فرەنەتەوەیین؛ لەلایەکی تریشەوە، مەرجی سەرەکی هەر کۆمەڵگایەک، بریتییە لە هەبوونی کولتوورێکی هاڕمۆنی (متناسق) هاوبەش بۆ هەموو ئەندامانی- لێرەشدا بەرەو ڕووی ئەم دۆزە دەبینەوە: ئەگەر باوەڕمان بە فرە کولتووری کوردستان هەبێ، دەبێ بە هەمان شێوە دان بە فرە کۆمەڵگاییشی دابنێین. ئەو فرەیی و جیاوازییەی کۆمەڵگایەکانیش ڕەنگە زۆر بەرچاو نەبن و هەموو کەسێک هەستیان پێ نەکات، کەچی لە واقیعدا هەن و هەر نەبێ پسپۆڕانی بوارە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان دەبێ لێیانەوە بەئاگابن.

کولتوور، دیاردەیەکی وەستاو و چەقبەستوو نییە، بەڵکو لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا دەگۆڕێ- ئەگەرچی گۆڕانەکان هەموو کاتێک بە پەلە و هەستپێکراو نابن. گۆڕانی توخمە کولتوورییەکان پرۆسەیەکی مێژوویی و هەمیشەییە و بەردەوامی بەژیانی کۆمەڵگا دەدات و لە ئەنجامدا ئەو دیاردە گرنگەی لێ دەکەوێتەوە کە پێی دەگوترێ «گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی»، واتە گۆڕانی سەرلەبەری سیستمی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگادا.

گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی مێژوویی و حەتمییە شێوەی پرۆسەیی هەیە، ئەگەرچی وەکو گوتمان، دەرئەنجامەکانی هەموو کاتێک بەرچاو نابن- ئەمە ئەگەر گۆڕانەکان سروشتی و ئاساییانە بن، بەڵام کاتێک گۆڕانکارییەکان وەکو پێداویستییەکانی پەرەسەندنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبن، ئەوە بێ گومان بەڕادەیەکی زۆر ڕادیکاڵانە و ئاراستەکراو دەبن، لێرەشدا دەرئەنجامەکان زوو دەردەکەون، چونکە گۆڕانکارییەکان پلان بۆ داڕێژراون. سەرلەبەری سیستمی کۆمەڵایەتی کۆن هەڵدەوەشێتەوە و لەجێگەیدا سیستمێکی نوێ دادەمەزرێ.

کۆمەڵگای کوردی، وەکو هەر کۆمەڵگایەکی تر، خاوەن کولتووری تایبەت بەخۆیەتی و توخمەکانی ئەو کولتوورەش تا گەیشتوون بەئاست و شێوازی ئێستاکەیان، لە ڕەوتی مێژوویەکی درێژدا، بە چەندین قۆناغی گۆڕانکاریدا تێپەڕیون، ئەگەرچی ئێستاش دەکرێ توخمی کۆن و دێرین لەناو کولتووری کوردیدا بەڕوونی بەدی بکەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڕیار بدەین کە کولتووری کوردی ئێمڕۆکە زۆر جیاوازە لە کولتووری، با بڵێین سەد ساڵ لەمەوبەر. بێ گومان ئەوەش دەرئەنجامێکی سروشتی پرۆسەی گۆڕانکارییە کە چەندین توخمی کولتووری نوێی خستۆتە نێو کولتووری کوردییەوە.

نە هەر ئەوە، بەڵکو لەڕۆژگاری ئێستادا و لە هەلومەرجی بەرپابوونی شۆڕشی تەکنۆلۆژی و بچووکبوونەوەی جیهان دەتوانین زوو زوو سەرنج بدەین کە چۆن توخمی کولتووری نوێ، بەشێوەی تەکنۆلۆژیا، دێتە ناو ژیانی ڕۆژانەمانەوە، وەکو ئۆتۆمۆبیل، تەلەڤزیۆن (سەتەلایت)، مۆبایل، کۆمپیووتەر (ئینتەرنێت).. ئەمانە بوون بەتوخمی کولتووری، چونکە ڕۆژانە بەکاریان دێنین؛ ئەگەر سەرنج بدەین، دەتوانین ببینین کە چۆن ئەمانە ژیانی ئێمەیان (گۆڕیوە). زێدەبوون و بڵاوبوونەوەی ئامێرێکی گواستنەوە و هاتوچۆی وەکو ئۆتۆمبیل بەجۆرێک کە بەردەستی زۆربەی خەڵکی شارستانییە، وای کردووە لە دروستکردنی خانوودا هەمیشە حسێب بۆ گەراج بکرێت، ئەوەش واتە ئەندازە و ڕوخساری خانوومان گۆڕاوە، ئینجا هەموو تاکێک سەرقاڵی فێربوونی شوفێری وکڕین و فرۆشتنی ئەو ئامێرە و کەلوپەلەکانیەتی؛ زۆربوون و فراوانبوونی شەقام و شۆستەکان (جێگەی سەرنجە کە لەوڵاتی ئێمەدا ئەوەندەی حسێب بۆ ئۆتۆمبیل کراوە، نیوە ئەوەندە بایەخ بەتاکی پیادە نەدراوە- لە شەقامە بەرینەکاندا جێگەی پەڕینەوەی پیادە نییە، شوفێریش هەمیشە بەتووڕەیی لەپیادە مۆڕ دەبێتەوە، یان هۆڕنی توندی بۆ لێدەدا) کە بەپێش ئۆتۆمۆبێلەکەیدا تێدەپەڕێ؛ هەروەها ئامێرێکی وا بووە بەهۆی کەمبوونەوەی جووڵە و ڕۆیشتن بەپێ بەجۆرێک کاریگەری خراپی بەسەر لایەنی تەندروستی تاکەوە هەیە.

هەروەهاش، ئامێرێکی وەکو مۆبایل کە پێوەندییەکانی یەکجار ئاسان کردووە، بەڕادەیەک هەندێ جار مرۆڤ ناچار دەبێ هەندێ دەستوبرد بکات تا لەو پێوەندییانە ڕزگاری بێ! جگە لەوەی مۆبایل چەندین یاری و خزمەتگوزاری تری تێدایە کە گەنج و منداڵان کاتی زۆریان بۆ تەرخان دەکەن. تەلەڤزیۆن و سەتەلایت ئێستاکە بوون بەسەرچاوەیەکی کاریگەری مەعریفە بەڕادەیەک مرۆڤ ڕۆژانە و هەموو ساتێک سوودی لێ وەردەگرێ، جا بەمەبەستی مەعریفە، یان بۆ خۆشی و ڕابواردن بێت- ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت، ئەگەر بڵێین تەلەڤزیۆن ئامێرێکی (داکاسێنەرە)، مرۆڤ بەماڵەوە دەبەستێتەوە، جووڵە و بزاوتی کەم دەکاتەوە، کەچی ئینتەرنێت لە ڕاستیدا دنیای بچووک کردۆتەوە، ئەرک و کارەکانی یەکجار ئاسان کردووە، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کارەکانی پۆست و بانک و کڕین و فرۆشتن و سەفەر و...تاد، تەنانەت کڕینی بلیت بۆ سینەما هەر لەماڵەوە و بە ئینتەرنێت دەیکەن؛ لە هەمووشی گرنگتر، بەهۆی ئینتەرنێتەوە، مرۆڤ بۆ هیچ شتێک دانامێنێ- هەر زانیارییەک و لەهەر بوارێک بێت لەماوەی چەند چرکەیەکدا وەدەستی دێنێ؛ ئەگەرچی لەکۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا وەکو پێویست سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت وەرنەگیراوە، بەڵام بەو ڕادەیەی کە بەردەستە، بێ گومان دەوری لەبەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا بینیوە - ئەوەش هۆکارێکی گرنگە بۆ گۆڕانی بەها و پێوەندییەکان و دەرئەنجامیش گۆڕانی سیستمی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای کوردیدا.

لە ئەنجامی هاتنی ئەو توخمە کولتوورییە نوێیانە بۆ ناو ژیانی ئێمە، کە وەکو بینیمان کاریگەری زۆریان هەیە، هەروەها گەلێ هۆکاری تریش (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی) دەتوانین هەندێ گۆڕانکاری، یان سەرەتای چەند گۆڕانکارییەک تۆمار بکەین کە ئیتر لە بەها و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەدا ڕوویان داوە:

- وردە وردە زێدەبوونی خێزانی بچووک.
- وردە وردە هەڵوەشانەوەی خێڵ و نەمانی پێوەندی خێڵایەتی.
- کەمبوونەوەی دەوری پێوەندی خزمایەتی و خوێن لەبەرانبەر پەرژەوەندی ماددیدا.
- بڵاوبوونەوەی بەها دیموکراتییەکان (پلۆرالیزم و ڕێزگرتن لە ڕای بەرانبەر..).
-دەرکەوتنی نیشانەکانی دروستبوونی بازاڕی کوردی (ئەمەش دەوری سەرەکی لە دروستبوونی کیانی نەتەوەیی- سیاسیدا دەبێ)..
- گەلێکی تریش..

هەموو ئەمانە سەرەتان، بەرەو پێشچوونی دەور و کاریگەری دواتریان، بێ گومان، بەندە بە زێدەبوون و بەرزتربوونەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای کوردیدا بەگشتی کە لە قۆناغی وەرچەرخاندایە و بە تێگەیشتنی ڕاست لەهەلومەرج و پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە. دەکرێ کۆمەڵێ دەستوبردی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەنجام بدرێن بەمەبەستی ئاراستەکردنێکی هۆشیارانەی پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای کوردیدا- ئەمەش گەلێ گرنگ و پێویستە، چونکە لەڕاستیدا ئەم قۆناغ و ئەم پرۆسەیە، بۆ کورد چارەنووسسازن.

# مۆرفۆلۆژیا
# لە زمانی ڕۆژنامەڤانیدا

کاوە عەبدولکەریم شێروانی
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

**پێشەکی**

برِبڕەی پشتی تێکستە ڕۆژنامەڤانییەکان وشەیە. جیاواز لە تێکستەکانی تر، لە ڕۆژنامەڤانیدا زیاتر ئەو وشانە بەکاردێن کە خەڵک تێیان دەگات. ڕۆژنامەڤانی، بە هەموو فۆرمەکانییەوە، جۆرێکە لە پێوەندی کردن، بۆیە لە نووسین و ئامادەکردنی تێکستە ڕۆژنامەڤانییەکاندا وشەکان بە چەشنێک هەڵدەبژێرێن کە زۆربەی جەماوەر تێیان بگەن.

ئەم باسە چەند تەوەرێک لەخۆ دەگرێت کە پێوەندییان بە زمانەوانی و ڕۆژنامەڤانییەوە هەیە. سەرەتا لە ڕووی زمانەوانییەوە گفتوگۆی وشەسازی (مۆرفۆلۆژیا) دەکەین، پاشان بەکارهێنانی وشە لە ڕۆژنامەگەری و وشە تابووەکان و وشە بیانییەکان و ڕۆژنامەڤانی و تازەکردنەوەی زمان و بەکارهێنانی ئابوورییانەی وشە یەک لەدوای یەک گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوە ئینگلیزی و کوردییەکان دەخرێنە ڕوو. ئەم باسە جەخت لەسەر تێکستە ڕۆژنامەڤانییە نووسراوەکان دەکات، هەرچەندە هەندێک جار ئاماژە بە دەقە بینراو و بیستراوەکانیش دەکات.

**وشەسازی (مۆرفۆلۆژیا)**

لە زمانەوانیدا، مۆرفۆلۆژیا لێکۆڵینەوە لە وشە و ستراکچەری وشە دەکات. یەکەی پێکهێنەری وشە مۆرفیمە؛ مۆرفیم بچووکترین یەکەی زمانە کە مانا، یان ئەرکی هەبێت. زۆرێک لە زمانناسان لە وشەیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام تائێستا پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ وشە نییە. لە نووسیندا سنوورەکانی وشە بە بۆشاییە

سپییەکانی نێوان وشەیەک و وشەیەکی تر دیاری دەکرێت، لە قسەکردنیشدا وەستانێکی زۆر کورت لەنێوان وشەیەک و وشەیەکی تردا هەیە، بەڵام بۆ ناسینی وشە ئەوەندە بەس نییە(١).

زمانناسی ئینگلیزی بەناوبانگ، ماک هالیدای(٢)، پێی وایە زۆربەی خەڵک دەزانن زمان لە وشە پێک هاتووە، وشە بەوە دەناسنەوە کە لە هەردوو لای بۆشایی هەیە، ڕێنووسی وشە دەزانن، دەتوانن یاری بە وشە بکەن، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا وشەی یەکتربڕ چارەسەر دەکەن، دەتوانن مانای وشەکان لە فەرهەنگدا بدۆزنەوە، بەڵام کاتێک بە وردی لە وشە بکۆڵینەوە، دەبینین ناسینەوەی وشە و دیاریکردنی سنوورەکانی کارێکی هێندە ئاسان نییە. بۆ نموونە ئایا لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی English- speaking یەک وشەیە، یان دوو؟ ئایا کورتکراوەیەکی وەک CD چەند وشەی تێدایە؟ لە زمانی کوردیدا، ئایا شێوە جیاوازەکانی یەک وشە (ڕۆیشتن، ڕۆیشت، دەڕوات، دەڕۆن،....تاد) یەک وشەن، یان چەندین وشە؟ ئایا (گەورە، گەورەتر، گەورەترین) شێوەی جیاوازی یەک وشەن، یان سێ وشەی جیاوازن؟ ئەم گرفتانە لە هەموو زمانەکاندا هەن، هەندێک جاریش یەکەیەک لەزمانێکدا بە وشە دادەنرێت، بەڵام لەزمانێکی تردا جیایە.

## وشە و ڕۆژنامەڤانی

ئەگەر پێناسەکردن و ناسینەوە و دیاریکردنی سنوورەکانی وشە بۆ زمانناسان کارێکی ئاسان نەبێت، بۆ ڕۆژنامەنووسان لەوانەیە هەر ئاستەم بێت. ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بەوە نییە بەشێوەیەکی تیۆریانە لە وشە بکۆڵنەوە. ئەوەی گرنگە بیزانن ئەوەیە تا دەکرێت بەدوای وشەی کورت و سادە و نوێدا بگەڕێن، چونکە ئەوان قسە لەگەڵ توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا دەکەن.

کورتبڕی و سادەیی گرنگترین سیمای زمانی ڕۆژنامەڤانییە، بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژنامەڤانی کوردیدا لەم ڕووەوە کەمتەرخەمی هەیە، بەتایبەتی لە نووسینی تێکستە کورتەکانی وەک سەردێر و ڕێکلامەکان. دەقە کورتەکان ئەو دەقانەن کە بۆشاییەکی دیاریکراویان بۆ تەرخان کراوە، زۆرجاران لەم بۆشاییە جێگەی ڕستەیەکیش نابێتەوە. ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و لێهاتوو ئەوەیە کە بتوانێت وشەی وا بدۆزێتەوە کە هەم سادە و ئاسان بێت، هەم پەیامەکەش بەڕوونی بگەیەنێت، جۆرە زمانێکی ئیدۆماتیکی چڕوپڕ بەکاربێنێت کە لە ئینگلیزیدا پێی دەگوترێت (Block Language). زۆرجاران ڕۆژنامەنووسانی کورد لە نووسینی سەردێرەکاندا، کە جۆرێکی دەقە کورتەکانە، لەبەر ئەوەی وشەی گونجاویان دەست ناکەوێت، پەنا دەبەنە بەر وشەی قورس و ئاڵۆز و ڕەزاگران، یانیش بە ڕستەیەکی دوورو درێژ دەینووسن، کە هەردوو حاڵەتەکە دروست نین و سەرنجی خوێنەران ڕاناکێشن. هەر بۆ نموونە هەردوو حاڵەتەکە لە دوو سەردێری ژمارە ٤٦٣ی ڕۆژنامەی هاوولاتیدا دەبینرێن(٣):

١- سەرە میکوتە ناتوانێت شڵپ و هۆڕ دروست بکات.

٢- کوتلەیەکی تر دروستبوونی خۆی لەناو یەکێتیدا ڕاگەیاند داوا دەکەن سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی دەست لەکار بکێشێتەوە.

لە مانشێتی یەکەمدا، چونکە وشەی زۆر قورس و نامۆ بەکارهێنراوە، خوێنەر تا هەموو وتارەکە نەخوێنێتەوە نازانێت نووسەر مەبەستی چییە؟ ئەوە ئەگەر تاقەتی هەبێت وتارەکە بخوێنێتەوە، چونکە مانشێتەکە هیچ سەرنجی ڕاناکێشێت، لەکاتێکدا یەکێک لەسەرەتاییترین پرەنسیپی نووسینی مانشێت ئەوەیە کە سەرنج ڕاکێش و سادە بێت، بۆ ئەوەی خوێنەر هەر لەمانشێتەکەوە بزانێت بابەتەکە لەبارەی چییە، تا کاتیش بۆ خوێنەر بگەڕێتەوە و ئەگەر جێگەی سەرنجی بوو بیخوێنێتەوە ئەگەر نا هەر زوو وازی لێ بێنێت.

سەردێری دووەمیش ئەوەندە دوور و درێژە، بنەمای کورتی و چڕوپڕی لە دەست داوە. ئەمە جگە لەوەی هەڵەیەکی ڕێزمانیشی تێدایە، لەوەیدا کە بەشی یەکەمی سەردێرەکە تاکە (دروستبوونی خۆی... ڕاگەیاند) و بەشی دووەمی کۆیە (داوا دەکەن...).

گرفتێکی تری زمانی ڕۆژنامەڤانی کوردی ئەوەیە کە لە زمانی کوردیدا کورتکراوەکان (Abbrivations) زۆر کەمن. ئەگەر لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا بەراوردی بکەین، دەبینین لەم زمانەدا بە هەزاران کورتکراوە هەن، کە ڕۆژنامەنووسان لە نووسینی سەردێرەکاندا سوودیان لێ دەبینن، چونکە بۆشاییەکی زۆر کەم دەگرن. هەر بۆ نموونە ئەگەر ئەم سەردێرە ئینگلیزییانەی خوارەوە(٤) بۆ کوردی

وەربگێــڕین دەبینین کــوردییــەکــە زۆر درێژ دەردەچێت، هۆکــاری ئەمــەش بۆ نەبوونی کــورتکراوەکــان لەزمــانی کوردیدا دەگەڕێتەوە:

٣- Us, North korea Resume Talks

ولاتە یەکگرتووەکــانی ئەمــەریکاو کــۆریای باشــوور دەست بە گفتوگۆکان دەکەنەوە.

٤- Khatami to Leave for UN

ســەرۆک خــاتەمی بەرەو نەتەوە یەکگرتووەکــان بەڕێ دەکەوێ.

٥- British MP vists US

ســـەرۆک وەزیرانی بەریتـــانیـــا ســـەردانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکات.

لێرەدا، بەهەڵی دەزانین کە پێشنیــاری ئەوە بکەین لە ڕۆژنامــەڤــانی کــوردیدا، بەتایبــەتی لە نووســـینی سەردێرەکاندا، کورتکراوە ئینگلیزییەکــان وەکو خۆیان بەکاربهێنرێن، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ ئینگلیزی زمانێکی ئینتەرناشناڵە و لە هەمــوو جیهانــدا، بەتایبەتی لەبواری پێــوەندی کــردنــدا، بەکــاردەهێنرێت و بەشـــێکی زۆری خوێندەوارانی کورد تێی دەگەن. ئەو سێ کورتکراوەی کە لە سێ مانشێتەکەی سەرەوەش بەکارهاتوون زۆر بڵاون و زۆربەی هەرە زۆری خوێندەوارانی کورد ماناکەی دەزانن:

ولاتە یەکگرتووەکان= U.S.= United Slates

نەتەوە یەکگرتووەکان= UN= United Nations

سەرۆک وەزیران= PM= Prime Minister

**وشە تابووەکان**

بەکــارهێنانی وشــەی ســووک و ناشــیــرین و بازاڕی و بەدگۆیانە، بەپێوەری کۆمەڵایەتی، هەروەها ئەو وشانەش کە پیرۆزییەکان تێک دەشکێنن و وشە سێکسییەکانیش لە ڕۆژنامــەڤــانیــدا بەشێکی زۆری جەمــاوەر، خوێنەر و گــوێگر و بینەر، پەست و زویر دەکــەن. هەر لەبەر ئەمــە نامیلکە و ڕێبــەرەکــانی تایبــەت بەبواری ڕۆژنامــەنووسی ڕێنمــایی ڕۆژنامــەنووسان دەکــەن کە لە بەکارهێنانی ئەم جــۆرە وشــانە دوور بکەونەوە، لە هەندێک ولاتیـــشـــدا بەیاســا قــەدەغــە کــراون و سنووریان بۆ دانراوە. لەگــەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری کەناڵەکانی ئۆرووپا و ئەمەریکا گوێ بەو ڕێنمــاییــانە نادەن و بەشێــوەیەکی ئاسایی وشە تابووەکــان بەکــاردێنن، چونکە دەزانن ئەگــەر وا نەکــەن بازاڕیان دەمرێت و جەماوەریان کەم دەبێتەوە. بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنووسانیش پێیــان وایە کە قەدەغەکردنی ئەم جــۆرە وشــانە سنوورەکــانی ئازادی ڕادەربڕین بەرتەسک دەکــاتەوە. ئەم بۆچوونە پەڕیوەتەوە نێــو ڕۆژنامــەڤــانی کوردیش و لەهەندێک کەناڵدا بەزەقی دەبینرێن.

بەکــارهێنان، یان قــەدەغــەکــردنی وشــە تابووەکــان لەمــێــژووی ڕۆژنامــەگــەری جــیــهــانیــدا بێنەو بەردە و مــشــتــومــڕێکی زۆری لەســەر بووە. لەســاڵی ١٩٦٨دا کاتێک قوتابیان لەکامپی هارڤەرد خۆپیشاندانیان کرد، کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە بۆستن WGBH چەند ڕۆژێک پاش خۆپیــشــاندانەکە، لە بەرنامەیەکی ڕاستــەوخۆدا کە کــۆمــەڵێک مــیــوانی بانگی ســتــۆدیۆ کــردبوو بۆ ئەوەی بیــروڕای خــۆیان لەبارەی هارڤــەرد و خــۆپیــشــاندانەکــەوە بڵێن، یەکێک لەو میوانانە هەر لەسەرەتای بەرنامەکەوە مــایکرۆفــۆنەکــەی وەرگــرت و بەدەنگێکی بەرز گــوتی: «ئەوەی من دەمــەوێت بیــڵێم ئەوەیە کە هارڤــەرد بگێم و پووزی (ســەرۆکی هەرڤــەرد) بگێم و هەمــووتان بگێم». دێڤــیــد هایڤس سەرۆکی کــەناڵەکە دەڵێت من لەســەرەوە بووم و تەلەفــۆنێکی زۆرمــان بۆ کــرا. ژنێک گــوتی: «دەمــەوێت ئەوە بزانی کــە هەرگــیــز ئەم جــۆرە زمــانە نەهاتووەتە مــاڵی من و ڕێگەی پێ نەدراوە». پیــاوێکی تر دەیگوت: «خوا نەفرەتمان لێ دەکات» (٥).

تا ســاڵانی پەنجــاکــان بەکــارهێنانی وشــەی وەک دەســـــتـــــدرێژی ســـــێکسی (rape) لە ڕۆژنامـــــە ئینگلیــزییــەکــانیــشــدا نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ لە ڕۆژنامــە و گۆڤار و کتێب و شانۆ و سینەماو کەناڵەکانی سەتەلایت ئەوەی بەخەیاڵی مرۆڤدا نایەت، لە وشە تابووەکانەوە تا دەگــاتە وێنە و فــیــلمی ســێکسی، زۆر بە ئاســایی بڵاودەکرێنەوە، ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانیش چیرۆکی دەســتــدرێژی ســێکسی، کــە پڕە لە وشــەی تابوو، بڵاودەکەنەوە.

لە هەمــوو جیــهــاندا چەمکەکــانی ڕەوشت و ئابڕوو لە گــوڕاندان، ئەوەی دوێنێ بە نەنگ و ئابڕووچوون دادەنرا، ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت و سیــحرەکــانیــان بەتاڵ دەکرێتەوە. واشنتۆن پۆست بە پەیامنێرەکانی دەڵێ چەمکی ڕەوشت و ئابڕووی کــۆمــەڵگە بە بەردەوامی لەگۆڕاندایە، ئەو وشەیەی کە ئەم نەوەیە پەسەندی ناکات لەوانەیە بۆ نەوەی داهاتوو زۆر ئاسایی بێت(٦).

لە ئابڕووچوونەکــەی وۆتەر گــەیت کــە کــاســێتــێکی گفتوگۆکانی نێو کۆشکی سپی دزەی کردو لە میدیاکاندا

پەخش و بڵاو کرایەوە، کە تێیدا سەرۆک نیکسۆن وشەی وەک گوو (Shit) و گان (fuck) بەکاردێنێت. ناوەرۆکی ئەم کاسێتە لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وەک واشنتۆن پۆست و سێنیت پاوڵ پایۆنیر و ئەتلانتا جۆرناڵ و...تاد، بڵاوکرایەوە. ئاژانسی AP ئامارێکی کردو دەرکەوت کە سێ لەسەر چواری ڕۆژنامەکان هەموو وشە تابووەکانیان بڵاوکردووەتەوە. بەشێکی کەمی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ناوەرۆکی کاسێتەکەیان وەکو خۆی بڵاونەکردبووەوە، هەندێک شوێنیان لێ قرتاندبوو، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی وشەی ناشیرین و ناشیاویان تێدا بوو. یەکێک لەو ڕۆژنامانەی کە ئابڕووچوونەکەیان بڵاونەکردبووەوە، دەڵێت: «ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پێویست ناکات بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە وشانە خوێنەری خۆمان زویر و پەست بکەین». «نۆرم گۆڵدسێین» نووسەری ڕێبەری ئاسیۆشێتدپرێس دەڵێت: «ئەگەر زانیت وشەیەک دەبێتە هۆی بێزاربوونی خوێنەران، بڵاوی مەکەوە» (٧)

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە سێکسییەکانی وەک ئایدز و زەرووڕەتی بڵاوکردنەوەی ڕێنماییە پزیشکییەکان، ڕۆژنامەڤانی ئەمەریکا و ئەورووپا دەستیان بە بڵاوکردنەوەی وشە تابووەکان کرد، بۆ نموونە ناچاربوون وەسفی چۆنیەتی بەکارهێنانی کاندۆم بکەن، کە تێیدا باسی ئەندامی زاووزێی نێرومێ دەکرێت، پاشان دەبوایە باسی سێکسی زارەکی و سێکسی پێشەوە و دواوە بکەن. ئەمڕۆ لە سەتەلایت و تەلەفزیۆنەکانی ئەمەریکا و ئەورووپادا زۆر بە ئاسایی سێکسی نێر-نێر و مێ- مێ پیشان دەدرێت، ئەمەش وشە و زاراوەگەلێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە نێو میدیاکانەوە، لە ئەنجامیشدا ئەم زاراوانە هاتوونەتە نێو زمان و کۆمەڵگەکان.

## وشە بیانییەکان لە میدیای کوردیدا

وشەو زاراوەگەلێکی زۆر لە زمانە ئەورووپییەکان و زمانانی دراوسێی کوردستان وەک عەرەبی و فارسی و تورکی لەڕێی ڕۆژنامەڤانییەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردی. هەندێک لە ناسیونالیستە کوردەکان ئەم دیاردەیە بە دیاردەیەکی ترسناک دادەنێن، بەتایبەتی وەرگرتنی وشە لەزمانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، پێیان وایە زمانە سەردەستەکانی وەک عەرەبی و فارسی و تورکی لەڕێی ناردنی وشە و زاراوەوە زمانی کورد جینۆساید دەکەن. لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم دیاردەیە بە دیاردەیەکی دروست دادەنرێت، چونکە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانی کوردی(٨). ئەگەر سەیری زمانانی تر بکەین، دەبینین زمانێکی وەک ئینگلیزی زۆر سوودی لە پرۆسەی وشە وەرگرتن (borrowing) لە زمانانی تر بینیوە، بە هەزاران وشەی لە زمانە کۆنەکانی وەک لاتینی و گریکی وەرگرتووە، وشە و زاراوەگەلێکی زۆریشی لە فەرەنسی و ئەڵمانی و وڵاتانی تری ئەورووپا وەرگرتووە. ئەمە بووە بەهۆی دەوڵەمەندبوونی زمانی ئینگلیزی، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئینگلیزی کردووە بەزمانێکی ئینتەرناشناڵ.

پێشتر ئەو وشانەی لەزمانە ئەورووپاییەکانەوە دەهاتنە نێو زمانی کوردی، لەڕێی زمانی عەرەبی و فارسیەوە بوو، بەڵام ئەمڕۆ لەڕێی وەرگێرانی ڕۆژنامەوانی و جۆرەکانی تری وەرگێرانەوەیە. هەرچەندە ئەمڕۆ وشەگەلێکی زۆر لەمیدیا کوردییەکاندا بەکاردەهێنرێن، بەڵام هێشتا بە پرۆسەی ستانداردکردندا نەڕۆیشتوون، هەر کەناڵێک بەشێوەیەک ڕێنووسی دەکات، یان دەیخوێنێتەوە، واتە لە ڕووی فۆنۆلۆژی و گرافیکەوە هاوتا نەکراون، بەشێکی ئەم پشێوییەش لەوانەیە بۆ نەبوونی زمانێکی ستانداری کوردی بگەڕێتەوە. بۆ نموونە وشەیەکی وەک «International» هەندێک بە «ئینتەرناشناڵ» و هەندێکیش بە «ئینتەرناسیونال» ڕێنووسی دەکەن و دەیخوێننەوە، یان وشەی «psychology» بەسێ شێوە دەنووسرێت و دەخوێنرێتەوە: سایکۆلۆجی، سایکۆلۆژی، سایکۆلۆژیا. هەروەها «Democracy»یش بەسێ شێوە بەکاردێت: دیموکراسی، دیموکراتی، دیموقراتی.

لەسەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لەنیوەی دووەمدا، وشەو زاراوەگەلێکی نوێی بیانی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە، بەتایبەتی کە زمانی کوردی بوو بە زمانێکی فەرمی. لەمەشدا شۆڕش و بەرخودانەکان ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە، زۆربەی شۆڕشەکان بڵاوکراوەیان هەبووە، هەروەها نامە و نووسراوی فەرمییان بەکارهێناوە. ئەمەش کۆمەڵێک زاراوەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە نێو زمانی کوردی، کە هەموو بوارەکانی گرتووەتەوە: کارگێڕی و سیاسی و یاسایی و زانستی و

مرۆڤایەتی و مێژوویی..تاد. وشەی زمانانی هاوسێی کوردستان و زمانە ئۆرووپاییەکان لە پەروەردە و فێرکردن و میدیاکان و دەزگە کارگێڕییەکاندا زۆر بەکارهاتوون(٩).

## ڕۆژنامەڤانی و بەستانداردکردنی زمان

مایکل چێیت لەنووسینێکدا بەناوی «بەستانداردکردنی زمانی ڕۆژنامەوانی مۆدێرنی کوردی»(١٠)، لە ساڵی ١٩٩٦ گفتوگۆیەکی جددی دەربارەی ئەو وشانە دەکات کە لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا بەکاردەهێنرێن، لەبەر ئەوەی وڵاتی کوردان دابەش بووە بەسەر هەریەک لە دەوڵەتەکانی تورکیا و عێراق و سووریا و ئێران، کوردان لە هەریەک لەم وڵاتانەدا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمانەوانی کولتووری جیاوازەوە، ئەمەش وای کردووە دروستبوونی زمانێکی ستانداری کوردی کارێکی ئەستەم بێت. بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، کوردانی عێراق و سووریا، کە بەرهەمی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی عەرەبین، شێواز و زاراوەگەلێکی عەرەبییان هێناوەتە نێو زمانەکەیان، بەهەمان شێوە کوردانی ئێران و تورکیاش.

یەکێک لەو جیاوازییە دیارانە چۆنیەتی گۆکردن و نووسینی ناوە جوگرافییەکانە، بەتایبەتی ناوی ئەو شوێنانەی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لە هەر هەرێمێکی کوردستان بەشێوەیەک ئەم ناوانە بەکاردێن، ئەمەش بۆ کاریگەری زمان و سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە کە کوردانی هەرێمەکە تێیاندا دەژین. بۆ نموونە کوردان بە سێ شێوەی جیاواز ناوی وڵاتێکی وەک «Austria» دێنن: نەمسا، ئۆتریش، ئۆستریا. نەمسا عەرەبییە، بۆیە کوردانی سووریا و عێراق بەکاری دێنن، ئۆتریش لە ڕێگەی فەرەنسییەوە هاتووەتە نێو زمانی فارسی مۆدێرن، بۆیە کوردانی ئێران بەکاری دێنن، ئوستریا لەزمانی تورکی مودێرن بەکاردێت، کە تورک دەڵێن «ئوڤستریا» و کوردی تورکیاش وشەی یەکەم «ئوستریا» بەکاردێنن. نموونەیەکی تر ناوی وڵاتی «poland»ە، بە فارسی پێی دەگوترێت «لێهستان»، کوردانی ئێرانیش هەمان وشە بەکاردێنن، بە عەرەبی ناوی ئەم وڵاتە «بولندا»یە، کوردانی عێراقیش تەنیا یەکەم پیتی کە «ب»ە بۆ «پ» دەگۆڕن و ناوەکە دەکەنە «پۆڵەندا». لەزمانی تورکی مۆدێرن ناوی ئەم وڵاتە «پۆلۆنیا»یە، کوردانی تورکیاش هەمان وشە بەکاردێنن.

مایکل دەڵێت بۆ ڕادیۆیەکی وەک دەنگی ئەمەریکا- بەشی کوردی زۆر زەحمەتە چۆن بڕیار بدات زاراوەکانی کامە هەرێم بەکاربێنێت، بەتایبەتی کە ئەم ڕادیۆیە ڕادیۆیەکی ئینتەرناشناڵە. بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابین کە زۆرترین گوێگر لە زاراوەکانی ئێمە تێدەگەن و بۆ ئەوەی جەماوەری زیاتر بۆ ڕادیۆکەمان مسۆگەر بکەین، زۆرجار مانای وشەکان ڕوون دەکەینەوە. بۆ نموونە کە دەڵێین ئوستیریا نەمساشی لەگەڵ بەکاردێنین، یەکەم جار ئەو وشەیە بەکاردێنین کە پێمان گونجاوترە و بنەماکانی وشەی ستانداری تێدایە، ئینجا بە بەکارهێنانی هاوواتاکانی مانای وشەکە زیاتر ڕوون دەکەینەوە. هیواشمان وایە کە بە تێپەڕبوونی کات وشە ستاندارەکان بڵاوبنەوە و چیتر پێویستمان بەوە نەبێت کە بۆ هەر وشەیەک چەندین وشەی هاوواتا ڕیز بکەین، ئەو وشانەی لە دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستاندا بەکاردێن. تا سیستەمێکی پەروەردە و فێرکردنی یەکگرتوو و حکوومەتێکی یەکگرتوو لە کوردستاندا دروست دەبێت، مایکل دەڵێت، هەڵبژاردنە زمانەوانییەکانی ئێمە لەدەنگی ئەمەریکا- بەشی کوردی دەبێت وەک پێشنیار سەیر بکرێن.

نموونەی تر لە زاراوە ڕۆژنامەڤانییەکان وشەی وەک «Interview» و «Candidate»ە، بۆ هەڵبژاردنی وشەیەکی گونجاو لەجیاتی هەریەک لەم وشانە دەبێت سەیری زمانەکانی وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، بەتایبەتی زمانەکانی وەک عەرەبی و فارسی و تورکی و هەروەها عیبری و ئەرمەنیش- تا بزانین ئایا شێوازێک هەموو ئەو زمانانە لەسەری کۆک دەبن، ئەگەر هەبێت دەکرێت لە کوردیشدا بەکاربهێنرێت. بۆ وشەی «Interview» عەرەب وشەی «مقابلة» بەکاردێنن، فارسیش وشەی «مصاحبە» بەکاردێنن کە ئەویش عەرەبییە، تورکیش وشەیەکی کۆنی عەرەبی «ملاقات» بەکاردێنن. هەموو ئەمانە لێک نزیکن و لە بنچینەشدا عەرەبین و بەمانای قسەکردنی یەکێک لەگەڵ یەکێکی تردا بەکاردێن، بەڵام ئایا دەکرێت لەکوردیشدا وشەیەکی لەم بابەتە بەکاربێ؟ نەخێر، چونکە لەکوردیدا وشەی تری ڕەسەن هەیە، بۆیە پێویست بەوە ناکات کە وشەیەکی بێگانە بێتە ناو زمانێک لەکاتێکدا خودی زمانەکە چەندین وشەی تێدا بێت، سەرەڕای ئەوەی کە لەوانەیە لە بەکاردێن.

ڕووی فۆنۆلۆژییەوە وشەکە لەگەڵ زمانی کوردیدا نەگونجێت. لە کرمانجیدا «هەڤپەیڤین» هەیە و ئێستا زۆر بەکاردێت، پێشگری هەڤ- بەمانای کارێک دێت کە دوو کەسی تێدا بەشدار بوون- پەیڤینیش بەمانای قسەکردن دێت.

ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەگەریدا جگە لە «هەڤپەیڤین» وشەی دیمانە و چاوپێکەوتنیش بەکاردێن، هەندێک جار وشە ئینگلیزییەکە وەک خۆی «ئینتەرڤیو» بەکاردێتەوە، لە هەمان کاتدا خەڵکی ئاسایی وشە عەرەبییەکەش (مقابلة) بەکاردێن، بەتایبەتی کوردانی کوردستانی عیراق.

بۆ وشەی «Candidate»یش وشەی جیاجیا لە ڕۆژنامەڤانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت. لە کرمانجیدا وشەی «ناڤکری» و «نامزەت» لەبەشی کوردی- دەنگی ئەمەریکا وشەی «بەربژار» بەکاردێت کە بەمانای پێش هەڵبژاردن دێت، لە سۆرانیشدا وشەی «ناولێنراو» و «پاڵێوراو» ، بەکاردێن، پاڵێوراو پێدەچێ وەرگێڕانی حەرفی وشەی «مرشح»ی عەرەبی بێت. زۆرجاران لەمیدیاکاندا وشە ئینگلیزییەکە (کاندید) وەکو خۆی بەکاردێتەوە. پێدەچێت میدیای هاوچەرخی کوردی زیاتر بەرەو وشە ئینگلیزی و ئۆرووپاییەکان بچێت نەک عەرەبی و وشەکانی زمانانی دراوسێی کوردستان، ئەمەش لەوانەیە پێوەندی بە چەوسانەوەی کوردەوە هەبێت بەدەستی خاوەنی ئەو زمانانەوە.

## ڕۆژنامەڤانی و تازەکردنەوەی زمان

لەنوێترین کاری زمانەوانی- ڕۆژنامەڤانیدا، دێڤید نۆرفۆر و تورو ئوسکالی باس لە «Neologism and Innovation Journalism» دەکەن، بەواتای «ڕۆژنامەڤانی تازەبووەوە و داهێنانی وشەی تازە». پێیان وایە ڕۆژنامەڤانی لەدوو لایەندا کاری تازەکردنەوە دەکات، لەلایەک زمانێکی هاوبەش بۆ پرۆسەی تازەکردنەوە دەخوڵقێنێت، لەلایەکی تریشەوە توانایی بەکۆمەڵگە دەدات پرۆسەی تازەکردنەوە چاکتر بکەن. ئەوان پێیان وایە زمان کرۆکی تازەکردنەوەیە، یان بەواتایەکی تر، بەبێ زمانێکی تازە پرۆسەی تازەکردنەوەی لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵگە نایەتە دی، هەروەها پێشیان وایە کە ڕۆژنامەڤانی بۆ کۆمەڵگە نوێ و تازەکان زۆر پێویستە، زیاتر لە کۆمەڵگە کۆن و ترادیشناڵەکان. بەم شێوەیەی خوارەوە پرۆسەکە ڕوون دەکەنەوە(١١):

١- تازەکردنەوە پێشەکییە بۆ شتێکی نوێ.

٢- بۆ ئەوەی شتێکی نوێ پێشکەش بکرێت، دەبێت پێوەندی کردن هەبێت.

٣- پێوەندی کردن پێویستی بەزمانێکی هاوبەش هەیە.

٤- شتە نوێیەکان پێویستیان بە وشەی نوێ، یان لێکدانی وشەکان هەیە، بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لەزمان.

٥- هەواڵەکان وشەی نوێ دروست دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە بۆ ئەوەی شتە نوێیەکان شوێنێکیان لە زماندا هەبێت، بناسرێن و گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت.

٦- چونکە ڕۆژنامەوانی وا لەکۆمەڵ دەکات گفتوگۆ دەربارەی شتە تازەکانەوە بکات، بەمەش تازەکردنەوە دێتە ئاراوە.

ئەوانەی تێگەیشتنێکی ئەکادیمییانەیان لەبواری زماندا هەیە دەزانن کە هەموو زمانەکان پێویستیان بە داهێنانی وشەی تازە هەیە «Neologism». فەرهەنگی ویکیپیدیای ئەلیکترۆنی بەم شێوەیە پێناسەی ئەم وشەیە دەکات: «نیولۆجیزم وشەیەکە، یان زاراوەیەکە،یان فرێزێکە بەم دواییانە دروست کراوە، بۆ بیرۆکە نوێکان بەکاردێت. وشە، یان مۆرفیمەکان لێک دەدات بەشێوەیەک بتوانن تەعبیر لەو کۆنسێپتانە بکەن کە زۆر تازەن و پێشتر بوونیان نەبووە، یان زاراوە کۆنەکان بەشێوەیەکی هاوچەرخانە بۆ شتە تازەکان بەکاردێنێتەوە. نیۆلۆژیزم لەناساندنی داهێنان و دیاردە نوێکاندا سوودی لێ وەردەگیردرێت، هەروەها لەو بیرۆکە کۆنانەش کە بەرگێکی کولتووری نوێ دەپۆشن. زاراوەی «ئیمێل» کە ئەمڕۆ زۆر بەکاردێت، نموونەیەکە لەنیولۆجیزم». ئەم جۆرە وشانە زۆر جاران لەڕێگەی ئینتەرنێت و ماس میدیاوە بڵاودەبنەوە و ناوبانگ پەیدا دەکەن. هەریەک لە وشەکانی زمانە جیاجیاکان ڕۆژێک لە ڕۆژان نیولۆجیزم بووینە، پاشان بە تێپەڕبوونی کات لەلایەن خەڵکەوە پەسەندکراون و بوون بە بەشێک لەزمان.

لەم بارەیەوە، د. یوونس شوکرخاە، دکتورا لەبواری زانستی پێوەندی کردندا(١٢)، دەڵێت: ئەم گۆڕانانە سەرەتا لە وشەکانەوە دەرکەوتن، بەواتایەکی دیکە، وشە سڕینەوەیەک دەستی پێکرد. هەواڵنووسەکان هەوڵیان دا لە دووپاتبوونەوەی وشە لە هەواڵێکدا خۆبپارێزن، چونکە

ئەمە تەنیا بەس نەبوو و وەرگری ڕازی نەدەکرد.

لە ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا (VOA) بەرنامەیەک هەیە بەناوی «ئینگلیزی تایبەت»، باس لە چیرۆکی وشەکان دەکات، ئەم بەرنامەیە یارمەتی جەماوەر و گوێگرانی ئەم ڕادیۆیە دەدات لە وشە تازە و ڕەنگاوڕەنگەکان بگەن. لەڕێی چیرۆکی ئەم وشانەشەوە بیرۆکەیەک دەربارەی ڕابردوو و ئێستای ژیان لە ئەمەریکا بە گوێگرانی دەدات. بەرنامەکە بە ڕستە و وشەی سادە نووسراوە، پێشکەشکارەکەش زۆر لەسەرخۆ دەیانخوێنێتەوە تا تێگەیشتنیان ئاسان بێت(١٣).

دەستنووسی بەرنامەکە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە دەنووسرێت نەک زمانناسان، لەبەر ئەوە زمانەکە زمانی خەڵکە نەک زمانێکی فەرمی و ستاندار. زمانی بەکارهاتوو لەم بەرنامەیەدا لەوانەیە بەپێی ڕێساکانی زمان و ئێمۆلۆژیا بەڕێوە نەچێ، بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەست زانیاری پێدان و کات بەسەربردنە، ئەم بەرنامەیە گوێگرێکی زۆری پەیدا کردووە.

**بەکارهێنانی ئابووریانەی وشە**

سەرەتاییترین بنەمای زمانی ڕۆژنامەڤانی کورتی و سادەییە. کورتی بەمانای ئەوەی ئەگەر دەقێکی ڕۆژنامەڤانی بە پەرەگرافێک تەواو ببێ و پەیامەکە بە جەماوەر بگەیەنێت، پێویست ناکات بە دوو پەرەگراف بینووسیت، ئەگەر پەرەگرافێکیش بە سێ ڕستە تەواو ببێت، پێویست ناکات بە دە ڕستە بینووسیت، ئەگەر ڕستەیەکیش بە دوو وشە تەواو ببێت پێویست ناکات بە (٤) وشە بینووسیت. سادەییش بەمانای ئەوە دێت کە ڕستەکان بەستایلێکی ئاسان و وشەی سادە بنووسرێن، تا وشەی یەک بڕگەیی هەبێ پێویست ناکات بەدوای وشەی دوو بڕگەییدا بگەڕێین، تا دوو بڕگەییش هەبێت پێویست ناکات سێ بڕگەیی بەکاربێنین، تا وشەی سادە هەبێت پێویست ناکات وشەی داڕژاوو لێکدراو بەکاربێنین، تا وشەی جوان و میوزیکی هەبێ، پێویست ناکات وشەی قەبە و ڕەزا گران بەکاربێت.

لەبارەی سادەیی و کورتبڕییەوە، جۆرج ئۆروێلی ڕۆماننووس ئاماژە بە شەش بنەمای سەرەکی دەکات:

١- چیمان دەوێت؟

٢- کام لە وشەکان دەتوانن دەریبڕن؟

٣- چ وێنەیەک، یان زاراوەیەک دەتوانێت باشتر دەریبڕێت؟

٤- ئایا ئەم وێنەیە ئەوەندە نوێیە کە کاریگەریی هەبێت؟

٥- ئایا دەتوانم سادەتر دەریبڕم.

٦- ئایا ئەوەی پێشکەشم کردووە، لەیاسا لادانێکی وای تێدایە کە شیاوی لابردن بێت؟

ئەمە پێی دەگوترێت نووسینی ئابوورییانە، یان بەکارهێنانی ئابوورییانەی وشە. لەم بارەیەوە مامۆستا ڕەحیم سورخی لەوەرگێڕانی کتێبی «هەواڵنووسی مۆدێرن» چەند نموونەیەکی نووسینی ئابوورییانەی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

نا ئابووی    ئابووی

بەو مەبەستەی کە = تاکو

لە حاڵی ئێستادا = ئێستا

سەرەڕای ئەوەی کە=ئەگەرچی

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە= چونکە

**جۆرەکانی وشە لە ڕۆژنامەڤانیدا**

لەگفتوگۆکردن دەربارەی بەکارهێنانی جۆرەکانی وشە لە ڕۆژنامەڤانیدا بەم سەردێرە دەست پێ دەکەین:

٦- کیریا نایتلی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا لەبیر ناکات (خەبات، ٤ی حوزەیران ٢٠٠٦)



بەپێی ئەم هێڵکارییەی سەرەوە ئەم سەردێرە لەسەرەتادا لە شەش وشە پێکهاتووە (کیریا، نایتلی، ڕۆژهەلات،ی، ئەفریقیا، لەبیر ناکات)، پاشان ئەم وشانە لێکدراون و سێ فریزیان لێ دروست کراوە، لەکۆتاییشدا ڕستەیەکیان لێ پێکهاتووە. کەواتە بۆ بنیادنانی ڕستە، ڕۆژنامەنووسان دەبێ لە وشەوە دەست پێ بکەن.

لەڕووی ڕێزمانەوە هەر وشەیەک کلاسی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەک پرۆفیسۆر د. موحەمەد مەعرووف (١٩٩٧)(١٤) دەڵێ: «وشە لەبەکارهێناندا بە گوێری سنووری ڕێزمانییەکان بۆ چەند کلاسێک دابەش دەبێت».

بەگوێرەی ئەرک و ڕەفتاری ڕێزمانییان، وشە پۆلێن دەکرێن بۆ کلاسی کراوە (open- class) و کلاسی داخراو (closed-class)، هەندێک پۆلینی تر پێیان دەڵێن: وشە ناوەرۆکییەکان (content- words) و وشە ئەرکییەکان (Functional-words)(١٥). جگە لەم دوو کلاسە، کلاسێکی تریش هەیە کە وشەی تەواو نین، دەکرێت لەکوردیدا پێیان بگوترێت ئامرازەکانی سەرسوڕمان (Interjections). هەر سێ جۆری وشە لە ڕۆژنامەڤانیدا بەکاردێن، بەڵام جۆری یەکەم، ئەو وشانەی ناوەرۆکیان هەیە، زیاتر بەکاردێن. ئەمە مانای ئەوە نییە کە وشە ئەرکییەکان بەکار نایەن، کەم تێکستی ڕۆژنامەڤانی هەیە کە وشەی ئەرکی تێدا نەبێت، بەڵام وشە ناوەرۆکییەکان زیاتر بەکاردێن.

بەپێی بنەماکانی کورتبڕی لەزمانی ڕۆژنامەڤانیدا، دەبێت لە تێکستە ڕۆژنامەڤانییەکاندا وشە ئەرکییەکان زۆر کەم بەکاربێن، بەتایبەتی لە دەقە کورتەکانی وەک سەردێر، بۆ نموونە لە سەردێری ڕۆژنامە ئینگلیزییەکاندا، زۆر بەکەمی وشەی ئەرکی تێدایە، بەڵام لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا وا نییە، وشەی ئەرکی زۆر بەکاردێت. هەر بۆ نموونە، دوای گەڕانێکی زۆر لەسەردێرەکانی ڕۆژنامە کوردییەکان توانیمان چەند نموونەیەکی کەم بدۆزینەوە کە وشەی ئەرکی تێدا نەبێت وەک ئەم سەردێرەی خوارەوە:

٧- گەرما سپلیت گران دەکات (خەبات ٢٢ی حوزەیران ٢٠٠٦)

مانشێتی وەک ژمارە(٧) لەکوردیدا زۆر کەمە، زۆربەی مانشێتەکان وشەی ئەرکییان تێدایە، وەک ئەم سەردێرەی خوارەوە:

٨- سێ کورد لە کەرکووک دەکوژرێن (کوردستانی نوێ ١٢ ئایاری ٢٠٠٥)

لەم سەردێرەی سەرەوە وشەی (لە) وشەیەکی ئەرکییە و لێرە ئەرکی ئەوەیە ئاماژە بە شوێنی ڕووداوەکە بکات.

کلاسی سێیەمی وشەکە لە کوردیدا پێیمان گوت ئامرازەکانی سەرسوڕمان (Interjections) بۆ تەعبیر کردن لە هەست و سۆزەکان بەکاردێن، وەکو سەرسوڕمان و دڵتەنگی و خۆشی و ئازار و..تاد، هەروەها هەندێک جۆری سڵاوکردن و جوێن دانیش دەگرنەوە، بۆ نموونە «دەی» بۆ هاندان بەکاردێت، بەڵام لەهەندێک شێوەزاردا بۆ جوێندانیش بەکاردێت، یان «ئۆخەی» بۆ دڵخۆشی بەکاردێت، کاتێک کەسێک شتێک بەدەست دێنێ، یان کردەوەیەک بەدڵی ئەو دەبێت. لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا زۆر کەم ئەم جۆرە وشانە بەکاردەهێنرێن، چونکە زمانی ئەم بوارە، بەتایبەتی زمانی نووسین، پتر زمانێکی فەرمییە، بەڵام ئەم وشانە زیاتر لە گفتوگۆی ڕۆژانەی ناو خەڵکدا بەکاردێت و دەکەونە خانەی زمانی نافەرمییەوە. تاڕادەیەک لە ڕادیۆ کوردییەکاندا بەدی دەکرێن.

بەوردبوونەوە لە ژمارەیەک ڕۆژنامەی کوردی، بەتایبەتی کوردستانی نوێ و خەبات، کە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هاوچەرخن، لە ڕووی بەکارهێنانی جۆرەکانی وشەوە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ژمارەی وشە ناوەرۆکییەکان لە ژمارەی وشە ئەرکییەکان زۆر کەمترە، کە ئەمەش دیاردەیەکی سروشتییە.

٢- لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا ئاوەڵناو زۆر بەکاردێت، ئەمەش لەوانەیە نیشانەی ئەوە بێت کە ڕۆژنامە کوردییەکان بێ لایەن نین، یان سەر بە حیزبەکانن، یانیش سەر بە حکومەتن، یانیش سەر بەلایەنێکی نادیارن کە هەندێکیان ناویان لەخۆ ناوە سەربەخۆ. لە هەرسێ حاڵەتەکەدا بۆ وەسف کردنی لایەنگریان پێویستیان بە ئاوەڵناو دەبێ، بۆ نموونە «چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری گەورە...).

٣- وشەی ئەرکیش لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ژمارەیان لە وشە ناوەرۆکییەکان زۆر کەمترە. لەسەردێرە کوردییەکانیشدا وشەی ئەرکی بەکاردێت، ئەستەمە سەردێرێکی بێ وشەی ئەرکی وەک ژمارە (٧) لە کوردیدا بدۆزرێتەوە.

٤- بەکارهێنانی ئینتەرجەنکشنەکان لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا زۆر کەمن، چونکە لەوێدا زمانێکی فەرمی

بەکاردێت، ئەم وشانەش زیاتر نافەرمین، بەڵام لە زمانی ڕادیۆکاندا بەکاردێن.

**-١- لیستی سەرچاوەکان:**

**تێبنی:(١)** لیستی سەرچاوەکان بەپێی بەکارهێنانیان لەنێو دەقەکەدا ڕیز کراون:


1- Stageberg, Norman C. (1981). An Introductory English Grammar. (4th ed.). New York: Holt.

2- Haliday, M.A.K and yallop C. (2007). Lexicography: A Short Introduction. London: Continum.

٣- ڕۆژنامەی «هاووڵاتی» ژمارە ٤٦٣ی چوارشەممە ٢٠٠٨/١٠/٨

4-Shama,s, M.R (2007). Reading English newspapers. www.junglepulo.org

5- Mencher M. (2003). News Reporting and Writiny.(9 th ed.). Boston: Mc Graw Hill.

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

7- Goldstein N. The Associated press Stylebook and Libel Manual.

8- Hasanpoor, J. (1999). A Study of European, Persian and Arabic Loans in Standard Sorani Doctoral Dissertation.

9- Kurdish Lexicography/ Kurdish Academy of Languages.

10- Chyet Michael. (1996). Standardiziny the Modern Journalistic Language in Kurdish Washington D.C.: MESA.

11- Nord fors, David and Uskali, T. (2007). New Cancept: Innovation Requires Journalism. California.

١٢- شوکرخاه، یوونس. و: ڕەحیم سورخی (٢٠٠٧). هەواڵنووسی مۆدێرن. هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان.

13- Christiano, M.R. Words and their Stories.

14- Fattah, M.M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish. Unpublished Doctoral Disseotation, Holland: Amsterdam University.

15- Akmajian A. etal. (2001). Linquistics: an Introduction to Language and Communication. Combridge.


**تێبینی(٢):** جگە لە چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەکانی خەبات و کوردستانی نوێ و هاووڵاتی، سوود لەم سەرچاوە کوردییانەی خوارەوەش وەرگیراوە:


١- سەپان، مەغدید (٢٠٠٥). ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە. هەولێر: کۆڕی زانیاری کوردستان.

٢- سورمێ، نەژاد عەزیز (١٩٩٩). ڕۆژنامەگەری کوردی و چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی تەکنیک و هونەرەکانی. هەولێر: ڕۆژنامەی برایەتی.

٣- ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٥). پوختەیەک دەربارەی زمانناسی. هەولێر: چاپخانەی چوارچرا.

٤- عەلی، کاروان (٢٠٠٤). هونەری ڕۆژنامەنووسی. سلێمانی، دەزگای چاپ و وەشاندنی خەندان.

٥- عەلی، کاروان (٢٠٠٧). ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند. کەرکووک: مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن (ی.ن.ک).

٦- سورخی، ڕەحیم قادر. (٢٠٠٥) ڕۆڵی واتا لە پرۆسێسی پێوەندییە گشتییەکاندا. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین. نامەی ماستەر.

# دەربارەی هەندێ لە چەمکە سەرەکییەکانی پرۆژەی وەرگێڕان

**ئا - و: حەسەن هەمزە**
**(سلێمانی)**

**وەرگـێـڕان:** وەرگـێـڕان گـەلێک جـار بە پرۆژەیەک بۆ گەیاندنی واتای بابەتێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر پێناسە دەکرێ. لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە دوو وشـەی گـرنگ هەیە کـە بوونەتە کلیلی تێگەیشـتـنمـان لەم پێناسەیە:

**یەکەم**: کردەی «گەیاندن».

**دووەم**: واتا.

مـەبەست لە کردەی گـەیاندن ئەوەیە کـە ئێمـە لەکـاتی وەرگـێـڕاندا مـامـەڵە لەگـەڵ دوو زمـاندا دەکـەین. بە مـانایەکی گـشـتی وەرگـێـڕان بریتـیـیـە لە پێـوەندی و مـامـەڵەی نێـوان دوو زمـان. یەکـەم زمـانی سـەرچاوە «source Languge» کـــە لە مـــەودوا بە SL ناوی دەبەین. دووەمیش زمانی بەرانبەر، یان زمانی مەبەست Target Language کـــە لە مـــەودوا بە TL ناوی دەهێنین.

وشەی گرنگی دووەمی پێناسەی وەرگێڕان بریتییە لە «واتا».

دیارە پەیامی سەرەکی وەرگێڕ بریتـییە لە گەیاندنی واتای ئەو تێکستەی کە وەری دەگێڕێت. واتا لە زانستی وەرگـێـڕاندا چەمکێکی ئاڵۆزەو دوو ڕوو لەخۆ دەگـرێ. بەپێی بۆچوونی زانایانی زمـان کـاتێک تۆ باس لە واتا دەکەیت بە دوو ڕوو، واتا مانای خۆی بەدەستەوە دەدات. یەکـەمـیـان «مـەدلوول» denotation واتە مـانـای ڕاستەوڕاستی وشەیەک، دووەمیان «مەغزا» -Connota tion واتە مانای شاراوە. ئەگەر بۆ جیاکاری لەنێوان ئەو دوو ڕووەی واتا نموونەیەک بخـــەینە بەردەم وشــــەی «برادەر» کە لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەرەکەی «الزمیل» و لە زمـانی ئینگلیـزیشـدا «Friend» هەریەک لەو سێ

وشەیە مانای ڕاستەوڕاستی یەکترین.

لە هەمان کاتدا ئەگەر سەیری وشەیەکی هاوبەرانبەری واتای وشەی برادەر بکەین لە هەر سێ زمانەکەدا وشەی «هاوڕێ» وەردەگرین کە لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەرەکەی «الرفـــیق» و لە زمـــانی ئینگلیـــزیشـــدا وشـــەی «comrade» . ئەم سێ وشـــەیەی دوایی جگە لەوەی هەرسێکیان مانای ڕاستەوڕاستیـان هەر برادەرە، بەڵام لەپاڵ ئەو مـانایەدا مـانایەکی شـاراوەشیـان هەیە، کـە بریتییە لە هاوڕێباز و هاوخەبات، کە ئەم مانا شاراوەیە مـەغـزایەکی سـیـاسی لەخـۆ دەگرێ. ئەمـە خـاڵێکە کـە وەرگـێـــڕ دەبێت زۆر بە وریـاییـــەوە ڕەچاوی بـکات، بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنی وشەیەک لە TL بۆ واتای وشەیەک لە SLدا.

چـەمـکـی «هـاوتـایـی Equivalence»: هـاوتـایـی چەمکێکی بنەڕەتی پرۆسەی وەرگێڕانە. بەبێ شارەزایی لە چەمکی هاوتایی کـارێکی نەشـیـاوە باس لە کـردەی وەرگێڕان بکەین.

ئێـمە دەتوانین باس لە سێ شـێـوەی چەمکی هاوتایی بکەین:

١- شێوەی ڕووکەش و فۆرم Formal
٢- شێوەی کردەیی Functional
٣- شێوەی بیرۆکەییIdcational

لە شـێـوەی یەکـەمـدا وەرگـێـڕ لەکـاتی وەرگـێـڕانی تێکسـتـێک لە زمـانی SL هەوڵ دەدات لە زمـانی TL هاوتایەک بدۆزێتـەوە کـە شـێـوە و فـۆرمی بابەتەکـە لە زمانی سەرچاوەدا SL بەڕاستی بپارێزێ تا ئەو ڕادەیەی لایەنی فۆرمی تێکستەکە لە TL هاوتای SL بێت.

بۆ نموونە ئەگـەر بمانەوێ پەندێکی عـەرەبی بۆ کـوردی وەربگێڕین نموونەی [الحاجة أم الإختراع] ئێمـە دەکرێ وەربگێڕین بە [پێویستی دایکی داهێنانە].

لە شێوەی کردەییدا وەرگێڕ دەخوازێ ئەرک و پەیامی ڕاستەوڕاستی تێکستەکە لە زمانی سەرچاوە SLدا بە گـرنگی وەرگـرێ و زۆر بەلایەنی ڕووکـەش و فـۆرمی تێکسـتـەکەوە پابەند نـیـیـە، بۆیە دەکرێ هەمـان پەندی عـەرەبی پێشـوو وەربگێڕین بە [پێـویسـتی سـەرچاوەی داهێنانە]. یان [پێویستی چاوگەی داهێنانە].

لە شێوەی بیرۆکەییدا وەرگێڕ دەخوازێ کرۆکی مـانای تێکستەکە و بیرۆکەکەی بە گرنگی وەرگرێ و ئاراسـتەی خوێنەرانی بکات. لێرەدا وەرگێڕ زۆر گرنگی نادات بە شێوەی فۆرم و ئەرکی تێکسـتەکە لە زمـانی SLدا، بۆیە دەکـرێ هەمـان پەندی پێـشـوو وەربگـێـڕینە سـەر زمـانی کوردی بەم ڕستەیە: [پێویستی هۆکاری داهێنانە].

## چەمکی دەق «Context»

دەق چەمکێکی گرنگی ناو پرۆسەی وەرگێڕانە، چونکە وەرگـێـڕێکی شارەزا جۆری ئەو هاوتایانەی هەڵی دەبژێرێ لە زمـانی TL بۆ وەرگـێـڕانی بابەتێک لە زمـانی SL بەسـتـراون بە سێ فاکتەری گرنگەوە کە بەهەر سێکیان بنیـادی دروسـتی دەق پێک دەهێنن، فـاکـتـەرەکـانیش ئەمانەن

١- نووسەر ٢- خوێنەر ٣- تێکست.

ناکرێ وەرگـێـڕی بەتوانا ڕۆڵی هیچ کام لەم فـاکـتـەرانە پشت گوێیـان بخات لە کاتێکدا بەدوای هاوتادا بۆ کاری وەرگـێڕانەکـەی دەگـەڕێ: بۆ نموونە ئەگـەر وەرگـێڕ بیـەوێ بابەتێکی یاسـایی، یان پەرەگـرافـێک لە تێکسـتـە ئایینییەکان وەرگرێ بۆ ئەوەی وەری بگێڕێت، دەبێت زۆر بە وریایی و جدییـەوە بگەڕێ بە دوای شـێـوازی فـۆرم و ڕووکـەشی هاوتایی لە زمـانی TL، لێـرەدا وەرگـێـڕ بە [لایەنی تێکست]ەوە پابەندە زیاد لە لایەنی نووسـەر و خوێنەر، دەنا وەرگێڕانەکەی سەرکەوتوو نابێت.

بۆ نموونە وەرگێڕ ئەگەر تێکسـتێکی ئنجیل وەرگرێ و ئەم دێرەی تێـدا بێت [Death by crucifixion] دەبێ ڕاستەو ڕاست لە عەرەبیدا بیکات بە «الموت صلباً»، لە کـوردیشـدا بە (مـردن بە لە خـاچدان). جـا ئەگـەر ئەم شێوازی مردنەش لای خوێنەری کورد و عەرەب لە زمانی کوردی و عەرەبیشدا نامۆ بێت.

لە بەرانبـەریدا وەرگـێـڕ دەبێت زۆر خـۆی بە دووربگرێ لەبەکـارهێنانی شـێـــوەی ڕووکـــەش و فـــۆرمی لە هاوتاکانیـدا، لە زمانی TL کاتێک دەخوازێ گرنگی بە [فـاکـتـەری خـوێنەر] زیاتر لە فـاکـتـەرەکـانی تر بدات بەڕەچاوکـردنی فـۆرم و باری سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی خوێنەرانی، بۆ نموونە دەقێکی هەواڵ ئامێزی ڕۆژنامەیی کە باس لەسەردانی سەرەک کۆمارێک دەکات بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەگەر ئەو دەقە لە وڵاتێکی جوولەکەنشین، یان غـەیرە عـەرەبی و ئیـسـلامی بێت، دەکرێ وەرگێڕ زاراوەی دولة الیـهـود، یان وڵاتی جوولەکە لەبەرانبـەر [Jewish state] بەکاربهێنێ.

بەڵام لە وڵاتێکی عـەرەبی ناسـیـــونالیـست دەکـرێ

زاراوەی [الكيـان الصـهـيـوني] لە بەرانبـەر هەمـان دەستەواژەی ئینگلیزی پێشوودا بەکاربهێنێ، دەنا وەرگێڕ لەگەڵ خوێنەرانیدا تووشی بەرەنگاربوونەوە دەبێت.

دواتر ئەگەر وەرگـێـڕ بیـەوێ تێکسـتـێ وەرگـێـڕێ بە ڕەچاوکردنی [فـاکـتـەری نووسـەرەکـەی] زیاد لە هەردوو فاکتەری [تێکست] و فاکتەری [خوێنەر] دەبێت زۆر بە وریایی لە ئایدیاو سۆز و خرۆشانی نووسەری بابەتەکەو هونەری جـوانکارییـەکـانی (کـە مـەبەسـتی سـەرەکی دەربڕینی نووســەرە) باش تێ بگات و بە ئەمـــانەتەوە لەکاتی وەرگێڕاندا تا ئەو ڕادەیەی دەتوانێ بۆ زمانی TL بیانگوێزێتەوە، دەنا وەرگێڕانەکەی بەپێچەوانەوە دەبێتە دریغی کردن لە پەیامی نووسەرەکەی و خوێنەرانیش لە سەلیقـەی نووسـەر بێبـەش دەبن. ئەم حـاڵەتە لەکـاتی وەرگێڕانە ئەدەبییەکاندا، بەتایبەت لە شیعر و چیرۆکدا دەردەکەوێ.

بۆ نموونە کاتێک شاعیری عەرەب دەنووسێ:

**يا بيروت انثاي من بين ملايين النساء.**

ئەگەر وەرگێڕ ڕاستەوڕاست ئەمە وەرگێڕێتە سەر زمانی کـوردی، دەبێ بڵێ بە بەیرووت ئەی مێـینەکـەم لەنێـو ملیۆنان ژنانی دنیادا.. لێرەدا بەکارهێنانی نەزار قەبانی بۆ وشەی (انثاي) تەنیا مەبەستی ڕەگەزی مێینە نییە بەقەدەر ئەوەندەی جوانی و نەشمیلی بەیرووت بە جوانی و نەرمـونیانی ئافرەتێ بچوێنێ، بۆیە دەکرێ وەرگێـڕ بە ئاگـاداری لە سـۆز و هەڵچـوونی شـاعـیـر لەکـاتی ئەم دەربڕینەدا ئەو بەیتـە شـیـعـرەی قـەبانی بەم شـێـوەیە وەربگێـڕێ (بەیرووت ئەی خـانمە نەشـمـیلەکـەم لەنێـو ملیۆنان خانمەکانی دیکەدا).

### جۆرەکانی وەرگێڕان

١- وەرگـێـڕانی دەقـاودەق «Literal Translation» ئەمە کۆنترین شێوەی وەرگێڕانە، کە ئامانجی گەیاندنی تەنیـا مـەدلوولی زاراوەو گـوزارشت و ڕسـتـەکـانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. لێرەوە وەرگێڕانی دەقاودەق لەو پانتاییەدا کار دەکات، کە گۆڕینەوەی نامەی نێوان دوو زمـان لە بواری دەلالەت و بنیـادی زمـانـەوانیـیـەوە بەرجـەسـتـە دەکـات. ئەگـەر بمانەوێ نموونەیەک لەسـەر وەرگـێـڕانی دەقـاودەق لەهەر سێ زمـانـەکـەدا پێـشـکـەش بکەین، ئەوە لەهەر سێ زمانەکەدا، بەراوردێ لەنێوان ئەم ڕستەیەدا دەکەین:

١- I bought a red car.

٢- أنا أشتريت سيارة حمراء.

٣- من ئۆتۆمۆبیلیکی سوورم کڕی.

کـە لە هەرسێ زمـانەکـەدا هیچ ئاڵوگۆڕێک لە شـێـوەو ناوەڕۆکی ڕستەکەدا نابینی.

دیارە وەرگـێـڕانی دەقاو دەق وەرگـێـڕانی وشـە بەرانبـەر وشە نییە کە ئەم جۆری دووەمەیان سەقەتترین شێوەی وەرگـێـڕانە، بەتایبـەتی لەنێـوان دوو زمـاندا کـە ڕەگ و سـەرچاوەی هەریەکەیان لەوی تر جودایە. وشە بەرانبـەر وشە کاڵو کرچترین جۆری وەرگێڕانە، چونکە هیچ گرنگی بە هارمۆنیـەتی وشەکان لەناو ڕستەدا نادات و یاساکانی پێکهـێنانی ڕسـتـەو گـوزارە لە ڕووی زمـانەوانیـیـەوە پشتگوێ دەخات.

ئەگـەر بمانەوێ وەرگـێـڕانێکی وشـە بەرانبـەر وشـە لە ڕستەی پێشوودا ئەنجام بدەین.

ڕستەکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

I boaght a red car دەبێـتـە أنا أشـتـريت حـمـراء سيارة. (لە زمانی عەرەبیدا).

من کریم سوورێک ئۆتۆمۆبیل. (لە زمانی کوردی)دا.

دیارە وەرگێڕانی دەقاو دەقیش چەشنی وەرگێڕانی وشە بەرانبـەر وشـە هەندێ جـار سـەقـەت دەبێت، بەتایبـەت لەکـاتی وەرگـێـڕانی ئـیـدیۆمـێـک، دەسـتـەواژەیەک، گـوزارەیەک لە زمـانێکەوە بۆ زمـانێکی دیکە. بڕوانە جۆری وەرگـێڕانی دەقاودەقی ئەم دەستەواژانە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی و عەرەبی

١- strong tea ــــ (شاي قوي) ــــ (چای بەهێز)

٢= To rain cats and dogs ــــ (تمطر القطط و الكلاب) ــــ (پشیلە و سەگ دەبارێت).

کـە دیارە ڕسـتـە، یان دەسـتـەواژەی یەکـەم لە زمـانی عەرەبیدا مەبەستی (شاي ثقيل) و لە زمانی کوردیدا چای خەستە. دەستەواژەی دووەمیش مەبەستی لە زمانی کوردیدا بارانی بەلێزمەیە و لە زمانی عەرەبیشدا (سقوط المطر بغزارة)یە.

٢- وەرگێڕانی مەجازی metaphorical trans lation

مـەبەست لـەم جـۆری وەرگـێـڕانە گـشت ئەو گـوزارەو دەسـتـەواژە مـەجـازیانەیە کـە دەخـوازرێ لە زمـانی سەرچاوەوە SL وەربگێڕدرێتە سەر زمانی بەرانبەر TL. دەبێت لە زمانی بەرانبەردا هەوڵ بدرێت شێوەی مەجازی

هاوتای بۆ بدۆزرێتەوە. ئەم جۆرە وەرگێڕانە بەردەوام لەکاتی وەرگێڕانی تێکستە ئەدەبییەکاندا دێتە بەردەمی وەرگێڕ کە دەربڕینی مەجازی و هونەری زۆری تێدا بەکارهاتووە.

لەم جۆرە وەرگێڕانەدا فۆرم و شێوەی گوزارەکان بەقەدەر ئایدیاو پەیامەکەی گرنگە، بۆیە لەم جۆرە وەرگێڕانەدا فۆرم و ناوەڕۆک بە شێوەیەکی لێک دانەبڕاو بەیەکدا ئالاوەو ناکرێ هیچ بەشێکی ئەم دوو ڕووە فەرامۆش بکرێ، چونکە لەو تێکستە مەجازییانەدا دوانەی نووسەری تێکستەکە و کولتووری کۆمەڵایەتی زمانی سەرچاوە دەخاتە بەردەم وەرگێڕ، بۆیە زۆر گرنگە وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕاندا ڕەچاوی ئەو دوو ڕووەی دەستەواژە مەجازییەکان بکات.. لێرەوە دەبێت وەرگێڕ هەوڵی وەرگرتنی مەجاز و دەستەواژەی مەجازی وا بدا لە TLدا کە شێوەی فۆرمی هاوتایی [Formal Equivalence] و پەیام و مەبەستی دەستەواژە مەجازییەکە پێکەوە ئامادە بکات. بڕوانە ئەم دەستەواژە مەجازییانە و هاوتاکەی لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا کە وەرگێڕدراوی تێکستە عەرەبییەکەبن

١- بکیت الآذن ــــ [بڵندگۆی منارەکان کەوتنە ناڵین]ــــ [The minarets began to weep].

٢- إبتسم لها القدر ــــ [بەخت بەرەو ڕووی پێکەنی] ــــ [The Fate smiled to her].

٣- داعب النسیم خصلات شعرها ــــ [شنەبا یاری بە پرچی دەکرد] ــ [The breeze dallied her hair]

٣- وەرگێڕانی پوختە Precis translation: لەم جۆرە وەرگێڕانەدا، وەرگێڕ هەوڵ دەدات پوختەی تێکستێک لە زمانی SL بۆ زمانی بەرانبەر TL وەرگێڕێ، ئەویش بە تەنیا وەرگرتنی پوختەی گرنگی تێکستەکە، واتە وەرگێڕ ئەو وردەکاری و باس و خواسانەی ناوتێکستەکە کە لە ڕووی کۆنتێکستەکەوە هیچ بایەخیان، نییە پشتگوێیان دەخات. ئەم شێوەیە لە وەرگێڕان لە لاپەڕەی ڕۆژنامەو ئاژانسەکانی هەواڵەوە زۆر باوەو بەکاردەهێنرێ.

٤- وەرگێڕان بە دەسکارییەوە [Adaptation translation]، ئەمەش جۆرێکە لە وەرگێڕان کە تێکستێ لە SLوە ئازادانە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی بەرانبەر TL.. ئەم جۆرە لە پرۆسەی وەرگێڕان بەشێوەیەکی سەرەکی لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا شیاوەو لە دەسەڵاتی وەرگێڕدایە بە ئاکامی بێنی وەک وەرگێڕانی شانۆگەرییەک بۆ نمایش کردنی لەسەر تەختەی شانۆ کە دەخوازرێ لەو وەرگێڕانەدا ئەو هاوتایانە بەکاربهێنرێ کە دەزانرێ لەنێو کولتووری بەرانبەردا TL دەسازێ و چێژی لێ وەردەگیرێ. لەم جۆرە وەرگێڕانەدا لەنێو دەقی وەرگێڕدراوی شانۆگەرییەکە بابەتی باسەکە و کارەکتەرەکان و پلانی دارشتنی شانۆگەرییەکە دەبێت وەک خۆی بپارێزرێ، بەڵام ئەوەی دەتوانرێ تێیدا دەسکاری بکرێ کولتوور و هێماکانی دەگۆڕدرێ و بەشێوەیەکی خۆماڵی دادەڕێژرێتەوە... نموونەی لەو جۆرە وەرگێڕانە، وەرگێڕانی گەلێ لە شانۆگەرییەکانی شکسپیر بۆ زمانی عەرەبی و گۆڕینی شانۆگەری (چیرۆکی هەزارویەک شەوە) (ألف لیلة و لیلة) بۆ زمانە ئۆروپاییەکان.

٥- وەرگێڕانی ئازاد Free translation

ئەمەش جۆرێکە لە وەرگێڕان کە تێیدا وەرگێڕ ئازادە کاتێ تێکستێ لە زمانی SLوە بگۆڕێتە سەر زمانی TL لەو تێکستەدا گۆڕانکاری بە ئاگا بهێنی، بە مەرجێ کرۆک و ناواخنی تێکستەکە بپارێزێ و تەنیا دەسکاری فۆرمی بابەتەکە بکات.. ئەم وەرگێڕانە بریتییە لە خستنە ڕوو و دەربڕینی تێکستەکە بەتەواوەتی بە زمانێکی خۆماڵی کە ئەم جۆرە دەربڕینە لە زمانی ئینگلیزیدا بە Paraphrase ناو دەبرێ. دیارە گەلێک جار تێکستی وەرگێڕدراو لەم جۆرە وەرگێڕانەدا زۆر درێژتر دەردەچێت لە دەقە ئەسڵییەکەی.

**سەرچاوە:**

**١- پرۆگرامی «زانستی وەرگێڕان»، کولێژی زمانی ئینگلیزی- بەشی وەرگێڕان لە زانکۆی نێودەوڵەتی سنت کلیمنتس.**

**٢- بۆ وەرگێڕانی زاراوەو چەمکەکان بۆ زمانی کوردی و عەرەبی سوود لەم فەرهەنگانە وەرگیراوە.**

**١- فەرهەنگی ئازادی، ئینگلیزی- کوردی.**

**- فەرهەنگی (المورد)، ئینگلیزی- عەرەبی، عەرەبی- ئینگلیزی.**

# یەشار کەمال
# دەربارەی رۆمانا کوردی دپەیڤیت

ئەحمەد قەرەنی

یەشار کەمال نڤیسکارەکی کوردستانا باکوورە، لێ ل کوردستانا باشوور ژی گەلەکی بەرنیاسەو، خویندەڤانێ وی ژی زۆرن.

من دناڤ رامانێن شاکارێن وی دا- ئەوێن ل جەم مە ب عەرەبی و کوردی چاپ و بەلاڤبووین- هەستێن وی یێن نازک و ویژدانا وی یا مرۆڤپەرست ڤەدخویند، لێ دەما من ئەو پێشگۆتنا وی ژ بۆ چاپا ترکی و ئەلمانی یا رۆمانا (محەمەد ئوزون)ی (سیا ئەڤینێ) نڤیسی و، دگەل چاپا سالا (٢٠٠٥)ێ ژی ب کوردی بەلاڤبووی... من وەسا هەست کر کو ئەزێ هزرێن وی یێن کوردایەتیێ ڤەدخوینم و ژ دوو ئالیان ڤە خوەشی و چێژ ژێ وەردگرت:

- ژ ئالیەکی کەسانەک دناڤ مللەتەکی پاشدامایی دە، گەهشتیە کۆپیتکا مرۆڤایەتیێ و، د بازنەیەکی هۆسا فرەوان هزر دکەت و، شیانەکا ئافراندنا ب ئەدەبیکرنا خەم و کۆڤانێن خەلکی هەیە و ب زمانێ ترکی و ب گیانی کوردی دەردبڕیت.

- ژ ئالیەکی دن ڤە کەسانەک د بازێن هەرە پێشینێن سەرکەفتن و، ئاستێ بلندێ تێگەهشتنا مودەرن دە... مللەتێ خوەیێ ژ کاروانێ پێشکەفتنا جیهانێ ڤەمایی ژ بیر نەکریە و چاڤێن وی ژ پێنگاڤێن گرانێن خەلکێ وی یە... کو د ئاشۆیەکا لەرزۆک و پڕ گۆمان هێدی- هێدی بەرەڤ ڤەڕێژا گشتیا ڤێ دنیایێ دچیت.

یەشار کەمال ل (١٩٢٣)ێ ژ دایکبوویەو، د ژیانەکا پڕ زەحمەت و خەفەتبار مەزن بوویە و، هەتا نها زێدەتر ژ (٣٦) شاکارێن وی یێن ئەدەبی چاپبوونە ژ کۆچیرۆک ورۆمان و شانۆنامە وکۆشعران. ژ بلی کو چەندین خەلات ل ترکیێ و دەرڤەی وەرگرتینە، لێ ب هزرا من ئەڤ پێشگۆتناوی ژ بۆ (سیا ئەڤینێ) نڤیسی ب شاکارەکی تێ هەژمارتن کو ئەڤە دەقا وێ یە:

### رۆماننڤیسەرەکی د سەر خوە رە
### مەحمەد ئوزون و رۆمانا وی دبن سیا ئەڤینا وندا دە

ماجەرا رۆماننڤیسەریا مەحمەد ئوزنێ خۆرت، ماجەرەکە درێژ، تێر و تژی یە. مەحمەد ژ دەرێ مەزنێ کو هەموو

هۆستەیێن رۆمانڤیسەرێ تێدە دەرباس بوونە ئەو ژی تێ رە دەرباس دبە. مەحمەد ل ناڤچەیەکە «باشووورێ رۆژهلاتا ئانادۆلیێ» بوویە، ل ور مەزن بوویە. ناڤچەیا کو ئەو لێ بوویە، هەما بێژە هەرکەسەک ب کوردی دئاخڤە. ئەڤ ناڤچەیەکە کو ل ڤر ئەدەبیاتا کوردا نڤیسکی، ئەدەبیاتا کەلێری لێ هەمبز بوویە، شاعرێن مەزن یێن وەکە مەلایێ جزیری راکرنە.

ژبلی ڤێ ژی، ل ڤر دەستان، چیرۆک، سترانێن شینێ، سترانێن گرانبهاییێن کوردان تێن ڤەگۆتن، زمانێ کوردی زمانەکی دەولەمەندە. هم ئەدەبیاتا نڤیسکی هم ژی ئەدەبیاتا دەڤکی ل ڤر شاخ و پەڕ دایە. ژ دەرڤەیی باشوورێ رۆژهلاتێ، ژ ئیرانێ تا عیراقێ، ژ عیراقێ بەر ب سوریێ ڤە پتر زمانێ ئەدەبیاتا کوردی ئا دەڤکی، ئەدەبیاتا کوردی یا نڤیسکی هاتیە دەولەمەندکرن.

گەلێ کورد ژ هەیاما ئاسوران، ئاکادان، بابیلیان، ژ ڤێ وردەتر، ژ سومەران ڤر دە ل سەر ڤێ خاکێ دژی. برەکی مەزن ژ کوردان کەژن. ئەڤان، کوردێن کو ب ئەسلێ خوە قەفقاسینە، چاڤێن برەکی مەزن ژ کوردان، زەڤیا پرانیا وان زەر، شین، شینێئاسمانی نە. ئەڤ یەکا ژی بەلکی ژ ئەسلێ وانێ قافقاسی تێ. مەحمەد ل سەر ڤێ خاکا کەڤنارا کولتوری بوویە، زمانێ کوردی یێ گەلەک دەولەمەند بوویە زمانێ وی یێ زکماکی ل گەل ڤێ ژی مەحمەد د دبستانێ ترکی دە خوەندی یە، وەکە زمانێ خوە یێ زکماکی ترکی ژی هین بوویە. زمانێ گەلێری یێ ترکی ژی گەلەکی دەولەمەندە. زمانێ ترکی یێ گەلێری د سەرپێهاتنا دەم و دەوران دە ئەدەبیاتەکە مەزن ئافراندیە، گەلێ ترک ژی شاعرێن مەزن راکرنە. دەدە کۆرکوت، وەکە دەستانێن کۆروغلو، یونوس ئەمرە، کاراجائوگلان، پیر سولتان ئابدال، بوویە خوەدیێ شاعرێن مەزنێن گەلێری مینا دادالۆگلو. مەحمەد ئوزون نڤیسەرەکە ب سعود و قبال هاتیە دنێ. زمانێ ڤان گەلان یێن گەلێری، ئەدەبیاتا وانا دەڤکی ئان ژی یا نڤیسکی هین بوویە، هەر دو زمان ژی ژ خوە رە کرنە چاڤکانی. سعودێ قبالا مەحمەد کو رند دەرکەتیە ب ڤان ژی نەمایە. ئوزون خوە بەردایە بەر ب رۆژاڤا، کو د سەری دە ل سوێدێ بە ژی کاربنێن (ئیمکانێن) خوە تێگهشتنێ کولتورێن جیهانی ژی ب دەست خستنە.

ژ بەریا مەحمەد ڤە، ژ دامەزراندنا کۆمارێ ڤر دە زمانێ کوردی هاتیە قەدەغەکرن، ب زمانێ کوردی تو ئەدەبیاتەکە نڤیسکی نەهاتیە ئافراندن. گەلەک شاعر و رۆمانڤیسەرێ کو ب ئەسلێ خوە کوردن ب ترکی رۆمان نڤیسینە، بوونە هیمدارێن زمانێ ترکی، گەلەکان ژی هەتا ب کوردیتیا خوە ئینکار کرنە. کوردان ژی گەلەک شاعرێن مەزن دەرخستنە، کو ئەوان ژی کوردن، تو کەسی نزانبوویە. ڤێجا مەحمەد ئوزون ژ بەر ڤێ یەکێ بوویە رۆمانڤیسەرێ کوردێ یەکەم، کو ب کوردی دنڤیسینە، ب قاسی کو ئەز دزانم ژ دەرڤەیی ترکیێ ژی چەند رۆمان و شعرێن ب کوردی هاتنە نڤیساندن هەنە. لێ ئەڤ رۆمان پیرەیبیتیڤ مانە. ژ شاعران جەگەر خوین کو ئەو ژی ب ئەسلێ خوە ژ «ئانادۆلویێ»یە، شعرێن مەزن و زمانێ وان ئافراندیە.


یەشار کەمال

دیسا دزانم کو پووشکین ژ زمانێ گەلێری یێ روسی زمانەکی مەزنێ شعران ئافراندیە، بوویە باڤێ شعرێن روسی یێن نووژەن. هەڤالێ وی گۆگۆل ژی ل سەر عەینێ شۆپێ چوویە، د زمانێ دەستانی یێ گەلێ روسی دە ئاواییێ رۆمانەکە، ناڤەرۆک و زمانێ وێ ئافراندیە، ئەو ژی بوویە باڤێ رۆمانا روسی.

نازم حیکمەت ژی ژ زمانێ گەلێ ترک یێ دەولەمەند زمانەکی شعرانێ نوو ئافراندیە، بوویە هۆستەیەکی هەری مەزنێ زمانێ ترکی.

جەگەرخوین ژی نەسەبا شاعرێن مەزنێ کوردان ئەحمەدێ خانی، فەقییێ تەیران، دەستانزانێن مەزن هۆمەرۆسێ کوردان ئابدالێ زەینکێ تێ.

دەما کو من رۆمانا مەحمەد ئوزون خوەند گەلەکی شاش مام، زمانێ رۆمانەکە یا یەکەم وەها ب هۆستەی، وەها ب زمانەکی دەولەمەند، ب سەر دە ژی ب زمانەکی گەشکری یێ رۆمانێ بێ چاوا هاتیە نڤیساندن. دڤێ کاری دە قابیلیەتا مەحمەدی کو ژ کولتورا وی یا فرەهـ تێ ژ خوە راستە. مەحمەد پێشیا پێشی زمانێ کوردی و ئەدەبیاتا کوردی باش دزانە. زمانێ ترکی و ئەدەبیاتا ترکی ژی رند دزانە. پەی رە خوە بەردە ناڤا جیهانێ، کولتور و ئەدەبیاتا جیهانێ ژی باش دگەهە. ب ڤی ئاواییی ژی، مەحمەد دبە سعوود و قبال ژ بۆ زمانێ کوردی. رۆمانا «دبن سیا ئەڤینا وندا دە» رۆمانەکە ب هۆستاییی یە. من ل ژۆر نڤیساند کو مەحمەد ژی ب ڤێ رۆمانا خوە دەرێ کو هۆستاییێن رۆمانڤیسەر تێرە دەرباس بوون، ئەو ژی تێدە دەرباس دبە. ئەڤ رۆمان، رۆمانەکە بێهەمپا یا ئەڤینا ب دوئالی یە. یەک ژێ ئەینا دلبەرێ، یا دن یا تێکۆشینەکە دژوارە.

مەمدوح سەلیم بەگێ ل ستەنبۆلێ خوەندیە، تەڤلی رەوشەنبیرێن ستەنبۆلێ و ژیانا کولتوری بوویە، مرۆڤەکی خوەدان کولتور، حووتێ پرتووکان بوویە.

پشتی کۆمارێ ژ ترکیێ هاتیە نەفی کرن، وێ دەما کو

حەلەب و ئانتاكيا د دەستێن فرانسيان دە بوون، ل باژارێ دن یێ سوریێ ژیایە، دڤێ ناڤبەرێ دە دلکەتیە کەچەکە چەرکەز، بوویە ب دەرگستی، دەما کو وێ زەوجیبانا سەرهلدانا ئاگریێ دەست پێ کریە، مەمدوح یەک ژ وان کەسێ کو ل سوریێ پارتیا خۆیبوونێ دامەزاندنە. مەمدوح بەک ب دلشەواتی دلکەتیە دەرگستیا خوە یا خوەشک و جوان، ژ وێ پێ ڤە تشتەک دخەم و خەیالا وی دە نینە.

د ڤێ ناڤبەرێ دە جەنگا کو ل ئاگرێ دەست پێ کریە، ژ نەچاری وەکە نوونەرێ پارتیا خۆیبوونێ بەشدار بوویە، مەمدوح بەگ دناڤ ئەڤینێ و جەنگێ دە چوویە و هاتیە. گەر کو وی خوەستبانا کاربیبوو نەچ جەنگی. ژ دەرگستیا خوە ب گەلەکی ناڤسەرتیر بوو. لێ ئەڤین دژوار بوو. د داویێ دە مەمدوح سەلیم بەگێ جەنگێ هەلدبژێرە و دکەڤە سەر ریا ئاگری. جەنگ، رەبەن، برچیبوون و تێکچوون.

مەمدوح سەلیم بەگێ ب ڤەگەرا خوە یا ژ جەنگێ دبینە کو دەرگستیا وی ب دەولەمەندەکی عەرەب رە زەوجیە. د پەی ڤێ یەکێ رە ئێدی مەمدوح سەلیم بەگێ دکەڤە. و مەمدوح سەلیم بەگێ ب کەتنا ئەڤینەکە غەدار رە، کەتنا تێکچوونێ ژی دژی. هەر چقاسی دکەڤە ژی دیسا کار و خەباتا خوە یا پۆلیتیکی کێم بە ژی ددۆمینە. ئەڤ رۆمان ترادەژیەکە راست و نوویە.

دڤێ رۆمانێ دە زمانێ مەحمەد یێ هۆستە، زمانەکی نوو یێ رۆمانێ یە. و مەحمەد ب ڤی زمانی تەسویرێن سادە دنڤیسینە. هەر تشتی وەها سادە دنڤیسینە کو مەرڤ ب ڤی زمانی سادە ب سحرێ دکەڤە. مەرڤ د ناڤە ڤێ سحیرداریێ دە سەرگێژ دبە، دوەستە. تیپێن رۆمانێ ژی ساخلەمن. تیپێن وێ ژی ب هەموو سادەییێ هاتنە ڤەگۆتن. وەها ب زمانەکی سادە کو مەرڤ کاربە بنڤیسینە، شانێ هۆستاییێ مەزنە.

تاسویرێن وێ بێی کو ل بەر چاڤێن مەرڤ کەڤە مینا زمانێ دەستانان هاتیە هونادن. مەحمەد د تەسویرێن خوە دە گەهیشتیە ئاوایێن ڤەگۆتنێن خوەزاییێ یێن نوو. خوەزایا وێ مینا ڤەگۆتنا دەستانێن مەزن سادەو دەولەمەندە. پشتی کو من ئەڤ رۆمان خلاس کر، دەمەکە درێژ ئەز ژ سێحرداریێن مەحمەدێ سێحردار خلاس نەبووم، من رۆمان ب مەمدوح سەلیم بەگێ رە ژیا.

ئەز بوومە دۆستەکی وی، من ئەو ژ نووڤە ئافراند، ئەز ژێ غەیدم، دلێ من پێ شەوتی، من ئەو بچووک دیت، و من خوەست کو ئەز بگهەمە هێزا سیحرا مەحمەد یا رۆمانڤیسەریێ. د داویێ دە من گۆت کو ئەو قابیلیەتەکە وەها مەزنە و ژ زمانێ مەزرابۆتایی ژینداری هەری کەڤنار، ژ زمانێ کوردان ئێ دەولەمەند رۆمانەکە وەها ژ بۆ گەلەکی بەختیاربیە، هەگەر کو مرۆڤ ژ ڤی زمانێ کەڤنارە رۆمانێ بئافرینە، رۆمانەکە وەها چێنەبە وێ ژ چ چێببە؟ چمکی تایبەتیا زمانان ئاوایێ رۆمانێ، شعران، ئاواهیا وێ، ژ بلی ڤێ ژی هەتا ناڤەرۆکێ وێ ژی تایین دکە.

مەحمەد ئوزون هۆستەیێ زمانەکی وەها یێ یەکەمە. کەڤرێن ئەنیشکا رۆمانا کوردی ئا پێشە رۆژێ دانی. ئەڤ شاهنازی یا وی یە. د ڤێ دەمێ دە ئیمزا ئاڤێتنە بن رۆمانەکە هۆستایی و زمانێ رۆمانەکە نوو، نەکارەکی هێسانی یە، مەحمەد ئوزون ب سەرەکی بلند ژ بن ڤی بارێ سەخت رابوویە. د پەی ڤێ دەستپێکا شاهناز رە، ژ ڤی زمانێ مەزرابۆتاییێ هەری کەڤنارێ دەولەمەند دێ ئەدەبیاتەکە گرانبها، ب تایبەتی رۆمانێن گرانبها دەرکەڤن.

* * *

پشتی ئەڤ پێشگۆتنا سلال دچاپا ئەلمانی و ترکیا رۆمانا ناڤبری دە بەلاڤبووی گەلەک رۆژنامە و گۆڤاران وەرگراندە سەر زمانێ کوردی و ژبەر گرنگیا وێ ل سەر رووپەلێن خوە بەلاڤکرن، ژ ئەوانا گۆڤارا هەلوەست هەژمار (٣)، کو ئەو بوویە ژێدەرا چاپا نوی یا رۆمانا سیا ئەڤینێ کو ئەو ژی دگەل هەموو بەرهەمێن (مەحمەد ئوزون)ی دە بەلاڤبووی.

ژ بۆ ئاگاداریا خویندەڤانێن کوردستانا باشوور ژی، مە ب فەر دیت کو رێنڤیسا وێ وەرگەرینە شێوەیێ نها ل هەرێمی ب کاردێت و، ل گۆڤارا رامان دە بەلاڤ بکەین.

مەحمەد ئوزون ژی یەک ژ رۆمانڤیسەرێن مەزنێن کورد تێ هەژمارتن، ل سالا (١٩٥٣)ێ ل باژارێ سێورەگی ژ دایکبوویە. ل سالا (١٩٧٧)ێ چوویە سوبدێ و، وەکە نڤیسکارەکی چالاک کارێن خوە یێن نڤیسکی ب زمانێن کوردی- ترکی- سویدی کرنەو، بەرهەمێن وی هەری بەلاڤ ئەڤن:

- تو- رۆمان- ١٩٨٥.
- مرنا کالەکی رند- رۆمان ١٩٨٧.
- سیا ئەڤینێ- رۆمان ١٩٨٩.
- رۆژەک ژ رۆژێن عەبدالێ زەینکێ- رۆمان- ١٩٩١.
- دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی- لێکەرین- ١٩٩٢.
- هێز و بەدەویا پێنووسێ- پەخشان- ١٩٩٣.
- مرنا عەگیدەکی- دەستان- ١٩٩٣.
- ئانتۆلۆژیا ئەدەبیاتی- ١٩٩٥.
- ئانتۆلۆژیا ئەدەبیاتا کوردی- ئانتۆلۆژی- ١٩٩٥.
- بیرا قەدەرێ- رۆمان- ١٩٩٥.
- زمان و رۆمان- هەڤپەیڤین- ١٩٩٧.
- رۆنی مینا ئەڤینێ، تاری مینا مرنێ- رۆمان- ١٩٩٨.
- هاوارا دیجلەیێ- رۆمان- ٢٠٠٣.

چەندین بەرهەمێن وی یێن دن کو ب ترکی و سویدی بەلاڤبووینە، هێشتا ب کوردی نەهاتینە بەلاڤکرن و، ژ بلی کو چەندین جار و ژ ئالیێ گەلەک دەزگەهێن رۆشنبیری ڤە هاتیە خەلاتکرن.

ل سالا ٢٠٠٦ تووشی نەخۆشیەکە کوشندەبوو و، د هەڤرکییەکا پڕ گران دە مرن ل سەر زال بوو و، نکاری بوو بەرهەمێ خوەیێ داویێ ئەوێ دەربارەی مەلایی باتەیی دنڤیسی تەمام بکەت.

# شیعر شێوەیەک داهێنانە

**کەریم حیکمەتی**
**(بۆکان)**

وەک ژانرێکی هونەری کە باس لە شیعر دەکرێ، خێرا کۆمەڵێک پرسیار بە مێشکا دێ و بەرەنگاری ئەو دەقانە دەبنەوە کە وەک شیعر ئاراستەی خوێنەر دەکرێن.

– یەکەم: شێوەی داڕشتن لەم دەقە شیعرییەدا چلۆنە؟

– دووەم: شاعیر تا چ ڕادەیەک توانیویە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکات؟

– سێیەم: شاعیر تا چەندە توانیویە ئەزموونەکانی خۆی بگوازێتەوە ناو دەق؟

– چوارەم: خوێنەر تاچ ڕادەیەک چێژ لە دەقەکە دەبات؟ واتە دەق تا چ حاندێک لەباری ئەفسانەییەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر هەیە؟ یان باشتر وایە بڵێم دەق تا چ سنوورێک بەرووی خوێنەردا ئاوەڵایە؟ ئاخۆ دەق لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خوێنەردا ئامێزێکی کراوەیە، یان خۆ دەریچەیەکی گاڵە دراوی مرومۆچی فەرمانسالارە؟

بەلای منەوە دەقێکی چالاکی شیعری ئەو دەقەیە تا ڕادەیەکی بەرچاو لە بووژانەوەو نوێبوونەوەی ئاگایانە چێژی وەرگرتبێ و ئەم بووژانەوەیەش تاک ڕەهەند نەبێ.

واتە شاعیر تەنیا لە بوارێکدا ئەم کارە نەکا پێویستە باسەکە هێندێک بکرێتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر شاعیر دەیەوێ ڕێساکان بشکێنێ، بەڵام بەو مەرجەی کە کۆمەڵێک وردەکاری و جوانی و خەیاڵ و وێنەو... تووڕ نەدات.

بۆ نموونە تەنیا بە هەنجارشکێنی شێوەییەوە خۆی نەبەستێتەوە، بەڵکو دەبێ وێڕای شکاندنی ئەم هەنجارانە ساختومانێکی نوێ بە کۆمەڵێ بیر و وێنەو ڕیتم و مۆسیقاوە ئاراستە بکا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم

که مەبەستم لە تاک ڕەهەند بوونی شیعر ئەمەیە کە تەنیا بە جێگۆڕکێیەکی ڕواڵەتی وشەکان (پاشوپێش) کردن، دەقێکی بەپێزی شیعری ناخوڵقێ، بەڵکو ئەم بووژانەوەیە دەبێ هەمەلایەنەو بنەڕەتی بێ، ڕوانینی نوێی شاعیر هەموو بەشەکانی وشەو خەیاڵ و وێنە و داڕشتن و مۆسیقاو... بگرێتە خۆ. واتە ئەگەر شاعیر لە وێنە کەڵک وەردەگرێ دەبێ تەسویر و وێنەکانی تازەو دەستکردی خۆی بن.

بۆ وێنە تەسویرێکی عەبدوڵلا پەشێو دەخەمە بەر چاو (من ئەسپی با لغاو دەکەم!) ئەگەر شاعیرێکی دیکە دیسان هەر ئەم وێنەیە بێنێتەوە، یان ئەم جۆرە دەستکاری بکا، (من دەکەم ئەسپی با لغاو)، یان من سواری ئەسپی با دەبم، یان ئەسپی با زین دەکەم، بێ گومان نەک هیچ داهێنانێکی نەکردووە، بەڵکو پاشەڕۆک خۆرێکە تەواو.

جا ئێستا هەر لە ڕوانگەی ئەم باسەوە بەرهەمی دووەمی شیعری سولەیمان ئەحمەد زادە (سیابەخت) بەناوی (درۆکانیش ڕاستەقینە بوون) دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم باسەش بە پێویستی دەزانم کە سەرەتا چاوێک بەیەکەم بەرهەمی سیابەخت واتە «تراژیدیای بێ کۆتایی»دا بخشێنین.

سیابەخت لە تراژیدیای بێ کۆتاییدا کەڵکەڵەیەکی زۆر و زەوەندی تازەگەری هەیە. هەوڵی داوە لە شێوە داڕشتن و دەربڕینەکانی دەوروبەری خۆی هەڵاوێرێ، فۆرمێکی جیاواز بە بەر هۆنراوەکانی دابکات، بەڵام سیابەخت هێندە ڕواڵەتی پێداگری لەسەر ئەم تاقیکارییە نوێیە دەکات کە هۆنراوە دەگەیەنێتە ئاستی پازێل، یان گەمەیەکی وشەیی مۆسیقاو تەسویرو خەیاڵ و جوانیناسی بەگشتی فەرامۆش دەکات. بۆ نموونە لە شیعرێکی لاپەڕەیی کتێبی تراژیدیای بێ کۆتاییدا دەڵێ:

**ئازاد شەیتان**
**ئەوێت منی؟**
**یان تۆ ئازاد!!**
**ئەی وێت شەیتان؟!**
**ئەی**
**داد**
**بێداد!**

**بەسەرتان**
**ڕۆ**
**تانەخاوە**
**بخێنە ڕۆ**
**خانووچکەکەت!**

هەر لە درێژەدا دەڵێ:
**نۆژەکە ئەم؟/ بەستووە دات/ هەر ژەمە/ پێنج**

واتە ئەم نوێژە کە پێنج ژەمە دات بەستووە. بەلای منەوە ئەم تاقیکارییە گەمەیەکی وشەیی و شێوەیەک فەرمانسالاری شاعیر بەسەر خوێنەردا دەیسەپێنێ، لەمەڕ ڕاست کردنەوەی وشەکان و گەڕاندنەوەی وشەکان بۆ جێگەی خۆیان، سیابەخت ئەم تاقیکارییە دەگوازێتەوە بەرهەمی دووەمیشی و لە هێندێک لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە شیعری ژمارە ٤و ٥ی لاپەڕەی ٤ی (درۆکانیش ڕاستەقینە بوون) دەخەمە بەرچاو،

**بچووک**
**جەستەم،**
**هێندە!**
**دەستی،**
**کەلەپچە،**
**نایکا!**
**قۆڵبەستی!!!**

کەواتە جەستەم هێندە بچووکە کە دەستی کەلەپچە قۆڵبەستی ناکا!! یان زیندوو تابووین/ گۆڕخانەی ئاوات/ سینەمان!/ مردین گەریش!/ گڵکۆمان هەرە بۆ، نەمان.

هەڵبەت شاعیر لەبەرهەمی دووەمدا ئەم گەمە وشەییە جار لەگەڵ جار بەرتەسک دەکاتەوە ئەگەر هێندێ جاریش کەڵکی لێ وەردەگرێ، ئەوە زۆر هۆشیارانە مامەڵەی لە تەکدا دەکات و هزرێکی جوان و قووڵی ئاوێتە دەبێت و ڕێگەش بە خوێنەر دەدات تا لە دەقدا بەشدار بێت و خۆی لە تاک ڕەهەندی و فەرمانسالاری دەرباز بکات، بۆ نموونە لە شیعری (درۆکانیش ڕاستەقینە بوون)دا دەڵێ:

**(خولەکێ «بێدەنگی»**
**لە پرسەی...**
**شیعر و گۆرانیا**
**بە تفەنگەکان و**
**دابلێین!!)**

* دا بە تفەنگەکان و بلێین لە پرسەی شیعر و گۆرانیا خولەکێ بێ دەنگ بن.
* بۆ پرسەی شیعر و گۆرانی بە تفەنگەکانتاندا هەڵبلێین.

وەک دەبینین لێرەدا دەسەڵاتی زمانی شاعیر چڕ دەکا بەرەو چەند تۆیی بوون هەنگاو دەنێ، وێڕای ئەوەی کە ئەم پرسیارەش زەق دەبێتەوە کە ئاخۆ چ پێوەندییەک لەگەڵ شیعر و گۆرانی و کڕ بوونی تفەنگدا هەیە؟

فرۆید دەڵێ: دووجۆر مەیل و غەریزە لەمرۆدا هەیە، یەکەم مەیلی ژیان دووەم مەرگ.

مەیلی ژیان ئەویندارى و ئاواکەری بەدواوەیە، (شیعر و گۆرانی) مەیلی مەرگیش وێرانکەرە (تفەنگ، شەڕ و توندوتیژی)

شاعیر تەنیا لەم کۆپلەدا وێڕای ئەوەی کە بە کەمترین وشە زۆرترین بۆچوون و مانا دەردەبڕێ، دیموکراسی دەقیش دەپارێزێ و خوێنەر بەرەو دەقێکی فرە ڕەهەندو ڕاڤە هەڵگر بانگهێشتێ دەکا.

هەر وەکو ئاماژە کرا شیعر وەک نوێنەری ژیان بە گوتنی شاملو «خودی ژیان» بانگەشەی عاتیفەو ئەویندارى دەکاو توندوتیژی تەنانەت لە دیمەنی ئاخاوتنیشدا ڕەت دەکاتەوەو ئاواتی ئەوەیە وشەی توندو گوللە ئاسا بسڕێتەوەو لە ئامێزی ژیانیان دەربهێنێ.

**(لێرە**
**لەسەر**
**ڕانی شیعر**
**گوللەی وشە**
**ئەچێتە خەو!!)**

جگە لەمە شاعیر لە نماد وەکو خودی بەرهەمی هونەری زۆر سەرکەوتووانە و شارەزایانە کەڵک وەردەگرێ و هەوڵ دەدا تا بەم کەرەسەیە خوێنەر بەرەو بیر و پانتاییەکی قووڵ و بەرین ببات.

**لە ئاسمانا...**
**کە**
**دا**
**با**
**ری**
**خۆی بۆ زەوی**
**کردە دیاری!**
**نەرم نەرم!!**
**ڕوحی**
**با- دا- ن**

شاعیر لەم شیعرەدا بەشێوەیەکی نمادین لەزەوی، یان نیشتمانێک دواوە کە باران، یان ئەویندارەکەی بۆ جوانی و سەربەرز بوونی هەڵۆ ئاسا خوێنی خۆی بەسەریدا پێشکەش دەکات.

بێ گومان یەکێک لەو پێداویستییانەی کە هونەر بە گشتی و شیعریش بەتایبەتی قووڵ و بەرین دەکاتەوە، هزرو فەلسەفەیەو ئەو بۆیانەی کە دەڕژێنە دەقی شیعرەوە، جگە لە پتەوکردن و قووڵ کردنی ئەسەرەکە لە هەرمانیەتی بەرهەمەکەشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە.

**دەتوێت؟**
**بباریی؟؟**
**چەندە هەوربووی!؟**
**ئاخر!؟**

**(هەڵۆ گەر نەیەتەدەر، لەلانێ**
**تیر ڕێژی مانگ و خۆرەتاو دەزانێ؟)**
ناسر خوسرەو

**جگە لە درۆ..**
**داویان نییە،**
**ئەو ڕاوچییانەی...**
**کەڕاوکەری**
**ڕاستەقینەن!!**

# نویشکێک لەبارەی ئەدەبیاتی ئەمریکای باشوور

ئا: ئازاد عەبدولواحید

بەر لەهاتنی سەدەی بیستەم هیچ جۆرە ئەدەبێکی سەربەخۆ لە ئارادا نەبوو ناوی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین بێت، بەڵام کاتێکیش بەدەرکەوت هەر زوو لەسەر گۆڕەپانی ئەدەبیاتی جیهاندا بوونی خۆی سەلماند، لەو کاتەدا ئەو ئەدەبیاتە، یان ئەوەی لە پاشاندا ناوی لێنرا ئەدەبی ئیسپانیایی- ئەمریکایی کە لە دەیەکانی بەرایی سەدەی ڕابردوومان سەری هەڵدا، واتە ئەو ئەدەبەی بە چەند پشت و وەچەیەک لەپاش ئەدەبیاتی گەلانی دیکەوە هاتە پێشێ، بلیمەتی گەورە و ناسراوی دابووە کوڕ و نەوەکانیان و پێی ناساندبوون. بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی فەرەنساییدا زۆر نووسەر دەبینین لەژێر کاریگەریی قەڵەمە سەرئامەدەکانی ڕابردوویان دەیاننووسی وەک: بەلزاک، فلوپێر، ستاندال و کەسانی دی، بە پێچەوانەی نووسەرەکانی ئەمریکای باشوور، کە پێویست بوو لەسەریان لەهیچەوە، یان بڵێین لە بۆشاییەوە دەست پێبکەن و پەراوێز بوون و پاشکۆیاتی هەموو جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکی ئۆرووپییەکان لەشانی خۆیان دابتەکێنن، پاش ئەوەی بەدرێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ لەژێر باری قورسی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم ناڵاندیان. هەرچەندە قسەکردن لەو بارەیەوە زیاتر قسەکردن دەبێ لە بارەی ڕۆمانەوە، بەواتای قسەکردنە لەسەر (پەخشان) نەک شیعر، بەڵام هەر دەبێ ئاماژە بەسەرهەڵدانی ئەو ئەدەبە بدەین کە لەسەر دەستی دوو شاعیری گەورەی وەک (پاپلۆ نیرۆدا)ی چیلی و (ڕۆبین داریۆ)ی نیکاراگوا هاتە گۆڕێ کە بە شیعر دەستیان پێکردووە.

هەرچی ڕۆمانی ئیسپانیایی- ئەمریکاییە، ئەوە دەتوانین ئاستی پەرەسەندنەکەی بەسەر سێ قۆناغدا پۆلێن و دابەش بکەین. قۆناغی یەکەم کە قۆناغی پێش ساڵانی چلەکانە، ئەو قۆناغەی ڕۆماننووسین بە دووپاتەخوازی و تەقلیدییەت و گیرخواردن لەناو قۆزاغەی ئیقلیمگیری گیری خواردووە و پێی دەناسرێتەوە، بۆ ئەو قۆناغە ڕۆمانی (دۆنا باربارا)ی ساڵی ١٩٢٩ باس دەکەین کە هی نووسەری فەنزەوێلایی (گالیفۆس)ە کە لە کارەکانیدا ململانێ و زۆرانی نێوان هێزە سەرکوتکارەکان و کێشەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکرد. پاشان ڕۆمانەکەی (غوزمان) بەناوی (هەڵۆ و مارەکە) دێ کە بۆ نەمر کردنی شۆڕشی

مـەكـسـيـكـيـيـەكـان تەرخـان كـراوە، هەرچی ڕۆمـاننووس (ئەللیگریا )یە، ئەوە لە چیرۆكی (ئەو جیهانە فراوانە)دا ئەو چەوسانەوەیە سەركۆنە و شەرمەزار دەكا كە لە پیرۆ بەسەر گەلانی هیندییە سوورەكاندا هات.

دواتر قـۆناغی چلەكـان و پەنجـایەكـان دێت كـە تێـیـدا ڕۆمانووسی كوبایی (ئەلیخۆ كاربنتیر)ی تێدا بەدەركەوت كە پلەوپایە و مەقامی ڕۆمـانی لە ناوچەكەی خۆی بە هۆی ڕۆمانە جوانەكەی (مەملەكەتێكی ئەو جیهانە) بەرز كردەوە كـاتێ ڕۆمـانەكـەی لە سـاڵی ١٩٤٩دا بڵاوكـرایەوە، بەو ڕۆمـانەشی توانی ڕەنگی هێـڵـێكی سـەرەكی و گـشـتـیی ڕێڕەوێكی نوێ بڕێژێ كە لە پاشاندا نووسەری فـەنزەوێلایی (ئۆسلا بینزی) هات و بەناوی (ڕیالیستی ئەفسوونگەرانە – الواقعـیـة السـحریة) ناوزەدی كرد و هەر بەو ناوەش بڵاو بووەوە و زاراوەكە ڕۆیشت. هەر لەو سەردەمەشدا زۆر كاری جـوان دەركـەوتن كـە شـایانی ئەوەن ناویان بهـێنرێ و باس بكرێن لەوانە: (زەوییـەكی بێ خاوەن) كـە هی ڕۆمـاننووس (ئۆنیـتی) بوو كە لە ساڵی ١٩٤١دا بڵاوكرایەوە، هەروەها ڕۆمـانی (خـەیاڵات) كـە لەسـاڵی ١٩٤٤ خورخی بۆرخێس بڵاوی كردەوە، هەروەها ڕۆمـانی (تونێل) كە هی ئێرنستـۆ ساباتۆیە و لە ساڵی ١٩٤٨دا بڵاوی كردەوە.

دوا قۆناغیش، قۆناغی شەستەكانە تا هەشتایەكان، ئەو قۆناغە بەرەنجامی نووسینی كۆمەڵێ ڕۆمانی ئەزموونگەرانە بوو كـە بەهۆیانەوە سێ كـاری جـوانی سێ نووسـەری ئەمریكایی- لاتینی خۆیان كوتایە ناو بەرنامەكانی خوێندن لە ئیسـپانیـا ، ئەوەش بۆ خۆی دەسكەوتێكی گەورە بوو كە هەریەكە لە (روسۆلۆ كایلواز) و (كو زمان) و (ئەللیگریا ) لە ڕێگەی كارەكـانیـانەوە ئەدەبیـاتی (خـاك) و (هیندییە سوورەكان) و (شۆڕش)یان بەدی هێنا و بەرجەستە كرد.

لە قـۆناغی ئەزمـوونگەریدا ڕۆمـان وەك دیاردەیەك بەدەركـەوت كـە دەكـرێ سـەرەتایەكـەی بە سـاڵی ١٩٦٢ دابنێین، كـاتێ پەیڕەوانی ئەو ڕێبـازە لە چیلی لەزانكۆی (كونسبسیۆن)دا كـۆبوونەوە، لەپێـشـەوەی هەمـووشیـانەوە (كاربنتیر)ی كوبایی و ئیستوریاس-ی گواتیمالایی بوون، هەر لەوێدا ڕۆمان پێی نایە چاخی زێڕینی خۆیەوە كـە وەك دەڵێن هەر لەوێش بوو ڕۆمـان فـتیلی تەقـینەوەكـەی خۆی داگیرساند، لەو كاتەشەوە ئەم دوو جەمسەرە لە ئەمریكای لاتیندا بەدەركـەوتوویی و ناسـراوی مـانەوە، تا لە دواتردا گـابریل گـارسـیـا مـاركـیـز ناسرا و درەوشـایەوە، بەڵام ددان پێـدانانی نێـونەتەوەیی بەڕۆمـانی ئەو ناوچەیە لەپاش سـاڵانێكی دوور و درێژ و لەو كـاتەوە هات كـاتێ لەنێـوان ساڵەكـانی ١٩٧٧، ١٩٧٩، ١٩٨٠دا یەك بەدوای یەكـتـر هەر یەكـە لە (كـاربنـتـیـر) و (بۆرخـێس) و (ئۆنیـتـی)، گرنگترین خـەڵاتی ئەدەبیی ئیسـپانیایان بەدەست هێنا كە ئەویش خـەڵاتی (سـرڤـانتس)ە، بەمـەش نێـوەندە ئەدەبییەكانی ئیسپانیا لەو لووت بەرزییەی خۆیان دابەزین و



**پاپلۆ نیرۆدا**

چیـتـر نەیانتـوانی لە ئاسـتی قـەڵەمی ئیـسـپـانی نووسی ئەمریكای لاتین خۆیان بێدەنـگ و نەبان بكەن و كارەكانیان دیزە بە دەرخونە بكرێ، ئەوەش ئەو كاتە بوو كە ئیستوریاس و گابریل گارسیا ماركیز چاوەڕێی بوون و لە ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٨٢دا پەی دەرپەی خەڵاتی نۆبڵیان بەدەست هێنا و ئەو خـەڵاتەیان لەژێر دەستی لیـژنەكـە ڕفاند. لێرەدا بۆ دەست نیشان كردنی دیدگا و تێڕوانینێكی هەمەلایەن سەبارەت بە تایبەتمەندیی نووسەرانی ئیسپانیایی- ئەمریكایی دەتوانین خەسڵەتی هەر یەكێكیان بە مانشێتێك زەق بكەینەوە. لە ڕۆمـانەكـانی (مـیكیل ئەنخل ئیـسـتـوریاس)دا كە خـەڵاتی نۆبڵی بەدەست هێنا، ئیـسـتـوریاس هەوڵی دا سـەركـەوتوانە زمانی نێوان شیـعر و سیاسەت لەگەڵ یەكتر تێكەڵ بكا و پێكەوە كۆیان بكاتەوە و لەمەشدا وەك كەسێكی باڵا دەست بەو تایبـەتمەندییـەی خۆیەوە مایەوە تا ساڵی ١٩٦٧ كـۆچی دوایی كرد، بۆیە تا درەوشانەوەی ئەستێرەی گابریل گارسیا ماركیز لە ساڵی ١٩٨٢دا وەك سەرچاوەیەك بۆ ڕەخنەگران دەمێنێتەوە.

هەرچی ئیرنستۆ ساباتۆیە كە نووسەرێكی ئەرژەنتینییە و ڕۆمـانی (ئەلكسندرا)كەی ڕەواجی زۆری هەبوو و لە سـاڵی ١٩٦١دا ناوودەنگی پەیدا كرد، ئەو ڕۆمـاننووسە زۆر خۆی بە چەمكی ڕیالیستەوە سەرقاڵ كردبوو، چونكە پێی لەسەر ئەوە دادەگـرت كـە ڕۆمـان دەست كـورتە لە نیـشـاندانی ئەو واقیـعەی هەیە، بۆیە پێـویست بوو هەوڵ بدات ئەو واقیـعە نیـشـان بدات و سـەرنجی خـوێنەرانی بۆ ڕابكێـشێ، لەو ڕوانگەیەوە دەڵێ: پێویستە ڕۆمان لەمڕۆكەدا لە ڕواڵەتە زۆر ئاڵۆزەكانیشیدا هەوڵ بدات وەسفێكی هەمەلایەنی مرۆڤ بە هەمـوو خولیا و حەز و خواستـە تایبـەتییـەكانی خۆیەوە تا



**ئیرنستو ساباتۆ**

دەگاتە ئەو مەنتیقییەتەی لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە پێشکێش بکات، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو لایەک (کانت) و (جیروم بوش)، (بیکاسۆ) و (ئینشتاین)، (ڕیلک) و (جەنگیزخان) پێکەوە کۆبکەینەوە. بەقەدەر ئەوەش کە ناتوانین ئەو جۆرە چەمکە هەمەلایەنە پێشکێش بکەین، پێویستە لەسەرمان داکۆکی لەمافی خۆمان بکەین بەرانبەر بەو جۆرە نووسینانەی کە کەمترین شتێکیان پێ بوترێ دەبێ پێیان بڵێین ڕۆمانی لاساییکارانە و داماڵڕاو و شێواو، لەو بیروڕایەشدا (ئەلیخو کاربنتیر) (کە وەرگری خەڵاتی سرڤانتس)ـە دەچێتە پاڵ هەمان بیروڕاوە. ئەو دیبلۆماتکارە کۆباییەی پێشوو لەپاریس دەڵێ: هەموو شتێک لەلای ئێمەدا خورافەیە، ئەوەش بۆ ئۆرووپاییەکان بووەتە دیاردە و نیشانەی زەقی ژیانی ئێمە لە ئەمریکای لاتیندا، هەر ئەوەش ئێمە لەوان جیا دەکاتەوە، چونکە ئەوان چەمکی خورافەیان لەدەستداوە، کە ئەمەش جێگەی بایەخی (کاربنتیر)ـە بە حوکمی جێگۆڕکێی خۆی لەنێوان ئەو دوو کیشوەرەدا، چونکە هەوڵی دەدا ئەو زۆرانبازی و ململانێیەی نێوانیان بەرچاو بخات، بۆیە ئاراستەی ڕۆمانەکانی بەرەو گەڕان و سۆراغ کردن بەدوای بیرێکی هەمەلایەن کە دوو جیهان لەگەڵ یەک کۆ بکاتەوە ڕۆیشتووە کە بەسەر دوو لادا دابەش بوون.

لە مەکسیکیشەوە ڕۆمانی (بیدرۆ بارۆمەر-١٩٥٥) ناوبانگی دەرکرد کە هی خوان ڕۆلفۆیە، ئەم ڕۆماننووسەش بەوە دەناسرێتەوە کە هەموو جۆرە کەرستەیەکی ڕۆمان و شێوازەکانی بەکاردەهێنێ، زۆریش بەسەر کات و شوێندا زاڵە و بیروڕایەکان لە هەموو گۆشەنیگا و باری سەرنجەکانەوە بەخێرایی لەنێوان پاڵەوانەکانی خۆی دەگوازێتەوە، بۆیە نووسینە کەم و پوختەکانی بەشداربوون و هەوڵیان دا هۆکاری داهێنەرانەی خەللاق لەناو ئەدەبیاتی ڕۆڵەکانی زمانەکەی خۆیدا پێش چاو بخات.

کەواتە کەمێک لەبەروبووم و بەرهەمی هزر دەتوانێ سەرنجڕاکێش و باش بێ، ئەمەش ئەو ڕۆمانە تاقانەیەیە کە ناوی (بەهەشت- ١٩٦٠)ی (لیزا مولیما)ی کوباییە کە لە ساڵی ١٩٦٧ کۆچی دوایی کردووە، ئەم ڕۆماننووسە بەسەرکەوتوویی خۆی لەناو تانوپۆیەکی زمانەوانیدا دۆزییەوە، لە شوێنی خۆیەوە و ئەو کاتەی کە لەیەکێتی کوبییەکان دابوو بەشداری لە ڕسکان و سەرهەڵدانی بزاڤێکی ئەدەبی پێشڕەوانەدا کرد، بۆیە بووە مایەی بەرجەستەکردن و وەرچەرخان و قەڵەمبازێکی زێدەباری دیکەی خستە سەر خەرمانی ئەو ئەدەبیاتەوە، هەروەها دوو نووسەری دیکەش هەبوون خەڵاتی (شیرفتس دیتسمان)یان بەدەست هێنا، کە بەدوو ئاراستەی جیاوازدا دەڕۆیشتن، یەکێکیان شاعیر و ڕۆماننووس خورخی بۆرخێسە کە بە نابینایی خۆی تەنیا حەقیقەتێکی سەرەکی دەبینی کە ئەویش لەناو خودی کارەکە و پاڵنەرە هاندەرەکانی کارەکەدا مت بووە. هەرچی خوان کارلۆ ئۆنیتییە (کە لە ئیسپانیا لەدایک بووە، بەڵام لەسەر نووسەرانی ئەرژەنتینی حیساب دەکرێ، زۆربەی تەمەن و ژیانی خۆشی لەوێ بەسەر بردووە)، پاشتر لە ساڵی ١٩٤٤دا وەک ڕۆماننووسێک بەدەرکەوت و ناسرا، ئەو وەچەی چلەکانی وەک وەچەیەکی ون بوو وێنا و بەرجەستە دەکرد کە لە نێوان دەسەڵاتخوازی ئۆرووپاییەکان و دیکتاتۆرییەتەکانی ئەمریکای لاتین ون ببوون، تا وای لێهات گومانی لە هەموو شتێک دەکرد، بەتایبەتی کاتێ وتی: (من نووسەر نیم (قسەکەی خۆی ڕاست دەکاتەوە)، بگرە من نووسەرم کاتێ دەنووسم و بەس).

ڕۆماننووسین لەم کیشوەرەدا هەر لە سەرەتاوە ئەوەی لە چارە نووسرابوو کە شۆڕشگێڕ بێ، پێویستە ئەوەش بڵێین زۆربەی جار ئەم کیشوەرە شانۆیەک بووە بۆ سازشکاری بازرگانانە و قەڵەمە بەکرێ گیراوەکان و ئەو زۆران و ململانێیەی لەنێوان جەمسەرگەلی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی مەکسیک و بۆینس ئایرس و لەنێوان بەرشلۆنە و پاریس ڕوویان دەدا، کە سەرنجیش دەدرێ ئەو قەڵەمانەی بوونە هۆی بەنێوبانگ بوونی ئیمپریالیەتی (یانک)ی ئەمریکایی، ئەو جۆرە قەڵەمانە هەمیشە پشتیوانی ماددییان لێ دەکرا و بەهەموو شێوەیەک لەلایەن دامودەزگایەکانی (ڕۆکلفر) و (گوجینهام) پاڵپشتییان لێ دەکرا، تا کۆتاییەکەی بەوە دەشکایەوە و دەبینرا ئەوانە ڕۆژێ لە ڕۆژان میوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبوون، تەنانەت جەمسەرێکی نوێ و گرنگ لەنێو ئەم پێشبڕکێ و کێبەرکێیەدا پەیدابوو بۆ هێنانە ئارای خەڵاتێکی ئەدەبی بەناوی (ماڵی ئەمریکییەکان) کە لەکوبا



**ماركيز**

دەدرا و بووە هۆی ڕاكێشانی زۆربەی هزرڤان و بیرمەندەكانی ئیسپانیایی و ئەمریكایییە-لاتینییەكان، ئەوەش لەو كاتەدا ئەنجام درا كە خەریک بوو ڕۆمان لە سایەی دەسەڵاتی فرانكۆ دەخنكا و لە پەلەقاژەدا بوو، هەر ئەو كاتەش هزرمەندەكان لە دوو سەنگەری جیاوازدا وەستان و خۆیان بینییەوە، ڕۆماننووس (فۆنتس) و (فارگاز لۆسا) لەلایەک و (گابریل گارسیا ماركیز) و (كورتاذار) لەلایەكی دیكەوە، بەرانبەر یەكدی وەستانەوە، بەڵام ئەو بەرهەمانەی ئەو نەیار و سەنگەرە جیاوازانەی لێكتر جودا كردەوە چین؟ لەبارەی كارلۆس مۆنتس-ەوە دەوترێ هەر كەسێ بیەوێ مەكسیكی هاوچەرخ بناسێ، ئەوە ڕوو ناكاتە خوێندنەوەی بواری ئابووری، بەڵكو دەكەوێتە خوێندنەوەی (مۆنتس) كە بەناوبانگترین و ناسراوترین ڕۆمانی (مردنی ئەریتمبۆ كرۆز)ـە كە لە ساڵی ١٩٦٢دا نووسراوە و باسی گۆڕانی وڵات لە ڕووی پرەنسیپی شۆڕشگێرانەوە بۆ سەرمایەداری نوێ دەكات.

هەرچی ماریۆ فارگاس لۆسایە كە خەڵكی پیرۆیە و بە یەكێک لە نووسەرە گەنجە خاوەن بەرهەمە زۆرەكان دەژمێردرێ، ڕۆمانەكەی (ماڵی سەوز) لە ڕیزی دە ڕۆمانە یەكەمەكانە كە لەناو ئەمریكای لاتین زۆر بە هەرمێنە و ڕەواجی هەیە، لەو ڕۆمانەشدا توانایی و دەسەڵاتی خۆی لە گرتنە بەری حەوت ڕێگای ڕۆماننووسانەدا سەلماند. لە سەروبەندی هەوڵی پێشوازی كردنی پەخشكارەكانی كتێبەكانی، خانەیەكی چاپ و پەخشی ئیسپانیایی ملیۆنێک فرەنكی فەرەنسایی دایێ، ئەمەش بە مەبەستی مسۆگەر كردنی دەستپێشخەری كردن لە بەدەستهێنانی چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆمانەكەی بوو بەناوی (جەنگی كۆتایی جیهان)، بەڵام خۆلیۆ كورتاذاری ئەرژەنتینی كە ڕۆمانەكەی (ماریل ١٩٦٣) ناوبانگێكی زۆری دەركرد، ئەوە ئیسپانیاییەكان بەشێوازەكەی سەرسام بوون، كە لە ڕۆمانەكانیدا زمانێكی بۆرژوازیانە وەک كەرستەیەک بۆ داشۆڕین و لاقرتێ و گاڵتەجاری بەكاردەهێنێ.

دواجار گابریل گارسیا ماركیز دێ كە نووسەرێكی كۆلۆمبیاییە و ئەو قۆناغە زێڕینەی ئەدەبیاتی (ئیسپانیایی - لاتینی) تەواو دەكا و دەنەخشێنی، بەڵام نەیارەكانی بە لێبووكی سێركی شۆڕش ناویان دەبرد، لەكاتێكدا ڕەخنەگرەكانی لەسەر ئەوە هاوڕا بوون شاكارەكەی (سەد ساڵ لە دوورەپەرێزی) كە لە ساڵی ١٩٦٧دا بڵاوی كردەوە، ئەو ڕۆمانە نموونەیەكی چاک و جوانی ئەو ڕۆمانانەیە كە خوێنەرانی هەموو جیهان پێیان خۆش بوو بیخوێننەوە، چونكە ڕۆمانەكە بە جۆرێک نووسراوە كە پتر هونەری چیرۆک و ڕۆمانیانی لەلا خۆشەویست دەكرد، لە كاتێكدا بەرهەمەكانی تا ماوەیەكی دوور و درێژ لە لیستی خوێندنەوەی ڕۆمانەكانی جیهاندا چانسی خوێندنەوەیان نەبوو، بیروڕای ماركیزیش لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەكانی خۆی جیاوازە لەگەڵ بیروڕای كەسانی دی، چونكە ئەو ڕۆمانی (كۆلۆنیل كەس نییە بۆی بنووسێ) بەباشترین بەرهەمی خۆی دەزانێ كە ساڵی ١٩٦١ ئەمەی نووسیوە و لەو ڕۆمانەیدا ئازار و ئەندێشەی ژن و مێردێكی پیر دەردەبڕێ كە چاوەڕێی هاتنی پارە دەكەن پێیان بگات، بەڵام بەچاوپۆشین لە بیروڕای ماركیز سەبارەت بە كارەكانی ڕابردوو و داهاتووی و ئەو ڕۆمانەی خەڵاتی نۆبڵی پێ وەرگرت، ڕەخنەگر و چاودێرەكان هەر ئەو ڕۆمانەی (سەد ساڵ لە دوورەپەرێزی) بە مانگ و كارەكانی دیكەی بە ئەستێرە دەبینن.


**ژێدەر و سەرچاوە:**

**(١) رحلة في جماليات رواية أمريكا اللاتينية، د.ماجدة حمود، دمشق، إتحاد الكتاب العرب، ٢٠٠٧.**

**(٢) شعراء من أمريكا الجنوبية، سعد صائب، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٤.**

**(٣) الخطوات الضائعة، اليخو كاربنتير، ترجمة: سالم شمعون، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، ١٩٨٨.**

**(٤) النفق، ارنستو ساباتو، ترجمة، مروان إبراهيم صديق، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، ١٩٨٨.**

**(٥) مجلة ألف - باء، العدد ٧٣٤، ١٩٨٤، بغداد.**

**(٦) هەندێ سەرچاوەی دیكە.**

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

## عەدنان جەمال

عـەدنان جـەمـال لە (١٦/٢/١٩٤٥) لە شـاری کـۆیە گـەڕەکی (بەفـری قـەندی) هاتـۆتە دنیـاوە. دەربارەی ئەو ناودارانەی لە کـۆیە لەم گـەڕەکـەدا هاتـوونەتە دنیـاوە، مامۆستا عەدنان گوتی: لەم گەڕەکە کە دەکەوێتە دامێنی کـۆلانێک بەرێکەوت، ئەمـبـەر و ئەوبەری کـۆلانەکـە زۆرێکیـان هونەرمـەند و ئەدیب و نووسـەر و شـاعـیـر و دەنگخـۆش و نیشـتـمـانپەروەر بوون، لە سـەرووی هەمـوو ئەوانە: هونەرمـەندی گەل (تایەر تۆفـیق) و هونەرمەندی تێکۆشەر (خالید دلێر) و شاعیری نەتەوەیی و عیشق و جوانی (عەونی) و شاعیری نیشتمانپەروەر و خاوەنی شیعـری ئەی ڕەقیب (دڵدار) و شاعیـر و ڕۆژنامەنووس (مـەجـیـد ئاسنگەر) و نووسـەر و شـانۆنووس (زەکی ئەحـمـەد هەناری) و شـانۆکـاری بەهرەمـەند (کـامـیـل بەهجـەت) و تێکۆشـەر و نیـشـتـمـانپـەروەر (سـابیـر ئیـسـمـاعـیل) و ئاوازدانەر و دەنگخـۆش و مـەقـامـزان (ئەحمەدی حەمە مەلا)، ئەم کۆڵانەش بە تایبەتی بەشی خـوارەوەی دەکەوێتـە دامێن کـۆشک و تەلاری شـاعـیـر و مەقامناسی ناوداری کورد (ئەمین ئاغای ئەختەر).

پرسـیـمـان: وەک خـوێنەرێکی بە سـەلیـقە حەز دەکـەین دەربارەی مـێژووی کـۆیە بە گـشـتی و مـێژووی گـۆرانی و مـەقـام و موزیـکیش لەم شارە دێرینە بە تایبەتی، نەختێ بۆمان بدوێیت؟

گـوتی: مـەگـەر وەک دڵۆپێک لە دەریایەک باسی بکەم! چونکە ئەم باسـە وەک دەریایەکی قـووڵە، بەڕای من ئەم کـارە لێژنەیەک بیکات باشە، دیارە شاری کۆیە مێژووی



**عەدنان جەمال**

چەند هەزار ساڵەیە، بۆ نموونە: لە سەردەمی (حاجی مەلا ئەسعەد)ەوە، کە دەبێتە باپیری مەلای گەورەی کۆیە، خەڵک بۆ خوێندن بۆ مزگەوتی ئەو زانایە هاتوون، بە مەبەستی خوێندن و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتن، ئینجا لە کۆیە شاعیرانی بە توانای وەک: (حاجی قادری کۆیی) و شاعیری گەورەی کورد (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و (مەلا فەتحوڵلا - کەیفی جوانرۆیی)، ئەم سێ زاتە لەو مزگەوتە قوتابی زانای ئایینی حاجی مەلا ئەسعەد بوونە، کەم هەیە لەو کەڵە شاعیرانەی کلاسیک ناوی مەقامەکانیان لە شیعرەکانیاندا نەهێنابێ. من خۆم خەڵکم دیوە دەهاتنە مزگەوتی (مەلا مەعسووم) بە جۆرە دیالێکتێک دەئاخاوتن، ئێمە لێیان تێنەدەگەیشتین! دەیانگوت: ئەمانە بۆ نموونە: هەورامی و شکاک و .. ئیترن، دیارە ئەوانە (فەقێ) بوون، بۆ تەواوکردنی خوێندنی مەلایەتی بۆ کۆیە دەهاتن، جا لە ناو ئەوانەدا دەنگخۆشی چاک و چیرۆکخوانی باش هەبوون. یەکێک لەو مەقامە تایبەتییانەی کۆیە (دەماغم وەزنە)یە، کە تێکهەڵکێشی مەقامەکانی (بەیات) و (سەفەر)ە*. مامۆستا عەدنان گوتی: جارێکیان لە سلێمانی ئەم مەقامەم گوت، ئەنوەر قەرەداخی و کۆمەڵێک شارەزا دانیشتبوون، گوتیان: ئەمە (سەڵا)یە! سەڵا لە کۆیە (کەبار)ی پێ دەڵێن، کە بریتییە لە ستایشی یەزدان و فریشتەکانی، بانگدەر بەتایبەتی سەر لە بەیانیان بەر لە بانگدان، ئەمە بە هۆنراوەی پیاهەڵدان و ستایشی پەروەردگار و دوعاو پاڕانەوەوە دەخوێنێ. هەروەها گوتی: (دەماغم وەزنە) یەکێکە لەو مەقامانەی دەگمەنە و پێی دەڵێن: دانسقە. دەڵێن هۆنراوەکەی هی (ئەختەر)ە، ئەو گۆرانییە لە کۆیە چەند کەسانێکی دیاریکراو هەبوون، دەیانتوانی بیخوێنن! لەوانە: ئەحمەدی حەمە مەلا گۆڕەکەی پڕ نوور بێت و محەمەدی کەبابچی و سەعیدی مەلا ئەحمەد و بلبلی کوردستان تایەر تۆفیق. هەر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: من خۆم گوێم لەو زاتانە بووە، یادیان بەخێر (دەماغم وەزنە)یان زۆر چاک گوتووە. هەرچەندە لام سەیرە! مامۆستا باکووری کە منداڵی کۆیەیە و دواتریش لە کۆتایی پەنجاکان جارێکی تر بە مامۆستایی هاتۆتەوە کۆیە، دەڵێ: ئەم شێوە گوتنەم نەبیستووە! شاعیر و گۆرانیبێژی نیشتمانپەروەر خالید دلێر کە باوکی یەکێک لە دەنگخۆشەکانی کۆیە بووە، ئەویش وەک مامۆستا باکووری ئەو مەقامەی نەبیستووە! کە دەڵێن هۆنراوەکە هی ئەختەرە، خۆ دەزانم ئەختەر شاعیرێکی بەتوانا و بەهرەدار بووە، با لە مێژووی ئەدەبی کوردیش ناوی نەهاتبێت، بەڵام دوور نییە شیعری ئەو گۆرانییە گەلێ لە سەردەمی ئەمین ئاغای ئەختەریش کۆنتر بێت، لەبیرمان نەچێت، کە ئەمە شتێک دەگەیەنێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەختەر بایەخێکی زۆری بە هونەری مەقام داوە، ئەمە دوور لە مەبەستی ناوچەگەری و شارچێتی، چونکە لێکۆڵەری وەک ئێوەش کە بەڕای من دەبوایە بەر لە ئێوەش واتە زووتر بایەخ بەم هونەرە ڕەسەنە بدرێت، چونکە بە هۆی ئەم کەمتەرخەمییەوە، بەرهەمی زۆرمان لە ناوچوون، بەڵام هێشتا هەر باشە، با لێرەودوا نەهێڵین ئەو بەرهەمانەی ئەمڕۆ هەن و بۆ ئێمە ماونەتەوە، لەناوبچن، یان ون بن، تا زووە با بە ئەرشیڤ بگەن و بنووسرێنەوە. مامۆستا عەدنان گوتی: دەپرسم و دەڵێم: ئێمە بە تەنیا لە کۆیە، ئایا چەند جۆر گۆرانی و مەقامی لەو جۆرەمان هەبووە؟ هەر بۆ نموونە گۆرانیبێژی نەمر (مەلا کەریم) لە سەردەمانێکی زۆر زووەوە گۆرانی (کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە)ی بۆ ئێزگەی کوردی

بەغدا تۆمارکردووە، ساڵانێک دوای ئەو گۆرانیبێژی وڵاتی (سووریا – سەباح فەخری) بە شیعری عەرەبی بە ناوی (قدک المیاس) دووبارە تۆماری کردۆتەوە، چونکە بەر لەوەی سەباح فەخری لە دایک ببێت مەلا کەریم یادی بەخێر ئەو گۆرانییەی تۆمار کردووە! خۆ هەر ئەو مەقامە نییە، ئەو میللەتانەی دەوروبەرمان ئامێرەکانی موزیکی وەک: دەهۆڵ و زوڕنا و سەد جۆر لە شاییەکانی ئێمەیان کرد بە هی خۆیان!

تایبەتمەندییەکی دیکەی کورد لەوەدا بەدەردەکەوێت، کاتێک لە شایی ڕەشبەڵەک کوڕان و کچان و ژنان و پیاوان دەست و پەنجەیان دەخەنە ناو دەستی یەکتری و شان بە شان ئازادانە و بە دڵێکی پاکەوە پێکەوە هەڵدەپەڕن، هەتا شایەریش کە لەو ساتەدا گۆرانییان بۆ دەڵێ بۆ نموونە دەڵێ:

**هەڵی تەکێنە قەزات لە گیانم**
**سەر گۆی مەمکەکەت دەخشێ لە باڵم**

خۆ ئەگەر دڵسافی و نەریتی لە باوک و باپیران بەجێماوەوە نەبێت، ئەم ڕەشبەڵەکەی ئێمە ئەگەر لەگەڵ مۆدێرنترین سەمای ڕۆژئاوا بەراوردی بکەین، ئەوەی خۆمان کچە و کوڕە زۆرتر لەیەکتری نزیکن، بۆ نموونە: هەمان ئەو دیمەنەی کچ و کوڕێک، بەڵام لە شوێنێکی چۆڵەوانی، ئاوا دەست لە ناو دەست و شان بە شان نووساو بوەستن، ڕەنگە فیتنەی لەسەر بقەومێت!

گوتم: ئەی جگە لەوانە هیچ دیمەنی تری هونەری ئەم شارە زیندووەت لە بیر ماوە؟

گوتی: لە کۆیە شتێکی تر هەبوو، کە تۆش لە بیرتە، ئەویش گواستنەوەی بووکە، دوای ڕازاندنەوەی بووک و تارا پێدادان، کەسێک کە ئاوێنەیەکی گەورەی بە پشتی خۆی داداوە، لەبەردەم کەژاوەی بووک ڕێ دەکات، تا بە ماڵی زاوا دەگەن، لێرە کۆمەڵێ دەنگخۆش لەسەر شوێنێکی بەرز وەستاون و گۆرانی تایبەتمەندی کۆیە (لەبەر نازی چاوبازان)ی وەفایی، بەڵام بە ئاوازێکی جیا لەوەی نەمر عەلی مەردان، دەڵێن و تاقمێکی دی لەو شوێنە بەرزەوە نوقڵ و نۆکی برژاو و پارەی وردەیان بەسەر کەژاوەی بووک دادەباراند و منداڵان کۆیان دەکردنەوە، خۆ ئەگەر ماڵی زاواش دەوڵەمەند و خانەدان بوونایە، ئەوە بووک بە سواری وڵاخ دەگوێزرایەوە، ئینجا دوای ئەوەی بووک لە ماڵی زاوا لەسەر کورسییەک دادەنرا، ژنانی دەنگخۆش گۆرانی: (بووکانە بووکانە بووکێ بووکمان چەندە جوانی بووکێ)یان بۆ دەگوت، مامۆستا عەدنان گوتی: مەقام نەفەسێکی درێژ و شارەزایی و هۆنراوە لەبەرکردنی پێدەوێ، لە گەڵ ئەوەشدا جگە لە پیاوان لە کۆیە خۆم دیومە ژنمان هەبووە مەقامی گوتووە، بۆ نموونە: (فەقێ گورێ) ئەمەش لە مەولوودان، (ئەمان ئەمان)ێکی زۆر وەستایانەی دەگوت. ژنانی دی هەن لە کۆیە دەیانناسم مەقام و گۆرانیان گوتووە و زۆریش دەنگخۆش و لەم کارەدا ئوستاد بوونە، بەڵام ڕەنگە پێیان خۆش نەبێت ناویان بهێنم! جگە لە مەولوودان لە پرسە و تازیەکانیش ژنان دەیانلاواندەوە و سەردوولکەیان بەسەر جوانەمەرگ و پیاوماقووڵان هەڵدەگوت، بۆ نموونە (کافیە خانی مەلایان) و (فەقێ پیرۆز).

گوتم: وەک زووتر لێمان بیستوویت و بۆت باس کردووین، دەزانین هەر دەربارەی هونەری موزیکی شارەکە لە گۆرانی و مەقام و سەردوولکە و گۆرانی کارکردن و ..تاد، زانیاری زۆرترتان لایە؟

گوتی: وەک دابونەریتێکی کوردەواری و لەبەر پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، یان سەر بە تەریقەتێکی سۆفیگەری لە کۆیە زۆرکەس هەبوون، مخابن هونەری گوتن و موزیک و مەقامیان لا خەوش بووە، دوور مەڕۆ ئێستاش هەندێ مێشک پووچ هەن، بە چاوی نزم سەیری بە تایبەتی هونەرمەندانی بواری موزیک و گۆرانی و مەقام دەکەن! مامۆستا عەدنان بە نیمچە سەرسووڕمانێکەوە گوتی: یەکێک لەو مەرجانەی لە کەسێکدا هەبێت، کە ببێتە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەبێ لە بوارێکی هونەردا دەستی هەبێ! هەر بۆ نموونە: وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەم وڵاتە کە ناوی (کۆندۆلیزا ڕایس)ە، باشترین پیانۆ ژەنە! سەرۆکی زووتریان (بێل کلینتۆن) ئامێری (سێکسیفۆن)ی دەژەند، سەرۆکی زۆر زووتریان (ڕۆناڵد ڕیگن) ئەکتەر بوو .....تاد. مامۆستا عەدنان گوتی: کاتێک لە کۆلێژی ئادابی بەغدا لە بەشی زمانی ئینگلیزی قوتابی بووم، مامۆستایەکی خەڵکی (یۆنان)مان هەبوو، کاتێ زانی من دەستی موزیک و گوتنم هەیە و لەم بوارەدا چالاکم، زۆر ڕێزی لێنام و بەم بۆنەیەوە ڕۆژێک داوەتیشی کردم! جا لەبەر ئەو هۆیانەی

سەرەوە زۆرکەس لە کۆندا تەقییەی کردووە و نەیویستووە دەنگی خـۆی تۆمـار بکات! بۆ نموونە: وەک: (حـاجی عـەباس) کـە لە ڕیزی پێشـەوەی حـەیرانبـێـژانە و تا ئەمڕۆش ڕازی نییە دەنگی تۆمار بکرێت! نموونەی تر لە کۆیە (ئەحمەد لاکێن) و کوڕە خوشکێکی ئەو زاتەیە کە دەنگی تۆزێ لە خـوار دەنگی (تایەر تۆفـیق) بوو، هەروەها (واحیـدی موخـتـار)ی باوکی هونەرمـەند و شاعیری نیشتمانپەروەر (خالید دلێر) و زۆری تریش.

بۆنەیەکی دیکە کە گۆرانی و مەقامی تێدا گوتراوە: ئەمەش وەک شارەکـانی هەولێر و کەرکـوک، لە کـۆیە شەوانی مانگی ڕەمەزانان یاری (سینی و زولفانێ)(*) هەبووە، جا کەسێک بە ناوی (حەمەدی مەیتار) کە لەو یارییەدا سینییەکەی بە دەستەوە گرتووە و لە ناوەڕاستی ئەو یاریکارانە وەستاوە و شەوانە مەقامێکی تایبەتی گوتووە، لەبەر دەنگ و سەدای خۆشی هەموو کەس خۆی بۆ نەگـیـراوە، (مـەسـعـوود مـحـەمـەد) یادی بەخـێـر نووسیویەتی و دەڵێ: هەرچەند جار لە خزمەت باوکم بۆ سەیری ئەو یارییە دەچووین، تا ماوم ئەو مەقامخوانە و ئەو گوتن و مـەقـامـەیم بیـر ناچێـتـەوە، کـە سـەرەتا بەم شێوەیە دەستی پێ دەکرد:

**عەزیزم بلبلی سەرچل چ وەختە.....**

شـایانی باسکردنە کـە ئەم مـەقـامـە لە بەرە بەری نیوەشەودا گوتراوە!

مامۆستا عەدنان گوتی: لە کاک مەسعوود محەمەدم پرسی: ئەم جۆرە دەنگخۆشە بلیمەتانە لە زمانی عەرەبی (جبار)یان پێ دەڵێن، ئەی لە زمـانی کوردی چی؟ بەڵام دیارە لە کـوردیدا ئەم جـۆرە کەسـانە ناوێکی تایبـەتیـیـان نەبووە، بۆیە بە مامۆستا عەدنانم گوت: من وەک (وریا ئەحـمـەد) بۆ ئەم مـەسـەلەیە دەڵێم: ئەم جۆرە دەنگخۆشە کەم وێنانە، کە شیرینی دەنگ و چریکەی بلبل ئاسایان کار لە ناو ناخمان دەکەن و تەزووی خۆشی و موچڕک بە ناو شادەمارەکانمان دادێنـن، بەو پێیـەی من مـاوەیەکی دوور و درێژە لە شـار و شـارۆچکە و گـوند و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، خەریکی کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری و ڕەسەنی خۆمانم، جا لەو کەسانەم بیستووە، لە ناو ئێـمـەدا بەم جۆرە یەکجار دەنگخـۆشانە بۆ نموونە دەڵێین: فیسارە کەس دەنگی لە کەللەیتی!، یان دەڵێن: کـاتی فیـسـارە دەنگخـۆش گۆرانی گوتووە، بلبل هاتووە لەسەر شانی نیشتۆتەوە ....تاد.

گـوتم: دەربارەی شـاعـیـری مـەقـامـزان ئەمین ئاغـای ئەختەر و دیوەخانەکەی چیت لەلایە؟

گـوتی: لە دیوەخـانەکـەی ئەو نەمـرەدا زانای ئایین و شـاعـیـر و مـەقـامـزان و دەنگخـۆشانیش ئامـادە دەبوون، حاجی قادری کـۆیی و حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە لەو کـەسـانە بوونە، کـە زۆرجـار بەشدارییـان لەو کـۆڕ و مـەجلیـسـی مـەقـام و گـوتن ئامـێـزانەدا کـردووە، نوێژی عـیـشـایێ بە کـۆمـەڵ لە دیوەخـانە کـراوە، هەندێ کـەس لەگـەڵ ڕێزم کـە باسی ئەوە دەکـەن و دەڵێـن: لەو دیوەخـانەیەدا (سـاقی) هەبووە! بەڵام ساقی مەرج نییـە تەنیـا مـەی بگێڕێت! ساقی واتە ئەو کەسەی تینوێتیت بشکێنێ، ڕەنگە ئەو ساقییە لە دیوەخانی ئەختەر ئاو، یان چای، یان قاوە، یان شیری گێڕابێت!

(حـاجیـیـە گـەورە) لە کـۆیە مـامـۆسـتـای مـەقـام و مـەقـامزانەکـان بووە. هەر لە کـۆیە هەندێ مـەقـام هەن و گوتراون، لە خوێندنی هەمان ئەو مەقامانە لە شوێنانی تر زۆر جیـان! بۆ نموونە: مـەقـامی (ڕاست) و (حـیـجـاز) و (بەیات). ئەمە بە گەواهی مامۆستا (ئەنوەر قەرەداخی) کـە جـارێـک لە دانیـشـتـنێکدا گـوتی: چۆن دەڵێـن: (مـەقـامی عـیـراقی) هەیە، ئەگـەر کوردیش ئەوە بکات، دەبێ بڵـێـین: مـەقـامـەکـانی کـۆیە، بە تایبـەتیـش مـەقـامـەکـانی (سـێـوە)! بە بێ خـۆ هەڵدانەوە گـوتنی مـەقـامـەکـان لە کـۆیە لە گـوتنی هیچ ناوچەیەکی تری کـوردسـتـان بۆ گـوتنی هەمـان ئەو مـەقـامـانە ناچێت. مامۆستا عـەدنان گـوتی: هەر بۆ نموونە: سێوە مـەقامی (بوهار) و تایەر تۆفیق مەقامی (نیوەشەو)یان گوتووە، هەردووکـیـشـیـان خـەڵکی کـۆیەن و هەردوو گـوتنەکـەش لەسـەر مـەقـامی (حـیـجـاز)ن، کـەچی هیچ کـام لەم دوو گـوتنە لە گـوتنەکـەی تریان ناچێت! ئەگـەر کـەسـێک لەم بوارەدا پسـپـۆڕ نەبێت، هەر نازانی کـە ئەو دوو گـوتنە لەسـەر یەک مـەقـامن! جـا ئەمـەیە (مـۆرک). گـۆرانی (شلەوخانان) و (جەبارە و جەبارە) و دەیانی تر لە کـۆیە هەن، تۆ بڵێ، دەبێ چەند گۆرانی و مەقامی دیکەی لەو بابەتەمان بووبێت و مخابن ئەمڕۆ لەناوچووینە؟ مامۆستا عـەدنـان گـوتی: بیـرم کـەوتەوە کـاتی خـۆی لە بـاوکت لە ئەحمەدی حەمە مەلاوە گۆرانی:

**(مەلا بانگدانێم پێخۆشە ئامین ئامین ئامینێ**

**لێم دیارە باخـچـەو حـەوشـە، کـوڵـمـە سـوور ڕوو نەخشێنێ..)**م بیستووە.

گوتم: کۆیە ماوەیەکی دوور و درێژ کاروانسەرا بووە، کـاریگەری ئەمـە بەسـەر گـۆرانی و مـوزیکی نـاوچەکـەوە بەڕای ئێوە چی بووە؟

گـوتی: بەر لەوەی ڕێگەی (هاملتـۆن – ئەوەی نێـوان هەولێر و حاجی ئۆمەران) لێبدرێت، کۆیە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە، بەو پێـیـەی (کـاروانسـەرا) بووە، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرم لایە و (عـەلی مـەردان)ی نەمـر بۆی باس کـردووم: شـەوێکیـان لەگـەڵ ئەو نەمـرە پێکەوە لە ئێزگەی کوردی بەغداوە بۆ ماڵ دەگەڕاینەوە، لە (ئەبونەواس) لامـان دا، کـاتێـک زانی من خـەڵکی کۆیەم، بۆی گێڕامەوە و زانیم عـەلی مەردان سەرەتای ژیانی (کـاروانچی، یان قـەتارچی) بووە، جـا ئەو شـەوە بۆی باس کـردم و گـوتی: {ڕۆڵە من ئەوکـاتە دەنگم لە ڕادەبەدەر خـۆش بوو، قـەتارچی بووم، لە کـوردسـتـانی ئەودیوی ئێرانەوە کەلوپەلمان بۆ کەرکووک دێنا، هەمیشە لە کۆیەوە ڕەت دەبووین، ئەوکاتە زۆربەی خانەکانی کۆیە خـاوەنەکـانیـان ژن بوون، لەوانە: (خـانی زبە) و (خـانی فـاتم)، عـەلی مـەردان گـوتی: (ئەمـەی دواییـان ژنێکی شۆخوشەنگ و نازدار بوو، جا ڕێکوپێکی و شۆخی ئەو فاتیمەیە هۆشی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو}. مامۆستا عەدنان گوتی: با خەیاڵمان بۆ لای شتی خراپ نەبەین، نەوەکـانی ئەو ژنـە مـاون، دیارە من ڕەزامـەندی بەڕێز (عەقید – زرار فەتحوڵلا)م وەرگرتووە، کە بتوانم ناوی نەنکی بێنم و باسی بکەم. هەروەها گوتی: مـامـۆسـتـا عـەلی مـەردان بۆی گـێـڕاینەوە و گـوتی: بۆیە کـاتێ لە سەربانی ئەو خانە کە سەرم بەسەرین دەکرد، گوایە بۆ نووستن چوومـە، ئەو فـاتـیـمـە خـانەش بەناو ئەو قەتارچییانەدا دەهات و دەچوو، کە هەر یەکەی خەریکی شـتـێـک بوون، ئەوەی دیشلەمـەی دەخـواردەوە، ئەوەی قـەننەی تێ دەکـرد.. تاد، شـۆخـوشـەنگی ئەو ژنە وای لێکردم، ئەو شەوانە نەمدەهێشت کەس لە سەربانەکانی کـۆیە خـەوی لێ بکەوێت! ئەوکـاتە لاو بووم و دەنگم چریکەی دەهات، بە هەمـوو دڵ و ئارەزوویەکـەوە لەتاو شۆخیی ئەو ژنە دەمگوت. دواتر هۆنراوەیەکی شاعیری گەورەی کورد (ئەحمەد هەردی) بە ناوی (فاتیمـە دوو چاوی مـەسـتت)م هەر بۆ شـۆخی ئەو ژنە کرد بە ئاواز.

مامۆستا عەدنان گوتی: ئەمەشم بۆ مێژوو بوو، حەزم کرد بچەسپێت.

کـاک عـەدنان گوتی: ڕۆژێکیش لە بارەگـای گـۆڤـاری ڕامـــان بە ئامـــادەبوونی شـــوێنەوارناسی هەڵکەوتوو (عەبدولڕەقیب یووسف) ئەمەی ئێستام بۆبان گێڕایەوە، کاک عەبدولڕەقیب گوتی: ڕاوەستێ منیش شتێکتان بۆ بگـێـڕمـەوە: گـۆرانی (ئامـێـنێم تاقـانەی دایە) بەسـەر ئامینەی دایکی خەسووی من گوتراوە کە ژنێکە خەڵکی کۆیە بووە، کـاک ئازاد عـەبدولواحـیـدیش گـوتی: منیش ناوی ئافـرەتێک دەزانم کـە گـۆرانی (شـەرتە شـەرتە)ی عـەلی مـەردان کـە شـیـعـرەکەی هی (ئەخـۆل)ە بەسـەر ئافرەتێکی خەڵکی سلێمانی گەڕەکی دەرگەزێن گوتراوە کـە لە جـوانیـدا ناویان نابوو (بەرخـە) کـە خـۆی ناوی تەواوی (فەتحیە خدر) بوو.

بۆیە کـاک ئازاد گوتی: با ئەوە بکەین بە نووسینێک، کـــاک عـــەدنان گـــوتی: ئەوە بوو هەر ئەوکـــاتە من ناوونیـشـانم بۆ ئەو نووسینە دانا: (سێ گۆرانی کـوردی ڕەسەن بەسەر سێ ئافرەتدا). (**)

گوتم: مامۆستا عەدنان، هەندێ گۆرانی لە کۆیە هەن، کەچی هەر ئەو گۆرانییانە بە هۆنراوەی عەرەبیش هەن؟

گـوتی: کـاتی خـۆی (حـەکـیم)ی چایەچی لە کـۆیە لە مـانگی ڕەمـەزانـان چەند مـوزیکژەن و مـەقـامـبـێـژ و گـۆرانیـبـێـژی بە پارە گـرتوویانی و بۆ کـۆیەی داوەت کـردوون، لەو مـانگەدا مـوزیک و گـۆرانیـیـان لەو چایخـانەیەدا پێشکەش بە خـەڵکی ناوچەکـە کـردووە، شـایانی باسـە کـە گـەڕاونەتەوە بۆ شـارەکـانی خـۆیان گۆرانییەکانی لە کۆیە بیستوویانە، لە شارەکانی خۆیان بە شیعری عەرەبی تۆماریان کردوون، مامۆستا عەدنان گوتی: ئەمەیان ڕای خۆمە، کێ دەڵێ پێچەوانەکەی ئەمە ڕاست نییە؟ هەندێ لە گۆرانییەکانیش کە تا ئەمڕۆش لە کۆیە ماون ئەمانەن:

**(١) شەماڵ وەرە دەردی دڵم بۆ یار بەرە**
**لە داخی دووریت دڵ بێ خەبەرە.**

کراوەتە: (یا أهل الخلک).

**(٢) شایی و سەیرانە لە نێو ڕەزانە**
**بەهارە ئیمرۆکە جەژنەی عاشقانە**

کراوەتە: (تدري خبرنا لوين أهلنا).

گوتم: دەزانین کـاتی خـۆی بـۆ مـەقـام گـوتن بۆ دەرەوەی

ولاّت ناردرایت؟

گوتی: بەو پێیەی من لاسایی مەقامەکانی (سێوە)ی نەمرم دەکردەوە، بەو هۆیەوە بوو هونەرمەندی ناودار (مونیر بەشیر) منی دەستنیشان کرد، تا لەگەڵیاندا بڕۆم بۆ (فەرەنسا) و (ئەڵمانیا) و (نەمسا) و لەو کۆنسێرتانەدا ئەو مەقامانەی سێوە دووبارە بڵێمەوە. کاک عەدنان گوتی: با پرسیارێک لێرەوە ئاراستەی هەوادارانی گۆرانی و مەقامە کوردییەکان بکەین و بپرسین: ئایا کام شوێنە (هەولێر)، یان (کەرکووک)، یان (کۆیە)، یان (ناوچەی موکریان) لەم هۆنراوانەدا دەستپێشخەر بوونە؟ کاک عەدنان گوتی: کاتی خۆی کەسێکی پسپۆڕ لە (میسر)ەوە هاتووە، باسی مەقامەکانی لە مەقامخوانی عیراقی ناودار (گوبانچی) پرسیوە؟ لە بەر هەر هۆیەک بووبێت، لە وەڵامدا گوتبووی: بڕۆ لە (عەلی مەردان) بپرسە!

* لە ڕاستیدا ئەو بەرهەمە ڕەسەنەی مامۆستا (عەدنان) بە مەقام ناودێری کرد، من بە منداڵی و مێردمنداڵی لە (ئەحمەدی حەمە مەلا)ی باوکم و مامە (عومەر عەبدوڵلا) و هاوەڵانی دیکەیان، بە گۆرانی نەک مەقام بیستوومە، دواتر مامە عومەر عەبدوڵلا یادی بەخێر لە هەشتاکاندا بۆی باس کردم و گوتی: لە سلێمانی لە (تەکیە) داوەتمان بۆ کرا، من و باوکت (ئەحمەدی حەمە مەلا) گۆرانی تایبەتمەندی کۆیە (دەماغم وەزنە)مان گوت، خەڵکەکە زۆریان لاخۆش بوو، پیاوێکی لێ بوو بە ناوی (عیزەتی فاتە - عیزەت مەدفەعی) گوتی: باوکم بەشەرەفم ئەگەر زەوق مابێ هەر لای کۆییان ماوە! دوور نییە ئەو گۆرانییە بەم شێوازەی مامۆستا عەدنانیش دەیڵێ، کە لە سەر مەقامی (بەیات) و (سەفەر) دەگوترێت، کە دیارە هەردوو مەقامیش هەر بەیاتن! دوور نییە لە کۆیە بەم شێوەیەش گوترابێت.

**تێبینی:**

ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١٢/٢٧) لە هەولێر لە ماڵی مامۆستا عەدنان جەمال ئەنجام دراوە، شایانی باسە ئەو گۆرانی و مەقامبێژە، بەهۆی تەوژمهێنانی نەخۆشی شەکرەوە، مخابن ماوەی (٥) مانگە قاچی چەپی لە خوار چۆکییەوە بڕاوەتەوە و بەداخێکی زۆرەوە ئەمڕۆ پەککەوتەی ماڵە.

**(*) سینی و زولفانێ: ڕاستە لە شاری کۆیە لەسەر ئاستی میللیدا سینی و زولفانێ دەگوترێ، بەلام ڕاستەکەی سینی و زەرفانێ-یە، واتە بە فینجانەکان دەگوترێ زەرف، نەک زولف.**

**(**) لە دانیشتنەکەدا مامۆستا باکووری ئامادە بوو، قسەکانمان بە بۆنەی دەرچوونی کتێبەکەیەوە بوو کە سەرگورشتە و چیرۆکی هەندێ گۆرانی تێدا نووسرابوو.**

**«ڕامان»**

# حەوت مەرجە ئاڵتوونییەکەی ئەرستۆتڵ دەربارەی گێڕانەوەی چیرۆک

جان جوانڕۆیی (جەلال جوانڕۆیی)
(نیویۆرک)
لە ئینگلیزییەوە: ڕزگار کەریم سەعید
(بەریتانیا)

ئەم نووسینەی خوارەوە لەو تێبینیانە وەرگیراوە کە نووسەر لە پەیوەستی بۆ دەنووسی؟ بەکاری هێناون کاتێک بۆ بەڕێوەبەرێتی بەشی فیلم و تەلەفزیۆن لە: قوتابخانەی (تیچ)ی هونەری لە نیویۆرک - زانکۆی نیویۆرک سەرپەرشتی توێژینەوەکانی قوتابیانی دوا ساڵی خوێندنی فیلمی دەکرد.

ئەرستۆتڵ کە لە ٣٢٢- ٣٨٤ی پ.زدا ژیا، لە نووسینی سەدەمی «هۆنراوە، یان هونەری هۆنراوە»دا کە هاتووە باسی حەوت مەرجی ئاڵتوونی بۆ سەرکەوتنی گێڕانەوەی چیرۆک دەکات. ئەو مەرجانە لە ڕۆژی خۆیاندا بیروباوەڕێکی هاوبەستە بوون بە شانۆی کۆنی یۆنانی. بەڕاستی لە ئەمڕۆشدا ئەو حەوت مەرجە بنەمایانە بۆ نووسینی سیناریۆی فیلمێکی سەرکەوتوو زۆر گرنگن. هەرکاتێک پرسیاریم لە قوتابیانی دوا ساڵی زانکۆی نیویۆرک بکردایە کە ئایا دەتوانن بیروباوەڕەکانی بنەمای گێڕانەوەیەکی چیرۆکی باش هەڵبهێنن، لەنێوانی خۆیاندا بەڕاستی وەڵامی شەش مەرجیان دەزانی، کە ئەرستۆتڵ بەلایەوە گرنگ بوون کە ئەمانەن:

١- ناوەرۆک- پلۆت
٢- کارەکتەر- کەسایەتییەکان
٣- «؟؟؟؟؟»
٤- گفتوگۆ (دیالۆگ)
٥- کۆرس (گۆرانی/ میوزیک/ سروود)
٦- دیکۆر (نەخشەکێشی بەرهەم/ دەرهێنەری هونەری)
٧- دیمەن (کاریگەرییە تایبەتییەکان- کاریگەری فێڵەکان)

بەڵام زۆرکەمیان هەبوو کە بزانێ حەوتەم مەرج (واتە سێیەمی) بنەماکان «؟؟؟؟» چییە؟

دەتوانی تۆ هەڵیبهێنیت؟

ئەوەیە: «بیرە»، یان «باسوخواسە» بۆچی خۆمان ماندوو بکەین؟ چیرۆکەکە باس لەچی دەکات؟

ئەرستۆتڵ «بیرۆکە»ی خستبووە ڕیزی یەکێک لە گرنگترین مەرج و بنەماکانی سێیەمی هەر حەوت مەرجەکانی بنەمای بیروباوەڕی گێڕانەوەی چیرۆکێکی سەرکەوتووەوە.

چەند فیلم لەم ڕۆژانەدا لە یاد ناچن، کە بیرۆکەکانیان پێوەندی بە جیهانەکەمانەوە هەیە، بە ژیانمان، بەکێشەکانمان،دزێوی شەو و خەونەکانمان، هیواکانمان،



**دوو ئەکتەری هۆلیوود شیڤا ڕۆز (لەیلا) کە بە ئەسڵ فارسە و دەیڤید مۆسکۆ (دەیڤید) لە فیلمی (دەیڤید و لەیلا)دا**

خۆشەویستی، خۆشحاڵی و ئازار و ژانمانەوە هەیە؟

ئەرستۆتڵ دیمەن (کاریگەرییە تایبەتییەکان-کاریگەری فێڵەکان)ی خستووەتە ژمارە حەوتەوە، کە کۆتایی «مەرج»ەکانیەتی، بەوەش هەڵیدەسەنگێنێت کە بۆ گێڕانەوەیەکی سەرکەوتووی چیرۆکێک کەمترین گرنگی هەبێت، تەنانەت لەکاتی یۆنانی کۆنیشدا، ئەرستۆتڵ ئەوەی گەیاندووە کە دیمەن و کاریگەرییە تایبەتییەکانی وەک ئەکشن، ئاگر، پاڵەوانە سەرنج ڕاکێشەکانی بەدیل...تاد تەنانەت لە کەمترین گرنگییەکان نییە، بەڵکو زۆرگران و لەوانەی ڕوودانی مەترسیشیان هەیە!

لەوە دەچێت ئێستا کە زۆربەی فیلمەکانی هۆلیوود بەرەو دواوە بگەڕێنەوە، لەوانەیە لەو بەشانەی کە پێوەندییان بە هێنانەکایەوەی «بێ- مەترسییەوە» هەبێت، بەڵام بەمەزنی دیارە کە کۆمپیووتەری دیجیتاڵ و کاریگەری تەکنۆلۆژی بۆ ئەم کارە بەکاردەبەن وەک:

١- ئەکتەری ناودار

٢- ئیفێکتی تایبەتی/ کاریگەرییە کۆمپیووتەرییەکان SFX

٣- نەخشەکێشی بەرهەمهێنان/ دەرهێنەری هونەری.

٤- میوزیک.

٥- دیالۆگ.

٦- بیری سۆزی و فانتازیا بۆ ڕاکێشان و کاریگەری خێرا بۆ منداڵان بەکاردێن.

٧- قسەکردن و گفتوگۆ.

٨- کارەکتەر و ناوەرۆک - پلۆت.

بەغەمناکی دەڵێم، کە زۆربەی، پاڵەوانە مەزنەکان و باڵاکانی فیلمەکانی هۆلیوود لەوەدەچێت کە لەهەر ئایدیایەکی بەزۆرەملێی پێوەندیدار بەتاڵ بن کە بەسەریاندا دەسەپێنرێت.

ئەگەر حەز دەکەیت هونەری هۆنراوەی ئەرستۆتڵ بخوێنیتەوە، ئاگادار بە لەوەی کە بەشێوەیەکی ئاڵۆز و ڕێچکەیەکی فەلسەفی وەها نووسراوەتەوە، لە خوێندنەوەیدا چەند جارێکی بەتەحەمولی دەوێت تا بتوانیت دەست بەسەر حەوت مەرجە ئاڵتوونییەکەی گێڕانەوەی چیرۆکدا بگریت. خوێندنەوەی هونەری هۆنراوە ڕەنگە ئەو گوتەیەت بیر بخاتەوە کە دەڵێت- «پێم وەهایە کە هەمووی گریکییە!» پێشبینی ئەوە مەکە لە خوێندنەوەیدا «چۆن بتوانیت- ڕێگەیەکی دەبەنگی چۆن چیرۆکێکی چاک دەگێڕیتەوە»ت بەدەست بکەوێت.

## بۆ؟ بیرەکە چییە؟

«هیچ شتێکی بەرهەتاو نوێ نییە.» هەروەک ئەو پەندە لاتینییە دەڵێت. لەوانەیە ئەمە ڕاست بێت. تەنیا چەند ژمارەیەک لە میتۆلۆژی و ڕێچکەی هەندێک چیرۆک دووبارە و سێ بارە گوتراونەتەوە. هێشتا دەتوانرێت هەر ئەو «چیرۆکە سادەیە» جارێکی تر بەهۆی وەرچەرخانێکی نوێوە، یان تازەوە بگوترێتەوە، کە ئۆریجیناڵ بێت. بۆ نموونە لەیلاو مەجنوون، کە لەسەدەی حەڤدەمدا هاتووە، کە تراژیدیایەکی خۆشەویستی عەرەبییە، لە بنچینەدا هەمان هۆنراوە کۆنە ئێرانییەکەی شیرین و فەرهادە و تەنانەت هەر هەمان چیرۆکەکەی ڕۆمیۆ و جولێتی شەکسپیرە، کە لەدواییدا لەسەدەی



**لەیلا (شیڤا ڕۆز) لە مزگەوتەکەدا چاوەڕێی ئیمام دەکات لە فیلمی (دەیڤید و لەیلا)دا**

شازدەمدا نووسراوەتەوە.

بەم بۆنەیەوە، نیزامی کە لە (١١٤١-١٢٠٩)دا ژیاوە کە مەزنترین شاعیری ڕۆمانتیکی فارس بووە، گلەیی دەکات و دەڵێت «چۆن بتوانم چیرۆکێکی خۆشەویستی وەربگێڕم کە لە بیابانی وشک و برینگی عەرەبیدا ڕووی داوە؟» کاتێک کە پادشا سەروەرەکەی دیاری زۆری پێشکەش بکات، لەسەر ئەوە ڕازی بوو لەیلاو مەجنوون ڕێک بخاتەوە، بە مەرجێک کە لەسەر شاخە ڕەنگاوڕەنگ و ئەفسووناوییەکەی کوردستانی ئێران ڕووبدات- دەزانین کە دایکی نیزامی کورد بوو- لەبەر ئەوە گێڕانەوەی چیرۆکە تراژیدیاکە ڕەنگینتر و شاعیرانەتر دەبێت.

پرسیار: ئایا چیرۆکەکە شایانی گوتنە، یان گوتنەوەیە؟ ئایا نووسراوە، یان (جارێکی تر) لە بەرگێکی نوێ، ئۆریجینالٚ و پڕ مانا و ڕۆشناوی دەنووسرێتەوە، هەروەها ڕێچکەیەکی هاوبەستە؟ یان، بەکەمی، ئایا چیرۆکەکە داوا دەکات لەبیر نەچێتەوە و خۆشگوزەرانی بەخەڵکی بدات؟ ئەگەر وەها نەبێت، بۆچی خۆت ماندوو دەکەیت، وازیش لە هەمووان بهێنە!



**لەیلا (شیڤا ڕۆز) دەیڤید هێور دەکاتەوە (دەیڤید مۆسکۆ) لە مزگەوتەکەدا لە فیلمی دەیڤید و لەیلادا**

### چۆن؟ ناوەرۆک، کاراکتەر، وێنەکان/ جوولانەوەکان (لە فیلمدا!) بەکاردەبەین

«دڵنیابە، کە چیرۆک دەبێت سەرەتاو ناوەند و هەروەها کۆتایی هەبێت، بەڵام پێویست ناکات بەو یەک لەدوای یەکە بن!» ژان لۆک گۆدارد، داهێنەر و نووسەر و دەرهێنەری فەرەنسایی، کە یەکێکە لە دەستنیشان کەرانی نۆڤێلی ئالۆزی فەرەنسی- لە ١٩٥٨ بۆ ١٩٦٤دا.

ئەرستۆتاڵ «ناوەرۆکی» خستووەتە ژمارە یەک لە سەرووی «کاراکتەر»ەوە دایناوە. لە پراکتیکدا نووسەرە خاوەن تاقیکردنەوەکان لەگەڵ ئەوەشدا یەک دەگرنەوە کە ناوەرۆک و کاراکتەر، دەوترێت دوو دیوی یەک سکە بن.

هەندێک جار چیرۆک و بیری ناوەرۆک لەپێشدا دێنە مێشکی نووسەرەوە، پاشان نووسەر خەیاڵی خۆی دەخاتە کار تاکو کاراکتەرەکان هەڵبژێرێت و پێیان بگەیەنێت تا ناوەرۆک و بیر بخاتە گەڕ.

هەندێک باری تر خەیاڵی نووسەر و کاراکتەر چالاک دەکات تا بیر و ناوەرۆک بهەژێنێت. هەندێک کەس بەمە دەڵێن سکرپتی، «کاراکتەر بیر و ناوەرۆک» دەجوولێنێت. لە ڕاستیدا هەر بیرو ناوەرۆکێکی باش پێویستی بەوە هەیە کە کاراکتەرێکی دانسقە و نائاسایی ڕاییکێشێت و بیجوولێنێت، بەڵام لەهۆلیوودا، کاراکتەر سکرپتەکەی ڕادەکێشێت کە زۆرجار بەرهەمهێنەرێکی ئەلمۆدەی هاوتەریب دەیەوێت بانگهێشتی ئەوە بکات کە «پاڵەوانی ئەکتەر بیر و ناوەرۆک بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت!»

هەندێک لە سیناریۆکان لەڕۆمانەوە، یان لە کورتە چیرۆکەوە، یان تەنانەت لەهۆنراوەیەکەوە ئامادە دەکرێن. پێویستە سیناریۆنووس بیری ناوەرۆک وا بینا بکات کە ئاگایی بخاتە سەر هەندێک لە خەتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە و ناوەرۆکە لابەلاییەکان، پاشان جۆرێک لە کاراکتەرەکان بۆ ڕۆڵی سەرەکی هەڵبژێرێت و ڕۆڵی پشتگیری بۆ دابنێت، لەوانەیە کاراکتەرێکی نوێ بخاتە ناو گێڕانەوەکەیەوە تا لەگەڵ سینەمادا بگونجێت و کاریگەری هەبێت. ئەو کەسە نووسەرە نێر بێ، یان مێینە لەوانەیە سەرەتا و کۆتایی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی جیاواز لە ئەسڵییەکەی دەست پێ بکات کە لەو نەچێت. لە سیناریۆی گلگامشەکەی مندا، کە لە داستانێکی سۆمەری بەر لە ٥٠٠٠ ساڵەوە ئامادەم کردووە، من کاراکتەری سەرەکیم بۆ زیاد کردووە، کە بەزیاد، یان کەم، چیرۆکەکە دەستپێکردنی و کۆتایی هاتنی لە هۆنراوە ئەسڵییەکە جیاوازە کاتێک ئاواتەخوازم کە گیانی گێڕانەوەکە لە هۆنراوە ئەسڵییەکەوە نزیک بێت.

لە هەندێک لە زمانەکاندا وشەی «پلۆت» بیری سەرەکی بە «کنۆت» وەردەگێڕێت کە بەمانای فرتوفێڵی چیرۆک، یان سیناریۆ، یان چۆنێتی ئاشکراکردنیان دێت،

یان چۆن کـــە پێکەوە نەلکاون- لەفـــەرەنســـیدا بە لێدینۆمینت نێو دەبرێت. پلۆت لە ئینگلیزیدا زۆر مانای هەیە وەک نەخشەکێشان، سیستم ڕێکخستن، پلاندانان، هێڵی چیرۆک، چوارچێوە، ستراتیژی..

هەروەها پلۆت یانی «پارچەیەک لەخاک». کە ئەمە گیرانەوەی وێنەیەکە. ئەندازیارێک کە نەخشەی بینایەک دەکێشێ، لەسەر پارچەیەک خاکی دەسنیشانکراو دەیکات، کە ئەو کەرەستانەی لەبەر دەستدایە، هەروەها لەوانەیە بەستایلێک کار بکات، لەهەمان وێنەی دەوروبەری بینایەکە بچێت. بەهەمان جۆر، سیناریۆنووس پێویستی سەرشانێتی کە چیرۆکەکەی بەوێنە و دیالۆگەوە بیگێڕێتەوە، بە ستایل و جۆرێکی تایبەتی بگێڕێتەوە، کە پڕ بە پێستی چیرۆکەکە بێت (یان بەدەستی ئەنقەست ستایلێکی تێکەڵ هەڵبژێرێت) کەوا پێویستە لەمابەینی ٩٠ تا ١٢٠ خولەکدا بێت و لەوە زیاتر تێنەپەڕێت، مەگەر ناوی کۆپۆلا بێت تا لەوە لابدات! (ئەم کات دەستنیشان کردنە لەتاقیکردنەوەی ئەوەوە هاتووە کە کەسێکی ئاسایی تا چەند دەتوانێت لەتاریکیدا دابنشێت بێ ئەوەی ڕابکاتە دەرەوە تا وەڵامی بانگ کردنی سروشت بداتەوە. یانی لەوە زیاتر تەحەمولی نەمێنێت).

کاتێک سیناریۆیەکی ئاسایی بە فۆرمی هۆلیوودی دەنووسرێت، یەک پەڕە دەکاتە یەک خولەکی کاتی فیلمەکە. کەواتە ئەگەر دوو کاتژمێری سینەمایی فیلمێک بەوە دەستنیشان دەکرێت کە پێویستی سەرشانی نووسەرەکە ئەوەیە کە لە نەخشەکێشانی زۆربەی شتە سەرنجڕاکێشەکان/ بینای چاوەڕوانی چۆنێتی گوتنی چیرۆکەکەیدا دەبێت ئیکۆنۆمی بێت کە چیرۆکەکەی بە ٩٠ تا ١٢٠ پەڕە کۆتایی پێ بهێنێت، لەنووسینیدا- کە چۆن دەست پێدەکات، یان پێگەیاندن و گەشەی ئەو چیرۆکانەی کە فیلمیان تێدایە و شاردراونەتەوە چۆن ئاشکرا دەکات لەگەڵ کارەکتەرەکانیدا- تا بتوانێت لەسەرەتاوە تا کۆتایی بینەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەویش بەکۆنترۆڵ کردنی وشەکانی «پلۆت» ناوەرۆک، یان «بیناکردن».

بەهەر جۆرێک کە کارکتەر، یان پلۆت ناوەرۆک هەرکامیان یەکەم بێن، پێویستە نووسەر بینای ناوەرۆک و کاراکتەر وەها دروست بکات کە ژیانبەخش بن، بەگشتی، باوەڕپێکراو بن، چونکە هێڵی نێوان کارەکتەر و ناوەرۆک لێڵ دەبێت و بەڕوونی نابینرێت. بایەخێکی کەمی دەبێت کاتێک «پلۆت» ناوەرۆک، یان «کارەکتەر» کامیان یەکەم ڕەگەزی بەرز و پایان بن.

زیاتر پڕ مانا دەبێت گەر بپرسین:

ئایا ئەو چیرۆکەی کە ئاشکرا کرا تێکەڵ بوو بە جۆرێکی (سینەمایی!) کاریگەر، ڕێگەیەکی چالاکی وەها کە دژی بێ تاقەتی کردن، هێڵدانان، یان زیانبەخش و مۆدیلێکی ئاشکرای خۆدەرخستن بوو؟

ئایا وا جوان ڕێک خرا، لە پەڕەی یەکەمەوە، یان هەر هیچ نەبێت لە پەڕەی ٥ تا ١٥ و بەدواوە تا کۆتایی؟

«وێنەیەک لە هەزار وشە گرنگترە» کە ئاساییانە بێ دەنگە- لە وێنەی بێ دەنگییەوە- کە زۆر بەهێزترە لە هەر وشەیەک. ئایا سیناریۆکە بەشێوەیەکی وێنەیی کاریگەرە؟ ئایا درامایەکی سەرنج ڕاکێشان و پڕ کێشمەکێشە؟ ئایا پڕ دڵەڕاوکێیە، بۆشایی پێویست بەجێ دێڵێت، ئایا چاوەڕوانکراوە، یان تەعبیر لە هێڵی دژ دەکات، ناچاوەڕێکەرە و پرسیار بۆ بینەران بەجێ دێڵێت، بەچاو خۆشە و بینەر بەشداری پێدەکات و دەیەوێت خاڵەکان پێکەوە ببەستێت؟

**کێ و چی؟**

**بازنەی کارەکتەرەکان و بیروباوەڕ دەربڕینی کێ؟**
**لەناو ژانری چیرۆکەکەدا:**

**A**. ئایا کلیلی کاراکتەرەکان بەجوانی نەخشەیان کێشراوە، کە پێ بگەن و باوەڕپێکراو بن، هەر یەکەیان وەک تاکێک پڕ بەپێستی کارەکتەرەکەیانن، لە هەڵسوکەوت و حەز و ڕقەکانیاندا، کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانیاندا دەگونجێت وەک ڕەگەز و دەنگی تایبەتییان لە دیالۆژەکانیاندا بۆ هەریەک لەو کارەکتەرانە هەیە؟

**B**. ئایا هەڵسوکەوتی کارکتەرەکان سەر بە ڕەگەزی بنچینەیی و باکگراوندی ڕەگەزەکانیانە؟ لە فیلمی «the kit Runner»دا، هەموو کەسێک ئاشنایە بە جۆری کەڵچەری ئەفغانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکسەر ئەوە دەبینێت کە لاوە سەرەکییەکە هەڵسوکەوتی دەربارەی باوکی کاتێک تووشی جەڵتەی دڵ دەبێت (ئەکتەرێکی زۆر بەتوانایە) بەڵام لەنێوان زاوا گەنجەکە و بووکە تازەکەیدا هەڵسوکەوتیان لەوە ناچێت کە تێکەڵییەکەیان بەگوێرەی پێویست لە بەرجەستەکردنیاندا

دراماتیکی بێت.)

C. ئایا کلیلی کارەکتەرەکان لەگۆڕان/ پێگەیشتندا دەبن لە چیرۆکەکەدا؟ مەبەست لە کەوانەی کلیلی کاراکتەرەکانە. کە بەپێچەوانەی ڕۆمانەوە، دوو کاتژمێری سیناریۆیەک ڕێگە نادات بە کاراکتەرە لابەلاییەکان، یان هەڵگیراوەکان کە کەوانەی خۆیان هەبێت! («حەزم دەکرد بمزانیایە کە کەوانە حیزە-کەی کارەکتەرەکەم چییە؟» ئەمە دیالۆگێکی بێهوودەییە لە زنجیرەی سۆپرانۆدا.)



**لەیلا (شیڤا ڕۆز) لەلایەن خەزوور و خەسووە جوولەکەکەیەوە لە فیلمی دەیڤید و لەیلادا لێپرسینەوەی لێدەکەن**

بیروباوەڕ دەربارەی کێ؟ هاملێت، وەک گەلگامش، یەک بیروباوەڕی ناسراو و لەکارەکتەرەکانیاندا هەیە- کە تایبەتە بەهاملێتەوە، یان گەلگامشەوە. دەیڤید و لەیلا. هەروەک ڕۆمیۆ و جوڵێت دوو بیروباوەڕیان هەڵگرتووە، کە هی هەردوو دەیڤید و لەیلایە! شایی شنەی شەماڵ (مۆنسوون)ە کە چەند بیروباوەڕێکی هەڵگرتبوو خۆیان لە (شەش) دەدا لە چیرۆکە لابەلاییەکانەوە کە هەر هەموویان بەشێوەیەکی جوان و بنیادنەر پێکەوە گرێ درابوون، ئەویش بەخۆ ئامادەکردنێکی ڕەنگین بۆشاییەکە ڕۆیشت و بەشاییەکی شنەی شەماڵی سەرکەوتووانە کۆتاییان هات.

ئایا بینەران بەردەوام هەستیان سەبارەت بە چارەنووسی پاڵەوان، یان کارەکتەری پشتگیری هەیە. ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازن؟ لە درامادا، ئایا نووسەر، بەشێوەیەکی کۆنتراستی، ئەوە وەردەگێڕێت کە وا لە بینەران بکات ڕقیان لە کارەکتەری شەڕخواز بێت و ئاواتی ئەوەی بۆ بخوازن کە بڕووخێت؟

## کێ و چۆن؟
## ئەکشن و دیالۆگ

«ئەکشن لە وشە بەرزتر دەدوێت.» ئایا کارەکتەرەکان بەڕێگایەکی سینەماتیکی جوان نیشاندران: ئەمە زیاتر بەهۆی هەڵسوکەوت و ئەکشنەوە نیشان دەدرێت، زیاتر لە دیالۆگ گوتن؟ لە سینەمای کلاسیکی بێ دەنگدا، وەک با ١٩٢٨ کە لیلیان گیشی بەهرەمەند ڕۆڵی دەبینی، توانی چیرۆکێکی بەسۆز و باوەڕپێکراو بێ دیالۆگ بگێڕێتەوە، تەنیا هەندێک تایتڵی کارتی تێدا بەکاربهێنێت.

ئایا کارەکتەری سەرەکی ئەو دەستپێشخەرییە دەکات کە لەگەڵ ئەکشنەکەدا بەیەکدا بێت کە (هەرگیز وەرناگەڕێتەوە!) بە پێچەوانەوە زیاتر لەوەی کە بە خراپی بمێنێتەوە و تەنیا بەرپەرچییەک بەرانبەری بنوێنێت؟ ئەو کارەکتەرە چالاکانەی کە خۆیان دەخەنە گێژاوەوە، کە دەبێتە هۆی ئیغراکردنی ڕووداوەکە، و خاڵی لووتکە و ترۆپک و کێشەکان دەتەقێننەوە.. ئەوانە لووتکە (پلۆتر) دەهەژێنن و چیرۆکەکە بەرەو پێشەوە دەبەن.

ئایا دیالۆگ کورتەیەکی، بەجێیە، ڕاستەوخۆ نییە، ڕەسەنە، هەروەها ئاڵۆزاوی و قورسە، دیاری بکەیت (بەمانایەکی تر لێی ناکۆڵرێتەوە)؟ چاکترین دیالۆگ لەناوجەرگەی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکە لەگەڵ ئەکشندا دەدەن. کارەکتەری ڕاستەقینە هەندێک جار «درۆ» دەکات، بەتایبەتی کە لەژێر بارێکی پاڵەپەستۆییدا بێت. مەزنترین دیالۆگ درۆی پەنهانی تێکستە لابەلاییەکانی شاردووەتەوە و ئەجێندای شاراوەی لەخۆ گرتووە، کە هەردەم لەلایەن کارەکتەرەوە نیشانە و خیانەتی تێدایە دەربارەی هەڵسوکەوتی کارەکتەر و زمانی لەش بەکارهێنانی کارەکتەرەوە.

ئایا هەموو دیالۆگێک چ پەنهان، یان ئیکۆنۆمی بێت، چیرۆکەکە بەرەو پێشەوە دەبات و کارەکتەر پێدەگەیەنێت و ڕووکاری هەڵدەداتەوە؟ پێویستە سیناریۆنووس نیشانمان بدات نەک پێمان بڵێت (تیشکی بخاتە سەر) هەروەها پێویستە بەهیچ جۆرێک پێکەوە نیشانت نەدات و بشڵێت لەیەک کاتدا!

بڕواننە ئەم دیالۆگەی لە فیلمی لەجێگایەکی تەنیاییدا

ساڵی ۱۹۵۰ بەرهەم هێنراوە، لەنێوانی کیژێکی خوشکیلە و هەمفری بۆگارتدا نووسەر و کارەکتەردا ڕوودەدات:

کیژ: بەڵام وامزانی کە ئەکتەرەکان دیالۆگەکانی خۆیان دەنووسنەوە؟

نووسەر (بۆگارت): نا! تەنیا کاتێک دەبنە ئەستێرەی ناودار وادەکەن!



**ئاهەنگی شاییەکە لە فیلمی دەیڤید و لەیلادا**

وەک دەردەکەوێت ئەستێرەکانی هۆلیوود وەک تۆم هانکس پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە جارێکی دی دیالۆگەکانی خۆی بنووسێتەوە تا وەهایان لێ بکات زیاتر نۆبڵ دیاربن، وەک پاڵەوانێتی تێدابێت،

بە سۆزەوە خەڵکی تێی بڕوانن، شیرین و ناسک بن، ئا ئەمەشە کە ڕوونی دەکاتەوە ڕۆڵەکانی وەک خواردنەوەیەکی خەست بن، وەک ڕۆڵەکانی لە فیلمی نامەت بۆ هاتووە و کاستەکەت ڕۆی دا- کە یەکەم دەستەی کۆمەرشەل بوو بۆ ئەی. ئۆ. ئێل، هەروەها دووەمیان بۆ فیدێکس کرا. (ئەم هاوبەشی کردنە بەهێزەی یاریدەدان بوو بۆ ئەو فیلمانەی کە لەدواییدا ئاشکرایان کرد و نیشانیان دان).

چۆن؟ بێناکردن: ڕووداوەکان و ململانێ و خاڵەکانی ناوەڕۆک و ڕیتم و جۆری ژانر و جێبرکێ و هەڵگەڕانەوە و کارەساتەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێت...

ئایا هەموو کارەکتەرەکان لە چیرۆکەکەدا بەڕاستی پێویستن تا چیرۆکەکەمان بۆ بگێڕنەوە؟ ئایا ئەو نێرینە، یان مێینە بێت، یان (گیانەوەر بێت) بەچاکی و ڕێکوپێکی بەکارهێنراوە تا سوود بە چیرۆکەکە بگەیەنێت؟

ئایا سیناریۆیەکی پتەو و مەحکەم و پاڵپشتگیراوە؟ ئایا هەموو دیمەنێک پێویستە تا چیرۆکەکە بگێڕنەوە؟ ئایا هەموو دیمەنێک و ئەکشنێک پاڵپشتی چیرۆکەکە دەگرن، یان پێگەیشتنی کارەکتەرەکانمان پێ نیشان دەدەن؟ ئایا هەموو دیمەنێک کە دەکرێتەوە بە بەشێکی کراوە دەست پێدەکەن، جارێکی تر لەناویدا دەکرێنەوە؟ کە بینەران هەست بکەن شتەکانی دوایی هەڵبهێنن، یان خەیاڵیان لای ئەو بێت، کە بەڕاستی تا ئێستا چی ڕووی داوە؟.

پێویستە نووسەرێک کە بەدڵڕەقانە ئەوکەسایەتییە زیادە و دیمەنە خۆشەویستانەی کە جێگەیەکیان لەدڵیدا هەیە، بەڵام پێویست نین لابەرێت، لەگەڵ ئەو کارەکتەرە جوانکیلانەیەدا کە پێویست نین! لەناو ژانرەکەیدا، ئایا چیرۆکەکە باوەڕی پێ دەکرێت، بەجوانی و سەرسامی و هەموو ئۆرگانەکانی دەمانهەژێنن؟ چیرۆکە مەبدەئییەکە و ژانر و چالاکییەکانی پتەون کە بریتین لە: دراما و کۆمیدی و فارس ساتیر و کارتێکەر و گەڕان بەدوای ئەکشن و زانستی خەیاڵی، داستان و ... یان ژانرێکی تێکەڵە لە دراما و ساتیر وەک هەندێک لە فیلمەکانی ئۆڵتمان و ئەڵمۆ دۆڤار و یان دەیڤید و لەیلادا.

تێبینی پەراوێزەکە بکەن بۆ «تەعلیقی باوەڕنەکردن» (کە نووسینێکی دیکەمە کە بەم زوانە بۆ بڵاوکردنەوەی دەنێرم) کە دەبارەی باسی کۆمیدیا و ساتیر وەک لە درامادا بەربڵاوترە. ئەوەی کە ڕەنگە باوەڕی پێ ناکرێت لە درامادا نەک تەنیا چاک نییە، بەڵام داوایەکە و حەزی لێدەکرێت و پێویستییەکە، لەکۆمیدیاو ساتیر و فارسدا! (زۆر سەمەرەیە کە چۆن تەنیا هەندێک ڕەخنەگری فیلم سێو لەگەڵ پرتەقاڵدا بەراورد دەکەن- کاتێک کە بێ چاوەڕوو ڕەخنەی ژانرێکی تێکەڵی ڕۆمانتیکی کۆمیدی درامی وەک دەیڤید و لەیلا، یان ژنهێنانی مۆنسۆن وەک درامایەکی تاکی پاکی درامای جددی لەقەڵەم دەدەن!).

ئایا بینەران سۆزیان لەگەڵیدا دەجوولێت؟ دەیناسنەوە و ئاگایان لێی دەبێت، یان بەلایەنی کەمەوە پێی سەرسام دەبن؟ تێکەڵی دەبن و پێوەستی دەبن و خۆشحاڵیان پێدەدات و لەگەڵ بەهای بیروباوەڕی کارەکتەر و چیرۆکەکانیدا تێکەڵ دەبن؟

**پێداگرتن: کۆتایی؟**

«گرنگترین شتێکی بنچینەیی بۆ نووسەرێکی باش




**ئەکتەری هۆلیوود شیڤا ڕۆز (لەیلا) و جەلال جان جانڕۆیی نووسەر و دەرهێنەری فیلمی سەربەخۆی دەیڤید و لەیلا لەشاری نیویۆرک لە سەنتەری ناکۆری کەلچەری جوولەکاکاندان.**

ئەوەیە کە بینای- نازناو و ئیسپاتی- سەرسامی و ئامێری دۆزینەوەی ڕۆشنایی هەبێت. ئەمانە ڕاداری نوسەرەکەن.» ئیرنیست هەمەنگوای.

هەمەنگوای گوتی کە ئەو سی و هەشت جار کۆتایی «زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن»ی نووسییەوە تا بە ئاکامی ناوەرۆکەکەی گەیشت. لەناو ژانرەکەیدا، ئایا کارەکتەر و چیرۆکەکانیان باوەڕیان پێ دەهێنرێت؟ ئایا کۆتاییەکەی دەچێتە ئەقڵەوە؟ ئایا بەکۆتاییەکەی ڕازین؟

گرنگ نییە کە کۆتاییەکەی شادی، غەمگین، بیر-هەژێن، یان کۆتاییەکی کراوە، یان شاراوە، یان تراژیدی بێت، یان لەوانەیە وەک تراژیدیای گریکی کاسارسزی تێدا بێت.

زۆر بە باوەڕیان وابوو کە «وڵاتێک بۆ پیاوانی پیر نییە» مەزنترین فیلمسازی تێدا کرابوو کە نواندنێکی سوپەری سەرسامی تێدابوو، بەڵام کۆتاییەکەی لەلایەن زۆربەی بینەرانەوە «لێی نارازی» بوون. لەوانەیە بۆ خاتری هەندێک ڕەخنەگری فیلم و بژاردە دروست کرابێت کە بۆ ڕۆمان، یان ڕوخسارێکی بەرزی کۆتایی «فیستیڤاڵی فیلم» دەگەڕێن.

لەکۆتاییدا، بینەران چاوەڕێ و شایانی کۆتاییەکی ڕازی و باوەڕپێکراون!

هیوادارم کە هەر سێ بنەماو باوەڕەکانی دیکەی وەک: موزیک، دیکۆر، نەخشەکێشی بەرهەمهێنان و هەروەها بینەر، کاریگەرییە تایبەتییەکانیش لە پاشەڕۆژدا تەواو بکەم.

**بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەتوانن بڕواننە ئەم نووسینانەی خوارەوەش:**

**Further reading: 1.Playwriting (1961) by Bernard Grebanier.**
**2- Art of Dramatic Writing (1972) by Lajos Eqri.**
**3- Screenwriting 101 (1999) by neil D. Hicks.**
**4- Story (1997) by Robert Mckee, and dozens of “How to” formulae Hollywood books by authors such as Syd Field most of whom have not yet weitten a compelling screenplay. (The most widely translated are Syd Field books- translated even in the Middle East under “Saeed Feld” or “Said Feld”!)**

**فیلمی دەیڤید و لەیلا نیویۆرک لە کاتی ڤالانتایندا نیشاندرا لە ٢٠٠٨/٢/١٥، لە شیکاگۆ لە ٢٠٠٨/٢/٢٢دا و لە سانفرانسیسکۆ لە ٢٠٠٨/٣/٧دا کە لەلایەن شیڤاڕۆز و ژان جوانڕۆییەوە وەڵامی پرسیارەکانی بینەران درایەوە. شایانی باسیشە کە لە فیستیڤاڵی مۆنامۆردا خەڵاتی بینەرانی پێ بەخشرا.**

**بۆ فیلمی دەیڤید و لەیلا بڕواننە ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە:**
**Info at movie site:**
**http://www.davidandlayla.com/**

# شاره مێروولە

جەبار سابیر
(سلێمانی)




خاوەنی ئەم ڕۆمانە (دۆریس لیسینگ)ە، ضیاءالدین ترانی کردوویەتی بە فارسی. ئەو خانمە ئینگلیزەی ساڵی پار خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشراو بەو تەمەنە زۆرەیەوە کەوتەوە ناو ناوان. یازدەمین ژنە، کە نۆبڵی وەرگرتبێ، (دۆریس لیسینگ) لە کرمانشای ئێران لە دایک بووە و لە ئەفریقیا گەورەبووە، باوکی کارمەندی بانک بووە و لە سەردەمی ڕەزاخان لە ئێران وەک پسپۆڕێک لەو بوارەدا کاری بۆ کردوون. چەند ساڵێک دوای هاتنە دنیای لیسینگ بۆ هەمان کار و بە ماڵەوە ڕوودەکەنە ڕۆدیسیای ئەوساو زیمبابۆی ئەمڕۆی سەر بە کیشوەری ئەفریقیا.

چەندین ڕۆمانی تری هەیە لەوانە (گەڕانەوە بۆ نیشتمان، چیرۆکە ئەفریقیاییەکان، گیاکان گۆرانی دەڵێن، نەریتی خۆشویستن، شاری چوار دەروازە، هاوین پێش تاریکی، دەفتەری زێڕین، شارە مێروولە).

(شارە مێروولە) یەکێک لە ڕۆمانە جوانەکانی ئەم خانمەیە کە تێیدا هەستی مرۆیی دەگاتە لووتکە. ئەم ڕۆمانە باس لە چەوسانەوەی ڕەش پێستەکانی کیشوەری ئەفریقیا دەکات بەهۆی سیاسەتی (ئەپارتاید)ەوە کە سپی پێستەکان جیێبەجێیان دەکردو درێژکراوەی سەدەکانی پێشووتر بوو کە وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. شوێنی ڕووداوەکان زیمبابۆی ئێستاو ڕۆدیسیای جارانە کە ڕۆماننووس لە کۆتایی چلەکاندا بەهۆی خێزانەکەیەوە لەوێ نیشتەجێ بووە. ئاغای مەکین تاش دەوڵەمەندێکی ئینگلیزەو لەو وڵاتە بەشوێن ئاڵتووندا دەگەڕێت. ئەم پیاوە ژن و ماڵی نییەو هەر بەشوێن پارەدا دەگەڕێ. کۆمەڵێ کرێکاری ڕەش پێست وەک کۆیلە کاری بۆ دەکەن و ئەمیش بە ئارەزووی خۆی دەیانچەوسێنێتەوە، ژن و پیاوێکی سپی پێستیش لەگەڵ ئاغای مەکین تاشدان و ژنە کاروباری ناوماڵی بۆ دەکات و پیاوەکەش بەردەستی.

ئەم ژن و پیاوە کوڕێکی

بچووکیان هەیە بەناوی (تۆمی) هەر ئەمیش پاڵەوانی ڕۆمانەکەیەو ڕووداوەکان لە دەوری ئەو دەخولێنەوە.

منداڵێکی تریش لەو دەوروبەرە هەیە بەناوی (دێرک) ئەم منداڵە نە ڕەشە تا سپییەکان بیچەوسێننەوەو ڕەشەکانیش هاوڕێیەتی بکەن، نە سپییە تارەشەکان ڕقی لێهەڵگرن. دێرک تێکەڵەیە، یان دوو ڕەگە، ئەمەش گەورەترین کێشەی بۆ دروست کردووە. مەکین تاش لەبەر ئەوە ڕقی لێیەتی کە ناتوانێ وەک ڕەشەکان کاری پێ بکات و بیچەوسێنێتەوە، دایک و باوکی تۆمیش (کلارک و ئانی کلارک) لەبەر ئەوە ڕقیان لێیەتی کە نەسپییەو نە ڕەشە، ئەمەش بۆ ئەوان کەموکورییە دۆستایەتی بکەن.

ڕەشەکانیش لەبەر ئەوەی وەک خۆیان ڕەش نییە دیسان هاوڕێیەتی ناکەن و ڕۆژانە لەکاتی یاریکردندا ناهێڵن ئەو لێیان نزیک بێتەوەو یارییان لەگەڵ بکات. ئەم حاڵەتە بۆ تۆمیش تارادەیەک وایە، چونکە ڕەشەکان ڕێگە نادەن ئەویش وەک سپی پێستێک و وەک ئەوەی کە لە ئاغای مەکین تاشەوە نزیکە، لێیان نزیک بێتەوەو یارییان لەگەڵ بکات.

بەم جۆرە ئەم دوو منداڵە کە هەریەکەو سەر بەدنیایەکن، لە دنیای منداڵانەی خۆیان بێبەش دەبن، ئەمەش بەهۆی گەورەکانەوە. لێرەوە ئەم دوو منداڵە هاوڕێیەتییەکی پتەو لە نێوانیاندا دروست دەبێت و بەو منداڵییەی خۆیانەوە هەست بەو زوڵمە دەکەن کە لێیان دەکرێت.

لیسینگ لێرەدا کاری لەسەر ڕوحی منداڵ کردووە کە سنوورەکان ناناسێت و دنیای منداڵانەی خۆی دەوێت، ئەم ڕوحەی منداڵ پاکەو دوورە لەهەر تێوەگلان و ئالوودەبوونێک بە بەرژەوەندی و ڕیاکاری و لە دنیای گەورەکانەوە ناگلێ کە پڕە لەبەرژەوەند پەرستی و دووڕوویی. تۆمی و دێرک نوێنەری نەوەی ئایندەی مرۆڤایەتین کە ئەو دەم لیسینگ پێشبینی کردووەو نەخشەی بۆ کێشاوە کە ڕۆژێک دێت ئەو سیاسەتەی گەورەکان دایانڕشتووەو کاری پێدەکەن و پڕە لە چەوساندنەوەو بەرژەوەند پەرستی، لەسەر دەستی منداڵەکان هەڵدەوەشێتەوەو ڕەنگ بۆ دنیایەکی نوێ دەڕێژن کە ئێستا ئێمە بە چاوی خۆمان دەیبینین و جیاوازییەک لەنێوان ڕەش و سپی و دوو ڕەگدا نەماوە.

ئەم دوو منداڵە پێکەوە ساڵانی سەرەتای منداڵی دەگوزەرێنن و دواتر کاتێکیش تۆمی دەچێتە قوتابخانە بۆ خوێندن و دێرکیش لەبەر ئەوەی دوو ڕەگە، ڕێگەی چوونە قوتابخانەی پێنادرێت کەمێک لەیەکتر دادەبڕێن، بەڵام هەر زوو تۆمی قەرەبووی دەکاتەوەو دوای هاتنەوەی لە قوتابخانە دەچێتە ژێر ئەو کەپرەی کە دێرک دروستی کردووەو هەرچی لە قوتابخانە خوێندوویەتی بە دێرکی دەڵێتەوەو بەم جۆرە دێرکیش دەبێتە هاوشانی ئەو لە خوێندندا. لێرەدا دەبێت سەرنج لەو کەپرە بدەین کە دێرک دروستی کردووە، دێرک دەیتوانی لەماڵی خۆیان هاوڕێیەتی تۆمی بکات و پێکەوە یاری بکەن و دواتر بشخوێنن، بەڵام کاتێک کەپر دروست دەکات و ناچێتە ماڵەوە، ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەم منداڵە خوازیاری دنیایەکی ترە جیاواز لەو دنیایەی ڕەش و سپی و دوو ڕەگەکان بۆ خۆیان دروستیان کردووەو بەو هۆیەوەش ڕۆژانە لەیەکتر دوور دەکەونەوە. ئەم دوو منداڵە بۆ داهاتوو دەژین نەک بۆ ڕابردوو، بۆیە ناچنە ماڵەکانەوە، ئەو ماڵانەی پڕە لە چەوساندنەوەو بەرژەوەندی و بازرگانی بەجەستەی مرۆڤەوە، ئەوان لەژێر کەپرێکی لە گژوگیا دروستکراودا نەخشەی دنیایەکی نوێ دەکێشن. ئاغای مەکین تاش و دایک و باوکیشی زۆر هەوڵ دەدەن بەهەر شێوەیەک بێت تۆمی لە دێرک دووربخەنەوە، بەڵام تا دێت تۆمی زیاتر هۆگری دێرک دەبێت و تەنانەت کاتێک ئاغای مەکین تاش دەیەوێ پەیکەرێکی لە قوڕ دروستکراو لە تۆمی بکڕێت و دەکەوێتە مامەڵە لەگەڵیداو پێنج پاوەندی دەداتێ، دواتر دەڵێ تۆمی چی لەو پارەیە دەکەیت؟ تۆمیش لەوەڵامدا دەڵێت: دەیدەمە دێرک.

ئیتر ئاغای مەکین تاش بەرچاوی ڕەش دادەگەڕێت. پاش ماوەیەکی تر هەوڵ دەدەن بەهۆی ناردنی بۆ کیپ تاون بۆ خوێندن لە دێرکی دوور بخەنەوەو پێی دەڵێن تۆ زیرەکی و دەبێت ئیتر بچیت لە کیپ تاون بخوێنی، بەڵام تۆمی لە وەڵامدا دەڵێت بۆچی دێرک نانێرن، یان من و دێرک پێکەوە بنێرن هەرچی من دەیزانم ئەویش دەیزانێت و بگرە لە منیش زیرەکترە. ئیتر هاوڕێیەتی ئەم

دوو منداڵە تا دێت بەهێز دەبێت و لەگەڵ گەورەبوونیاندا ئەویش گەورە دەبێت و هیچ هێزێک ناتوانێ لە یەکتریان دابڕێت.

لێرەدا دەکرێت بەگشتی ئاوڕێک لە کارەکترەکان و دنیاکەیان بدەینەوە. بەگشتی ئەم ڕۆمانە چوار کارەکتەری سەرەکی هەیەو هەر دەنگی ئەوانیش دەبیسترێت، ژن و پیاوێک و دوو منداڵ، بەتایبەت دەنگی دوو منداڵەکە زۆرتر دەبیسترێت. ئاغای مەکین تاش نوێنەری دنیای سەرمایەداری و هێزی داگیرکارییە کە لە پێناوی تێرکردنی ورگی خۆیدا سڵ لە هیچ بەربەستێک ناکاتەوەو بەم هۆیەشەوە ناویان ناوە (ورگ ئاڵتوون) و ئەو چاڵانەی هەڵیشی دەکەنێ بۆ دۆزینەوەی ئاڵتوون لەلایەن خەڵکە ڕەشەکەوە بە (چاڵی مەرگ) ناونراوە، چونکە خەڵکی تێدا مردووەو ئازایەتییەکی زۆری دەوێت لەوێدا کاربکەیت. ئەم پیاوە هەمیشە بە لۆژیکی هێز دەجووڵێتەوەو هەموو مافێکیش دەداتە خۆی بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک ئەگەر پێشێلکردنی مافی خەڵکیش بێت. خانمی کلارک و هاوسەرەکەی واتا دایک و باوکی تۆمی کە لەم ڕۆمانەدا باوکی هەرگیز نەدەرکەوتنی هەیە نە دیالۆگ، نوێنەری دنیایەکن کە تەنیا داکۆکی لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەن و هەقیان بەسەر هیچەوە نییەو نایانەوێ ئەوەی لە ئاغای مەکین تاشیان دەست دەکەوێت، بەهۆی منداڵێکی دوو ڕەگەوە لە دەستی بدەن، بۆیە تۆمیان بە مەکین تاش سپاردووەو مەکین تاشیش وەک کوڕی خۆی ڕەفتاری لەگەڵ دەکات و ڕێوشوێنی بۆ دادەنێت. ئەم دوو کارەکتەرە، واتا مەکین تاش و ئانی کلارک، هەردووکیان دوو دەنگی نووساو و نەشازی ڕابردوون و دەیانەوێ دنیا لە جێگەی خۆی بهێڵنەوەو سووڕی گەردوون بوەستێنن، ئەم دوو دەنگە دەنگی سەدەکانی ناوەڕاستن و دژی شارستانیەت و لەگەڵ بەربەرییەتن، بەڵام لەبەرانبەردا دوو دەنگی دلێری تر هەن کە دەیانەوێ دنیا بەپڕتاو لە جێگەی خۆی بسووڕێت و خێرا بڕوات، ئەو دوو دەنگەش (تۆمی و دێرک)ن کە دەنگی بەرزی ناو ئەم ڕۆمانەن و سەر بە دنیای ئەمڕۆن و لەگەڵ شارستانیەتن و دژی بەربەرییەتن. دواهەوڵی ئاغای مەکین تاش بۆ دابڕانی ئەو دوو منداڵە لە یەکتری سەرناگرێت، چونکە کاتێک بەتۆمی دەڵێت بۆ خوێندن لە زانکۆ دەتنێرمە ئایرلەند، تۆمی ڕازی نابێت و دەڵێ هەتا دێرکیش لەگەڵ من نەنێرن ناچم. لە دواجاردا مەکین تاش مل بۆ داواکەی کەچ دەکات و هەردووکیان ڕەوانەی ئایرلەندا دەکات، بەڵام مەرجی ئەوە دادەنێت کە نابێت دێرک بگەڕێتەوە بۆ زیمبابۆی، واتا نایەوێ چاوی بە چارەی بکەوێتەوە. ئەم ڕۆمانە ڕەنگە بۆ ئەمڕۆ تا ڕادەیەک جوانی تێدا نەمابێت، بەڵام بۆ نیو سەدە پێش ئێستا ئەوەندە تەڕو تازەو لەهەمان کاتدا نەگونجاو بووە، ڕەنگە لای زۆرێک لە هاوشێوەکانی وەک مەکین تاش نووسەرەکەشی بەخەڵەفاو لە قەڵەم درابێت.

# لە ئەلبوومی یادگارا

سەباح ڕەنجدەر




جەمال شارباژێڕی لە ڕووی پێکهاتەوە شیعرەکانی پڕ سۆز و دیمەنی هەستدارن. زۆرتر بەرهەمی خەیاڵن لەوەی بەرهەمی هێزی بیرکردنەوە و کۆ زانیاری بن. جۆرێک داهێنانی لە نێوان شەستەکان و سەرەتای حەفتایەکاندا پێشکێش کرد، بووە بەخشندە و ناوەندێکی کراوە بۆ شاعیرەکانی دەوروبەری و کاریگەری خۆی زاڵ کرد، بەڵام لەم ماوە دیاریکراوەدا زیاتری تێنەپەڕاند و کۆتایی پێدێت.

تواناکانی لە ئەزموونی قووڵ و دەوڵەمەند تردا، کەش و دۆخێکی تاکەکەسی پێک نەهێنا. کەواتە کاریگەرییەکەی لەیەک قۆناغدا دەرکەوت و وەستاو نەبووە گیانێکی چالاک و بەرهەمهێن لە جەستەی شیعری کوردیدا.

ئەگەر شیعر جوان دەربارەی ژیان بنووسرێت، لە ژیان خۆی جوانترە. شیعری ئەم شاعیرە لەسەر بنەمای هەست و سۆز و ئاسۆکانی خەیاڵەوە شێوەی خۆی وەرگرتووە. توانیشی تەنیا لەم بوارەدا بەهرە بە باشی بەکاربهێنێت و ساتی شیعریی خۆی بە دوای بەهرەی دادێت و لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ ناوچەکانی شیعر.

لە دەقی ئەدەبیدا خەم و خورپە وەردەچەرخێن بۆ ئێستێتیک. لەو کەشە هەستی و سۆزدارییەدا شاعیر دەرەوە بەجێ دەهێڵێت و لە ناوەوەی نیشتەجێ دەبێت، لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا و خۆی یاخییە. خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و شاگەشکەیی و هەڵزەقینەوە هەڵسووڕێنەری دەبن. لەو پێودانگەوە بە زمانی ناوەوە مانا بۆ بوونی مرۆڤی و ختووکە تایبەتییەکانی دەدۆزێتەوە، هەروەها ئەو ڕیتمە خێرایەی ژیانی ڕۆژانە بەلاوە دەنێت، ڕیتمی ناوەوەی خۆی وەک سەرچاوە کار پێدەکات، ئەو ڕیتمەش خاو دەبێتەوە وەک ئەو بارە دەروونی، یان دەربڕینە دەروونیانەی، کە ژیانی بەڕێوە دەبەن و دووچاری یاخی بوونیان کردووە.

لە باری تێگەیشتنەوە شیعرەکانی وەک ئاوریشم و خاکی تەڕ نەرمن. وەک گۆرانی فۆلکلۆری ڕوون و سادەن، بەڵام لە باری

مانای شاراوە و چینەکانی بنیاد و داڕشتندا پڕ و فراوانن، خاوەن ئاسۆی دوور و بواری قووڵن.

هەستیاری زمانی خۆی نیشان داوە، پێش ئەوەی ئاواز لە وشەدا وەرنەگرێت، نایهێنێتە ناوەوە، یان بەسەریدا خول ناخوات، یان بەسەریدا پاز نادات، هەروەها لە ڕووی بەکارهێنانی وشەوە تووشی بەد بەکارهێنان نایەت. وشە ئاراستەی باش بەکارهێنانی خۆی وەردەگرێت.

سوودی لە شێوازی بەر لەخۆی وەرگرتووە، بەڵام پەیڕەوی نەکردوون. لە نەوەی خۆشی لە شێوازدا لە زۆرینەیان ئەندازیارترە. لە مۆسیقاشدا کاری بە مۆسیقا و پیت و وشە و دەستەواژە و ڕستەی شاعیرانی بەر لە خۆی نەکردووە. هەرێمێکی بۆ دابەشکردنی ڕستە و مۆسیقا لە شیعردا بنیاد ناوە، بەڵام بۆ تێگەیشتن و بنیادنان وزە و هێزی لە ئەزموونی بەر لەخۆی وەرگرتووە.

لەبەر ئەوەی ئەم دابەشکردن و مۆسیقایەی زۆر هونەریی و زاڵ بوو، شاعیرانی دوای خۆی نەیانتوانی لاسایی بکەنەوە، یان کاری لەسەر بکەن و لێ زیادبوونی بۆ بکەن، بەڵکو وەک دەست وەشاندن و داهێنانێکی تاکانە هێڵی بۆ کێشا و دایمەزراند. داهێنانی سادە بە ئاسانی و زوو دێتە دەست و دەتواندرێت لاسایی بکرێتەوە و کاری لێ زیاد بوونی لەسەر بکرێت.

جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. بەتایبەتی لە گۆشەنیگای شاعیرانەوە و ئێستێتیکییەکی ڕوون و ئاشکرا.

پشت ئەستوورە بە سروشت و پێکهاتەی خۆڕسک و دەست لێ نەدراوی سروشت. لەسەر ڕیتمی پێکهاتەی سروشت وێنە دادەهێنێت. نموونە: پێوەندی دروست دەکات لە نێوان با و درەخت و مۆسیقای جووڵاندنەوە. لە هەمان کاتدا هۆی پیتاندنی درەخت بەیارمەتی باوە دەکاتە دیاردەیەکی جەوهەری سروشت.

واتە بە تەنیا لەسەر (زەین)ی سروشت کار ناکات، بەڵکو لەسەر (منداڵدان)ی سروشت کار دەکات، پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردنی پێکهاتەکانی لە ڕستە دیار دەکات و لە شیعرییەتی دیمەن دەیان درەوشێنێتەوە. سروشتی پێوەندییەکانیش بە واقیعەکەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەو ڕوونکردنەوەیەش تواناییمان بۆ خوێندنەوە پێ دەبەخشێت، یان هارمۆنیەت و هاوئاهەنگییەک لە نێوان ڕەنگەکان وەک خەسڵەتی وەرز لە وێنە و فۆرمی جیا جیادا گۆشە و کەنار و ناسنامەی لە یەک نەچوویان دەداتێ.

شوێنی لە دایک بوون و گەورەبوون پێناسەی زەینی شاعیر دەکات بۆ ئێستێتیک و گەڕانەوە بەرەو یەکەم ناسینی شوێن، هەروەها هەوڵدان بۆ ناسینی شوێنە نەناسراوەکانیش، کە بەشێک لە ئێستێتیکی یەکەم شوێنی دێتە ناوییەوە و هۆ و پاڵپشتێکە بۆ خەملآن و کرانەوەی بیر بۆ سەر شوێنەکانی دیکە و ناسینی. شاعیر ئەگەر نەتوانێت لە ئێستێتیکای سروشت تێبگات، بێ هیچ گومانێکیش ناتوانێت ئێستێتیکایەک بۆ تێگەیشتن و بەکاربردن لە زەین و هەستی خۆیدا پێک بهێنێت.

گۆشەنیگای بیناسازی و کێشانی پێوانە لە هاوسەنگی و شکۆی سروشت وەردەگرێت، بەڵام نەیتوانیوە کار لەسەر بیری سەرهەڵدانی سروشت بکات، یان ئەم لایەنە، کە گۆشەنیگای بایەخە لە ناو شیعرەکانیدا بزرە و دەستی بۆ نەبردراوە، هەموو دیاردە و داهێنانێک پەیوەستە بە هۆشیارییە تایبەتییەکانی شاعیر و جێکردنەوەی فەنتازیا و ئێستێتیک لەناو زماندا.

(لە ئەلبوومی یادگارا) ناوونیشانی کتێبێکی شیعری (جەمال شارباژێڕی)یە، ساڵی (١٩٨٣) لە دووتوێی (١٧٥) لاپەڕەدا لە چاپخانەی (ئۆفسێتی سەرکەوتن) لە سلێمانی چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (کسپەیەک، بۆ، هەستێک، لە سەیرانێکدا، ئەگەر، نەکەی، تاکە شیعر و بەس، درکاندنێک، گوندێک و کچێک و یادێک و شیعرێک، ئارام، پرسیارێک وەرامەکەی لە خۆیدایە، نامەیەکی کراوە، دانیشتن لەگەڵ تۆدا، لە جەژندا، دیسانەوە خەم، هەژدەی سێ، چڵی نەرگز، لە جیاتی کارت، خۆشم ویستی، بۆ مەرگی پڕشنگ، ئەگەر تۆ بۆ من بوویتایە، لەسەر سێ گڵکۆدا، چەند هەناسەیەک، لەسەر بەردە نووسێک، بەناوێکی ترەوە گەڕایەوە، گۆرانییەک بۆ شیرین، ئاخێک، خەمێکی تر، چاکتر بمناسە، چاوچاو، چەند تاڵە بیرێکی ئاڵۆزکاو، دوای دەساڵ، پشیلە، ڕازێکی نوێ، نەوزاد، وێنەیەک،

کـەتەی کـەرپـیـاو، بۆ جـوانێـک، ئەمـشـەو، وەرە جـوانێ، دایکی دڵسۆز، بێ ناوونیـشـان، ئای ئای، لەسەر تۆ، باوکایەتی، مۆڵەت، بۆ کـچـێکی جـوان، تازە من و تۆ، بەهەستێکی خاوێنەوە.)

**وێنەیەک**

**ئەم وێنەیە**
**بۆچ زویرە**
**بۆچی بێ زەردەخەنەیە**
**لەبەر نیگای کامیرادا**
**کە وەستاوە**
**چی لە بیرە**
**چی لە دڵدا حەشارداوە**
**وا دڵگیرە**

* * *

**ئەم وێنەیە**
**چاوی نـازی کـــــردووەتـەوە و نایترووکێنێ**
**جوانییەکەی بێ وێنەیە**
**هەر ئەمێنێ**
**گەنجینەیە**

* * *

**ئەم وێنەیە**
**لە ئەلبوومی یادگاردا**
**سبەینێ**
**بزەی خـۆش و کـزەی ناخـۆش ئەهێنێ**
**خاوەن ئەم وێنەیە کاتێ**
**تەمەنی پیری ئەیگاتێ**
**خەم و خۆزگە ڕایئەژێنێ**
**فرمێسک و خەندەی ئەداتێ**
**یادەکانی ئەورووژێنێ**

* * *

**ئەم وێنەیە**
**لەو شوێنەیە**
**کە بیلبیلەی گلێنەیە**
**سەرنجی ڕاکێشا بوو**
**لە نوێنی نەرمی هەستمدا**
**ڕاکشابوو**
**خـۆی کـرد بە ژووری مـیـوانی هەڵبەستمدا**
**خۆی بە دیوانەکەم ناسی**
**بە دیوارێ**
**لە دیوارە سپییەکانیدا**
**خۆی هەڵواسی**

شاعیر لە ئەنجامی خراپی بارودۆخ و زەبروزەنگی دەسەڵات و دەوروبەر، لە واقیـعی دەرەوە یاخی دەبێت و بەجێی دەهێڵێت، لە ناوەوەی خۆیدا واقیـعێکی شیـاو بۆ نووسین و پێوەندییەکانی ژیان دادەمەزرێنێت، لەگـەڵ دیاردە جـەوهەرییـەکـانی سروشت تەباییەکی گیانی و هەستی دەهێنێـتـە ئاراوە. نەک لەگـەڵ ئەو دیاردانەی لە ڕێگای دەسەڵاتەوە کار لە ژیانی کۆمەڵگا دەکەن و بارودۆخ دەگۆڕن.

شـاعـیـر لە چەقی کـۆمـەڵگا ناژییێت، تا باری کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسی و ئابووری و.... تاد ڕابگرێت، لە گـۆشـەیەکی ئێستێتیکییەوە باری سەرنج دەنوسێت. ئەو باری سـەرنجـانە کـاریگەری بنەڕەتییـان بۆ گـۆڕان نییـە. ئەگەر بشیبێت زۆر لابەلاو لاوەکی دەبێت.

لە هەمـوو شـێـوەکـاندا واقیع کـاریگەری خـۆی دەبێت، شـیـعـری هەستی دوورە لە زیادەڕۆیی واقیع و بەدوا دەمــدان. لە نـاو بەرهـەمی هەسـتـیـدا دەتوانین ئەو توخـمـە سـەرەکـیـانە بدۆزینەوە و دەست نیـشـانی بکەین، کـە دەبێـتـە یارمەتیدەر بۆ ڕەواندنەوەی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ، یان بۆ تۆخکردنەوە و بەرزبوونەوەی باری هەڵزەقینەوە.

واقـیـع جـەسـتـە و شـوێنێکی نووسـراوە، بۆ شـاعـیـری هەسـتی بایەخی سـەرەکی نیـیـە، چونکە شاعیری هەستی ناگەڕێتەوە سەر نووسراو و دووبارەی ناکاتەوە. تەنیا بیر لە بنیادی مێژوویی جەنگە گەورە و بچووکەکان دەکاتەوە، ڕۆشناییەکە بۆ پرسـیـارکـردن و ئەزمـوون. ئایا پێکهاتەی ئەو بارودۆخە چییە، کە پاڵنەر و ڕێخـۆشکەر بووە بۆ ئەوەی شاعیر لە واقیع هەڵبێت و لە ناخی خۆی نیشـتـەجێ بیێـتـەوە؟ یان بۆ ناتوانێت لەگەڵ ناهەمـوارییـەکـانی واقیع بگونجێت؟ یان ئەو بارەی بۆ دروست بوو؟ ئەمـە پرسـیـارێکە چارەنـووسی وەک ڕەگـــەزە پێکهـێنەرەکـانی سـروشت نادیار و بەردەوامیش ئەو نادیارییەیە بووەتە خـولیـا و هـۆی نیگـەرانی مـرۆڤی هەستپەروەر.

# ئینسایکلۆپیدیای گشتی و وەڵامێک

**یاسین سابیر ساڵح**
**(سلێمانی)**

ڕەخنەگرتن لە بابەتێکی نووسراو، یان دەقێک، یان کتێبێک لە کولتوور و ئەدەبدا، گوڕ و چالاکی بەو بابەتانە دەدا، کە دەخوازێت پتر سەرنج و ڕاو دەربڕینی تر لە خۆ بگرێت. بە ئاراستەیەکی ئەوتۆدا کە بتوانێت کولتوورەکە دەوڵەمەندتر و گەشاوەتر و جوانتر بکات مێژووی کولتووری میللەتان بە ڕەخنە و ڕەخنە سازی بنیادنەر دەوڵەمەندە، کە بووەتە هۆی پێشخستن و کاراکردنی ئەو ئەدەبە و کولتوورە، بەداخەوە لە مێژە لایەنی ڕەخنە لە نووسین و زمانی کوردیدا کەم بووەتەوە و فەرامۆش کراوە، من وای بۆ دەچم کە هۆیەکەی زۆری و بۆری ئەو نووسین و بڵاوکراوە و کتێبانەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەن. بێ سەروبەری و بەبێ سانسۆری ئەدەبی بڵاو دەکرێتەوە. ڕەخنەگرانیشمان (کە بە پەنجەی دەست دەژمێررێن) ئامادە نین ڕەخنەیان لێ بگرن، ئیتر لەبەر زۆری ئەو نووسینانە بێت، یان هەر هۆیەکی تر بێت، پشتگوێیان خستووە.

بەڕێز دکتۆر مارف خەزنەدار لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕامانی خۆشەویستدا ١٣٠ و ١٣١، لە ژێر ناوونیشانی (تێبینی و پێشنیار و ڕاستکردنەوە و بژارکردن)دا، هەندێک ڕاوبۆچوونی جوان و ڕەخنەی لە بارەی کتێبی (ئینسایکلۆپیدیای گشتی)یەوە خستووەتە ڕوو، کە جێی ڕێز و سوپاسە بە وردی و سەرنجەوە خوێندوویەتییەوە و بیروڕای خۆی بە ڕێکوپێکی لەسەر دەربڕیوە، هەرچەندە پێویستی بە وەڵامدانەوە نە دەکرد، چونکە سەرنج و بیروڕاکانمان زۆر لەیەکەوە دوور نین، تەنیا لە چەند خاڵێکی کەمدا نەبێت. کە حەزم کرد منیش سەرنج و ڕای خۆم بە کورتی بگەیەنمە خوێنەران و دکتۆری بەڕێز.

سەرەتا دکتۆر وەکو پێشەکییەک باسی چۆنیەتی و کاریگەری و دانانی ئینسایکلۆپیدیای کردووە، کە هەر خۆشی لەکاتی خوێندنی دکتۆراکەیدا لە ڕووسیا، لەگەڵ برادەران و چەند کەسانێکی تر لە ئۆرووپا، هەوڵیان بۆ پێکهێنانی ئینسایکلۆپیدیایەک بەزمانی کوردی داوە، وەکو پرۆژەیەکی زانستی بەرهەمی بهێنن، بەڵام بەهەر جۆرێک بووە (وەکو خۆی دەڵێت) سەری نەگرتووە و نەگەیشتووەتە ئەنجام. دواجار گەشبینی پیشان داوە بەو (کتێبی ئینسایکلۆپیدیا)یەی ئێمە بەرهەممان هێناوە. زۆریش خۆش حاڵم کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵیسەنگاندووە و بایەخی پێداوە.

هەموو سەرنج و ڕەخنە و پێشنیارەکانیم بە هەند وەرگرت، منیش هەوڵم داوە بەپێی پێویست کاریان لەسەر بکەم و لە چاپی دووەمیدا (کە ئێستا لەبەر

دەستــــدایە و ئامـــادەیە بۆ چاپ کـــردنەوەی) زۆربەی هەڵەکانم ڕاست کردووەتەوە، پێشنیار و تێبینییەکانیشم لە شوێنی خۆی داناوە و بایەخی پێویستی پێ دراوە کە هیوادارم دکتۆر و خوێنەرانی بەڕێز لێی ڕازی بن.

سـەرەتا باسی ئەو ئەرک و مـاندووبوونەی خۆم ناکـەم، کە مـاوەیەکی زۆر بـەو کـتـێـبـەوە خـەریک بووم. دکـتـۆر خۆشی باش دەزانێت کـارێکی وا گەورە ئاسـان نییـە بە تەنیا بهێنرێتە بەرهەم. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە من لە پێشەکی ئەو کتێبەدا، خۆش بەختی خۆم دەربڕیوە بەوەی ئەگەر هاتو کتێبەکە بتوانێت ببێتە بەردێک لە بناغەی پرۆژەی پێـشـخستن و گەشـەکردنی زمـان و فـەرهەنگی کوردیدا. واتە ئەمە پرۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، هەمـوو کـەس و لایەنێک بەگوێرەی توانـایی و پسـپـۆری خـۆیان دەتوانن بەشـداری تێـدا بکەن، تاکـو بەهەوڵ و کـۆشـشی هەمــوومــان بتــوانین ئینســایکلۆپیــدیایەکی گشتگیـری تەواو لە هەمـوو ڕوویەکـەوە بۆ نەتەوەکـەمـان گەڵاڵە بکەین. لە نەبوونی ئەمە بوو کـە من کەوتمە سەر کـــەڵکەڵەی بـەرهەم هێـنانی ئـەم بەرهەمــــە و بە پێویستییەکی گەورەی سەر شانی خۆمم زانی، چونکە دانانی ئینسایکلۆپیدیای تەواو بە تەنیا کەسێک پێک نایەت. سوپاس بۆ خوا کە توانیم بەشێکی بچووکی لێ بەرهەم بهێنم.

١- دکتۆر لە خاڵی یەکەمی تێبینی و پێشنیارەکانیدا دەڵێت «بایەخی بە ئیـدیۆلۆژییـەتی مــارکسـیـزم و مـەدەنییـەتی دەسـەڵاتی سۆڤـیـیـەت و ڕووسی دەورانی فــەرمــانڕەوایی پارتی کـۆمــۆنیــست داوە (١٩١٧-١٩٩١) ئەمـە کـارێکی خراپ نییـە، بەڵام پێـویستـە لەنگەر لەگـەڵ لایەنەکـانی دیکە ڕابگیـرێت، واتە ئەو میللەتانەی ئەورووپا کە لە پێشکەوتندا لە پلەی میللەتی ڕووسن....».

لەســــــەرەتای دەست بە نـووسین کــــــردنی ئـەم ئینسـایکلۆپیـدیایەدا (واتە سـاڵانی شـەسـتـەکـان و حەفتاکانی سەدەی پێشوو) لەو ڕۆژگارەدا کاریگەریی ئەدەب و ڕۆشنبیـری ڕووسیـای سـۆڤـیـەتی، لە هەمـوو ئەدەب و ڕۆشنبیـری مـیللەتەکانی دیکە لەسـەر ڕەوتی نووسین و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی زیاتر بووە. پاشان زۆربەی دکـتـۆرەکـانی ئەمـڕۆی زانکۆ و پەیمانگەکـانی کوردسـتـان، لە ڕووسیا دەرچوون و بڕوانامەی خوێندنی ئەو وڵاتەیان هەیە کە سەردەمـانێک ئەو ئیدۆلۆژیایەیان پەیڕەو کردووە، بۆیە ئاساییە ئەگەر باری ڕۆشنبیری ئەو سـەردەمـە لەو کـتـێـبـەدا ڕەنگی دابێـتـەوە (هەرچەند بەو زۆرییـەش نییـە وەک دکـتـۆر باسی لێـوە کـردووە). جگە لەمەش دکتۆر مارف خۆی یەکێکە لەوانەی خوێندنی لەو وڵاتەدا تەواو کـردووە. هەروەها زۆربەی خـۆرهەڵاتناسـە کوردناسەکانیش هەر خەڵکی ڕووسیا بوون، کە ئەوانیش کاریگەری خۆیان لەناو ئەدەب و مێژووی کوردیدا بووە.

٢- هەر کـار و ڕووداوێک لە هەر بوارێکدا بێت و لە هەر لاپەڕەیەکدا نووسرا، ئەگـەر ڕاست بوو ئەوە دەبێـتـە سـەرچاوە و بەڵگەنامـە. ڕاست و دروسـتـی سـەرچاوە و بەڵگەنامـەش هەر لەلایەن مـرۆڤـەوە دەنووسـرێت. ئەو پارەگرافانەش هەموویان لە سەدان سەرچاوە وەرگیراون. ئەو سەرچاوانەش کە دکتۆر ئاماژەی پێ داون کە بەزمانی ڕووسی و ئنگلیـزی و فـەرەنسی.. تاد-ن، نووسـەر و زمانزانی خۆی پێویستـە و وەکو لەسەرەوە باسم کرد، ئەم کـــارە پێــویســـتی بە لیــژنەی پڕ لە نووســەر و زانا و ڕووناکبیری گەورە هەیە، کە لەو زمانانەدا شارەزابن. بە نیسبـەت گەلی کوردیشـەوە بۆ زانیارییەکـانی پشت بەو نووسینانە نەبەستراوە کە عەرەب، یان فارس، یان تورک نووسـیـــیانە، چونکە ســەرچاوەیەک ئەوان لە بارەی کوردەوە بینووسن، هەر بەشی شێـواندن و درۆ و بوختـان کــردنە. تا بۆیان کــرابێ نەتەوەی کــوردیان فــەرامــۆش کــردووە، تەنانەت ئەدەب و کـولتـوورەکـەشیـان بە ناوی خۆیانەوە تۆمار کردووە.

٣- لە خاڵی چوارەمی تێبینی و پێشنیارەکاندا دەڵێت ((حەرفە تایبەتییەکانی زمانی عەرەبی «ث ذ ص ض ط ظ» خراونەتە ناو ئەلفوبێی کوردییەوە، ئەمـە کـارێکی ڕاست نییـە، هەموو وشـەیەکی کوردی ئەگەر حەرفێکی لەو بابەتەی تێـدابێ بە حــەرفـێکی دیکە (دەنگێکی دیکە) دەگۆڕێ لەبەر ئەوەیە حەرفـەکـانی «ث ص» دەبن بە (س)، «ذ ض ظ» دەبن بە (ز)، «ط» دەبێ بە (ت). لەکـاتی لێکۆڵینەوە ئەگەر ئیلتـیبـاسێک ببێ لەناو دوو کـەوانەدا وشـە عـەرەبییـەکە دەنووسـرێ، وەکـو «اثیـر= ئەسـیـر». «ظاهر= زاهیـر». «طاهر= تاهیر». «ذلیل= زەلیل»))

بەڵێ ڕاستـە ئەو حـەرفـانە نابێ بخرێتـە نێـو زمـانی کوردییەوە، بەڵام ئەمە لە کاتێکدا دەبێت کە ئەو نووسینە ئەدەبی بێت، یان پێوەندی بە ئەدەبەوە هەبێت، ئەو کـاتە بۆ ڕازانەوە و جوانکردنی باسەکە دەتوانرێت نەنووسرێت،

بەڵام ناوێک ئەگەر لەو حەرفانەی تێدابێت، لە کاری ئینسایکلۆپیدیادا نابێ بگۆڕدرێت بە حەرفی دیکە، چونکە ئینسایکلۆپیدیا کارێکی زانستییە، گەیاندنی زانیاری ڕاست و دروست و ڕەسەنە بەخوێنەران، وەکو دکتۆر خۆشی لەژێر ناوونیشانی (کاری ئینسکلۆپیدی بە زمانی کوردی) هەر لەو باسەدا نووسیوێتی «... ئینسکلۆپیدیا سەرچاوەیەکە زانیاری ڕاست و حەقیقی و بێ لایەن و موجەڕەد لە بابەت هەموو دیاردەیەک بە دەستەوە دەدات. ئینسکلۆپیدیا بۆ هیچ جۆرە سۆزێکی نیشتمانی نەتەوەیی، یان هیچ بۆچوون و فکرێکی فەلسەفی، یان موناوەرەیەکی سیاسی و دیپلۆماسی، یان تەشقەڵەی ڕێگری و تاڵان کردن مل کەچ ناکات». کەواتە گەیاندنی زانیاری ڕاست، دەبێ وەک خۆی بەبێ دەستکاری کردنی پێناسە زانیارییەکان ئەسڵەکەی چۆنە لە ئینسایکلۆپیدیادا دەبێ وا بنووسرێت، ئەو حەرفە عەرەبییانەی هاتوونەتە ناو ئینسایکلۆپیدیاکەوە.. یان ناوی کەسایەتییەکی عەرەبە، یان پێوەندی بە بابەت و زمانی عەرەبییەوە هەیە. (أثیر، ظاهر، طاهر، ذلیل) و گەلێکی تر.. ئەم ناوانە ڕاستە عەرەبین، بەڵام کەسانێکیش هەڵیانگرتووە کوردن، ناکرێت لەبەر ئەوەی کەسەکە کوردە، یان لەبەر ئەوەی ئینسایکلۆپیدیاکە بە زمانی کوردییە.. حەرفی ناوەکان بگۆڕدرێن، چونکە ئەو مانایانە نابەخشێت کە لە ناوە ئەسڵەکەدا هەیە.

ئایا (أثیر) و (ئەسیر)، یان (ظاهر) و (زاهیر) یەک شتن و یەک مانای هەیە؟ هەروەک (اسم علم) ناگۆڕدرێت.. هەروەها سیغەکەشی دەبێ نەگۆڕێت.

٤- ئەو سەرچاوانەی ئینسایکلۆپیدیاکەی لێ وەرگیراوە، لەم چاپەی لەبەردەستدایە (لەبەر هەر هۆیەک بووبێ) نە نووسراوە، بەڵام بۆ چاپی دووەم هەمووی ئامادە کراوە و سەرچاوەکانی هەر پارەگرافێک لەگەڵ خۆیدا دیاری کراوە.

٥- بە نیسبەت چوار پارچەکەی کوردستانەوە.. وەکو ئاشکرایە کوردستان بەهۆی سیاسی دابەشکراوە. دیاری کردنی سنووری ئەو پارچانەش (هەرچەندە دەست کردە) لەمڕۆدا پێوەندی بەو بارودۆخە سیاسییەوە هەیە و بووەتە واقیع، بمانەوێ و نەمانەوێ (کوردستانی باکوور و کوردستانی باشوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوا)یە، هەرچۆنێکی بنووسین خەڵکی هەروای تێ دەگەن کە لە واقیعی ئێستادا هەیە، کە (کوردستانی باکوور، یان باکووری کوردستان) هەر وا دەزانین و تێگەیشتووین، هەر ئەو بەشەیە کە بەستراوە بە تورکیاوە و خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باشووریش بەهەمان شێوە. واتە دیاریکردنی بەشەکانی کوردستان بەگوێرەی دیالێکتەکان، هیچ پێوەرێکی وا لەبەردەستدا نییە کە لەلای هەموو خوێنەواران و گەلی کورد سنوورەکانی ئاشکرا و دیار بێت. پشت بە خوا هەر کاتێک هەر چوار پارچەکە ڕزگاربوون و یەکیان گرتەوە، ئەو کاتە دەنووسین (باکووری کوردستان، باشووری کوردستان، هەروەها خۆرهەڵات و خۆرئاواش). و بە چی پێوەرێکیش بمانەوێ دیارییان دەکەین.

٦- هەندێ شاعیر کە ناویان هاتووە، دکتۆر لێیان بە گومانە شیعریان هەبێت، هیچ کەسێک بە شاعیر دانانرێت ئەگەر شیعری نەبێت، زۆر و کەمی شیعریش مەرج نییە بۆ بە شاعیر بوون یان نەبوون، هەروەها من لە خۆمەوە ئەو ناوانەی دکتۆر لێیان بە گومانە، تۆمارم نەکردوون، بەڵکو هەر یەکە لەسەرچاوەیەکەوە، یان زیاترەوە وەرگیراون، وەکو لە سەرەوە ڕوونم کردووەتەوە لە چاپی دووەمدا ئەو سەرچاوانە هەموویان دیاری دەکرێن.

دوای ئەوە دکتۆر دەڵێت هەندێک کەس لە پارەگرافەکەیدا زۆری لەسەر نووسراوە، هەندێکیشیان کەم، ئەوانەی کەمیان لەسەر نووسراوە، هەر ئەوەندەمان لەبارەیەوە دەست کەوتووە. یەکێکیش لە مەبەستەکانی ئینسایکلۆپیدیا ئەوەیە (زۆرترین زانیاری لە کەمترین دێڕدا جێ بکرێتەوە).

پاشان دکتۆر هەندێک پارەگرافی دەستنیشان کردووە، کە دەڵێت پێویستە پێیاندا بچێتەوە، یان هەندێکیان شێوێنراون.. بەڵێ نەک ئەو پارەگرافانە بە تەنیا، بەڵکو گەلێکی تریشی تێدایە کە پێویستی بە دەستکاری، یان زیادکردنی زانیاری هەیە.

ئەوەندەی توانیبێتمان زانیارییان لەبارەوە کۆ بکەینەوە، ئەوەیە کە لەو پارەگرافانەدا نووسراون. هەرچەندە هەندێک زانیاری ترمان بۆ چاپی دووەمی بۆ هەندێک پارەگراف ئیزافە کردووە، بەڵام هێشتا هەر بێ کەموکوڕی نابێت. ئەگەر شتی باشترمان دەست بکەوتایە دیارە درێغیمان لێ نەدەکرد، بەڵام ئێمە هەر ئەوەندەمان لەدەست دێت. ئەوەی دەتوانێت شتێکی لەوە باشتر و چاکتر و ڕاستتر بهێنێتە بەرهەم با تا زووە لە پێناوی

خزمەت کردنی نەتەوەکەیدا خەریک بێت. دیارە ئەرک و ماندوو بوونیشی بزر نابێت.

دواجار وەکو هەستێکی نەتەوەیی و ئەرکێکی نیشتمانی لەسەر شانی خۆمم فەرز کردووە، کە تا لە ژیاندا بم هەر لەسەر بەرهەم هێنانی بەردەوام ببم و بەرگ دوای بەرگ بە چاپی بگەیەنم، تاکو ئەو کاتەی بە فەرمی لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە لیژنەی پسپۆڕ و زانایانی ئەکادیمی بۆ ئەنجامدانی پێک دێت. ئەوکاتەش ئەم کتێبەی من لە خزمەتیاندا دەبێت، چۆنی بە باش دەزانن دەتوانن دەستکاری و ئاڵوگۆڕ و کاری تێدا بکەن و بژاری بکەن و لە بێژنگی بدەن. تا ئینسایکلۆپیدیایەکی نەتەوەیی تەواو پێک دەهێنرێ. من ناڵێم ئەوەی لەو ئینسکلۆپیدیایەدا هاتووە هەمووی سەدی سەد تەواو بێ هەڵە و کەموکوڕین. هیچ کارێک بێ کەموکوڕی نابێت، کەمو زۆر (بەتایبەتی کارێکی وا گەورە و کۆششی یەک کەسی بێت)، بەڵام بایەخ و گرنگی ئەم ئینساکلۆپیدیایە ئەوەیە کە دەبێتە ڕێخۆشکەرێک بۆ دانانی ئینسایکلۆپیدیایەکی نەتەوەیی تەواو، کە هەموو لایەنە زانستییەکان بگرێتە خۆ و لە هەموو بوارێکی ئەکادیمی زانستیدا ڕەخساو بێت. گرنگیش ئەوەیە کە ئیتر ئەم لایەنە نەتەوەییە فەرامۆش نەکرێت. ئێمە لە چاو نەتەوەکانی تری ئەم جیهانەدا هیچمان لەم بوارەدا نەکردووە. ئەوان لە دوو سەد و سێ سەد ساڵ لەمەو بەرەوە لەگەڵیدا خەریک بوون و تاکو ئەمڕۆش کۆششیان هەر بۆی بەردەوامە. ئێمەش پێویستیمان بە هەوڵێکی زۆر و توانایییەکی لە ڕادە بەدەر و دڵسۆزییەکی زۆر هەیە، تا بتوانین بەرەبەرە هەر جارە شتێکی لێ بەرهەم بهێنرێت. ئینسایکلۆپیدیا بە دەیان بەرگ تەواو نابێت و ڕۆژ بە ڕۆژیش شتی نوێتر و زیاتری دەچێتە سەر.

لە کۆتاییدا دووبارەی دەکەمەوە: پێکهێنانی ئینسایکلۆپیدیایی تەواو، پێویستی بە زانا و پسپۆڕان و نووسەرانی بە توانست و لێهاتووی نەفەس درێژ هەیە، کە بەیەکەوە کارێکی هۆشیارانەی پیرۆز و مۆدێرنانە بکەن، کە شایستەی نەتەوەکەمان بێت.

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# ئێکسپرێسیۆنیزم – Expressionnisme

... ئێکسپرێسیۆنیزم لەو تێرم و زاراوە نوێیانەیە لە کۆتایی سەدەی بیستەم هاتۆتە ناو زمان و فەرهەنگی کوردییەوە، هەردەمیش لەبەر نەبوونی سەرچاوەی گونجاو و باوەڕپێکراو، خۆی بە تەمومژی و ئاڵۆزییەک داپۆشیوە، زۆرجار، یان گەلێک جار، نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد دەستەواژەی «تەعبیری یان تەعبیرییەت»یان بەرامبەر بەکارهێناوە، لە بنچینەدا هەڵەیەک لەم وەرگێڕانەدا نییە، ئەوەی کە جێی گومانە فۆرمۆلەکردنی (تەعبیرییەت) خۆیەتی کە لەگەڵ سیستمی زمانی کوردی ناگونجێ، چونکە فۆرمۆلەکردنێکی زۆر عەرەبییە. بۆ ئەوەی لە کێشەی وەرگێڕانی زاراوەکان دووربین، کە بەڕای ئێمە هەندێ جار، لەجیاتی ڕوونبێژی گوتن دووچاری تاریکبێژیمان دەکا، بێ گومان ئەم ڕایە بەسەر هەموو زاراوەکاندا پەیڕەو نابێ، بەڵکو هەندێکی دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە پێمان باشترە زاراوەی ئێکسپرێسیۆنیزم- Expressionisme وەکو خۆی بەکاربهێنین کە لەعەرەبییەکەی بەمانای (التعبيرية) دێ.

زاراوەی ئێکسپرێسیۆنیزم سەرەتا لەناو زمانی ئینگلیزی لەسەدەی نۆزدەم بەکارهاتووە، پاشان لەزمانی فرەنسایی، بەڵام ئەم بەکارهێنانانە هیچ کاتێک لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی ئێستێتیکی دیاریکراوی هونەری، یان گەیاندنی خاسیەتی هونەری تایبەتدا نەبووە، لەو سەردەمە بەکارهێنانەکان زۆر ڕوون نەبوونە و زاراوەکەش ئینتیباعێکی دیاری وەرنەگرتووە، بەڵام بە پێچەوانەوە، تەنیا لە ئەڵمانیا لە هەموو ئیمپراتۆری ئەڵمانیا- نەمسا- هەنگاریا کە بەزمانی ئەڵمانی قسەیان دەکرد و زمانی ئەڵمانی زمانی یەکەم بوو، ئەم زاراوەیە لە چوارچێوەی دروستی خۆی بەکاردەهێنرێ، وەک ئاماژەیەک بۆ ڕوانینێک و خاسیەتێکی، یان چەند خاسیەتێکی ئێستێتیکی و هونەری دیاریکراو بەکاردێ.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و ڕامانە، سەرەتای بەکارهێنانی بەم جۆرەی سەرەوە، بۆ فەرەنسا، بۆ شاری پاریس، لەکاتی کردنەوەی پێشانگای هونەرمەندانی بەرلین لەساڵی ١٩١١ دەگەڕێتەوە، لەو کاتەدا چەند هونەرمەندێک کە ئەوسا لە پاریس دەژیان، لەمانە: براک- Braque، دێرا-Dufy، مارکێ-Marquet، پیکاسۆ-Picasso، ڤلامینک-Vlaminck، هیتریش، لەژێر ناوی (هونەرمەندانی ئێکسپرێسیۆنیستی فرەنسایی) یەکەم پێشانگایان کردەوە، کە تا ئەوساش تەمومژی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو.

داهێنانی ئەم دەربڕینە، کە هەندێ جار نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد هاوتای (دەربڕینخوازی بەرانبەر بە ئێکسپرێسیۆنیزم) دادەنێن، لەداهێنانی لۆڤیس کۆرینت-ە کە هەر خۆی لەم پێشانگایەدا سەرکردایەتی گرووپی هونەرمەندانی ئەڵمانی دەکرد. گوایە ئەمانەش کەوتبوونە ژێر کاریگەری ماتیس-Matisse-ی هونەرمەندی فرەنسایی.

لێرە بەدواوە، زاراوەکە بەخێراییەکی باوەڕ پێ نەکراو بڵاو دەبێتەوە. کارل شێفلەر-K.Scheffler کە سەرپەرشتی گۆڤارێکی بەناوودەنگی وەک: Kunst und kunstler-ی دەکرد، ژمارەی مانگی شەش تایبەت دەکا بەم پێشانگایە و ڕاستەوخۆ دژایەتی ئێکسپرێسیۆنیزم دەکا، چونکە تا ئەوکاتە پشتگیری لە ئەمپرێسیۆنیستەکان- Improssionist دەکا. (ئەمپرێسیۆنیزم واتە ئیتیباعی و ئیتیباعییەت). ئەم ڕوانینە تازەیە بە شتێکی ناماقووڵ و بێ مانا لە قەڵەم دەدا کە لەلایەن گرووپێکی فرەنسایی ڕاگەیاندراوە.

بۆیە، وێڕای خێرا بڵاوبوونەوەی ئەم زاراوە تازەیە، زیاتریش وەک دژایەتی و پێچەوانەی ئینتیباعییەکان باسی دەکرێ. دواتر ئاراستەیەکی تر وەردەگرێ، وەک دژە ئەکادیمیزم و مەرج و تایبەتمەندییەکانی، بانگەوازی ئەوە دەدەن کە هونەر دەبێ هەقیقەت پێشکەش بکا، ئێکسپرێسیۆنیزم واتە دژە

سروشت، دژە لاسایی کردنەوەی سروشت، بەم جۆرە، هەڵکەوت و ئاراستەیەکی دیکەی ئاڵۆزتر وەردەگرێ، پێدەچێ لێرەوە درێژە بەخۆی بدا.

هەمان زاراوە، ڕاستەوخۆ دوای ئەم پێشانگایەی ١٩١١، چەند مانگێک دواتر، لەبواری ئەدەبیاتیش بەکار دێ. لە پاشکۆی ئەدەبی ڕۆژنامەی Hridberger Zeitung-ی مانگی تەمووزی ١٩١١، نووسەرێکی لاو کە تازە لە خوێندنی فەلسەفە ببووەوە بەناوی کورت هیلەر- K.Hiller، ڕاستەوخۆ دژایەتی ئیتباعییەکان دەکا و پشتگیری لە ئێکسپرێسیۆنیزم دەکا، ئینتیباعییەکان بەوە وەسف دەکا کە (تۆپەڵە ڕەنگ لەسەر تابلۆ دادەنێن و ئینتیباعی خۆیان پیشان دەدەن)، پاشان دەڵێ زۆر سەربڵندە کەسەر بە نەوەی نوێی هونەرمەندانی ئێکسپرێسیۆنیزمە و هەوڵدەدا بنچینە ئێستێتیکییەکانی ئەم بزووتنەوە نوێیە دابڕێژێ و دەڵێ: (ئێمە ئێکسپرێسیۆنیستین، ئەوەی سەرلەنوێ بەلامانەوە بایەخدارە، بنچینەیە، ویستنە، ئێتۆسە-Ethos)ە (ئیتۆس: بەزۆر مانا دێ، وەک هەندێ پێوەر و تایبەتمەندی گەلێک، وەک گیانی گەل، کە تاک هەست دەکا سەر بەم گیانەیە.)

بەم شێوەیە و زۆر بە کورتی ئێکسپرێسیۆنیزمی ئەدەبی، بەڕوونی لەدایک دەبێ.

لەڕوانگەی ئێکسپرێسیۆنیزم، هونەرمەندان و ئەدیبان، بنچینەی ڕوانینی هونەری خۆیان لەسەر نوێنەرایەتی کردنێک دادەڕێژن کە لە ڕێگای (مانا)وە پێی گەیشتوون. لە ڕوانگەی ئیتیباعییەکان، ئەمانە تەنیا ئامانجیان ڕاکێشانی خەڵک بووە بۆ خۆیان و هیچی تر، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەی ئەم ڕوانینە، بەلایانەوە گرینگ بووە نووسەر تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی لەبەرایی هەموو شتێک دابنێ، وەک تاکێک ئەوە پیشان بدا کە لەهەناوی ئەودا بوونی هەیە، دژی وەهمی مانا، هێنانەوەی یان گەڕاندنەوەی دەستەڵاتی ئەقڵ.

کورت هیلەر دوو ساڵ دواتر بەکتێبێکی تر بەناوی (حیکمەتی بێزاریی- Sagesse del'ennui) درێژە بە هەمان ڕوانینی خۆی دەدا، کە دەتوانین بەچەند وشەیەک ڕوانینی ئەو پیشان بدەین کە لەلایەن خۆی دانراون، وەک: (قەناعەت، خەستی، ئیرادە، شۆڕش.)، بەڵام لەهەمان کاتدا، ڕوانینی تری ئەدەبی و فیکری پێچەوانەی هەموو ئەم ڕوانینانەی سەرەوەش درێژە بەخۆیان دەدەن ئەمانە، هەموو ئەم بزووتنەوانەیان بە کلێشە و مۆد دادەنا، کێشەی ئەدەب و هونەریان بەوە دانەدەنا کە هەمیشە دەبێ لە پێشەوە و ڕیزی یەکەم بێ، ئەمانە پێیان وابوو ئامانجێکی تر هەیە، ئەمەش دەبێ وەک ژیان خۆی قورس و سەنگین بێ.

سەردەمی سەرهەڵدانی ئێکسپرێسیۆنیزم (١٩١١) بەسەردەمی گواستنەوە و سەردەمی گۆڕانە گەورەکان لە ئەڵمانیا و ڕۆژئاوا لەقەڵەم دەدرێ، ئەڵمانیا نزیکەی چل ساڵ پێشتر کەوتبووە ناو گۆڕانێکی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی زۆر مەزن و سەرنج ڕاکێش. ساڵی ١٨٧١ ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا نزیکەی چل ملیۆن کەس دەبوون، تا دەگاتە ساڵی ١٩١٤، سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی دەبێتە حەفتا ملیۆن کەس. بەدرێژایی ئەم ماوەیە کۆمەڵێک چەمک و ڕوانین و نەریتی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن، کێشە و ناکۆکی مەزن لەنێوان نەوەکان و باوکەکان سەرهەڵدەدا، لە پاڵ ئەمە، دەبینین ئەدەبی پێش نیتشە زۆر کەم گرینگی پێ دەدرێ، بەڵام خەڵک بە لێشاو نیتشە دەخوێننەوە و بە پاڵەوانی تەنیا و ئەریستۆکراسی نوێی لەقەڵەم دەدەن، بەدوای سوپەرمان دەگەڕێن. ساڵی ١٩١٤ دراما (کوڕ) لە نووسینی دێر سۆن Der Sohn، ئەم ناکۆکییەی نێوان نەوەی نوێ و نەوەی کۆن بە ئاشکرا پیشان دەدا. لەو سەردەمە ئێکسپرێسیۆنیزم وەک گۆڕانێکی مەزن سەیر دەکرا، بەو مانایەی دژە بۆرژوا و نەریتپارێزی ناو کۆمەڵ بوون، بزووتنەوەی ئیتیباعییان بە (گرامافۆنی جیهانی دەرەوە) دادەنا، بەو مانایەی هونەرێکی بۆرژوازی و نەریتخوازی پێشکەش دەکرد. لەگەڵ ئەمەش، ئێکسپرێسیۆنیزم-یش بووە مۆد و تێکەڵ بەوەهم و ئەفسانەی خۆی بوو، زۆر کەس و گرووپی خەڵک، لەمانە مامۆستایان، مامۆستایانی خوێندنی باڵاش، بێ هیچ لێکدانەوە و زەمینەیەکی دروست خۆیان بە گرووپی ئێکسپرێسیۆنیزم لە قەڵەم دەدا... تاد. لەنێوان ١٩١١ تا ساڵی ١٩٢٢ هەزاران نووسەر و هونەرمەند بەهۆی گۆڕانە گەورەکان و سەرهەڵدانی نەوەی نوێ، تێکەڵ بوونی ئەم بزووتنەوەیە بەوەهمی تایبەتی خۆی، خۆیان بە ئێکسپرێسیۆنیزم دادەنا، دوای ساڵی ١٩٢٢ دە دانەیەکیان لێ دەمێنێتەوە، بەتایبەتی نووسەر و هونەرمەندانی گرووپی (Der Sturm- ڕەشەبا) کە لەساڵی ١٩١٠ لەبەرلین لەلایەن هێروارت ڤالدن-Herwarth Walden دامەزرا. ئەم گرووپە دەمێک بوو، پێشتریش، خەریکی کاری ئەدەبی و هونەری و ڕەخنەیی بووە، گرینگییان بە هەموو بزووتنەوە پێشەنگەکانی ئۆرووپی دەدا وەک: ئیتیباعی، کوبیزم، فوتوریزم، شیعری نوێ، ڕۆمان و ڕەخنە و هونەری نوێ، ئەوانەی زۆر گرینگییان پێدراوە، لەمانە هەندێکیان بریتین لە: کاندینیسکی، دیلۆنێ، ئەپۆلینێر، مارینێتی..

**تێبینی:** سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕادەکێشین، کە سەرچاوەکانی ئەم فەرهەنگە، لەبەر ئەوەی زیاتر لە سی - چل سەرچاوەن، بە فەرەنسایی، لەکۆتایی ئەم پڕۆژەیە دەنووسرێن.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**






# فەرامۆشکردنی خوێنەر

سیامەند هادی
(سلێمانی)

خوێنەر مرۆڤێکە مێژووی نییەو ژیان و سایکۆلۆژیایەکی تایبەتی نییە، ئەو کەسێکە لە هاوکێشەی (نووسەر/ دەق/ خوێنەر)دا بوونی بە ئامادەبوونی دوالیزمی ئەو هاوکێشەیەوە پەیوەست بووە. ئەم نادیارییەش وێنەی (خوێنەر)ی لە شتێکی ئامادەبووی بەرجەستەوە گۆڕیوەتە سەر وێنەیەکی هەبووی نادیار. نا ئامادەبوونی چەمکی (خوێنەر) وەک پێکهاتەیەکی لەبەرچاو، ئەوەندەی تر خوێنەری بەرەو فەرامۆشکردن بردووەو زیاتر (نووسەر و دەق) بەهەند وەرگیراون. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک (دەق) بە خولقێنەرێکەوە گرێ دەدرێت، ئەوە (نووسەر) دەبێتە چەقی تێڕوانین و گرنگی پێدان.

لە ڕەخنەی کلاسیکیدا (خوێنەر) بە هیچ شێوەیەک جێی گرنگیدان نەبووەو لە لای ئەو شێوە ڕەخنەیە جگە لەو کەسەی کە دەنووسێ، هیچ مرۆڤێکی دی لە ئارادا نییە. گەڕانەوەی بەردەوامیش بۆ نووسەر لەو شێوە ڕەخنەیەدا، ئەوەندەی تر (دەق)ی لە (نووسەر) نزیک دەکردەوە، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا تەواوی هاوکێشەکە پێچەوانە کرایەوەو (خوێنەر) وەک چەق تەماشا کرا، ئەوەش بە هێنانە خوارەوەی پلەی (نووسەر) بە ئاکام گەیشت. بەپێی ئەو وتەزایەی کە لە دایکبوونی (خوێنەر) بە مەرگی (نووسەر)ەوە بەندە. بە بڕوای (ڕۆلان بارت) دەق لە کۆمەڵێک نووسینی جیا پێکدێ، کە لە کۆمەڵێک کولتووری جیاوە سەرچاوە دەگرن و لەگەڵ یەکدا دەکەونە دیالۆگەوەو لاسایی یەکدی دەکەنەوە. لەگەڵ یەکتردا ناکۆک دەبن، بەڵام خاڵێک هەیە کە تێیدا کۆدەبنەوە، ئەو خاڵەش وەک ئەوەی لەسەری ڕاهاتووین (نووسەر) نییە، بەڵکو (خوێنەر)ە. لە ڕەخنەی نوێدا (خوێنەر) کەسێکی بێ پرسیار و بێ بیرکردنەوە نییە، بەڵکو ئەویش لە قاڵبگرتن و ڕاڤەکردنی دەقدا بەشدارە. سەرهەڵدانی چەمکی (خوێنەر) لە ڕەخنەی نوێدا گفتوگۆی زۆری لێکەوتەوەو ڕەخنەی کلاسیکی بە فەرامۆشکەری سەرەکی ئەم چەمکە تاوانبار دەکرا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە بە تەنیا ئەوە ڕەخنە نییە دوای فەرامۆشکردنێکی درێژخایەن دواتر دێت ئاوڕ لە (خوێنەر) دەداتەوە، بەڵکو ئەو فەرامۆشکردنە بە پلەی یەکەم بۆ دەق دەگەڕێتەوە. کاتێک دەق هەموو شتێک بە شێوەیەکی سادەو ئاشکرا بە خوێنەر دەدات، ئەوە لە ماهیەتی خوێنەر دەهێنێتە خوارەوە. ئەو شێوە دەقانەی هەموو شتێک بە ئاشکرایی دەدرکێنن، لە دیکتاتۆرگەلێک دەچن کە قسە بۆ هاووڵاتییانی خۆیان دەکەن، خۆیان پرسیار دروستدەکەن و هەر خۆشیان وەڵامی دەدەنەوە. ئەوە (دەق)ە کە خوێنەری بێ پرسیار و بێ جووڵە دروست دەکات، چونکە لە پێکهاتەو چوارچێوەی خۆیدا هیچ مەودایەک بۆ تێڕوانینی (خوێنەر) ناهێڵێتەوە. خوێنەری بیرکۆڵ و بێ پرسیار، ئەو خوێنەرانەن کە بە دوای ماناو دەلالەت و ڕاڤەی جیاوازدا ناگەڕێن، ئەویش لەو کاتەدا کە دەق لەنێو خۆیدا هەموو ئەوانەی بە ئاشکراو سادەیی خستبێتە ڕوو. ئەو فەرامۆشکردنە لە ئێستاشدا بوونی هەیەو ئاستەنگیش لەبەردەم ڕەخنەدا دروست دەکات، چونکە جگە لەوەی کە ڕەخنەگریش بۆ خۆی پێش هەموو شتێک خوێنەرە، کردنەوەی هەموو کۆدەکان و ئاشکراکردنی دەلالەت و ماناکان، ئیشی ڕەخنە بەرتەسک دەکاتەوە. لێرەشەوە دوو جۆر لە دەق دەردەکەوێت، کە هەریەکەو بەشێوەیەکی جیاواز ڕۆڵێکی تایبەت دەبەخشنە خوێنەر. هەر ئەوەش بوو وای کرد (ڕۆلان بارت) ناوی (دەقی خوێنەرانە- readerly text) و (دەقی نووسەرانە- Writerly text) وەک دوو جۆر دەق لە بەرانبەر خوێنەراندا بخاتە ڕوو، کە دواتر (ئیمبرتۆ ئیکۆ) لەسەر هەردوو چەمکی (دەقی والا) و (دەقی داخراو) ئیشی لەسەرکردن.

کەواتە دەکرێت بڵێین (دەق) خۆی ئەوە دیاری دەکات کە تا چەند ڕۆڵی (خوێنەر) بە هەند وەردەگرێت و وەک هەڵسووڕاوێک لێی دەڕوانێت بۆ گەڕان بە نێو پانتاییەکانی دەقدا. ئەوەش بەو مانایە نییە کە نووسەران لە کاتی نووسیندا بەردەوام خەیاڵیان لای خوێنەر بێت و بەپێی ئاستی ئەوان بنووسن، بەڵکو چۆنیەتی مامەڵەکردن و سەلیقەی نووسەر لەگەڵ دەقدا وا دەکات کە خوێنەر جێگەی خۆی لە پێکهاتەی ئەو دەقەدا بدۆزێتەوە و بەوردی بەدووی نادیار و دەلالەتەکاندا بگەڕێت. ئەگەرنا هەموو دەقێکی داخراو، کۆمەڵێک خوێنەری بێ پرسیار و تەمەڵ دروست دەکات..